کچانی کابول

ئەم رۆمانە ئاوێنەی ژیانی خەڵکی ئەفغانستانە بە تایبەتی ژیان ژن و منداڵی ئەفغانی لەسەردەمی ئیمارەتەکەی تاڵیباندا.

نووسینی: دیبۆرا ئێلیس
وەرگێڕانی بۆ فارسی: شەهلا ئینتزاریان
وەرگێڕانی بۆ کوردی: ڕەسووڵ سوڵتانی

**بەڕێز دیزانەری ئازیزی ئەم کتێبە:**

**ماندوو نەبیت:**

**تکایە ئاگادار بە، لە بەشی دووەمی کتێبەکەدا، هەندێ پەرەگراف فۆنتەکەی جیاوازە. ئەوانە نامەی کەسایەتیی سەرەکیی ڕۆمانەکەن بۆ دەستەخوشکەکەی و پێویستە فۆنتەکەیان لەگەڵ دەقی کتێبەکە جیاواز بێت. لە دەقە فارسییەکەشیدا هەر وایە.**

**سوپاس بۆ هاوکاریتان:**

سەرنج:

(نووسەر خۆی چووەتە نێو کەمپی ئەفغانیە ئاوارەکان لە پاکستان و ماوەیەکی زۆر لە نێویاندا بووە و لەگەڵ خەم و ئازار و مەینەتییەکانیاندا ژیاوە. ئەوەی بە چاوی خۆی دیتوویەتی و دواتر ئەنجامی لێکۆڵینەوە مەیدانیەکانی خۆی کردووەتە ڕۆمان. ئەم ڕۆمانە بە زمانێکی شیرین و سادە و لە هەمانکاتدا قووڵ و پڕ ناوەرۆك نووسراوە و نیشاندەری سەردەمێکی تاریکی ئەو وڵاتەیە کە بەڵێنیان دابوو ئەگەر بە دەست خۆیانەوە بێت بیکەنە بەهەشت، کەچی دۆزەخێکی سامناکیان لێ دروست کردبوو. دوای هاتنەوەی تاڵیبان ژیان لە ئەفغانستاندا نەك هەر بۆ ژنان بگرە بۆ پیاوانیش دەبێتە ژیانێکی جەهەننەمی. ژنان لە دایرە و شوێنە حوکمییەکان دەردەکرێن و ئیزنی چوونە بازاڕ و دەرەوەیماڵیان پێ نادرێت و لە گۆشەی ماڵەکانیاندا قەتیسیان دەکەن. ئەم ڕۆمانە بە تیشك خستنە سەر ژیانی ئەو کەسانەی پیاویان لە ماڵەوەدا نەماوە جگە لە ژن و ژنیش کە ئیزنی چوونە دەرەوەی نەبووە، جیهانی سامناکی ژیانی ژنان لە ئەفغانستانمان بۆ ڕوون دەکاتەوە.

ئەو کتێبە پێمان دەڵێت، ئەوانەی مزگێنیی بەهەشتمان پێ دەدەن، بە خۆیانی ڕەوا دەبینن جیهانمان لێ بکەنە دۆزەخ. ئەوان هەر کەس لە ڕەنگی خۆیان نەبێ، لەو دۆزەخەدا سزای دەدەن و بەر لەوەی سزای قیامەت و ڕۆژی پەسڵان بیگرێتەوە، ئەوان لێرە بە نوێنەرایەتیی خودا سزاکەی بۆ دیاری دەکەن.

لە وەرگێڕانی ئەم ڕۆمانەدا ئەوپەڕی هەوڵی خۆمم داوە، لەگەڵ پاراستنی شێوازی نووسینی نووسەرەکەیدا، بە زمانێکی شیرین و سادەش بیکەمە کوردی. چونکە من شێلگیرانە لەسەر ئەو باوەڕەم، کە هەر دەقێك پێوەی دیار بێت وەرگێڕدراوە و خوێنەر لە خوێندنەوەیدا هەست بە نامۆیی بکات یان تووشی ڕستەی ناڕێك و ناخۆش بێت، وەها دەقێك شیاوی ئەوە نییە کاتی بۆ تەرخان بکەیت و سەری خۆتی پێوە بێشێنیت. بە کورتی هەر دەقێکی وەرگێڕدراو بۆ سەر زمانی کوردی، ئەگەر پێوەی دیار بوو وەرگێڕدراوە، باشتر وایە تووڕی دەیت و کاتی بۆ بەفیڕۆ نەدەیت.

وەرگێڕ

٢٠١٢/١١/٢٢

بەشی یەکەم"

کاسبکار

١

"پەروانە" لە بن سەرپێچەکەیەوە* بە دەنگێکی نزم گوتی: "منیش وەك باوکم دەتوانم نامە بخوێنمەوە. یانی تۆزێك وەك باوکم."

نەیوێرا بە دەنگێکی بەرز، وا بڵێت. ئەو پیاوەی لە تەنیشت باوکیەوە دانیشتبوو، حەزی لێ نەبوو گوێی لە دەنگی بێت. نەدەبوو هیچ کام لەوانەی لە بازاڕەکەی کابولن، گوێیان لە دەنگی بێت. پەروانە بۆیە لەوێ بوو، چونکە باوکی بۆ چوونە بازاڕ و گەڕانەوەی پێویستی پێی بوو. پەروانە لەسەر بەتانیەکە دانیشتبوو. سەر و بەشی هەرە زۆری دەموچاوی بە لاپێچی دەسماڵەکەی داپۆشیبوو.

ئەگەر ڕاستیت دەوێ هەر نەدەبوو لە ماڵ وەدەر بکەوێ. تاڵیبان فەرمانی بۆ هەموو کچ و ژنی ئەفغان دەرکردبوو، نابێ لە ماڵ بێنە دەرێ. ئەوان تەنانەت نەیاندەهێشت کچانیش بچنە قوتابخانە. پەروانە لە پۆلی شەشەمدا ناچار ببوو واز لە قوتابخانە بێنێ و نوریەی خوشکیشی ئیتر ئیزنی ئەوەی نەبوو بچێتە دواناوەندی. دایکیشیان کە پێشتر نووسەری ڕادیۆی کابول بوو، دەرکرابوو.

ساڵێك پتر بوو، کە هەرچوار کەسیان لەگەڵ دایکیان و 'مریەم'ـە پێنج ساڵان و 'عەلی'ـیە دوو ساڵانەکەیان لە ژوورێکدا دەژیان.

پەروانە زۆربەی ڕۆژەکان چەند سەعاتێك لە ماڵێ دەهاتە دەرێ بۆ ئەوەی ببێتە گۆچانی دەستی باوکی. دڵی زۆر بەوە خۆش بوو لە ماڵ دەچێتە دەرێ. ئەگەرچی چوونەدەرەکەی هەر ئەوەندە بوو چەند سەعاتێك بەتانیەك لەسەر عەرزە ڕەقەکەی بازاڕ ڕابخات و لەسەری دابنیشێت، بەڵام هەر هیچ نەبێ ئەرکێکی لەسەر شان بوو. ڕاهاتبوو لە دەرەوەی ماڵێ ئاگای لە زمانی بێ و ڕوخساریشی داپۆشێت.

جەستەی لەچاو ئەوەی یازدە ساڵیشی تەمەن بوو، وردیلە بوو، هەر بۆیەش دەیتوانی لە ماڵ وەدەر بکەوێ، بەبێ ئەوەی لێی بپێچنەوە.

کاتێ پیاوانی تاڵیبان لە باوکی توورە دەبوون کە بۆچی پەروانە لەگەڵ خۆی دەگێڕێ، ئەو دەیگوت: "ئەو کچە گۆچانی دەستمە و بە یارمەتیی ئەو بەڕێیەدا دەڕۆم."

کە قوتابخانە بۆمباران کرابوو، باوکی لە کاتی وانەگوتنەوەدا لاقێکی پەڕیبوو. ئەوەیش لە ناخەوە ڕووخاندبووی و زۆربەی کاتەکان وەڕز و بێتاقەت دەبوو.

ئەو بە تاڵیبانەکانی دەگوت: "منداڵێکی ساوا نەبێ، کوڕی دیکەم نیە."

پەروانە هەمیشە تۆزێك لەو لاوەی باوکی لەسەر بەتانیەك دادەنیشت و هەوڵی دەدا لەوەی هەیە بچووکتر بنوێنێ. دەترسا سەری هەڵبێنێت و سەیری سەربازەکان بکات، چونکە دیتبووی سەربازەکان چ دەکەن ـ

بە تایبەتی چ لە ژنان دەکەن. دیتبووی چۆن لەو خەڵکە هەڵدەدەن و بە قەمچی دەکەونە گیانی ئەوانەی تالێبان پێی وا بوو دەبێ تەمبێ بکرێن.

پەروانە زۆر شت لەوە فێر ببوو، کە هەموو ڕۆژێ لە بازاڕ دادەنیشت. بەڵام کاتێ پیاوانی تالێبان سەروسەکتیان دەردەکەوت، خوداخودای بوو نەبەدی* بێت و کەس نەیبینێ.

مشتەرییەکە داوای لە باوکی کرد دیسانیش نامەکەی بۆ بخوێنێتەوە.

ـ لەسەرخۆ بیخوێنەوە با لە بیرم نەچێتەوە و بۆ ماڵەوەی بگێڕمەوە.

پەروانە حەزی لێ بوو، ئەویش نامەیەکی لە یەکێکەوە بۆ بێ. پۆستەی ئەفغانستان کە لەمێژ ساڵ بوو لە سۆنگەی شەڕەوە داخرابوو، دیسان کەوتبووەوە کار، بەڵام زۆربەی برادەر و هاوڕێکانی وڵاتیان بە جێ هێشتبوو. پەروانە دەیگوت، لەوانەیە چووبێتنە پاکستان، بەڵام دڵنیایش نەبوو، نە سەروسۆراغی دەزانین و نە ناونیشانیان، هەر بۆیە نەیدەتوانی نامەیان بۆ بنووسێ. بنەماڵەکەی خۆشیان لە سۆنگەی بۆمبارانەوە چەند جار ماڵیان ڕاگواستبوو و ئیتر هیچ کام لە برادەرەکانی ناونیشانی ئەویان پێ نەدەزانی.

باوکی بەردەوام دەیگوت: "ئەفغانیەکان وەك ئەستێرەی ئاسمانێ، بە هەموو دنیادا بڵاو بوونەتەوە."

باوکی دیسان نامەی کابراکەی خوێندەوە و تەواوی کرد. مشتەری پارەکەی دایێ و گوتی: "ئەگەر ویستم وەڵامەکەی بدەمەوە، خۆم دێمەوە لات."

زۆربەی ئەفغانیەکان خوێندەوارییان نەبوو. پەروانە یەکێك بوو لە بەختەوەرەکانی ئەو وڵاتە. هەم باوکی و هەمیش دایکی زانکۆیان تەواو کردبوو و باوەڕیان وا بوو کە هەمووان دەبێ دەرس بخوێنن، تەنەنانەت کچەکانیش.

چەند مشتەرییەك هاتن و چوون و دوانیوەڕۆش تێپەڕی. زۆربەی خەڵکەکە بە زمانی "دەری" قسەیان دەکرد، یانی هەر ئەو زمانەی پەروانە لە هەموو زمانەکانی دیکە پتر لێی شارەزا بوو. بەڵام کاتێ یەکێك بە زمانی پەشتوونیش قسەی دەکرد، لە زۆربەی قسەکانی تێدەگەیشت. باوکی لە زانکۆی بەریتانیا دەرسی خوێندبوو، بەڵام زۆری بەسەردا تێپەڕیبوو.

بازاڕەکە شوێنێکی قەرەباڵغ بوو" خەڵك، پێداویستییەکانی ماڵەوەیان لەوێ دەکڕی و فرۆشیاری گەڕۆك و چەرچی، بانگەوازیان بۆ کەلوپەلەکانیان دەکرد. خەڵکێکش وەك چایچی کۆشکۆکەیەکیان بۆ خۆیان کردبووەوە. چایچی بەو هەمووە کووپ و قۆری و سینیە گەورەیەوە پێویست بوو جێیەکی بەردەوامی هەبێ و نەیگۆڕێ. کوڕە چافرۆشەکان لە تووناوتوونی بازاڕەکەدا بەملاولادا ڕاکەڕاکیان بوو. ئەوان چایان بۆ ئەو فرۆشیارانە دەبرد کە نەیاندەتوانی کۆشکەڵەکەی خۆیان جێ بێڵن و بە کووپی بەتاڵەوە دەگەڕانەوە.

پەروانە بە دەنگێکی نزم گوتی: "ئەمنیش دەتوانم ئەو کارە بکەم."
بە ئاواتەوە بوو، بتوانێ لەو بازاڕە پڕ پێچ و گەوەیەدا بەملا و بەولادا غار بدا. حەزی لێ بوو وەك بەری دەستی شارەزای پێچ و گەوی ئەو ڕێگایانە بێ.
باوکی ئاوڕی داوە و سەیرێکی کرد.
ـ پێم باشترە تۆ لە حەوشەی قوتابخانەدا ببینم بەملاولادا ڕابکەی.
ـ دیسان ئاوڕی دایەوە و سەیری ئەو ڕێبوارانەی کرد کە بە زەنازەنا و هاتوهاوار بە لایدا تێپەڕین و گوتی: "هەموو شتێ دەنووسم. هەموو زمانێ دەخوێنمەوە، پەشتوون، دەری“ هەموو جۆرێکی دەزانم. "
پەروانە نێوچاوانی تێك نا. خەتای خۆی نەبوو، کە ئیتر نەدەچووە قوتابخانە. ئەویش حەزی لێ بوو لە قوتابخانە بێ، نەك لەسەر ئەو بەتانیە ناخۆشە دانیشێ و قاچی بێشێ. دڵی زۆر بۆ برادەرەکانی و ئەو کارانەی جاران دەیکردن، توند ببوو.
زۆری حەز لە وانەی مێژوو بوو، بە تایبەتی مێژووی ئەفغان. ئەفغانستان زۆرانی هاتبوویێ. چوارهەزار ساڵ لەمەوبەر، ئارياييیەکان کۆچیان کردبوو بۆ ئەوێ. سەردەمانێك ئەسکەندەری مەقدۆنی پەلاماری ئەوێی دابوو و تالآنی کردبوو. پاش وی، یۆنانی و عەرەب و تورك و ئینگلیزەکان و دواجاریش ڕووسەکان هاتبوون. یەکێك لەو داگیرکەرانە بە ناوی تەیموورە شەل سەری دوژمنەکانی خۆی بڕیبوو و وەك ئەو شووتیانەی لە کۆشکەکانی میوەفرۆشتنێدا لەسەر یەکیان هەڵدەچنن، ئا وا گردێکی لێ دروست کردبوون. هەموو ئەوانە بۆ داگیرکردنی وڵاتە جوانەکەی پەروانە هاتبوون، بەڵام ئەفغانەکان هەموو جارێ دەریان پەڕاندبوون.
بەڵام ئێستا وڵاتەکەی لە بەردەستی تاڵیباندا بوو. تاڵیبانەکان ئەو ئەفغانیانە بوون کە پێیان وا بوو دەبێ بە زەبروزەنگ وڵاتەکە ببەنە ڕێوە. کاتێ ئەوان دوای گرتنەوەی کابولی پایتەختی وڵات، چوونی کچانیان بۆ قوتابخانە قەدەغە کرد، پەروانە زۆری پێ ناخۆش نەبوو. چونکە قەول وا بوو بەو زووانە ئیمتیحانی بیرکارییان هەبێ و ئەویش خۆی بۆ ئامادە نەکردبوو. لە لایەکیشەوە چونکە لەسەر پۆل قسەی کردبوو، تووشی کێشەیەك ببوو. قەول وا بوو مامۆستاکەی نامەیەك بۆ دایکی پەروانە بنووسێ و داوای لێ بکات سەردانی قوتابخانە بکات، لەو جەنگەیەدا تاڵیبانەکان گەیشتنێ و هەموو وڵاتیان داگیر کرد.
ئەو کات، کە نوریە هەر دەگریا و گیر نەدەبووەوە، لە نوریەی پرسیبوو: "باشە بۆ دەگرییێ؟ من پێم وایە پشوو زۆر خۆشە."
ـ پەروانە لێی سوور بوو تاڵیبان پاش چەند ڕۆژێکی دیکە ئیزنیان دەدەن بچنەوە قوتابخانە ـ جا مامۆستاکەشی هەتا ئەودەم هەر لە بیریشی نەدەما نامە بۆ دایکی بنێرێ و سکاڵای لێ بکا.

نوریە بە سەریدا قیژاندبوو: "هەر بە ڕاستی تۆ زۆر کەری. بڕۆ لە کۆڵم بەوە."

یەکێك لە کێشەکانی ژیانی بەکۆمەڵی ئەندامانی ماڵەوە لە ژوورێکدا ئەوە بوو کە نەدەکرا یەکێك لە کۆڵ ئەوی دیکە بێتەوە و بە تەنیا بە جێی بێڵێ. نوریە دەچووە هەرجێیەکی پەروانە لەوێ بوو، پەروانەش چووبایەتە هەرجێیەك نوریەش لەوێ دەبوو.

دایك و باوکی پەروانە هەرکام سەر بە یەکێ لە بنەماڵە ڕێزدارە ئەفغانیەکان بوون. جا چونکە دەرسیان خوێندبوو، داهاتێکی باشیشیان هەبوو. پێشتر ماڵەکەیان گەورە و حەوشەیەکی بەرین و تەلەڤزیۆن و سارنجۆك (سەلاجە) و ترۆمبێلیان هەبوو. نوریە ژووری خۆی هەبوو. بەڵام پەروانە و خوشکە بچکۆڵەکەی ـ مریەم ـ پێکەوە لە ژوورێکدا بوون. مریەم ئەگەرچی منداڵێکی زۆربڵێ بوو، بەڵام پەروانەی زۆر خۆش دەویست. هەر بە ڕاست زۆریش باش بوو، لەو ماڵەدا جاروبار دەیانتوانی خۆیان لە چاوی نوریە بشارنەوە. بەڵام بۆمب ئەو خانووەی کاول کردبوو. دوای ئەوە، خێزانەکەیان چەند جاران شوێنیان گۆڕیبوو و هەموو جارێکیش چووبوونە جێگەی بچووکتر. هەر بۆمبێکی بەسەریاندا بەربببووەوە، بەشێك لە کەلوپەلەکانی ماڵەوەیان فەوتابوو. لەگەڵ هەر بۆمبابارانێکدا هەژارتر کەوتبوونەوە و ئێستاش تەنیا لە ژوورێکی بچووکدا دەژیان.

بیست ساڵ بوو ئەفغانستان شەڕی تێدا بوو. واتە نزیك دووهێندەی تەمەنی پەروانە. شەڕەکە لەگەڵ هاتنی تانکە زەبەلاحەکانی سۆڤیەتی بۆ وڵاتەکەیان و بۆمبارانی گوندەکان و دەوروبەری شارەکان بە فڕۆکە شەڕکەرەکانیان، دەستی پێ کردبوو.

پەروانە یەك مانگانە بوو، کە سۆڤیەتی دەستی کردبوو بە گەڕاندنەوەی هێزەکانی بۆ وڵاتەکەی خۆی.

نوریە دەیگوت: "ئەوەندە ناتەرز و ناشیرین بووی، کە سۆڤیەتییەکان حەزیان لێ نەبوو لەگەڵت لە وڵاتێکدا بژین و وەك بای شەماڵ تانکەکانیان ڕادا و بە زراوتۆقیوی لە سنوورەکان ئاودیو بوون.

هەرجارێکیش ئەوەی دەگوتەوە، کەیفی پێ دەکرد.

خەڵك چەند ساڵان پەلاماری هێزەکانی سۆڤیەتیان دابوو و دوای ڕۆیشتنیشیان، ئەستەم بوو بە لایانەوە واز لەو خدەوخووە بێنن. لەو قۆناغەدا، تا بڵێی بۆمب بەسەر کابولدا درا و زۆر کەس کوژران.

بۆمب ببووە بەشێك لە ژیانی پەروانە. هەموو ڕۆژێ و هەموو شەوێ بۆمب لە ئاسمانەوە بەردەدرایەوە و ماڵێك دەتەقییەوە.

کە بۆمبەکە بەردەبووەوە، خەڵك ڕایان دەکرد، ئەوان بەملاولادا غاریان دەدا و هەوڵیان دەدا شوێنێك بدۆزنەوە بۆمب نەیگرێ. ئەو دەمەی پەروانە منداڵتر بوو لە کاتی بۆمباراندا لە باوەشیان دەکرد. کە گەورەتریش بوو، خۆی ڕای دەکرد.

ئیتر زۆربەی خاکی وڵاتەکەیان بە دەست تاڵیبانەوە بوو. باوکی پەروانە دەیگوت: "وشەی تاڵیبان بە واتای خوازیار و توێژەری کاروباری ئایینیە و ئایینیش خەڵك فێری ئەوە دەکات کە ببنە ئینسانێکی باشتر و نەرمونیان بن. بەڵام تاڵیبان وای لە ئەفغانستان نەکردووە خەڵك ڕەحم و بەزەییان بۆ یەکتری بێت."

هێشتاش کابول هەر بۆردومان دەکرا، بەڵام نەك هێندەی جاران. هێشتا لە باکووری وڵاتەکەیان، شەڕەکە هەر نەبڕابووەوە و زۆرترین زیانەکانیش لەو ناوچەیە بوون.

دوای هاتن و ڕۆیشتنی چەند مشتەرییەکی دیکە، باوکی گوتی با خڕی کەینەوە، بۆ ئەمڕۆ بەسە.

پەروانە ڕاچڵەکی، بەڵام دیسان لەسەر عەرزەکە پان بووەوە، چونکە لاقی تەزیبوو. تۆزێکی داماڵی و دیسان هەستایەوە پێ. ئەمجارەیان توانیی لەسەر پێی ڕاوەستێت.

پێش هەموو شتێك، ئەو شتانەی خڕ کردنەوە کە هێنابوونی. شتگەلی وەك دەفر و ئامان و ڕووەبالیف و کەلوپەلی ڕازاندنەوەی ماڵ، ئەوانەی لە بۆردومانەکان دەرچووبوون. ئەوانیش وەك زۆربەی ئەفغانیەکان، هەشتێکی بۆیان فرۆشرابایە دەیانفرۆشت. دایکی و نوریە بەردەوام سەریان لە ماڵەوە دەدا تا بزانن چییان بۆ ماوەتەوە کە بتوانن هەڵیگرن. لە کابول زۆر کەس کەلوپەلی ماڵەوەیان دەفرۆشت و پەروانەش پێی سەیر بوو کە هێشتا کەسی وا هەن کە بتوانن بیانکڕنەوە.

باوکە، قەڵەم و کاغەزەکانی لە جانتاکەی خستەوە. دوایی خۆیدایە سەر گۆچانەکەی و دەستێکیشی بە شانی پەروانەوە گرت و هێواش هەستایە سەر پێ. پەروانە بەتانیەکەی تەکاند و قەدی کرد و کەوتنە ڕێ. باوکی دەیتوانی مەودایەکی کەم بە گۆچان بڕوات، بەڵام بۆ بڕینی ڕێگەی دوور، پێویستیی بە پەروانە بوو، کە دەست بخاتە سەر شانی.

ئەو گوتی:"باشە بەژن هەر ئەوەندەیە کە من پێویستیم پێیەتی."

ـ ئەی ئەگەر گەورەتر بووم، دەبێ چ بکەین؟

ـ ئەو کات ناچارم لەگەڵ تۆ گەورە بم.

جاران باوکی قاچێکی دەستکرد(صناعی)ی هەبوو، بەڵام فرۆشتبوویەوە. قەول وا نەبوو بیفرۆشێتەوە، چونکە قاچی دەستکردی هەر کەسێك، بە ئەندازەیەکی دیاریکراو و تایبەت دروست دەکرێ و ئەستەمە قاچەدەستکردەکەی یەکێك بە پێی یەکێکی دیکە بکات. بەڵام کاتێ یەکێك لە مشتەرییەکان چاوی بە قاچەکەی باوکی کەوتبوو، کە لەسەر بەتانیەکەی دانابوو، بەبێ ئەوەی چاو لە کەلوپەلەکانی دیکە بکات، داوای کردبوو پێی بفرۆشێ. ئەو بڕە پارە زۆرەی ئەو لەسەری دانابوو، باوکەی وا لێ کرد قایل بێ.

ئەو کات زۆر قاچی دەستکرد لە بازاڕێ دادەنران بۆ فرۆشتن. لەبەر ئەوەی تاڵیبان ئەمری کردبوو ژنان لە ماڵەوە نەیەنە دەرێ، زۆربەی مێردەکانیان، قاچە دەستکردەکەی ژنەکانیان هەڵدەگرت و دەیانگوت:"خۆ تۆ بۆ هیچ کوێیەك ناچی، قاچت بۆ چییە؟"

کابول یەکسەر کاول ببوو. زۆر جاران خەڵکی گەڕەکێك کە دەچوونەوە سەری گەڕەك یان ماڵەکەی خۆیان بدەن، تەنیا کۆگایەك گڵ و خۆڵیان دەبینیەوە.

کابول سەردەمانێك زۆر جوان بوو. نوریە لەبیری بوو، شۆستەکان، ترافیك لایتەکان، کە ڕەنگەکانیان دەگۆڕدرا. ئەو شەوانەی دەچوونە ڕستورانت یان سینەما، یان بە دووکانەکاندا دەگەڕان بۆ ئەوەی جلوبەرگ و کتێب بکڕن.

بەڵام لە بەشی هەرە زۆری ژیانی پەروانەدا، کابول هەر کاول و وێرانە بوو و هیچی دی. بۆیە هەر نەشیدەتوانی بەجۆرێکی دیکە بیهێنێتە پێش چاوی خۆی. دڵی بەو چیرۆك و بەسەرهاتانە توند دەبوو، کە لەسەر کابولی جاران و پێش بۆردومانەکان دەیانگێڕاوە. حەزی لێ نەبوو بیر لە شتگەلێك بکاتەوە کە بۆمب لە ناوی بردبوون، لەو وەزعەی باوکی و ماڵە جوانەکانیشیان هەروەتر. ئەو شتانە تووڕەیان دەکرد، جا چونکە نەیدەتوانی تووڕەییەکەی بەسەر شتێکدا هەڵڕێژێ، خەفەتبار دەبوو.

لە قەرەباڵغییەکەی بازاڕ تێپەڕین و لایاندا بۆ شەقامەکەی تەنیشت ئەوێ، کە بەرەو ماڵەکەی خۆیان دەچوو. پەروانە کە زۆر وردبینانە و لەسەرخۆ یارمەتیی باوکی دەکرد بۆ ئەوەی لە چاڵ و قووڵك و جۆگەلەکانی شەقامەکە بپەڕێتەوە، لێی پرسی:"باشە باوکە، ئەو ژنانە بەو عابا و پەچە و ڕووبەندانەوە کە هەر چاویشیان دیار نیە، چۆن دەتوانن پێش چاوی خۆیان ببینن؟"

باوکی وەڵامی داوە:"زۆربەی جاران بەردەبنەوە و دەکەون."

ڕاستی دەکرد. پەروانە دیتبووی چۆن سەرەنگرێ دەبن و دەکەون.

پەروانە سەیری چیا خۆشەویستەکەی خۆی کرد. ئەو چیایە لەو سەری شەقامەکەوە بە شکۆمەندییەوە سەری بەرز ڕاگرتبوو.

هەر گەیشتبوونە ئەو گەڕەکە، لە باوکی پرسیبوو:"ئەو چیایە ناوی چییە؟"

ـ چیای پەروانە.

نوریە بە لاساری گوتبووی:"نا، وا نیە."

دایکی گوتبووی:"نابێ درۆ بۆ منداڵ بکەی."

ئەو قسەیە، هیی ئەو کاتە بوو کە هەموان چووبوونە پیاسە. ئەو دەمەی هێشتا تاڵیبان نەهاتبوو. ئەو کات دایکی و نوریە دەسماڵ و لاپێچیان لەسەر کردبوو و سەر و قژی خۆیانیان داپۆشیبوو، بەڵام دەموچاویان تەواو ڕووت بوو و تیشکی خۆری وێ دەکەوت.

باوکە گوتی:"چیاکان خەڵك ناویان لەسەر دادەنێن. ئەمنیش یەکێکم لەو خەڵکە و ناوی ئەو چیایە دەنێم، چیای پەروانە."

دایکە قسەی پێ نەمابوو و پێکەنیبوو. باوکیشی پێکەنیبوو. تەنانەت پەروانە و مریەمە بچکۆڵیش کە هەر نەشیاندەزانی بەچی پێدەکەنن، پێکەنیبوون. دەنگی پێکەنینی خێزانەکە گەیشتە کێوەکە و دەنگی دایەوە و زایەڵەکەی لە شەقامەکە گەڕا.

پەروانە و باوکی وردە وردە لە پلیکانەی ماڵەکەیان دەچوونە سەرێ. ئەوان لە نهۆمی سێیەمی بینایەکدا دەژیان. بینایەك، کە "ڕۆکێت"ی لێ درابوو و نیوەی ڕووخابوو.

پلیکانەکە لە دەرەوەی بیناکەوە بوو و دەبوو پێچەڵپێچ(زیگزاگ) لێی سەرکەون. ئەویش بە بۆمبا زیانی بەرکەوتبوو و پلیکانەکانی لە جێی خۆیان ترازابوون. تەنیا بەشێکی پەرژین (میلە)ی پێوە مابوو. باوکی زۆر جاران بە پەروانەی گوتبوو، نەکەی پاڵ بەو پەرژینانەوە بدەیت."

چوونە سەر لە هاتنە خوارەوە ئاسانتر بوو، بەڵام بۆ چوونە سەریش هەر زۆریان پێ دەچوو.

ئاخرییەکەی گەیشتنەوە بەردەرگای ماڵەکەی خۆیان و وەژوور کەوتن.

## ٢

دایکی و نوریە دیسان خەریکی پاکوخاوێنی بوون. باوکە، عەلی و مریەمی ماچ کرد و چووە ئاودەست بۆ ئەوەی تۆز و خۆڵەکەی سەر لاق و دەست و دەموچاوی بشواتەوە. دوای ئەوە لەسەر دۆشەگێك ڕاکشا بۆ ئەوەی تۆزێك پشوو بدات.

پەروانە پرێسکەکەی دانا و ویستی چارشێوەکەی دابنێ، نوریە گوتی: "ئاومان پێویستە."

پەروانە لە دایکیی پرسی:"ناکرێ لە پێشدا پشوویەك بدەم؟"

ـ ئەگەر کارەکەت بکەی، باشتر پشوو دەدەی و دەحەسێیەوە. جارێ بڕۆ. تەنکیی ئاوەکە چیی نەماوە هەڵچۆڕێ."

پەروانە بۆڵاندی. بەتاڵبوونی تەنکیی ئاوەکە بەو مانایە بوو کە دەبێ پێنج جاران بچێتە سەر شێرە(بەلووعە)ی ئاوەکە و بێتەوە. لە ڕاستیدا شەش جار، چونکە دایکی حەزی لێ نەبوو سەتڵەکە بە بەتاڵی ببینێ.

پەروانە بە تەنیشت نوریەدا تێپەڕی بچێ سەتڵەکە هەڵگرێ، کە نوریە گوتی:"ئەگەر دوێنێ ئەو کاتەی دایکم گوتی، چووبای، ئەمڕۆ ئاوا نەدەکەوتیتە زەحمەتەوە."

دوایی زەردەخەنە بەتوێکڵەکەی هاتەوە سەر لێوی، کە بەڵێ یانی خوشکی گەورەیە و جا قژە ڕەشەکەی خستە سەر شانەکانی. پەروانە حەزی لێبوو بەهەموو کەیفی خۆی شەقێکی تێ هەڵبدا.

نوریە قژێکی جوان و پڕ و درێژی هەبوو. قژی پەروانەش تەنك بوو. بەدڵ بە ئاواتەوە بوو قژی وەك هیی نوریە بوایە و نوریەش ئەوەی باش دەزانی.

پەروانە بە بۆڵەبۆڵ دەچوو و دەگەڕایەوە. لە پلیکانەکان وەسەر دەکەوت و بەرەو شێرەی ئاوەکە دەڕۆیشت. لە گەڕانەوەدا، بە سەتڵە پڕەکەیەوە زەحمەتەکەی زۆرتر بوو. بە تایبەتی ئەو سێ نهۆمەی دەبوو بچێتە سەرەوە. بەڵام زۆر لە نوریە تووڕە بوو، جار هەر لە داخانیش بێ، وزە و تینی دەدایە خۆی. هەر بۆیەش بەردەوام دەیبۆڵاند.

ـ نوریە قەت ناچێ ئاو بێنێ. دایکیشم هەروەتر. مریەمیش ناچێ. جا خۆ مریەم ناچار نیە دەست لە ڕەش و سپی بدات.

خۆی باش دەیزانی ئەو بۆڵەبۆڵە بێ جێیە. بەڵام دیسانیش دەستی هەڵنەدەگرت. مریەم پێنج ساڵانە بوو. ئەو تەنانەت نەیدەتوانی سەتڵێکی بەتاڵیش لە پلیکانەکان بەرێتە خوارێ، چ گا بەوەی بە پڕی بیباتە سەرێ. دایکە و نوریەش ناچار بوون لە کاتی چوونەدەرەوەدا عابا لەبەر بکەن و بە عاباشەوە نەیاندەتوانی

لەو پلیکانە شڕ و شەویِقانە وەسەر بکەون. جگە لەوانەش، زۆر خەتەر بوو ژنێك بەبێ پیاو لە ماڵەوە بچێتە دەرێ.

پەروانە دەیزانی خۆی دەبێ ئاو بێنێ. چونکە ئەو نەبێ، هیچ کام لەوانی دی نەیاندەتوانی ئەو کارە بکەن. هەم پێی ناخۆش بوو و هەمیش بەخۆی دەنازی. بەڵام جگە لەو هەستەی هەیبوو، شتێکی لێ سوور بوو، ئەویش ئەوەیکە، پێی خۆش بێ یان ناخۆش، دەبوو ئاو بێنن و هەر ئەویش ناچار بوو بیهێنێ. ئاخرییەکەی، هەم تەنکییەکە پڕ بوو و هەمیش سەتڵەکە. پەروانە توانیی سۆڵەکانی لەپێی دابکەنێ و دەسماڵەکەی هەڵواسێ و دابنیشێ. لەسەر عەرزەکە و لە لای مریەمەوە دانیشت و سەیری خوشکە بچکۆڵانەکەی کرد، کە خەریك بوو شتێکی دەکێشایەوە.

ـ تۆ زۆر زیرەکی، مریەم. ڕۆژێك دادێ تابلۆی نەقاشییەکانت دەفرۆشی و پارەیەکی زۆر بەسەر یەکەوە دەنێی. ئەو کات زۆر دەوڵەمەند دەبین و دەچین لە کۆشکێکدا دەژێین. ئەتۆش جلوبەرگی هەوریشمی شین لەبەر دەکەی.

مریەم گوتی:"هەوریشمی کەسك."

پەروانە چووە سەر قسەکەی:"هەوریشمی کەسك."

دایکە گوتی:"لەبری ئەوەی لەوێ دابنیشی، دەکرێ بێی و یارمەتییەکمان بدەی."

ئەو و نوریە دیسان خەریکی خاوێنکردنەوە و ڕێکخستنی کەنتۆرەکە بوون.

ـ باشە خۆ ئێوە دوێنێ پێرێ ئەو کەنتۆرەتان خاوێن کردەوە.

ـ دێی یان نایەی؟

پەروانە بەخۆی گوت، نا. بەڵام دەبوو هەستێ. نوریە و دایکی بەردەوام خەریکی سڕینەوەی شتێك بوون. کارێکی دیکەیان نەبوو. نە دەیانتوانی بچنە قوتابخانە و نە بچنە دەرەوەش بۆ کارکردن. دایکی بەردەوام دووپاتەی دەکردەوە:"تالیبان گوتوویانە نابێ لە ماڵێ بچینە دەرێ. بەڵام ئەوە بەو مانایە نیە کە لە گەندوگوودا بژێین."

پەروانە زۆر ڕقی لەو خاوێنکردنەوە و ئەو جۆرە کارانە بوو، چونکە لەو سۆنگەیەوە هەموو ئەو ئاوەی بەو زەحمەتە هێنابوو، مەسرەف دەبوو. لەوەش خراپتر شووشتنی سەروقژی نوریە ئەو هەمووە ئاوەی دەویست.

پەروانە سەیرێکی دەوروبەری ژوورە بچووکەکەیانی کرد. هەموو ئەو مۆبل و کەلوپەلانەی لە خانووەکانی پێشوویاندا هەیانبوو، لە بۆردوماندا تێدا چووبوون. تاقە شتێکی بۆیان مابۆوە، کەنتۆرێکی دارینی گەورە بوو، ئەویش ئەو کاتەی خانووەکەیان بەکرێ گرتبوو، لەوێ ببوو. هەندێ لەو وردە شتانەی بۆیان

مابۆوە، لەو کەنتۆرەدا ڕیزیان کردبوون. دوو دۆشەگیش لە تەنیشت دیوارەکەوە بوون. کەلوپەلی ماڵەوەیان هەر ئەوەندە بوو. ئەوان جاری جاران فەرشی جوانی ئەفغانییان هەبوو. پەروانە، جوان شێوە و گوڵە جوان و ناسکەکانی ئەو مافوورانەی لەبیر مابوو. کە منداڵ بوو، پەنجەی بەسەردا دەکێشان. بەڵام ئێستا کۆنەفەرشێکی هەرزان بایی، لەسەر عەرزە چیمەنتۆیەکەی ژوورەکە ڕاخرابوو.

دەیتوانی بە دە هەنگاو بەرینایی و بە دوازدە هەنگاو درێژایی ژوورەکە بکا. ماڵین و خاوێنکردنەوەی فەرشەکەش بە گەسکە دەستییە بچووکەکە، ئەرکی ئەو بوو، بۆیە هەموو فەرشەکەی لەپێش چاوی بوو.

ئاودەستێك لەوسەری ژوورەکەوە بوو. ئەویَ کەلێنێکی بچووك بوو، نەك وەك ئەو ئاودەستە غەربی و مۆدێرنانەی جاری جاران هەیانبوو. تەباخە بچووکەکەشیان هەر لەوێوە بوو. چونکە دەلاقەیەکی بچووکی لەسەرەوەی دیوارەکەوە هەبوو، کە لەوێوە تۆزە هەوایەکی تازەی دەهێنایە ژوورەوە. تەنکیی ئاوەکەش هەر لەویَ بوو. بەرمیلێك، کە پێنج سەتڵی ئاو دەبرد. تەشتی شیوکردنەکەش لەوێوە دانرابوو.

لە هەندیَ بەشی دیکەی بیناکەدا، کە هێشتا نەڕووخابوو، خەڵکێکی دیکە دەژیان. پەروانە لەکاتی ئاوهێنانیێدا یان ئەو کاتانەی لەگەڵ باوکی دەچووە بازاڕ، ئەوانی دەدی. باوکی پێی دەگوت: "نابیَ توخنیان بکەوین. تاڵیبان ئەو خەڵکەی لەسەر دەروجیرانان کردووەتە سیخوڕ. لێیان دوور بین باشتر و بیَ دەردیسەرترە."

پەروانە دەیزانی ئاوا بیَ کێشەترن، بەڵام لە لایەکیشەوە زۆر وەڕەز و تەنیا بوو. لەوانەبوو کچۆڵەیەکی دیکەی هاوتەمەنی خۆی لەو نزیکانە بژییَ، بەڵام لەو وەزعەدا بەهیچ شێوەیەك لێی ڕوون نەدەبۆوە. باوکی سەری بە کتێبەکانیەوە خافڵابوو. مریەم و عەلی لەگەڵ نوریە و دایکیان گەمەیان دەکرد. بەڵام پەروانە کەسی نەبوو.

دایکە و نوریە ڕەفی کەنتۆرەکەیان خاوێن کردەوە و دیسان خەریکی ڕیزکردنەوەی کەلوپەلەکانی ناوی بوونەوە.

دایکە بە پەروانەی گوت: "ئێرە ئەو هەمووە شتەی باوکتی لێیە، کە دەکریَ لە بازاڕیَ بیانفرۆشی. ئەوانەش لە بەر دەرگا دابنیَ."

پەروانە نیگای بەسەر پارچە قوماشێکی سوورەوە گیرسایەوە.

ـ شەلوارە کامیز ەکەی باشەکەی من. نابیَ ئەوە بفرۆشم.

ـ ئەوە منم بڕیار دەدەم چ بفرۆشین و چ نەفرۆشین، نەك تۆ. ئیتر ئەوە بەکارمان نایە. مەگەر ئەوەی کە تۆ بچیتە هەندیَ میوانی، کە زەحمەت ناکێشی پێمان بڵێی."

پەروانە دەیزانی مشتومڕەکە سوودی نیە. لەو کاتەوە بە زۆرەملێ دایکی لە کارەکەی دەرکرابوو، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ کەم جیکڵدانەتر و تووڕە و تۆسنتر دەبوو.

پەروانە جلوبەرگەکان و شتەکانی دیکەشی لەبەر دەرگا دانا و پەنجەی بەسەر گوڵدۆزییە جوانەکانی شمەکەدا کێشا. ئەوەی بە جێژنانە لە پووری وەرگرتبوو کە ماڵی لە مەزار شەریف بوو.

لە ناخی دڵییەوە لەبەر خودا پاڕاوە پووری دڵی لە دایکی بێشێ لەبەر ئەوەی دەیەوێ ئەو شمەکە بفرۆشێ.

ـ ئەی باشە بۆ جلوبەرگەکانی نوریە نافرۆشین؟ خۆ ئەو ناچێتە هیچ جێیەك؟

ـ ئەگەر ویستی مێرد بکا، پێویستی دەبن.

دیسان نوریە خۆی بەسەر پەروانەدا هەڵکێشا و گەورەبوونەکەی خۆی بەچاویدا دایەوە و بۆ ئەوەی پتر ئەزیەتی بکا، سەری ڕاوەشاند بۆ ئەوەی قژە درێژەکەی بشەکێتەوە.

پەروانە گوتی: "بەزەییم بەو لێقەوماوەدا دێتەوە کە تۆ دەخوازێ. چونکە ژنێکی بەپۆز و لووتبەرزی تووش دەبی. "

دایکە گوتی: "بیبڕێننەوە."

پەروانە نێوچاوانی تێك نا. دایکی هەر لای نوریەی دەگرت.

پەروانە ڕقی لە نوریە دەبۆوە. لە دایکیشی، ئەگەر دایکی خۆیشی نەبوایە.

بەڵام کە دیتی دایکی، پرێسکەی جلوبەرگەکانی حوسێنی هەڵگرت و لە سەرەوەی کەنتۆرەکەی دانان، تووڕەییەکەی نیشتەوە. چونکە هەرجارێکی دایکی دەستی لە جلوبەرگەکانی حوسێن دەدا، دڵی توند دەبوو.

پێشتر نوریە نۆبەرە و منداڵی گەورەی ماڵێ نەبوو. حوسێن لە هەمووان گەورەتر بوو، بەڵام لە چواردەساڵیدا بەهۆی تەقینەوەی مین مردبوو. باوك و دایکی هیچ کات باسیان نەدەکرد. وەبیرهێنانەوەی ئەو بیرەوەرییانەی پەیوەندییان بەوەوە هەبوو، زۆر ناخۆش و دڵتەزێن بوو. لە ڕێکەوتێکی زۆر دەگمەندا توانیبووی نوریە وەقسە بێنێ و ئەویش بەتێر و تەسەلی باسی حوسێنی بۆ کردبوو:"حوسێن هەمیشە پێدەکەنی و لەگەڵ ئەوەدا کە من کچیش بووم، گەمەی لەگەڵ دەکردم. دەیگوت: تۆ وەك شازادەخاتوونەکان مەبە. یاریی تۆپێن کەیفخۆشت دەکا. تۆپەکەی وا بۆ دەهاویشتم کە بتوانم بیگرمەوە و دیسان بۆی باوێمەوە. لەگەڵ تۆش یاریی دەکرد. هەمیشە تۆی هەڵداویشت و دەیگرتییەوە. زۆری خۆش دەویستی. دەزانی دەڵێم چی؟"

ئەو حوسێنەی پەروانە لە هەقایەتەکانی نوریەدا دەیناسی، زۆر لەبەردڵان بوو.

پەروانە کە ڕوخساری خەفەتباری دایکیی دیت، تووڕەییەکەی خۆی خواردەوە و بەبێدەنگی یارمەتیی دا بۆ ئەوەی شێو ساز بکات.

بنەماڵەکەی ئەوان وەك ئەفغانیەکان نانیان دەخوارد. لە دەوری ئەو سفرەیەی لەسەر عەرزەکە ڕایاندەخست، کۆ دەبوونەوە. هەمووان بە نانخواردنەکە بووژانەوە و ئەو شەوە تۆزێك زیاتر لەسەر سفرەکە دانیشتن.

پەروانە سۆسەی ئەوەی کردبوو، کە دایکی و نوریە بەردەوام بە هێما یەکتری دەدوێنن و هەردووکیان هاوکات پێکەوە هەڵەستن و دەست دەکەن بە پاکوخاوێنی. بەڵام نەیدەزانی کەنگێ ئاماژەکە بە یەکتری دەدەن. زۆر جاران سەیری کردبوون، بۆ ئەوەی ئاماژەکەیان لێ ئاشکرا بکات، بەڵام نەیتوانیبوو.

عەلی لە باوەشی دایکیدا وەنەوزی دەدا. پارچە نانێکیشی لە قولە بچووکەکەیدا بوو. هەر جار نە جارێك ڕادەچڵەکی و بە زۆر هەوڵی دەدا خەوی لێ نەکەوێ. دەتگوت دڵی نایە بۆ ساتێکیش چییە بە جێیان بهێڵێ. دایکی توند بە سینگییەوە نابوو. دوای ماوەیەك، ئاخرییەکەی عەلی خەو بردییەوە.

باوکیان، کە بە ڕواڵەت بەو سەرخەوەی پێش نانخواردنێ بووژابووەوە، شەڵوارە کامیزە سپییەکەی لەپێ کردبوو. ڕدێنە درێژەکەشی داهێنابوو. لەبەر چاوی پەروانە جوان ببوو.

کە تاڵیبان هات و ئەمری کرد هەموو پیاوەکان دەبێ ڕیش دابنێن، پەروانە لەبەری گران بوو خوو بەو ڕدێنەی باوکییەوە گرێ. چونکە ئەو پێشتر بەردەوام ڕدێنی خۆی دەتاشی. باوکیشی بە زەحمەت لەگەڵی ڕاهات. لە پێشدا بەردەوام ڕدێنی هەڵدەکڕاند.

ئێستا ئیتر کاتی ئەوە بوو باوکیان بەسەرهاتە مێژووییەکانیان بۆ بگێڕێتەوە. ئەو بەر لە بۆردومانی قوتابخانەکە، مامۆستای مێژوو بوو. پەروانە لەگەڵ هەقایەت و بەسەرهاتەکانی ئەو گەورە ببوو و هەربۆیەش لە پۆلەکەی خۆیاندا لە وانەی مێژوو، یەکەم بوو.

باوکە گوتی: "ساڵی ١٨٠ی زایینی بوو. بەریتانیا دەیویست وڵاتەکەمان داگیر بکا."

جا لە مریەمی پرسی: "ئێمە پێمان خۆش بوو بەریتانیا وڵاتەکەمان داگیر بکات یان نا؟"

مریەمیش وەڵامی دایەوە: "نا."

ـ بەڵێ، هیچ پێمان خۆش نەبوو. هەمووان دێنە ئەفغانستان و دەیانەوێ وڵاتەکەمان داگیر بکەن. ئێمەش کە لە هەموو دنیا میوانگرترین، هەر خۆمان بەپیریانەوە دەچین. لای ئێمە میوان خۆشەویستی خودایە. دیارە، ئێوە کچەکان دەزانن، هەرکاتێك پیاوێك دێتە ماڵی ئێمە، دەبێ زۆر بەباشی میوانداریی بکەین.

پەروانە گوتی: "یان ژنێك."

باوکی پێکەنی و گوتی: "یان ژنێك. ئێمەی ئەفغانی چیی لە دەستمان بێت، دەیکەین بۆ ئەوەی میوانەکەمان ئاسوودە بێت. بەڵام ئەگەر یەکێك دوژمنایەتیی وڵاتەکەی ئێمە بکات، لەسەر نیشتمانەکەمان دەکەینەوە."

پەروانە بە پێداگرییەوە گوتی: "باوکە، ئەوی دیکەشی بڵێ."

هەرچەندە گەلێ جاران ئەو بەسەرهاتەی بیستبوو، بەڵام دیسان پێی خۆش بوو گوێی لێ بێتەوە.

باوکە دیسان پێکەنی و بە دایکیانی گوت: "دەبێ ئەو منداڵانە فێر بکەین، خۆڕاگر بن.

پێویست نەبوو پەروانە سەیری دایکی بکات بۆ ئەوەی بزانێ ئاخۆ لەوانەیە لە ڕواڵەتیدا وا بنوێنێت کە زۆر شتی دیکەشیان دەبێ فێر بکەن.

باوکە کورتی بڕییەوە و گوتی:"دەگەڕێینەوە سەر باسەکەمان. ساڵی ١٨٨٠ی زایینی بوو. ئەفغانەکان لە تەپوتۆزی دەوروبەری شاری سەمەرقەنددا لەگژ بەریتانیەکان ڕۆچووبوون. شەڕێك بوو کەوچکی تێنەدەگەڕا. خەڵکێکی زۆر کوژرابوون. بەریتانیەکان پەیتاپەیتا سەردەکەوتن و چیی نەمابوو ئەفغانیەکان دەست بەردەنەوە و خۆیان بەدەستەوە بدەن. ورەیان زۆر کز ببوو و ئیتر تین و گوڕی شەڕکردنیان تێدا نەمابوو. پێیان وا بوو باشتر ئەوەیە خۆیان بە دەستەوە بدەن و ملکەچی کۆیلەیەتی بن، چونکە بەوشێوەیە لانیکەم دەیانتوانی گیانی خۆیان ڕزگار بکەن و تۆزێك بحەسێنەوە.

"لەنەکاو کچۆڵەیەکی وردیلەی لە نوریەش منداڵتر، لە یەکێك لە خانووەکانی گوندەکەوە دەرپەڕییە دەرێ. ئەو ڕاستەوڕێ پەلاماری دوژمنی دا و بەرامبەر سەربازە ئەفغانیەکان ڕاوەستا. ئەوجار پەچە و ڕووبەندی لا دا و لە بەر ئەو هەتاوە بەتینەی لەسەرودەموچاوی دەدا، بەسەر سەربازەکاندا گوڕاندی:"ئێوە دەتوانن ئەو شەڕە بەرنەوە و تێیدا سەرکەون. ورە لەدەست مەدەن. خۆتان کۆ بکەنەوە و بکەونە ڕێ، با بڕۆین. " ئەوجار پەچەکەی وەك ئاڵا ڕاوەشاند و کەوتە پێش سەربازەکان بۆ ئەوەی بۆ دواجار پەلاماری بەریتانیەکان بدەن. بەریتانیەکان ڕێگەی دەربازبوونیان نەبوو. ئەفغانیەکان بەزاندیانن و سەرکەوتن."

ئەوجار یەك بە یەك سەیری کردن و گوتی:"ڕۆڵەکانم، ئەوە وانەی ئەمڕۆمانە. ئەفغانستان، لەوەتەی هەیە ماڵی ئازاترین ژنانی جیهان بووە. ئێوە هەمووتان ئازان. ئێوە نەوە و وەچەی "مەلالی"ـن."

مریەم لە حاڵێکدا دەستی ڕادەوەشاند، وەك بڵێی ئاڵای بە دەستەوە بێ، هەرای کرد: "ئێمە دەتوانین لەو شەڕەدا سەرکەوین."

دایکە قۆرییە چایەکەی هەڵگرت و لە جێیەکی دانا نەکا یەکێك خۆی لێ بدا.

نوریە پرسیی: "چۆن ئازا بین، کاتێك تەنانەت ناتوانین لە ماڵەوەش بچینە دەرەوە؟ چۆن بکەوینە پێش پیاوەکانەوە بۆ شەڕ؟ من بەشی خۆم شەڕم دیتووە. چیتر پێم خۆش نیە شەڕ ببینم."

باوکە لەسەر خۆ گوتی: "شەڕ هەیە تا شەڕ. شەڕ جۆری هەیە."
دایکە گوتی: "بۆ وێنە شەڕ لەگەڵ دەفر و قاپ و قاچاغی نانی شەوێ."
پەروانە لیچی هەڵقرچاند و باوکیی خستە پێکەنین. مەریمیش هەوڵی دا وەك ئەو بکا، بۆیە دایکی و نوریەش پێکەنینیان هات.
عەلی کە لە خەو هەڵستا و دیتی هەمووان پێدەکەنن، ئەویش پێکەنین گرتی.
هەمووان هەروا پێدەکەنین کە لەپڕ چوار سەربازی تاڵیبان لە بەر دەرگا قوت بوونەوە. عەلی یەکەم کەس بوو ڕاچەنی" ئەو کە لە شەقەی دەرگاکە ڕاچڵەکیبوو، زیڕاندی.
دایکیان ڕاچڵەکی. ئەوەندەی یەك و دوو عەلی و مریەمیش بە ترس و لەرزەوە لە گۆشەیەکی ژوورەکە، خۆیان خزاندە پشت دایکیانەوە.
نوریە چارشێوەکەی لە خۆی وەراند و خۆی وا کۆ کردەوە دەتگوت تۆپێکە و لەوێ دانراوە. چونکە سەربازەکان جار و بار ژنانیشیان دەڕفاند. ئەوانیان لە ماڵەکانیان دەڕفاند و دەیانبردن و ئیتر کەس چاوی پێیان نەدەکەوتەوە.
پەروانە نەیتوانی بجووڵێ. ئەو هەروا لەسەر سفرەکە حەپەسابوو. سەربازەکان چوارشانە بوون و ئەو جەمەدانیەی لەسەریان نابوو، لەبەرچاوان بەرزتری کردبوون.
دووان لە سەربازەکان باوکی پەروانەیان گرت. دووی دیکەش خەریکی پشکنینی خانووەکە بوون و پاشماوەی خواردنەکەیان پێخوست کرد و بەسەر فەرشەکەیان وەرکرد.
سەربازەکان بەسەر باوکەدا نەڕاندیان: "بۆچی چووبوویە بەریتانیا دەرس بخوێنی؟ ئەفغانستان بیانی و نامۆی وەك تۆی بۆ چییە؟"
ئیتر بە ڕاکێش ڕاکێش بەرەو دەرگایان برد.
باوکە گوتی: "بەڵێ، ئەفغانستان جەنایەتکار و ئینسانکوژ و نەخوێندەواری وەك ئێوەی پێویستە."
یەکێك لە سەربازەکان لە دەموچاوی سرەواند. خوێنی لووتی بەر بوو و بەسەر شەلوارە کامیزەکەیدا چۆڕایەوە.
دایکە پەلاماری سەربازەکانی دا. سەربازەکانی دایە بەر مستەکۆڵە و دەستی باوکەی ڕادەکێشا و هەوڵی دەدا لە چنگیان دەری بێنێ.
یەکێك لە سەربازەکان تفەنگەکەی بەرز کردەوە و لە تەپڵی سەری ڕاکێشا. دایکە کەوتە سەر عەرزەکە. هەر ئەو سەربازە چەند قۆنداغە تفەنگی دیکەشی لێ دا. هەرجارێکی لە دایکیان دەدرا، عەلی و مریەم دەیانزیڕاند. ئاخرییەکەی پەروانە کە دیتی دایکی کەوتووەتە سەر عەرزی، دەرپەڕی. کە سەربازەکان

باوکیان بەرەو دەرەوە ڕادەکێشا، پەروانە دەستی لە نێوقەدی باوکی توند کردبوو. کاتێ سەربازەکان بە زۆری لێیان جیا کردەوە، بیستی باوکی پێی دەڵێ: "ئاگات لەوانی دیکە بێ، مەلالییەکەی خۆم."
ئیتر بردیان.

پەروانە بە هیوابڕاوی سەیری سەربازەکانی کرد، کە باوکیان لە پلیکانەکانەوە دەبردە خوارێ. بەو ڕاکێشانە، جلوبەرگەکانی هەمووی دڕان. پەروانە ئەوەندەی سەیر کردن، هەتا لە کۆڵانەکە سووڕانەوە و لە چاوان ون بوون.

دوو سەربازەکەی دیکە، لە نێو ژوورەکەدا، بە چەقۆ کەوتبوونە دڕاندنی دۆشەگەکان و هەڵڕشتنی شتەکانی نێو کەنتۆرەکە.

کتێبەکانی باوکیان، لە بن کەنتۆرەکە، لەو شوێنەدا شاردرابوونەوە کە باوکیان بۆ شاردنەوەی ئەو چەند کتێبەی لە بۆردومانەکان دەرچووبوون، دروستی کردبوو. چەند بەرگێك لەو کتێبە ئینگلیزیانە لەسەر ئەدەبیات و مێژوو بوون. کتێبەکانیان شاردبووەوە، چونکە تالیبان، کەیفیان بە هەر کتێبێکی نەهاتبایە دەیانسووتاند.

نەدەبوو بهێڵێ کتێبەکانی باوکی بدۆزنەوە. سەربازەکان لەسەر سەرەوەی کەنتۆرەکەوە گەڕان و وردە وردە دەهاتنە خوارەوە و جلوبەرگ و چەرچەف و قاپ و قاچاغ و شتەکانی دیکەیان فڕێ دەدایە خوارەوە. ئەوان جار بە جار لە بەشی خوارەوە و حەشارگەی کتێبەکان نزیکتر دەبوونەوە. کە سەربازەکان داهاتنەوە کەلوپەلەکەی بەشی خوارەوەش فڕێ بدەنە دەرێ، پەروانە بە ترسەوە سەیری دەکردن.

لەنەکاو قیژاندی: "لە ماڵەکەم بڕۆنە دەرەوە."

ئیتر وا ئامبازی سەربازەکان بوو، کە هەردوو سەربازەکە کەوتن. ئەوجار تێیان بەربوو. هەتا ئەوەی بە لێدان لەکۆڵ خۆیانیان کردەوە. پەروانە پتر لەوەی هەست بە ئازاری زەبری باتۆمەکانیان بکات، گوێی لە دەنگیان دەبوو. بەڵام ئەوەندە سەری لە نێوان دەستەکانیدا ڕاگرت، هەتا سەربازەکان وازیان لێ هێنا.

دایکە هەستا و عەلیی لە باوەش گرت. نوریە هەروا زراوتۆقیو وەك تۆپێك گلۆڵە ببوو. مریەم بە هانای پەروانەوە هات. کە دەستی بۆ پەروانە برد، پەروانە وەی زانی دەستی سەربازەکانە، خۆی گرمۆڵە کرد. بەڵام مریەم ئەوەندە دەستی بەسەریدا هێنا، هەتا ئاخرییەکەی پەروانە تێگەیی کە دەستی خوشکەکەیەتی. ئەوجار هەستا. هەموو گیانی دەیزیڕاند. لەگەڵ مریەم یەکتریان لە ئامێز گرت. هەموو گیانیان دەلەرزی.

پەروانە نەیزانی ئەندامانی بنەماڵەکەی چەندە لەو وەزعەدا مانەوە. تەنانەت کاتێ عەلی گیر بووەوە و خەوی لێ کەوت، هەمووان هەروا لەجێی خۆیان مابوونەوە.

## ٣

دایکە، عەلەی هەر بە خەوەوە لە باوەش کرد و بە هێمنی لە شوێنێکی ژوورەکە، کە هیچی لێ نەڕژابوو، داینا. مریەمیش خەو بردبوویەوە، ئەویشی برد و لە تەنیشت براکەی داینا.

ئەوجار گوتی: "وەرن با ئێرە خاوێن بکەینەوە."

لەسەرخۆ ژوورەکەیان وەك پێشووی لێ کردەوە. پەروانە پشتپاژنەی دێشان. دایکەش کووڕ ببووەوە و بە حاستەم دەجوولا.

دایکە و نوریە کەلوپەلەکانیان لە کەوەنتەرەکەدا دانایەوە. پەروانە چوو گەسکەکەی هێنا، کە لە ئاودەستێ بە سینگێکەوە کرابوو. ئەویش دەستی کرد بە گسکدان و خڕکردنەوەی ئەو برنجەی بە ناو ماڵەکەدا ڕژابوو. دوایی بە پەڕۆیەك ئەو شوێنەی خاوێن کردەوە، کە چایەکەی لێ ڕژابوو. دەبوو دۆشەگە دڕاوەکە بدوورنەوە و پینەی بکەن، بەڵام دەبووایە ئەوەیان هەڵگرن بۆ سبەی.

کە دیسان ژوورەکە وەك جاری جارانی لێ هاتەوە، هەموان، جگە لە باوکیان، چەرچەف و بالیفەکانیان دانا و لێی خەوتن.

پەروانە خەوی لێ نەدەکەوت. گوێی لە دەنگی تەنیشتەوتەنیشتکردن و جینگڵدانی دایکی و نوریەش دەبوو. هەر دەنگێکی بە ئاستەم هاتبایە، وای دەزانی باوکی لەگەڵ پیاوەکانی تالیبان گەڕاوەتەوە. لەگەڵ هەر دەنگێکدا، هیوایەکی لە دڵ دەگەڕا و زراویشی دەچوو. بیری پرخەپرخەکەی باوکیی کردبوو. پرخەپرخەکەی باوکی خۆش و هێمن بوو. لە بۆمبارانە خەستەکەی کابولدا کە زۆر جار ناچار ببوون ماڵەکەیان بگۆڕن یان بچنە جێیەکی ئەمینتر، هەموو جارێ کە پەروانە لە نیوەی شەوێدا لە خەوێ هەڵدەستا و وەبیری نەدەهاتەوە لە کوێن، بە بیستنی پرخەپرخی باوکی دڵنیا دەبۆووەوە و دەخەوتەوە.

بەڵام ئیتر گوێی لە پرخەپرخ نەدەبوو.

باوکی لە کوێ بوو؟ تۆ بڵێی شوێنێکی نەرمی هەبێ لێی بنوێ؟ سەرمای نیە؟ برسیی نیە؟ ناترسێ؟

پەروانە خۆی هەرگیز زیندانی نەبینیبوو، بەڵام هەندێ لە خزمەکانیان پێشتر گیرابوون. بەر لەوەی هێزەکانی سۆڤیەت وڵاتەکەیان داگیر بکەن، یەکێك لە پوورەکانی لەگەڵ سەدان کچە قوتابیی دیکە، بە هۆی نارەزاییبوون لە سۆڤیەتییەکان قۆڵبەست کرابوون. هەموو حوکمەتە ئەفغانیەکان بەرهەڵستکارەکانی خۆیانیان دەخستە بەندیخانەوە.

دایکی هەموو جارێ دەیگوت: "ئەگەر یەکێك نەناسیت زیندانی دیتبێ، ئەوە تۆ ئەفغانیەکی ڕەسەن نیت. "

کەس پێی نەگوتبوو زیندان شوێنێکی چۆنە. گەورەکان دەیانگوت: "هێشتا زووە، ماوتە لەو شتانە تێبگەی. "

پەروانە لە زەینی خۆیدا زیندانی بە شوێنێکی سارد و تاریك دەزانی. دوایی لە نەکاو شتێکی بە زەیندا هات. دەرپەڕی و گوتی: "دایکە چراکە هەڵکە. "

ـ بێدەنگ بە پەروانە! عەلی لە خەو هەڵدەستێ. "

پەروانە لەسەرخۆ گوتی:"هەستە چراکە هەڵکە. دەبێ پەنجەرەکەمان ڕووناك بێ، با ئەگەر باوکەیان بەردا، بتوانێ ماڵەکەمان بدۆزێتەوە. باشە ئەی چۆن بە ڕێگادا بڕوات؟ خۆ گۆچانەکەی ئەوەتا لێرەیە؟"

ـ پەروانە، بنوو. بەو قسانە هیچ بەهیچ ناکرێ کچم.

پەروانە دیسان ڕاکشایەوە. بەڵام خەوی لێ نەکەوت. ژوورەکەی ئەوان تەنیا دەلاقەیەکی بچووکی هەبوو ئەویش لە نزیك میچەکەوە بوو. تالیبان فەرمانی دابوو، هەموو ڕەنگی ڕەش لە پەنجەرەکان بدەن، بۆ ئەوەی کەس نەتوانێ ژنەکانی نێو ژوورەکان ببینێ. باوکی گوتبووی: "ئێمە وا ناکەین. ئەو پەنجەرەیە ئەوەندە بەرزە، کەس ناتوانێ لەوێوە نێو ماڵەکەی ئێمە ببینێ. "

هەر بۆیەش هێشتاش ئەو پەنجەرەیە هەروا مابووەوە و ڕەنگ نەکرابوو.

ئەو ڕۆژانەی تاو و ساو دەبوو، خۆر تۆزێك ژوورەکەی دەگرتەوە" عەلی و مریەم لە بەر خۆرەکە دادەنیشتن. دایکە و نوریەش لە لای ئەوانەوە دادەنیشتن بۆ ئەوەی تاوێك، خۆرەکە دەست و دەموچاویان گەرم بکاتەوە. بەڵام ئیتر زەوی لە سووڕ و گەڕی خۆی بەردەوام دەبوو و تیشکی خۆرەکەش نەدەما.

پەروانە سەیری شوێنێکی دەکرد، کە پێی وا بوو پەنجەرەکە لەوێوەیە، بەڵام لەگەڵ دیوارەکە لێکی نەدەکردەوە. بەو حاڵەشەوە تا سیوادی بەیانی چاوی هەر لەوێ بڕی، هەتا سپێدە تاریکیی لا دا و بە ئەسپایی لە پەنجەرەکەوە دەرکەوت.

لەگەڵ گزنگی هەتاو، دایکە و نوریە و پەروانە، ئیتر خۆیان لە خەو نەکرد. ئەوان بەسپایی و بە جۆرێك کە ئەوانی بچووکتر لە خەو هەڵنەستێنن، هەڵستان و جلوبەرگەکانیان لە بەر کرد.

ئەو نانەی مابوو، وەك بەرچایی خواردیان. نوریە ویستی ئاو بخاتە سەر کوچکاورە بچووکەکەیان بۆ چا، بەڵام دایکی نەیهێشت و گوتی: "لە دوێنێ شەوێوە ئاوی کوڵێومان هەیە. هەر ئەو دەخۆینەوە. کاتی ئەوەمان نیە چا دەم بکەین. من و پەروانە دەڕۆین و بابت بەر دەدەین. "

ئەو قسەیەی وا کرد، دەتگوت دەڵێ، من و پەروانە دەچینە بازاڕێ کۆخ دەکڕین.

پەروانە پارووەکەی لە زاری بەر بووەوە سەر سفرەکە، بەڵام نەیکردە مشتومڕ لەگەڵ دایکی و هات بە دڵیدا: "هیچ نەبێ دەزانین زیندان چۆنە. "

زیندانەکە زۆر لە ماڵەوەیان دوور بوو. پاسەکان هەقیان نەبوو ئەو ژنانەی پیاویان لەگەڵ نیە سوار بکەن. پەروانە و دایکی ناچار بوون هەتا ئەوێ بە پێیان بڕۆن. بەڵام ئەگەر باوکییان بردبێتە جێیەکی دیکە، چ بکەن؟ ئەگەر لە شەقام پیاوەکانی تاڵیبان پێشیان پێ بگرن بڵێن چی؟ تاڵیبان گوتبووی ژن دەبێ لەگەڵ پیاو بێنە دەرێ یان نووسراوێکی مێردەکانی خۆیانیان پێ بێ.

ـ نوریە، نووسراوێك بۆ دایکم بنووسە.

ـ زەحمەت مەکێشە نوریە. من نامەوێ وەك منداڵۆچکان، نووسراوێك بە دەرزیلە لە سینگم بدەن و بە شاردا بسووڕێمەوە. بە گیانی ناخێرم من زانکۆم تەواو کردووە.

کاتێ دایکی چووە ئاودەست، پەروانە لەسەرخۆ بە نوریەی گوت: "هەرچۆنێك بێ، تۆ بینووسە. من لە قۆڵی کراسەکەمدا هەڵیدەگرم. "

نوریە بە قسەی کرد. دەستوخەتەکەی نوریە کە پێوەی دیار بوو لە چاو پەروانە تەمەنی گەورەترە، بە پەلە نووسیی: "من خۆم هێشتوومە ژنەکەم لە ماڵێ بێتە دەرێ. "

بە ناوی باوکیشیەوە ئیمزای کرد.

کە نوریە نووسراوەکەی دایە پەروانە، لەسەرخۆ گوتی: "پێشم وا نیە زۆر بە کەڵکتان بێ. خۆ زۆربەی تاڵیبانەکان نەخوێندەوارن. "

پەروانە بەبێ ئەوەی وەڵام بداتەوە، خێرا قەدی کرد و هێندەی چوارگۆشەیەکی بچووکی لێ کردەوە و خستییە نێو قۆڵی کراسەکەیەوە.

لەنەکاو نوریە زۆر چاوەڕواننەکراو باوەشی بە خوشکەکەیدا کرد و بەسپایی گوتی: "بگەڕێوە. "

پەروانە پێی خۆش نەبوو بڕوا، بەڵام دەیزانی دانیشتنی لە ماڵەوە و چاوەڕوانی زۆر تاڵترە.

دایکی گوتی: "پەلەت بێ کچم. بابت چاوەڕوانە. "

پەروانە سۆڵەکانی لە پێ کرد و سەرپێچەکەی دا بە سەریدا. ئەوجار بە دوای دایکیدا لە ماڵێ وەدەرکەوت.

یارمەتیدانی دایکی، بۆ ئەوەی لە پلیکانەکان بچێتە خوارێ، لە یارمەتیدانی باوکی کەم زەحمەتتر نەبوو. چونکە هەم عاباکەی لە لاقی دەئاڵا و هەم زۆر بە زەحمەت بەرپێی خۆی دەدی.

دایکی لە خوار پلیکانەکانەوە تاوێك ڕاوەستا. پەروانە پێی وا بوو پاشگەز بووەتەوە. بەڵام تۆزێك دواتر دایکی پشتی قیت کردەوە و ڕاست ڕاوەستا و ڕووی کردە شەقامەکەی کابول.

پەروانە خێرا بە دوایدا ڕۆیشت. ناچار بوو غار بدات بۆ ئەوەی بتوانێ شان بە شانی دایکی و خێرا بڕوات. نەدەبوو بە جێ بمێنێ، چونکە چەند ژنێکی دیکەش لە شەقامەکەدا بە عابا و پەچەوە دەڕۆیشتن و هەمووان لە یەك دەچوون. پەروانە دەترسا ئەگەر دایکیی لێ ون بێ، ئەستەمە بیدۆزێتەوە.

دایکی هەر جار نە جارێك، لە بەردەم پیاو یان ژن یان کۆمەڵە کەسێك ڕادەوەستا و و وێنەکەی باوکی پەروانەی پیشان دەدان. ئەو قسەی نەدەکرد، تەنیا وێنەکەی پیشان دەدان.

هەرجارێکی دایکی وای دەکرد، پەروانە زراوی دەچوو. لە یاسای تالیباندا وێنە قەدەغە و نایاسایی بوو و لەوانەبوو هەر کام لەو خەڵکە، پەروانە و دایکی بدەنە دەست میلیشیاکان.

بەڵام هەمووان سەیری وێنەکەی باوکییان دەکرد و سەرێکیان ڕادەوەشاند.

خەڵکێکی زۆر گیرابوون. زۆر کەس بێسەروشوێن ببوون. پێویست نەبوو دایکی هیچ قسەیەك بکا، چونکە هەمووان لێی تێدەگەیشتن.

زیندانی "پول چەرخی" زۆر لە ماڵی پەروانەوە دوور بوو. پەروانە کە لە دوورەوە شوورا و دیوارەکانی دی، ئەژنۆی شکا. جگە لەوەش، وەك مێژۆکە دەلەرزی.

زیندان، تاریکی و ناخۆش بوو و پەروانە بە دیتنی زیندانەکە، ئەوەندەی تر خۆك بە بچووك هاتە پێش چاو. بەڵام دەیزانی مەلالی نابێ بترسێ. مەلالی دەیتوانی سوپایەك پێك بێنێ و بیباتە سەر زیندانەکە. لە گێچەڵی وەها هەر نەدەترسا. ئەو وەك پەروانە ئەژنۆی نەدەلەرزی.

دایکی پەروانە ئەگەر ترسابایەش، وەڕووی خۆی نەدێنا. ئەو بە گورگەغار ڕاستەوڕێ ڕووی لە دەروازەی زیندانەکە کرد و بە پاسەوانەکەی گوت:

"هاتووم بە شوێن مێردەکەمدا. "

پاسەوانەکە هەر گوێشی نەدایە.

دایکە دیسان گوتی: "هاتووم بەشوێن مێردەکەمدا. "

ئەوجار وێنەی باوکەی دەرهێنا و پیشانی یەکێك لە پاسەوانەکانی دا. گوتی: "دوێ شەوێ هاتن بردیان. هیچ تاوانێکشی نەکردووە. دەمەوێ بەری بدەن. "

چەند پاسەوانێکی دیکەش هاتن و لە دەوریان کۆ بوونەوە. پەروانە سەبرێك داوێنی عاباکەی دایکیی کێشا. ئەوجار لە مێشیکدا گوێی لە دەنگی باوکی بوو کە دەیگوت: "لەسەرخۆ بە! مەلالییە بچکۆڵەکەم!"

ئەو خەیاڵە تۆزێك هێوری کردەوە و قیژاندی: "هاتووم بە شوێن باوکمدا. "

دایکی داهاتەوە و لەو دیو پەچەکەیەوە سەیرێکی کرد، دەستی برد و دەستی پەروانەی گرت و دیسان بە دەنگی بەرز گوتی: "هاتووم بە شوێن مێردەکەمدا."

ئەو و پەروانە چەند جارێك بە دەنگی بەرز داواکەی خۆیانیان دووبارە کردەوە. لەگەڵ هەر نەڕاندنێکیشدا خەڵکێکی زیاتر لە دەوریان کۆ دەبوونەوە و سەیریان دەکردن.

یەکێك لە پاسەوانەکان فەرمانی کرد: "بێدەنگ بن. بێ جێتان کردووە هاتوونە ئێرە. لێرە بڕۆن. بچنەوە ماڵەکەتان دەی."

یەکێکیان پڕی دایە وێنەکەی باوکی پەروانە و ورد وردی کرد. ئەوی دیکە بە دارەکەی دەستی (باتۆم) پەلاماری دایکیی دا.

بەڵام دایکە هەروا دەینەڕاند: "مێردەکەم بەر بدەن."

سەربازەکەی دیکە هاتە پێشەوە و دەستی کرد بە لێدانی. لە پەروانەشیان دا.

زۆر توندیان لە پەروانە نەدابوو. بەڵام ئەو خۆی بەعەرزیدا دا بۆ ئەوەی خۆی بەسەر وردە وێنەکانی باوکیدا بکێشێ.

دایکی کەوتبوو و سەربازێك بەهەموو هێزی خۆی لە پشتی ڕادەکێشا.

پەروانە دەمودەست هەستایەوە و پڕی دایە دەستی یەکێك لەو سەربازانەی پەلاماری داکییان دەدا و گوتی:"بیبڕنەوە، ئێستا دەڕۆین، دەڕۆین."

بەڵام پاسەوانەکە وەك مێشێك لەخۆی دەربکا، پاڵێکی بە پەروانەوە نا و گوتی:"تۆ کێی وا بە من دەڵێی چ بکەم و چ نەکەم؟"

دوایی ڕووی لە پەروانە و دایکی کرد و بە تووڕەییەوە گوتی:"بڕۆن جەهەننەم پڕ کەن."

پەروانە داهاتەوە دەستی دایکی بگرێ و یارمەتیی بدات هەستێتەوە. دایکی بە یارمەتیی پەروانە وردە وردە و بە لارەلار لە زیندانەکە دوور کەوتەوە.

رۆژە درەنگ ببوو کە پەروانە و دایکی لە زیندانەوە گەیشتنەوە ماڵێ. پەروانە ئەوەندە شەکەت و ماندوو بوو، دەستی بە دایکی گرت تا لە پلیکانەکان وەسەر کەوت، هەر وەك چۆن باوکی بە یارمەتیی ئەو وەسەر دەکەوت. پەروانە بیری لە هیچ شتێك نەدەکردەوە، جگە لەو ژانەی لە نووکی کەلەموستی پێیەوە هەتا تەپڵی سەری داگرتبوو.

هەر هەنگاوێکی هەڵدێناوە، لاقەکانی دەبرژانەوە و ژانیان دەکرد. کە سۆڵەکانیی داکەند، زانیی هۆی چییە. لاقی کە بە ڕۆیشتنی زۆر ڕانەهاتبوون، هەموو ببوونە بلۆق. زۆربەی بلۆقەکانیشی تەقیبوون. قاچی شپرزە ببوو.

کە مریەم و نوریە چاویان بە برینی قاچەکانی پەروانە کەوت، چاویان زەق بووەوە. بە دیتنی قاچی دایکیان، پتریش ناڕەحەت بوون. لاقی ئەو زۆر زۆر لە هیی پەروانە بریندارتر و خوێناویتر بوو.

پەروانە دەیزانی ساڵ و نیوێکە، واتە لەو کاتەوە کابول کەوتووەتە دەست تاڵیبانەوە، دایکی لە ماڵ وەدەر نەکەوتووە. لەبەر ئەوەی دەبوو هەموو جارێ عابا لەبەر بکا و پەچە ببەستێ و مێردەکەشی لەگەڵی بێ. مانەوەی ژنەکان لە ماڵەوەدا بە کەیفی زۆربەی پیاوەکان بوو. بەڵام باوکی ئەو پێی خۆش نەبوو.

باوکی هەمیشە دەیگوت: "فەتانە، تۆ نووسەری و دەبێ لە ماڵ بچیتە دەرێ. دەبێ بچیتە نێو شار، بۆ ئەوەی بەچاوی خۆت ببینی چ دەقەومێ. ئەگینا چۆن دەتوانی بابەت بدۆزیتەوە بۆ نووسین؟"

ـ چ بنووسم؟ ئەی کێ بیخوێنێتەوە؟ چما دەتوانم شتێك بڵاو بکەمەوە؟ نەخێر. دەی جا سەیرکردن سوودی چییە؟ ئەوجار، دڵنیام ئەو دەورودووکانە زۆر ناکێشێ. خەڵکی ئەفغان زیرەك و بەهێزن. تاڵیبان دەردەکەن. جا ئەو دەم، کە دەوڵەتێکی باش و ماقووڵ لەو ئەفغانستانەدا دامەزرا، منیش دیسان دەچمەوە دەرێ. بەڵام جارێ، هەتا ئەو کات لە ژوورەوە دەمێنمەوە.

باوکە گوتی: "جارێ خوا بزانێ کەی دەوڵەتێکی ماقووڵ دێ؟ تۆ نووسەری و دەبێ ئەرکی سەرشانت ڕاپەڕێنی."

ـ ئەو دەمەی دەمانتوانی لەو ئەفغانستانە بڕۆین، ئەگەر ڕۆیشتبایەین، دەمتوانی بەردەوام بم."

ـ ئێمە ئەفغانیین. ئێرە نیشتمان و زێدی مەیە. ئەگەر هەموو خوێندەوارەکان ولات بەجێ بێڵن، ئەی کێ ئێرە ئاوەدان بکاتەوە؟"

ئەوە قسەی نێوان دایك و باوكی پەروانە بوو، كە زۆربەی جاران ئاوا پێكەوە قسەیان دەكرد. كاتێ هەموو ئەندامەكانی بنەماڵەكە پێكەوە لە ژوورێكدا دەنوستن، ئیتر نەدەكرا هیچ بشاریتەوە.

قاچەكانی دایكە، بەو ڕێگا دوورە وا زامار ببوون، تەنانەت لە ژوورەكەشیاندا بە زەحمەت دەیتوانی هەنگاو بنێ. پەروانەش بە دەردی خۆیەوە دەینالآند و نەیدەزانی چیی بۆ بكا.

نوریە لێی چووە پێشێ یارمەتییەكی بدا، بەڵام دایكی پاڵێكی پێوەنا و گوتی نامەوێ. عاباكەی بەسەرخۆی دادا. دەموچاوی نوقمی فرمێسك و ئارەقە بوو. لەسەر ئەو دۆشەگەی ڕۆژی پێشتر مێردەكەی لەسەری نوستبوو، لێی ڕاكشا. ماوەیەكی زۆر خەست خەست گریا. نوریە، لا ڕوومەتەكەی دیكەی كە لەسەر بالیف نەبوو، بە ئیسفەنجێكی تەڕ بۆ خاوێن كردەوە و تۆز و خۆڵی سەر برینەكانی شوشتەوە.

دایكی وای هەڵسوكەوت دەكرد، دەتگوت نوریە هەر نابینێ. ئاخرییەكەی نوریە بەتانیەكی سووكی بەسەردا كێشا، ئەویش ئەو دەمەی تاوێك بوو دایكی هەنیسكی بڕابۆوە و خەوی لێ كەوتبوو.

ئەو دەمەی نوریە ئاگای لە دایكی بوو، مریەمیش بە پەروانە ڕادەگەیشت. مریەم زمانی هێنابووە نێوان ددان و لێوی تەشتۆكەیەك ئاوی هەڵگرتبوو و بۆ پەروانەی دەبرد. بەبێ ئەوەی تنۆكێكیش لە ئاوەكە بڕێژێ بۆی برد. دوایی بە لەتە پەڕۆیەك دەموچاوی بۆ سڕییەوە، بەڵام تەنانەت هێزی ئەوەندەش نەبوو پەڕۆكە بگوشێ، هەربۆیە ئاوەكە بەسەر ملی پەروانەدا چۆڕایەوە. فێنكایی ئاوەكە ئۆخژنی پێ بەخشی. لاقەكانی خستە نێو تەشتەكەوە. ئەویش زۆر خۆش بوو.

هێشتا پێی لە تەشتەكەدا بوو، كە نوریە خواردنی هێنا.

نوریە بە خوشكەكەی گوت:"چییان گوت بۆ باوكە؟ دەبێ چ بكەین؟ لەكوێ بیدۆزینەوە؟"

نوریە هێشتاش هەر قسەی دەكرد، بەڵام پەروانە شتێكی وایان لێ تێنەگەیشت. وردەوردە سەری قورس بوو و چاوی لەسەر یەك دانان. كە وەخەبەر هات، بەیانی بوو.

پەروانە بە دەنگی هەستن بەرچایی ئامادەیە، بەخەبەر هات.

بەخۆی گوت، دەبێ هەستێ و یارمەتیی بدات، بەڵام نەیتوانی ببزوێ.

لە درێژایی شەوەكەدا، سەربازەكان هاتبوونە خەوی و چەند جاران لە خەو ڕایانپەڕاندبوو. ئەوان بەسەریدا دەیاننەڕاند و لێیان دەدا. ئەویش لە خەویدا بەسەر ئەواندا دەیگوڕاندەوە و دەیگوت باوكی بەر بدەن، بەڵام هیچ دەنگێك لە زاری نەدەهاتە دەرێ. تەنانەت هاواری كردبوو:"من مەلالیم. من مەلالیم."

بەڵام سەربازەكان بەهەندیان وەرنەگرتبوو.

ناخۆشترین بەشی خەونەكەی ئەوە بوو، كە دەیدی لە دایكی دەدەن. وەك بڵێی ئەو لە مەودایەكی زۆر دوورەوە، ئەو دیمەنە ببینێ و تەنانەت نەشیدەتوانی بە هانای دایكییەوە بچێ و لەجێی خۆی بجووڵێ.

جارێك ڕاپەڕی و دانیشت، بەڵام کە دیتی دایکی لەو لاوە لەسەر دۆشەگەکە نووستووە، گوتی ئۆخەیش، هیچ نەبووە. ئەوەتا دایکم.

نوریە پێی گوت:"وەرە دەتبەمە ئاودەست."

پەروانە گوتی:"نا پێویست نیە، خۆم دەتوانم بچم."

بەڵام کە ویستی هەستێ، دیتی لاقەکانی لە ڕادەبەدەر دێشێن. وا باشتر بوو بەقسەی نوریەی کردبا و دەستی خستبایەتە سەر شانی ئەو، جا چووبایەتە ئاودەست.

گوتی:"دەڵێی لەو ماڵەدا دەبێ هەمووان دەستی یەکتر بگرن."

نوریە پرسی:"هەر بەراست؟ ئەی من دەست بەکێ بگرم؟"

ئەو قسەیەی نوریە پەروانەی تۆزێك وەخۆ هێنایەوە و تینی وەبەر نا. چونکە گرژ و مۆنیەکەی نوریە واتای ئەوە بوو کە وەزعەکە وەك خۆی لێ هاتووەتەوە و ئاسایی بووەتەوە.

کە دەست و دەموچاوی شوشت و سەروقژی داهێنا، هاتەوە سەرخۆ. کاتێ لێ بۆوە، نوریە برنجی سارد و چایەکەی بۆ هێنا.

نوریە لەسەرخۆ دایکی هەستان و گوتی: "دایکە، نانی بەیانی ناخۆی؟"

دایکی ناڵاندی و شانی هەڵتەکاند و پاڵێکی بە نوریەوە نا.

ئەو هەتا ئێوارێ نوست و سەری هەڵنەهێنا و چەند جارێك نەبێ کە چووە ئاودەست و یەك دوو کووپ چای لەو ترمزە خواردەوە کە نوریە لە تەنیشت دۆشەگەکەی بۆی دانابوو. دایکە ڕووی کردە دیوارەکە و تاقە یەك قسەشی لەگەڵ منداڵەکانی نەکرد.

بۆ سبەینێ، پەروانە لە خەوتن وەڕەز بوو. هێشتا لاقی دێشان. بەڵام لەگەڵ عەلی و مریەم کەوتە گەمە و یاری. منداڵەکان بە تایبەتی عەلی نەیاندەزانی داکیان بۆ نایاندوێنێ و لەو وەزعە تێنەدەگەیشتن.

پەروانە بەردەوام پێی دەگوتن: "وس، وس، دایکە نووستووە."

مەریم پرسیی: "باشە کەی لەخەو هەڵدەستێ؟"

پەروانە وەڵامی نەداوە. عەلی بەردەوام بە گاگۆڵکێ هەتا بەر دەرگایە دەچوو و پەنجەی بۆ ڕادەداشت.

نوریە گوتی:"پێم وایە لە باوکم دەگەڕێ. وەرە ئێرە عەلی. وەرە با بچین بزانین تۆپەکەت لەکوێیە."

پەروانە وێنە وردکراوەکەی باوکیی بیر کەوتەوە و وردەکانی لە گیرفانی دەرهێنا. دەموچاوی باوکی وەك "پازڵ"ـێکی لێ هاتبوو. وردکەکانی لەسەر فەرشەکە لە پێش خۆی دانا. مریەمیش هات و لەگەڵی خستنیەوە سەر یەك.

لەتێك لە وێنەكە بزر ببوو. هەموو بەشەكانی دەموچاوی باوكی مابوو، جگە لە چەناگەی. گوتی: "ئەگەر چەسپ (تێپ)ـمان هەبووایە، پێكەوەمان دەنووساندنەوە."
مریەم سەری لەقاند و وردكەكانی كۆ كردەوە و دایەوە پەروانە. پەروانەش بردنی و لە قوژبنێكی كەنتۆرەكەدا شاردنیەوە.
سێهەمین ڕۆژ، پەروانە، زۆربی لەخۆی كرد و چەند هەنگاوێكی نا. تەنانەت هەندێ كاروباری ماڵەوەشی كرد بۆ ئەوەی كات بەسەر بچێ، بەڵام لە سەر هەست بوو نەكا دەنگە دەنگ بكەن و دایكی ئەزیەت بكەن. لە ڕاستیشدا بەشی هەرە زۆری ڕۆژەكە، هەر چوار خوشك و براكە لە بن دیوارەكەوە دانیشتبوون و سەیری دایكیان دەكرد، كە نوستبوو.
نوریە دەیگوت: "ئاخرییەكەی ناچار دەبێ هەستێ. خۆ ناتوانێ تا هەتایە ئاوا بنوێ."
پەروانە لەو هەمووە دانیشتنە تەواو وەڕەز ببوو. لە ماوەی ئەو ساڵ و نیوەدا كە لەو ژوورەدا دەژیان، ئەو بەردەوام یان سەرقاڵی وردەكارییەكانی ماڵەوە بوو، یان لەگەڵ باوكی دەچووە بازاڕ.
دایكی هەروا لە جێی خۆی درێژ ببوو و بە ڕواڵەت هیچ نیگەران و ناڕەحەتی ئەوە نەبوو منداڵەكانی ئاگایان لێی بێ. پەروانە ئیتر خۆی پێ نەدەگیرا ناچار بێ لەوە نزمتر قسە بكا و بە منداڵەكانیش بڵێ بێدەنگ بن.
ئای خۆزگە توانیبای شتێك بخوێنێتەوە، بەڵام تاقە شتێكی لە ماڵەوە هەیانبوو، كتێبەكانی باوكی بوون. ئەوانیش بەپێی قانوون قەدەغە بوون و پەروانە نەیدەوێرا لە حەشارگەكە بیانهێنێتە دەرێ، چونكە ئەگەر پیاوانی تاڵیبان دیسان هاتبانەوە، خوا بزانێ چییان بەسەر دێنان. بێ ئەملاوئەولا كتێبەكانیان دەبرد. لەوانەیە هەموو ئەندامانی خێزانەكەشیان لەسەر ئەو كتێبانە تەمبێ كردبایە.
عەلی تەواو گۆڕابوو. پەروانە تێی گەیشتبوو. لە نوریەی پرسی: "عەلی نەخۆش كەوتووە؟"
نوریە وەڵامی دایەوە:"بێ تاقەتی دایكمە."
عەلی هەر لە باوەشی ئەودا دانیشتبوو. كە نوریە دایدەنا، ئیتر گاگۆڵكێی نەدەكرد. ڕۆژ هەتا ئێوارە لە گۆشەیەكەوە دادەنیشت و خۆی گرمۆڵە دەكرد و پەنجەگەورەكەی دەستی لە زاری دەنا. تەنانەت زۆریش نەدەگریا. باش بوو گریان و زەنازەناكەی ئەویان لەكۆڵ ببۆوە. بەڵام پەروانە دڵی بەرایی نەدەدا ئاوای ببینێ.
ژوورەكە بۆگەنی كردبوو. نوریە گوتی:"دەبێ دەست بە ئاوەوە بگرین و پاشكەوتی بكەین."

ئیتر نە شوشتن لەگۆڕێ بوو و نە پاکوخاوێنی. پەڕۆکۆنەکانی عەلی لە گۆشەیەکی ئاودەستەکە کەوتبوون. ماوەیەك بوو کە تاقە پەنجەرە بچووکەکەی ژوورەکە نەکرابۆوە. هیچ هەوایەك نەدەهاتە ژوورەوە کە ئەو بۆگەنە لابەرێ.

ڕۆژی چوارەم ئیتر خواردەمەنییان لێ برا.

نوریە بە پەروانەی گوت:"ئیتر هیچمان نەماوە بیخۆین."

ـ بە من مەڵێ. بە دایکە بڵێ. ئەو گەورەی ئێمەیە. ئەو دەبێ خواردنمان بۆ بێنێ.

ـ نامەوێ ئەزیەتی بدەم.

ـ کەواتە خۆم پێی دەڵێم.

پەروانە چووە تەنیشت دۆشەگەکەی دایکی و لەسەرخۆ ڕایوەشاند و گوتی:

"هیچمان نیە بیخۆین."

دایکە وەڵامی نەداوە.

ـ دایکە، ئیتر هیچمان نەماوە بیخۆین.

دایکە کشاندەوە. پەروانە دیسانیش ڕایوەشاندەوە.

نوریە بە قیژەقیژ لێی دوور خستەوە: "لە کۆڵی بەوە. چما نابینی خەمبارە؟"

پەروانە گوتی:"هەمووومان خەفەتبارین. بەڵام برسیشمانە."

خۆزگەی دەخواست بەهەموو تینی خۆی هاوار بکات، بەڵام نەیدەویست خوشك و برا بچووکەکەی بترسێنێ. جگە لەوەی چاو لە چاوی یەکتر ببڕن، نەیاندەزانی چ بکەن. ئەو و نوریە هەتا چەند سەعات هەر وایان کرد.

ئەوە ڕۆژە هیچیان دەمیان لەهیچ نەدا.

بۆ سبەی ڕۆژێ دیسان نوریە بە پەروانەی گوت:"هیچمان بۆ خواردن نیە."

ـ دەی خۆ من ناچمە دەرێ.

ـ تۆ دەبێ بچی. چونکە هیچکاممان ناتوانین بچینە دەرێ.

ـ لاقم هێشتاش دێشێ.

ـ چاك دەبنەوە. ئەگەر هیچ نەخۆین، هەموومان دەمرین. هەستە بڕۆ.

پەروانە سەیرێکی دایکی کرد کە هێشتاش هەر لەسەر دۆشەگەکە ڕاکشابوو. سەیرێکی عەلیی کرد کە لەبرسێتییان و لە بێ دایکی و باوکی ڕەنگی زەرد هەڵگەڕابوو و تینی تێدانەبوو ببزوێ. سەیرێکی

مریەمی کرد، کوڵمەکانی قوپابوون و ماوەیەك بوو لەو ڕۆژە درێژانەدا لەبەر تاوەکە دانیشتبوو. ئەوجار سەیری خوشکە گەورەکەی ـ نوریە ـ ی کرد.

نوریە پێدەچوو ترسابێ. ئەگەر پەروانە بە قسەی نەکردبایە، ناچار بوو خۆی بچێت خواردن دابین بکات. بەخۆی گوت: "ئێستا کلکی لە بەر دەستمدایە. دەتوانم تۆڵەی هەموو جارەکانی لێ بکەمەوە."

بەڵام سەیر بوو هیچ دڵی بەو بیرکردنەوەیەی خۆی خۆش نەبوو. لەوانەشە لەبەر تەوژمی برسێتی و تینوێتییەکەی بووبێ، کەوا بوو لەبری ئەوەی لاساری بکا، دراوەکەی لە خوشکەی وەرگرت و گوتی: "دەبێ چ بکرم؟"

## ٥

بە لایەوە شتێکی نامۆ بوو، کە بەبێ باوکی بە بازاڕێدا بڕوات. تەنانەت چاوەڕێی ئەوە بوو، باوکی هەر لە جێیەکەی جارانی خۆی و لەسەر بەتانیەکە ببینێ کە دانیشتووە و نامە بۆ خەڵکەکە دەخوێنێتەوە یان وەڵامیان بۆ دەنووسێتەوە.

ژنان بۆیان نەبوو بچنە نێو دووکانەکانەوە. کڕینی پێداویستییەکانی ماڵەوە لە ئەستۆی پیاوان بوو. تەنانەت ئەگەر ژنێك چووبایەتە شتکڕین، دەبوو لە دەرەوەی دووکانەکە ڕاوەستێ و هەر لەوێوە بڵێ چیی دەوێ. پەروانە زۆر جاران بە چاوی خۆی دیتبووی کە دووکاندارەکان چۆن لەسەر ئەوەی ژنێك چووەتە نێو دووکانەکەیان، کەوتبوونە بەر لێدان و تەمبێ کرابوون.

نەیدەزانی ئاخۆ وەك ژنێك سەیری ئەویش دەکەن یان نا، ئاخۆ دەتوانێ بچێتە نێو دووکانەکانەوە یان نا؟ لە لایەکیشەوە ئەگەر لە دەرەوەی دووکانەکە ڕاوەستابایە و هەر لەوێوە گوتبایەی چیی دەوێ، لەوانەبوو گەڕێکی پێ بکەن و تووشی گێچەڵ بێ، چونکە وەك ژنەکان عابای لە بەردا نەبوو.

ئاخرییەکەی بڕیاری دا بچێتە نانەواخانەکەی ئەوبەری شەقامەکە و لەوێ نان بکڕێ.

سەرپێچەکەی بە توندی وا لەسەری بەست هەر چاوەکانی دیار بوون و هەر دە پەنجەکەی بە نیشانەی دە نان هەڵێنا. چەند نانێك برژاو و ئامادە بوون. بەڵام دەبوو چاوەڕێ بکا هەتا چوار نانی دیکەش لە تەندوورەکە بێننە دەرێ. بەردەستەکەی نانکەرەکە، نانەکانی خستە نێو ڕۆژنامەیەکەوە و دایە دەستی. پەروانەش بەبێ ئەوەی سەری هەڵێنێ، پارەی دایێ.

نانەکان هێشتا گەرم و داغ بوون و بۆنێکی خۆشیان لێوە دەهات. بۆنە خۆشەکەیان وەبیری هێنایەوە کە چەندەی برسییە. تەنانەت دەیتوانی نانێك بکاتە پاروویەك و قووتی بدا.

دووکانی میوە و سەوزەفرۆشی لە تەنیشت نانەواخانەکەوە بوو. هێشتا ساغ نەببووەوە چۆن بچێتە پێشێ، کە دەنگێکی لە پشتەوەی گوێ لێ بوو بانگی دەکرد: "ئەوە بۆچی ئاوا هاتوویە شەقام؟ ها؟"

پەروانە ئاوڕی دایەوە و دیتی ئەوە یەکێك لە تالیبانەکان باتۆمێکی بەدەستەوەیە و چاوی لەو بڕیوە. ئاگر لە چاوی دەباری.

ـ دەبێ خۆت داپۆشی. کچی کێی؟ ژنی کێی؟ دەبێ تەمبێ بکرێن کە هێشتوویانە تۆ ئاوا بێیتە دەرەوە.

سەربازەکە دەستی هەڵێنایەوە و باتۆمێکی بۆ نێو شانی پەروانە داهێنایەوە.

پەروانە لێدانەکەی ئەوەندە بەلاوە گرنگ نەبوو، بەڵام بۆچی دەبوو باوکی تەمبێ بکرێ؟

قیژاندی: "بۆ لێم دەدەی؟"
سەربازەکە بۆ ساتێك حەپەسا. پەروانە ئەو هەلەی بە دەرفەت زانی و دەرپەڕی. لەو کاتەدا لاقی لە کۆگایەکی شێلم گیرا، کە لە بەردەم سەوزەفرۆشییەکەوە دانرابوو. شێلم پەرش و بڵاو بوونەوە.
نانە گەرمەکانی بە سینگیەوە نووساند و ڕای کرد. گوێی لە دەنگی شلپەشلپی سۆڵەکانی بوو. خودا خودای بوو بە هەموو تین و توانای خۆی ڕابکا و لەو سەربازە دوور بکەوێتەوە.
هەروا بە شڵەژاوییەوە بەرەو ماڵەوە ڕای دەکرد، لە نەکاو خۆی بەژنێکدا کێشا، کە منداڵێکی بە باوەشەوە بوو.
ــ تۆ پەروانەی؟
پەروانە دەیویست خۆی لە دەست ئەو ژنە دەرباز بکا و بڕوا، بەڵام ئەو توند دەستی پەروانەی گرتبوو.
دەنگی ئەو ژنە عابا لەبەرەی هیچ دەموچاوی دیار نەبوو، بە لایەوە ئاشنا بوو. بەڵام بیری نەدەکەوتەوە.
ـ قسە بکە کچەتیوە. بۆچی دەمت بووەتە تەڵەی تەقیو، قسە بکە دەی.
ـ خانم ویرا!
ـ ئاخ، ئەوە تازەم زانی. لەبیرم نەبوو دەموچاوم نابینی. دەی باشە پێم بڵێ بزانم بۆ ڕادەکەی؟ بۆچی ئەو ڕزق و بەرەکەتەی خودا ئاوا ورد دەکەی؟
پەروانە دەستی کردە گریان و گوتی"
ـ تاڵیبان. سەربازێکی تاڵیبان ڕاوی ناوم.
ـ فرمێسکەکانت بسڕەوە ڕۆڵە. هەقتە ڕا بکەی کچم. هەمیشە پێم وا بوو کچێکی ژیری. ئەو کارەشت سەلماندی تۆ ژیری. باش بوو ڕات کرد. ئێستا بەو هەمووە نانەوە بۆ کوێ دەچی؟
ـ دەچمەوە ماڵێ. چیی وام نەماوە بگەمەوە.
ـ دەی باشە پێکەوە دەڕۆین. دەمێك بوو دەمویست سەرێك لە دایکت بدەم. دەمانەوێ گۆڤارێك دەربکەین. دایکت بۆ ئەم کارە لە هەمووان باشترە.
ـ دایکم ئیتر هیچ نانووسێ. پێشم وا نیە هاوکاریت بکا.
ـ یانی چی، هیچ نانووسێ؟ جارێ وەرە با بڕۆین.
مامۆستا ویرا جاران لەگەڵ دایکی (پەروانە) لە ڕێکخراوی یەکێتیی ژنانی ئەفغاندا کاری دەکرد. ئەو پەروانەی دڵنیا کردەوە، کە دایکی پێی ناخۆش نابێ، لەوەیکە مامۆستا ویرای لەگەڵ خۆی بردووەتەوە.
ـ ئەو نانانە هێندە بەخۆتەوە ڕێك مەگوشە. خۆ لێت نارفێنن.

هێندەی نەمابوو لە پلیکانەکان بچنە سەرێ، پەروانە بە مامۆستا ویرای گوت:"هەر بەراست، با شتێکت لەبارەی دایکمەوە پێ بڵێم، وەزعی هیچ باش نیە."

ـ کەوا بوو زۆر پێویستە بێم و ئاگام لێی بێ.

پەروانە ئیتر هیچی نەگوت تا گەیشتنەوە ماڵێ و وەژوور کەوتن. نوریە کە لە پێشدا هەر پەروانەی دیتبوو، نانەکانی لێ وەرگرت و لێی پرسی: "هەر ئەوانەت کڕی؟ ئەی کوا برنج؟ کوا چای؟ چ لە نانی وشك بکەین؟"

مامۆستا ویرا وەژوور کەوت. عاباکەی داکەند و گوتی: "ئەو منداڵە هێندە ئەزیەت مەکە. نەیتوانیوە هەموو شتەکان بکڕێ. چونکە لە بازاڕ ڕاویان نا."

نوریە گوتی: "مامۆستا ویرا."

ڕوخساری گەش گەش و هێور بووەوە. چونکە کەسێك هاتبوو کە دەیتوانی پاڵپشتیان بێت و بەشێك لە بەرپرسیارەتییەکان لەسەر شانی سووك بکا.

مامۆستا ویرا منداڵەکەی باوەشی لە تەنیشت عەلی و لەسەر فەرشەکە دانا. منداڵەکان بە نامۆیی و بە پارێزەوە سەیری یەکتریان کرد.

مامۆستا ویرا ژنێکی کەڵەگەت بوو. سەروقژی سپی و جەستەی تۆکمە و پتەو بوو. بەر لەوەی تاڵیبان بێن و لە کارەکەی دەریکەن، مامۆستای وەرزش بوو.

پرسیاری کرد: "ئەوە چ بووە؟"

بەرەو لای ئاودەستەکە چوو، بۆ ئەوەی بزانێ ئەو بۆگەنە لە کوێوەیە.

ـ ئەو پەڕۆ پیسانە بۆ نەشۆراون؟

نوریە بۆی باس کرد. "ئاومان تەواو بووە و نەشماندەوێرا بچینە دەرێ."

مامۆستا ویرا گوتی:"پەروانە، خۆ ئەتۆ ناترسی، دەترسی؟"

بەبێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بێ، گوتی:"سەتڵەکە بێنە کچم. وەرە و ئەرکی سەرشانت بەرامبەر تیپەکە* جێبەجی بکە. وەرە با بڕۆین."

جۆرێکی ئەو قسەیە کرد وەك لە نێو یاریگەی تۆپێندا بن و خەریکی هاندانی یاریکەرەکان بێت بۆ ئەوەی هەموو هەوڵی خۆیان بدەن.

کە پەروانە سەتڵەکەی هێنا، مامۆستا ویرا پرسیی:"فەتانە لەکوێیە؟"

نوریە ئاماژەی بە دایکی کرد، کە لەسەر دۆشەگەکە خەوتبوو و سەری بردبووە بن بەتانیەکە. دایکی بەدەم هەنیسکانەوە ئەوەندەی دیکەش خۆی گرمۆڵە کرد.

نوریە گوتی: "خەوتووە."
ـ لە کەیەوە ئاوای لێ هاتووە؟"
ـ چوار ڕۆژە.
ـ ئەی باوکت کوا؟
ـ گیراوە.
مامۆستا ویرا گوتی: "وەیش، تێگەیشتم."
کە چاوی بە پەروانە کەوت بە سەتڵێکەوە ڕاوەستابوو، لەسەری ڕۆیشت: "چاوەڕوانی باران بباریٚ و سەتڵەکەت پڕ بێ؟ دەی برۆ دەی کچێ!"
پەروانە وەڕێ کەوت و ڕۆیشت.
ئەو چوار جاران چوو و گەڕایەوە. دوو جاری یەکەم مامۆستا ویرا لە سەر پلیکانەکان و دەرەوەی ماڵەکە ڕاوەستا و سەتڵەکەی لێ وەرگرت و بەتاڵی کرد و دایەوە دەستی و گوتی: "دەمانەوێ حەمامێك بە دایکت بکەین. هیچ پێویست نیە یەکێکی دیکە بێ و سەیری بکا."
پەروانە ئیتر سەتڵەکانی پر دەکرد و دەیهێنانەوە و لە تەنکییەکەی دەکردن. مامۆستا ویرا، دایکی ناچار کردبوو هەستێ و ئاوێك بەخۆیدا بکا. بەڵام دایکە هەر دەتگوت پەروانە نابینێ. هەرچۆنێك بێ ئەو لە ئاوهێنانەکەی بەردەوام بوو. دەستی کەوتبوونە ژان و بلۆقەکانی بەری پێی خوێنیان لێ دەهات، بەڵام وەك هەر گوێشی پێی نەدەبزووت. دەبوو ئاو بێنێ، چونکە خێزانەکەیان ئاویان پێویست بوو. لەبەر ئەوەی باوکی وەها چاوەڕوانیەکی لێی هەبوو. ئێستاش کە مامۆستا ویرا هاتبوو و دایکیشی هەستابۆوە، ئیتر کاروبارەکانی دیکە هەر زۆر ئاسان بوون و ئەو دەیەویست ئەرکی خۆی ڕاپەڕێنێ.
پەروانە لە دەرگا دەچووە دەرێ، لە پلیکانەکان دەچووە خوارێ. مەودای شەقامەکە هەتا شێرەی ئاوەکەی دەبڕی و دیسان بە سەتڵی پڕەوە دەگەڕایەوە. تاو نا تاوێك ڕادەوەستا بۆ ئەوەی پشوویەکی بێتەوە بەر و سەتڵەکەی بداتە دەستەکەی دیکە.
دوای حەوت جار چوون و گەڕانەوە، مامۆستا ویرا ئیتر نەیهێشت ئەو بچێ و گوتی: "هەم تەنکییەکەت پڕ کرد و هەم تەشتەکەش. سەتڵێکی زیادییشت هێناوە. ئیتر بەسە."
پەروانە بەبێ ئەوەی دەمی لە هیچ دابێ ئەو هەمووە کارەیشی کردبوو، سەری لەگێژەوە دەهات و لەوە پتر خۆی پێ ڕانەدەگیرا ئاو نەخواتەوە. ئیستیکانەکەی لە تەنکییەکە پڕ کرد. نوریە گوتی:"ئەوە چ دەکەی؟ چما نازانی دەبێ لە پێشدا بیکوڵێنین؟"

ئاوی نەکولێو نەخۆشت دەخا، بەڵام پەروانە ئەوەندەی تینوو بوو، گوێی نەدایە. ئەو جگە لە خواردنەوەی ئاو بیری لەهیچ شتێکی دیکە نەدەکردەوە، هەر بۆیە دەسبەجێ ئیستیکانەکەی بە دەمییەوە نا.

نوریە پڕی دایە و لە دەستی ڕفاند و گوتی:"بەخوای کچەتیوێکی کەری. ئێستا هەر ئەوەمان کەمە تۆ نەخۆش بکەوی. خوایە گیان، تۆ سەیری ئەو خوشکە کەرەی من بکە چیی لێ هاتووە."

مامۆستا ویرا گوتتی:"نوریە، ئاوا ناتوانی ورەی تیپەکە ڕاگری ها. بۆ ناچی دەموچاوی منداڵەکان بشۆی بێن و نان و چایەکەیان بخۆن؟ هەر ئاوەکە کوڵی، خێرا بیهێنە با ساردبێتەوە بۆ خواردنەوە."

پەروانە چووە ژوورێ و دانیشت. دایکشی دانیشتبوو و جلوبەرگی خاوێنی لەبەر کردبوو و سەروقژی داهێنابوو و بە پشتەوە کەزیی کردبوونز هەرچەندە هێشتاش ماندوو دیار بوو، بەڵام ڕواڵەتی وەك دایکەی لێ هاتبۆوە.

هەر دەتگوت سەدەیەکی خایاندووە هەتا مامۆستا ویرا پەرداخێکی ئاوی کوڵاو دایە پەروانە و پێی گوت: "ئاگات لێ بێ، زۆر گەرمە."

هەر ئاوەکە سارد بووەوە، پەروانە خواردیەوە و پەرداخێکی دیکەشی بە دوودا کرد.

مامۆستا ویرا و نەوەکەی ئەو شەوە لە لای ئەوان مانەوە. پەروانە خەریك بوو خەوی لێ دەکەوت کە گوێی لە دەنگی ئەو و دایکی بوو، بەسپایی قسەیان دەکرد. مامۆستا ویرا باسی ڕاکردنەکەی پەروانەی لە چنگی سەربازەکەی تاڵیبان بۆ دەگێڕاوە.

ئاخرین شتێکی بەر لە خەوتنێ گوێی لێ بوو، ئەوە بوو کە مامۆستا ویرا گوتی: "پێم وایە چار نیە، دەبێ بیرێکی باشی لێ بکەینەوە."

بڕیاریان دابوو، وەك كوڕانی لێ بكەن. دایكە گوتی: "ئەگەر شێوەت وەك كوڕان لێ بكەی، دەتوانی بە ئاسانی بچیتە بازاڕ و هەرشتێكمان پێویست بێ، بیكڕی، بەبێ ئەوەی كەس كاری بەسەرتەوە بێ."

مامۆستا ویرا گوتی: "ئەوە باشترین ڕێگەیە. شتی وا هەر نەبووە."

نوریە گوتی: "ئەتۆ دەبیتە كوڕە مامی ئێمە. چونكە باوكە لێرە نیە، لە جەلال ئابادەوە هاتووی لای ئێمە بی."

پەروانە سەیری هەر سێكیانی كرد. دەتگوت بە زمانێكی بیانی قسەی لەگەڵ دەكەن و ئەو تەنانەت لە یەك قسەشیان تێ ناگات و نازانێ باسی چ دەكەن.

دایكە گوتی: "ئەگەر یەكێكیش گوتی كوا پەروانە، دەڵێین، چوویەتە قەندهار بۆ لای پوورت."

ـ بەڵام كەس نایە پرسیاری تۆ بكا.

پەروانە كە گوێی لەو قسانە بوو، ئاوڕی داوە و مۆڕەیەكی لە خوشكەكەی كرد. خۆ ئەگەر ئەو كاتە باشترین كاتیش بووبێ بۆ ئەوەی وەڵامێكی گورچوبڕی بداتەوە، بەڵام هیچی بە زەینیدا نەهات پێی بڵێ. نوریە ڕاستی دەكرد. لەوەتەی تالێبان قوتابخانەكانیان داخستبوو، پەروانە هیچ كام لە برادەرەكانی خۆی نەدیتبوو. خزم و كەسەكانیشیان هەر كامە و چووبوونە شوێنێك، یان پەڕیوەی دەرەوەی وڵات ببوون. ئیتر كەس نەبوو سۆراغی پەروانە بپرسێ.

دایكە گوتی:"جلوبەرگەكانی حوسێن لەبەر دەكەی."

دەنگی نووسابوو. تەنانەت بۆ ساتێك گریان ئەوكیشی گرت. بەڵام بەسەر خۆیدا زاڵ بوو و گوتی:"هەندێ بۆ بەرت گەورەیە، بەڵام ئەگەر پێویست بێ، بۆت چاك دەكەین."

ئەوجار سەیری مامۆستا ویرای كرد و گوتی:"ئەو جلوبەرگانەی دەمێك كەس لەبەر نەكردوون، ئێستا كاتی وەیە یەكێك لەبەریان بكا."

پەروانە زانیی، دایكی و مامۆستا ویرا زۆر لە سەر ئەو مەسەلەیە قسەیان كردووە. دڵی بەوە خۆش بوو كە دایكی چاك بووەتەوە، بەڵام نەك بەو مانایەی خۆی بۆ وەها شتێك ئامادە كردبێ.

گوتی:"بێ سوودە. من وەك كوڕانم لێ نایە. قژم زۆر درێژە."

نوریە لە كەنتۆرەكە سندووقی كەلوپەلی دروومانی دەرهێنا و بەسپایی دەرگاكەی كردەوە. مقەستەكەی هەڵگرت و چەند جارێك دەمەكەی لێك دا. پەروانە زانیی ئەوە بە كەیفی نوریەیە.

پەروانە دەستی لەسەر سەری دانا و گوتی:"خۆ بەتەما نین قژم ببڕنەوە؟"
دایکە گوتی: "ئەی چۆن دەتەوێ لە کوڕان بچی؟"
ـ قژی نوریە ببڕنەوە. ئەو گەورەترە. ئەوە ئەرکی سەرشانی ئەوە ئاگای لە من بێ، نەك من ئاگام لەوی بێ.
نوریە چاوێکی لەخۆی کرد و لەسەرخۆ گوتی:"کەس بڕوا بەوە ناکا من کوڕ بم."
لەسەرخۆیی و هێورییەکەی نوریە، پەروانەی تووڕە کرد و گوتی:"منیش ماوەیەکی دیکە وەك ئەوم لێ دێ."
ـ خۆزگە وات لێ بێ.
دایکی بۆ ئەوەی باسەکە ببڕێتەوە، خێرا گوتی:"هەرکات وات لێ هات، بیری لێ دەکەینەوە. بەڵام جارێ تا ئەو کات چارمان نیە. یەکێك هەر دەبێ بڕواتە دەرەوە و ئەتۆش لە هەموومان باشتر دەتوانی خۆت وەك کوڕان لێ بکەی."
پەروانە خەیاڵ هەڵیگرت. دەستی بەرەو پشتەوەی برد بۆ ئەوەی بزانێ قژی چەندە درێژە.
مامۆستا ویرا گوتی: "کەیفی خۆتە. ئێمە دەتوانین ناچارت بکەین پرچت کورت بکەیەوە، بەڵام ئەوە هەر خۆتی کە دەبێ بڕۆیتە دەرەوە و وەك کوڕان هەڵسوکەوت بکەی. دەزانین ئەوە داوایەکی قورس و گەورەیە، بەڵام من پێم وایە تۆ پێت دەکرێ. جا ئێستا دەڵێی چی؟"
پەروانە دەیزانی خانمی ویرا ڕاست دەکا. ئەوان دەیانتوانی توند بیگرن و بەزۆری قژی ببڕنەوە، بەڵام بۆ کاروبارەکانی دیکە پێویستییان بە هاوکاریی ئەو هەبوو. لە ڕاستیدا هەموو شتێك ئاخرییەکەی هەر بە بڕیاری خۆیەوە بەسترابۆوە.
لە وەزعەکەیان تێگەیشتن هەر بۆیەش ئاسانتر قەبووڵی کرد.
ـ دەی باشە وا دەکەم.
مامۆستا ویرا گوتی: "ئای بژی. ئەوەیە ئازایەتی."
نوریە دیسان مقەستەکەی لێك دا و گوتی: "من قژت دەبڕمەوە."
دایکە گوتی: "نا خۆم بۆی کورت دەکەمەوە."
ئیتر مقەستەکەی لێ ئەستاند: "پەروانە، وەرە با هەر ئێستا کورتی بکەینەوە. کار بە بیرکردنەوە چاك نابێ."
پەروانە و دایکی چوونە ئاودەستەکە. چونکە ئەوێ چیمەنتۆ کرابوو و قژەکەی ئاسانتر کۆ دەکرایەوە.
دایکە جلوبەرگەکانی حوسێنیشی بۆ برد.

بە سەر تێی گەیاندو لێی پرسی: "حەزت لێیە خۆت ببینی؟"

پەروانە بە لەقاندنی سەری گوتی ئا، بەڵام دەسبەجێ پاشگەز بۆوە، چونکە پێی وا بوو ئەگەر بۆ دوایین جار سەروقژی خۆی ببینێ، حەز دەکا پتر سەیری خۆی بکا.

دایکە دەمودەست دەست بەکار بوو. لە پێشدا یەکێك لە کەزییەکانی هەتا پشت ئەستۆی لە بنەوە تاشی و هێنایە پێشەوە نیشانی پەروانەی دا و گوتی:"قەردیلەیەکی زۆر جوانم هەیە، قژەکانتی پێ ببەستە و لای خۆت ڕایانگرە."

پەروانە سەیرێکی قژەکەی کرد، کە بە دەستی دایکییەوە بوو. لەو کاتەدا کە قژەکانی بە دەستی دایکییەوە بوون. بەلایەوە شتێکی بێ قەدر و قیمەت بوون. ئیتر هیچ بۆی گرنگ نەبوو.

گوتی: "نا. سوپاس. فڕێیان دە."

دایکی پیشێکی خواردەوە.

ـ دەی باشە، ئەگەر وات پێ خۆشە، کەوا بوو...

ئیتر چەپکە قژەکەی فڕێ دا.

چەندی قژی سەری کورتتر دەبووەوە، پتر هەستی دەکرد بووەتە بنیادەمێکی دیکە. ئێستا هەموو دەموچاوی دەرکەوتبوو. تۆزێك بەسەرییەوە مابوو، کە دەگەیشتە پەنا گوێیەکانی. ئیتر ئەو قژ و مووانە نەمابوون کە دەهاتنە سەر چاوەکانی، یان کاتێ دەچووە بەر باران، زۆری دەخایاند تا وشك دەبوونەوە.

نێوچاوانی پانتر دیار بوون. چاوەکانیشی گەورەتر ببوونەوە، لەوانەیە لەبەر ئەوەش بووبێ، کە چاوی تەواو هەڵێنابوون، بۆ ئەوەی باشتر ببینێ. گوێچکەشی دەتگوت زۆر گەورە بوونەتەوە.

لە بەر خۆیەوە گوتی: "گوێچکەم زۆر سەیر و پێکەنیناوی بوونە، پێکەنیناوییەکی خۆش، نەك قەشمەرانە."

کەیفی بە قەڵافەتەکەی خۆی هات.

دایکی بە گرژ و مۆنیەوە لەچکەکەی بەسەر پەروانەدا دا بۆ ئەوەی وردە مووەکان نەرژێن. ئەوجار گوتی: "جلەکانت داکەنە."

کە پەروانە بەتەنیا مایەوە، دەستێکی بەسەری خۆیدا هێنا. لە پێشدا سووکێ دەستی بە قژیدا هێنا و ئەوجار بەهەموو سەریدا. سەری هەم نەرم و هەمیش گرژ بوو و لەپی دەستی دەخوراند.

بە خۆی گوت: "باشە و پێکەنی.

جلوبەرگەکانی داکەند و شمەکی براکەی لەبەر کرد. شەلواره کامیزەکەی حوسێن کەسکێکی کاڵ بوو. کراسەکەی گەورە و درێژ بوو. شەلوارەکەشی زۆر درێژ بوو. بەڵام ئەگەر لە نێوقەدەکەیەوە نوشتاندبایەوە،

پڕ بە بەری دەبوو. کراسەکەی لە سەر سینگییەوە گیرفانێکی هەبوو. گیرفانەکەی ئەوەندە گەورە بوو، جێی پارە، یان چەند دەنکە نوقڵیشی دەبووەوە، هەڵبەت ئەگەر نوقڵی دەست کەوتبایە. جلوبەرگەکانی چەند گیرفانێکی دیکەشیان پێوە بوو. باش بوو گیرفانی هەبوو. جلوبەرگی کچانە بێ گیرفان بوون.

ـ پەروانە، ئەوە هێشتا جلەکانت نەگۆڕیون؟

پەروانە وازی هێنا لەوەی هێندەی سەیری خۆی بکا و چووە لای ئەوانی دیکە.

مریەم یەکەم کەس بوو، کە دیتی. خوشکە بچووکەکەی وای سەیر کرد، هەر دەتگوت یەکێکی نامۆ هاتووەتە ژوورەوە.

پەروانە گوتی:"مریەم، منم."

مریەم ناسییەوە و پێکەنی و گوتی: "پەروانە."

دایکی لەسەرخۆ گوتی: "حوسێن. "

نوریە خێرا گوتی:"خۆ کوڕ بی، جوانتری نەك کچ."

بەڵام دایکی حوسێنی بیر هاتبۆوە و گریا.

مامۆستا ویرا گوتی: "جوان بووی."

دایکە کلاوێکی دا بە پەروانە و گوتی: "ئەوە لەسەرت بکە."

پەروانە کلاوەکەی لەسەر کرد. کلاوێکی سپی بوو. هەمووی گوڵچن کرابوو. ئەگەرچی ئیتر نەیدەتوانی شەلوارە کامیزە سوورەکەی لەبەر بکا، بەڵام لەجێی ئەوە کلاوێکی هەبوو لەسەری بکات.

دایکی گوتی:"هانێ ئەوەش پارە و بڕۆ ئەوشتانەی دوێنێ پێت نەکڕدراون، بیانکڕە."

ئەوجار جامانەیەکی بەسەر شانیدا دا، جامانەکەی باوکی بوو.

ـ زووش بگەڕێوە.

پەروانە دراوەکەی لە گیرفانی نا، سۆڵەکانی لەپێ کرد و دەستی برد بۆ سەرپێچەکەی.

نوریە گوتی: "ئیتر ئەوەت ناوێ."

پەروانە ترسا. هەر لەبیریشی نەمابوو. بەبێ سەرپێچ خەڵك هەموو دەموچاویان دەدی و دەیانزانی کوڕ نیە.

ئاوڕێکی لە دایکی دایەوە و بە پاڕانەوەوە گوتی: "ناچارم مەکە وا بکەم."

نوریە هەر بەو لەبزە ناخۆشەکەیەوە گوتی:"خۆ دیتتان، من گوتم زۆر ترسنۆکە."

پەروانە بەسەریدا قیژاند: "بەڵێ ئەتۆ لە بەیانیەوە هەتا شەوێ بێ خەم خەیاڵ لەماڵەوە پاڵ دەکەوی، ئاسانە بەوانی دیکەش بڵێی ترسنۆك."

ئیتر گەڕایەوە و وەدەر کەوت و توند بەدوای خۆیدا دەرگاکەی پێوە دا.

ئەوەندەی بە شەقامەکەوە بوو، سات بە سات چاوەڕێ بوو یەکێك پەنجەی بۆ ڕادێرێ و لەقاوی بدا، بەڵام کەس وای نەکرد. هەر هیچ کەس سەیریشی نەدەکرد. چەندی خەڵك بەهەندیان نەدەگرت، ئەو ئاسوودەتر دەبوو.

کە لەگەڵ باوکیدا دەچووە بازاڕ، بەردەوام بێدەنگ دەبوو و ئەوەندەی کرابایە، ڕوخساری دادەپۆشی و هەوڵی دەدا کەس نەیبینێ. بەڵام ئێستا بەو قەڵافەتە تازەیەوە و لەگەڵ ئەوەشدا کە هەتاوەکە ڕێك لە دەموچاوی دەدا، هەستی دەکرد کەس نایبینێ. هەڵبەت بەشێوەیەکی دیکە. ئەویش یەکێکی وەك ئەو هەمووە کوڕەی لێ هاتبوو کە لە شەقام بوون. شتێکی وای نەبوو سەرنجی خەڵك ڕاکێشێ.

کاتێ گەیشتە دووکانێکی کە چا و برنج و شتی لەو جۆرەی دەفرۆشت، ساتێك ڕاوەستا و ئەوجار بەبێ هیچ ترسێك وەژوور کەوت. بەردەوام وەبیر خۆی دێنایەوە، کچ نیە و کوڕە و هەر ئەوەش وای لێ کردبوو چاوقایمتر بێ.

دووکاندارەکە لێی پرسی: "چیت دەوێ."

پەروانە بە تەتەڵەوە گوتی: "تۆ ۆ. . تۆزێ چا."

دووکاندارەکە پرسیی: "چەندە؟ چ جۆرێك؟"

زۆر تووڕە بوو. ئەوەش ئاسایی بوو، نەك لەبەر ئەوەی کچێك چوبووە دووکانەکەی.

پەروانە ئاماژەی بەو جۆرە چایە کرد کە لەماڵەوە دەیانخواردەوە و پرسیی:"ئەوەیان لە هەمووان هەرزانترە؟"

دووکاندارەکە جۆرێکی دیکەی پێشان دا و گوتی: "ئەوەیان هەرزانترە."

ـ ئەوی هەرزانترەکەیان دەبەمەوە. دوو، سێ کیلۆشم برنج دەوێ."

ـ نایەوێ هیچی دیکە بڵێی. دیارە لەویش ئەوی لەهەمووان هەرزانترەکەت دەوێ. هەی لەو مشتەرییە دەست بڵاوەی.

پەروانە برنج و چایەکەی وەرگرت و بە فیزێکەوە وەدەرکەوت. ئەوجار لەبن لێوانەوە گوتی: "دەرەقەتی هاتم."

لە کۆشکەڵەی سەوزەفرۆشەکە هەندێ پیازی کڕی، چونکە هەرزان بوو.

کە گەیشتەوە ماڵێ، گوتی: "وەرن بزانن چیم کڕیوە. چوومە بازاڕیش و کەسیش ڕێی لێ نەگرتم."

مریەم بەرەولای ڕای کرد و باوەشی پێدا کرد:"پەروانە."

پەروانە بەو هەمووە شتەی بەدەستییەوە بوو، مریەمیشی لە باوەش کرد.

دایکە دیسان لەسەر دۆشەگەکە و ڕوو بە دیوار خەوتبوو. عەلیش لە تەنیشتییەوە بوو و هەر دەیگوت: دا، دا، دا، بەشکم دایکە ئاوڕێکی لێ بداتەوە.

نوریە شتەکانی لە پەروانە وەرگرت و سەتڵەکەی دایە دەستی و گوتی: "هەتا سۆڵەکانت لە پێت دانەکەندووە، بڕۆ."

ـ دایکم دیسان بۆ وای لێ هاتووە؟"

ـ وس، توند قسە مەکە. چییە، دەتەوێ گوێی لە دەنگت بێ؟ لەوەتەی تۆی بە جلوبەرگی حوسێنەوە دیتووە، شێواوە. مامۆستا ویراش چۆوەماڵی خۆی. ئەویش دڵی توند ببوو. ئێستا تکایە بڕۆ ئاو بێنە.

ـ خۆ من دوێنێم ئاو هێنا.

ـ لە دوێنێوە تا ئێستا دنیایەکمان شت پێ شتووە. عەلی پەڕۆی خاوێنی نەماوە. پێت خۆشە ئاو بێنی یان پەڕۆکانی عەلی بشۆیەوە؟

پەروانە ئاو هێنانەکەی پێ باشتر بوو.

کە گەڕایەوە، نوریە گوتی: "شمەك دامەکەنە. ئەگەر لە دەرەوە وەك کوڕان بی، دەبێ لە ماڵەوەش هەر وا بی، نەکا یەکێك لەنەکاو وەژوور کەوێ."

پەروانە تێی گەیشت و گوتی:"ئەی دایکم؟ دایکم هەروا بەجلوبەرگی حوسێنەوە ببینێ؟ خەم دایناگرێ؟"

ـ ناچارە، ڕابێ.

یەکەم جار بوو پەروانە ڕوخساری نوریەی ئەوەندە بە شەکەتی دەدی. ئەو تەنانەت لە تەمەنی خۆیشی گەورەتر دیار بوو.

پێی گوت:"منیش یارمەتیت دەدەم نانی شەوێ دروست بکەی."

ـ تۆ؟ یارمەتی؟ ئەتۆ هەر بەردەستم دەگری.

پەروانە نێوچاوانی تێك نا. ئەستەم بوو نوریە لەگەڵی ببێتە برادەر.

دایکە بۆ نانی شەوێ سەری هەڵێنا و هەوڵی دا وا بنوێنێ کە دڵی خۆشە. زۆر بە پەروانە و چوونە بازاڕی و سەرو بیچمە تازەکەی هەڵگوت، بەڵام دیار بوو هەر سەیری دەکرد کزەی لە جەرگی دەهات.

درەنگانی شەوێ، هەمووان ڕاکشابوون و دەیانەویست بنوون، عەلی دەگریا و ماڵەکەی بەسەرخۆی گێڕابوو. پەروانە گوێی لە دایکی بوو پێی دەگوت:"بنوو حوسێن، بنوو کوڕم."

## ٧

کەڕەی بەیانی، پەروانە دوای خواردنی نانی بەیانی، لە ماڵێ چووە دەرێ.

دایکی پێی گوتبوو:"قەڵەم و کاغەز و بەتانیەکەی بابت هەڵگرە و بچووە بازاڕ. بەشکم بتوانێ پارەیەك پەیدا بکەی. خۆ تۆ هەمیشە چاوت لەو بوو چ دەکا. هەر ئەوەندەی ئیشەکەی ئەو بکەی تەواوە."

پەروانە ئەو پێشنیارەی بە کەیفێ بوو. ڕۆژی پێشتر توانیبووی پێداویستییەکانی ماڵەوە بکڕێ. ئەگەر توانیبای پارەش پەیدا بکا، ئیتر ناچار نەدەبوو کاروبارەکانی ماڵەوە بکا. ڕۆژی پێشتر ڕوخسارە کوڕانەییەکەی کاری خۆی کردبوو، دەی باشە بۆ دیسان سوودی لێ وەرنەگرێ؟

کە بە بازاڕێدا دەڕۆیشت، ئەویش بەبێ سەروقژی درێژ و سەرپێچ، هەستی کرد سەری سووك بووە. نەرمە شنەیەك لە لای چیاکەوە هەڵی کردبوو. هەوا پاك و خۆشەکە لە دەموچاوی دەدا.

جانتاکەی باوکیی کە لە شانی کردبوو، دەگەیشتە کن قاچی و لەگەڵ هەر هەنگاوێکیدا، بەر قولەپێی دەکەوت.

ئەو جانتایە قەڵەم و کاغەزەکەی باوکی و ئەو شتانەشی تێدابوو کە دەیەویست بیانفرۆشێتەوە. یەك لەوان شەلوارە کامیزەکەی کە زۆری خۆش دەویست. بەتانیەکەشی کە ڕایدەخست، لەبن باڵێدا بوو.

ڕێك چۆوە ئەو شوێنەی هەمیشە لەگەڵ باوکی لەوێ دادەنیشت. شوێنێکی بن دیوار، دیواری ماڵێك. نێو ماڵەکەی نەدەدی، بەڵام پەنجەرەیەك لە سەر سەرەوەی بوو، کە بە فەرمانی تاڵیبان ڕەشیان کردبوو.

باوکە هەمیشە دەیگوت:"ئەگەر هەموو ڕۆژێ هەر لەشوێنێکی دیار دابنیشین، خەڵك شوێنەکەمان پێ دەزانن و ئەگەر پێویستیان بەوە بوو شتێکیان بۆ بخوێنینەوە یان بنووسین، بە ئاسانی دەماندۆزنەوە."

پەروانە پێی خۆش بوو کە باوکی هەمیشە لە ڕاناوی "ئێمە" کەڵك وەردەگریچ، چونکە بەو واتایە بوو کە پەروانەش لە کارەکەیدا هاوبەشە. ئەوێ لە ماڵەکەشیان نزیك بوو. جێیەکانی دیکەی بازاڕەکە قەرەباڵغتر بوون، بەڵام زۆر دوور بوون و پەروانەش دڵنیا نەبوو کە بتوانێ ڕێیەکان بدۆزێتەوە.

دایکە گوتی: "ئەگەر یەکێك پرسیی کێی؟ بڵێ ناوم قاسمە. وەك برازایەکی باوکت خۆ بناسێنە."

پەروانە چەنج جار قسەکەی باوکیی دووپاتە کردەوە هەتا لە زەینیدا مایەوە.

بڵێ مامم نەخۆشە و من هاتووم لایان دەمێنمەوە تا چاك دەبێتەوە.

وا باشتر بوو بڵێن نەخۆشە نەك بڵێن گیراوە. چونکە ئاوا کەمتر گێچەڵیان تووش دەبوو. کەس حەزی لێ نەبوو خەڵك بزانن دژی تاڵیبانە.

پەروانە پرسیی: "یانی پێتان وایە خەڵك پارەم بدەنێ بۆ خوێندنەوەی نامەکانیان؟ ئاخر من تەمەنم هەر یازدە ساڵانە."

دایکە گوتی:"بەڵام لە زۆربەی خەڵکی ئەفغانستان زیاترت خوێندووە. دەی برۆ دەی. ئەگەر یەکێك پارەی نەدایەی، ناچارین تەگبیرێکی دیکەی لێ بکەین.

پەروانە بەتانیەکەی لەسەر عەرزە خۆڵاوی و ڕەقێنەکەی بازاڕ ڕاخست. ئەوجار وەك باوکی ئەو کەلوپەلەی بۆ فرۆشتنی هێنابوون، لە لایەکەوە داینان و قەڵەم و کاغەزەکانیشی لە پێش خۆیەوە دانا. جا دانیشت و چاوەڕێی کرد.

سەعاتێکی پێچوو، هیچ کەس لەبەردەمی ڕانەوەستا. پیاوەکان بەرەو لای دەهاتن و سەیرێکیان دەکرد و لایان دەدا و دەڕۆیشتن. ئای خۆزگە لانیکەم سەرپێچەکەی لەسەری ئاڵاندبایە بۆ ئەویە خۆی لەبنیدا شاردبایەوە. ترسی ئەوەی بوو هەر ئێستا نا تاوێکی دیکە یەکێك بەرامبەری ڕاوەستێ و پەنجەی بەرەولای ڕادێرێ و هەرا بکا:"کچ. " جا ئەو وشەیەش وەك سووکایەتییەك، لە هەموو بازاڕەکە دەگەڕا و دەبووە هۆی ئەوەی هەمووان دەست لە کار هەڵگرن. ئەو کاتژمێرەی یەکەم، هێندەی هەموو تەمەنی بەسەر پەروانەدا تێپەڕی.

سەیری لایەکی دیکەی دەکرد، کە یەکێك لە بەردەمی ڕاوەستا. ئەو پیاوە بەری هەتاوەکەی لێ گرت. پەروانە بەر لەوەی ئەو ببینێ، هەستی بە سێبەرەکەی کردبوو. ئاوڕی دایەوە و جامانە ڕەشە تایبەتیەکەی تاڵیبانی بەسەر کابراوە بینی. تفەنگێکی بە سینگیدا شۆڕ کردبووەوە، ڕێك وەك چۆن ئەو جانتا شانیەکەی باوکی دەکەوتە سەر سینگی.

پەروانە هەموو گیانی لەرزی.

کابرا بە زمانی پەشتوون پرسیی: "تۆ نامە دەخوێنیەوە؟"

پەروانە دەنگی دەرنەهات بۆ ئەوەی وەڵامی بداتەوە و تەنیا سەری لەقاند.

ـ قسە بکە کوڕە. نامەخوێنێکی دەنگی دەرنەیە، بەکاری من نایە.

پەروانە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و بە زمانی پەشتوون و بە دەنگێکی کە هیوادار بوو بەگوێرەی پێویست بەرز بێت، گوتی: "دەخوێنمەوە. بە زمانی پەشتوون و دەری دەتوانم بخوێنمەوە و بنووسم."

خواخوای بوو ئەو زمانە پەشتوونەی قسەی پێ کرد، ڕەوان و باش بووبێت، بۆ ئەوەی کابرا ئیشی پێ بسپێرێ.

کابرا هەروا سەیری کرد. ئەوجار دەستی لە گیرفانی پەستەکەی نا و لە حاڵێکدا هەروا چاوی لە پەروانە بوو، شتێکی لە گیرفانەکەی دەرهێنا.

چیی نەمابوو پەروانە چاوی لەسەر یەك دابنێ و چاوەڕێی دەسرێژێك بێ، کە کابرا نامەیەکی لە گیرفانی دەرهێنا.

لە تەنیشت پەروانە و لەسەر بەتانیەکە دانیشت و گوتی: "ئەوە بخوێنەوە."

پەروانە لێی وەرگرت. پوولی ولاتی ئەلمانی بەسەرەوە بوو. پشتی زەرفەکەی خوێندەوە: "بۆ فاتیمەی عەزیما."

کابرا گوتی:"ژنمە."

نامەکە لەمێژ بوو هاتبوو. پەروانە لە زەرفەکە دەری هێنا و کردییەوە. کاغەزێکی گرمۆڵە و چرچولۆچ بوو.

پەروانە خوێندییەوە:

ـ برازا ئازیزەکەم، زۆر بە داخەوەم کە ناتوانم لە زەماوەندەکەتدا بەشدار بم. بەلام هیوادارم ئەو نامەیە لە کاتی خۆیدا بگاتە دەستت. زۆر شوکر کە لە ئەلمانم و لەو شەڕ و شۆڕە بەدوورم. بەلام هەرگیز یادی ئەفغانستان لەدڵ و زەینم ناچێتە دەرێ. بەردەوام بیر لە ولاتەکەم و ئەو خزم و کەسانەم دەکەمەوە کە لەوانەیە دیدار ئاخریان بم و نەیانبینمەوە.

لەو ڕۆژە پیرۆزەی زەماوەندی تۆدا، هیوادارم باشترین داهاتووت هەبێ. باوکت، براکەی خۆم، پیاوێکی باشە و دلنیام مێردێکی باشی بۆ دەسنیشان کردووی. قسەی تێدا نیە سەرەتای ژیان هەر سەختە و ناخۆشە لە بنەماڵەت دوور بی، بەلام دەچیتە نێو خێزانێکی نوێوە و زۆری پێ ناچێ هەست دەکەی ئەندامێکی ئەو بنەماڵەیەی. هیوادارم داهاتوویەکی شاد و پڕ لەخۆشیت هەبێ و خودا منداڵی زۆرت بداتێ و ئەوەندەش تەمەندرێژ بیت کە نەوە و نەتیجەت ببینی.

کاتێ لە پاکستان دەڕۆیت و دەگەڕێیتەوە بۆ ئەفغانستان، ئیتر لەوانەیە نەتدۆزمەوە. تکایە نامەکەم لای خۆت ڕاگرە و لەبیرم مەکە. منیش لەبیرت ناکەم.

ئەو کەسەی تۆی خۆش دەوێ.

پوورت، "سوەیلا"

پەروانە بێدەنگ بوو. کابرا بە بێدەنگی دانیشتبوو. پەروانە پرسیی: "دەتەوێ دیسان بۆتی بخوێنمەوە؟"

کابرا سەری بۆ لەقاند و دەستی برد نامەکەی لێ وەرگرێتەوە. پەروانە نامەکەی نوشتاندەوە و دایەوە دەستی. کاتێ کابرا نامەکەی لەگیرفانی دەخستەوە، دەستی دەلەرزی. پەروانە دلۆپە فرمێسکێکی دیت کە بەربۆوە سەر ڕوومەتی و بە ڕدێنیدا چۆڕایەوە.

گوتی: "ژنەکەم مردووە. ئەو نامەیە لەنێو کەلوپەلەکانیدا بوو. گوتم با بزانم چیی تێدا نووسراوە. "
چەند ساتێك نامەکەی بەدەستەوە، بێدەنگ مایەوە.
پەروانە وەك چۆن باوکی لەو کاتانەدا دەیپرسی، گوتی: "دەتەوێ وەڵامەکەی بنووسمەوە؟"
کابرا ئاخێکی هەڵکێشا و سەری لەقاند و گوتی: "چەندت بدەمێ؟"
پەروانە گوتی: "چەندی پێت خۆشە."
باوکیشی هەروای دەگوت.
کابرا هەندێ پارەی لە گیرفانی دەرهێنا و داییێ. ئەوجار بەبێ ئەوەی هیچ بڵێ هەستا ڕۆیشت.
پەروانە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وردە وردە پشووی هاتەوە بەرخۆی. تا ئەو کاتە تاڵیبانی تەنیا ئاوا دیتبوو کە لە ژنان دەدەن و باوکیان گرتبوو. وا دیارە ئەوانیش دەتوانن وەك خەڵکی دیکە خەمبار بن و خەفەت بخۆن؟
سەرەدەری لەو شتانە دەرنەدەکرد. زۆری نەبرد کڕیارێکی دیکەی لێ پەیدا بوو. ئەوەیان دەیەویست شتێك بکڕێ، نەك شتێکی بۆ بخوێنێتەوە یان بنووسێ. بەڵام پەروانە هەتا ئێوارە هەر بیری لای ئەو پیاوە بوو کە ژنەکەی مردبوو.

***

بەر لەوەی بگەڕێتەوە ماڵێ بۆ نانی نیوەڕۆ، هەر ئەو دوو مشتەرییەی هەبوو. مشتەرییەکەی دوایی تۆزێك لەو لای بەتانیەکەیەوە هات و چوو و ئاخرییەکەی بەرەوڕووی ڕاوەستا.
لێی پرسی:"ئەوەت بە چەند؟"
پەنجەی بۆ شەڵوارە کامیزە جوانەکەی ڕاداشت.
دایکی بە پەروانەی نەگوتبوو داوای چەند بکات و بەچەندی بدات. هەوڵی دا وەبیر خۆی بێنێتەوە کە ئەو دەمەی لەگەڵ دایکی چوو بیکڕێ، ئەو لە بازاڕ چیی دەکرد و چیی دەگوت و لە کاتی کڕین و فرۆشتندا چۆن مامەڵەی دەکرد. ئەوەندەی لەسەر دەڕۆیشت هەتا ئاخرییەکەی نرخی بەکابرا دادەشکاند. دوایی پەروانە دەیگوت:"ئەوانە دەزانن کڕیار زۆر مامەڵە دەکەن، بۆیە نرخەکەی ئەوەندە گران دەکەن، کە تەنیا کەسێکی گەمژە وەها نرخێك قەبووڵ بکات."
مێشکی پەروانە خێرا کەوتە کار. پووری وەبیر هاتەوە لە مەزار شەریف کە بۆ گوڵدۆزیکردی کراسێك، یان دەلینگی شەڵوارێکی چەندە ماندوو دەبوو. ئەو بیری لەوە کردەوە کە چەندەی شایی بەخۆی دەبوو کاتێ ئەو شەلوارەی لەپێ دەکرد و ئێستا چەندە ناخۆشە دەبێ دڵی لێ بەر بدا.

ئاخرییەکەی نرخی لەسەر دانا. مشتەرییەکە سەرێکی لەقاند و ڕێك بە پێچەوانەی ئەو نرخەکەی زۆر زۆر لەخوارەوە گوت. پەروانە باسی جوانیی گوڵ و گوڵدۆزی و دوورینەکەی بۆ کرد و نیشانی دا و تۆزێکیش لە نرخەکەی بۆ داشکاند. مشتەرییەکە تۆزێك ڕاوەستا و بیرێکی لیێ کردەوە بەڵام نەڕۆیشت. ئاخرییەکەی پاش تۆزێکی دیکە چەنەلێدان، لەسەر نرخێکی ڕێککەوتن.

زۆری بەکەیف بوو، کە شتێکی فرۆشتبوو و پارەیەکی زیاتری لە گیرفانی کراسەکەی نابوو. سەیری شەلوارە کامیزە سوورەکەی کرد، کە بەدەستی کابرای کڕیارەوە، لە نێو ئاپۆرای خەڵکەکەی بازاڕدا دەڕۆیشت، بەڵام هیچ پەژیوان نەبوو لەوەی ئیتر چاوی پێی ناکەوێتەوە.

چەند سەعاتێکی دیکەش دانیشت هەتا هەستی کرد، ئیشی ئاودەستی هەیە. جا چونکە بازاڕ ئاودەست و مەبالی لیێ نەبوو، دەبوو خێرا کەلوپەلی کۆ بکاتەوە و بگەڕێتەوە ماڵیێ. وەك چۆن جارانیش کە لەگەڵ باوکی بوو هەر وای دەکرد. کە شتەکانی خڕ دەکردەوە و دەیخستنەوە نێو جانتایەکەی، باوکی هاتەوە پێش چاوی و دڵی توند بوو.

سەری بەرەو ئاسمان هەڵبڕی و لەسەرخۆ گوتی: "باوکەگیان بگەڕێوە لامان."

خۆر دەدرەوشایەوە. کاتیێ باوکی لە بەندیخانەدا بوو، خۆر چۆن دەبوو هەڵبیێ و بدرەوشێتەوە؟

شتێك، جووڵەیەکی خێرا سەرنجی ڕاکێشا. پێی وا بوو لە پشت پەنجەرە ڕەشەکەوە شتێکی دیتووە. بەڵام شتی وا چۆن دەبیێ؟ بەخۆی گوت خەیاڵ هەڵیگرتووە. بەتانیەکەی قەد کرد و لەبن هەنگڵی نا. دەستێکی لەو دراوە دا کە وەریگرتبوو بۆ ئەوەی دڵنیا بیێ جێیەکەی لە گیرفانیدا قایمە یان نا.

پەروانە لەحاڵێکدا زۆر بەخۆی دەنازی، بەرەو ماڵەوە غاری دا.

مامۆستا ویرا گەڕابۆوە. گوتی: "ئەمڕۆ دوانیوەڕۆ کەلوپەل و شمەکەکانم دێنم. تۆش یارمەتیم دەدەیت پەروانە؟"

پەروانە پێی باش بوو دیسان بگەڕێتەوە بازاڕ و لەسەر بەتانیەکەی دابنیشێ. بەڵام یارمەتیدانی مامۆستا ویرا، بۆ خۆی جۆرە گۆڕانکارییەك بوو لە ژیانی دووپاتەی ڕۆژانەیدا و هەم ئەوەی زۆری پێی خۆش بوو لەگەڵیان بێ، چونکە کاتێ مامۆستا ویرا لە لایان بوو، دایکی لانیکەم بەرواڵەت وەك جاران دیار بوو.

دایکە گوتی: "من و هاتوو ویرا دەمانەوێ پێکەوە کار بکەین. دەمانەوێ گۆڤارێك دەربکەین. "

ـ کەوابوو، هەموومان کاروباری خۆمانمان هەیە. نوریەش ئاگای لە منداڵەکان دەبێ و من و دایکیشت کاروباری گۆڤارەکە رادەپەڕێنین. تۆش دەچییە دەرەوە و کار دەکەی. هەمووان پشت بە پشتی یەکەوە دەنێین.

مامۆستا ویرا ئەو قسانەی جۆرێك دەکرد، هەر دەتگوت لە گۆڕەپانی تۆپانێدایە و جێگەیان بۆ دیاری دەکا.

پەروانە ئەو پارەیەی هێنابوویەوە، نیشانی دان.

دایکە گوتی: "زۆر باشە. دەمزانی پێت دەکرێ."

نوریە گوتی: "ئەگەر باوکم بوایە، پارەی پتری دەهێناوە."

ئیتر جۆرێك لێوی خۆی گەست، وەك بڵێی لە قسەکەی پەشیمان بێ.

دوای خواردنی نان و چای نیوەڕۆیان، پەروانە لەگەڵ مامۆستا ویرا چووە دەرێ، بۆ ئەوەی شتەکانی لەگەڵ بێنێ. هاتوو ویرا عابای لەبەردا بوو، بەڵام ڕێگا ڕۆیشتنەکەی لەگەڵ ئەوانی دیکە جیاواز بوو. پەروانەش دڵنیا بوو دەتوانێ لە نێو هەموو ژنە عاباپۆشەکانی نێو بازاڕدا بیناسێتەوە. ئەو جۆرێك بە ڕێیەدا دەڕۆیشت دەتگوت دەیەوێ گوێی ئەو منداڵانە بابدات و تەمبێیان بکات هەر وا خەریکی بزۆزی بوون. شەقاوی توندی داویشت و شانی بردبوونەوە دواوە و سینگی دەرپەڕاندبوو و سەریشی بەرز ڕاگرتبوو. بەڵام پەروانە بۆ ئەوەی دڵنیاتر بێ، لێی بەجێ نەدەما.

مامۆستا ویرا گوتی: "هەر ژنێکی منداڵی بە باوەشەوە بێ، تاڵیبان کاری پێی نیە. دیارە نابێ زۆر خاترجەم و دڵنیاش بیت. ئەوەی باشە، خۆم دەتوانم لە هەموو ئەو سەربازانە خێراتر بڕۆم. ئەوەندە ساڵەی وانەم گوتووەتەوە، گەلێك لەو کوڕە مێرمنداڵانەم بەخۆیاندا شکاندووتەوە. بێ ئەملا و ئەولا، هەر ئەوەندەم بەس بوو وتارێك بدەم، بۆ ئەوەی هەمووان بخەمە گریان."

پەروانە گوتی: "ئەمڕۆ بەیانی یەکێکی تاڵیبانم دی، دەگریا."

بەڵام دەنگی لەنێو گڤەی با و دەنگەدەنگی شەقامەکەدا، بزر بوو.

مامۆستا ویرا لەگەڵ نەوەکەی، لە ژوورێکی زۆر بچووکتر لە ژوورەکەی ماڵی پەروانەدا دەژیان. ژوورێك لە ژێرەزەمینی ماڵێکی نیوەکاولدا.

گوتی: "لە بنەماڵەی ویرا، هەر ئێمە ماوینەتەوە. هەندێکیان بەر بۆدرومان کەوتن، و چەند کەسێکیان لە شەڕدا کوژران و ئەوانی دیکەش بە نەخۆشیی پزوو[*] مردن."

پەروانە نەیدەزانی چ بڵێ. هیچ پێنەدەچوو، مامۆستا ویرا ئەو قسەیەی بۆیە کردبێ، ئەو بەزەیی پێیدا بێتەوە.

مامۆستا ویرا گوتی: "عارەبانەیەك بەکرێ دەگرین. بەر لە شەوێ دەبێ بیدەینەوە بە خاوەنەکەی، کاری پێ بکا. دەتوانین بە کەرەتێك هەمووی بەرین. تۆ دەڵێی چی؟"

ئەو کە لە هێرش و بۆردومانەکاندا زۆربەی کەلوپەلەکانی لەدەست چوبوون، گوتی: "ئەوەی بەر بۆردومانیش نەکەوت، دز بردیان. بەڵام هەر باشە، ڕاگواستنەکەیان ئاسان کردووەتەوە. وا نیە؟"

پەروانە چەند لێفە و قاپ و قاچاخی خستە نێو عارەبانەکەوە. مامۆستا ویرا پێشتر هەموو شتەکانی خڕ کردبوونەوە و دایнابوون.

ئەو مەدالیایەك و قردێلەیەکی گەش و جوانی لە سندووقێك دەرهێنا و گوتی: "ئەوەش یەکێکە لەو شتانەی نەیانبرد. لە کێبڕکێیەکی وەرزشیدا بردمەوە. وەك خێراترین ژنی ئەفغانستان لە ڕاکردندا."

تیشکی خۆر لە سەر ڕەنگە ئاڵتوونیەکەی مەدالیاکە دەدرەوشایەوە. مامۆستا ویرا گوتی: "مەدالیای دیکەشم هەن. چەند دانەیەکیان بزر بوونە. بەڵام هێشتا چەند مەدالیایەك هەر ماون.

ئاخێکیشی هەڵکێشا، بەڵام خێرا خۆی کۆ کردەوە و گوتی: "پشوو تەواو بوو، با بچینەوە سەر کارەکەمان."

هەتا ئێوارە، ڕاگواستنی کەلوپەلەکەی مامۆستا ویرا تەواو بوو و عارەبانەکەیان داوە بە خاوەنەکەی. پەروانە کە ئەو ڕۆژە زۆر هەڵسووڕابوو، نەیدەتوانی ئۆقرە بگرێ. چونکە هەم زۆر ماندوو بوو، هەمیش زۆر دڵەڕاوکێی بوو.

گوتی: "من دەچم ئاو دێنم."

نوریە پرسی: "تۆ؟ خۆت دەچی کار دەکەی؟ ئەوە تەواوی؟"

[*] پزوو: دەردەسی ـ سیەسۆ ـ ڕەشبوونی سییەکان. سیپەلکەڕەشە. خراپبوونی سییەکان

پەروانە بێ ئەوەی گوێی بداتێ، گوتی: "دایکە، دەتوانم مەریەمیش لەگەڵ خۆم بەرمە لای شێرەئاوەکە؟"

مەریەم کەوتە هەڵبەز و دابەز و گوتی: "ئەریێ، ئەریێ، ئەریێ، من دەمەوێ لەگەڵ پەروانە بڕۆم."

دایکە هیچی نەگوت.

ماموستا ویرا لە گوێی خوێند: "با بڕۆن. پەروانە ئیتر کوڕە. مەریەم هیچی لێ نایە."

دایکە بەزەیی پێیاندا هات، بەڵام بەر لەوەی ئیزنیان بدا، لە مەریەمی پرسی: "ئەی لە دەرەوە بە ناوێك بانگی پەروانە دەکەی؟"

ـ قاسم.

ـ بارەقەڵڵا کچم. ئەی ئەو قاسمە چیی تۆیە؟

ـ کوڕە مامە.

ـ زۆر باشە. ئەوەی گوتت، لەبیرت نەچنەوە. پەروانەش هەر شتێکی گوت بە قسەی بکە. بەڵێن دەدەی لێی دوور نەکەویتەوە.

مەریەم بەڵێنی دا. ئەو جار رای کرد و رۆیشت سۆلەکانی لەپێ بکا، بەڵام بە گریان گەڕایەوە و گوتی: "زۆر بچووك و تەسك بوونەتەوە."

دایکە بە ماموستا ویرای گوت: "ساڵێك پترە لە ماڵێ وەدەر نەکەوتووە. دیارە پێی گەورە بوونە."

ماموستا ویرا بە مەریەمی گوت: "فرمێسکت بسڕەوە و بڕۆ سۆلەکانت بێنە با بیانبینم."

سۆلەکانی مەریەم بنەکەیان تەختە و سەرەوەیان پارچە لاستیکێك بوو. ماموستا ویرا گوتی: "حەیفە هەڵیپاچین. چونکە دوایی بۆ پێی عەلی دەبن. ئەمڕۆ پەڕۆیەکت بۆ لە پێیانت دەئاڵێنم، هەتا سبەی پەروانە جووتێ سۆلی باشت بۆ دەکڕێ؟."

جا رووی لە دایکە کرد و گوتی: "ئەو منداڵانە دەبێ هەموو رۆژێ هەتاو لێیان بدا. بەڵام خەمت نەبێ، ئەوجار کە من لێرەم، پێکەوە هەموو شتەکان رێك دەخەین."

هەستا و چەند لەتە پەڕۆی لە لاقی مەریەم وەرپێچا.

بە پەروانەی گوت: "نابێ زۆر بە رێیەدا بڕوات. بنی پێی بریندار دەبن. ئاگات لێی بێ، زۆر دوور نەڕۆن.

دایکە گوتی:"پێم وانیە کارێکی بەجێ بێ."

بەڵام پەروانە و خوشکەکەی خێرا وەدەر کەوتن، لە ترسی ئەوەی نەکا پێشیان پێ بگرن.

ئاوهێنانەکە زۆری خایاند. ئاخر مەریەم، کە ساڵ و نیوێك دەبوو دەرەوەی ماڵەوەی نەدیتبوو، هەموو شتێکی بەلاوە نوێ بوو. پێیەکانی لەگەڵ ڕێگەبڕین ڕانەهاتبوون. تەنانەت ئەو کورتە ڕێیەش. پەروانە دەبوو بۆ وەسەرخستن و هێنانەوە خوارێی لە پلیکانەکان یارمەتیی بدات، وەك چۆن دەچووە بن پیلی باوکی.

کە گەیشتنە گەڕەکەکە، پەروانە گوتی: "ئەوەتا شێرەی ئاوەکە."

لە ڕێگایە، ئەو تۆزێك لە پێش مەریەمەوە دەڕۆیشت، بۆ ئەوەی وردکەبەرد و چەوی سەر ڕێیەکەی بۆ پاك بکاتەوە. شێرەی ئاوەکەیان کردەوە و ئاو هات. مەریەم پێکەنی. دەستی بردە بەر ئاوەکە و تۆزێك لەو ئاوە فێنکەی بە دەموچاویدا کرد، ئەوجار زەق زەق چاوی بڕییە پەروانە. پەروانە یارمەتیی دا بۆ ئەوەی دیسان وا بکاتەوە. مەریەم سەریشی وەبەر شێرەی ئاوەکە گرت.

پەروانە ئاگاداری کردەوە: "نەکەی لەو ئاوە بخۆیەوە."

ئەوجار فێری کرد کە چۆنیش ئاو بە سەروودەموچاویدا بکا، کە ئاو نەچێتە نێو دەمی. مەریەم بە لاساییکردنەوەی ئەو، دیسان ئاوی بە دەموچاو و جلوبەرگەکانیدا پرژاند. دوای ماوەیەکی زۆر، تۆزێك خۆشی ڕابوارد.

بۆ یەکەم جار هەر ئەوەندە چوون و گەڕانەوەیە بۆ مەریەم بەس بوو. ڕۆژی دواتر پەروانە، سۆلەکانی مەریەمی بردە بازاڕ، بۆ ئەوەی جووتێك سۆلی تۆزێ گەورەتری بۆ بکڕێ. پیاوێك لە دەم شەقامەکە، چەند جووت سۆلی دانابوو بیانفرۆشێ. پەروانە جووتێکی لێ کڕی. دوای ئەو ڕۆژە، هەموو ڕۆژێ مەریەم لەگەڵ پەروانە دەچووە سەر شێرە ئاوەکە و دەگەڕایەوە و ڕۆژی دوایی بەهێزتر دەبوو.

وردە وردە ژیانیان خۆشتر بوو. پەروانە بەیانیان زوو دەچووە بازاڕ و بۆ نانی نیوەڕۆ دەهاتەوە و دیسان دوانیوەڕۆ دەچۆوە بازاڕ.

ڕۆژێکیان گوتی: "ئەگەر بازاڕ ئاودەستێکی لێ بوایە، دەمتوانی هەتا ئێوارێ لەوێ بمێنمەوە."

دایکە گوتی: "بەڵام حەز دەکەم نیوەڕۆیان بێیتەوە. دەمەوێ دڵنیا بم هیچت بەسەر نەهاتووە."

دوای حەوتوویەك کارکردن، پەروانە شتێکی بەزەینیدا هات و گوتی: "دایکە، ئەمن ڕواڵەتم لە کوڕ دەچێت، وایە؟"

دایکە گوتی: "هەر واشمان دانابوو."

ـ کەوابوو ئێوەش دەتوانن لەگەڵم بێنە دەرەوە. نوریەش دەتوانێ. ئاوا دەکرێ هەندێ جاران لە ماڵەوە بێنە دەرێ.

ئەو تەگبیرە پەروانەی هەژاند. لەوانەبوو ئەگەر نوریە تۆزێ بجوولێ، ئاوا دێزە و توورە و تۆسنیش نەبێ. دیارە ناچار دەبوو عابا لەبەر بکا و وەك ئەو تاو و با لێ نەدەدا، بەڵام هیچ نەبێ، حەسانەوەیەك دەبوو.

مامۆستا ویرا گوتی: "بیرێکی باشە."

نوریە گوتی: "حەزم لێ نیە تۆم لەگەڵ بی."

بەڵام دایکی نەیهێشت لەسەری بڕوا: "نوریە، عەلی دەبێ بچێتە دەرەوە. پەروانە مەریەمی پێ دەحەوێتەوە، بەڵام عەلی زۆر بزۆزە. خۆت دەبێ لە باوەشتی بکەی و بیبەیتە دەرەوە."

مامۆستا ویرا گوتی: "فەتانە، تۆش دەبێ جاروبار بچیتە دەرێ."

بەڵام دایکە هیچی نەگوت.

نوریە لەبەر خاتری عەلی ملی راکێشا. لەو رۆژە بەدواوە هەموو رۆژێ، دوای نانی نیوەڕۆ، پەروانە لەگەڵ نوریە و مەریەم و عەلی ماوەی سەعاتێك لە دەرەوەی ماڵێ دەبوون. عەلی ساوا بوو، کە تاڵیبان هات. ئەو لەو ماوەیەدا تەنیا ئەو ژوورە بچووك و دەرگا داخراوەیانی دیتبوو. نوریە لەو ماوەیەدا هەر نەچووبووە دەرێ. لەمەودوا دوانیوەڕۆیان ئەوەندە لە دەورووپشتی ماڵەوەیان هاتۆچۆیان دەکرد، هەتا ماندوو دەبوون و لاقیان دەکەوتە ژان، ئەوجار لەبەر خۆرەتاوەکە دادەنیشتن. جارجاریش ئەگەر کەس دیار نەبوایە، پەروانە کێشکی دەکێشا بۆ ئەوەی نوریە تۆزێك پەچە و دەمامکەکەی لابدات و تاوێك لەسەروچاوی بدا.

یەکەم جار ئەو گوتی: "لەبیرم نەمابوو، ئەوە چەند خۆشە."

ئەگەر کەس لە سەر شێرە ئاوەکە نەبوایە، نوریە هەر لەوێ منداڵەکانی دەشوشت، بۆ ئەوەی ئەو ئاوەی پەروانە دەیهێنێ، بەفیڕۆ نەچێ. جاری وابوو مامۆستا ویرا و نەوەکەشی لەگەڵیان دەچوون و هەر سێ منداڵەکە پێکەوە مەلەیان دەکرد. داهاتەکەی پەروانەش جارێ باش و جارێ خراپ بوو و پەروانە چەند سەعاتان دادەنیشت بەبێ ئەوەی تەنانەت کڕیارێکیشی هەبێت. داهاتی ئەو لە هیی باوکی کەمتر بوو، بەڵام هەرچۆنێك بێ بژێوی ماڵەوەی دابین دەکرد، ئەگەرچی زۆربەی رۆژەکان هەر نان و چایان هەبوو بیخۆن. دیاربوو منداڵەکان لەچاو جاران بووژاونەتەوە. ئەو هەتاو و هەوا تازەیەیان پێ‌کەوتبوو[*].

هەرچەندە نوریە دەیگوت، ئێستا زۆر بە زەحمەت دەتوانن لە ژوورەوەدا رایانگرن. منداڵ جووڵە و وزەیان هاتبووە بەر و بەردەوام دەیانەویست بچنە دەرەوە، ئەوەش بەبێ پەروانە نەدەکرا.

[*] بە ئانقەست ئاوام وەرگێڕاوە. فارسییەکەی دەڵێ"سوودی بۆیان هەبووە". من لێرەدا ویستوومە دوو واتا لە رستەیەکدا بگونجێنم کە ئەوەش ئەرکی ئەدەبیاتە. ئەو هەوا تازەیەیان پێ کەوتبوو: هەم واتای بەرکەوتن دەگەیەنێت هەم ئەوەی کورد دەڵێت: "ئەو شتەت پێ کەوتووە / پێت دەکەوێ). واتە پێت خۆشە و پێی گەشە دەکەیت.

هەموو ڕۆژێ ئێوارە، پەروانە چیی پەیدای دەکرد، لە مستی دایکیی دەکرد. جاری وابوو دایکی پێی دەگوت لەسەر رێگای خۆی نان، یا شتی دیکەش بکڕێ. جاری واش بوو دایکە خۆی لەگەڵی دەچووە بازاڕ بۆ شت کڕینێ. پەروانە ئەو کاتانەی لە هەموو وەختێك پێ خۆشتر بوو. قسە و باسەکانی مامۆستا ویرا ئاخرییەکەی کاریان لە دایکە کردبوو. پەروانە پێی خۆش بوو جار و بارە لەگەڵ دایکی بێ، تەنانەت ئەگەر لەو پێکەوەبوونەیاندا تەنیا باسی کڕینی رۆن و شتی خواردنیش بکەن، یان ئەوەی ئاخر ئەم حەوتووە سابوونیان پێ دەکڕدرێت یان نا.

پەروانە زۆری حەز لە گەڕانی نێو بازاڕ بوو. پێی خۆش بوو سەیری ئەو خەڵکە بکات، کە بە شەقامەکاندا تێدەپەڕین و دەیتوانی کەم و زۆر گوێی لە قسەکانیان بێ. خوێندنەوەی ئەو نامانەشی زۆر پێ خۆش بوو، کە خەڵك بۆیان دێنا.

هێشتاش زۆری خەمی باوکی بوو، بەڵام چەند حەوتوویەکی بەسەردا تێپەڕیبوو و تۆزێك لێی راهاتبوو. لەوانەشە هیی ئەوە بووبێت کە زۆر سەری دەخافڵا، هەر بۆیەش باشتر لەگەڵی دەسازا. لە ماڵەوە کەس باسی باوکەی نەدەکرد، بەڵام جاروبار پەروانە گوێی لە گریانی دایکی یان نوریە دەبوو. جارێکیش مەریەم خەونێکی زۆر ناخۆشی دی و راپەڕی و بانگی باوکەی کرد. زۆری پێ چوو تا دایکی توانیی بیخەوێنێتەوە.

دوانیوەڕۆی رۆژێکیان، پەروانە لە بازاڕێ باوکیی دیت. باوکی بە تەنیشتیدا تێپەڕی، یان هەر پەروانە وایزانی باوکێتی.

هەرای کرد: "باوکە."

لەسەر بەتانیەکەی هەستا و بەشوێنیدا رای کرد: "باوکە، ئەوەتا لێرەم."

ئەوەندە بەنێو خەڵکەکەدا رای کرد هەتا گەیشتە کابرا. توند لەقۆڵی کابرا نووسا و گوتی: "باوکە، تۆ باشی؟ هێشتیان لە زیندان بێیتە دەرێ؟"

ـ ئەتۆ کێی کوڕە؟

پەروانە سەری هەڵێنا، بەڵام کابرایەکی نەناسراوی دیت. لای کردەوە و بەدەم فرمێسك هەڵوەراندنەوە، گوتی: "پێم وابوو باوکمی."

کابرا دەستی لەسەر شانی دانا و گوتی: "دیارە کوڕێکی باشی. حەیف من باوکی تۆ نیم."

دوای تاوێك بێدەنگی لێی پرسیی: "باوکت لە زیندانە؟"

پەروانە سەری بۆ لەقاند. کابرا گوتی: "هەندێ کەس لە زیندان بەر دەبن. بێ هیوا مەبە."

ئیتر ملی رێی گرت و رۆیشت و پەروانەش گەڕایەوە شوێنەکەی خۆی.

رۆژێکیان دەیەویست هەستێ و بەتانیەکەی بتەکێنێ و بڕواتەوە، چاوی کەوت بە شتێکی جوان لەسەر بەتانیە بۆرەکەی. داهاتەوە و هەڵیگرتەوە.

لەتە قوماشێکی گۆڵچنکراو بوو، کە هەر پێنج سەنتیمێك درێژ و دوو یان سێ سەنتیمیش پان دەبوو. پەروانە پێشتر ئەوەی نەدیبوو. بیری لەوە دەکردەوە کە ئاخۆ لە کوێوە کەوتووەتە ئەوێ. لە پڕ چاوی بەو پەنجەرە رەشە کەوت، وا چەند رۆژێك لەمەوبەر دیتبووی شتێك لەو دیوییەوە دەجووڵێ. ئیتر هیچ جووڵەیەك لەوێ نەدەبینرا.

ئەگەرچی ئەو رۆژە بایەکی ئەوتۆی نەدەهات، بەڵام لەوانە بوو "با" ئەو پارچە قوماشەی هێنابێتە سەر بەتانیەکەی.

بەڵام چەند رۆژ دواتر مەچەك بەندێکی لەسەر بەتانیەکەی دۆزییەوە کە بە زەنگیانە هۆنرابۆوە. دیار بوو ئەوە ئیشی با نیە.

پەنجەرەکە کرابۆوە. ئەو پەنجەرەیەی بە سەر دیوارەکەوە بوو، کرابۆوە.

پەروانە چووە پێشتر، بۆ ئەوەی جوانتر ببینێ. لە سەر پەنجەرە نیوەکراوەکەوە، روخساری ژنێکی دی، کە لەگەڵ زەردەخەنەیەکدا، خێرا پەنجەرەکەی داخستەوە.

چەند رۆژ دواتر پەروانە هەر لەوێ دانیشتبوو و سەری خافڵابوو بە سەیرکردنی ئەو منداڵانەوە، کە لە نێوان کۆشکەڵە و قاوەخانەکەدا راکەڕاکیان بوو. یەکێك لە کوڕەکان چیی نەمابوو خۆی بە گوێدرێژێکدا بدات. پەروانە لەبەرخۆیەوە پێدەکەنی و سەیری لایەکەی دیکەی دەکرد، کە لاقی یەکێ لە کوڕەکان لە شتێکی تەنیشت ئەو ئاڵقا و ئیستیکانە بەتاڵەکانی سینیەکەی بەسەر بەتانیەکەی ئەودا بڵاو بوونەوە.

کوڕە، لەبەر دەم پەروانە تلێپ وەعەرزی کەوت. پەروانە هەستا یارمەتیی دا و ئیستیکانەکانی لەگەڵ کۆ کردەوە. کە ئیستیکانەکانی دایەوە دەستی، ئەوجار چاوی بە روخساری کەوت. دەیویست شتێك بڵێ، بەڵام دەستی بە دەمییەوە گرت.

کوڕە چافرۆشەکە، یەکێك لە کچۆڵە هاوپۆلییەکانی بوو.

پەروانە لەسەرخۆ گوتی: "شوزیە؟"

ـ کچەتیو پێم بڵێ شەفیق. ئەی من بە چ ناوێك بانگت بکەم؟

ـ قاسم. ئەوە لێرە چ دەکەی؟

ـ هەر ئەوەی تۆ دەیکەی، کەرە گیان، بڕوانە، من دەبێ بچمەوە قاوەخانە. تاوێك لێرە لەسەرم رادەوەستی؟

پەروانە سەری بۆ لەقاند.

ـ دەی باشە. ئێستا دێمەوە.

شوزیە سینی و ئیستیکانەکانی هەڵگرت و بەرەو قاوەخانەکە رای کرد. پەروانە بە حەپەساوی و سەرسووڕماوی دانیشت و سەیری هاوپۆلییەکەی جارانی خۆی کرد، کە دەچۆوە لای کوڕە چای فرۆشەکان. لەوانەبوو ئەگەر ورد سەرنجی دابایە، بیناسیایەتەوە، بەڵام دوایی زانیی لێوردبوونەوەی باش نیە و لەوانەیە سەرنجی خەڵکی راکێشێت. هەر بۆیە رووی کردە لایەکەی دی. شوزیەش لە بازاڕەکەدا لە چاوان بزر بوو.

شوزیە و پەروانە لە قوتابخانە زۆریش خۆمانە نەبوون و هەر کام برادەری خۆیان هەبوو. پەروانە زۆری لەبیر نەمابوو ئاخۆ شوزیە لە خوێندندا چۆن بوو، بەڵام پێی وابوو لە ئیملادا ئەو زیرەکتر بووە.

کەوابوو کچی دیکەش هەن لە کابول وەك ئەو خۆیان کردبێتە کوڕ. هەوڵی دا شۆرەتی شوزیە وەبیر خۆی بێنێتەوە، بەڵام بیری نەکەوتەوە. پەروانە بیری لە دوو مشتەرییەکەی کۆتایی ئەو رۆژە دەکردەوە، کە چاوی بە شوزیە کەوت وا بە غاردان بەرەو لای دێتەوە، دڵی خۆش بوو.

شوزیە پرسیی: "ماڵەکەتان لە کوێیە؟"

پەروانە دەستی بۆ لای ماڵەوەیان راداشت. شوزیە گوتی: "کەواتە خڕی بکەوە، با لە ڕێگایە پێکەوە قسە بکەین. هانێ، ئەوەم بۆ هێنایت."

کاغەزێکی گرمۆڵەی دایێ، کە چەند دەنکە قەیسییەکی تێدابوو. پەروانە زۆر لەمێژ بوو دەمی لەو شتانە نەدابوو. پەروانە ژماردنی. لە ماڵەوە یەکی دانەیەکیان پێ دەبڕا. یەکیش زیاد دەبوو. دەکرا ئەوەیان هەر ئێستا بخوات. ئەوی لە زاری خست و تامە شیرین و خۆشەکەی بە زاریدا گەڕا.

سوپاسی شوزیەی کرد. ئەوانی دیکەی لە گیرفانیدا خستە لای دراوی ئەو رۆژەی و دەستی کرد بە کۆکردنەوەی شتەکانی. ئەو رۆژە هیچ دیارییەك نەکەوتبووە سەر بەتانیەکەی، بەڵام زۆر گرنگ نەبوو، چونکە دیتنی شوزیە تەواو دڵی خۆش کردبوو.

که بەدەم پیاسەوە بە بازاڕەکەدا دەڕۆیشتن، شوزیە لێی پرسی: "لە کەیەوە خەریکی کاری؟"

ـ مانگێك دەبێ. ئەی تۆ؟

ـ شەش مانگ. پار براکەم بۆ ئیشکردن چووە ئێران. لەو دەمەوە هیچ سەروسۆراغێکی نازانین. باوکم بە نەخۆشیی دڵ مرد. هەر بۆیەش من چوومە ئیشکردن.

ـ باوکی من گیراوە.

ـ هیچ هەواڵێکتان لێی هەیە؟

ـ نا، چووینە زیندان، بەڵام هیچیان نەگوت. جارێ بە سەروسۆراغی نازانین.

ـ لەوانەیە هەر وا بێسەروسۆراغ بێ. ئەوانەی دەگیرێن، زۆربەیان ناگەڕێنەوە. لە نەکاو بزر دەبن. مامێکی منیش شوێن بزرە.

پەروانە پیلی شوزیەی گرت و کێشای هەتا راوەستا. ئەوجار گوتی: "باوکی من دەگەڕێتەوە، ئەو دەگەڕێتەوە."

شوزیە سەری بۆ لەقاند.

ـ دەی باشە دەی. باوکی لەوانی دی جیاوازە. دەی ئێستا کاروبارت چۆنە؟

پەروانە باسکی بەردا و دیسان کەوتنەوە رێ. باسی کاروبارەکان بەلاوە خۆشتر و ئاسانتر بوو، لەوەی باسی باوکی بکەن.

رۆژی وایە باشە و رۆژی واشە زۆر خراپ. ئەی تۆ؟ چای فرۆشتن پارەی باشی تێدایە؟

ـ زۆر نا. ئێمە زۆرین. هەربۆیە پارەیەکی زۆر وەرناگرین. ئەگەر پێکەوە کار بکەین، لەوانەیە رێیەکی باشتر بدۆزینەوە بۆ پارە پەیداکردن.

پەروانە کاتێ ئەو دیارییانەی وەبیر خۆی هێنایەوە کە دەکەوتنە سەر بەتانیەکەی، گوتی: "من حەزم لێیە هەر لەسەر ئەو خوێندنەوە و نووسینەوەیەم بەردەوام بم. لانیکەم بۆ دانەرۆژێکم زۆر باشە، بەڵام لەوانەیە بۆ دانەکەی دیکەی بکرێ شتێك بکەین."

ـ پێم خۆش بوو سینیەکم هەبێ لەوانەی فرۆشەرە گەڕۆکەکان بە ملیانیدا دەکەن، شتی تێ بکەم و بیفرۆشم. ئاوا هەم دەتوانم بچمە نێو خەڵك و هەمیش کار بکەم. بەڵام لە پێشدا دەبێ پارەی ئەوەندەم هەبێ سینیەکە و شتەکانی پێ بکڕم. کەچی دراوەکەم بەشی پاشەکەوتی لێ نامێنێتەوە.

ـ منیش هەروا. راست دەکەی. ئەگەر بکرێ ئەو کارە بکەین، پارەیەکی باش پەیدا دەکەین. ئێمە زۆربەی کاتەکان تەنانەت پارەی کڕینی نەوتیشمان نیە بۆ ئەوەی چراکەمان داگیرسێنین. لە تاریکیدا شەوەکان زۆر درێژ دەبنەوە هەر رۆژ نابێتەوە.

ـ زۆربەی کوڕەکان دەڵێن، ئەو کارە پارەی زۆر تێدایە، بەڵام جا قسەکردن چ سوودێکی هەیە؟ دەی بڵێ با بزانم غەریبیی قوتابخانەت نەکردووە؟

ئەوەندەیان باسی هاوپۆلییەکانیان کرد، هەتا سووڕانەوە ئەو شەقامەی پەروانە لەوێ دەژیا، هەر ئەو شەقامەی چیای پەروانە لەو سەرییەوە هەڵکەوتبوو. دەتگوت جاری جارانە. ئەو رۆژانەی پەروانە لەگەڵ برادەرەکانی بە پیاسەکردن لە قوتابخانەوە دەگەڕایەوە و بەدەم رێگاوە، گلەیی بوو لە مامۆستاکانی و ئەو هەمووە دەرس و تەکلیفەی بۆیان دیاری کردبوو بیکا.

پەروانە بە سەر و دەست ئاماژەی بۆ سەر پلیکانەکانی ماڵەکەیان کرد و گوتی: "من لەو سەرە دەژیم. دەبێ بێیتە سەرێ و سڵاوێك لە هەمووان بکەی. "شوزیە سەیرێکی ئاسمانی کرد بۆ ئەوەی بزانێ چ وەختە، و گوتی: "دەی باشە. دێم، بەڵام دوایی دەبێ بە راکردن بڕۆمەوە. ئەگەر دایکیشت گوتی راوەستە و چا بخۆوە، تۆ پێی بڵێی ناتوانم مەعتەل بم."

پەروانە بەڵێنی دا و پێکەوە لە پلیکانەکان وەسەر کەوتن.

کە لەگەڵ شوزیە وەژوور کەوتن، هەمووان حەپەسان. هەمووان شوزیەیان وا لە ئامێز گرت، وەك بڵێی یەکێکە لە برادەرە کۆنەکانی خۆیان، لە حاڵێکدا پەروانە هیچ پێی وا نەبوو پێشتر دیتبێتیان.

دایکە گوتی: "قەیناکا، ئەمجار دەهێڵم بەبێ خواردن بڕۆی، بەڵام ئەوە بەماڵەکەمانت زانی، دەبێ شەوێك هەموو ماڵەوەتان بێن و میوانمان بن."

شوزیە گوتی: "لە خێزانەکەمان هەر من و دایکم و دوو خوشکی بچووکم زیندوو ماوین. دایکم ناتوانێ دەر و ژوور بکا. هەر نەخۆشە. لەگەڵ نەنك و باپیرە و پوورم دەژیین. هەموو شەوێ شەڕیانە. باش بوو من شانسم هەیە دەتوانم بۆ کارکردن بچمە دەرەوە و لەوان دوور بم."

دایکە گوتی: "دەی باشە. هەر کات هاتی، پێڵاوت لەسەر چاوان."

مامۆستا ویرا گوتی: "لە خوێندنەکەت بەردەوامی یان نا؟"

ـ ماڵە باپیرەم پێیان باش نیە کچان بخوێنن. لەوەتەی لەگەڵ ئەوان دەژییێن، دایکم دەڵێ، دەبێ هەر شتێکیان گوت بە قسەیان بکەین.

ـ ئەی پێیان خراپ نیە جلوبەرگی کوڕانە لەبەر دەکەی و کار دەکەی؟

شوزیە شانێکی هەڵتەکاند.

ـ جا خۆ من بەخێویان نەکەم لەبرسا دەمرن. جا بۆ پێیان ناخۆش دەبێ؟

مامۆستا ویرا لەپڕ قسەیەکی کرد، پەروانە سەری سووڕ ما.

ـ پێوەم* لێرە قوتابخانەیەکی بچووك بکەمەوە. قوتابخانەیەکی نهێنی، بۆ چەند کچێك. هەفتەی هەروا چەند سەعاتێك. ئەتۆش دەبێ بێی. پەروانە پێت دەڵێ کەی دەست پێ دەکا.

ـ ئەی تاڵیبان؟

مامۆستا ویرا بە زەردەیەکی تەوساوییەوە گوتی: "تاڵیبان بانگهێشت ناکەین."

ـ وانەی چی دەڵێینەوە؟

پەروانە وەڵامی دایەوە: "تۆپێن لە گۆڕەپانی چیمەنکراودا. مامۆستا ویرا مامۆستای وەرزشە."

بیرکردنەوە لە دروستکردنی مەیدانێکی چیمەن لە خانووەکەی ئەواندا ئەوەندە گاڵتەجاڕانە بوو، هەموویان دایانە قاقای پێکەنین. تەنانەت پاش تاوێك شوزیە کە وەڕێ کەوت بڕواتەوە، هەروا پێدەکەنی.

ئەو شەوە لە کاتی نانخواردندا، زۆر سوێر قسە بوون.

دایکە گوتی: "دەبێ بچین سەرێك لە دایکی بدەین. پێم خۆشە سەربردەکەی بنووسمەوە بۆ گۆڤارەکەمان."

پەروانە پرسیی: "چۆنی چاپ دەکەن؟"

مامۆستا ویرا وەڵامی ئەو پرسیارەی دایەوە: "بەسەرهاتەکان بە قاچاغ دەنێرینە پاکستان و لەوێ چاپ دەکرێن. دوایی گۆڤارەکان بە قاچاغ دێنینەوە ئێرە. "

پەروانە کە نیگەران بوو نەك ئەو کارە بە ئەستۆی ئەودا ببڕن، پرسیی: "جا کێ کاری قاچاغچێتییەکەی دەکا؟"

جا ئەوان کە توانیبوویان ئەو وەك کوڕان لێ بکەن، دیارە شتی دیکەشیان لەبن سەریدا هەیە و نەخشەیەکیان بۆی کێشاوە.

دایکە وەڵامی داوە: "ئەو ژنانەی هاوکاریی ڕێکخراوەکەمان دەکەن. کاتێ تۆ لە بازاڕی، ئێمە لێرە بەبێ کاری دانانیشین. خەڵکێك دێنە ئێرە و دەڕۆن. مێردی هەندێکیشیان لایەنگرمانن و ئامادەن چییان لەدەست دێت، بۆمانی بکەن."

نوریەشنە نەخشەی خۆی بۆ ئەو قوتابخانەیە هەبوو. ئەو پێشتر دەیەویست دوای تەواوکردنی دواناوەندی بچێتە زانکۆ، بەڵام تاڵیبان ریسەکەی لێکردبۆوە خوری. لە پێشدا کە دەرگای قوتابخانەکان داخران، باوکی دەرسی بەو و پەروانە دەگوت. بەڵام چونکە زۆر لەشساخ نەبوو، خوێندن و راهێنانەکان هەر هات و کەمتر بوونەوە.

---

* پێوەم: واتە بە تەمام. دەمەوێ. ئەوەی خوێندەوارەکانی ئەمڕۆمان دەفەرموون (لە بەرنامەمدایە!!!)

نوریە گوتی: "من دەتوان وانەی بیرکاری و مێژوو بڵێمەوە. مامۆستا ویرا تەندروستی و زانست و دایکەش خوێندنەوە و نووسین."

پەروانە هیچ پێی خۆش نەبوو نوریە دەرسی پێ بڵێ، چونکە ئەو ببوایەتە مامۆستای، پتر لە ئێستا ئەمری پێ دەکرد و تەواو لەسەری دەبووە کەڵەگا. بەڵام چونکە هەر وەبیری نەدەهاتەوە پێشتر، کەی نوریەی دیتووە هێندە دڵخۆش و بەکەیف بێ، بۆیە دەنگی نەکرد.

پەروانە و شوزیە بەردەوام لە بازاڕ یەکتریان دەدی. پەروانە هەمیشە چاوەڕوان دەمایەوە هەتا برادەرەکەی بەدویدا بێ. هێشتا شەرمی نەشکابوو بچێ و لە نێو کوڕە چافرۆشەکاندا لە شوزیە بگەڕێ. ئەو دوو دەستەخوشکە پێکەوە باسی رۆژێکیان دەکرد، کە بۆیان هەڵدەسووڕا سینی بکڕن و بگەڕێن و شتی خۆیان بفرۆشن. بەڵام هیچ کامیان بەو زووانە ئەو ئاواتەیان وەدی نەدەهات و بۆیان جێبەجێ نەدەبوو.

سەعات یەکی دوانیوەڕۆ کاتێ پەروانە خەریکی کار بوو، شتێك وەسەری کەوت. دەسبەجێ هەڵیگرت. دوای ئەوەی جوان سەیرێکی دەوروپشتی خۆی کرد و دڵنیا بوو کەس سەیری ناکا، سەیری ئەو دیارییەی کرد، کە ئەو ژنە بۆی بەردابۆوە. دەسرۆکەیەکی سپیی جوان بوو کە دەوراندەورەکەی گوڵچن کرابوو.

حەزی لێ بوو سەری هەڵێنێ و بە زەردەخەنەیەك سوپاسی ئەو ژنە بکات کە لە پشت پەنجەرەکەوە بوو و لەوانەش بوو هەر ئێستا چاوی لێی بێ. بەڵام شوزیە بەرەولای غاری دا و گوتی: "چیت شاردەوە؟"

پەروانە راچڵەکی. دەسرۆکەکەی لە گیرفانی نا و گوتی: "هیچ، ئەمڕۆ وەزعەکە چۆن بوو؟"

ـ هەر وەك جاران. بەڵام چەند هەواڵێکی تازەم پێیە. چەند کەسێك لەو کوڕە چا فرۆشانە بیستوویانە، رێیەك هەیە بۆ پارە پەیداکردن. ئەویش دەلیایەك*.

ـ چۆن؟

ـ ئاخر تۆ حەزت لێی نیە. دیارە کەس ئەوەی پێ خۆش نیە، بەڵام پارەی زۆر زیاتر لەو ئیشەی ئێستامانی لێ هەڵدەوەرێ.

ـ کارەکە چییە؟

شوزیە باسی کارەکەی کرد. پەروانە زاری داپچڕی.

شوزیە راستی دەکرد. ئەو پێی خۆش نەبوو.

* دەلیایەك: دەریایەك. واتە زۆر زۆر.

## ١٠

ئێسك و پرووسك. دەبوو ئێسك و پرووسك لە بن گڵ بێننەوە دەرێ.

بۆ سبەینێ پەروانە بە شوزیەی گوت: "پێم وانیە کارێکی باش بێ."

ئەو بەتانی و قەڵەم و کاغەزەکانی باوکیی لەگەڵ خۆی هێنابوو. چون نەیتوانیبوو بە دایکی بڵێ ئیشە تازەکەی چییە و دەیانەوێ ئێسك و پرووسك لە بن گڵ بێننە دەرەوە. لە لایەکی دیکەشەوە نەیدەتوانی بیانوویەك بێنێتەوە و خۆ لەو کارەی بدزێتەوە.

شوزیە بەبێ ئەوەی گوێ بداتە ناڕەزایەتییەکەی پەروانە، گوتی: "باش بوو ئەو بەتانیەت هێنا، چونکە دەتوانین ئێسك و پرووسکەکەی تێ بکەین و بیبەین. وەرە. باشتر وایە پەلەی بکەین و بەجێ نەمێنین."

بەڵام پەروانەی پێشی خراپ نەبوو، بەجێ بمێنن. ئاورێکی لەوبەری شەقامەکە و ئەو پەنجەرە ڕەنگکراوە دایەوە، کە برادەرە نەناسراوەکەی لەوێدا دەژیا. پاشان سەری بەرداوە و بەدوای شوزیەدا رای کرد بۆ ئەوەی بگاتەوە ئەوانی دیکە.

ئاسمان هەور و هەڵڵا بوو. نزیك بە سەعاتێك بەو شەقامانەدا ڕۆیشتن، کە پەروانە هەر نەیدیتبوون. ئاخرییەکەی گەیشتنە شوێنێکی کابول کە ڕۆکێت تەواو کاولی کردبوو. هەتا چاو هەتەری دەکرد، تاقە خانوویەك بە پێوە نەمابوو و جگە لە کۆگا خۆڵ و بەرد و دار هیچ نەدەبینرا.

بۆمبا بەر گۆڕستانەکەش کەوتبوو. گۆڕەکان لە سۆنگەی تەقینەوەوە تێك چوبوون. لە نێو خۆڵە سوورە مەیلەوقاوەییەکەی گۆرستانەکەدا، ئێسك و پرووسکی سپی دەرکەوتبوون، کە دیار بوو دەمێك بوو مردبوون. کۆمەڵێك قەلەباسکە، بە قاوقیژ لەسەر گۆڕەکان چینەیان دەکرد. ئەوان لە بەشە تازەکەی گۆڕستانەکەوە بوون. نەرمە شنەیەك هەڵیکردبوو و بۆگەنێکی زۆر ناخشی بەرەو بەشە کۆنەکەی گۆڕستانەکە دەبرد. ڕێك بۆ ئەو شوێنەی شوزیە و پەروانەی لێ ڕاوستابوون. ئەوان ڕاوەستابوون و سەیری ئەو کوڕانەیان دەکرد، کە لێرە و لەوێ خەریکی هەڵکۆڵین و دەرهێنانەوەی ئێسك و پرووسکان بوون.

پەروانە لە تەنیشت دیواری بینایەکی نیوەڕووخاو کابرایەکی دیت. تەرازوویەکی گەورەی لەبەردەمی خۆی دانابوو. پرسی: "ئەوە کێیە؟"

ـ دەڵاڵی ئێسك و پرووسك. ئێسك و پرووسکەکانمان لێ دەکڕێتەوە.

ـ جا چییان لێ دەکا؟

ـ دەیانفرۆشێتەوە بە یەکێکی دیکە.

ـ باشە ئێسك و پرووسکیان بۆ چییە؟

ـ ئێمە کارمان بەسەر ئەو شتانەوە نیە. پارەی خۆمان وەردەگرین و تەواو.

شوزیە تەختەیەکی خواروخێچی لەگەڵ خۆی هێنابوو، بۆ ئەوەی وەك پێمەڕە کاری پێ بکا. تەختەکەی دایە پەروانە و گوتی: "با بچین دەست پێ بکەین."

بەرەو نزیکترین گۆڕ کەوتنە ڕێ. پەروانە پرسی: "بەڵام ئەی ئەگەر... ئەگەر هێشتا گۆشتی پێوە مابێ، چ بکەین؟ یانی هێشتا نەگەیشتبێتە ئێسقانەکانی؟"

" گۆڕێك دەدۆزینەوە ئێسقانی لە خۆڵەکەی هاتبێتە دەرەوە."

تۆزێك کە ڕۆیشتن و سەیری دەوروبەری خۆیانیان کرد، ئەوەی دەیانویست، دۆزییانەوە.

شوزیە ئاماژەی بە شوێنێك کرد و گوتی: "بەتانیەکەت لەوێ رابخە. ئێسقانەکانی تێدەکەین و سەرەکەی گرێ دەدەین و دەیبەین."

پەروانە بەتانیەکەی راخست. بەڵام خۆزگە هەر لە بازاڕ و لەبەر پەنجەرەی برادەرە نەناسیاوەکەی رایخستبایە.

سەیرێکی یەکتریان کرد. هەرکام چاوی لەوە بوو ئەویتر دەست پێ بکا.

شوزیە گوتی: "ئێمە هاتووین پارە پەیدا بکەین. وایە؟"

پەروانە سەری بۆ لەقاند.

ـ کەوابوو با دەست پێ بکەین.

ئێسقانێك لە عەردەکە دەرکەوتبوو. شوزیە گرتی و دەریکێشا. ئێسقانەکە بە گڵ و خۆڵەکەوە هاتە دەرێ. وەك گێزەرێکی لە عەرزیان دەرکێشابێ. پاشان خستییە سەر بەتانیەکە.

پەروانە کە نەیدەویست لەو بەجێ بمێنێ، تەختەکەی هەڵگرت و دەستی کرد بە هەڵکەندن. بۆمبا و بۆردومان تا رادەیەك ئیشەکەیانی سووك کردبوو. زۆربەی ئێسقانەکان لە سەرەوە بوون و دۆزینەوەیان زۆر ئەستەم نەبوو.

پەروانە پرسیی: "تۆ پێت وایە ئەوانەی دەریان دێنین، پێیان ناخۆش نیە؟"

ـ کامانە؟

ـ ئەوانەی لێرە نێژراون؟ پێت وایە بەلایانەوە گرنگ نیە دەیانهێنینە دەرێ؟

شوزیە خۆی دایە سەر تەختەکە و گوتی: "ئەوە بەستراوەتەوە بەوەوە کە بنیادەمێکی چۆن بوون. ئەگەر لەچەر و نارەسەن بووبێن، ئەوە پێیان ناخۆشە، بەڵام ئەگەر میهرەبان و دڵاوا بووبێن، بۆیان گرنگ نیە."

ـ بەلای خۆشتەوە گرنگ نیە.

شوزیە سەیرێکی کرد، ویستی شتێك بڵێ، گێڕایەوە و دەستی کردەوە بە کارکردن. پەروانە ئیتر پرسیاری نەکردەوە. دوای چەند خولەکێك کاژەڵە سەرێکی لەبن خۆڵەکەدا دۆزییەوە و گوتی: "کچێ، سەیری ئەوە

بکە. " پاشان بە تەختەکە، دەوروبەری دایەوە و بۆ ئەوەی کەللە سەرەکە نەشکێ، خۆڵەکەی دەوری بە لەپی دەست لادا. ئەوجار وەك سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنابێ، بەرزی کردەوە بۆ ئەوەی شوزیەش بیبینێ.

ـ بڕوانە، پێدەکەنێ.

ـ دیارە ئیتر. کەیفخۆشە. دوای ئەو ماوە دووورودرێژەی لە بن ئەو خاکە تاریکەدا بووە، ئێستا هاتووەتە بەر هەتاو و رووناکایی. وا نیە کاك کەللە سەر؟

شوزیە هەندێ کەللە سەرەکەی راوەشاند و گوتی: "تێگەیشتی چیم گوت یان نا؟ پەروانە لەسەر کێلەکەی دابنێ. ئەوە شانس و بەختی باشی پێوەیە."

پەروانە بە سپایی لەسەر کێلێکی شکاوی دانا و گوتی: "وای دادەنێین ئەوە سەرۆکمانە. چاوی بەسەرمانەوەیە کاروبارەکان بە جوانی راپەڕێنین."

ئێسك و پرووسکی ئەو گۆڕەیان یەکسەر هێنا دەرێ و چوونە سەر گۆڕێکی دیکە. کاك کەللەسەریشیان لەگەڵ خۆیان برد. ئەو کەللەسەرە تۆزێك تەنیا بوو هەتا کەللەسەرێکی دیکەشیان دۆزییەوە و ئەوجار لە تەنیشت یەکیان دانان. کە بەتانیەکەیان پڕ بوو لە ئێسقان، پێنج کەللەسەریشی لەسەر بوو، کە پێیان پێدەکەنین.

پەروانە گوتی: "من تەنگاوم. بەڵام بچمە کوێ؟"

شوزیە سەیرێکی دەوروپشتیانی کرد و گوتی: "ئەمنیش."

گوتی وەرە با بچینە نێو ئەو کاولاشەوە. لەوێ، تۆ بچووە پشت ئەو دەرگایە و من ئاگام لێ دەبێ."

ـ ئاگات لە من دەبێ؟

ـ نا، لە ئێسقانەکان.

ـ هەر ئاوا راست بچمە ئەوێ؟

ـ کەس سەیرت ناکا. چار نیە. یان دەبێ بچی، یان خۆت راگری.

پەروانە سەری لەقاند و تەختەکەی دانا. هەتا ئەو ساتە هەر خۆی راگرتبوو، کە دڵنیابوو کەس سەیری ناکا، بەرەو خانووەکە کەوتە رێ.

ـ قاسم؟

پەروانە ئاوڕێکی داوە و سەیری برادەرەکەی کرد.

شوزیە گوتی: "ئاگات لە "مین" بێ.

ئەوجار بزەیەکی هاتێ.

پەروانە بە زەردەیەك وەڵامی بزەکەی ئەوی دایەوە. لەوانەبوو شوزیە گاڵتەی پێ بکا، بەڵام بەو حاڵەشەوە، بە پارێزەوە پێی دادەنا.

باوکی بەردەوام دەیگوت: "زەویی کابول، مینی زیاترە لە گوڵ. مینەکانیش وەك رۆکێتەکان لە هەموو شوێنێکن، بەڵام بەبێ ئەوەی خۆت ئاگات لێ بێ، دەتتەقێننەوە. خۆ براکەتت لەبیرە؟"

پەروانە ئەو رۆژەی لەبیر بوو کە یەکێك لە کاربەدەستانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان هاتووە پۆلەکەیان. ئەو "مین"ی جۆراوجۆری پێشانیان دابوو. پەروانە هەوڵی دا شێوە و بیچمەکانیان وەبیر خۆی بێنێتەوە. بەڵام هەر ئەوەندەی لەبیر بوو کە هەندێکیان وەك کەلوپەلی یاریی منداڵان دروست کرابوون. ئەو مینە تایبەتییانەی منداڵیان فریو دەدا و دەیانتەقاندنەوە.

پەروانە بە ماتەمات سەیرێکی پشت دەرگاکەی کرد. جاری وابوو دوژمن بەر لە بەجێ هێشتنی شوێنەکان، نێو خانووە رووخاوەکانیان بە مین دەچاند. تۆ بڵێی کەس لەوێش مینی چاندبێ؟ یانی ئەگەر پێی لەوێ دابنێ دەتەقێتەوە و پەرش و بڵاوی دەکا؟

دەیزانی سێ رێگای لە پێشە، یان دەست بە ئاو نەگەیەنێ تا دەچێتەوە ماڵێ، کە ئەوەیان مەحاڵ بوو، چونکە هەر بەراستی لەوەپتر خۆی پێ نەدەگیرا. یان لە دەرەوەی بیناکە کارەکەی بکا، کە لەوانەبوو یەکێك بیبینێ و بزانێ کوڕ نیە و کچە. رێگەی سێهەمیش ئەوە بوو بچێتە ئەو شوێنە تاریکەوە و لە جێیەکی چۆڵ کارەکەی بکا، بە هیوایەی نەتەقێتەوە.

رێگەی سێهەمی هەڵبژارد و چووە نێو بیناکەوە. نەتەقییەوە.

کە گەڕایەوە، شوزیە لێی پرسی: "مینی لێ نەبوو؟"

پەروانە کە هێشتاش دەلەرزی، هەر بۆ پێکەنین گوتی: "بە شەقێك لەسەر رێیەکەم لامدا."

پاش ئەوەی شوزیەش چوو و گەڕاوە، پێکەوە ئێسقانەکانیان لە بەتانیەکەدا لەسەر یەك هەڵچنی و کەللەسەرەکانیشیان لەسەرەوەیان دانا و بردیانە لای دەڵاڵەکە بۆ ئەوەی بیکێشێ. دەڵاڵەکە بۆ سەنگ و سووککردنی هەموو ئێسقانەکان ناچار بوو سێ جاران سەتڵەکەی پڕ و بەتاڵ بکاتەوە. دوایی خستییەوە سەر یەك و گوتی ئەوەندە کیلۆیە و ئەوەش پارەکەی.

پەروانە و شوزیە هیچ قسەیەکیان نەکرد هەتا لە دەڵاڵەکە دوور کەوتنەوە. چون دەترسان کابرا حیسابەکەی لێ تێك چووبێ و پارەی زیادەی پێ دابن.

پەروانە گوتی: "ئەوە هێندەی داهاتی سێ حەوتووی رابردوومە."

شوزیە گوتی: "دەی خۆ من گوتام پارەی باشمان دەست دەکەوێ.

نیوەی دراوەکەی دا بە پەروانە و گوتی: "بۆ ئەمڕۆمان ئەوەندە بەسە، یان دیسان بچینەوە؟"

پەروانە گوتی: "جا بۆ نەچینەوە؟"

دایکی چاوەڕێی بوو بۆ نانی نیوەڕۆ بچێتەوە ماڵێ، بەڵام هەرچۆنێك بێ بیانوویەكی بۆ دێناوە."

عەسرێ، هەورەكان تۆزێك رەوینەوە و تیشكێكی كز، گۆڕستانەكەی رووناك كردەوە.

پەروانە نقورچكێكی لە شوزیە دا. هەردووكیان سەریان هەڵێنا و سەیری گۆڕە هەڵكەنراوەكان و تەپۆڵكەی خۆڵ و ئەو كوڕانەیان كرد، كە تۆزاوی و خۆڵاوی و چڵكن، ئارەقەیان كردبوو. ئەوجار سەیری كۆگایەك ئێسقانی سپییان كرد، كە لە لای خۆیانەوە بوو و لەبەر تاوەكە دەبریسكانەوە.

پەروانە گوتی: "ئەمڕۆمان هەرگیز لەبیر ناچێتەوە. هەركات وڵات هێور و خۆش بۆوە و گەورە بووین، دەبێ لەبیرمان بمێنێ كە ئەو رۆژەی منداڵ بووین و چووینە گۆڕستانەكە، ئێسك و پرووسكمان دەرهێنا بۆ ئەوەی بیفرۆشین و بژێوی ماڵەوەی پێ بكڕین."

ـ جا كێ بڕوامان پێ دەكا؟

ـ كەس بڕوا ناكات، بەڵام خۆ ئێمە درۆ ناكەین.

ـ كاتێ پیر و دەوڵەمەنیش بووین، پێكەوە دادەنیشین و چا دەخۆینەوە و باسی ئەمڕۆ دەكەین.

ئەو جووتە خۆیان خستە سەر تەختەكانیان و سەیری كاری منداڵەكانی دیكەیان كرد. كاتێ خۆر دیسان لە پشت گەواڵە هەورەكاندا بزر بۆوە، دیسان دەستیان پێ كردەوە. ئەو رۆژی، بەر لەوەی كات درەنگ بێ، دیسان بەتانیەكەیان پڕ كردبوو.

شوزیە گوتی: "ئەگەر هەموو پارەكەمان بدەینە ماڵەوە، لە خۆڕایی رێگایەك دەدۆزنەوە بۆ خەرجكردنی و هیچ كات سینیی دەستفرۆشیمان پێ ناكڕدرێ. من پێم وایە دەبێ هەندێكی بۆ خۆمان راگرین و هەمووی نەدەینە ئەوان."

ـ بە ماڵەوەتان دەڵێی ئەمڕۆ چیت كردووە؟

ـ نا.

ـ منیش نایڵێم. هەر هێندەی جارانیشیان پارە دەدەمێ، لەوانەشە تۆزێك پتر. لەوانەیە رۆژێك پێیان بڵێم، بەڵام جارێ پێیان ناڵێم.

كە لێك دابڕان، وایان دانا سبەی بەیانییش یەكتر ببیننەوە، بۆ ئەوەی دیسان گۆڕەكان بدەنەوە*. پەروانە بەر لەوەی بچێتەوە ماڵەوەیان، چووە دەم شێرەی ئاوەكە. جلوبەرگەكانی زۆر پیس ببوون. شوشتنی و

*گۆڕەكان بدەنەوە: گۆڕەكان هەڵبدەنەوە. بدنەوە: هەڵبدەنەوە.

ئەوجار دراوەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و کردییە دووبەش. بەشێکی لە گیرفانی نا، بۆ ئەوەی بیداتە دایکی، ئەویدیکەی خستە نێو جانتاکەی و لە تەنیشت قەڵەم و کاغەزەکەی باوکییەوە شاردییەوە.
دواجار سەریشی وەبەر شێرەی ئاوەکە دا، بەو هیوایەی ئاوە ساردەکە، وێنەی هەموو کارەکانی ئەو ڕۆژەی لەبەر چاوی لابەرێ. بەڵام هەرجارێکی چاوی لێك دەنا، کاك کەللەسەر و برادەرەکانیی وەبیر دەهاتەوە، کە لەسەر کێلەکان ریزیان بەستبوو و پێی پێ دەکەنین.

هەر پەروانە پێی نایە ژوورەوە، مەریەم گوتی: "ئەوە بۆ وا خووساوی؟"

دایکی بە پەلە بۆ لای هات و گوتی: "کچم ئەوە بۆ وای؟ باشی؟ تا ئێستا لەکوێ بووی؟ ئەی بۆچی بۆ نانی نیوەڕۆ نەهاتییەوە؟"

پەروانە گوتی: "کارم دەکرد."

ویستی بڕوا، بەڵام دایکی توند شانی گرت و دیسان لێی پرسییەوە: "لەکوێ بووی؟ دانیشتبووین و زەندەقمان چوبوو و پێمان وابوو گرتوویانی. لەکوێ بووی؟"

پەروانە ئەو ڕۆژە چیی دیتبووی و نەیدیبوو، هەمووی هاتەوە بەر چاوی. دەستی لە ئەستۆی دایکی کرد و گریا. دایکی لە ئامێزی گرت، هەتا تۆزێك هێور بۆوە و توانیی قسە بکا.

ـ دەی باشە پێم بڵێ بزانم ئەمڕۆ لەکوێ بووی؟

پەروانە نەیدەوێرا سەیری چاوی دایکی بکا و ڕاستییەکەی پێ بڵێ. دەموچاوی بە دیوارەکەوە نا و گوتی: " گۆڕەکانم هەڵدەداوە."

نوریە پرسیی: "چیت دەکرد؟"

پەروانە ئاوڕی دایەوە و لەسەر دۆشەگەکە دانیشت و سەرلەبەر بۆی گێڕانەوە.

مەریەم پرسیی: "هەر بەراستی ئێسکیش بوون؟"

دایکە گوتی: "یانی کاری ئەفغانستان گەیوەتە ئاستێك، کە ئێسك و پرووسکی باب و باپیرانمان لە گۆڕ بێنینەوە دەرێ، بۆ ئەوەی بتوانین تێر زگێك نان بخۆین؟"

مامۆستا ویرا وەڵامی داوە: "ئێسقانەکان شتی جۆراوجۆریان لێ دروست دەکرێ. خواردنی مریشك، ڕۆن، سابوون و قۆپچە. بیستبوون ئێسك و پرووسکی ئاژەڵان بۆ ئەو شتانە بەکار دێنن، بەڵام پێم وانەبوو ئێسکی ئینسانیش. پێم وایە بنیادەمەکانیش بوونەتە حەیوان."

نوریە پرسیی: "جا بایی ئەوە دەبوو؟ چەندەت پارە وەرگرت؟"

پەروانە بەشێك لە پارەکەی لە گیرفانی و بەشەکەی دیکەشی لە جانتاکەی هێنا دەرێ و لە بەردەمیان دانا.

مامۆستا ویرا بە تەتەڵە گوتی: "ئەو هەمووە پارەیەت بۆ هەڵدانەوەی قەبر وەرگرتووە؟"

دایکە گوتی: "سبەی دەچیتەوە سەر نامەخوێندنەوە و نووسینەکەت و ئیتر ناچیتەوە بەلای قەبر دانەوەدا. ئێمە پارەی حەرامان ناوێ."

پەروانە گوتی: "نا."

ـ چیی؟ چیت گوتی؟

ـ نامەوێ بەو زووانە دەست لەو کارە هەڵگرم. من و شوزیە دەمانەوێ لەو سینیانە بکڕین وا شتیان لە نێودا دادەنێن بۆ فرۆشتن. بەو جۆرە لەبری ئەوەی لە یەك شوێن دانیشم هەتا خەڵك بێن بە شوێنمدا، دەتوانم خۆم بڕۆم بە شوێن کڕیاردا. دەتوانم پارەی زیاتریش پەیدا بکەم.

ـ هەر بەوەندەی لە نامە خوێندنەوە پەیدا دەکەی، پێی دەژیێین.

نوریە گوتی: "نا دایە. بەشمان ناکا."

دایکە ئاوڕی دایەوە بۆ ئەوەی لەسەر ئەو قسەیە لۆمەی نوریە بکا، بەڵام نوریە لەسەر قسەکەی ڕۆیشت: "ئیتر هیچمان نەماوە بیفرۆشین. بەو پارەیەی پەروانە دەیهێنێتەوە، هەر برنج و چامان پێ دەکڕدرێ و هیچی دی. پارەمان بۆ کرێی خانوو و گاز و نەوتی چراش دەوێ. ئاوا دەتوانێ پارەیەکی پتر پەیدا بکا. خۆشی پێی خۆشە. پێموایە دەبێ لێی گەڕێی."

نۆرەی پەروانە بوو، سەری سوور بمێنێ. یانی ئەوە نوریە بوو لەسەر بەجواب دەهات؟ لەوە پێش قەت وا نەببوو.

ـ شوکور بابت لێرە نیە و نازانێ تۆ ئاوا قسە لەگەڵ من دەکەی و جوابەجەنگێم دەکەی[*].

مامۆستا ویرا لەسەر خۆ گوتی: "مەسەلە ئەوەیە. بابیان لێرە نیە. وەزعەکە ئاسایی نیە. وا لە خەڵکی ئاسایی دەکەن، کاری نائاسیی بکەن، بۆ ئەوەی بژین."

ئاخرییەکەی دایکی کۆڵی دا، بەڵام بە پەروانەی گوت: "هەر شتێك روو بدا، دەبێ بۆم بگێڕییەوە. هەمووی لە گۆڤارەکەدا دەنووسمەوە، بۆ ئەوەی هەمووان ئاگادار بن."

لەمەودوا، پەروانە ئەگەرچی لە گۆڕستانەکە برسیشی دەبوو، بەڵام ئامادە نەبوو لە نێوەڕاستی ئەو شوێنە پڕ لە ئێسك و پرووسکە دەم لە هیچ شتێك بدا. ئەو نانەکەی خۆی دەدا بە یەکێك لە سواڵکەرە کابولییەکان، بۆ ئەوەی لانیکەم زگی یەکێکی دیکەی تێر کردبێت.

لە کۆتایی حەوتووی دووەمدا، ئەوەندەیان پارە کۆ کردبۆوە، سینیەکەی پێ بکڕن. سینیەك کە بە قایشێك بە ملیانەوە هەڵدەواسی.

شوزیە گوتی: "دەبێ شتی وا بفرۆشین، زۆر قورس نەبن."

---

[*] جوابەجەنگێ: قسەکردنەوە لە قسەی گەورەکاندا. قسەشکاندنی گەورەکان. بە قسەنەکردن و جوابدانەوەی خراپ

ئیتر بڕیاریان دا جگەرە بفرۆشن. چونکە دەیانتوانی کارتۆنێك جگەرە بکڕن و پاکەت پاکەت بیفرۆشنەوە. دەیانتوانی بنێشتیش بە دەنك و بە بەستە بفرۆشن. قووتووە شەقارتەش بۆ پڕکردنەوەی شوێنە بەتاڵەکانی سینییەکە باش بوو.

پەروانە گوتی: "من دڵم بەوە خۆشە لەو گۆڕستانە نەجاتم بوو."

پەروانە فێری ئەوە بوو، جۆرێك بە ڕێگادا بڕوات، سینییەکە ڕاست ڕابگرێ. چونکە نەیدەویست هیچ کام لە کەلوپەلە بەنرخ و گرانباییەکانی بەرببنەوە.

بۆ سبەینێ دیسان چۆوە شوێنەکەی جارانی، کە نامەی لێ دەنووسی. ئاخرییەکانی کارکردنی بوو، کە هەستی کرد شتێك بە سەری کەوت.

بەخۆی گوت: دەستی زۆر ڕاستە. چونکە دوو شت پەیتا پەیتا بە پشتەسەری کەوتبوون.

دیاریی ئەو ڕۆژەی ژنەکە، مۆرەیەکی سووری چێوی بوو. پەروانە لە نێو پەنجەکانیدا سووڕاندییەوە و بە سەرسووڕمانەوە خەیاڵ هەڵیگرت. ئەو ژنە کێیە ئاوا دیاریی بۆ دەنێرێ؟

ئیتر کاری گۆڕستانەکە تەواو ببوو و دیسان دەیتوانی نیوەڕۆیان نوریە و خوشك و برا بچووکەکەی لە ماڵەوە بەرێتە دەرەوە. نوریەش هەڵسوکەوتی گۆڕابوو. لە مێژبوو ئیتر خراپ لەگەڵ پەروانە نەدەجووڵاوە و ئەزیەتی نەدەکرد.

لەوانەیە پەروانەش گۆڕابێ. چونکە ئیتر مشتومڕ و چەقەی لەگەڵ نوریەدا بە شتێکی خۆڕایی دەزانی.

دوانیوەڕۆیان دەچووە سەردانی شوزیە. ئەوان پێکەوە بە شەقامەکانی کابولدا بە شوێن کڕیاردا دەگەڕان. ئەگەرچی ئەو داهاتیان هێندەی پارەی خڕکردنەوەی ئێسك و پرووسك نەبوو، بەڵام لە سەر یەك قایل بوون. پەروانەش وردە وردە شوێنە جۆراوجۆرەکانی کابول فێر بوو.

دوانیوەڕۆی ڕۆژێکی هەینی، شوزیە ئاماژەی بە گۆڕەپانی وەرزش کرد، کە هەزاران کەس بەرەو شوێنی سەیرکەران دەڕۆیشتن و گوتی: "تەح لەو هەمووە خەڵکە."

پەروانە گوتی: "زۆر باشە. خەڵك لە کاتی سەیرکردنی تۆپێندا پێیان خۆشە جگەرەی بکێشن یان بنێشت بجوون. وەرە بچین."

بە تاڵووکە و خێرا، بەجۆرێك پاکەتەکانیان بەر نەبنەوە، بەرەو ستادیۆمەکە بەڕێ کەوتن. ژمارەیەکی زۆر لە سەربازەکانی تاڵیبان خەڵکەکەیان بە زۆری دەنارده نێو ستادیۆمەکەوە و دەیانگوڕاند، کە دەبێ پەلە

بکەن. ئەوان بەزۆر پاڵیان بە خەڵکەوە دەنا و قوڵەدارەکانی دەستیان لێ رادەوەشاندن، بۆ ئەوەی ئەوانەی هێواش دەڕۆن، خێراتر بن.

شوزیە گوتی: "ئاگات لێ بێ، ئەوانە نەمانبینن."

ئیتر لەگەڵ ئاپۆرای خەڵکەکە چوونە ژوورەوە.

شوێنی سەیرکەران دەرزیت هەڵاویشتبایە وەعەرزی نەدەکەوت. پەروانە و شوزیە بە دیتنی ئەو حەشامەتە، تۆزێك ترسان، هەر بۆیەش شان بە شانی یەکتری لە پلیکانەکان سوونە سەرێ بۆ ئەوەی شتەکانیان بکرِن.

شوزیە گوتی: "لەچاو ئەوەی مەیدانی تۆپێنە، بەڵام زۆر بێدەنگە."

پەروانە وەڵامی داوە: "هێشتا یارییەکە دەستی پێ نەکردووە. لەوانەیە کاتێ یاریزانەکان دێن، ببێتە قریوە و هەرا."

ئەو لە بەرنامە وەرزشییەکانی تەلەڤزیۆندا دیتبووی کە هاندەرەکان چۆن دەنەرِێنن.

لەوێ کەس دەنگی لێ نەدەهات. هەموو ئەوانەی لەوێ بوون، خەفەتبار بوون.

پەروانە بە سرتە بە شوزیەی گوت: "زۆر سەیرە."

کاتێ دەستەیەك لە سەربازەکانی تاڵیبان لە نزیك ئەوانەوە هاتنە نێو مەیدانەکەوە، هەردووکیان خۆیان وا مات کرد، هەر ئەوەندەی بتوانن نێو مەیدانەکە ببینن، بەڵام تاڵیبانەکان ئەوان نەبینن.

شوزیە گوتی: "وەرە لێرە برِۆینە دەرێ. کەس هیچمان لێ ناکرِێ. نازانم بۆ، بەڵام دەترسم."

پەروانە گوتی: "راوەستە با یارییەکە دەست پێ بکا، دوایی دەچینە دەرێ. ئەگەر ئێستا برِۆین خەڵك سەیرمان دەکەن."

سەند کەسێکی دیکەش هاتنە ژوورەوە. بەڵام ئەوان یاریزان نەبوون. دەستیان لە پشتەوە شەتەك درابوو. دوو سەربازیش مێزێکی گەورە و قورسیان هێنایە نێو گۆرِەپانەکەوە.

شوزیە بە سرتە گوتی: "پێم وایە ئەوانە زیندانین."

پەروانەش وەك ئەو سەبرێ گوتی: "جا زیندانی بۆ دێننە مەیدانی تۆپێن؟"

شوزیە شانی هەڵتەکاند.

دەستی یەکێك لە پیاوەکانیان کردەوە. لە بەردەم مێزەکەدا چۆکیان پێ دادا. چەند سەربا گرتیان و دەستیان راکێشا و لەسەر مێزەکەیان دانا.

پەروانە هەر بە مێشکیشیدا نەدەهات و نەیدەزانی ئەوانە دەیانەوێ چ بکەن. ئەی کوان یاریزانەکان؟

لە نەکاو یەکێك لە سەربازەکان شمشێرەکەی هەڵکێشا، هەڵیهێنا و بەسەر دەستی کابرایدا کێشا. خوێن فیچقەی کرد. کابرا یەك بەخۆی هاواری کرد.

شوزیەش لە بن گوێی پەروانە زریکاندی. پەروانە دەستی لەسەر دەمی دانا و بردییە خوارەوە. سەیرکەرەکان هیچ متەقیان لێوەنەهات.

دەنگێك لە سەرەوەی پەروانەوە گوتی: "سەرتان دانوێنن کوڕینە. جاریَ ماوتانە شتی ئاوا ببینن."

جگەرە و بنێشتەکانیان لیَ رژابوو. کابرایەك لە تەنیشتیانەوە بوو. هەمووی بۆ خڕ کردنەوە و پێی دانەوە. پەروانە و شوزیە لە بەرپێی خەڵکەکە پاڵیان بە یەکەوە دا و گوێیان لە دەنگی زەبری ئەو شمشێرانەش هەڵخست کە شەش دەستی دیکەشیان پەڕاند.

سەربازەکان روویان کردە ئاپۆرای خەڵکە و گوڕاندیان: "ئەوانە دزییان کردووە. خۆ دەبینن چۆن دزەکان سزا دەدەین؟ دەستیان دەپەڕێنین. خۆ دیتتان چمان لیَ کردن؟"

شوزیە و پەروانە سەیریان نەکرد. ئەوان سەریان هەروا دانواندبوو، هەتا دەنگە میهرەبانەکە گوتی: "جاریَ تەواو بوو. تا حەوتووی دادیَ. دەی هەستن وەرنە سەرەوە."

دوایی ئەو وچەند پیاوی دیکە لە دەوری پەروانە و شوزیە خڕ بوونەوە و بردیاننە دەرەوەی مەیدانەکە.

پەروانە بەر لەوەی بچێتە دەرەوە، چاوی بە سەربازێکی تاڵیبان کەوت. ئەوەندە منداڵ بوو هێشتا خەتی لیَ نەدابوو.

ئەو کوڕە پەتێکی بە دەستەوە بوو، کە دەستە پەڕیوەکانی وەك ملوانکە پێوە کردبوو. ئەو بە پێکەنینەوە خەنیمەتەکانی خۆی نیشانی خەڵك دەدا. پەروانە خوداخودای بوو شوزیە ئەو دیمەنەی نەدیتبیَ.

کابرا میهرەبانەکە پێی گوت: "رۆڵەگیان برۆنەوە ماڵەوە. برۆنەوە و بیر لە شتی باش بکەنەوە. "

پەروانە ماوەی چەند رۆژێك لە ماڵەوە نەهاتە دەرێ. دیارە بۆ ئاوهێنان دەچووە دەرێ. لەگەڵ نوریەش دەچوو، بۆ ئەوەی خوشك و برا بچووکەکەی بەرێتە بەر هەتاو. بەڵام حازر نەبوو لە بنەماڵەکەی دوور بکەوێتەوە.

بە دایکی گوت: "پێویستم بە حەسانەوەیەکە. دەمەوێ لانیکەم بۆ چەند رۆژێکیش بێ، ئەو چەپەڵی و دزێوییانە نەبینم."

دایکە و مامۆستا ویرا لە ژنەکانی تاقمەکەی خۆیان هەندێ شتیان لە بارەی رووداوەکانی مەیدانی وەرزشەوە بیستبوو. برا یان مێردی هەندێکیان چووبوونە ئەوێ. دایکە گوتی: "هەموو هەینییان ئاوایە. باشە ئێمە لە چ سەدەیەکدا دەژیێین؟"

پەروانە دەیویست لێی بپرسی، کە ئاخۆ باوکی ئەویش دەبەنە ئەوێ یان نا؟ بەڵام نیپرسی، چونکە دایکیشی شتێکی وای نەدەزانی.

ئەو رۆژانەی لە ماڵەوە بوو، مەریەمی فێری بیرکاری دەکرد یان خۆی لە نوریە فێری دروومان دەبوو. گوێی لە هەقایەت و بەسەرهاتەکانی مامۆستا ویراش رادەگرت. ئەو هێندەی باوکی بەباشی چیرۆکی نەدەگێڕاوە، زۆربەی هەقایەتەکانی باسی مەیدانی تۆپێن یان رووداوە وەرزشییەکان بوو. بەو حاڵەشەوە هەر باش بوون. پێیەوە دەخافڵان. مامۆستا ویرا بە تام و خوێوە دەیگێڕانەوە، بۆ ئەوەی هەمووان پێیان خۆش بێ.

ئەو رۆژەی نانیان لێ بڕا، کەس هیچی بە پەروانە نەگوت. بەڵام خۆی هەستا و چۆوە سەر کارەکەی. چار نەبوو، دەبوو هەندێ ئیش هەر بکا.

کە شوزیە پەروانەی لە بازاڕ دی، گوتی: "پێم خۆشە هاتوویەوە سەر کارەکەت. زۆرم بیر کردبووی. لە کوێ بووی؟"

پەروانە گوتی: "تاقەتی کارکردنم نەبوو. ەزم لێ بوو چەند رۆژێك بەبێ دەنگی و ئارام بژیم."

ـ من زۆری گوێ نادەمێ. چونکە هات و هەڵڵای ماڵەوەمان پترە لە هیی بازاڕ.

ـ هێشتاش هەر شەڕە لە ماڵتاندا؟

شوزیە سەری بۆ لەقاند.

ـ ئەگەر راستیت دەوێ، کەسوکاری بابم هەر لە پێشداش دایکمیان زۆر خۆش نەدەویشت. بەڵام ئێستا ناچارن، پاڵ بەوەوە بدەن. هەر ئەوەشە ئەوەندەی دیکەی تێك داون. دایکشیم بێ تاقەت و تووڕە بووە.

چونکە هیچ کوێی نیە بچێ و ناچارە لەگەڵ ئەوان بژیێ. هەر بۆیەش هەمووان نێوچاوان گرژ و توورە و تۆسنن. وای دانێ هەر شەڕیش نەکەن، دادەنیشن و چاو لە چاوی یەك دەبڕن.

پەروانە کەوتەوە بیری ئەو ڕۆژانەی ماڵەکەی خۆشیان هەموو کڕ و کپ دادەنیشتن و فرمێسك لە چاویاندا قەتیس دەما و بەملاولادا دەڕۆیشتن. ئێستا دەیزانی شوزیە بۆ وابوو. بە رواڵەت ماڵی ئەوان خراپتریش بوو.

شوزیە لێی پرسی: "دەتوانم نهێنیەکت لا بدرکێنم؟"

پەروانەی بردە پەنا دیوارێکی نەوی، بۆ ئەوەی هەردووکیان دانیشن.

ـ ئا ئا خاترجەم و دڵنیا بە. بە کەس ناڵێم.

ـ خەریکم پارە کۆ دەکەمەوە. هەر رۆژەی بڕێك. دەمەوێ لێرە بڕۆم.

ـ بۆ کوێ؟ کەی؟

شوزیە لە کاتی قسەکردندا بەردەوام پێی بە دیوارەکەدا دەدا. پەروانە پێشی گرت. چونکە دیتبووی تاڵیبانیەکان چۆن لەو منداڵانە دەدەن کە زرمە لە تەختە شکاو دێنن و وەك تەپڵ دەیکوتن. پیاوانی تاڵیبان رقیان لە مۆسیقا دەبووەوە.

شوزیە گوتی: "هەتا بەهارێ لێرە دەبم. تا ئەوکات پارەیەکی زۆر کۆ دەکەمەوە. زستانێش هەر نەڕۆم باشترە."

ـ تۆ پێت وایە هەتا بەهارێ بتوانین ئەو رواڵەتە کوڕانەیەمان بپارێزین؟ زۆری ماوە بۆ ئەو کات.

شوزیە گوتی: "دەبێ بیپارێزین. ئەگەر جلوبەرگی کچانە لەبەر بکەین، دەبێ لە ماڵەوە دانیشین. من تاقەتی ئەوەم نیە. "

ـ ئەی دەتەوێ بچییە کوێ؟

ـ فەڕەنسا. سواری بەلەم دەبم و دەچمە فەڕەنسا.

ـ جا باشە بۆ فەڕەنسا؟

شوزیە گەش بۆوە و گوتی: "زۆرم وێنەی فەڕەنسا دیتووە. لە هەموویاندا خۆر دەدرەوشێتەوە. خەڵك پێدەکەنن و گوڵەکان گەش و پشکووتوون. دیارە خەڵکی فەڕەنساش ڕۆژە ڕەشی و نەهامەتییان بەسەر هاتووە، بەڵام پێم وا نیە هێندەی ئێمە. واتە لێرەیان خراپتر بەسەر نەهاتووە. لەو وێنەیەدا مەزرا(مەزرەعە)یەکم دی، پڕ پڕ بوو لە گوڵی وەنەوشەیی. حەزم لێیە بچمە شوێنێکی ئاوەها. پێم خۆشە بچمە نێو ئەو مەزرایەوە و لە نێوەڕاستی گوڵەکاندا دابنشیم و بیر لە هیچ نەکەمەوە."

پەروانە کە بە زۆروزۆرداری نەخشەی جیهانی دەهێنایەوە بیر خۆی، وەڵامی دایەوە: "پێم وانیە بتوانی بە بەلەم بچیتە فەرەنسا."

ـ دڵنیابە دەتوانم. بیرم لە هەموو لایەکی کردووەتەوە. دەچمە لای قەرەجەکان و پێیان دەڵێم هەتیوم. دوایی لەگەڵ ئەوان دەچمە پاکستان. باوکم دەیگوت، لەگەڵ سووڕانی وەرزەکاندا، قەرەج و کۆچەرییەکانیش مەڕ و ماڵاتەکانیان دەبەنە ئەوێ و دوایی دەگەڕێنەوە. لە پاکستانەوە دەچمە کەنداوی فارس و لەوێشەوە سواری بەلەم دەبم و دەچمە فەرەنسا."

وای قسە دەکرد، وەك بڵێی هیچ شتێك لەوە ئاسانتر نەبێ.

ـ لەوانەیە یەکەم بەلەم کە سواری دەبم، راستەوڕێ نەچێتە فەرەنسا. بەڵام هەر هیچ نەبێ لێرە دوور دەکەومەوە. کە لێرە بچمە دەرێ، ئەویدیکەی ئاسانە.

پەروانە، کە بەلایەوە مەحاڵ بوو خۆی بتوانێ بەتەنیایی شتێکی وای لە دەست بێ، پرسیی: "یانی خۆت بەتەنیایی دەڕۆی؟"

شوزیە وەڵامی دایەوە: "جا کێ کاری بەسەر کوڕە هەتیوێکەوە هەیە؟ کێ کاری بە منە؟ هەر ئەوەندە هیوادارم درەنگ لێرە نەڕۆم."

ـ مەبەستت چییە؟

شوزیە بە دەنگێکی نزمتر گوتی: "خەریکە گەورە دەبم. رواڵەتم وا دەگۆڕدرێ. بێت و ئاوا بڕوا، شێوەی کچانە دەگرم و ناچار دەبم لە ماڵەوەدا بمێنمەوە. تۆ پێت وانیە من زۆر خێرا هەڵدەدەم؟ لەوانەیە تەنانەت پێویست بکا بەر لە بەهار بڕۆم."

پەروانە پێی خۆش نەبوو شوزیە بڕوا، بەڵام هەوڵی دەدا راستییەکەی پێ بڵێ: "پێم وانیە کتوپڕ گەورە بین. من پێم وایە جارێ کاتت بەدەستەوەیە."

شوزیە دیسان پێلەقەی لە دیوارەکە کوتا و بۆیەش هەستایە سەر پێ، بۆ ئەوەی حەزی لێ نەبێ لە دیوارەکە بکوتێ. پاشان گوتی: "چرکەکانیش دەژمێرم بۆ ئەو کات."

ـ دڵت دێ ماڵەوە بەجێ بێڵێ؟ ئەی ئەوان چ بخۆن؟

ـ بەمن چی؟

شوزیە دەنگی هەڵێنابوو، بەڵام دەنگی نووسابوو. هەوڵی دا نەگریێ.

ـ هەر دەبێ لێرە بڕۆم. دەزانم ئەگەر وا بکەم، ئەوانیدیکە بە کەسێکی خراپم تێ دەگەن. بەڵام چ بکەم. لێرە بمێنمەوە دەمرم."

پەروانە کەوتەوە بیر مشتومڕەکانی باوکی و دایکی. دایکی سوور بوو لەسەر ئەوەی ئەفغانستان بەجێ بێڵن و باوکیشی پێداگر بوو بمێننەوە. بۆ یەکەمین جار، بیری لەوە کردەوە کە بۆچی دایکی بەبێ باوکی نەڕۆیشت؟ بەڵام زۆری نەبرد، وەڵامی خۆی دایەوە، ئەو لەبەر ئەوەی چوار منداڵی بە ملەوە ببوو، نەیدەتوانی بە دزییەوە بڕوا.

پەروانە گوتی: "من هەر حەزم لێیە، منداڵێکی ئاسایی بم. حەزم لێیە بچمەوە قوتابخانە و بگەڕێمەوە ماڵێ و خواردنێك بخۆم، کە کەسێکی دیکە دابینی کردووە. پێم خۆشە باوکم لە لامان بێ. من هەر ژیانێکی ئاسایی بێ قڕە و بڕەم دەوێ."

شوزیە گوتی: "من پێم وانیە ئیتر بتوانم لە پۆلدا دابنیشمەوە. دوای ئەو هەمووە گۆڵمەز و گێچەڵەی بەسەرم هاتووە، ئیتر ناتوانم."

ئیتر سینیەکەی راست کردەوە و کەلوپەلەکانی رێك خستنەوە و گوتی: "نهێنیەکەم دەپارێزی؟"

پەروانە سەری بۆ لەقاند.

شوزیە گوتی: "دەتەوێ لەگەڵم بێی؟ ئاوا دەتوانین ئاگاشمان لە یەکتری بێ."

پەروانە گوتی: "نازانم."

دەیتوانی ئەفغانستان بەجێ بێڵێ، بەڵام ئەی بنەماڵەکەی؟ پێی وانەبوو بتوانێ. گوتی: "منیش نهێنیەکم هەیە."

دەستی لەگیرفانی نا، چەند دیارییەکی بچووکی دەرهێنا، کە ژنەکەی پشت پەنجەرەکە پێی دابوو. بۆی گێڕاوە.

شوزیە گوتی: "وەی ی ی، خوایە گیان. نهێنیەکی راستەقینە. تۆ بڵێی ئەو ژنە کێ بێ؟ لەوانەیە شازادەیەك بێ."

پەروانە گوتی: "لەوانەیە بتوانین رزگاریشی بکەین."

جا خۆی هاتە پێش چاو، کە لە دیوارەکە وەسەر دەکەوێ و بەدەستی خۆی، پەنجەرە رەنگکراوەکەی دەشکێنێ و شازادە خاتوون لەگەڵ خۆی دێنێتە خوارێ. دوایی شازادەخاتوون کە جلوبەرگەکانی هەمووی هەوریشمن و خشڵ و بەرموور و بازنەی زۆرن، دەخاتە تەرکی ئەسپێکی خۆشبەز و بە چوارناڵە بە شەقامەکانی کابولدا دەڕۆن و تەپوتۆز هەڵدەستێنن.

گوتی: "بەڵام ئەسپێکی خۆشبەزم پێویستە."

شوزیە ئاماژەی بە مێگەلە مەڕێك کرد، کە لە زبڵ و زاڵەکەی دەوری بازاڕ دەلەوڕان. گوتی: "پێت چۆنە یەکێك لەوانە بگری؟ "

پەروانە پێکەنی و هەردووکیان بەرەو ماڵ بوونەوە.

لە سەر پێشنیاری دایکی، پەروانە هەندێ چەرەزاتی کڕی. نوریە و مەریەم لە چەند توورەکەیەکیان کردن. پەروانە توورەکەکانی لەسەر سینیەکەی دانا، بۆ ئەوەی کاتێ لەسەر بەتانیەکەی دادەنیشت و ئەو کاتانەیش کە دەگەڕا، بیانفرۆشێتەوە.

دوانیوەڕۆیان ئەو و شوزیە بە شوێن کڕیاردا، بە بازاڕدا دەخولانەوە. جارجارە دەچوونە وێستگەی پاسەکەش. ەلاّم لەوێ خەنیمیان زۆر بوو. چونکە زۆربەی کوڕەکان لەوێ شتیان دەفرۆشت. ئەوان بە بەردەم خەڵکەکەدا رایان دەکرد و پێشیان دەگرتن و دەیانگوت: "بنێشتت ناوێ؟ میوەیە ناکڕی؟ دەی ئەم جگەرەیە بکڕە."

بەلاّم پەروان و شوزیە قەت لە روویان هەڵنەدەهات وا بکەن. ئەوان پێیان باشتر بوو، چاوەڕێ بن تا کڕیار خۆیان بێنە شوێنیان.

پەروانە شەکەت ببوو. حەزی لێ بوو لە پۆلدا دابنیشێ. تەنانەت ئەگەر وانەی جوگرافیا وەڕەزیشی بکا. حەزی لێ بوو لای برادەرەکانی بێ، لەگەڵ ئەوان باسی یاری، یان ئەو تەکلیفانە بکات، کە دەبوو لە ماڵەوە بیانکا. نەیدەویست گوێی لە باسی مەرگ و خوێن و ژان و شتی دیکە بێ.

ئیتر بازاڕ دڵی خۆش نەدەکرد. ئیتر قسەکردنی پیاوێك، یان کەرێکی دێزە، نەیدەخستە پێکەنین. ئیتر حەزی لە بیستنی قسەی ئەو کەسانە نەبوو کە بە تەنیشتیاندا تێدەپەڕی. سەیری هەر لایەکی دەکرد، خەڵکێکی نەخۆش، توورە و تۆسنی دەدی. ژنانی دەدیت، عابا لەبەر لەسەر عەرزە رووتەکە دانیشتبوون و سواڵیان دەکرد و هەر لەو حاڵەشدا منداڵەکەیان بە باوەشیانەوە نوستبوو.

ئەو دیمەنانە نەدەبڕانەوە. وەك پشووی هاوینە نەبوو، کە ئاخرییەکەی تەواو بێ و ژیان وەك خۆی لێ بێتەوە. ئەوە رەوتی ئاسایی ژیان بوو و پەروانەش تەواو لێی وەڕەز ببوو.

هاوینی کابول بەسەردا هاتبوو. گژ و گیا سەریان لە خاك دەرهێنابوو بەبێ ئەوەی هیچ ترسێکیان لە تالیبان یان "مین"ـەکان هەبێ. رێك وەك سەردەمی هێمنی و ئاشتی، گوڵە راستەقینەکان دەپشکووتن.

ماڵی پەروانە بەو پەنجەرە بچووکەوە، هاوینان زۆر گەرم دەبوو. منداڵ شەوانە لە گەرمان گڕنەیان دەگرت. تەنانەت بزۆزی و گاڵتە و گەپەکانی مەریەمیش نەدەمان و ئەویش وەك دوو منداڵە بچووکەکەی دیکە، دەگریا. پەروانە دڵی خۆش بوو کە دەتوانێ بەیانیان لە ماڵەوە بچێتە دەرێ.

هاوینان لە شیو و دۆڵە بەرێژەو و بەپیت و بەرەکەتەکانی کابولدا میوە پێدەگەیشت. ئەو دۆڵ و دەربەندانەی بۆردۆمان کاولی کردبوون. ئەو رۆژانەی پەروانە داهاتەکەی پتر دەبوو، هەندێ میوەی بۆ ماڵەوە دەکڕی. هەفتەیەك کۆخی دەکڕی و هەفتەکەی دی هەڵووژە.

بازرگانەکان لە سەرانسەری ئەفغانستانەوە، بە ڕێگا هێمن و بێ مەترسییەکانی کێوپارە و کوێستاندا دەهاتنە کابول. پەروانە چ ئەو کاتەی لەسەر بەتانیەکەی دادەنیشت، چ ئەو دەمەی لەگەڵ شوزیە دەچووە جگەرە فرۆشتنێ، زۆری خەڵکی سەر بە عەشیرەت و خێڵە جۆراوجۆرەکان دەدی. خێڵی بامیان لە ناوچە بیابانیەکانی راجستانی نزیك قەندەهار و لای ڕێگای واخانی نزیك چین.

جاری وابوو ئەو خەڵکە رادەوەستان و جگەرە یان چەرەزێکیان لێ دەکڕی. جاری واش بوو شتێکیان دەدایە بۆیان بخوێنێتەوە یان بنووسێ. پەروانە بەردەوام لێیانی دەپرسی، خەڵکی کوێن و لای ئەوان چۆنە؟ کە دەگەڕایەوە ماڵەوەش، هەواڵی نوێی بۆ دەبردنەوە. هەندێ جار خەڵك باسی ئاو و هەوایان بۆ دەکرد. جاری واش بوو باسی چیا و کەژە جوانەکان، یان مەزرا و دەشتی پڕ لە گوڵە خەشخاش و باخی بەرگرتوویان بۆ دەکرد. جاری واش بوو باسی شەڕ و ململانێ و ئەو کەسانەیان بۆ دەکرد، کە لە دەستیان دابوون یان دیتبوویانن. پەروانە هەمووی بە زەینی خۆی دەسپارد و کە دەچۆوە، بۆی دەگێڕانەوە.

لەو کۆڕە بچووکەدا، کە دایکی و مامۆستا ویرا پێکیان هێنابوو، قوتابخانەیەکی بچووك دەستی بەکار کرد، کە نوریە مامۆستای بوو. تاڵیبان هەر قوتابخانەیەکی دۆزیباوە، دایاندەخست. هەر بۆیەش، نوریە و مامۆستا ویرا زۆر بە پارێزەوە دەجووڵانەوە. لەو قوتابخانەیەدا تەنیا پێنج کچ دەرسیان دەخوێند، کە یەکێکیان مەریەم بوو. هەموو کچەکانیش دەکرێ بڵێی هاوتەمەنی ئەو بوون. ئەوان کرابوونە دوو دەستە. قەت دوو ڕۆژ لەسەر یەك دەرسیان پێ نەدەگوتنەوە. جاری وابوو منداڵەکان دەهاتنە لای نوریە و جاری واش بوو نوریە دەچووە ماڵی ئەوان. هەندێ جار پەروانە لەگەڵ نوریە دەچوو، هەندێ جاریش خۆی عەلیی لە باوەش دەکرد و دەچوو.

دوانیوەڕۆیەك کە بۆ پیاسەکردن چووبوونە دەرێ، نوریە بە پەروانەی گوت: "ئیتر عەلی گەورە بووە و بە باوەش هەڵناگیرێ."

ئەو ڕۆژە دایکی ئیزنی دابوو نوریە عەلی لە ماڵەوە بەجێ بێڵێ، بۆ ئەوەی تۆزێ بحەسێتەوە. هەر مەریەم لەگەڵیان چووبوو، کە زەحمەتی بۆ هیچیان نەبوو. پەروانە پرسیی: "قوتابییەکان چۆنن؟"

ـ بە حەوتووی چەند سەعاتێك شتێکی وا فێر نابن. کتێب و کەرەستەشمان نیە. بەڵام دیسان لە هیچ هەر باشترە.

دیسان، هەر بەدوو حەوتوو جارێك دیارییەك لەو پەنجەرەیەوە دەکەوتە سەر بەتانیەکەی پەروانە. جای وابوو دیارییەکە، پارچە قوماشێکی گوڵچنکراو و جاری واش بوو لەتە چوکلیت یان نانێك بوو. دەتگوت ژنەی پشت پەنجەرەکە بەو جۆرە تێی دەگەیاند، کە هێشتا ماوە. ئەوە تاقە ڕێگەی قسەکردنی لەگەڵ

پەروانە بوو. پەروانە هەر جارێکی دەیەویست بوخچە و شتەکانی بپێچێتەوە و بازاڕ جێ بێڵێ، بە وردی سەیری دەوروبەری بەتانیەکەی دەکرد، نەکا شتێك کەوتبێ و نەیدیتبێ.

ڕۆژێکیان دوانیوەڕۆ گوێی لە هات و هاوارێك بوو. دەنگی کابرایەکی تووڕە بوو. بەسەر ژنێکدا دەینەڕاند. ژنە دەگریا و دەیزریکاند. پەروانە گوێی لە دەنگی بەربوونەوەی شتێك بوو. هات و هەراکە پتر بوو. هەر لەخۆوە دەرپەڕی و سەیری پەنجەرەکەی کرد. بەڵام لەودیو ئەو پەنجەرە ڕەنگکراوەکەوە هیچی نەدەدی.

دەنگێك لە دواوەی هات: "لەو ماڵەدا هەر شتێك بقەومێ، پەیوەندیی بەخۆیەوە هەیە."

پەروانە ئاوڕی داوە و کابرایەکی دیت، زەرفێکی نامەی بەدەستەوە بوو.

ـ کارت پێیان نەبێ. ئاگات لە کارەکەی خۆت بێ. نامەیەکم هێناوە بۆمی وەخوێنی.

ئەو شەوە پەروانە دەیویست ڕووداوەکانی ئەو ڕۆژە بۆ ماڵەوە بگێڕێتەوە. بەڵام دەرەفەت نەبوو. چونکە ماڵەوەیان هەواڵێکی نوێیان پێ بوو.

دایکە گوتی: "هەر بە زەینیشتدا نایە. نوریە خەریکە مێرد دەکا."

## ١٣

نیوەڕۆی سبەینێ، پەروانە بە نوریەی گوت: "بەڵام خۆ تۆ هێشتا نەتدیتووە."

یەکەم جار بوو دەرفەتیان بۆ رەخسابوو باسی ئەو مەسەلەیە بکەن.

ـ دیارە دیتوومە. چەندساڵێك پێکەوە دراوسێ بووین.

ـ بەڵام ئەو کات زۆر منداڵ بووە. پێم وابوو حەزت لێیە دەرس بخوێنی.

ـ دیارە دەخوێنم. چما دوێ شەوێ گوێت لە قسەی دایکم نەبوو. قەول وایە لە مەزار شەریف بژیێین. تاڵیبان ئەوێی نەگرتووە. لەوێ هێشتاش کچان دەچنە قوتابخانە. دایك و باوکی خوێندەوران. دەتوانم دەرسەکەم تەواو بکەم. دەمنێرێتە زانکۆش.

هەموو ئەو شتانە لە نامەیەکدا نووسرابوو. کاتێ پەروانە لە کار بوو، ئەو نامەیە هاتبوو. ژنانی بنەماڵەی زاواش ئەندامی ئەنجوومەنە ژنانەکە بوون. ئەو نامەیە دەست بە دەست هاتبوو هەتا گەیشتبووە دەستی دایکی. پەروانەش نامەکەی خوێندبۆوە، بەڵام هێشتا پرسیار زۆر هەبوون.

ـ هەر بەراستی دەتەوێ وا بکەی؟

نوریە سەری لەقاند.

ـ پەروانە! بڕوانە ئەوە ژیان نیە لێرە تێی داین. وەڕز بووم لە ژیان بن دەسەڵاتی تاڵیباندا. ماندوو بووم لە بەخێوکردنی منداڵی ساواش. ئەو پۆلانەی خستوومانەتە رێ، زۆر زۆر کەمن و بایەخێکی ئەوتۆیان نیە. لێرە هیچ داهاتوویەکمان نیە. لانیکەم لە مەزارشەریف دەتوانم بچمە قوتابخانە یان هی نەبێ لە شەقام بەبێ عابا بگەڕێم. کە قوتابخانەشم تەواو بوو، دەتوانم کارێك بدۆزمەوە. لەوانەیە لە مەزار شەریف بتوانم ژیانێکی باشترم هەبێ. بەڵێ، دەمەوێ وا بکەم.

رۆژانی دوایی، زۆر باسی ئەوە کرا، کە کاروبارەکان چۆن بەڕێوە بچن. چونکە پەروانە بە رۆژ لە ماڵەوە نەبوو، کاری بەو باس و خواسانە نەبوو. بەڵام کە شەوێ دەگەڕایەوە، هەموویان بۆ دەگێڕایەوە.

دایکە گوتی: "ئێمە بۆ ئاهەنگی زەماوەندەکە دەچینە مەزار شەریف. هەموومان لای پوورت دەمێنینەوە هەتا کاروباری زەماوەندەکە رێك دەخەین. دوایی نوریە دەڕواتە ماڵی زاوا و لەوێ دەژیێ. ئاخری هاوینێش دەگەڕێینەوە کابول."

پەروانە بە نارەزایەتییەوە گوتی: "ناتوانین کابول بەجێ بێڵین. ئەی باوکم؟ ئەی ئەگەر لە بەندیخانە بێتە دەرێ و ئێمە لێرە نەبین چی؟ چۆن بزانێ ئێمە چووینەتە کوێ؟"

مامۆستا ویرا گوتی: "من لێرە دەمێنمەوە. بە بابت دەڵێم ئێوە لەکوێن. خۆشم ئاگام لێی دەبێ، تا ئێوە دەگەڕێنەوە."

دایکە گوتی: "ئەی خۆ نوریە بەتەنیا بەڕێ ناکەم بۆ مەزار. ئێوەش چونکە هێشتا منداڵن دەبێ لەگەڵ خۆم بێن.

پەروانە گوتی: "من نایەم."

پێیەکیشی لە عەرزی کوتا.

دایکە گوتی: "ئەمن چیم گوت، تۆ ئەوە دەکەی. ئێستا کە بە شەقاماندا دەخولێیەوە، خۆت زۆر پێ گرنگە؟"

پەروانە دیسان پێی لە عەرزەکە وەژاندەوە و پاتەی کردەوە: "من نایەم."

مامۆستا ویرا گوتی: "باشە، ئەگەر هەر دەتەوێ لاقت بجوولێنی، وا باشترە بچیتە دەرەوە و تۆزێ پیاسە بکەی، لە گەڕانەوەشدا دەتوانی ئاو بێنی."

پەروانە سەتڵەکەی هەڵگرت و توند بەدوای خۆیدا دەرگاکەی پێك دادا و تۆزێك ئۆخژنی هاتێ.

هەتا سێ رۆژان لە هەمووان مۆڕ دەبۆوە، هەتا دایکی گوتی: "دەی باشە، گنجی نێوچاوانت بڕەوێنەوە. ساغ بووینەوە تۆ بەجێ بێڵین. هەڵبەت نەك لەبەر ئەو هەڵسوکەوتە خراپانەت ها، چونکە منداڵۆچکەیەکی یازدە ساڵان بۆی نیە بە دایکی بڵێ، هەرچی پێی خۆش بێ ئەوە دەکا. لێرە بەجێت دەهێڵین چونکە ناکرێ بۆ هەموویانی روون بکەینەوە، کە ئەتۆ بۆچی ئاوای. دیارە پوورت ئاگای لە دەمیەتی و نادرکێنێ، بەڵام ئەوانی دیکە بۆ ئەوەی نابن متمانەیان پێ بکەی. بابی مەترسییەکەشی نابێ، ئەو دەمەی دەگەڕێینەوە لێرە تووشی گرفت بین."

پەروانە دڵی خۆش بوو بەوەی لە کابول دەمێنێتەوە. بەڵام لە لایەکیشەوە کە دەیدی نایانەوێ بیبەن، دیسان دڵی توند دەبوو و نێوچاوانی تێك دەنا. بۆ سبەینێ بە شوزیەی گوت: "نازانم بۆچی دڵم بەهیچ شتێك داناکەوێ."

شوزیە وەڵامی داوە: "منیش هەر وام. هەمیشە پێم وابوو ئەگەر سینیەکی گەڕۆکانم هەبێ و شتێك بفرۆشم، دڵم خۆش دەبێ، کەچی ئێستا هیچ دڵم پێی خۆش نیە. ئەگەرچی لە چاو کارەکەی پێشترم پارەی باشتری تێدایە، بەڵام هێشتاش برسیین. ماڵەوەشمان هەر پێکەوە بەشەڕ دێن. وەزعمان هیچ باشتر نەبووە."

ـ ئەی چار چییە؟

ـ چووزانم، دەڵێی، دەبێ یەکێك بۆمبێکی گەورە بەسەر ئەفغانستاندا بدات و سەر لەنوێ دروستی بکاتەوە.

پەروانە گوتی: "پێشتر ئەوە کراوە، بەڵام خراپتر بووین."

وایان دانا، بنەماڵەکەی پەروانە لەگەڵ یەکێك لە ژنەکانی ئەندامی ئەنجومەن، بچنە مەزار شەریف. وایان رێك خستبوو، مێردی ئەو ژنە وەك هاورێیەکی قانوونی لەگەڵیان بچێت و ئەگەر تالێبان لێیان پرسین، دایکە خۆی بکاتە خوشکی کابرا و مندالەکانیش بە خوارزای.

نوریە بۆ دوایین جار کەوەنتەرەکەی ماڵێی خاوێن کردەوە. پەروانەش سەیرێکی شێوازی ریزکردن و دانانی شتەکانی کرد. نوریە گوتی: "ئەگەر هەموو شتێك بەباشی رێك بکەوێ، بۆ چەند رۆژێکی دیکە دەگەینە مەزار.

پەروانە پرسیی: "ناترسی؟ زۆر دوورە."

ـ بەردەوام بیر لەوە دەکەمەوە شتەکان پێچەوانە ببنەوە. بەڵام دایکم دەڵێ، هیچ نیە و هیچ کێشەمان نابێ.

قەول وابوو سواری پشتەوەی پیپکابێك بن و برۆن. نوریە گوتی: "هەر لە ناوچەی تالبان بچینە دەرێ، عاباکەم دەردێنم و لەتوپەتی دەکەم."

بۆ سبەینێ پەروانە چووە بازاڕ بۆ ئەوەی پێداویستی و توێشووی رێگا دابین بکا. بەڵام حەزی لێ بوو دیارییەکیش بۆ نوریە بکڕێ. تۆزێك لە بازاڕدا هات و چوو و سەیری ئەو شتە جۆراوجۆرانەی کرد، کە بۆ بووکان دانرابوون. ئاخریەکەی بڕیاری دا قەڵەمێکی بۆ بکڕێ، کە جزدانەکەی بە زەنگیانە چنرابوو. نوریە دەکرا لە زانکۆ یان ئەو کاتەی لە قوتابخانەیەك دەبووە مامۆستا، کەلکی لێ وەرگرێ و پەروانەی بیر بکەوێتەوە.

شەوی بەر لە رۆیشتنیان لە کابول، دایکە بە پەروانەی گوت: "ئێمە لەوانەیە تا بەرەبەری تەواوبوونی هاوین لێرە نەبین. باشە شوکری خودای مامۆستا ویرا لەگەڵتە. هەر شتێکی گوت، بە قسەی بکە و تووشی کێشەی نەکەی."

مامۆستا ویرا گوتی: "من و پەروانە باش پێکەوە هەڵدەکەین. هەتا دەگەڕێیتەوە، گۆڤارەکانیش لە پاکستان دەردەچن و دەگەڕێنەوە و ئامادەی بڵاوکردنەوە دەبن."

بەیانی زوو ئەوان کەوتنە رێ.

هەوای کۆتایی پووشپەڕ، خۆش و فێنك بوو و مزگێنیی هەوایەکی گەرمی پێ بوو.

دایکە گوتی: "ئیتر دەبێ برۆین."

جا چونکە کەس بەدیارەوە نەبوو، دایکە و نوریە و مامۆستا ویرا پەچەیان هەڵداوە بۆ ئەوەی لە ماڵاواییدا چاو لە چاوی یەکتری بکەن.

پەروانە عەلیی ماچ کرد. عەلی کە بەخەبەر هاتبوو، لەو بەرەبەیانیەدا مرچ و مۆن بوو و لاساریی دەکرد. پاشان دایکە ئەوی لە پشت پیکابەکە دانا. پەروانە دوای عەلی چووە لای مەریەم و پاش ماڵاویی، هەڵیگرت و سواری کرد.

کاتێ دایکە پەروانەی لە ئامێز گرت، گوتی: لە کۆتایی هاوینێدا دێینەوە. حەزم لێیە ئەو کات شانازییت پێوە بکەم."

پەروانە کە هەوڵی دەدا، نەگرییێ، گوتی: "باشە."

نوریە رێك ئەو کاتەی خەریك بوو سواری سەیارەکە دەبوو، گوتی: "نازانم کەی بۆ جارێکی دی یەکتر دەبینینەوە. "

دیارییەکەی پەروانەی توند لە مشتیدا گوشی.

ئەگەرچی پەروانە فرمێسکی لووزەویان بەستبوو، بەڵام پێکەنی و گوتی: "زۆر ناخایەنێ. هەر ئەوەندە مێردەکەت بتناسێ و لێت تێ بگا چەندە خۆبەزلزانی، دەمودەست دەتنێرێتەوە کابول. "

نوریە پێکەنی و سوار بوو. ئەو و دایکی لە بن عاباکەیاندا تەواو خۆیان داپۆشی. ئەو ژنەی ئەندامی ئەنجومەنی ژنان بوو، لەگەڵ مێردەکەی لە پێشەوە دانیشتن. پەروانە و مامۆستا ویرا ئەوەندەیان سەیر کردن و دەستیان بۆ راوەشاندن، هەتا سەیارەکە لە چاوان ون بوو.

مامۆستا ویرا گوتی: "پێم باشە، پێکەوە بچین ئیستیکانە چایەکی بخۆینەوە."

لە پلیکانەکان وەسەر کەوتن.

هەتا چەند حەوتووان، پەروانە هەر رۆژێکی بە سەد ساڵان لێ دەڕۆیی. ئەو ماڵەی تەنیا ئەو و خاتوو یرا و نەوەکەی لەوێدا دەژیان، زۆر چۆڵ دیار بوو. کەمبوونەوەی ئەندامانی خێزان، بە واتای کاری کەمتر و دەنگەدەنگ و زەنازەنای کەمتر و بێکاریی زیاتر بوو. پەروانە تەنانەت غەریبیی نووزەنووزەکەی عەلییشی کردبوو. هەر حەوتوویەکی تێدەپەڕی، پتر چاوەڕێی هاتنەوەیان بوو.

بەو حاڵەشەوە، زۆریشی پێ خۆش بوو ئاوا سەری سووك بووە. بۆ یەکەم جار لەو کاتەوەی باوکی گیرابوو، کتێبخانەکەی ئەوی لە حەشارگەی بن کەنتۆرەکە دەرهێنا. ئەو شەوانە کتێبی دەخوێندەوە و گوێی لە هەقایەتەکانی مامۆستا ویرا رادەگرت.

مامۆستا ویرا متمانەی پێی بوو و دەیگوت: "لە زۆر شوێنی ئەم وڵاتە، کچی هاوتەمەنی تۆ مێرد دەکەن و منداڵیشیان دەبێ. من لەبەر تۆ لێرەم، ئەگەر پێشت ناخۆشە و حەز دەکەی سەربەخۆ بی، ئەوان من قسەیەکم نیە و دەڕۆم."

ئەو پێداگر بوو لەسەر ئەوەی پەروانە بەشێك لە پارە و داهاتەکەی پاشکەوت بکا. جاروبار لەگەڵ شوزیە دەچووە یەکێك لە کەبابفرۆشییەکانی شار و خۆی پارەی دەدا. ئەوان ئاخرییەکەی ئاودەستێکی سەرداپۆشراویان لە بازاڕەکە دۆزیبۆوە و دەیانتوانی بەیانی هەتا شەوێ یەك پشوو کار بکەن. پەروانەوای پێ باش بوو ئێوارانە بچێتەوە ماڵێ نەك نیوەڕۆیان. چونکە بەو جۆرە دەیزانی ئەوە ڕۆژێکی دیکەش تێپەڕیوە و بنەماڵەکەی بەو زووانە دەگەڕێنەوە ماڵەوە.

سەرەتاکانی سێهەم مانگی هاوین، بارانێکی بە لێزمە باری. شوزیە چووبۆوە ماڵێ. ئەو هەوروهەڵاکەی ئاسمانی دیتبوو و زانیبووی لەوانەیە تەڕ بێ.

پەروانە، کە هێندەی ئەو سەرنجی نەدابوو و هەر فکریشی بۆی نەچووبوو کە لەوانەیە باران دابکا، دەستی بەسەر سینیەکەیدا گرت بۆ ئەوەی جگەرەکانی تەڕ نەبن. پاشان چووە بن میچی بنیایەکی رووخاو مات بوو. دەبوو ئەوەندە لەوێ ڕاوەستێ هەتا بارانەکە خۆشی دەکردەوە و دوایی بچێتەوە ماڵێ.

تاریکییەکەی دەرەوە، ئەوەندەی دیکەی نێو خانووە رووخاکەوە تاریکتر کردبوو. ماوەیەکی پێ چوو هەتا چاوی لەگەڵ تاریکاییەکە راهات. لەو ماوەیەدا هەروا پاڵی بە دەرگاکەوە دابوو و سەیری ئەو بارانەی دەکرد کە گڵ و خۆڵی کابولی دەشوشتەوە و دەیبرد.

گژەبا و بارانە بە خوڕەمەکە ئەوەندە بە تەوژم بوو، ناچار پەنای بردە نێو خانووەکە. بەو هیوایەی "مین"ـیان لێ نەچاندبێ، شوێنێکی وشکی دۆزییەوە و دانیشت. بارانەکە یەك پشوو دەباری. پەروانە لەگەڵ خرمەی بارانەدا وردە وردە خۆی راژاند و زۆری نەبرد، خەوی لێ کەوت.

کە بەخەبەر هات، بارانەکە لێی کردبۆوە بەڵام ئاسمان رووناکی نەکردبۆوە.

بە دەنگێکی بەرز بەخۆی گوت: "دەبێ زۆر درەنگ بووبێ."

ڕێك لەو کاتەدا گوێی لە گریانی ژنێك بوو.

دەنگەکە زۆر لەوە هێمنتر و خەمناکتر بوو، کە پەروانە بترسێنێ.

پەروانە بە دەنگێکی تۆزێك بەرز گوتی: "سڵاو."

ئەوەندە تاریك بوو، نەیدەدیت لە کوێ دانیشتووە. بە چنگەکڕە و دەستەکوتە لەسەر سینیەکەی بەشوێن شقارتەدا گەڕا، کە بەردەوام لەگەڵ جگەرە دەیفرۆشت. شقارتەیەکی لێ دا و رایداشت بۆ ئەوەی بزانێ کێیە دەگری و لە کوێوەیە.

ناچار بوو سێ جاران شقارتە لێ بدا بۆ ئەوەی ئاخرییەکەی ژنەکەی دیت لە بن دیوارەکەوە. هەر بە شقارتە داگیرساوەکەوە بەرەولای چوو.

پرسیی: "ناوت چییە؟"

ژنەکە هەروا دەگریا.

ـ دەی باشە. من ناوی خۆمت پێ دەڵێم. من ناوم پەروانەیە. دەبوو بڵێم قاسم. چونکە رواڵەتەکەم کوڕانەیە. جلوبەرگی کوڕانە لەبەر دەکەم بۆ ئەوەی کاسبی بکەم. بەڵام لە راستیدا کچم. خۆ ئێستا تۆ نهێنیەکەی من دەزانی.

ژنەکە هیچی نەگوت. پەروانە سەیرێکی دەرەوەی کرد. درەنگ ببوو. ئەگەر ویستبای بەر لەوەی هاتوچۆ قەدەغە بکرێ بڕواتەوەماڵەوە، دەبوو هەر ئێستا بڕوا.

گوتی: "هەستە وەرە. دایکم لێرە نیە، بەڵام مامۆستا ویرا لە ماڵەوەیە. ئەو هەموو گرێکوێرەیەك دەکاتەوە."

دیسان شقارتەیەکی دیکەی لێداوە و بردییە بەر دەموچاوی ژنەکە. دەسبەجێ دیتی دەموچاوی بەدەرەوەیە. روخساری دانەپۆشیبوو.

پرسیی: "ئەوە کوا عاباکەت؟"

سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد. بەڵام هیچی نەدی.

ـ بەبێ عابا هاتوویە دەرێ؟

ژنە سەری لەقاند.

ـ باشە بۆ بەبێ عابا هاتوویە دەر؟ چما نەتدەزانی تووشی چەرمەسەری دەبی؟

ژنە دیسان هەر سەری لەقاندەوە.

پەروانە شتێکی بە زەینیدا هات.

ـ دەبێ کارێك بکەین. من دەچمەوە ماڵەوە و عاباکەی مامۆستا ویرا هەڵدەگرم و دەیهێنم و دەتبمەوە ماڵەوە. باشە؟

ویستی هەستێ. ژنەکە دەستی گرت. پەروانە دیسان سەیری ژنەی کردەوە و دیتی چیی وای نەماوە شەودابێ. گوتی: "دەبێ بچمەوە ماڵەوە و بە مامۆستا ویرا بڵێم لە کوێم. بە رۆژ لە دەرەوەم، کاری بەسەرمەوە نیە، بەڵام بێت و شەوانە نەچمەوە، نیگەران دەبێ."

بەڵام ژنە دەستی بەرنەدا و نەیهێشت بڕوا.

پەروانە تێ مابوو نەیدەزانی چ بکا. نەیدەتوانی تا بەیانی لەوێ بمێنێتەوە. لە لایەکیشەوە دیار بوو ژنە ترساوەکەش نایەوێ بەتەنێ بمێنێتەو. پەروانە بە دەستەکوتە لە سینیەکەی گەڕا و دوو بەستە چەرەزی هەڵگرت. یەکیانی پێ دا و گوتی: "ها، ئەوە بخۆ با مێشکت باشتر کار بکا."

ژنە ئەوەندەی یەك و دوو هەمووی قووت دا. پەروانە یەکی دیکەشی دایێ و گوتی: "دیارە زۆرت برسییە."

خۆشی دەستی کرد بەخواردن و بیرکردنەوە. ئاخرییەکەی بڕیاری دا و گوتی: "بڕوانە. لەوە پتر هیچم بە مێشکدا نایە. ئەگەر ئەتۆش بیرت بۆ شتێك دەچێ، فەرموو بیڵێ، ئەگینا دەبێ چیم گوت، هەروا بکەی. رادەوەستین هەتا تاریك دادێ، دوایی پێکەوە دەچینەوە ماڵی خۆمان. دەسماڵ و سەرپێچت پێیە؟"

ژنە سەری لەقاند. پەروانە گوتی خۆزگە جامانەکەی خۆمم پێ بوایە. بەڵام ئاخر چونکە بەو هاوینە کاری پێی نەبوو، بۆیە لە ماڵەوە دایناب‌وو.

پەروانە گوتی: "باشە؟"

ژنە سەری بۆ لەقاند.

ـ زۆر باشە. پێم وایە وا باشترە بچینە لای دەرگاکەوە، بۆ ئەوەی بتوانین بە بێ شقارتە لێدان شەقامەکە ببینین و بزانینی کەی دەبێ بڕۆین. نابێ خەڵك قوشقی بکەین و سەرنجیان راکێشین.

پەروانە لەسەرخۆ ژنەکەی هەستاندە سەر پێ. بە پارێزەو هاتنە تەنیشت دەرگاکەوە. شوێنێك، کە رێبوار نەیاندەدیتن. هەر لەوێ بەبێدەنگی دانیشتن و چاوەڕێ بوون هەوا تەواو تاریك بێ.

شەوانی کابول ئەنگوستەچاو بوون. پتر لە بیست ساڵ بوو شەوانە هاتوچۆ قەدەغە بوو. زۆربەی گڵۆپەکانی سەر شەقام لە بۆردومانەکاندا شکابوون. ئەو چەند دارکارەبایەش کە بەپێوە مابوونەوە، کارەبایان پێوە نەبوو.

پەروانە لە دایك و باوکی بیستبوو، کە سەردەمانێك کابول سەرتۆپی ئاسیای ناوەڕاست بوو. پێشتر شەوانە خەڵك لە شەقامەکاندا دەگەڕان و چلوورەیان دەخوارد. ئێوارانیش بە کتێب فرۆشی و فرۆشگا

جۆراوجۆرەکانی کەلوپەلی کارەبایی و دەنگ و رەنگدا دەگەڕان. ئەوان دەیانگێڕاوە، کابول شاری نوور و پێشکەوتن و کەفوکوڵ بوو.

بەڵام ئەو شتانەی باسیان کردبوو، هەر بەخەونیش نەدەهاتنە پێش چاوی پەروانە.

زۆری پێنەچوو، هەوا وەك شەو تاریکدا هات. هەرچەندە پێویستی نەدەکرد بیڵێ و ژنە توند دەستی پەروانەی گرتبوو، بەڵام پەروانە گوتی: "هەستە و شان بە شانم وەرە. زۆر دوور نیە. بەڵام نازانم ئەمشەو بەو حاڵەمانەوە چەندە دەخایەنێ تا دەگەیەنەوە، نیگەران مەبە چ نیە."

ئەوجار زەردەیەکی گرت و خۆی زۆر ئازا و نەترس نواند. لێی سوور بوو هەوا تاریکە و ئەو زەردەخەنەکەی نابینێ. بەڵام لە راستیدا بەو بزەیە خۆی ئازاتر کرد و غیرەتی نایە بەرخۆی.

بەخۆی گوت، من مەلالیم و خەریکم سەرباز دەبەمە سەر دوژمن. ئەو خەیاڵە بووژاندییەوە. ئەگەرچی بەو سینیەوە کە بەملییەوە هەڵواسیبوو، چۆن دەکرا خۆی بە قارەمانێکی شەڕ دابنێ!

شەقامە باریك و پێچەڵ پێچەکانی بازاڕ کە ئێستا تاریك بوون، لەگەڵ رۆژ زۆر جیاواز بوون. پەروانە گوێی لە دەنگی پێی خۆیان دەبوو کە بەو رێگە تەسك و تاریکانەدا دەڕۆیشتن. دەیویست بەو ژنە بڵێ، لەسەرخۆتر هەنگاو بنێ، چونکە تالیبان پێیان وایە هەر ژنێکی لەکاتی رۆیشتندا دەنگی پێی بێ، گوناحبارە. بەڵام وای نەگوت، چونکە ئەگەر تالیبان دوای سەعاتی قەدەغەی هاتوچۆ گرتبایانن، ئەویش لەگەڵ ژنێکی بەبێ عابا و سەرپێچ، ئیتر دەنگی پێ لەچاو ئەو شتانە هەر هیچ نەبوو. دیسان دیمەنەکەی نێو ستادیۆمەکەی هاتەوە بەرچاو. نەیدەویست بیر لەوە بکاتەوە کە پیاوانی تالیبان چ لەو و هاوڕێیەکەی دەکەن.

پەروانە چاوی بە شۆقی چرای ترۆمبێلێك کەوت، کە بەرەو لایان دەهات، هێرا ژنەی کێشایە نێو لاشیپانەی دەرگایەکەوە. پیکابێك بوو پڕ لە سەرباز و بە تەنیشتیاندا تێپەڕی و بە شەقامەکەدا رۆیشت. لە شۆستە پڕ لە چاڵ و قووڵکەکانیشدا چەند جاران چیی نەمابوو بکەون. تەنانەت جارێکیان پەروانە پێی وابوو رێگەیان هەتلە کردووە و چیی نەمابوو لە ترسان دڵی راوەستێ. بەڵام بەسەرخۆیدا زاڵ بوو و ملی رێگەی گرتەوە.

ئاخرییەکەی کە گەیشتنەوە شەقامەکەی خۆیان، بە راکردن ژنەکەشی بەدوی خۆیدا بەرەو ماڵەوە راکێشا. ئەوەندە ترسابوو، پێی وابوو ئەگەر هەر ئەو ساتە نەگەنەوە ماڵێ، دەبووریێتەوە.

مامۆستا ویرا کە دیتنی گوتی: "گەڕایەوە؟"

بەر لە هەموو شتێ لە پێشدا پەروانە و دوایی ژنەکەی لە باوەش گرت.

ـ یەکێکیشت لەگەڵ خۆت هێناوە؟ بەخێر هاتییەوە، بەقوربان.

ئەوجار چاوێکی لۆمەکارانەی لە ژنە گرت و لە پەروانەی پرسی: "ئەوەت بەو سەروبیچمەوە بە شەقامدا هێناوە؟ بەبێ عابا؟"
پەروانە بۆی لە بنی کوولەکە دا و گوتی: "پێم وایە کێشەیەکی هەیە."
مامۆستا ویرا دەسبەجێ باوەشی پێدا کرد و گوتی: "دوایی ورد و پوخت لێی تێدەگەین. جارێ ئاوی شلەتێن هەیە. بچۆ دەست و دەموچاوت بشۆ. ئاوی کوڵێویشمان هەیە بۆ خواردنەوە. وا دیارە زۆریش لە پەروانە گەورەتر نی."
پەروانە لە هاوڕێیەکەی ورد بۆوە، کە پێشتر لەبەر تاریکییەکە جوان نەیدیبوو. ئەو هەر تۆزێك لە نوریە بچووکتر دیار بوو.
مامۆستا ویرا بە پەروانەی گوت: "بچۆ جلوبەرگی خاوێنی بۆ بێنە."
پەروانە دەستێك لە شمەکەکانی دایکیی لە کەنتۆرەکە دەرهێنا. هاتو ویرا کچەی بردە ئاودەستەکە و لەوێ دەرگای لەسەر پێوە دا.
پەروانە لە پێشدا سینیەکەی بۆ بەیانی پڕ و ئامادە کرد و ئەوجار سفرەی ڕاخست. کە نان و برنج و ئیستیکانەکانی لەسەر سفرەکە دانا، مامۆستا ویرا و کچە لە ئاودەستەکە هاتنە دەرەوە.
میوانەکەیان کە جلوبەرگە خاوێنەکەی دایکەی لەبەر کردبوو و سەری داهێنابوو و کەزیی کردبوو، ئیتر وەك پێشوو ترساو و زراوتۆقیو دیار نەبوو. ئەو نیوە ئیستیکانێك چا و چەند پارووەیەکی لە برنجەکە خوارد و خەوت.
بەیانی کە پەروانە هەستا بچێ بۆ کار، ئەو هێشتا لەخەو هەڵنەستابوو. مامۆستا ویرا بەر لەوەی پەروانە بڕوا پێی گوت: "زەحمەت نەبێ هەندی ئاو بێنە بەقوربان. جلوبەرگی ئەو کچۆڵە داماوە دەبێ بشۆرێن. "
ئەو شەوە پاش نانخواردن، کچە ئاخری هاتە قسە: "ناوم هومایە. ڕێك دوای ئەوەی تاڵیبان مەزار شەریفیان گرت، لەوێ رامکرد."
پەروانە پرسیی: "تاڵیبان مەزرا شەریفیان گرتووە؟ مەحاڵە. کچێ دایکم لەوێیە. برا و خوشکم لەوێن."
هوما گوتی: "تاڵیبان گەیشتە مەزار و بۆ دۆزینەوە دوژمنەکانی ماڵەوماڵ دەگەڕێن. هاتنە ماڵەکەی ئێمەش. باوکم و براکەمیان بردە دەرەو و ڕێك لە نێوەڕاستی شەقام دایاننە بەر دەسڕێژ. دایکم لێی دان. بۆیە تەقەیان لەویش کرد. من رامکرد و لە کەنتۆرەکەدا خۆم شاردەوە، بەڵام دیاربوو کوشتاری ماڵەکەی ئێمە تەواو ببوو و ئەوان ڕۆیشتن بۆ ماڵەکانی دیکە و کوشتنی ئەوانی دی.
"هەرچۆنێك بوو لە کەنتۆرەکە هاتمە دەرێ و لە پلیکانەکان چوومە خوار. تا چاو هەتەری دەکرد، لە شەقامەکەدا تەرم کەوتبوو. سەربازەکان بە پیکاب دەگەڕان و ئیزنیان نەدەدا تەرمی خزمەکانمان بەرینەوە

یان تەنانەت لێشیان نزیك بینەوە. دەیانگوت نابێ بێینە دەرێ. زراوم چوبوو. پێم وابوو دەگەڕێنەوە و بۆم دێن. کە تاریك داهات، رامکردە دەرەوە. ماڵە و ماڵ رام کرد و وریا بووم سەربازەکان نەمبینن. سەیری هەر لایەکم دەکرد، تەرمی لێ بوو. سەگەلە بەڕەڵڵا دەمیان لە تەرم نابوو. لەتوپەتی جەستەی بنیادەمەکان بە شەقامان وەربببوون. تەنانەت سەگێکم دیت، باسکی یەکێکی بەدەمەوە گرتبوو و دەیبرد. ئیتر چاوم بەرایی نەدا ئەوانە ببینم. پیکابێکم دیت لە دەم شەقامەکەوە راوەستابوو. مەکینەی ئیشی دەکرد. خۆم هاویشتە سەری و لە نێو کەلوپەلەکاندا خۆ مات کرد. بۆ هەر جێیەکی چووبایە لەوێ باشتر بوو. زۆر زۆر دوور کەوتینەوە. کاتێ دابەزیم، زانیم گەیشتوومەتە کابول. ئیتر چوومە نێو ئەو خانووە وا پەروانە هات و لەوێ تووشم بوو."

هوما بە دەم قوڵپەی گریانەوە لەسەری رۆیشت: "دایك و باوکم و براکەمم لە شەقامەکەدا بەجێ هێشت، سەگ بیانخۆن."

مامۆستا ویرا باوەشی پێدا کرد، بەڵام کچە ژیر نەدەبۆوە. ئەوەندە گریا هەتا ئاخ و ئۆفی لێ بڕا و تینی تێدا نەما و خەوی لێ کەوت.

پەروانە نە دەیتوانی ببزوێ و نە قسەیەك بکا. هەر ئەوەندەی پێ دەکرا، تەرمی دایکی و خوشکەکانی و براکەی لە شارێکی غەریبدا بێنێتە پێش چاوی خۆی.

مامۆستا ویرا گوتی: "پەروانە، ئێمە هیچ بەڵگەیەکمان بەدەستەوە نیە بیسەلمێنێ بنەماڵەکەی تۆ شتێکیان بەسەر هاتووە. دایکت ژنێکی زیرەك و ئازایە. نوریەش هەروا. دەبێ پێمان وابێ ئەوان زیندوون. نابێ بێهیوا بین. "

پەروانە ئیتر هیوایەکی نەمابوو. کاتی خۆی دایکی چیی کرد، ئەویش ئاوا خۆی خستە سەر دۆشەگەکە و بەتانیەکەی بەسەرخۆی کێشا و پێی وابوو تا هەتایە چار ئەوەیە لەو بنە بمێنێتەوە.

دوو رۆژی رەبەق لەسەر دۆشەگەکە نەجووڵا. بەمامۆستا ویرای گوت: "ژنەکانی بنەماڵەکەمان کە خەفەتبار دەبن، چ دەکەن، منیش هەروا دەکەم."

مامۆستا ویرا گوتی: "بەڵام خۆ تا هەتایە هەر وا نابن. دیسان هەڵدەستنەوە و خەبات دەکەن."

پەروانە وەڵامی نەداوە. حەزی لێ نەبوو هەستێ. لە خەبات و ململانێ ماندوو ببوو.

مامۆستا ویرا لەسەرخۆ و هێمن لەگەڵی دەجووڵاوە. بەڵام ئەگەرچی هوما و نەوەکەشی بە دەورییەوە بوون، زۆر تەنیا کەوتبووەوە.

مامۆستا ویرا بە سەر، ئاماژەی بە پەروانە کرد و بە شوزیەی گوت: "بەخێر بێی، خۆشحاڵم بە هاتنت. "

پێکەوە چوونە سەر پلیکانەکان بۆ ئەوەی لە شوێنێك قسە بکەن پەروانە گوێی لە دەنگیان نەبێ. دوایی گەڕانەوە ژووری و شوزیە دوای ئەوەی چەند جار چوو بۆ ئاوهێنان و گەڕایەوە، ئیتر هات و لە تەنیشت دۆشەگەکەی پەروانە دانیشت.

ماوەیەك باسی هەموو شتێکیان کرد و شوزیە پتر باسی کارو کاسبییەکەی خۆی دەکرد. دوایی هاتە سەر باسی ئەو خەڵکەی لە شەقام دیتبوونی، یان ئەو قسانەی لەگەڵ کوڕە چافرۆشەکان و کوڕەکانی دیکەی نێو بازاڕ کردبوویانن. ئاخرییەکەی گوت: "بەتەنێ دڵم ناچێتە ئیشکردن. کە تۆم لەگەڵ نابی، هەر دەڵێی بازاڕەکەش بازاڕی جاران نیە. ناتەوێ بێیەوە سەر ئیشەکەت؟"

پەروانە خۆی لەجێی ئەو دانا و دیتی راست دەکا. نەیدەتوانی بە برادەرەکەی بڵێ نا. لە لایەکیشەوە دەیزانی هەر دەبێ هەستێ. لە راستیدا حەزیشی لێ نەبووە ئەوەندە لەسەر دۆشەگەکە بکەوێ هەتا دەمرێ. بە دڵێك حەزی لێ بوو خۆی لە هەموو شتێك بدزێتەوە. بەڵام بە دڵەکەی دیکەی حەزی لێ بوو هەستێ و بژیێ و هەروا برادەرایەتیی شوزیە بکا. بە پێداگریی شوزیە، دووەمیان سەرکەوت.

ئاوا هەستایە پێ و وەك جاری جاران چۆوە سەر ئیشەکەی. کارکردن لە بازاڕ و ئاوکێشان و گوێ راگرتن لە هەقایەتەکانی مامۆستا ویرا و ناسینی پتری هوما. ژیانی ئەو لەو بازنەیەدا دەخولایەوە، چونکە کاری دیکەی پێ نەدەکرا. بەڵام هەر دەتگوت رۆژەکان مۆتەکەیەکن بەسەر شانیەوە. مۆتەکەیەك، کە تەنانەت لەگەڵ رۆژبوونەوەشدا چۆکی لەسەر سینگی هەڵنەدەگرت.

بەڵام دوانیوەڕۆیەك کە دەگەڕایەوە ماڵەوە، دوو پیاوی دیت کە زۆر بەپارێز و لەسەرخۆ و بەنەرم و نیانیەوە لە باوکیان لە پلیکانەکان دەبردە سەرێ. ئەو زیندوو بوو، شوکری خودای کە بەشێك لە مۆتەکە و دۆڵپاکانی شەوانەی لەکۆڵ ببۆوە.

# ١٥

باوكی بەحاڵ دەناسرایەوە، بەڵام پەروانە ناسییەوە. ئەگەرچی پانتۆڵە سپییەكەی ئیتر خۆڵەمێشی و شڕوشۆڵ ببوو و رەنگی بە روخسارییەوە نەمابوو و تەواو تێك شكابوو، بەڵام هەرچۆنێك بێ ئەوە باوكی بوو. پەروانە وا باوەشی پێدا كرد، كە هاتوو ویرا ناچار بوو بەزۆر لێی بكاتەوە بۆ ئەوەی باوكی تۆزێك بحەسێتەوە.

یەكێ لەو دووپیاوەی باوكەیان هێنابۆوە، بە مامۆستا ویرای گوت: "ئەوە دیتمان لە تەنیشت زیندانەكەی تالێبان كەوتووە. تالێبان بەری دابوو، بەڵام خۆی بەتەنیایی نەیدەتوانی بچێتە هیچ كوێ. ناونیشانی ماڵەكەی بە ئێمە گوت و من و هاوڕێیەكەم خستمانە سەر عارەبانەكەمان و هێنامانەوە."

پەروانە لەسەر دۆشەگەكەی باوكی درێژ ببوو و باوەشی تێوەراندبوو و دەگریا. دەیزانی عەیب دەبێ ئەگەر خولقی ئەو پیاوانە نەكا بۆ چا خواردنەوەیەك، بەڵام وەختایەك ئەوەی وەبیر هاتەوە، كە ئەوان هەستان، بۆ ئەوەی بەر لە سەعاتی قەدەغەكرانی هاتوچۆ بڕۆنەوە ماڵی خۆیان.

ئیتر هەستا و گوتی: "زۆر سوپاس بۆ ئەو زەحمەتەتان كە باوكمتان هێنایەوە."

پیاوەكان كە ڕۆیشتن، پەروانە ویستی دیسان لە تەنیشت باوكی درێژ بێ، بەڵام مامۆستا ویرا ئیزنی نەدا و گوتی: "لێی گەڕێ با تۆزێك پشوو بدا، سبەی كاتی ئەوەتان دەبێ قسە بكەن."

پەروانە بەقسەی كرد، بەڵام ماوەیەكی خایاند هەتا باوكی بە چاودێری و پێڕاگەیشتنە ورد و باشەكانی مامۆستا ویرا چاك بۆوە. ئەو زۆربەی كاتەكان ئەوەندە ماندوو بوو، نەیدەتوانی قسەش بكا. زۆریش دەكۆخی.

مامۆستا ویرا گوتی: "دیارە زیندانەكە زۆر سارد و شێدار بووە."

پەروانە یارمەتیی دا، سوپێك بۆ باوكی لێ بنێ. خۆی بە كەوچك ئەوەندەی بە دەمی باوكییەوە كرد، هەتا وردە وردە توانیی هەستێتەوە و دابنیشێ و خۆی خواردن بخوا.

كاتێ باوكە تۆزێك هاتەوە سەر خۆ، تازە پەروانەی ناسییەوە و گوتی: "ئێستا تۆ هەم كچی من و هەمیش كوڕم."

ئەوجار دەستی بەسەر قژە كورتەكەیدا هێنا و پێكەنی.

پەروانە ڕۆژێ چەند جاران دەچووە ئاوكێشان. زۆر پیس لە باوكیان دابوو و دەبوو لەفاف و كەتان و ئەو مەڵحەمەی مامۆستا ویرا لەسەر برینەكانی دانابوو، بەردەوام بگۆڕن و خاوێنی بكەنەوە. هوماش نەوەكەی مامۆستا ویرای دەحاواندەوە و نەیدەهێشت بگریێ، بۆ ئەوەی باوكە پشوو بدات.

پەروانە زۆری گوێ نەدەدا بەوەی باوکی تاقەتی قسەکردنی نیە. هەر ئەوەندەی دەیدی لە ماڵەوەیە، بەسی بوو. رۆژانە دەچوو پارەی پەیدا دەکرد و شەوانەش یارمەتیی مامۆستا ویرای دەدا.

کە باوکیشی تۆزێ هاتەوە سەر خۆ، شەوانە کتێبی بۆ دەخوێندەوە.

هوما لە قوتابخانە تۆزێ ئینگلیزیی خوێندبوو. رۆژێك کە پەروانە هاتەوە، گوێی لە باوکی و هوما بوو بە ئینگلیزی قسە دەکەن. هوما تۆزێ رادەوەستا، بەڵام وشەکان لە زمانی باوکییەوە نەرم و بەدوای یەکتریدا هەڵدەرژان.

رۆژێك باوکە بە پێکەنینەوە لە پەروانەی پرسی: "ئەمڕۆ خانمە خوێندەوارێکی دیکەت نەهێناوەتەوە؟"

پەروانە وەڵامی داوە: "نا باوکە، تەنیا پیاوم هێناوەتەوە."

هەمووان ئەو قسەیەیان پێ سەیر و خۆش بوو و بۆ یەکەمین جار لە دوای گیرانی باوکییەوە، دەنگی پێکەنین و تریقانەوە لە ماڵەکەیان گەڕا. یەکێك لە گرێ کوێرەکانی ژیانی پەروانە کرابۆوە و باوکی گەڕابۆوە، لەوانەبوو بەو زووانە ئەوانی دیکەش بگەڕێنەوە.

پەروانە هیواو و وەزەی لێ دەڕژا. لە بازاڕ وەك کوڕێکی راستەقینە، بەردەوام بە شوێن کڕیاراندا رای دەکرد. مامۆستا ویرا رایسپاردبوو داودەرمان بۆ باوکە بێنن. پەروانە ئەوەندەی کار کرد، هەتا توانیی پارەی دەرمانەکان دابین بکا. دەرمانێك، کە کاری خۆی کرد.

رۆژێك کاتێ لەگەڵ شوزیە لە بازاڕدا بە شوێن کڕیاردا دەگەڕان، پێی گوت: "ئێستا وا هەست دەکەم ئامانجێکم هەیە و بۆ گەیشتن بەو ئامانجە کار دەکەم، بۆ ئەوەی جارێکی دیکەش بنەماڵەکەم لە دەوری یەك کۆ ببنەوە."

شوزیە گوتی: "ئەمنیش ئامانجی خۆم هەیە و کاری بۆ دەکەم. کار دەکەم بۆ ئەوەی لە ئەفغانستان بڕۆمە دەرێ."

پەروانە پرسیی: "ئەی غەریبیی بنەماڵەکەت ناکەی؟"

ـ باپیرەم ئەوە دەستی کردووە بە گەڕان و دەیەوێ مێردم بۆ پەیدا بکا. چەند جارێك خۆم گوێم لێ بوو لەگەڵ داپیرەم باسی ئەوەیان دەکرد. دەیگوت، من دەبێ زوو مێرد بکەم. یانی هەر ئێستا کە تەمەنم کەمە. چونکە ئێستا پارەیەکی باشیان دەست دەکەوێ و ماوەیەکی زۆر دەتوانن بە پارەی مێردکردنی من بەباشی بژیین.

ـ جا دایکت دەهێڵێ؟

ـ ئەو دەسەڵاتی نیە. چاری نیە، چونکە دەبێ لەگەڵ ئەوان بژیێ، هیچ کوێی نیە بچێ.

شوزیە بێدەنگ بوو و سەیری پەروانەی کرد.

ـ ناتوانم مێرد بکەم. نامەوێ مێرد بکەم.

ـ باشە دایکت بەبێ تۆ لە ماڵی ئەوان چ دەکا؟ ئەی چ بخوا؟

شوزیە بۆڵاندی: "بەمن چی؟ ئەگەر من لێرە بمێنمەوە و مێرد بکەم، دەمرم. بەڵام ئەگەر بڕۆم لەوانەیە بەخت و شانسێکم هەبێ. دەبێ لەم دونیایەدا شوێنێك هەبێ کە من بتوانم لێی بژیم. بە رای تۆ بەسەهوو چووم؟"

پاش سڕینەوەی فرمێسکەکانی گوتی: "دەسەڵاتم چییە؟"

پەروانە بەهیچ شێوەیەك هاوڕێیەکەی پێ هێور نەدەبۆوە.

رۆژێکیان مامۆستا ویرا میوانی هەبوو. یەکێك لە ژنەکانی گرووپەکەیان بوو و تازە لە مەزارەوە هاتبۆوە. کاتی هاتنەوەی پەروانە بوو لە کار. بەڵام هەر ئەو شەوە باوکی باسی مەسەلەکەی بۆ کرد.

ـ زۆربەی خەڵکی مەزار رایان کردووە و ئێستا لە هۆردووگای پەنابەران لە دەرەوەی شار دەژین.

ـ دایکەش لەوێیە؟

ـ لەوانەیە. بەڵام هەتا نەچین و نەگەڕێین نازانین.

ـ جا چۆن بڕۆین؟ تۆ وا باش بوویەتەوە بتوانین بڕۆین؟

باوکە گوتی: "لەوە باشتر هەر نابم. هەرچۆنێك بێ دەبێ بڕۆین."

پەروانە پرسیی: "کەی دەڕۆین؟"

ـ هەر کەرەستەیەکی هاتوچۆ دەست بکەوێ دەڕۆین. تۆ دەتوانی لە لایەن منەوە پەیامێك بۆ ئەو دوو کەسە بەری وا منیان هێنایەوە؟ پێم وایە بە یارمەتی و کۆمەگی ئەوان دەتوانین پاش چەند حەوتوویەکی دیکە بکەوینە رێ.

پەروانە پرسیارێکی کرد، کە دەمێك بوو لە مێشکیدا بوو: "باشە تاڵیبان چۆنیان بەر دای؟"

ـ من هەر نازانم بۆ گرتیانم، دەی چۆن بزانم بۆ بەریان دام؟

پەروانە چاری نەبوو و دەبوو بەو وەڵامە قایل بێ.

بەو زوانە ژیانی دەگۆڕدرا. هەر بۆیە سوکنایییەکی دەهات و خۆشی ئەوەی پێ سەیر بوو. دەیزانی هەموو ئەو خۆشی و هێمنیە لە سۆنگەی گەڕانەوەی باوکیەوەیە.

مامۆستا ویراش بڕیاری دابوو بچێتە پاکستان و بچێتە نێو گرووپی ژنە ئەفغانیەکانی تاراوگە. ئەو گوتی: "هوما لەگەڵ من دێ. لەوێ کاری پێ دەسپێرم."

ـ لە کوێ دەژیین؟

مامۆستا ویرا وەڵامی دایەوە: "کچە مامێکم لە یەکێك لە هۆردووگاکانە*. داوای لێ کردووم لەگەڵ ئەو بژیم."

ـ ئەوێ قوتابخانەشی لێیە؟

ـ لێشی نەبێ خۆمان دروستی دەکەین. ژیانی ئەفغانیەکان لە پاکستان زۆر چەتوون و تاڵە. گەلێ ئیش هەن دەبێ بیانکەین.

پەروانە شتێکی بە زەیندا هات.

ـ شوزیەش لەگەڵ خۆتان بەرن.

ـ شوزیە؟

ـ دەیەوێ بڕوا. زۆر لێرە بێزارە. ناکرێ لەگەڵتان بێ؟ دەتوانێ وەك پیاوێك لەگەڵتان بێ.

ـ شوزیە بنەماڵەی لێرەیە. یانی دەڵێی، دەیەوێ بنەماڵەکەیان بەجێ بێڵێ؟ یانی هەر لەبەر ئەوەی یارییەکە زۆر توندوتیژ بووە، دەیەوێ تیپەکە بەجێ بێڵێ؟

پەروانە هیچی نەگوت. مامۆستا ویرا راستی دەکرد. شوزیەش هەر وا ساغ ببۆوە. شوزیەش هەقی بوو. یانی ئەو مافی ئەوەی نەبوو ژیانێکی باشتری هەبێت؟ پەروانە نەیدەزانی کامیان پتر لە سەر هەقن؟

چەند رۆژێك مابوو کابول بەجێ بێڵن و بچن بۆ مەزار. پەروانە لە بازاڕ لەسەر بەتانیەکەی دانیشتبوو و هەمدیس شتێکی بەسەردا بەربۆوە. وشترێکی زۆر زۆر بچووك، کە بەزەنگیانە و مووروو دروست کرابوو. کەواتە ژنەی پشت پەنجەرەکە هێشتا زیندوو بوو. دیارە باشە، یان لانیکەم ئەوەندە باش بوو کە بەو بڵێ هێشتاش لەوێیە. پەروانە لەخۆشیان وەخت بوو بفڕێ. حەزی لێ بوو هاوار بکا و دەستێك بۆ ئەو پەنجەرە رەنگکراوە راوەشێنێ. بەڵام بێدەنگ دانیشت و بیری کردەوە کە چۆن ماڵاوایی لێ بکا.

نیوەڕۆی ئەو رۆژە بەر لەوەی بگاتەوە ماڵەوە، شتێکی بەزەیندا هات.

دوای نیوەڕۆژە کە دەگەڕایەوە بازاڕ، چەند گوڵی خۆڕسکی، کە لەنێو کاولاشە بۆردومانکراوەکاندا رووابوون، هەڵکەند. ساڵی پێشوو دیتبووی ئەو گوڵانە لەوێ شین بوونەتەوە. هیوای خواستبوو هەموو ساڵی شین ببنەوە. ئەگەر توانیبای هەر لەو شوێنە بیانچەقێنێتەوە کە بەتانیەکەی لێ رادەخست، لەوانەبوو بتوانێ ژنە تێگەیەنێ کە دەیەوێ بڕوا و تا ماوەیەك ناگەڕێتەوە. پەروانە پێی وابوو، ئەو گوڵە جوان و دڵگرانە، دیارییەك بوون شیاوی ئەو.

---

*هۆردووگا/ ئۆردووگا: کەمپ شوێنی خڕبوونەوەی ئاوارە و ماڵشێواوان.

عەرزە رەقەکەی شوێنی دانیشتنەکەی خۆی، لە پێشدا بە پێ نەرم کردەوە و ئەوجار بە دەست کەوتە راماڵینی بەرد و زیخەکان.

پیاو و کوڕی نێو بازاڕ لە دەوری کۆ بوونەوە و سەیریان کرد. خەڵك سەریان بە هەموو شتێکی جیاوازەوە دەخافلا.

یەکێك گوتی: "خۆ ئەو گوڵانە لە شوێنی ئاوا ناگوورێن* و شین نابنەوە. ئەو خاکە هێزی لەبەردا نیە و بەکار نایە."

ـ خۆ شینیش ببنەوە، پێخوست دەکرێن.

ـ بازاڕ شوێنی گوڵ نیە. ئەوانە بۆ لێرە دەچەقێنی؟

لە نێو ئەو دەنگە گاڵتەجاڕ و تەوساوییانەدا، دەنگێکی دیکەی گوێ لێ بوو: "دیارە ئێوە لە هیچ تێناگەن. ئەو کورە دەیەوێ تۆزە جوانیەك بێنێتە نێو ئەم بازاڕە خۆڵەمێشییە؟ بۆ یارمەتیی نادەن؟"

ئەوجار پیرەپیاوێك خەڵکەکەی لادا، هەتا رێگایان بۆ کردەوە. هاتە پێش حەشامەتەکە. پاشان بۆ یارمەتیدانی پەروانە و چەقاندنی گوڵەکانی بە زەحمەت ئەژنۆی دادا و گوتی: "ئەفغانیەکان کەیفیان بە شتی جوان دێ. بەڵام ئەوەندەمان دزێوی و چەپەڵی دیتووە، جاری وایە لەبیرمان دەچێتەوە شتێکی وەك گوڵ چەندە جوان و دڵبەرە."

یەکێك لە کوڕە چافرۆشەکان بەوێدا تێدەپەڕی و پیرە پیاوەکە داوای لێکرد، لە قاوەخانەکە هەندێ ئاوی بۆ بێنێ. ئاوەکەش خۆی لێی وەرگرت و لە بن گوڵەکانی کرد. گڵەکە هەموو ئاوەکەی خواردەوە.

بەڵام گوڵەکان سیس ببوون. ئیتر وەك پێشوو گەش و جوان نەبوون.

پەروانە گوتی: "وشك دەبن؟"

پیاوەکە گوتی: "نا، نا. نامرن. لەوانەیە ئێستا سیس بن و پێت وابێ دەمرن، بەڵام رەگەکەیان بەهێزە. کاتی خۆی بێ، ئەو رەگانە گیای بەهێز و تۆکمەیان لێ شین دەبێتەوە."

ئەوجار بۆ دواپینجار دەستی بە عەرزەکەدا هێنا و پەروانەش بە یارمەتیی یەکێکی دیکە، هەڵێستاندە سەر پێ. پیرە پیاوەکە زەردەیەکی گرت و رۆیشت.

پەروانە ئەوەندە لە لای گوڵەکان مایەوە هەتا حەشامەتەکە بڵاوەی کرد. کە دڵنیا بوو کەس ئاگای لێی نیە، سەری بەرەو پەنجەرەکە هەڵێنا و خێرا بە نیشانەی ماڵاوایی دەستێکی راوەشاند. دڵنیا نەبوو، بەڵام پێی وابوو ئەو ژنەش دەستی بۆ رادەوەشێنێ.

دوو رۆژ دواتر خۆیان ئامادەکرد بڕۆن. قەول وابوو پەروانە و باوکی وەك بنەماڵەکەیان سواری پیپکابێك بن و بڕۆن.

پەروانە لە باوکی پرسی: "باشە ئێستا لەو سەفەرەدا دەبێ کوڕت بم، یان کچ؟"

باوکە گوتی: "کەیفی خۆتە. هەرچۆنێ بێت، تۆ مەلالییە بچکۆلانەکەی خۆمی."

مامۆستا ویرا گوتی: "بڕوانن بزانە چیم بۆ هێناون."

کە دڵنیابوو کەس دیار نیە، چەند دانەیەك لە گۆڤارەکەی دایکیی لە بن عاباکەی دەرهێنا.

ـ جوان نیە؟

بەر لەوەی دیسان بیانشارێتەوە، پەروانە خێرا یەکیانی هەڵدایەوە و گوتی: "قیامەتە."

ـ بە دایکت بڵێ، ئەو گۆڤارە بۆ ژنانی سەرانسەری جیهان دەنێردرێ. پێی بڵێ بە یارمەتی و کۆمەگی ئەو، هەموو دونیا دەزانن و ئاگادار دەبنەوە کە لە ئەفغانستاندا چ دەقەومێ. پێی بڵێی ها. ئەوەی ئەو کردی زۆر گرنگە. ئێمە پێویستیمان پێیەتی، بگەڕێتەوە و کار بکا بۆ ژمارەکانی دواتری.

پەروانە مامۆستا ویرای لە باوەش کرد و بەڵێنی دا پەیامەکەی بگەیەنێ. مامۆستا ویرا و هوما هەردووکیان عابایان لەبەردا بوو. زۆر لێك دەچوون و پەروانە هەتا باوەشی پێدا نەدەکرن، لێکی نەکردنەوە.

کاتی ڕۆیشتن بوو. شوزیە ڕێك کاتێك گەیشتێ، کە پیپکابەکە دەهات بڕوات.

پەروانە لە ئامێزی گرت و گوتی: "ئاخری هاتی؟"

شوزیە گوتی: "مالاوا پەروانە."

ـ منیش ئاخریەکەی دەڕۆم. قەرەجێکم دۆزیوەتەوە و دەیەوێ لەبری شوانەکەی بمباتە پاکستان. راناوەستم هەتا بەهاری داهاتوو. بەبێ تۆ لێرە دڵم دەتۆقێ.

پەروانە دڵی نەدەهات مالاوایی لێ بکا، بە خەفەتبارییەوە پرسیی: "کەی دیسان یەکتر دەبینینەوە؟ چۆن پەیوەندی بە یەکەوە بکەین؟"

شوزیە گوتی: "بیرم لەوەش کردووەتەوە. سەرەتای بەهاری بیست ساڵی داهاتوو یەکتر دەبینینەوە."

ـ باشە. لەکوێ؟

ـ لەسەر برجی ئیڤڵی پاریش. خۆ گوتم دەچمە پاریس.

پەروانە پێکەنی و گوتی: "دێم بۆ ئەوێ. کەوابوو مالاوایی یەکجارەکی ناکەین. تا ئەو کات مالاوا."

شوزیە گوتی: "تا ئەوکات."

پەروانە بۆ دوایین جار باوەشی بە دەستەخوشکەکەیدا کردەوە. ئیتر سوار بوو و هەتا ترۆمبێلەکە کەوتە ڕێ، هەر دەستیان بۆ یەکتری راوەشاند.

پەروانە بەخۆی گوت: "بیست ساڵی تر. بیست ساڵی تر چمان بەسەر دێ؟ یانی ئێمە هەر لە ئەفغانستان دەبین؟ یانی وای لێ دێ ئەو ئەفغانستانەش ئاشتەوایی تێدا وەدی بێ؟ ئەوکات دەرس دەخوێنین و یا کارێکمان هەیە، یان مێردمان کردووە؟"

جادە و داهاتوویەکی نەناسراو و نارِوونی لە پێش بوو. دایکی و خوشکەکانی و براکەی لە شوێنێکی پێشترەوە بوون. بەڵام تەنانەت نەیدەزانی دەبێ کوێیان بەشوێندا بگەڕێ. لە هەرجێیەك بن، پەروانە ئامادە بوو بچێ بۆ ئەوێ. ئەو چاوی رێك بڕیبووە پێش خۆی.

پەروانە لە نێو پیپکابەکەدا، لە تەنیشت باوکییەوە دانیشتبوو. وشکە قەیسییەکی لە زاری خست و تامە شیرینەکەی چەشت. لە نێو تەپوتۆزدا و لە شووشەکەی پێشەوە، چیای پەروانەی دەدی، کە بەفری سەر لووتکەکەی لەبەر تیشکی خۆرەکە دەبریسکاوە.

١٠/١٢/٢٠١٢

# بەشی دووەم

**سەفەری پەروانە**

١

ئەو پیاوەی پەروانە نەیدەناسی، بۆ دوایین جار دەستی لە سەر گڵی گۆڕەکەی باوکە دانا. مەلای ئاوایی تەڵقینی دادابوو. ڕێوڕەسمی ناشتنەکەی تەواو بوو.

پەروانە لە تەنیشت گۆڕەکە ئەژنۆی دادا بۆ ئەوەی وردکە بەردی لەسەر دابنێ. وردە بەرد و زینخ ئەژنۆیان دێشاند، بەڵام ئەو لەسەر خۆ و یەك بە یەك بەردەکانی ریز دەکرد. بە پێویستی نەدەزانی پەلەپەل بکا. هیچ کوێی نەبوو بچێ.

بەردەکان بەشی نەکرد. ئەو بەردانەی کۆی کردبوونەوە هەر نیوەی سەر گۆڕە لاکێشەیەکەیان دادەپۆشی.

پیاوێك گوتی: "بەردەکان بڵاو بکەوە.

خۆشی ئەژنۆی دادا بۆ ئەوەی کۆمەگی بکا.

بەردەکانیان بڵاو کردەوە، بەڵام پەروانە بە مەودا زۆرەکەی نێوانیان قایل نەبوو. تەنانەت بە زەینیدا هات هەستێ و بچێ بەردی سەر گۆڕەکانی دیکە هەڵگرێ، بەڵام پێی باش نەبوو وا بکا. دواتر دەیتوانی لە شوێنێی دیکە بەرد بۆ سەر گۆڕەکەی باوکی پەیدا بکا. لە ئەفغانستان چ زۆر بوو بەرد.

پیاوێك پێی گوت: "ئیتر تەواو بوو، هەستە کوڕم."

قژە سەری پەروانە زۆر کورت بوو. پانتۆڵێکی کامیزی کوڕانەی لەپێدا بوو و وەك هەمووان لکی جامانەکەی خستبووە سەر شانی.

ـ دانیشتن لەو خۆڵ و خاکەدا بێ سوودە.

یەکێکی دیکە گوتی: "لێی گەڕێ. تازیەباری باوکێتی. بڕوانە کوڕم، کەس نیە ئازیزێکی لەدەست نەچووبێ، مەرگ وشترێکە و لەبەردەرگای هەموو کەس ئیخ دەخوا. بەڵام خۆ نابێ تازییە بارییەکە هەر لە سەر گۆڕەکە بێ. هەستە رۆڵە. هەستە. کوڕێکی بەهێز بە، با باوکت شانازیت پێوە بکا."

پەروانە بەخۆی گوت: "بڕۆ، بڕۆ لێم گەڕێ با لای باوکم بم."

بەڵام بە زەحمەت هەستا. تۆزوخۆڵەکەی ئەژنۆی تەکاند و سەیرێکی دەوری گۆڕستانەکەی کرد.

لە چاو ئەو گوندە بچووکە، گۆڕستانەکە زۆر گەورە بوو. گۆڕەکان پەرش و بڵاو و ناڕێك بوون. چونکە خەڵکی گوندەکە، مردووەکانیان وا ناشتبوو، وەك بڵێی ئیتر کەسی دیکەیان لێ نامرێ.

پەروانە کەوتەوە بیری ئەو رۆژانەی لەگەڵ شوزیەی دەستەخوشکی ئێسك و پرووسکی گۆڕەکانی کابولیان دەردێنا بۆ ئەوەی پارەیەك پەیدا بکەن.

بەخۆی گوت: "پێم خۆش نیە کەس گۆڕەکەی باوکم بداتەوە."

بڕیاری دا ئەوەندە بەرد بکێشێ و لەسەر گۆڕەکەی باوکی هەڵیچنێ، کەس نەتوانێ ئەزیەتی بدات.

حەزی لێ بوو باسی باوکی بۆ خەڵکەکە بکا. بڵێ ئەو مامۆستا بووە و لە بۆردومانی قوتابخانەدا پێیەکی پەڕیبوو. بڵێ ئەوی زۆر خۆش دەویست و هەقایەتی بۆ دەگێڕاوە. بەڵام ئیتر لەو وڵاتە گەورەیەدا بەتاقی تەنێ مابۆوە.

بەڵام بێدەنگ بوو.

زۆربەی ئەوانەی لە دەوروپشتی بوون، پیر بوون. گەنجەکانی ئەوێ هەر کامە و گرفتێکیان هەبوو. یەکێ دەستی پەڕیبوو و یەکێ چاوی تەقیبوو و یەکێ هەردوو لاقی. ئەوانی دیکەش یان لە شەڕ بوون یان مردبوون.

ئەو پیاوەی کۆمەگی پەروانەی کردبوو، گوتی: "لێرە زۆر کەس کوژراون. یان بە بۆمبی تاڵیبان یان بۆمبی دژبەرەکانیان. ئێمە جاری جاران وەرزێر بووین، کەچی ئێستا نیشانەی فیشەکی ئەوانین."

بەڵام باوکی پەروانە بە بۆردومان نەمردبوو. ئەو بە شتی دیکە مردبوو.

ـ باشە ئێستا کەست هەیە لەگەڵی بژییی، کوڕە؟

پەروانە ئەوەندە لەخۆی نووسابوو نەگریێ، شەویلکەی دێشان. ئاخریی وەڵامی پێ درایەوە: "بە تاقی تەنێم."

ـ دەکرێ بێیە ماڵی من. ژنەکەم ئاگای لێت دەبێ.

لە تەنیشت گۆڕەکەی باوکی، تەنیا پیاوەکان راوەستابوون. ژنەکان نەدەبوو لە ماڵ بێنە دەرێ. تاڵیبان نەیدەویست ژنەکان بەملاولادا بسووڕێنەوە، بەڵام پەروانە ئیتر بیری لەوە نەدەکردەوە، کە باشە تاڵیبان بۆچی رقی لە ژنانە. ئەو بیری لە زۆر شتی دیکە دەکردەوە.

کابرا بە پێداگرییەوە گوتی: "وەرە کوڕە."

دەنگێکی نەرم و نیانی هەبوو. پەروانە لە گۆڕەکەی باوکی دوور کەوتەوە و ئیتر لەگەڵ ئەو رۆیشت. پیاوەکانی دیکەش بە شوێنیاندا رۆیشتن. لەسەر عەرزە رەق و خۆڵاوییەکە گوێی لە دەنگی خرم و تەقەی سۆڵەکانیان دەبوو.

کابرا لێی پرسی: "ناوت چییە؟"

پەروانە ناوەکەی دیکەی پێ گوت: "قاسم."

ئیتر زەحمەتی ئەوەی نەدەدایە خۆی بیر بکاتەوە، کە ئاخۆ دەتوانێ متمانە بە یەکێك بکا و ناوە راستەقینەکەی خۆی پێ بڵێ یان نا. لەوانە بوو ئەگەر راستییەکە بڵێ، بکوژرێ یان بگیرێ. متمانە نەکردن بە خەڵکی، سادەتر و جێی دڵنیاییتر بوو.

ـ لە پێشدا دەچینە شوێنی مانەوەکەت و هەر شتێکت لەوێ هەیە خڕی کەوە و دەهێنین. جا دەڕۆینەوەماڵی من.

کابرا دەیزانی پەروانە و باوکی لە کام خانۆچکەدا گیرسابوونەوە. ئەو یەکێك بوو لەو کەسانەی تەرمەکەی باوکەیان بردبووە گۆڕستان. پەروانە پێی وابوو، ئەو یەکێك بوو لەوانەی بەردەوام سەری لێ دەدان و بە باوکی رادەگەیشت. بەڵام دڵنیاش نەبوو، چونکە رووداوەکانی ئەو چەند حەوتووەی رابردوو، شتەکانیان لە زەینیدا کاڵ کردبۆوە.

ئەوان لە قەراغ ئاوایی و لە تەنیشت دیوارێکی قوڕین، کە بە لە سۆنگەی بۆردوومانەوە رووخابوو، گیرسابوونەوە. پەروانە کەلوپەلێکی وای پێ نەبوو خڕیان بکاتەوە. باوکیشیان هەر بە جلوبەرگەکەی خۆیەوە ناشتبوو.

بۆ خڕکردنەوەی کەلوپەلەکانی چووە نێو کۆخەکە. خوداخودای بوو لانیکەم بەتەنێ بەجێی بێڵن بۆ ئەوەی بتوانێ بیر لە باوکی بکاتەوە یان، تێر بۆی بگرییێ، بەڵام بن میچ و دیواری کۆخەکەیان پلاستیکێکی کاڵ بوو و پەروانە ئاگای لێ بوو کابرا، لەسەری راوەستاوە بیباتەوە ماڵی خۆیان. نەیهێشت فرمێسکی لە چاوی بێتە خوارێ. هەموو هۆشی خۆی دایە ئەو کارەی دەبوو بیکا.

بەتانیەکان و جلوبەرگە زیادییەکانی خۆی و چەند دەفرێکی بچووکی نانخواردنەکەی خستە نێو پرێسکەکەیەوە، کە لە کابولەوە بە کۆڵێدا دابوو. ئێستا ناچار بوو شتێکی دیکەش هەڵگرێ، ئەویش جانتاکەی باوکی بوو کە قەڵەم و کاغەز و وردە شتەکانی دیکەی وەك شقارتە و کتێبە گرانبایيەکانی تێدا بوو. ئەو کتێبەکانی لە تالێبان شاردبۆوە.

لە کۆخەکە هاتنە دەرێ. پرێسکەکەشی بەدووی خۆیدا راکێشا. ئەوجار ئەو لەتوپەتە پلاستیکانەی قوژبنەکەشیان پێ گرتبوون، خڕی کردنەوە و لە تەنیشت بەتانیەکانی دانان و گوتی: "ئامادەم."

کابرا یەکێك لە پرێسکەکانی هەڵگرت و بەرەو ئاوایی وەڕێ کەوت و گوتی: "وەدووم کەوە."

پەروانە هیچ زەینی خۆی نەدایە گوندەکە و ئەو خانووە نیوەچڵانەی هەر تەپۆڵکە گڵێکیان لێ مابۆوە. ئەوەندەی لەگەڵ باوکی بوو بە دەم رێگاوە زۆری لەو خانووانە دیتبوو. ئیتر هەوڵی نەدا ئەو گوندە بێنێتە بەر چاوی خۆی کە پێش بۆدرومانەکان چۆن بووە، خانووەکانی پڕ لە گوڵی گەش و لەسەرپێ و خاوێ بوون و منداڵ تێیدا یاری و گەمەیان کردووە. ئیتر کەس تاقەتی ئەوەی نەبوو گوڵ بچێنێ. تەنانەت ئەستەم

بوو شتێکیش بۆ خواردن پەیدا بکە. ئەو سەری بەردایەوە و نووکە شەقی لە وردە بەردەکانی سەر ڕێگای هەڵدا.

کابرا لە بەردەم کۆخێك ڕاوەستا و گوتی: "ئەوە ماڵەکەمە."

بە شانازییەوە گوتی: "پێنج جاران خانووەکەیان لێ تێك دام و هەر پێنج جارەکەش دروستم کردەوە."

قوماشێکی کەسك و کۆنەیان لە بەر دەرگاکەی دابوو. کابرا قوماشەکەی لادا و پەروانەی بردە ژوورەوە. بە ژنەکەی گوت: "ئەو کوڕە تازییەبارە."

ژنەکەی کە سەری بەسەر دروومانەکەیدا گرتبوو، دەرزی و دەزوو و شتەکانی وەلاوە نا و هەستا. پەروانە لەوە منداڵتر بوو ژنە شەرمی لێ بکا و لەبەر وی عابا لەبەر بکا. لە گۆشەیەکی ژوورەکە سێ کچۆڵەی منداڵ سەیریان دەکرد.

وەك میوانێك لەگەڵ پەروانە جووڵانەوە و لە لای سەروو دایاننا. پەروانەیان لەسەر رایەخە هەرە ئەستوورەکە دانا و ژنە چای بۆ هێنا و خواردییەوە. هەرچەندە چایەکە زۆر کاڵ بوو، بەڵام گەرمایەکەی تۆزێ هێنایەوە سەرخۆ.

ژنە گوتی: "کوڕەکەمان تێدا چوو. دوو کچم پێش ئەو مردبوون. ئەویش وەك ئەوان نەخۆش کەوت و مرد. بەشکم لێرە بمێنیەوە و جێی ئەومان بۆ بگریتەوە."

پەروانە گوتی: "من دەبێ بنەماڵەکەم بدۆزمەوە."

ـ جگە لە باوکت، خزم و کەسیشت ماون؟

پەروانە گوتی: "دایکم و خوشکە گەورەکەم نوریە و خوشکە بچووکەکەم مەریەم و عەلیی برام، کە ئەویان ساوایە."

ناوی هەرکامێکیانی دێنا، فرمێسکی هەڵدەوەراند و وێنەیان دەهاتەوە بەر چاوی. حەزی دەکرد دیسان بگرییێ. حەزی لێ بوو گوێی لە دەنگی دایکی بێ، تەنانەت ئەگەر بینێرێ بۆ کاری قورسیش. حەزی لێ بوو گوێی لە دەنگی فەرماندەرانەی خوشکەکەی بێ و خوشك و برا بچووکەکەی باوەشی پێدا بکەن.

ژنە گوتی: "منیش لە زۆر جێیان خزم و کەسم هەیە."

دەیویست لەسەر قسەکانی بڕوا، کە چەند پیاوێکی دراوسێیان لە دەرگایان دا. دەمودەست عاباکەی خۆی لە بزمارەکە کردەوە و بەسەرخۆیدا هەڵکێشا و چای بۆ هێنان. ئەوجار بەبێدەنگی بەبێ ئەوەی دەموچاوی دیار بێ، لە قوژبنێکەوە دانیشت.

پیاوەکان لە سەر لبادێك، لە بن دیوارەکەوە دانیشتن و سەیری پەروانەیان کرد. ئەوانە، هەر ئەو کەسانە بوون، کە لە گۆڕستانەکەش بوون.

یەکێکیان لێی پرسی: "خزم و کەسێکت هەیە؟"
پەروانە ناوی هەمووانی هێنا. ئەمجارەیان بەلایەوە ئاسانتر بوو.
ـ لە پاکستانن؟
ـ نازانم لەکوێن. من و باوکم لە کابولەوە بە دوی ئەواندا هاتین. چوبوونە مەزار شەریف بۆ زەماوەندی خوشکەکەم، بەڵام تاڵیبان ئەوێی گرتووە و ئێستا نازانم لەکوێن. من و باوکم زستانێ لە یەکێك لە هۆردووگاکانی باکووری کابول ماینەوە. هەر لەو کاتەوە نەخۆش بوو، بەڵام کە بەهار داهات، پێی وابوو باشتر بووە و دەتوانین بڕۆین.
باسکردن لەو رۆژانەی باوکی وردە وردە شپرز دەبوو، بۆ پەروانە کارێکی ئاسان نەبوو. لەو کاتەوە کە بە پێیان بە بیابانەکانی ئافغانستاندا دەرۆیشتن و زۆربەی رۆژەکان پێی وابوو ئیتر باوکی دەمرێ. لەو کاتەوە گەیشتبوونە ئەو گوندە، ئیتر باوکی نەیتوانیبوو بجوولێ.
بەر لەوە، گونداوگوند گەڕابوون. لە هۆردووگا کاتییەکانەوە چووبوونە هۆردووگای گەورەتر، کە لە درێژایی سەردەمی شەڕدا بۆ حەوانەوەی خەڵك چێ کرابوون.
لە درێژایی سەفەرەکەیاندا، زۆر جاران، باوکی لەبەر کۆخە و بێ هێزی تەنانەت هەر نەیتوانیبوو لە ژوورەکەش بێتە دەرێ. ئەگەرچی هیچ کات خواردنێکی وایان نەبوو بەری دڵیان بگرێ، بەڵام جاری وابوو ئەوەندە بێهێز و نەخۆش دەبوو کە نەیدەتوانی ئەوەندە خواردنەش کە هەیانبوو بیخوات. زۆر جاران پەروانە لەوپەڕی بێهیواییدا بە هۆردووگادا گەڕابوو بەشکم شتێك بدۆزێتەوە، کە ئیشتیای باوکی بکرێتەوە، بەڵام زۆربەی هەرە جارەکان بە دەستی بەتاڵ گەڕابۆوە کۆخەکەیان.
پێشتر قسەی لەگەڵ ئەم پیاوانە نەکردبوو. پێی نەگوتبوون باوکی هەر لەبەر ئەوەی لە بەریتانیا دەرسی خوێندووە تاڵیبان گرتوویەتی.
یەکێك لە پیاوەکان گوتی: "دەکرێ لە گوندەکەی ئێمە بمێنیەوە. دەتوانی هەر لێرە خانوویەك بۆخۆت دروست بکەی."
ـ دەبێ بنەماڵەکەم بدۆزمەوە.
یەکێکی دیکەیان گوتی: "بەڵێ. پێویستە وا بکەی. بەڵام ئەگەر لە ئەفغانستان بەملاولادا بسووڕێیەوە، مەترسیت لەسەر دەبێ. وا باشترە هەر لێرە بمێنیەوە و دواییش کە گەورەتر بووی، بە شوێنیاندا بگەڕێی."
پەروانە کە لە ماندوویی و بێهێزی، دەتگوت خۆی بە دەبابەیەکدا کێشاوە، گوتی: "دەمێنمەوە."

لەپڕ هەستی کرد، ئەوەندە ماندووە هەر ناتوانێ قسەش بکا. زۆری نەبرد، سەری بە سەر سینیگیدا شۆڕ بۆوە و هەر ئەوەندەی ئاگا لێ بوو ژنەکەی درێژی کرد و بەتانیەکی بەسەردا کێشا. ئیتر خەوی لێ کەوت.
پەروانە حەوتوویەکی دیکەش لە گوندەکەدا مایەوە. سەر گۆڕەکەی باوکیی بە وردکەبەرد داپۆشی و هەوڵی دا غیرەت بێنێتە بەرخۆی و لەو گوندە بڕوا. دڵی بە کچۆڵەکانی ئەو ماڵە خۆش بوو. لەگەڵیاندا جۆلانێی دەکرد و لەگەڵ کچە گەورەکەیان کە بە رواڵەت تۆزێك لەخۆی گەورەتر دیار بوو، دەچووە سەر گۆڕی باوکی و بە یارمەتیی ئەو بەردیان لەسەر گۆڕەکەی کۆ دەکردەوە.
لە سایەی سەری ئەو ژنەوە، کە ئاگای لێی بێ و خواردنی بۆ لێبنێ و وەك دایکی چاوی بەسەرییەوە بێ، دڵی هێور ببۆوە و سوکنایی هاتبوویە. ئەو کاتانەی لە کاروباری ماڵەوە و چێشت لێنان و پاکوخاوێنیدا یارمەتیی دەدا، هەستی دەکرد کەسێکی ئەو ماڵەیە. بەڵام کاتێ وەك میوان هەڵسوکەوتیان لەگەڵ دەکرد و چاوەڕوانییان نەبوو کار بکا، ئیتر زۆر بێ کار دەمایەوە و خەم و خەفەت بەرۆکی دەگرت و تازیەبار دەبوو. تەنانەت لەسەری دابوو، هەر لەوێ بمێنێتەوە و ببێتە کوڕی بنەماڵەیەکی باش، کە ئاگایان لێ دەبوو، نەك ئەوەی رێگایەکی دووروودرێژ و بەتەنێ بگرێتە بەر.
بەڵام دەبوو بەشوێن بنەماڵەکەی خۆیدا بگەڕێ. لە لایەکیشەوە خۆ نەیدەتوانی تا هەتایە بەو بیچمە کوڕانەیەوە بژیێ. ئێستا ئیتر خەریك بوو دەبووە سێزدە ساڵان.
دوانیوەڕۆی رۆژێکی کۆتایی دووەم حەوتوو، چەند منداڵێك هاتنە بەر دەرگای ئەو ماڵەی پەروانەی لێ بوو. پرسییان: "ئەمڕۆ دەکرێ لەگەڵ خۆمان بتبەین؟ لەگەڵمان دێی؟"
گوتی: "باشە. با بڕۆین."
ئەوان زۆر جاران داوایان لە پەروانە کردبوو لەگەڵیان بچێ و شوێنە سەرنجڕاکێشەکانی ئاوایی نیشان بدەن. بەڵام پەروانە تاقەتی نەبوو سەیری هیچ بکا.
منداڵەکان بردیانە سەر گردێك، کە بەرامبەر گۆڕستانەکە بوو.
یەکێك لە تانکە ژەنگاوییەکانی سۆڤیەت لەسەر گردەکە بوو. بەردی ئاوەسوو* لە دەوری کەڵەکە ببوو و لە بنیاندا دیار نەبوو. منداڵ وا لەو تانکە چوونە سەرێ، دەتگوت یەکێك لەو جۆلانانەیە کە پەروانە لە حەوشەی قوتابخانەکەیان لە کابول دیتبوونی و بەحاڵ وەك خەونێك لەبیری مابوو. لەوێ منداڵەکان دەبوونە دوو دەستەی سوپا و شەڕیان دەکرد و بە پەنجەکانیان سێرەیان لە یەکتری دەگرت و ئەوەندەیان تەقە لە یەکتری کرد هەتا هەموو مردن. دیسان هەستانەوە و لە سەرڕاوە دەستیان پێ کردەوە.

* بەردی ئاوەسوو: ئەو بەردانەی بە ئاو سواون

لە پەروانەیان پرسی: "پێت خۆش بوو؟ لەو لایە، تەنیا گوندەکەی ئێمە لەو تانکانەی لێیە."
پەروانەش قسەکەیانی پشتڕاست کردەوە و گوتی، بەڵێ تانکەکان سەرنجڕاکێشن، بەڵام نەیگوت لە درێژایی ڕێگەدا زۆر تانك و تەیارەی تێك شکاوی دیتووە. نەیدەویست پێیان بڵێ لە ژیانیدا قەت توخنی ئەو شتانە نەکەوتووە و هەر خۆی لێ بواردوون، چونکە لەوە دەترسێ نەکا روحاناتی ئەو کەسانەی تێیدا مردوون، دەرپەڕن و توند بیگرن.
شەوی دوایی دەستێك پەروانەی راتڵەکاند و بەخەبەری هێنا. دەستێکی بچووك، دەمی گرت بۆ ئەوەی هاوار نەکا.
دەنگەکە بەسپایی لەبن گوێی گوتی: "وەرە دەرێ."
کچە گەورەی ماڵەکە بوو. ئەو پرێسکەکانی پەروانەی هەڵگرت و لە دەرگاکە چووە دەرەوە. ئەو زۆر بەبێدەنگی چووە دەرێ، بۆ ئەوەی ئەوانی دیکە لەخەو هەڵنەستن.
پەروانە جامانە و سۆڵەکەی هەڵگرت و بەسپایی چووە دەرێ. لە دەرەوەی ماڵەوە، کچە گوتی: "دەبێ هەر ئێستا بڕۆی. گوێم لە قسەی پیرەپیاوەکان بوو. دەیانەوێ بتدەنە دەست تالێبان. سەربازەکان جاروبار دێنە ئێرە. پیاوانی ئەو گوندە پێیان وایە ئەو سەربازانە پارەیەکی زۆریان دەدەنێ ئەگەر تۆیان پێ بدەن.
پەروانە جامانەکەی بەسەر شانیدا دا و سۆڵەکانی لەپێ کرد. دەلەرزی. دەیزانی کچە راست دەکا. لەو هۆردووگایەی زستانێ لەگەڵ باوکی لەوێ ببوو، زۆری لەو بەسەرهاتانە بیستبوو.
کچە گوتی: "وەرە. ئەوەش هەندێك خواردن و بڕێکیش ئاو."
ئیتر پرێسکەیەکی دا بە پەروانە.
ـ نەموێرا لەوە پتر هەڵگرم. شتێکی وا نیە. لەوانەیە نەتگەیەنێتە گوندەکەی دیکە و ببڕێ.
ـ چۆن چاکەت بدەمەوە؟
کچە بە پاڕانەوە گوتی: "منیش لەگەڵ خۆت بەرە. ژیانی من لێرە زۆر پووچ و بێ مانایە. لێم روونە لەو دیوی ئەو گردۆڵکانەوە شوێنێکی باشتری لێیە بۆ ژیان. بەڵام من بەتەنیا ناتوانم بچم."
پەروانە شەرمی دەکرد چاو لە چاوی کچە بکا. ئەگەر لەگەڵ خۆی بردبایەی هەموو پیاوی ئەو گوندەیان وەدوو دەکەوتن. دواییش کچەکە بەهۆی بێ ڕێزی بە بنەماڵەکەی تووشی کێشە و گێچەڵێکی گەورە دەبوو و خۆیشیان رادەستی تالێبان دەکرد.
پەروانە کە دڵی زۆر بۆ خوشکەکەی توند ببوو، کچەی لە باوەش کرد و بە لەبزێکی ساردوسڕ وەڵامی داوە: "بگەڕێوە. بچۆوە ماڵەکەتان. من ناتوانم یارمەتیت بدەم."

پاشان کەلوپەلەکەی هەڵگرت و خێرا و بەبێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە، گەڕاوە و کەوتە ڕێگە بۆ ئەوەی لە گوندەکە بچێتە دەرێ.

هەتا سبەینێ ئێوارە، کە خۆر ئاوا بوو، پەروانە یەك پشوو ڕێگەی بڕی. ئیتر جێیەکی دۆزییەوە، کە لە بەر گابەرد، با نەیدەگرتەوە. هەر لەوێ دانیشت و چاوی بڕییە دیمەنە شکۆمەندەکەی ئەفغانستان. زەویو زارێکی ڕەقێن و بەردەڵێن بوو، بەڵام ڕەنگی ئاسمان نیشتبووە سەر گرد و تەپۆڵکەکان و سوورایییەکی گەشی پێ بەخشیبوون. تەپۆڵکەکان دەدرەوشانەوە.

دانیشت و پارووە نانێك و چایەکی ساردی خوارد. لە دوورەدیمەنەکەی بەرامبەریدا، جگە لە تەپۆڵکە و ئاسمان نەبێ هیچ دیار نەبوو.

بە دەنگێکی بەرز گوتی: "بەتاقی تەنێم."

"با" دەنگ و قسەکانی لەگەڵ خۆیدا برد. بە دڵی حەزی لێ بوو کەسێك لەوێ بوایە و قسەی لەگەڵ کردبایە. گوتی: "سەد خۆزگە شوزیە لێرە بوایە."

شوزیە هاوڕێی هەرە باشی بوو. هەردووکیان لە کابول خۆیان کردبووە کوڕ بۆ ئەوەی بنەماڵەکانیان بەخێو بکەن. بەڵام شوزیە ئیتر لە پاکستان بوو و مەحاڵ بوو پەروانە بتوانێ قسەی لەگەڵ بکا.

لەوانەش بوو ڕێگەیەك هەبێ بۆ قسەکردن لەگەڵی. دەستی لە جانتاکەی باوکی نا، کە ئیتر ببوو بە جانتای خۆی. قەڵەم و دەفتەرەکەی دەرهێنا و لەبری مێز لەسەر جانتاکەی دانا و دەستی کرد بە نووسین.

**شوزیەی ئازیز!**

**حەوتووی ڕابردوو، باوکمم بە خاك سپارد.**

## ٢

پەروانە بەدەم بڕینی گرد و تەپۆڵکە و بەیارە وشکەکانەوە، لەگەڵ خۆی خشتەی لێکدانی لێك دەدایەوە: "چواردە پێنج جارانی پێنج دەکاتە حەفتا چواردە شەش جارانی شەش دەکاتە هەشتاوچوار. چواردە حەوت جارانی حەوت دەکاتە نەوەد و هەشت."

ئەوە لە باوکییەوە فێر ببوو.

باوکی بەر لەوەی وانەی زانست یان جوگرافیا بە پەروانە بڵێتەوە، دەیگوت: "ئەم دونیایە پۆل و قوتابخانەی ئێمەیە."

ئەو مامۆستای مێژوو بوو، بەڵام شتێکی لە وانە و دەرسەکانی دیکەش دەزانی.

لە درێژایی ڕێگادا، کە بەشوێن بنەماڵەکەیاندا دەگەڕان، جاری وابوو دەرفەت دەڕەخسا و هەڵدەکەوت سواری عارەبانە یان پیکابێك دەبوون بۆ ئەوەی لە گوندێکەوە بچنە گوندێکی دیکە یان لە هۆردووگایەکەوە بڕۆن بۆ هۆردووگایەکی دی. بەڵام زۆربەی جاران ناچار دەبوون بە پێیان بڕۆن و هەر ڕێگایان بەو وانەگەلە کورت دەکردەوە.

کە بەتەنیا دەبوون، باوکە فێری قسەکردنی ئینگلیزیی دەکرد. ئیتر ئەو کاتانەی رادەوەستان پشوویەك بدەن، پەروانە ئەو وشانەی فێریان ببوو، لەسەر عەرزەکە دەینووسینەوە. باوکە بەشێك لە چیرۆکی نێو شانۆنامەکانی شەکسپیریشی بۆ دەگێڕاوە، هەروەها باسی بەریتانیای بۆ دەکرد. ئەو جێیەی لەوێ چوبووە زانکۆ.

ئەو شەوانەی هەواکەی خۆش دەبوو و ئەوانیش شەکەت نەبوون، باسی ئەستێرە و هەسارەکانی بۆ دەکردز لە مانگە ساردەکانی ئەو زستانە دوورودرێژەدا، باسی شاعیرە فارس و ئەفغانیەکانی بۆ دەکرد و شیعرەکانی لەبەر دەگوتنەوە و پەروانەش ئەوەندەی دووپاتە دەکردنەوە هەتا لەبەری دەکردن.

باوکە دەیگوت: "مێشکیش پێویستیی بە راهێنانە، ڕێك وەك جەستە. مێشکی تەمبەڵ بەکاری هیچ نایە."

بەدەم ڕێگەوە جاروبار باسی خێزانەکەی خۆیانیان دەکرد. بۆ وێنە باوکی دەیپرسی: "بڵێی عەلی چەندە گەورە بووبێ؟"

ئەو چەند مانگان لە زیندانێدا مابۆوە و ئەو کاتەی بەریش درابوو،، ئیتر کوڕە بچکۆڵەکەی لەگەڵ ئەندامەکانی دیکەی خێزانەکەی لە کابول ڕۆیبوون. پەروانەش هەوڵی دەدا ئەو کاتە بێنێتەوە بیر خۆی، کە

بۆ دواپین جار برا بچکۆلانەکەی لە باوش کردبوو، بۆ ئەوەی بزانێ ئەو کات چەندە بووە. دواییش پێکەوە مەزەنەیان دەکرد کە لەو کاتەوە تا ئێستا دەبێ چەندە گەورە بووبێ.

پەروانە باسی مەریەمیش دەکرد: "مەریەم زۆر زیرەکە."

باوکی دەیگوت: "کچەکانی من هەموویان زیرەکن. رۆژێك دێ ئێوە زۆر زۆر بەهێز و بەتوانا دەبن و ئەفغانستانە هەژار و داماوەکەی ئێمە سەرلەنوێ بنیات دەنێنەوە."

پەروانە و باوکە وایان باسی ئەندامەکانی خێزانەکەیان دەکرد، دەتگوت لە رۆژانی پشوو دان. ئەوان هەرگیز باسی نیگەرانیەکانی خۆیانیان نەدەکرد. جاری واش بوو باوکە لەبەر ژان و ئازار قسەی پێ نەدەکرا و بە بێدەنگی رێگەیان دەبڕی.

لە کاتی بۆردومانی قوتابخانەکەوە زەبرێکی پێ کەوتبوو، قەرەبوو نەدەبۆوە. جگە لەوەش ئەو لە سۆنگەی لێدانەکانی بەندیخانە و نەبوونی خواردەمەنی و چاودێریی پزیشکی لە هۆردووگاکاندا زۆربەی کاتەکان لە ژان و ئازاردا دەتلایەوە.

پەروانە حەزی لێ نەبوو بیر لەو رۆژانە بکاتەوە. لەو رۆژانەی هیچی لەدەست نەدەهات بۆ چاکبوونەوەی باوکی.

هەر پێی دەگوت: "باوکە، ناکرێ تاوێك لە شوێنێ بمێنینەوە؟"

باوکەش بەردەوام لە وەڵامیدا دەیگوت: "بێت و لە شوێنێك بمێنینەوە، دەمرین. دەبێ بەردەوام بین."

ئەو رۆژە پەروانە ژانە زگێکی هەبوو و دەشیزانی هیی چییە. ئەو بڕە برنج و نان و وشکەتووەی کچە گوندییەکەی پێی دابوو، سێ رۆژ بوو تەواو ببوو. ئەو هەموو جارێ، تۆزێکی لێ دەخواردن و دەسبەجێ ئەوی دیکەی دەپێچایەوە دەیگوت نەکا بەسەر خۆیدا زاڵ نەبێ و هەمووی بخوا. بەڵام ئەوە سێ رۆژ بوو گوندەکەی جێ هێشتبوو و هیچی پێ نەمابوو بیخوا.

ـ چواردە هەشت جارانی هەشت، دەکاتە سەد و دوازدە. چواردە نۆ جارانی نۆ دەکاتە سەد و بیست و دوو...

نا... وا نیە.

هەوڵی دا وەڵامە راستەکەی بدۆزێتەوە، بەڵام ئەوەندە ماندوو بوو، مێشکی کاری نەدەکرد.

لەو لای زەویوزارە بەیار و پان و بەرینەکەوە، گوێی لە دەنگێك بوو. دەنگی بنیادەم بوو، نەك دەنگی حەیوان یان سەیارە. ئەو دەنگە جارێ بەرز دەبۆوە و دادەمرکاوە. پەروانە پێی وابوو لوورە و گڤەی بایە بە نێو گرد و تەپۆڵکەکاندا دەسوورێتەوە. بەڵام ئەو رۆژە هەواکەی مەند و هێمن بوو. تەنانەت سروەیەکیش شنەی نەدەهات و بە مل و گەردەنی نەدەکەوت.

گەیشتە شیوێکی بچووك، کە دەرووبەری پڕ بوو لە تەپۆڵکە و گرد. دەنگە سەیرو سەمەرەکەش لە نێوان گردەکاندا دەنگی دەدایەوە. نەیدەزانی دەنگەکە لە کوێوە دێ. بڕیاری دا خۆی مات بدا، بەڵام نە دارێکی لێ بوو و نە بەردێك خۆی لە پەنای بشارێتەوە.

بە دەنگێکی بەرز بەخۆی گوت: "هەروا دەڕۆم بزانم چییە."

کە گوێی لە دەنگی خۆی بوو، تۆزێ هێور بۆوە.

کە گەیشتە گەوەیەکی شیوەکە، دەنگەکە بەرزتر بۆوە. ڕێك لەژوور سەرییەوە دەهات.

پەروانە سەری بەرز کردەوە و شنێکی کووڕی دیت کە لەسەر تەپۆڵکە وشکە بچووکەکە دانیشتبوو. دەمامکەکەی هەڵدابۆوە و دەموچاوی دیار بوو. کەوابوو ئەو دەنگە سەیروسەمەرەیە هیی ئەو بوو.

بە زەحمەت لە تەپۆڵکەکە چووە سەر. تەپۆڵکەکە قیت و ڕژد بوو و بەو کۆڵەی بە کۆڵییەوە بوو، بە هانکەهانك گەیشتە سەرێ. هەموو گیانی شەلاڵی ئارەقە بوو. تۆزێك لە بەردەم ژنەکە ڕاوەستا و دەستی ڕاوشاند چاوەڕوان مایەوە هەتا پشوویەکی بێتەوە بەرخۆی و بتوانێ قسە بکا.

دەنگی قیژە و هاواری ژنە نەبڕایەوە.

پەروانە گوتی: "تۆ باشی؟"

وەڵام نەبوو.

ـ هیچت پێیە بۆ خواردن؟

دیسان هەروا دەیقیژاند.

ئەو ژنە خەڵکی کوێ بوو؟ خۆ هیچ گوند یان خانووبەرەیەك لەو دەوروپشتانە دیار نەبوو. هیچ پریاسکەیەك شتێکی وای پێ نەبوو بڵێی ڕێبوارە و دەڕوا.

پەروانە پرسیی: "ناوت چییە؟ خەڵکی کوێی؟ لە کوێوە هاتووی؟"

ژنە، نە چاوی لێ کرد و نە جووڵەیەکیشی کرد، کە دەریبخات دەزانێ پەروانە لە بەردەمی ڕاوەستاوە.

پەروانە کۆڵەکەی دانا، دەستی بردە بەر دەموچاوی. هەڵبەزودابەزی کرد و تەنانەت لە بن گوێی دەستیشی لێك دا. دیسان جگە لە قیژە و هاوار دەنگێکی دیکەی لێوە نەهات.

پەروانە بەسەریدا نەڕاند: "بیبڕەوە دەی، بێدەنگ بە بێدەنگ. گوێ بدە من."

ئیتر دهاتەوە و نێوشانی گرت و توند ڕایوەشاند.

ـ تۆ گەورەی. تۆ کەسێکی بەتەمەنی و دەبێ ئاگات لە منیش بێ.

ژنە هەروا دەیزریکاند.

پەروانە حەزی لێ بوو تێی هەڵبدا. دەیویست ئەوەندەی بە شەقان لێ بدا و بە عەرزیدا بدا، هەتا ناچار دەبێت لەجێی خۆی هەستێ و هەندێ خواردنی بداتێ. زۆر بە تووڕەییەوە رایدەوەشاند و تەنانەت دەستیشی لێ هەڵێنا، بەلاّم لەو کاتەدا چاوی ژنەی دیت.

چاوەکانی تروسکاییان تێدا نەبوو. هیچ شتێکیان تێدا بەدی نەدەکرا. پەروانە لەو هۆردووگایانەی بۆ پەنابەر و ئاوارەکانیان کردبوونەوە، زۆر چاوی ئاوای دیتبوو. ئەو خەڵکێکی دیتبوو کە هەموو شتێکیان لە دەست دابوو، کەسانێك کە هەرگیز هەستیان بە عەشق و بەزەیی و شادی نەدەکرد.

جارێکیان باوکی پێی گوتبوو: "هەندێ کەس بەر لە مردنی خۆیان دەمرن. ئەوان پێویستییان بە بێدەنگی و پشوودان هەیە و بە پزیشکێکی تایبەت کە لەو شتانە تێ بگا. ئەوان دەبێ داهاتووی باشتر بێننە بەرچاوی خۆیان. بەلاّم لەو هۆردووگایانەدا شتی وا نیە. تەنانەت پەیداکردنی بەتانیەکیش ئەستەمە. پەروانە خۆ لەو کەسانە ببوێرە و توخنیان مەکەوە. تۆ ناتوانی دەستیان بگری. ئەوان تۆش بێهیوا دەکەن."

پەروانە بە وەبیرهێنانەوەی قسەکانی باوکی، ئیتر حەزی تێهەڵدانەکەی لەو ژنەی دامرکایەوە. نە ژنە دەیتوانی یارمەتیی ئەو بدات و نە ئەویش دەیتوانی دەستی ژنە بگرێ و کۆمەگی بکا. هەر بۆیە پرێسکە و شتەکانی هەڵگرت و لە گردەکە بەرەو خوار بۆوە. ئیتر بە بەهەموو تینی خۆی لەوێ دوور کەوتەوە. ئەوەندە دوور کەوتەوە هەتا ئیتر گوێی لە دەنگی زریکە و قیژەی ژنە نەدەبوو.

## ٣

ئێوارەی ئەو رۆژە پەروانە لە سەر پردێکی بچووك راوەستا و زگی بە پەرژینەکانیەوە نا و لەوێوە سەیری زەوی و زارە رووت و قاقڕەکانی دەوروبەری کرد. گوندێکی بچووك بە کۆمەڵێك کۆخ و هۆدەی گڵەوە دیار بوو، کە کاول ببوو. دیمەنی کاولاش و خانووە رووخاوی دوای بۆردوومان، لەبەرچاوی پەروانە نامۆ نەبوون و پتر لە بیست ساڵ بوو ئەفغانستان لە شەڕدا بوو و هەمیشە ژمارەیەك خەڵك خەریك بوون بۆمبیان بەسەر ئەوانی دیکەدا بەردەدایەوە. ژمارەیەك زۆریش بۆمب بەسەر شاری کابولدا درابوون. هیچ کوێ نەمابوو بۆمباران نەکرابێ.

لەو خوارەوە، هیچ گیانلەبەرێك دیار نەبوو، جگە لە لەتە قوماشێك کە بە دەرگای ماڵێکەوە دەشنایەوە.

بیستبووی جاری وایە دوای بۆردومانی گوندێك، سەربازەکان دەچنە گوندەکەوە و لەو خانووانەدا دەمێننەوە کە خەڵکەکە بەجێیان هێشتوون. لە درێژایی سەفەرەکەیدا لەگەڵ باوکی زۆری شتی وا دیتبوو. ماوەیەکی دووروودرێژ هەر وا سەیری گوندەکەی کرد، بەڵام هیچ جووڵەیەکی نەدی. لەسەرخۆ لە گردەکە هاتە خوارێ. زۆربەی دیوارەکانی دەوری گوندەکە رووخابوون و ناو گوندەکە دیار بوو، بەڵام لەوانەش بوو سەربازەکان لە شوێنێك خۆیان حەشار دابێ.

بە پارێزەوە بەسەر وردکە بەردەکاندا تێپەڕی و چووە نێو گوندە بچووکەکەوە. ورد ورد لە دەوروبەری خۆی روانی بەشکم شتێکی تێدا بدۆزێتەوە. نێو کۆخەکە، راخەرێك و سەرچەفێك و هەندێ قاپ و قاچاغ و ئیستیکانی چای لێ کەوتبوو.

زۆری دیمەنی لەوجۆرە دیتبوو. ئەوە دیمەنی راکردنی مرۆڤ بوو بۆ رزگارکردنی گیانی خۆی. دیمەنێکی وەك ماڵەکانی خۆیان پاش بۆردومانەکان، کە بەپەلەپەل چەند پارچە کەلوپەلێکیان هەڵگرتبوو و رایان کردبوو.

نەیدەزانی خەڵکی ئەو گوندە بەرەو کوێ رایان کردووە. بە دڵنیاییەوە ئەگەر لێیان روون بوایە ئیتر مەترسییەکیان لەسەر نابێ، دەهاتنەوە و گوندەکەیان دروست دەکردەوە. زۆر ترسناك و ناخۆش بوو بەتەنێ لە گوندێکی چۆلکراودا بمێنیتەوە. هەستی دەکرد یەکێك یان کەسانێك ئەوە لە شوێنێکەوە سەیری دەکەن، بەڵام خۆ کەس لەوێ نەمابوو سەیری ئەو بکات.

شنەبایەکە دەنگی نووزەیەکی لەگەڵ خۆیدا هێنا. دەنگێکی وەك نووزانەوە بێچووە پشیلە. پەروانە بەرەو دەنگەکە چوو. دەنگەکە لە نێو ئاخرین خانووی ئاواییەوە دەهات. لەبەر دەرگاوە راوەستا. لایەکی میچەکە داتەپیبوو. سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد تا بزانێ دەنگەکە لە کوێوە دێ.

دیتیەوە. بەڵام بێچووە پشیلە نەبوو.

له گۆشەیەکی ژوورەکەوە، منداڵێکی ساوا لەسەر گازەرای پشت کەوتبوو. پارچە قوماشێکی پیسی بەسەردا درابوو. دیار بوو ئەوەش با هێناویەتی و بەسەریدا داوە. منداڵەکە بە ئاستەم تینی تێدا مابوو و بەحاڵ نووزەی دەهات. وا دەگریا دەتگوت زۆر گریاوە و ئیتر هیوای نەماوە بەوەی یەکێك بەدەنگییەوە بێ.

پەروانە بەرەو لای چوو و گوتی: "ئەوە بەتەنیا بەجێیان هێشتووی و رۆیشتوون. وەرە بچکۆڵەی داماو."

ئیتر منداڵۆچکەکەی لە باوەش کرد.

ـ بنەماڵەکەتان ترسان و تۆیان لەبیر کرد؟

ئیتر لەو کاتەدا بوو کە وزەوزی مێش و مەگەز سەرنجیان بەرەو تەرمی ژنێك راکێشا کە لە نێو بەردەکاندا کەوتبوو.

بەپەلە منداڵەکەی لە ژوورەکە بردە دەرەوە و بۆ ئەوەی تیشکی خۆرەکە لە چاوی نەدا، دەستی بۆ کردە سێبەر.

ـ نا، فەرامۆش نەکراوی، ئەگەر دایکت توانیبای تۆشی لەگەڵ خۆی دەبرد.

لە دەرەوەی کۆخەکە و لە رووناکاییدا، تێگەیشت منداڵەکە نیوەرووتەکە کوڕە و خۆشی تەڕ کردووە.

گوتی: "دەبێ خاوێنت بکەمەوە. بەڵام لە پێشدا دەبێ شتێك بدەمێ بیخۆی. دیارە لەو دەوروبەرانە شتێك بۆ خواردن دەست دەکەوێ."

منداڵەکەی بردە نێو خانوویەك، کە زۆر نەڕووخابوو. ویستی دایبنێ و بە دوای خواردندا بگەڕێ، بەڵام منداڵەکە توند گرتی و زریکاندی. کوڕیژگە ئیتر نەیدەویست بەتەنێ بمێنێتێتەوە.

گوتی: "زۆر باشە رۆڵەگیان. بەجێت ناهێڵێم."

ئیتر لەبری منداڵەکە، کتێب و کەلوپەلەکانی باوکیی دانا.

ئەو خانووەش هەر ژوورێکی هەبوو. لە گۆشەیەکەوە، دەفرێکی دۆزییەوە کە هەندێ برنجی تێدا بوو. کەڕووی هێنابوو، بەڵام دەکرا بەشە کەڕوولێدراوەکەی لا بدا. لەتە نانێکیشی لێ بوو. بەڵام وا رەق ببوو ددان نەیدەبڕی. زۆر گرنگ نەبوو، چونکە بلێی و نەڵێی هەر دەخورا.

گوتی: "ها، بچکۆلانە، دەبێ ئاهەنگێك بگێڕین."

لە دەم ئاوایییەکە جۆگەیەکی بچووکی دیتبوو. دەفرێکی لەسەر رەفەکە هەڵگرت و چوو ئاو بێنێ.

منداڵەکە نەیدەتوانی بە ئیستیکان ئاو بخواتەوە و بەشی زۆری ئاوەکەی بەخۆیدا رشت. بەڵام پەروانە دڵنیا بوو هەندێکی هەر خواردووەتەوە. لەتێك لە نانەکەی لە ئاوەکەدا خووساند و بە منداڵەکەی دا.

منداڵەکە، هەرچی پەروانە دەیدایێ، دەیخوارد و چاوی لێ نەدەترووکاند.

گوتی: "تۆ بە قەد عەلیی برامی. دیارە دوایین جار کە دیتم هێندەی ئێستای تۆ بوو، نا لێم تێك چوو، تۆ لەو بچووکتری. هەرچۆنێ بێ، دەزانم منداڵ چۆن خۆیان پیس دەکەن. لە پێشدا تۆ دەشۆمەوە و دواییش خۆم. دواییش دیسان شتێك دەخۆین."

دەبوو بگەڕێنەوە ماڵی منداڵەکە بۆ ئەوەی جلوبەرگی خاوێنی بۆ بدۆزێتەوە و چەند پارچە پەڕۆیەکیش بۆ پۆشەك و کڵاوێکی بچووکیشی بۆ سەری منداڵەکە دۆزییەوە. ئەو ماڵەوە وەها کاول ببوو لەوە پتری تێدا دەست نەدەکەوت. لە لایەکیشەوە پێی خۆش نەبوو لەوە پتر لەو ماڵەدا بمێننەوە کە دایکی منداڵەکەی تێدا بوو.

بەخۆی گوت: "خۆزگە شاردبامەوە، بەڵام ناتوانم، نا."

بە پارچە پەڕۆیەك دەموچاوی ژنەی داپۆشی بۆ ئەوەی لانیکەم مێش و مەگەز لێی نەنیشن. ئیتر حەزی لێ نەبوو سەر بەو ماڵەدا بکاتەوە.

ئەوجار بە منداڵ و جلوبەرگە خاوێنەکانەوە بەرەو جۆگە ئاوەکە چوو.

کە جلە پیس و تەڕەکانی لەبەر منداڵەکە داکەن، گوتی: "چەندە کوڕێکی باشی تۆ."

ئیتر وەك چۆن دیتبووی گەورەکان منداڵی بچووك دەدوێنن و گۆرانییان بۆ دەڵێن، دەستی کرد بە دواندنی منداڵەکە.

ـ حەواندنەوە و بەخێوکردنی تۆ زۆر ئەستەم نیە. هەر هیچ نیە. وەك ئەوە وایە بێچووە پشیلەیەکی بچووك بحاوێنیتەوە.

ئەو هەمیشە حەزی لێ بوو بێچووە پشیلەیەکی هەبێ.

ئاوەکە سارد بوو، بەڵام منداڵەکە هیچ پێی ناخۆش نەبوو. ئەو هەر سەیری پەروانەی دەکرد. دەمێك بوو خۆی تەڕ کردبوو و هەموو گیانی گرمژنەی گرتبوو و سوور ببۆوە. زۆریش لاواز بوو، بەڵام لەسەر یەك ساغ بوو.

پەروانە شمەکی خاوێنی لەبەر کرد و گوتی: "ئەوجار باشتر بووی."

نەیدەزانی خانەوادەی ئەو منداڵە بە زمانی پەشتوون قسەیان کردووە یان دەری. ئەگەر زمانیان پەشتوون بووبێ، خۆ منداڵەکە هەر لێی تێنەدەگەیشت دەڵێ چی. بەڵام پەروانە زۆر بەلایەوە گرنگ نەبوو. هەر ئەوەندەی یەکێك هەبوو هاودەنگی بێ، بۆ ئەو بەس بوو.

کوتە پەڕۆیەکی بۆ منداڵەکە لە شوێنێکی نێوان چەند بەردێك ڕاخست، کە لێی دیار بێ و منداڵ دڵنیا بێ هەر لەوێیە. ئەوجار جلوبەرگە پیسەکانی خۆیشی داکەندن و شەلوار کامیزە خاوێنەکەی لە نزیك خۆیەوە

دانا و خۆی خستە نێو ئاوەکە و گوتی: "بەڵێ، من کچم. بەڵام ئەوە هەر خۆم و خۆت دەیزانین. بەینی خۆمان بێ، ها."

منداڵەکە گڕۆگاڵی کرد. پەروانە خۆی و جلەکانی بە لم شوشت. دواییش شمەکەکانی خۆی لە بەر تاوەکە هەڵخست بۆ ئەوەی وشك ببنەوە.

کە دیسان گەڕانەوە نێو ئەو ماڵەی زۆر کاول نەببوو، هەم خۆی پارچەیەك لە نانە بەیاتەکەی خوارد و هەم بەشی منداڵەکەشی دا. منداڵەکە تێر بوو و خەوی لێ کەوت.

پەروانە بەسپایی بردی و لەسەر دۆشەگێکی دانا و داپۆشی. دواییش لە تەنیشتی دانیشت و چاوی تێوە بڕی. خاوێن و جوان ببۆوە و کە پەروانە دەستی بەسەر دەستیدا هێنا، ئەو پەنجە بچووکەکەی لە یەکێك لە پەنجەکانی پەروانە توند کرد. لە روخسارە خەوتووەکەیدا، ئاسەوارێکی شەڕ نەدەبینرا.

پەروانە گوتی: "ناوت دەنێم حەسەن. چونکە هەرچۆنێك بێ هەموو کەس دەبێ ناوێکی هەبێ."

لە تەنیشتی درێژ بوو و بەسپایی گوتی: "خەونی خۆش ببینی."

ئەوجار خۆشی خەوی لێ کەوت.

بەیانی کە پەروانە بەخەبەر هات، خۆی خاوکێش کرد و چێژی لە دۆشەگە نەرمەکەی بن خۆی وەرگرت، چونکە بەودواییانە هەر لە سەر عەرزە رەقەکە دەنوست. بە خەواڵوویییەوە بیری لەوە دەکردەوە ئاخۆ دەتوانێ دۆشەگەکە وا خڕ بکاتەوە و بچووکی بکاتەوە کە بتوانێ لەگەڵ خۆی بیبات یان نا.

دەنگی حەسەن، پەروانەی راچڵەکاند. ئەو خەریك بوو سەیری پەروانەی دەکرد و کە دیتی پەروانەش سەیری ئەو دەکا، بە پێکەنینێکی سەیرەوە، دەستەکانی راوەشاند.

پەروانە گوتی: "بەیانیت باش حەسەن".

دۆزینەوەی هاوەڵێك، لە هەموو شتێك خۆشتر بوو. لە باوەشی کرد و بە پارێزەوە سەیری دەرەوەی کرد. هەموو وڵات بێدەنگ بوو. لە ماوەی خەوتنەکەشیاندا، هیچ سوپایەك نەهاتبووە گوندەکەوە.

پرسیی: "برسیتە حەسەن؟ رات چییە لە سەر پڵاو و کشمیشێکی بە زەعفەرانەوە، کە پڕ بێ لە گۆشتی برژاوی بەرخ؟ دواییش دەتوانین کەلانێی بخۆین یان چەندی حەزمان لێبێ پەتاتەی سوورەوەکراو. تۆ پێت باش نیە؟"

پەروانە هەروا کە یەك بە یەك ناوی خواردنەکانی دێنا، حەسەنیشی لەکۆڵ دەکرد. حەسەن وەك ئەو مەیموونەی پەروانە لە کتێبی جۆگرافیای قوتابخانەدا دیتبووی کە خۆی بە لقەدارێکەوە هەڵواسیبوو، ئاوا بەپشتییەوە نووسا. پەروانە هەموو ئەو کەڕووەی سەر برنجە ساردەکەی نێو قابڵەمەکەی داپۆشیبوو، هێنایە دەرێ و ئیتر لەگەڵ حەسەندا کەوتە خواردنی ئەوەی مابوو.

دوای نانی بەیانی، بە کۆخە بچووکەکەدا گەڕا، بەشکم شتی دیکەی لێ دەست بکەوێ بەکار بێ، بەڵام بەلای ماڵی حەسەندا نەچۆوە و باش بوو تووشی تەرم و مردووانیش نەبۆوە.

خانووەکی بچووك لە پشتەوەی ماڵەکانەوە بوو. بە رێکەوت گەوڕ بوو. دوو بزن و چەند مریشکێکی تێدا بوو. پەروانە برێك دەیزانی چۆن شیر بدۆشێ. کە دەستی بۆ گوانی بزنەکە برد و شیری لێ هات، وەخت بوو لە خۆشیان شاگەشکە بێ. زۆربەی شیرەکەی دا بە حەسەن و خۆشی هەندێکی خوارد. گەرم و شیرن بوو.

بەڵام مریشکەکان نەیانهێشت هێلکەکانیان هەڵگرێ. هەر جارێکی لێیان دەچووە پێشێ، پێی هەڵدەپڕژان.

پەروانە گوتی: "من لە ئێوە پتر پێویستیم بەو هێلکانەیە. "

ئیتر بە تەختەیەك ئەوەندەی کشەکش لێ کردن، هەتا بەدەم گارەگارەوە دەرپەڕینە دەرێ. پەروانە هێلکەکانی لەسەر رەفەیەکی ژوور سەریەوە دانا، لە ترسی ئەوەی نەکا پێیان لێبنێ.

حەسەن ئەوەندەی چاوی لێی بوو، نەدەگریا. هەر بۆیە پەروانە هەوڵی دەدا بەجێی نەهێڵێ. لەگەڵ حەسەن ماڵ بە ماڵ گەڕان و لە نێو وردکە بەردەکاندا هەر شتێکی بەکەڵکیان دۆزیباوە هەڵیاندەگرتەوە. دوایی چیی دۆزیبۆوە، خستییە نێو لەتە لایلۆنێکەوە و بەدوای خۆیدا رایکێشا. کە لێ بۆوە، هەمووی لەبەردەم خۆی هەڵڕشت.

بەحەسەنی گوت: "پێم خۆش نیە شتی خەڵك هەڵگرم، بەڵام چون دەبێ ئاگام لەتۆ بێ، خەڵکی ئەو گوندەش دەبێ کۆمەگی من بکەن. "

سەیری هەموو ئەو شتانەی کرد وا لە نێو زبڵ و زاڵەکاندا کۆی کردبوونەوە. بە وردی ئەو شتانەی جوێ کردنەوە* ، کە دەیتوانی لەگەڵ خۆیدا بیانبا. تا ئەو کات تەنیا قابڵەمەیەکی بچووکی هەبوو، بەڵام ئیتر ئەوجار چەقۆیەکی تیژ و بەتانیەکی زیادی و چەند مۆمێك و چەند قوتووە شقارتە و مقەستێکی بچووك و هەندێ بەن و پەتیشی دۆزیبۆوە. کەوچکێکی دەسك درێژ و دوو ئیستیکانیشی خستە سەریان. ئیتسیکانەکان بچووك بوون و لەوانەبوو بتوانێ حەسەن فێر بکا کە چۆن خۆی بەدەستیانەوە بگرێ. حەسەن زیرەك دیار بوو.

خواردنەکانیشی لە پرێسکەیەکی دیکە نا. ئارد و برنج و پیاز و گێزەر و هەندێ وشکە قەیسی. جگە لەوانە شتێکی دیکەی نەدۆزیبۆوە. قوتووەکیشی رۆن دۆزیبۆوە، ئەویشی لە پرێسکەیەکی دیکە نا.

---

* جوێ‌کردنەوە/ جوداکردنەوە: لێك هەڵاواردن. لێك جوێکردنەوە، لێك هەڵاواردن.

ئاخرییەکەی ئەو شتەشی هەڵگرت کە بە دۆزینەوەکەی دڵی زۆر خۆش ببوو. سابوونێك، کە وێنەی سوورەگوڵێکی بەسەر کاغەزەکەیەوە بوو. زۆر قەدیمی دیار بوو. نەیدەزانی خاوەنەکەی لەکوێی هێناوە و بۆ کەنگێی هەڵگرتووە.

پەروانە هەر دوو پڕێسکەکەی لە تەنیشت کەلوپەلەکانی دیکەی و لە نزیك دەرگای ئەو ماڵەوە دانا، کە لە هەمووان کەمتر رووخابوو.

بە حەسەنی گوت: "ئێستا ئیتر ئامادەین بڕۆین. با بچین دایکم بدۆزینەوە. ئیزنی دەدەم یارمەتیم بدات بۆ چاودێریکردنی تۆ، بەڵام من گەورەی تۆم نەك ئەو. باشە؟ نوریە، خوشکە گەورەکەم، دڵنیام دەیەوێ فەرمانت بەسەردا لێ بدا، بەڵام من ئیزنی پێ نادەم."

ئامادەی رۆیشتن بوو، بەڵام حەزی لێ نەبوو بڕوا.

بە حەسەنی ـ کە بە خەواڵووییەوە لەسەر دۆشەگەکە سەیری دەکرد ـ گوت: "لە پێشدا دەبێ ماڵەکە هەڵوەژێرین."

بە گەسکۆکەیەك، کە بە بزمارێکەوە کرابوو، جوان جوان ماڵەکەی گەسك دا. تەپوتۆزێکی هەستاندبوو هەر مەپرسە. کاتێکی زۆریشی بە گسك لێدانەکە تێپەڕی. بەڵام کە لێ بۆوە، رواڵەتی ماڵەکە باشتر ببوو. لایەکەی دیکەی ئەو کۆشکە بچووکە لە چاو شوێنە گەسكلێدراوەکە خاوێنتر دیار بوو. حەسەنی لەسەر راخەرەکە دانا و بەرەو جۆگە ئاوەکە رای کرد بۆ ئەوەی دەفرەکەی پڕ بکا لە ئاو. بۆ خاوێنکردنەوەی دیوار و رەفەکان ناچار بوو دوو جاران ئاوی خاوێن لە جۆگەکەوە بێنێ. ئاخرییەکەی سەیری کرد هەموو ماڵەکە پاکوخاوێنە.

لەسەرۆ و بەئەسپایی بەشێوەیەك کە حەسەن بەخەبەر نەیە، گوتی: "دەمتوانی چەند سوورە گوڵێکیش لە دەرەوەی ماڵەکە بچەقێنم. ئەفغانستان جاری جاران باغی زۆر جوانی هەبووە."

تاریفی ئەو سەردەمانەی لە دایك و بابی بیستبوو، ئەو باغانەی پێش لەدایکبوونی ئەو، بۆردومان لەناوی بردبوون و نەیهێشتبوون.

ئاوە قوڕاوەکەی بە پشت دەرگای ماڵەکەدا کرد و پەڕۆوپاڵەکانی هەڵخست بۆ ئەوەی وشك ببنەوە. دوای ئەوە زانیی زۆر ماندووە. لە تەنیشت حەسەن راکشا و زۆری نەبرد، خەوی لێ کەوت.

نیوەی شەوێ بەخەبەر هات. هەموو وڵات تاریك بوو و بۆ ساتێك نەیزانی لە کوێوە و بیریشی نەدەهاتەوە. زۆر ترسا، رێك لەو کاتەدا حەسەن جووڵەیەکی کرد و پەروانە لە باوەشی کرد و چاوی لێك نا هەتا گوێی بە تاریکییەکە نەبزوێ و دووبارە بخەوێتەوە.

بۆ سبەی بەیانی لە تەنیشت جۆگە ئاوەکە ئاگرێکی کردەوە بۆ ئەوەی ئەو پێنج هێلکەیەی دۆزیبوویەوە، بکاتە هێلکەوڕۆن. درەنگ وەبیری هاتەوە کە دایکی زۆر کەمی رۆن لەو دەفرە دەکرد وا هێلکەوڕۆنەکەی تێدا دروست دەکرد. بۆ ئەوەی هەم هێلکەکان تێك نەچن و هەم بەبنی تاوەکەوە نەنووسێن. بەڵام هێلکەکان زۆر خۆش بوون و ئەو و حەسەن تاوەکەشیان لستەوە. تەنانەت بە لەتە دارێکی بنی تاوەکەشیان کڕاند بۆ ئەوەی هیچی لێ بەفیڕۆ نەچێ.

کە هێلکەوڕۆنەکەی دەخوارد، کەوتەوە بیر مریشکەکان.

لە حەسەنی پرسی: "تۆ پێت وایە کوشتنی مریشك زۆر ئەستەم بێ؟"

حەسەنی لە باوەش کرد و بەرەو گەوڕەکە چوو بۆ ئەوەی هەندێ شیری تازەی بزنەکە بخواتەوەز حەسەنی لەسەر کۆپەنکە کایەك دانا و بەرەو لای مریشکەکان رۆیشت و گوتی: "ئێوە کامتان دەتانەوێ ببنە خواردنی ئەمرۆ نیوەڕۆی ئێمە؟ کێ بە دڵخوازی خۆی دێ؟"

بەڵام هیچ کام لە مریشکەکان نەهاتنە پێشەوە.

پەروانە رووی کردە ئەوی هەرە قەڵەویان و وەبیر خۆی هێنایەوە و گوتی: "من لە ئێوە گەورەترم. "

لەسەرخۆ لێیان چووە پێشێ. مریشکەکە راوەستا و چاوی تێوە بڕی. بەڵام رێك لەو کاتەدا کە دەیەویست بیگرێ، لە بن دەستی دەرپەڕی.

حەسەن گژگژ پێکەنی.

پەروانە خۆشی پێکەنین گرتبووی و گوتی: "یارمەتیم نادەی، پێشم پێدەکەنی؟"

هیچ کام لە مریشکەکان حەزیان لێ نەبوو بکەونە داوی. پەروانەناچار بوو بە نێو گەوڕە بچووکەکەدا سەریان لەدوو بنێ و حەسەنیش تەواو بخاتە پێکەنین.

رێك لەو کاتەدا کە دەیەویست خۆ بەو مریشکەدا بدات وا لە گۆشەیەکدا قەتیس مابوو، لە پشت پەنجەرەکەوە شتێکی بەرچاو کەوت.

دەسبەجێ حەسەنی لە باوەش کرد و وەك شێتان بەرەو ئەو ماڵە رای کرد، کە شەوێ لەوێدا نوستبوو. ئیتر دەستی دایە پرێسکە و شتەکانی و بەکۆڵی دا دان و بە هەڵپە لە گوندەکە چووە دەرێ.

ئەو جامانە رەشەکەی سەربازانی تالێبانی لە دوورەوە دیتبوو. ئەوان بەرەو گوندەکە دەهاتن. ئەگەر دۆزیبایانەوە و وایان زانیبایە کوڕە، ناچاریان دەکرد بچێتە گەڵیان. ئەگەر زانیباشیان ئەوە کچە... هەر نەیدەوێرا بیهێنێتە بەرچاوی خۆی و تەنانەت بیریشی لێ بکاتەوە.

پەروانە بیری نەکردەوە. ئەو هەر رای کرد و لە گردەکە وەسەر کەوت بۆ ئەوەی لە گوندەکە دوور بکەوێتەوە.

خۆشی پێی سەیر بوو کە چۆن بوو حەسەن لەو ماوەیەدا نەگریا؟ چۆن بوو تاڵیبانە نەیاندیت کە ئاوا بە هەڵەداوان لە گردەکە وەسەر دەکەوت و چۆن ئەو هەمووە شتە قورسەی هەڵگرتبوو و لە بن ئەو بارە قورسەدا نەکەوت؟ ئاخرییەکەی کە راوەستا، سێ گرد کەوتبووە نێوان ئەو و تاڵیبانەوە.

حەسەن بە راکردنەکەی پەروانە نەك نەترسابوو، بگرە پێشی وابوو ئەوە گەمەیەکی خۆشەو تێر پێکەنیبوو.

کە پەروانە تۆزێك هاتەوە سەرخۆی، لیکاوی زاری حەسەنی سڕییەوە و گوتی: "ساوایەتییش زۆر خۆشە."

دەیزانی بەو هەمووە شتە قورسەوە ناتوانێ بڕوا. هێشتا نەگەیشتبووە هیچ کوێ، کە قورسایی پڕێسکەکان چیی نەمابوو لە پەلوپۆی بخەن. بەڵام نەشیدەوێرا هیچ کام لە خواردەمەنیەکان فڕێ بدا.

بە حەسەنی گوت: "نازانم کەی جارێکی دی خواردنمان دەست دەکەوێتەوە؟"

باقی پڕێسکەکانی کردەوە و زانیی لەوانەیە هەموو کەلوپەلەکانی نێو ئەوانیشی پێویست بێ.

هەرمابوو پڕێسکەی کتێبەکانی باوکی.

ئەویشی کردەوە. چوار کتێبی بەرگ رەق و ئەستوور و کتێبێکی گچکۆکەی تێدابوو. ئەویان بەرگەکەی ئاسایی بوو. ژمارەیەکیشی گۆڤاری ژنان پێ بوو. لەو ژمارەیەدا ئەو وتارانەی دایکی لە کابول نووسیبوونی چاپ ببوو. ئەو گۆڤارەی لە پاکستان چاپ ببوو و ژنەکان بە قاچاغ هێنابوویانەوە ئەفغانستان. گۆڤارێك کە پەروانە لە زەینیدا بوو، ئەگەر دایکیی دۆزییەوە بیداتێ.

گوتی: "سێ لەو کتێبە گەورانە دەشارمەوە. رۆژێك هەر دێ بگەڕێمەوە و دەریان بهێنمەوە."

بە بەردێکی تیژ عەرزە رەقێنەکەی هەڵکۆڵی و ئەوەندەی قووڵ کرد کتێبەکانی تێدا بشاردرێتەوە. یەکێك لە کتێبەکان زانستی و ئەوانی دیکە مێژوویی و سێهەم کتێبیش کتێبە شێعرێکی فارسی بوو. قوماشێکی بێکارەی پێ نەبوو کتێبەکانی تێوەرپێچێ، هەر بۆیە گڵە سوورەکەی رێك بەسەردا کردن.

دەستێکی بەسەر گڵەکەدا هێنا. دوایی چەند بەرد و وردکەبەردی وا لەسەر دانا، هیچ کەس شکی نەچێ بۆ ئەوەی شتێك لەوێدا شاردراوەتەوە. بیری لە باوکی کردەوە کە هەم خۆی و هەمیش کتێبەکانی لە بن گڵدا بووون. لەوانەیە بەو جۆرە باوکیشی ئیتر شتێکی هەبێ بیخوێنێتەوە.

بە دڵێکی پڕ لە خەمەوە، پڕێسکەکانی و حەسەنی هەڵگرت و کەوتە رێ.

پەروانە لە بەردەم ئەشکەوتێکا خۆی مات کرد. دەنگێکی گوێ لێ بوو، کە دیار بوو بەر لەو یەکێك چووەتە نێو ئەشکەوتەکەوە.

حەسەن نقەنقی بوو و خۆی وێك دێنا. پەروانە پەنجەی لەسەر لێوی حەسەن دانا. بەڵام حەسەن لێی تێنەگەیشت و زۆری گوێ نەدایێ و هەر وا دەگریا و لینگەفرتێی بوو و یەك بەخۆی دەیقریشکاند.

لە درێژایی رێگادا، هەڵگرتنی منداڵ زۆر جیاواز بوو لەگەڵ هەڵگرتنی پرێسکە. پرێسکە دەکرا لە شانێکەوە بیخاتە سەر شانەکەی دیکەی، یان ئەگەر ماندوو بوایە دایبنێ یان ئەو دەمانەی نەیدەزانی بەکام رێگەدا بڕوات و تووڕە دەبوو، فڕێی بدات.

بەڵام منداڵەکە زۆر زۆر بەپارێزەوە هەڵبگیرێت. نەدەکرا فڕێی بدات یان دایبنێ. حەسەن ئەگەرچی منداڵێکی شیرین بوو، بەڵام قورس و لاساریش بوو و جاروباریش بۆنی ناخۆشی لێ دەهات.

پەروانە پشت و شان و ملی دێشا. هەڵگرتنی ئەو هەمووە شتە، زۆر ئاسان نەبوو. تەنانەت لێکدانەوەی خشتەی لێکدانیش چاری نەدەکرد و لە ئازاری کەم نەدەکردەوە.

ئەو ئەشکەوتەی جۆگە ئاوێکیشی بەتەنیشتیدا دەڕۆیی، دەکرا شوێنێکی باش و گونجاو بێت بۆ حەوانەوە و حەسانەوەیەکی چەند رۆژە. بە مەرجێگ گورگی تێدا نەبێ.

لەبەر ئەوەی حەسەن یەك بەخۆی قیژاندی، ئیتر پەروانەی هیوای نەما بەوەی بەدزییەوە بچێتە ئەشکەوتەکەوە. لە بەر دەرگای ئەشکەوتەکە راوەستا و ورد سەیری ناوەوەی کرد. دوایی چەند هەنگاوێك بەرەو ژوورەوە چوو.

پتر لە رەوەزێکی نزم دەچوو هەتا ئەشکەوتێکی راستەقینە. تاوێك دواتر چاوی لەگەڵ تاریکییەکەی ئەوێ راهات. بەشێك لە دیوارەکەی پشتەوەشی دیت. بەرزایی و بەرینایی ئەشکەوتەکە جێی ئەوەی دەبۆوە تێیدا بەسەر پێوە راوەستێ و دەستی بە پرێسکەکانیەوە بەرز بکاتەوە. دەوراندەوری ئەشکەوتەکە، بەردی لێ قوت ببوونەوە و دەکرا لە پشتەوەیان بە ئاسوودەیی بنوێ، بەبێ ئەوەی نیگەران بێت یەکێك بە دزییەوە بێتە سەری. دەیتوانی ماوەیەك لەو ئەشکەوتەدا بمێنێتەوە و دەستی بحەسێنەوە.

ـ لە ئەشکەوتەکەی من بچۆ دەرێ.

پەروانە ئاوڕی دایەوە و بەر لەوەی دەنگەکە لە دیوارەکانی ئەشکەوتەکەدا دەنگ بداتەوە، رای کرد. ترسابوو و هەر ئەوەش بووەی هۆی ئەوەی تەنانەت دوای ئەوەی تینی لە ئەژنۆشی دا نەمابوو، ماوەیەك هەروا رانەوەستێ و رابکا.

کاتێ شتێکی بە زەینیدا هات، ئیتر هەنگاوی شل کردەوە. کتوپڕ بە مێشکیدا هات، کە هەر لەخۆڕا وا زەندەقی چووە.

ئەو دەنگەی لە ئەشکەوتەکەوە بەسەریدا نەڕاندبوو، دەنگی منداڵێك بوو.

پەروانە راوەستا بۆ ئەوەی پشوویەکی بێتەوە بەر. ئەوجار گەڕاوە و سەیرێکی ئەشکەوتەکەی کرد. نەیدەویست ئیزن بدات منداڵۆچکەیەك رێگەی حەسانەوەی لێ بگرێت.

بەحەسەنی گوت: "وەرە با بچین بزانین کێیە لەوێ؟"

دیسان بەرەو زارکی ئەشکەوتەکە گەڕاوە.

هەرای کرد: "سڵاو."

دەنگێك دیسان نەڕاندی و گوتی: "پێم گوتی لە ئەشکەوتەکەی من بڕۆ دەرێ."

ئیتر دڵنیا بوو ئەو دەنگە دەنگی منداڵە.

پرسیی: "باشە کێ دەڵێ ئەو ئەشکەوتە هیی تۆیە؟"

ـ من تفەنگم پێیە. بڕۆ دەرێ دەنا تەقەت لێ دەکەم."

پەروانە دڕدۆنگ بوو. زۆربەی کوڕە مێرمنداڵەکانی ئەفغانستان چەکیان پێ بوو. بەڵام ئەی ئەگەر تفەنگی پێ بوو، بۆچی پێوەی نەنابوو؟

گوتی: "بڕوات پێ ناکەم. پێم وا نیە تۆ پیاوکوژ بی. پێم وایە تۆش منداڵێکی وەك خۆم."

ئیتر چەند هەنگاوێك چووە پێشێ بەشکم لەو تاریکییەدا شتێك ببینێ. بەردێکی وەشانی کەوت. پەروانە هەرای کرد: "بەرد مەهاوێ، منداڵم بە باوەشەوەیە."

ـ دەی من گوتم بڕۆ دەرێ.

پەروانە گوتی: "باشە، باشە. تۆ بردتەوە. من و حەسەن بەجێت دەهێڵین. پێمان وابوو دەتەوێ نانێکمان لەگەڵ بخۆی. بەڵام پێم وایە تۆ وات پێ باشترە بەردان باوێی."

بێدەنگییەك بەسەر وڵاتدا زاڵ بوو.

ـ خواردنەکە دابنێ و بڕۆ.

پەروانە بە دەم رۆیشتنەوە ئاوڕی داوە و گوتی: "لە پێشدا دەبێ لێی بنێم. ئەگەر دەتەوێ وەرە دەرێ و وەرگرە."

پەروانە حەسەنی لە جێیەك و لەبەر چاوی خۆی دانا و بەدەم کۆکردنەوەی دەستەچیلە و ئاوردووەوە بۆ لێنانی چێشتەکە، هەروا قسەشی لەگەڵ ئەودا دەکرد. ئاوی جۆگەکە روون و خوڕ بوو و پەروانە پێی وابوو ئەگەر نەشیکوڵێنێ، کێشەیەکی تووش ناکا.

قابلەمەکەی هێنایە دەرێ و گوتی: "حەسەن، وەرە سەیری ئەو ئاوە روونە دەڵێی چاوی قرژاڵە. خۆشە نا؟ هەمووی بخۆوە، با شیوێکی خۆشیشت بۆ لێ بنێم."

ئەوجار لەتێکی نان دایە دەستی، بۆ ئەوەی تا ئامادەبوونی خواردنەکە بێدەنگ بێ.

دەنگێکی وەك کرتەکرتی بیست. بە سێرەی چاو دیتی کوڕێك لە ئەشکەوتەکەوە سەیری دەرەوە دەکا. لە سەر عەرەزەکە دانیشتبوو. پەروانە هەندێ ئاوی بۆ برد.

کوڕە هەموو گیانی تۆزاوی بوو و بۆگەنی لێ دەهات. وەك بۆگەنی ئاوەڕۆ سەرئاوەڵاکەی ئەو هۆردووگایەی زستانی رابردوو تێیدا ژیابوو. یەکێك لە دەلینگەکانی پانتۆڵەکەی کەوتبووە سەر عەرزی و دیار بوو لاقی تێدا نیە. پەروانە مەزەندەی کرد، دەبێ نۆ یان دە ساڵان بێ.

پەروانە ئاوەکەی لە جێیەك و لەبەر دەستی دانا و چۆوە سەر ئیشەکەی خۆی. لە پشتەوەی گوێی لێ بوو ئاوەکەی هەڵقوڕاند.

کوڕە دەفرەکەی بۆ پەروانە فڕێ دا و ئەمری کرد: "خواردنم بۆ بێنە."

پەروانە گوتی: "پێم خۆش نیە شتم بۆ فڕێ بدەن. ئەگەر خواردنت دەوێ، وەرە و بەرە."

کوڕە نەڕاندی: "ناتوانم بێم. چەندە نەفامی، تێناگەی؟ دەی خواردنم بۆ بێنە."

پەروانە بە هەندێ نانی بەیاتەوە چووە لای. کوڕە بەتووڕەیی و رقەوە چاوی تێوەبڕی، بەڵام پەروانە لە نیگای ئەودا ترسیشی بەدی دەکرد.

سەری گلووگلوو و خۆڵاوی بوو. دەموچاوی رووشابوو و جلوبەرگەکانی شڕ و دڕا بوون. پەروانە نانەکەی لە دوورەوە بۆ راداشت و پرسیی: "هەر بەراست تفەنگت پێیە؟"

کوڕە دەستی بۆ نانەکە درێژ کرد و گوتی: "پێت ناڵێم."

ـ پێم بڵێ، با منیش خواردنت بدەمێ.

کوڕە لەدین دەهری بوو. نەڕاندی و جنێوی دا و خۆڵ و وردکە بەردی دەوروپشتی خۆی بە پەروانەدا دا. لە تووڕەییان پشووی سوار بوو و کەوتە کۆخەکۆخ. کۆخینەکەی زۆر توند بوو. رێك وەك ئەو کاتەی باوکی پەروانە دەکۆخی. دەفەی سینگی پێوەی هەڵدەستا. پەروانە پێی سەیر بوو، باشە منداڵێکی ئاوا لەڕ و لاواز چۆن دەتوانێ بەوجۆرە لەگەڵیدا بجووڵێتەوە.

بەخۆی گوت: "ئاخر فووی لێ بکەم، با دەیبا."

کوڕە ئاخرییەکەی داینواند و گوتی: "تفەنگم نیە، بەڵام هەرکات پێم خۆش بێ دەتوانم هەمبێ. کەوابوو ئاگات لە ئاکار و رەفتارت بێ."

پەروانە نانەکەی دایێ. نانەکە یەکدابەدوو نەما. پەروانە هەندێ ئاوی وەسەر ئاگرەکە نا بۆ ئەوەی بکوڵێ. کە برنجەکە کوڵی، پەروانە هەندێکی لەسەر تاتە بەردێك دانا و بۆ کوڕەکەی برد. ئەوجار پرسیی: "ناوت چییە؟"

کوڕە بەنێوچاوانێکی گرژەوە سەیری برنجەکەی کرد و گوتی: "ئاسەف."

پەروانە برنجەکەی دایێ. ئەوجار چوو خواردن بداتە حەسەن.

نانی بەدەم حەسەنەوە دەکرد و لەو کاتەدا گوتی: "منیش ناوم پەروانەیە. بەشوێن بنەماڵەکەمدا دەگەڕێم. ئەو منداڵەشم لە گوندێکی بۆردومانکراودا دۆزییەوە و ناوم ناوە حەسەن."

خۆشی هەندێ برنجی خوارد.

ئاسەف پرسیی: "ئەی بۆچی ناوەکەت کچانەیە؟"

پەروانە لەپڕ ڕاچڵەکی. باشە ئەو هەڵەیەی بۆچی کردبوو؟ دەمودەست بۆ ئەوەی هەڵەکەی داپۆشێ، هەوڵی دا شتێك لەمێشکی خۆیەوە بێنێتە دەرێ، بەڵام زۆر لەوە ماندووتر بوو درۆیەکی پێ هەڵبەسترێ.

گوتی: "من کچم. لە کابول خۆم کردە کوڕ، بۆ ئەوەی بتوانم کار بکەم. کاتێکیش لەگەڵ باوکم ئەو ڕێیەمان گرتە بەر، زانیم بە ڕواڵەتی کوڕانەوە کارەکەم ئاسانترە."

ـ باشە بۆچی باوکت کار ناکا؟ تەوەزەلە؟

ـ نا، تەمبەڵ و تەوەزەل نیە. ئیتر بۆت نیە ناوی باوکم بێنی، ها.

پەروانە ئەوەی گوت و بەردێك وا بە عەرزەکەدا دا، حەسەن ترسا و دەستی کرد بە گریان.

ئاسەف بە تەشەرەوە گوتی: "من چیم پێ خۆش بێ دەیلێیم. من بە قسەی کچۆڵەیەك ناکەم."

پەروانە نەڕاندی: "ئەگەر دیسان خواردنت دەوێ، دەبێ بە قسەم بکەی."

ئەوجار ڕووی لە حەسەن کرد و گوتی: "بێدەنگ بە حەسەن."

بەڵام هاوارکردنەکەی، حەسەنی بێدەنگ نەکرد، بگرە وای لێ کرد توندتر بگری و بزریکێنێ.

پەروانە پشتی لە هەردووکیان کرد و بەبێ ئەوەی بەهەندیان بگرێ، چاوی بڕییە بڵێسەی ئاگرەکە، کە دووکەڵی دەکرد و جار بە جار بچووکتر دەبۆوە و دەبووە خۆڵەمێش.

کاتێك هێور بۆوە، ئیتر حەسەنیش ژیر ببۆوە و هەنیسکی دەدا. پەروانە هەڵیگرت و ئەوەندەی لە باوەشیدا ڕاگرت، هەتا خەوی لێ کەوت. ئەوجار بەتانیەکی بۆ ڕاخست و حەسەنی تێوەرپێچا، بۆ ئەوەی سەرمای شەو نەیئەنگێوێ.

تا ڕادەیەك هەر لەبیریشی نەمابوو ئەو کوڕە ئەشکەوت نیشنە لەوێیە. لەوکاتەدا ئەو پرسیی: "ئێستا باوکت لەکوێیە؟"

لەسەرخۆ وەڵامی دایەوە: "مردووە."

ئاسەف دیسان ماوەیەك بێدەنگ بوو و ئەوجار گوتی: "من زانیم تۆ کچی. تۆ بەو هەمووە ناشیرینیەتەوە ناکرێ کوڕ بیت."

دەنگی کزتر ببوو، دەتگوت ئەو نەڕاندن و هاوارکردنانە، تینیان تێدا نەهێشتبوو. کە پەروانە دیتی راکشاوە، بەتانیەکی پێدادا و پرسیی: "لەو ئەشکەوتەدا چ دەکەی؟"

ـ ئیتر وەڵامی پرسیاری کەرانەی تۆ نادەمەوە.

ـ وەڵامم بدەوە، با ئیزنت بدەم کەڵك لەو بەتانیە وەرگری.

ئاسەف خۆی لە خۆڵەکە گەوزاند و بەبۆڵەبۆڵ گوتی: "بەتانیە بۆگەنەکەی تۆم نەویست."

پەروانە نەیدەزانی ئاخۆ دەکرێ چەند شەقێکی تێ هەڵبدات، یان دیسان داپپۆشێتەوە.

بەڵام ئاسەف دەستی کردەوە بەقسە. دەنگی ئەوەندە نزم بوو، پەروانە خۆی خوارکردەوە بۆ ئەوەی گوێی لە دەنگی بێ.

ئەو گوتی: "دێوەزمەیەك راوی نام و منیش هاتمە نێو ئەم ئەشکەوتەوە. یانی من سەرم لەدووی دێوزمەکە نابوو. لە قووڵکەیەکی ئەو ئەشکەوتەدا خۆی شاردووەتەوە. لەوانەیە ئەمشەو بێتە دەرێ و هەر بەساغی قووت بدات و جا منیش زۆرم پێ خۆش دەبێ."

پەروانە هەستا و رۆیشت، بەبێ ئەوەی شەقێکی تێ هەڵبدا یان داپپۆشێت. بەتانیەکەشی هەر لەوێ و دوور لەو بەجێ هێشت.

لە تەنیشت حەسەن دانیشت. هێشتا تۆزە رووناکاییەکی خۆر لە زەردەپەڕەوە مابوو. دەفتەر و قەڵەمەکەی دەرهێنا.

***

**شوزیەی ئازیز!**

**ئەمڕۆ تووشی بوونەوەرێکی سەیر و سەمەرە بووم. نیوەی کوڕە و نیوەکەی دیکەشی حەیوانێکی وەحشی. قاچێکی نەماوە و لە ئەشکەوتێکدا خۆی شاردووەتەوە.**

**پێت وایە کاتێك خوڵقم کرد بۆ نانخواردن، سوپاسی کردم؟ نەخێر. ئەو بگرە چاوقایمتر و رووهەڵماڵراوتریش بوو. تۆ پێم بڵێ، منداڵێکی ئاوا بچووك، چۆن دەتوانێ هێندە خراپ و لاسار بێ؟**

**گرنگ نیە. کێشەی من ئەو نیە. بەیانی بەجێی دەهێڵم و دەڕۆم. دەبێ بنەماڵەکەم بدۆزمەوە و ئەو هیچ سوودێکی بۆ من نیە، بگرە ناهێڵێ خێراش بڕۆم.**

**لەوانەیە ناچار بم ئەو منداڵەش بەجێ بێڵم و بڕۆم. ئەو کوڕانە برای من نین. ئەوانە بەمن چی؟**

هەوا تاریك داهات. ئیتر نەیدەتوانی هیچ بنووسێت. قەڵەم و دەفتەرەکەی دانا. ماوەیەك سەیری ئاسمانی کرد و وانەکانی ئەستێرەناسیی، کە باوکی فێری کردبوو، دەورە کردەوە.

دەبوو هەستێ و بچێتە لای ئاسەف. ئەو لەسەر زەوییەکە راکشابوو و دەکرێ بڵێی عەرزە رەق و تەقەکەی لە ئامێز گرتبوو. پەروانە ئەو بەتانیەی لە نزیکییەوە دایناببوو، هەڵیگرت و بەسەریدا دا. ئەوجار خۆشی چوو و لە تەنیشت حەسەنەوە لێی خەوت.

## ٥

پەروانە بە ئاسەفی گوت: "دەبێ خۆت بشۆی."

ئاسەف بە لاسارییەوە وەڵامی داوە: "پێویست نیە تۆ بەمن بڵێی چ بکەم."

ـ تۆ بۆگەنت لێوە دێ.

ـ ئەتۆش هەروا.

پەروانە گوتی: "نا من بۆنم نایە."

ئەگەرچی خۆشی تۆزە بۆنێکی لێ دەهات، بەڵام بۆنەکەی ئەو هێندەی بۆنی ئاسەف ناخۆش نەبوو.

ـ ئەگەر خۆت نەشۆی، خواردنێك لە گۆڕێ نیە.

ـ من خواردنە قۆڕەکەی تۆ ناخۆم. خۆم لە ئەشکەوتەکەدا دونیایەکم خواردن هەیە. خواردنی زۆر خۆشیشم هەیە، نەك وەك ئەو خواردنە پاشماوە و کۆنانەی تۆ.

ـ زۆر باشە. کەواتە تۆ لە بۆگەنەکەی خۆتدا بتلێوە و برزێ. بەمن چی! هەرچۆنێك بێ، ئێمە کە ئەمڕۆ دەڕۆین. ئەگەرچی دەبێ چەند کیلۆمەترێك لێرە دوور بکەوینەوە، بۆ ئەوەی بۆگەنی تۆمان بۆ نەیە. لەوانەشە ناچار بین تا فەرەنسا بچین.

ـ فەرەنسا؟ شوێنێك نیە ناوی فەرەنسا بێت.

ـ یانی تا ئێستا گوێت لە ناوی فەرەنسا نەبووە، جا منیشت پێ کەرە؟

ئاسەف بەتانیەکەی بۆ فڕێ دا، بەڵام چونکە کۆخە تەنگی پێ هەڵچنی، نەیتوانی زۆر دووری فڕێ بدا. نێوەڕاستی کراسەکەی دڕابوو و پەروانە ئاگای لێ بوو، کە بۆ پشووکێشان لە نێوان کۆخینەکانیدا چەندە تەوژم دەخاتە سەر پەراسووەکانی.

پەروانە لەسەر پاژنێی پێی سووڕایەوە و بەتانیەکەی لە هەوا گرتەوە بۆ ئەوەی بیتەکێنێ. لەبەر تۆزە زۆرەکە پژمی و گوتی: "بەتانیەکەمت بۆگەن کردووە."

رووی قسەکەی لە ئاسەف بوو، بەڵام وا دەکۆخی، هەر ئاگای لە قسەکانی پەروانە نەبوو. پەروانە بەتانیەکەی لەبەر تاوەکە هەڵخست، بۆ ئەوەی بەشکم تۆزێك بۆگەنەکەی بڕوات. ئەوە لە باوکییەوە فێر ببوو.

پەروانە تووڕەییەکەی خۆی بەسەر حەسەندا هەڵڕشت: "ئەتۆش بۆگەنت دێ."

لانیکەم حەسەن هەر گوێی دەدایە و نەیدەتوانی جوابەجەنگێکی بکات. حەسەنی ـ کە لەسەر بەردەکان دانیشتبوو و بە خۆشییەوە بەردەکانی لێك دەدا ـ هەڵگرت و بە تووڕەییەوە دەستی کرد بە داکەندنی جلەکانی.

ئاسەف بە نارەزایەتییەوە دەنگی هەڵبڕی.

ـ تۆ نازانی هیچ کارێك بە جوانی بکەی؟

پەروانە بە دەنگە لەنەکاوەکەی ئاسەف هەڵبەزییەوە و ئاوڕی دایەوە و دیتی ئەو بە قوونەخشکە بەرەو جۆگەئاوەکە دێ.

ـ چۆن دەوێری لە من نزیك بیتەوە؟

ئاسەف دیسان گوتی: "ئاوا نابێ نا."

ـ من خۆم دەزانم چ دەکەم. من خوشك و برای لەخۆشم گچکەترم هەیە.

ـ دیارە زۆریشیان رق لێتە.

ـ نەخێر. خۆشیان دەوێم. من باشترین خوشکەگەورەی ئەم دونیایەم.

ـ دیارە ئەو کاتەی بە ئەستۆی شکاوت هەستای و هاتییە ئێرە، بە خۆشییان شاگەشکە بوون. چونکە ئیتر هەرگیز چاویان بەچاوت ناکەوێتەوە.

پەروانە حەسەنی ـ کە دەیزریکاند ـ هەڵگرت و خستییە باوەشی ئاسەفەوە و گوتی: "پێت وایە لەمن باشتری لێ دەزانی؟ هانێ دەی بزانم خۆت چ دەکەی."

حەسەن دەمودەست ژیر بۆوە. پەروانە بە سەرسوورِمانەوە چاوی تێوەبڕی و دیتی حەسەن بە پەنجە وردیلەکانی توند لووتی ئاسەفی گرتووە. ئیتر ئاسەف هیچ توورەییەکی پێوە دیار نەبوو.

بە پەروانەی گوت: "بچۆ ئەو چێوشەقانەم بۆ بدۆزەوە."

پەروانە پێی خۆش بوو بەسەریدا بنەڕێنێ و بڵێ بۆچی فەرمانی بەسەردا لێ دەدا، بەڵام وای پێ باشتر بوو چێوشەقەکانی بۆ بەرێ.

ـ لە کوێن؟

ئاسەف بە زویرییەوە، بەڵام ماقووڵانە گوتی: "جا ئەگەر زانیبام لە کوێن، بەتۆم نەدەگوت بۆم بدۆزەوە."

پەروانە لەولاوەی زارکی ئەشکەوتەکە چێوشەقەکانی دۆزییەوە، کە هەرکامە و بەلایەکدا کەوتبوون.

بەخۆی گوت: "لەوانەیە کاتێ لە دەست یەکێك یان شتێك رای کردووە، تووڕی داونەتە ئێرە."

ئیتر هەڵیگرتن و بردنیە دەم جۆگەکە.

ئاسەف بە جلوبەرگەوە لە ئاوەکەدا دانیشتبوو و حەسەنی لە باوەشدا بوو. خەریك بوو حەسەنی دەشوشت و حەسەنیش گڕوگاڵ و قاوقیژی بوو.

پەروانە چێوشەقەکانی بۆ دانا و پرێسکەیەکی کردەوە و چەند پارچە جلوبەرگی خاوێنی بۆ حەسەن هێنا دەرێ. پانتۆڵە کامیزە زیادەکەی خۆشی، لە بن شمەکەکانی حەسەنەوە بوو. ئەویش هێنا دەرێ. ئەوجار ئەو

سابوونەی سووره گوڵێکی بەسەر کاغەزەکەیەوە بوو، لە جانتاکەی باوکی دەرهێنا. سابوونەکەی لە نێو کاغەزەکەی هێنا دەرێ و دیسان کاغەزەکەی لە جانتاکەی نایەوە. سابوونەکە بۆنێکی خۆشی بوو.

سابوون و جلوبەرگەکەی لە تەنیشت جۆگەکە دانا و گوتی: "لەوانەیە ئەوانەت بوێ."

ئەوجار قوماشێکی خاوێنیشی بۆ حەسەن دانا و بەدەست خۆی نەبوو بە لەبزێکی بڕێك تووڕەوە گوتی: "سابوونەکە نەخۆی."

ئاسەف سابوونەکەی لێ وەرگرت، بەڵام گوێی نەدایە قسەکەی. ئەو زۆر بەمنداڵەکەوە خافڵابوو.

پەروانە تۆزێك لەولاوەتر و لە خوارووی ئاوەکەوە، جلوبەرگەکانی حەسەنی بە لم و زیخ شوشت و دواییش جلە خاوێن و تەڕەکانی لەبەر هەتاوەکە بۆ هەڵخست بۆ ئەوەی وشك ببنەوە. ڕێك لەوکاتەدا ئاسەف هەرای کرد: "خاوێن بۆوە، هانێ وەرە وەریگرە."

پەروانە چاوەڕوان بوو ئاسەف حەسەن بێنێ، بەڵام دیتی کاری وای لە دەست نایە. هەربۆیە خۆی چووە نێو ئاوەکە و حەسەنی لێ وەرگرت و هێنایە دەرێ.

ـ دەی جا بڕۆ لەبەر چاوم ون بە، با بەتەنێ بم و خۆم بشۆم.

پەروانە حەسەنی بردە بەردەم ئەشکەوتەکە و جلوبەرگەکانی لەبەر کردەوە. حەسەن جوان و خاوێن ببۆوە و هەر پێدەکەنی. هێشتا هەندێ لە نانە بەیاتەکە مابۆوە و پەروانە پارووەکی دایێ.

ـ هۆی کەرە، وەرە ئێرە.

پەروانە بەخۆی گوت: "نابێ وەڵامی بدەمەوە."

ـ دەڵێم وەرە ئێرە.

پەروانە خۆی بە حەسەنەوە خافڵاند و گوێی نەدایێ ئاسەف کە لە جۆگەکەدا دانیشتبوو.

ئاسەف بە لەبزێك، کە زۆریش ناخۆش نەبوو، گوتی: "ناوتم لەبیر نەماوە."

پەروانە حەسەنی لەباوەش کرد و بەرەو جۆگەئاوەکە چوو. ئاسەف کراسەکەی فڕێ دابووە دەم جۆگەکە. خۆی وا وێك هێنابوو، کە دەتگوت لەوە پتر ناتوانێ خۆی بچەمێنێتەوە. سەروقژی هەمووی کەفی سابوون بوو.

پەروانە پەرداخێکی هەڵگرت و بە شڵپ و هۆڕ بەنێو ئاوەکە کەوت. ئاسەف کە ئەوی لە پشتەوەی خۆی دی، پشتی تێ کرد.

کە پەروانە برینی ڕاست و چەپ و شووخاڵی سەر پشتی ئاسەفی دیت، پشووی سوار بوو. هەندێ برینەکان کۆنە بوون و تەنیا شوێنیان لەسەر پێستەکەی مابۆوە. ئەوانی دیکە تازە بوون و خوێنەکەیان مەییبوو و چڵکیان کردبوو.

بەخۆی گوت: "دیارە دێوەزمەیەك راوی ناوە."

ئاسەف بە بۆڵەبۆڵ گوتی: "هەروا لەوێ رامەوەستە."

پەروانە پەرداخەکەی لە ئاوەکە هەڵێنا و گوتی: "سەرت دانوێنە. چاویشت داخە. زاریش هەروەتر."

ئەوجار وەك دایکی چۆن سەری وا بۆ دەشوشت کەفی سابوونەکەی تێدا نەمێنێتەوە، قژی ئاسەفی شوشت.

هەر ئەوەندە هەوڵەی ئاسەف بۆ خۆ شوشتنی، تەواو شەکەتی کردبوو. تاوێك دواتر، پانتۆڵە کامیزەکەی پەروانەی لەپێ کرد و چوو لە بەر هەتاوەکە خەوت.

کە پەروانە جلوبەرگەکانی شوشتن و لەسەر بەردەکان هەڵێخستن بۆ وشکبوونەوە، حەسەنیشی لە بەتانیەکەوە پێچا و قەڵەم و دەفتەرەکەی دەرهێنا.

**شوزیەی ئازیز!**

**رۆژ بە رۆژ ئەستەمتر دەتوانم قەد و قەلافەتت بێنمەوە پێش چاوم. هەندێ جاران کە بیر دەکەمەوە، تەنیا لە بە عەزییە شینەکەی قوتابخانە و لەچکە سپییەکەوە دێیتەوە بیرم، کە ئەویش وێنەیەکی زۆر لەمێژە. ئەو کاتەی لە کابول پێکەوە دەچووینە قوتابخانە. ئەو کات سەروقژت درێژ بوو. هیی منیش درێژ بوون.**

**جار و بارێ دەستم بۆ پشتەوەم دەبەم بۆ ئەوەی وەبیرخۆمی بێنمەوە کە قژم چەندە درێژ بوو. پێم وایە دەزانم چەندە بووە، بەلام دڵنیاش نیم.**

**زۆر ئەستەمە وەبیرم بێتەوە کە هەمیشە لە نوێن و بانێکی نەرمدا دەنوستم و ناچار بووم بەر لە سەیری تەلەڤزیۆن و یاریکردن لەگەڵ هاوەڵەکانم، تەکلیفەکانم بنووسمەوە. یانی هەر بەراستی ژیانی من وا بووە؟ یانی هەر بەراستی من ئەوە بووم کە رۆژێك لەتە کێکێك لە قاپەکەمدا مایەوە، چونکە ئیتر پێم نەدەخورا؟ ئەو بیرەوەرییە پتر لە خەونێك دەچێ. مەحاڵە ئەوە ژیانی من بووبێت.**

**ئێستا ژیانی من هەمووی بەرد و خۆڵ و خاکە و کورێکی لاساری چاوقایم و منداڵێکی دڵگۆشت و مردەلۆخە و ئەو رۆژە درێژانەی بە شوێن دایکمەوەم. ئەویش لە هەلومەرجێکدا کە تەنانەت بچووکترین سەرەداوم بەدەستەوە نیە و هەر نازانم لە کوێن.**

## ٦

پەروانە بە لێواری سۆلەکەی خۆی، نێو ئەشکەوتەکەی ماڵی و ڕێکی کرد. حەزی لێ بوو شوێنەکەیان ڕێك و نەرم بێ، تەنانەت ئەگەر زۆریش لەوێ نەمێنێتەوە.

بەخۆی گوت: "خۆزگە جوان جوان خاوێنمان کردبایەوە."

بەتەنێ بوو، بەڵام بە دەنگی بەرز قسەی لەگەڵ خۆی دەکرد. ئەگەر حەسەن لەگەڵ ئاسەف لە لای جۆگەکە نەبوایە، پەروانە قسەی لەگەڵ ئەو دەکرد، نەك لەگەڵ خۆی. بەڵام کە دەنگی لە ئەشکەوتەکەدا زرینگایەوە، پێی خۆش بوو.

گوتی: "دەمانتوانی لەو گۆشەیەدا تاق و ڕەفێك هەڵبەستین."

ئیتر پەنجەکانی بەسەر ئەو بەردە ناڕێك و بڕگەبڕگانەدا کێشا، کە دەیانتوانی تەختێکی خەوتنی لەسەر دابنێن، هەڵبەست ئەگەر تەختێکیان دۆزیبایەوە.

ـ من مەریەم دەمانتوانی لەو پێشەوە بنووین و دایکم و عەلییش لەو پشتەوە بنوون، بۆ ئەوەی ئەگەر عەلی ویستبای بە گاگۆڵکێ بڕواتە دەرەوە، ئێمە لەسەر ڕێی دەبووین و نەماندەهێشت.

بەڵام ئەی نوریە؟ پەروانە بە زوبرییەوە، نێو ئەشکەوتەکەی بەراوەرد کرد و شانێکی هەڵتەکاند. نوریە دەکرا لە دەرەوە بنوێ.

کە بەپاکوخاوێنیی ئەشکەوتەکە قایل بوو، سۆلەکەی لەپێ کرد و بەرەو جۆگەکە ڕۆیشت بۆ ئەوەی بچێتە لای ئەوانی دی.

ئاسەف گوتی: "ئەوە چیت دەکرد؟"

ئەو خەریك بوو گژ و گیاکانی لێك دەئاڵاند. دەیەویست بەلەمێکی بچووك دروست بکا. حەسەنیش سەیری دەکرد.

ـ خەریکی خاوێنکردنەوەی ئەشکەوتەکە بووم.

ـ بۆ؟ ئەوە هەر ئەشکەوتێکە و هیچی دی. خاوێنکردنەوەکەی، خۆ کەرکردنە.

پەروانە دەستی لەسەر سینگی هەڵپێکا و گوتی: "ئەتۆ خۆت زۆر پێ ئاقڵە؟ زۆر شت هەیە تۆ هەر نایزانی. لەوانەیە ئەشکەوتێکی ئاسایی نەبێ. لەوانەیە ئەشکەوتی گەنجینە بێ."

ـ ئەو ترەتڕەت لە چییە؟ ئەو حەسەنە لەتۆ ماقووڵانەتر قسە دەکا. یانی چی؟ شتی وا هەر نیە.

پەروانە دەنگی هەڵێنا و لەسەر قسەکەی خۆی پێی داگرتەوە: "بەڵێ، بەڵێ هەیە. ئەو ئەشکەوتە لەوانەیە وا ئەسکەندەری مەکدۆنی گەنجینەکانی تێدا شاردووەتەوە."

جا چاوەڕێ بوو ئاسەف لێی بپرسێ، ئەسکەندەری مەکدۆنی کێیە، بۆ ئەوەی بتوانێ زانیارییەکانی خۆی بەچاودا بدات و خۆی هەڵکێشێ. بەڵام ئاسەف هەر وا سەرقاڵی بەلەمەکەی خۆی بوو.

پەروانە چەند جاران پێی لە عەرزی وەژاند و گوتی: "ئەسکەندەری مەکدۆنی فەرماندەیەکی سەربازی بووە کە زۆر زۆر لەوەوپێش ژیاوە. هەر جێیەکیشی گرتبایە، شتە بە نرخەکانیشی داگیر دەکرد."

ـ یانی دەز بوو. کەواتە دەبوو دەستی بپەڕێنن.

پەروانە گوتی: "نەخێر، وا نەبوو."

ئەگەرچی خۆشی نەیدەزانی راست دەکات یان نا، بەڵام هەروا لەسەر قسەکەی خۆی سوور بوو.

ـ خەڵك خۆشیان دەویست. هەر بۆخۆشیان زێڕ و گەواهێراتەکەی خۆیانیان دەدایێ.

ـ یانی یەکەورێ دەچووە نێو شارەکانەوە و خەڵکیش ئەوەندەیان خۆش دەویست هەموو شتەکانی خۆیانیان دەدایێ؟

ـ بەڵێ دایاندایێ.

ئاسەف گوتی: "دەی دیارە زۆر کەر بوون. من ئەگەر گەنجینەیەکم هەبوایە، تۆزقاڵێکیشم فڕێ نەدەدا."

بەلەمەکەی تەواو دروست کردبوو. ئاسەف خستییە نێو ئاوەکەوە. هەر سێکیان سەیریان کرد، کە بەدەم ئاوەکەوە دەڕۆیشت.

ئاسەف پرسیی: "باشە بۆچی گەنجینەکانی خۆی دەشاردەوە؟ بۆچی لای خۆی راینەدەگرتن؟"

پەروانە وەڵامی دایەوە: "لەوانەشە لەبەر زۆری و زەبەندیی گەنجینەکان نەیتوانیبێت لەگەڵ خۆیدا بیانگێڕێت. گەنجینەکەی ئەوەندە زۆر و قورس بووە، ئەسپ پێی هەڵنەگیراوە. هەر بۆیەیش ناچار بووە بیانشارێتەوە، ئەگینا پشتی ئەسپەکەی دەشکا."

ـ ئەی باشە بۆچی دوایی بۆیان نەهاتووەتەوە بیانبا؟

ـ لەوانەیە لەبیری نەمابێ لە کام ئەشکەوتدا شاردوونیەتەوە. لەوانەشە ئەوەندەی زێڕ و گەوهەر هەبووە، هەر بۆی گرنگ نەبووە بیری لێ بکاتەوە ئاخۆ لە کوێی شاردوونەتەوە. کوڕە چووزانم.

دیمەنی کتێبەکانی باوکیی هاتەوە بەرچاوی کە لە قوڵکەیەکدا وەبن گڵی دابوون. چۆن دەیتوانی شوێنەکەیان بدۆزێتەوە؟ دڵی پڕ بوو و خەیاڵ هەڵیگرت بۆ ئەوەی وەڵامێك بۆ ئەم مەتەڵۆکەیە بدۆزێتەوە. ئەویش لەو کاتەدا کە حەزی دەکرد ئاسەف ئەزیەت بکات، نەك خۆی ناڕەحەت بێ.

ـ تۆ پێت وایە ئەو ئەشکەوتە کۆن و پیسە گەنجینەی تێدایە؟

پەروانە گوتی: "دڵنیام، ئەی بۆچی نا."

چەندی پتر بیری لەو بابەتە دەکردەوە، دڵنیاتر دەبوو لەوەی سندووقێکی قورسی پڕ لە زێڕ و گەوهەر لە ئەشکەوتەکەدا هەیە، کە خۆی دەبێ بچێت و بیهێنێتەوە دەرێ.

ئاسەف گوتی: "ئەگەر گەنجینەیەکیش لەو ئەشکەوتەدا هەبێ، ئەوە هیی منە، چونکە من لە پێشدا ئەشکەوتەکەم دۆزیبیەوە."

پەروانە لە تووڕەییان زمانی تەتەڵەی کرد: "تۆ جلوبەرگەکانی من لەبەرت دەکەی و خواردنەکەشم دەخۆی و ئاواش چاکەم دەدەیەوە؟ هەر بەراستی کوڕەتیوێکی هیچ و پووچی."

ـ باشە. باشە. لەگەڵتدا بەشی دەکەم.

ـ هەر دەبێ واش بکەی.

ئاسەف خۆی دایە سەر چێوشەقەکەی و هەستا. بەڵام هێشتا هەڵنەستابوو، چیی وای نەمابوو بە پشتەوەدا بکەوێ. پەروانە بن پیلی گرت و هەڵیستاندە سەر پێ.

ئاسەف گوتی: "وەرە بڕۆین."

ـ بۆ کوێ؟

ـ بچینە نێو ئەشکەوتەکە. با بچین دەست بکەینە هەڵکەندن. " بە بێزارییشەوە سەری لەقاند و گوتی: "ئەی پێت وایە باسی چیت بۆ دەکەم؟ وا باشترە شتێك بدۆزینەوە، عەرزەکەی پێ هەڵکەنین."

بە لاکەلاك رۆیشت.

ئیتر پەروانە ئەوەندە دڵنیا بوو لە هەبوونی گەنجینەیەك، کە بۆی گرنگ نەبوو ئاسەف فەرمانی بەسەردا لێ دەدا. چەند بەردێکی نووك تیژی وای دۆزیەوە، کە بەکاری عەرزهەڵکەندن دەهاتن. ئەوجار حەسەنی لە باوەش کرد و چووە نێو ئەشکەوتەکە بۆ لای ئاسەف.

تاوێك دواتر، ئیتر عەرزی نێو ئەشکەوتەکە رێك نەمابوو. چونکە پەروانە و ئاسەف هەموویان هەڵکۆڵیبوو. جار نە جارێك بەردەکەیان بەر شتێك دەکەوت و ئەوان دڵیان خۆش دەبوو، بەڵام زوو تێدەگەیشتن بەردەکەیان، بەردێکی دیکەی بەرکەوتووە.

لە ئاسەفی پرسی: "بەشە گەنجینەکەی خۆت چ لێ دەکەی؟"

ئاسەف وەڵامی داوە: "ئەسپ. رەوەیەك ئەسپ دەکڕم. ئەسپی خۆشبەز. سوار دەبم و دەڕۆم و دەڕۆم. ئەوەندە دەڕۆم هەتا ئەسپەکەم شەکەت دەبێ. ئەوجار یەکی دیکە دەکڕم، دواییش یەکی تر و دیسان یەکێکی دیکە. هیچ کاتێك وچان نادەم و راناوەستم."

ـ ئەی خواردن؟

ـ چ پێویستیم بە خواردنە؟ بە سواری دەڕۆم، نەك بە پێیان.

پەروانە گوتی: "من ماڵێکی گەورە دەکڕم. ماڵێکی سیحراوی، کە بۆمبەکان لە سەربانەکەی نەگیرسێنەوە و خلۆر ببنەوە و بکەونە خوارێ، بەڵام نەشتەقنەوە. ماڵێك، رووکاری دەرەوەی بەردی سپی بێ. رێك وەك ئەو ماڵەی جاری جاران تێیدا دەژیاین، بەڵام گەورەتر. حەزم لێیە ژوورێکی تایبەتیشی لەو بەری حەوشەکەوە هەبێ بۆ نوریەی خوشکم، کە ئیتر چاوم بە چاوی نەکەوێ. جلوبەرگی جوان لەبەر دەکەم و بە کەیفی خۆم خشڵ و بەرموور بەخۆمەوە هەڵدەواسم. بە کەیفی دڵم کارەکەر دادەمەزرێنم، بۆ ئەوەی ئیتر ناچار نەبمەوە کاری ماڵەوە بکەم."

خۆی لە پانتۆڵە کامیزە سوورەکەیدا هاتەوە بەرچاوی. وەك ئەو جلوبەرگانەی پووری بۆی دووریبوو و ماوەیەك لەوەپێش ناچار ببوو، بیباتە بازاڕی کابول و بیفرۆشێ، بۆ ئەوەی بژێوی ماڵەوەیان بکڕێ.

ئاسەف گوتی: "ئەگەر هەموو زێڕ و گەوهەری دونیاشت هەبێ، دیسانیش هەر جوان نابی. جا زێڕ و گەوهەر بەکاری چ دێ؟ نە دەخورێ، نە بۆ سووتاندنیش دەبێ کە شەوانە خۆی پێ گەرم بکەیتەوە یان... "

لە نەکاو بەردەکەی پەروانە تەقەی لە شتێك هەستاند.

ـ پێم وایە شتێکم دۆزییەوە.

ـ دیسانیش بەردێکی دیکە.

پەروانە هەندێك لە خۆڵەکەی سەری رادا و گوتی: "پێم وا نیە. " و پێداگرتر دەستی بە هەڵکۆڵین کرد.

ـ پێم وایە سندووقێکە.

ئاسەفیش هەر لەو دەورونزیکانە خەریکی هەڵکەندن بوو و گوتی: "وایە. سندووقێکە."

زۆر بە هەڵپە و پەلەپەل عەرزەکەیان هەڵکەند و تۆزەکەی هەستا و هەموو ئەشکەوتەکەی داگرت. پەروانە کە بەهۆی هەوڵەکەیەوە کەوتبووە هەناسەبڕکێ، بە تووڕەییەوە گوتی: "ئاگات

لە حەسەن بیّ. ریّك لە پشتەوەتە. " ئیتر ئاسەف هەوڵی دا لەسەرخۆتر عەرزەکە هەڵکەنیّ، بۆ ئەوەی لەوە پتر تەپوتۆز و خۆڵ بەلای حەسەنیشدا نەچیّ.

وردە وردە سندووقەکە دەرکەوت. پەروانە ئەژنۆی دادا، بۆ ئەوەی دەری بکیّشیّ. ئاسەفیش خۆی چەماندەوە یارمەتیی بدات. بە هانکەهانك سندووقەکەیان لە گڵەکە هیّنادەریّ. سندووقیّکی تەنەکەی کەسك بوو. دریّژاییەکەی دوو هیّندەی سۆلەکانی پیّی پەروانە و پانایییەکەشی هیّندەی سۆلیّکی دەبوو.

ئاسەف گوتی: "پیّم وابوو سندووقی گەنجینە زۆر لەوە گەورەترە."

پەروانە وەڵامی دایەوە: "دەی خۆ ئەڵماسەکان زۆر گەورە نین. وەرە با سندووقەکەی بەرینە دەرەوە، بۆ ئەوەی کاتیّ لە بەر تیشکی تاوەکە دەریاندیّنین، گەوهەرەکانی جوان بریسکە و ترووسکەیان بیّ."

جا سندووقەکەی راکیّشا و لە ئەشکەوتەکە بردییە دەریّ بۆ ئەوەی هەتاو لیّی بدات. حەسەن خەریك بوو بە قوونە خشکیّ لە ئەشکەوتەکە دەچووە دەریّ، وابوو پەروانە گەڕاوە و ئەویشی لە باوەش کرد و بردی بۆ ئەوەی ئەویش چاوی لە کردنەوەی سندووقەکە بیّ.

ئاسەف گوتی: "ژەنگی هیّناوە."

بەردیّکی هەڵگرت و ئەوەندەی لە قوفڵە خۆڵاوییەکەی دا هەتا شکاندی.

پەروانە گوتی: "هەزاران ساڵ لەو بن گڵەدا بووە. ئەتۆش بوایەی ژەنگت دیّنا."

ئاسەف لەتوپەتەکانی قوفڵە شکاوەکەی لە ئاڵقەریّزەکە دەرهیّنا و پرسیی: "ئامادەی؟"

پەروانە گوتی: "ئامادەم."

ئیتر دەستی لە تەنیشت ئەو دانا بۆ ئەوەی پیّکەوە سندووقەکە بکەنەوە.

بەڵام سندووقەکە پڕ بوو لە فیشەك.

ئەوان سەریان بەسەردا گرتبوو و چاویان بە مۆڵەق وەستابوو و تەنانەت زمانیشیان نەدەگەڕا. حەسەن بە گڕوگاڵەوە دەنگە دەنگی کرد و دەستی بۆ لای ئەو شتە بچووك و بریقەدارانە دریّژ کرد.

ئاسف دەرگای سندووقەکەی پیّکدا دا و نەڕاندی: "گەنجینە، من نازانم بۆچی بە قسەم کردی؟"

ئیتر خۆی دایە سەر چێوشەقەکەی و پاڵێکی بە دەستی پەروانەوە نا، کە دەیویست دەستی بگرێت. کە بە لاکەلاك بەرەو ئەشکەوتەکە دەچوو، شانێکی لە پەروانە کوتا.

پەروانە دیسان دەرگای سندووقەکەی کردەوە، بەشکم بە سەهوو چووبێتن.

نەخێر بەسەهوو نەچووبوون. لە قەتارە فیشەك زیاتر نەیدەدی، کە ئەوانیش توند پێکەوە بەسترابوونەوە. کاتێکیش دەستی بردە نێویان، هیچ گەوهەرێك نەبریسکایەوە. لە فیشەك پتر چیی تێدا نەبوو.

ئەو سندووقە ئەسکەندەر نەیشاردبۆوە. ئەو کات هێشتا فیشەك دروست نەکرابوو. لەوانەیە ئەوە، ئەو کەسانە شاردبێتیانەوە کە خۆیان بەشداری شەڕەکان بوون. ئەو شەڕانەی پێش لەدایکبوونی پەروانە دەستیان پێ کردبوو. لەوانەشە ئەو پیاوەی شاردبوونیەوە، ئیتر هەر نەمابێ. لەوانەیە لەبیریشی چووبێتەوە کە لە کامە ئەشکەوتدا شاردوونیەوە. لەوانەشە ئەوەندەی فیشەك هەبێ، پێویستی بەوانە نەبێ.

هیچ کام لەوانە گرنگ نەبوون. گرنگ ئەوە بوو، هیچ گەنجێك لە گۆڕێ نەبوو.

پەروانە سندووقەکەی بە زەحمەت هەڵێنایە سەر سەری و بە هەموو توانای فڕێی دا. سندووقەکە گرمەی لێ هات و فیشەك بڵاو بوونەوە. وەك تۆوی هەرزن هەر یەکەی بەلایەکدا رۆیشتن. بەڵام پەروانە دەیزانی ئەو فیشەکانە نانێکیان پێوە نیە.

حەسەنی لە باوەش کرد و دانیشت و پشتی لە ئەشکەوتەکە کرد. تەنانەت حەسەنیشی وا دانیشاند، کە نەتوانێ دەموچاوی ببینێ. ئەو ساوا بوو، بەڵام پەروانە شەرمی دەکرد لەوەی نوقمی خولیا و خەیاڵێکی گەمژانە ببوو.

## ٧

بۆ سبەی بەیانی پەروانە بە ئاسەفی گوت: "من سبەینێ دەڕۆم."

هەمووان لە دەرەوەی ئەشکەوتەکە نوستبوون. پەروانە ئیتر تاقەتی نەبوو ئەشکەوتەکە خاوێن بکاتەوە. حەزی نەدەکرد دیسان وەبیری بێتەوە، کارێکی گەمژانەی کردووە.

ئاسەف پرسیی: "بۆ کوێ دەچی؟"

ـ لە دایکم دەگەڕێم.

ـ دەتەوێ لە کام لاوە بڕۆی و لێی بگەڕێیت؟

پەروانە هەندێ سەیری دەوروپشتی خۆی کرد، دوایی دەستی بۆ لایەك راداشت و گوتی: "لەو لایەوە".

ـ جا باشە بۆ سبەینێ؟

ـ چونکە هەر وام داناوە.

ـ ئەتۆش نەخشە و بەرنامەت هەیە؟

ـ بەڵێ، هەمە.

نەخشەکەی پەروانە هەر ئەوەندە بوو، بڕوات و رانەوەستێ. دواییش بەو هیوایەی لە نێو کاولاشە بۆردومانکراوەکاندا یان لە جێیەکی دیکە، ئاخرییەکەی دایکی دەبینێتەوە.

ـ بەڵام بە پێویستی نازانم نەخشەکەی خۆمت پێ بڵێم.

ئاسەف گوتی: "هەرچۆنێك بێ، خۆ من نامەوێ بزانم. لەوانەیە ئەویش نەخشەیەکی کەرانەی دیکە بێ."

پەروانە لەبەر خۆیەوە گوتی: "تۆ لێرە بەجێ دێڵم و دەڕۆم و دڵم ئاو دەخواتەوە. دەڕۆم و ئیتر جا شەو بێت یان رۆژ، بەخۆشی و هێمنی دەژیم."

ئاسەف گوتی: "پێم وایە، وا دەزانی لەگەڵت دێم."

پەروانە وای نواند، کە گوێی لە قسەکەی نەبووە.

ئاسەف لەسەری رۆیشت: "وای بۆ دەچم، پێت وایە زۆرم پێ خۆش دەبێ ئەگەر لە گەڵت بێم. پێم وایە وادەزانی ناتوانم لێرە ئاگام لەخۆم بێ."

پەروانە بێدەنگ بوو. زۆری کەیف بەخۆی دەهات کە وا خۆی رادەگرێ و وەڵامی ناداتەوە.

بڕیاری دابوو هەموو جلەکان بشوا و بەر لە وەڕێکەوتن دیسان هەموو شتێك پاکوخاوێن بکاتەوە.

ئاسەف تاکە لاقەکەی خۆی لە عەرزی کوتا: "پێم وایە دەتەوێ منداڵەکەش بەری."

ـ ئەی دەتەوێ لای تۆی بەجێ بێڵم؟

ـ گرنگ نیە.

پەروانە حەسەن و جلوبەرگە پیسەکانی هەڵگرت و بەرەو جۆگە ئاوەکە چوو. خەریك بوو یەکەم پارچەی دەشوشت کە گوێی لە دەنگی چێوشەقەکانی ئاسەف بوو و زانیی بەرەو لای دێ.

ئاسەف گوت: "لەوانەیە رێك بچیتە ئەو شوێنەی وا دایکتی لێیە. بەڵام لەوانەشە تۆ بە لایەکدا بڕۆیت و ئەویش بە لایەکی دیکەدا. لەوانەشە هەر رێك بەلای یەکتریدا تێپەڕن و هەتا هەتایە ئاوا ئەوەندە بڕۆن و بگەڕێن، کە ئیتر شوێنێك نەمێنێ بچن. ئەگەر لێرە بمێنیەوە باشترە. لەوانەیە دایکت بەدەم گەڕانی بەشوێن تۆدا، رۆژێکیش رێی بکەوێتە ئێرە. ئەگەر راستیت دەوێ لەدڵم چەقیوە زۆر زوو دێ و زۆریش تووڕە دەبێ کە پێی بڵێم لێرە چاوەڕوانی نەبووی."

پەروانە پرسیی: "بۆ پێت وایە دایکم زۆر زوو دێتە ئێرە؟"

تۆ بڵێی راست بکا؟ تیشکی هیوایەك لە دڵی پەروانە گەڕابوو.

ئاسەف وەڵامی دایەوە: "هەروا. لەدڵم چەقیوە. ناتەوێ ئەو شانسەت تاقی بکەیتەوە؟"

پەروانە لەبەرخۆیەوە گوتی: "هیچ نازانێ. هەر قسان دەکا."

قسەکەی ئاسەف پەروانەی بێهیوا کرد. بەڵام پێی سەیر نەبوو. باقی پەڕۆکانیشی شوشت و هەڵیخستن بۆ ئەوەی وشك ببنەوە. ئەوجار بە حەسەنی گوتی: "خۆزگە خۆت پەڕۆکانتت دەشوشت."

حەسەن بەبێ ئەوەی گوێ بداتە گلەییەکەی پەروانە، بەردێکی بریقەداری هەڵگرت.

ئاسەف گوتی: "لەوانەیە ئەگەر لەگەڵت بێم، لە داخان ئیمانت نەمێنێ. وا نیە؟ هیچ پێت خۆش نیە. دیارە خودا خوداتە هەر لێرە بمێنمەوە و لەگەڵت نەیەم."

پەروانە خۆی بە رەواندنەوەی گنجی یەکێك لە پەڕۆ شۆراوەکانەوە خەریك کرد و هیچی نەگوت.

ئاسەف گوتی: "ئەگەر من بێم، لە داخان دەتەقی."

پەروانە خۆشی پێی سەیر بوو ئەوەندە هێمن و لەسەرخۆیە. لە ناخی دڵەوە لێی سوور بوو، ناتوانێ ئاسەف بەجێ بێڵێ و بڕوا. بەڵام گوتی: "تکایە لەگەڵم مەیە."

ئاسەف گوتی: "دەی واز بێنە. من بڕیاری خۆم داوە. هەوڵیش مەدە بەدزیەوە و بەبێ من بڕۆی. چونکە هەر دەتگەمێ و پەشیمان دەبیتەوە."

قسەکەی ئاسەف کە بەپەروانەی دەگوت دەتگەمێ، لە حاڵێکدا کە نەیدەتوانی لە کرمێك خێراتر بڕوات، قسەیەکی پێکەنینی و گەپجاڕانە بوو. بەڵام پەروانە وەسەر خۆی نەهێنا. جانتاکەی هەڵگرت و خەریکی نووسینی نامەیەك بوو بۆ دەستەخوشکەکەی.

* * *

**شوزیەی ئازیز!**

**ئێمە لێرە دەڕۆین. حەزم لێیە لە شوێنێك بمێنمەوە، بەڵام هەر جارێکی لە جێیەك دەمێنمەوە، ئیتر ڕۆیشتن بەلامەوە ئەستەم دەبێ. دوای ئەو هەمووە ڕۆیشتنە بەملاولادا، دەبێ خووم پێوە گرتبێ. بەڵام هێشتاش لەگەڵی ڕانەهاتووم.**

**هەرچۆنێک بێ، دەبێت بڕۆم. خواردنمان خەریکە تەواو دەبێ. هەر چوار پەرداخ برنج و هەندێ ڕۆنمان ماوە.**

**نازانم ئەو شوێنەی دەچین، خواردنی لێیە یان نا. هەر ئەوەندە دەزانم کە ئیتر لێرە نیە.**

**بەشکم جێیەکی زۆر باشیش بدۆزینەوە. هەروەها چەند کەسێکی گەورە، کە ئاگایان لە حەسەن بێ، یان ژوورێکی بتوانم تێیدا بنووم و دەستی ئەو کەسانەم پێ ڕانەگات، کە ئەزیەتم دەدەن.**

**نازانم، ئاخۆ هەمیشە ئاوا لاسار بوومە؟**

**هیوادارم ئەو شوێنەی تۆی لێی، خواردنی باشی لێ بێ. خۆزگە توانیبات هەندێکیش بۆ ئێمە بنێری.**

**هەتا جارێکی دیکە**

**هاوڕێت پەروانە**

بەیانی زوو، پەروانە ئەو پەڕۆیانەی حەسەن پیسی کردبوون، دیسان شوشتنیەوە. دوایی هەمووی لە پەڕۆیەکەوە پێچان بۆ ئەوەی ئەگەر لە جێیەك پشوویان دا، هەڵیان بخات و وشکیان بکاتەوە.

دوای ئەوە دەستی کرد بە پێچانەوەی خواردنەکان.

ئاسەف پرسیی: "ئەی ئەگەر ئەو شوێنەی دەچین، ئاوی لێ نەبێ؟" چۆن برنج لێدەنێی؟ بیرت لێ نەکردبۆوە، وایە؟"

پەروانە بیری لێ نەکردبۆوە، بەڵام نەشیدەویست دانی پێدا بنێ. قابڵەمەکەی لە پرێسکەکە هێنا دەرێ و گوتی: "پێم وایە هەر ئێستا دەبێ لێی بنێم. بەڵام زۆرم بەدڵ نیە، چونکە نازانم برنجی لێنراو، چەندە خۆ ڕادەگرێ و کەڕوو ناهێنێ."

ئاسەف گوتی: "بەر لەوەی کەڕوو بگرێ، هەمووی دەخۆین. زۆر نامێنێتەوە."

پەروانە دەیزانی ئەو ڕاست دەکا. چوار پەرداخ برنج شتێکی وا نەبوو و بە سێ کەسان زۆر زوو دەیانخوارد. هەندێ گیا و وردکە داری خڕ کردەوە. ئاسەف بۆی ورد کرد و شقارتەی پێوە نا. تۆزێك دواتر ئاگرەکە بڵێسەی هەستا و پەروانە برنجەکەی لێ نا.

ئاسەف پرسیی: "پێت چۆنە هەر بە گەرمی بیخۆین؟"

پەروانە ئەوەی پێ باش بوو و گوتی: "بەڵام هەر تۆزێکی. دەبێ کاتێك تەواوی بکەین، کە شتێکی دیکەمان دەست کەوتبێ."

پلاوه داغ و گەرمەکەیان هەر لە قابلەمەکەدا خوارد. حەسەن لە سەر کۆشی ئاسەف دانیشت و خۆی خواردنی بەدەمەوە کرد. هێشتا شتێکی وایان نەخواردبوو، پەروانە هەستی کرد قابلەمەکە نیوە بووە. قابلەمەکەی لەبەر دەستی ئاسەف هەلگرت و هاواری کرد: "بەسە دەی. مەخۆ. دەبێ ئەویدیکەی راگرین."

ـ ئەی بۆچی خۆت ئەوەندەت خوارد؟

ـ لەخۆڕا بەسەر منیدا مەهێنە. تۆ وای دەخۆی، هەر دەڵێی دەوڵەمەندین و ماڵەکەمان پڕ پڕە لە فەردە برنج.

پەروانە ئەوەندە بە تووڕەییەوە دەستی راوەشاند، قابلەمەکەی لەدەستی بەربۆوە و هەمووی رژا.

قابلەمەکە سەرنخوون ببوو.

هیچ کامیان متەقیان لێوە نەهات. هەر ئەوەندە، وێکڕا چاویان لە قابلەمە سەرنخوونەکە بڕی.

دوای چەند ساتێکی دوورودرێژ و ناخۆش، پەروانە بەرەو قابلەمەکە چوو و بەپارێزەوە هەلێگرتەوە. زۆربەی برنجەکەی بە بنی قابلەمەکەوە نووسابوو. دیارە زۆر کوڵیبوو.

هەندێ لە برنجەکەش رژابوو. ئاسەف هاتە پێشەوە و پێکەوە دەنك دەنك کۆیان کردەوە و لە قابلەمەکەیان کردەوە.

کە هەموو شتەکان پێچرانەوە، پەروانە دەفتەرەکەی دەرهێنا.

**شوزیەی ئازیز!**

**خەریکە دڵم دەتۆقێ کاتێ دەبینم هەموو شتێکم تێك داوە. بۆچی ئاوا خراپ و بەدرەفتار بووم. بۆچی ناتوانم باش بم؟**

یارمەتیی ئاسەفی دا هەستێ. پرێسکەکانیشی هەلگرت. ئەوجار حەسەنی لە باوەش کرد و لە ئەشکەوتەکە هاتنە دەرێ. بەبێ ئەوەی ئاوڕێکیش بدەنەوە.

دوو رۆژی رەبەق ڕێگەیان بڕیبوو، کە ئیتر خواردنیان لێ بڕا. دوای ئەوەش دوو رۆژی دیکەش هەر رۆیشتن. زگی پەروانە دیسان ژانە ئاشناکەی کاتی برسێتیی تێ گەڕایەوە. تێکەڵاوییەك لە ژان و بەتاڵبوونی زگ. دەتگوت کاژەڵاکی سەریشی بەتاڵ بووە. دەتگوت مێشکی هەر کار ناکا.

یەکەم رۆژ کە برنجەکەیان تەواو ببوو، حەسەن دەیزریکاند و دەگریا. بەڵام رۆژی دووەم، زریکاندنەکەی بوو بە نیوەنووزەیەکی کز. وەك ئەو کاتەی پەروانە یەکەم جار دیتبووی و گوێی لێ ببوو.

ئاسەف گوتی: "حەسەن دەبێ پشوو بدا."

پەروانە دەیزانی ئاسەفیش پێویستیی بە پشوودان هەیە، بەڵام ئاسەف نەیدەویست دانی پێدا بنێ. جار بەجار رۆیشتنەکەی شلتر و خاوتر دەبۆوە و دەموچاویشی لە دەموچاوی ئەو کاتەی باوکی پەروانە دەچوو، کە ئازاری دەکێشا.

پەروانە لە پێشدا حەسەن و دواییش پرێسکەکانی دانا. ئەوجار دەستی ئاسەفی گرت و یارمەتیی دا بۆ ئەوەی دابنیشێ. کە ئاسەف ماندوو دەبوو، لەکاتی رۆیشتندا ساتمەی دەبرد و بەلادا دەهات و بەوەش تەریق دەبۆوە و هەربۆیەش گرژ و تووڕە دەبوو.

ئاسەف پرسیی: "ئاومان پێ ماوە؟"

پەروان پرێسکەیەکی کردەوە، کە دەفرێکی پلاستیکیی ئاوی تێدا بوو. رایوەشاند بۆ ئەوەی ئاسەف گوێی لە شڵقەی تۆزە ئاوەکەی ناوی بێ. ئاسەف دەستی برد و دەفرەکەی وەرگرت.

پەروانە ویستی وەبیر ئاسەف بێنێتەوە دەست بە ئاوەکەوە بگرێ، بەڵام دیتی بێ سوودە. زۆر جیاواز نەدەبوو ئاسەف قومێکی لێ بخواتەوە یان دوو قوم. هەرچۆنێك بێ، ئەوان ناچار بوون خێرا ئاو بدۆزنەوە.

ئاسەف هەندێ ئاوی لە سەری دەفرەکە کرد. پەروانە سەیری کرد کە چۆن دڵۆپ دڵۆپ لە زاری حەسەنی کرد، بەبێ ئەوەی دڵۆپەیەکیشی لێ بەفیڕۆ بدا.

ئاسەف لە حەسەنی پرسی: "باش بوو؟ دیسان دەخۆیەوە؟"

سێ جاران سەری دەفرەکەی پڕ کرد و بەزاری حەسەنیەوە کرد. دوایی خۆی قومێکی لە ئاوەکە خواردەوە و دەفرەکەی دایەوە بە پەروانە.

پەروانە پرسیی: "تۆ خوشك و براشت هەیە؟"

ئەو تازە وەبیری هاتبۆوە، کە هیچ شتێك لە هاوڕێیەکەی نازانێ. هەر ئەوەندەی دەزانی ئەو لە ئەشکەوتەکەدا بووە، بەڵام نەیدەزانی خەڵکی کوێیە. دەیزانی زویر و تۆراوە، بەڵام نەیدەزانی بۆ؟ نەیدەزانی کێ ئەوەندە لێی بێزار بووە، کە ئاوای بەسەر هێناوە.

ئاسەف وەڵامی دایەوە: "من تەنیام. "

پەروانە گوتی: " منیش هەروا. بەڵام بنەماڵەیەکم هەیە، کە ئێستا لە جێیەکن. ئەی تۆ؟ تۆش بنەماڵەت هەیە؟

ئاسەف هەوڵی دا یاری بە پەنجەکانی حەسەن بکا، بەڵام دیار بوو حەسەن حەزی لە یاری نەبوو. ئەو حەزی لە هیچ شتێ نەبوو.

ئاخرییەکەی ئاسەف گوتی: "نا."

ـ رایانکردووە؟ چییان بەسەر هاتووە؟

ـ بنەماڵەم هەبوو، بەڵام ئێستا نیمە. هەر ئەوەندە.

ئەو ئیتر هیچی نەگوت و پەروانە پەشیمان بۆوە لەوەی بە پرسیارەکانی ئەزیەتی داوە و دەفتەرەکەی دەرهێنا.

**شوزیەی ئازیز!**

**رۆژێکی دیکەشمان بە برسێتی بردە سەر. بەبێ ئەوەی شتێك لە دەوروبەری خۆمان ببینین، کە لە خواردن بچێ. تەنانەت ناشزانم برسیمە یان نا؟ هەر ماندوومە و حەزم لێیە بگریێم. ئاوەکەشمان هەر چۆڕێکی ماوە. نازانم چ بکەم.**

**خۆ چیرۆکەکانی خێو پەرییانت لەبیرە، کە لە قوتابخانە دەمانخوێندن؟ ئەو چیرۆکانەی یەکێك بە دارێکی سیحراوی لە بەردێکی دەدا و ئاوی لێ هەڵدەقوڵی، یان دەستێکی بە چرایەکی سیحراویدا دەهێنا و دێوەزمەیەك دەهاتە دەرێ و دەیگوت، ئامادەیە هەرچیی دڵی دەخوازێ بۆی بەدی بێنێ. ئەو دەمەی منداڵ بووم، بڕوام بەو چیرۆکە هەبوو، بەڵام ئێستا دەزانم، بەرد، هەر بەردێکە و ئەگەر دەست بە چرایەکدا بێنی، هەر دەتوانیت بریقەداری بکەیت و هیچی تر.**

**لەوانەیە کاتێك پیر دەبم و زۆربەی کاتەکانم هەر رادەکشێم و خەون دەبینم، دیسان بتوانم بڕوا بەو چیرۆکانە بکەمەوە، بەڵام تا ئەو کات دەبێ باوەڕ بە چ بکەم؟**

ئاسەف گوتی: " ئەوەندە کەری، ئەو هەمووە شتەت لەکۆڵی خۆت ناوە. بەو کارەت، هەم خۆت شەکەت دەکەی و هەمیش تووڕە و خراپ دەبی. زۆر کەری. "

پەروانە دەفتەرەکەی توند پێوە دا و گوتی: "چۆن دەوێری پێم بڵێی کەر. من ناچارم هەموو ئەوشتانە هەڵگرم. ئەی کێ بیانهێنێ؟"

ـ منیش دەتوانم شتێك هەڵگرم. حەسەنم پێ هەڵدەگیرێ."

ـ خۆت کەر مەکە. تۆ بۆخۆت ناتوانی بەرێیەدا بڕۆی.

ئاسەف گوتی: "دەتوانم لەکۆڵمی کەم. خۆ پشتم زۆر نایەشێ."

ئیتر کۆڵوانەکەی[*] کردەوە و قەدی کرد و گوتی: "حەسەن دەتوانێ لێرە دانیشێ و ئەوجار هەردوو سەری کۆڵوانەکەم لە ملم دەئاڵێنم."

پەروانە کە دەستەکانی ژانیان دەکرد، گوتی: "یانی دەکرێ؟"

ـ دیارە دەکرێ. زۆر لەمێژە بیری لێ دەکەمەوە.

پێشنیارەکەی ئاسەفیان تاقی کردەوە. پەروانە یارمەتیی ئاسەفی دا، بەپێوە راوەستێ. دوایی حەسەنی لە پشتی توند کرد. لەسەر یەك دیار بوو ئەوە دەلوێ. دیاربوو حەسەنیش کێشەی نەبوو. هەڵبەت دەیناڵاند، بەڵام لە باوەشی پەروانەشدا هەر وابوو. نووزانەوەکەی هیی ئەوە نەبوو لە بەکۆڵی ئاسەفەوەیە یان بە باوەشی پەروانەوە.

ئاسەفیش کێشەی نەبوو، حەسەنی بە کۆڵەوە بێ و دەیتوانی بە چێوشەقەکانی خۆی رێگا ببڕێ. بەوجۆرە دیسان کەوتنەوە رێ.

بە رێگەیەکی رێکدا رۆیشتن. رۆیشتن بەو رێگەیەدا ئاسان بوو. جار نە جارێك پێکابێك یان عارەبانەیەك بە تەنیشتیاندا تێدەپەڕی. ئەگەرچی پەروانە دەستی لێ هەڵدەهێنان، بەڵام ئەوان بۆیان رانەدەگرتن.

دەدەمەدەمی ئێوارە بوو، گەیشتنە گوندێکی زۆر بچووك. ئەوێ هەر هێندەی ئەو گوندە دەبوو کە حەسەنی تێدا دۆزیبۆوە. بەڵام ئەو گوندە یان بۆمباران نەکرابوو، یان خەڵکەکەی ماوەیەك بوو سەرلەنوێ دروستیان کردبۆوە.

---

[*] کۆڵوانە: دیارە کۆڵوانە لای خۆمان تەنیا بەو چارەکەشانە دەگوترێ کە ژنان، بەتایبەتی لە ناوچەی موکریان بەسەر شانیانیدا دەدەن. بەڵام لێرەدا مەبەست ئەو پەڕۆ پانەیە وا پیاوانی ئەفغانی لە دەوری شان و ملیانی دەئاڵێنن و زۆر جاریش دەیکەنە مێزەری سەریان. بە راستی نەمدەزانی لە کۆڵوانە زیاتر چیی بۆ دابنێم. چونکە لە مێزەر و جەمەدانی گەورەترە.

پیرەپیاوەکان، کە لە بن دیواری دەرەوەی ماڵەکانیان دانیشتبوون، دەستیان کردە سێبەری چاویان بۆ ئەوەی پەروانە و ئاسەف و حەسەن ببینن. منداڵەکان لەسەرخۆ بە ڕێگەیەکدا دەهاتن کە بە نێوەڕاستی گوندەکەدا تێدەپەڕی.

پەروانە پێی ناخۆش بوو ئەوان سەیری دەکەن، بەڵام چاریشی نەبوو.

بەدەنگێکی نزم لە ئاسەفی پرسیی: "ئەریٚ داوای ئاویان لیٚ بکەین؟"

ئاسەف گوتی: "هیچ پێناچیٚ خەڵکێکی بە بەزەیی بن. لەوانەیە هەزار پرسیارمان لیٚ بکەن و پتر سەرمان بێشێنن. وا باشترە بچین کابرایەکی دیکە بدۆزینەوەو داوای ئاوی لیٚ بکەین. بەشکم تووشی منداڵێکیش بووین."

چەند کوڕیژگەیان دی، کە بە تۆپێکی سەیر و سەمەرە یارییان دەکرد. تۆپەکەیان هەوای زۆر تێدا نەبوو، بۆیە کە تێیان هەڵدەدا زۆر نەدەڕۆیی.

ئاسەف لێی پرسیین: "لە کویٚ قومیٚ ئاو بدۆزینەوە؟"

یەکێکیان گوتی: "لەو خوارەوە چایخانەیەکی لێیە. حەز دەکەی گەمەمان لەگەڵ بکەی؟"

ئاسەف گوتی: "تینوومە. باشە دوایی."

منداڵەکان دەستیان کردەوە بە یاری. پەروانە و ئاسەف هەندیٚ ڕۆیشتن و گەیشتنە چایخانەکە.

پەروانە گوتی: "دەی خۆ ئێمە پارەیەکمان پیٚ نیە، دەبیٚ سواڵ بکەین. "

ئاسەف وەڵامی دایەوە: "من سواڵ ناکەم. دەتوانین لە بەرامبەر ئەوەدا کاریان بۆ بکەین."

پەروانە ئاخێکی هەڵکێشا. ئەوەندە شەکەت بوو کاری پیٚ نەدەکرا. سواڵکردنەکە زۆر ئاسانتر بوو.

چایخانەکە، کۆخێکی بچووك بوو لەگەڵ دروست کرابوو. چەند مێزێکی تێدا دانرابوو. سیٚ پیاو لە ژوورەوە بێدەنگ دانیشتبوون. سەماوەرێکی گەورەش لە گۆشەیەکی ژوورەکەوە هەبوو.

شوزیە جاری جاران لە کابول چای دەفرۆیشت. ئەو بە سینیەکی پڕ لە ئیستیکانەوە بە بازاڕەکەدا بەملاولادا رای دەکرد و چای بۆ دووکاندارەکان دەبرد. بەڵام لەو گوندەدا، پێناچیٚ کەس پێویستیی بە یەکێك بیٚ ئەو کاری بۆ بکا.

ئاسەف گوتی: "ئێمە لە ئیش دەگەڕێین."

یەکێك لە پیاوەکان تۆزیٚ قوونی لەسەر کورسییەکە جووڵاند و گوتی: "کوڕە، ئێرە کاری لیٚ دەست ناکەویٚ. باشە ئەگەر کار هەبوایە ئێمە ئاوا لێرە دادەنیشتین؟"

پەروانە گوتی: "هەر کارێك هەبیٚ دەیکەین. پارەشمان ناویٚ. هەر هەندیٚ ئاو و خواردنمان دەویٚ، بەسمانە."

پیاوەکە قومێکی لە چایەکەی دا. ئەوەندە بەکاوەخۆ جوابی دانەوە، دەتگوت پەروانە و ئاسەف منداڵی دەوڵەمەندانن و هەر بۆ خۆ خافڵاندن، داوای کار دەکەن.

کابرا ئاخرییەکەی سەیرێکی ئاسەفی کرد و گوتی: "جا خۆ ئەتۆ هەر کارت پێ ناکرێ."

پەروانە خێرا وەڵامی دایەوە: "براکەم دەتوانێ ئاگای لە منداڵەکە بێ. منیش دەتوانم هێندەی دوو کەسان کار بکەم."

کابرا گوتی: "ناوت چییە؟"

پەروانە ناوە کوڕانەکەی خۆی پێ گوت: "قاسم."

کابرا گوتی: "دەبێ کولانەی مریشکەکانم خاوێن بکرێتەوە. ئەگەر ئەو کارە بەجوانی بکەی، خواردنتان دەدەمێ. بەڵام ئیتر دوایی دەبێ لێرە بڕۆن. من هەر ئەو کولانەیەم هەیە. ناشمەوێ بەخۆڕایی خواردنتان بدەمێ."

کولانەکە لە پشتەوە حەوشە بچووکەکەوە بوو. زۆر زۆر پیس بوو. کابرا ئاماژەی بە بەرمیلێکی تایبەت کرد، کە بۆ ئاوی باران دانرابوو: "ئەگەر ئاوتان ویست، تێیدایە. دیارە کە مریشکەکان دەیخۆنەوە، بۆ ئێوەش باشە. ئەگەر کارەکەتان تەواو بوو، خواردنتان بۆ دێنم."

جا گەڕاوە لای برادەرەکانی.

پەرژینی دەوری حەوشەکە زۆری رووخابوو. بەڵام دەوری کولانە مریشکەکە جوان چاك کرابۆوە. پەروانە حەسەنی لە پشتی ئاسەف داگرت و یارمەتیی هەردووکیانی دا لە بن سێبەرە کەمەکەی دوو درەختە ژاکاو و رووتاوەکە دابنیشن. ئەوجار ئەسکوێیەکی ئاو بۆ هێنان، بەڵام ئاسەف گوتی، لە پێشدا خۆت بخۆوە. پەروانە دووهەم ئەسکوێشی خواردەوە و دیسان پڕی کردەوە. ئاسەف لە پێشدا ئاوی بەدەم حەسەنەوە کرد و ئەوجار خۆشی خواردییەوە.

پەروانە کە مریشکەکانی دیت، کەوتەوە بیری ئەو مریشکانەی لە گوندە بۆردومانکراوەکەدا ترساندبوونی. هەرچەندە ئیتر نەیدەویست راویان بنێ و بیانترسێنێ، بەڵام دەتگوت مریشکەکان لێی تێگەیشتبوون وا خێرا لەبەری رایان دەکرد.

یەك پشوو کاری کرد. جیقنەی مریشکەکانی لە لەتە تەختەیەك کڕاند و لەگەڵ کاوکۆتە پیسەکە بردییە نێو حەوشە. هەوڵی دا زۆر خۆی پیس نەکا، چونکە دوای تەواوبوونی کارەکەیان قەول وابوو نان بخۆن. لە نێو کایەکەدا چەند هێلکەیەکی دۆزییەوە، کە خاوەنەکەیان نەیدیتبوون و هەڵینەگرتبوون. بەڵام نەیدەتوانی هەڵیانگرێ. ئەگەر لە گیرفانی نابایەن، هەم ئاشکرا دەبوو و هەم لەوانەش بوو بشکێن. سەیرێکی ئاسەفی کرد، کە لە بری بالیف، پرێسکەکەی نابووە بن سەری و لەگەڵ حەسەن خەوتبوو.

پەروانە سەیرێکی دەوروپشتی خۆی کرد. دزی، کارێ چەوت و خراپ بوو. بەچاوی خۆی دیتبووی کە بەپێی یاسای تالێبان چ لە دزەکان دەکەن ـ دەستیان دەپەڕێنن ـ حەزی لێ نەبوو وای بەسەر بێ، بەڵام لە لایەکیشەوە پێویستی بە هێلکەکان هەبوو.

هێلکەکانی بە دەستەوە گرت و سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد بۆ ئەوەی دڵنیا بێ کەسی لێ دیار نیە. هەر ئەوەندەی بەس بوو خێرا خۆی بگەیەنێتە لای پرێسکەکەی و لە پرێسکەکەیان بنێ و زوو بگەڕێتەوە کولانەکە.

بەڵام نەیدەتوانی وا بکا. ئەگەر دزیی کردبایە، ئیتر باوکی شانازیی پێوە نەدەکرد. کە لەگەڵ باوکی بەڕێوە بوون، زۆربەی کاتەکان برسی بوون و سەرەڕای ئەوەی دەیانتوانی دزییش بکەن، بەڵام باوکی تەنانەت هەر نەیدەویست باسی وەها شتێکیش بکات. ئەو هەمیشە دەیگوت: "ئەمشەو زگمان تێر دەبێ، بەڵام تۆ پێت وایە سبەی بتوانین لە خۆمان خۆش بین و بژیین؟"

پەروانە هێلکەکانی لە جێی خۆیان دانانەوە و دیسان چۆوە سەر خاوێنکردنەوەی کولانەکە. ئەوێ زۆر زۆر پیس بوو، بەڵام بچووك بوو. زۆری نەبرد کارەکەی تەواو بوو.

کابرا قاپێکی بچووکی برنج لە حەوشەکەوە هێنا و گوتی: "ها وەرن خواردنەکەتان وەرگرن. "

پەروانە گوتی: "ئێمە سێ کەسین."

ـ بەڵام هەر تۆ کارت کردووە. پێت وایە من وەزعم زۆر باشە؟"

پەروانە گوتی: "خۆ لە ئێمە هەر باشترن. ئێمە منداڵین."

ـ ئەگەر بمەوێ یارمەتیی هەموو منداڵە برسییەکانی ئەفغانستان بدەم، خۆشم وەك ئێوە هەژار دەکەومەوە. ئەگەر برنجەکەت ناوێ، بیرێژە."

ئاسەف گوتی: "دەمانەوێ. تکایە بماندەیە."

پەروانە دەیدی دەستی ئاسەف چۆن دەلەرزن. کابرا ئاخرییەکەی برنجەکەی دایە ئاسەف و گەڕایەوە.

منداڵەکان ئەو تۆزە برنجەیان لەنێو خۆیاندا بەش کرد و لە بێدەنگییەکی دڵتەزێندا خواردیان. زۆری نەبرد قاپەکە بەتاڵ بوو. پەروانە دەفرەکەی پڕ کرد لە ئاو و ئاسەف پەڕۆکانی حەسەنی شوشت.

ئەو بە تووڕەییەوە پەڕۆکانی دەگوشی و دەیگوت: " من پێم وابوو گەورەکان تۆزێك بەزەییان بە منداڵەکاندا دێ. "

پەروانە بە رقەوە سەیرێکی چایخانەکەی کرد و گوتی: "سەد خۆزگە هێلکەکانم هەڵگرتبا."

ئاسەف گوتی: "ئێستا بچۆ و هەڵیانگرە."

ـ زۆر خەتەرە.

ـ دەی باشە دوایی دێینەوە دەیانبەین.

لە قەراغ گوندەکە شوێنێکیان دۆزییەوە کە لەوێ کەس نەیدەدیتن. پەڕۆکانیان هەڵخست بۆ ئەوەی وشك ببنەوە و چاوەڕێ بوون شەو دا بێ.

کە شەوداهات، حەسەن خەوتبوو. پەروانە و ئاسەف لە تەنیشت کەلوپەلەکانیان ئەویان بەجێ هێشت. ئەوجار بەسپایی چوونەوە نێو ئاوایی و چوونە حەوشەکەی پشت چایخانەکە.

پەروانە هێلکەکانی لە کوێ دانابوو، هەر لەوێ بوون و هەڵیگرتن و لە جانتاکەی خستن و لە تەنیشت نامەکانی شوزیەی دانان.

ئاسەفیش لەسەرخۆ و بەبێ دەنگ، ئەوەندە تەڕدەستانە مریشکێکی گرت، هەر نەیهێشت بقیڕێنێ. مریشکەکەی لە کۆڵوانەکەیەوە پێچا و دایە دەست پەروانە. ئەوجار هەردووکیان بە دزییەوە لە حەوشەکە چوونە دەرێ.

کە گەیشتنەوە قەراغ ئاوایی، حەسەن و کەلوپەلەکانیان هەڵگرت و ئەوەندە ڕۆیشتن، هەتا تەواو لە گوندەکە دوور کەوتنەوە.

پەروانە گوتی: " ئەوەی فێڵ لە منداڵان دەکا، هەر دەبێ ئاوای لێ بکەیەوە. من هێندەی نووکە دەرزییەکیش چییە، پەشیمان نیم."

ئاسەف گوتی: "بۆ بەرچایی هێلکە دەخۆین. " و پێکەنی.

## ٩

پەروانە خەوی لێ نەدەکەوت. لە برسان زگی دێشا. هەتا مریشك و هێلکەیان مابوو، دەتگوت هەموو دونیا هیی ئەوانە. حەسەن مریشکەکەی باش پێ نەخورابوو، چونکە هەر دوو سێ ددانی هەبوو. هەر بۆیەش، پەروانە و ئاسەف هێلکەکانیان بۆ ئەو دانابوو. پەروانە لەسەرخۆ و بە پارێزەوە بۆی کولاّندبوو. رۆنیان نەبوو بیکەنە هێلکەورۆن.

ئاسەف ئەوەندە خێرا و ئاسان مریشکەکەی کوشت، کە پەروانە دڵنیا بوو، لەوەی ئاسەف جگە لە بۆڵەبۆڵ و ئەزیەتی کردنی خەڵك، شتی دیکەش دەزانێ.

مریشکەکەیان زۆر بە پێخۆر خوارد. کوێی لە هەموو جێیەکی نەرمتر بوو، دەیاندایە حەسەن. منداڵەکان هەرچەند جارێکی شتێکیان دەخوارد، کەیفخۆشتر دەبوون. حەسەن دیسان بووژابۆوەو پەروانەش ئەوەندە تووڕەوتۆسن نەبوو.

بەلاّم ئاخرییەکەی هەموو شتێك تەواو بوو و دیسان هەر سێکیان برسییان بۆوە.

پەروانە رۆژەکانی لێ تێکەڵ ببوو و نەیدەزانی چەند رۆژە مریشکەکەیان تەواو کردووە. لەوانەبوو حەوتووەکی بەسەردا تێپەڕیبێ. لەسەر عەرزە رەقەکە درێژ ببوو و بیری لەوە دەکردەوە کە باشە خواردن سوودی چییە؟ چونکە هەرکات رۆژێك خواردنیان دەخوارد، رۆژەکەی دیکە دیسان برسی دەبوونەوە.

چاوی لێك نا و هەوڵی دا بنوێ.

هەر لەخۆڕا ئەو شوێنەی بۆ خەوتن هەڵبژاردبوو. لەسەر بەردێك راکشابوو. هەر لەپشتی هەڵدەچەقی. چەندی جێیەکەشی دەگۆڕی، هەر خراپتر بوو. لەو شەوە ساردەدا، تازە جێی خۆی گەرمدا هێنابوو. ئەگەر هەستابایە بۆ ئەوەی شوێنێکی رێکتر بدۆزێتەوە، سەرمای دەبوو. ئەگەر ویستباشی هەر لەو جێ گەرمە بمێنێتەوە، بنی ناڕێك و ناخۆش بوو.

ئەوەندەی هەبوو، ئەگەر ویستباشی هەستێ، نیگەرانی لەخەوهەستانی حەسەن نەبوو، چونکە هەمیشە ئاسەف لە تەنیشت حەسەن دەنوست.

بەردەکە دیسان لە پشتی رۆچوو و پەروانە بڕیاری دا هەستێ. تاوێك دواتر دیسان جێیەکەی گەرم دەبۆوە.

لەسەرخۆ گوتی: "یەك، دوو، سێ."

بەتانیەکەی لادا.

هەوا ساردەکە هرووژمی بۆ هێنا. بڕیاری دا بەر لەوەی تەواو سەرمای بێ، خێرا قیت بێتەوە. بەڵام نەیتوانی شوێنێکی ڕێك بدۆزێتەوە کە بەتانیەکەی لێ ڕابخا، هەر بۆیە بەتانیەکەی بەسەر شانیدا دا و دانیشت.

لەبەرخۆیەوە گوتی: "لەوانەیە من تاقە بنیادەمی بەخەبەری ئەم دونیایە بم. ئەوانی دیکە هەموو خەوتوون و وا خەون دەبینن، بەڵام من بەخەبەرم و خەریکم ئەوانی دی دەبینم. من پەروانەی پارێزەرم."

پێکەنی.

دەستی کرد بە گوتنەوەی ئەو گۆرانیەی لە قوتابخانە فێری ببوو و بەسەر مانگیدا هەڵدەگوت. دەنگی گۆرانیەکەی ئەو لەگەڵ سەرمای شەوەکە تێکەڵ بوو ودەتگوت وای لە ئەستێرەکان کردووە باشتر بدرەوشێنەوە و تریفە باوێن و بجریوێنن.

لە پشتەوەی گوێی لە لرخەلرخ و جووڵەیەك بوو. بەبێ ئەوەی ئاوڕ بداتەوە و بڕوانێ، زانیی ئاسەف بەخەبەرە. چاوەڕێ ما، هەتا قسەیەکی ناخۆش و بێ تام بە گۆرانیەکەی بڵێ.

بەڵام ئاسەف هەر بە قوونەخشکە هاتە تەنیشتی و لەسەرخۆ گۆشەی بەتانیەکەی کێشا. پەروانە بەتانیەکەی بەسەرشانی ئەویشدا دا و لە گۆرانیگوتنەکەی ڕانەوەستا. ئەوجار ئاسەف گۆرانیەکی گوتەوە کە هەر خۆی دەیزانی و دوای ئەوە گۆرانیەکیان چڕی، کە هەردووکیان دەیانزانی.

ئەوەندە دانیشتن و گۆرانییان گوت و سەیری ئەستێرەکانیان کرد، هەتا هەردووکیان ماندوو بوون و دڵنیا بوون سەرەڕای برسییەتی و بەردە نووکتیژەکانیش، هێشتا دەتوانن بنوون.

١٠

**شوزیەی ئازیز!**

**ئەمڕۆ دیسان دەمانەوێ بکەوینەوە ڕێ و بڕۆین. ئەگەرچی وام پێ باشترە لە شوێنێك دانیشین. من زۆر ماندووم، بەڵام قسەکەی باوکمم بیر دێتەوە کە دەیگوت: "ئەگەر ڕاوەستین، دەمرین."**

حەسەن هەر بەلادا دەکەوێ. وەك فەردەی برنجی لێ هاتووە. چاوەکانی تروووسکاییان لێ بڕاوە و کاتێ قسەی لەگەڵ دەکەین، وەڵام ناداتەوە. دەڵێی هەر لە ئێستاوە مردووە.

ئەو گژوگیایەی دوێنێ خواردمان، ئاگری لە هەناومان بەرداوە. شتێکی تا بڵێی ناخۆش، بە زەحمەت لە جەستەمانەوە دێتە دەرێ. لەگەڵ ئاسەف زگمان شپرزە. بەڵام حەسەن زۆر لەوەش خراپترە و ئیتر پەڕۆی خاوێنی نەماوە. باش بوو ئەمڕۆ تاو و ساو بوو، چونکە ڕووت بوو، هەتا پەڕۆکانی وشك بوونەوە. ناچارین یەکێکمان بەردەوام باوەشێنی بکەین و مێشی لێ دەرکەین.

پەروانە بەخۆی گوت: "بەڵام ڕاوەستە با بزانم. خۆ حەسەن دوێنێ گیای نەخوارد."

دیارە ویستبوویان گیا دەرخواردی ئەویش بدەن، بەڵام نەیخواردبوو. ئەی باشە بۆ نەخۆش کەوتووە؟

پەروانە لەنەکاو تێ گەیشت، ڕۆژی پێشوو لەبیریان چوبوو، ئاوەکە بکوڵێنن جا بیخۆنەوە.

دەیزانی بۆچی دەبێ ئاوەکە بکوڵێنن، تەنانەت لە کابولیش کە ئاویان لە شێرەی شەقامەکەوە دێنا، بەر لە خواردنەوەی دەیانکوڵاند. ئاوی نەکوڵاو، بنیادەمی نەخۆش دەخست. هەموو ئەوانەی دەزانی.

سەیرێکی ئەو گۆلە بچووکەی کرد، وا سێ ڕۆژ بوو لە تەنیشت ئەو مابوونەوە و ئاوەکەیان خواردبۆوە. جاری وا بوو، ئاوی ئەو جۆگانەی خوڕ بوون، خاوێن بوو، بەڵام ئاوی گۆلەکان هەر دەبوو بکوڵێنرێ. باوکی چەند جاران باسی ئەوەی بۆ کردبوو. سەیر نەبوو نەخۆش کەوتبوون.

دیسان قەڵەمەکەی هەڵگرتەوە.

ماندوو بووم ئەوەندەی شتەکان لە مێشکمدا ڕاگرم. حەزم لێیە یەکێکی دیکە وەبیرمیان بێنێتەوە.

قەڵەم و کاغەزەکەی لە جانتاکەی خستەوەو هەندێ پووش و پەڵاشی کۆ کردەوە بۆ ئەوەی ئاگرێك بکاتەوە بۆ ئاوکوڵاندن. چار نەبوو. جارێ دەبێ هەر خۆی مشووری هەموو شتێك بخوات، هەتا یەکێك پەیدا دەبوو. کە جلەکانی حەسەن وشك بوونەوە و ئامادەی ڕۆیشتن بوون، پەروانە گوتی: "لانیکەم بەو وەزعەی زگمانەوە، هەست ناکەین برسیین."

ئاسەف هیچی نەگوت. دەتگوت دەیەوێ هەموو وزە و تاقەتی خۆی بۆ ئەو جووڵە سادەیە تەرخان بکا.

پەروانە دەیزانی خۆی دەبێ لەبری ئەو حەسەن لەکۆڵ بکا. بەڵام ئەوەی بە ئاسەف نەگوت.

دوو ڕۆژی دیکەش تێپەڕی. منداڵەکان بۆ پشوودانێك، دیسان لە شوێنێك دانیشتن.

پەروانە قەڵەم و کاغەزەکەی دەرهێنا و لە سەر کۆشی دانان. دەیویست نامەیەك بۆ شوزیە بنووسێ، بەڵام نەیدەویست جارێکی دیکە دەردەڵی ئەوەی بۆ بکا، کە چەندەیان برسی یان تینووە و حەسەن چۆن بۆگەنی لێ دێ. ماندوو ببوو هێندەی باسی ئەو شتانە بکا. حەزی لێ بوو باسی شتێکی تازە بکا.

بەخۆی گوت: "خۆزگە ئاوا نەدەبووین."

چاوی لێك نا و شیو و دۆڵێکی سەوز و خۆشی هێنایە بەرچاوی خۆی. رێك وەك ئەو شیوەی بنەماڵەکەی خۆی خەڵکی ئەوێ بوون. نا، شیوێکی زۆر خۆشتر و جوانتر و دڵگرتر لەوەی دایکی تاریفی کردبوو. شیو و دەربەندێکی هێنایە بەرچاوی، کە دەیویست خۆی لەوێ بژیێ. ئەوجار چاوی هەڵێنا و دەستی کردەوە بە نووسین.

**شوزیەی ئازیز!**

**ئەمڕۆ بەیانی گەیشتینە دۆڵێکی شاراوە، لە چیاکانی ئەفغانستان. ئەو دۆڵە نهێنیە و هەر منداڵان دەتوانن بیدۆزنەوە. ئێرە هەر هەمووی کەسك و شیناوەردە و پەڵەی شین و سوور و زەرد و رەنگی دیکەشی تێدایە، کە ناویان نازانم، رەنگەکانیان شاد و گەشن. لەوانەیە پێت وابێ ئەو رەنگانە یەکەم جار چاو دەئەنگێون، بەڵام نا وا نیە. هەموو رەنگەکانی ئێرە سووکناییت پێ دەبەخشن.**

پەروانە هەروا لەسەر نووسینەکەی بەردەوام بوو. وردە وردە، کە لاپەڕەکەی پڕ دەکردەوە، دەتگوت هەر بەراستی ئەو شیو و دۆڵە سەوز و خۆشەش روون روون دێنە بەرچاوی. دەتگوت هەر بەراستی پێی وایە وەها شیو و دۆڵێك هەیە.

ئاسەف هەر لەو شوێنەی لێی دانیشتبوو، پرسیی: "دیسان خەریکی نامە بۆ دەستەخوشکەکەت دەنووسی؟"

حەز دەکەی بۆتی بخوێنمەوە؟

ـ جا بۆ دەبێ گوێ بدەمە قسەی نێوان دوو کچ؟

پەروانە گوتی: "بەڵام پێشت خۆشە. با بۆت بخوێنمەوە."

ئاسەف نە گوتی باشە و نە گوتیشی نا، چونکە پەروانە دەستی کرد بە خوێندنەوەی نووسینەکەی.

**ئەو دۆڵە سەوزە، پڕە لە خواردن. هەموو رۆژی وەك جێژنی رەمەزان بێ، مل دەنێین لە خواردن. هەر ئێستا بەلەمێك خواردنی کابولی و چەندی بڵێی کشمیشم خوارد پڕپڕ بوو لە گۆشت. دوایی پرتەقاڵمان خوارد چ پرتەقاڵ، هەر یەکی هێندەی سەری من، لەگەڵ سێ قاپ چلوورەی شاتوو. جگە لە منداڵەکانی دۆڵەسەوزە، هیچ کام لە منداڵەکانی چلوورەیان نیە. ئێمە چەندی دڵمان بخوازێ لێرە چلوورە دەخۆین.**

**دیاره ئێرەت زۆر پێ خۆش دەبێ. لەوانەیە کاتێ لە فەرەنسا وەرەز دەبی، بێیە ئێرە و لە بری ئەوەی لە برجەکەی ئیڤلدا چاومان بە یەکتری بکەوێتەوە، هەر لێرە بەدیداری یەکتر شاد بینەوە. ئێستا کە ئێرەم دۆزیوەتەوە، ئیتر تا هەم بەجێی ناهێڵم.**

**ئێمە لێرە دەتوانین ئاوەکە بخۆینەوە بەبێ ئەوەی بیکوڵێنین و نەخۆشیش نەکەوین. منداڵەکان دەڵێن ئەم ئاوە سیحراوییە. منداڵی ئێرە هەموو دەست و پێیان ساغە. نەک کەس کوێرە و نە کەسیش دڵی توندە. لەوانەیە ئاسەفیش دووبارە پێی بڕوێتەوە.**

* * *

نامەکە بڕایەوە و پەروانەش بێدەنگ بوو. ئەوجار ئاخێکی هەڵکێشا و نامەکەی دانا. زۆر گەمژانە دیار بوو. لە کاتی نووسینیدا، ئەو شتانەی هەموو لەبەر زەینی بوون، بەڵام لە زگە بەتاڵ و برسییەکەی خۆی و کۆخەکۆخی دڵتەزێنی ئاسەف و لاقە پەڕیوەکەی و بۆنە پیسەکەی حەسەن بەولاوە هیچی بەدی نەدەکرد.

ئاسەف شەقێکی لە خۆڵەکە وەردا و گوتی: "دۆڵی سەوز، شتی وا هەر نیە."

پەروانە بە سەرکزییەوە گوتی: "نا شوێنی وا هەر نیە. لەخۆمەوە دروستم کردووە."

ـ بۆچی؟

پەروانە شانی هەڵتەکاند.

ـ هەر پێم وابوو... پێم وابوو ئەگەر بیهێنمە پێش چاوم، لەوانەیە وەڕاست بگەڕێ*.

ئاسەف بە تانە و تەشەرەوە گوتی: "رێك وەك گەنجینەکەی ئەسکەندەری مەکدۆنیی نێو ئەشکەوتەکە."

پەروانە لەخۆی تووڕە بوو، کە بۆچی خولیاکانی خۆی بۆ ئاسەف ئاشکرا کردووە. بەڵام پتر لەو مەسەلەیە، بەوە تێك چوو کە ئەو خەیاڵە خاوەی گەنجینەکەی وەبیر هاتەوە. راستییەکەی ئەوە بوو کە لاقەکەی ئاسەف هەرگیز چاك نەدەبۆوە، قەت تێر زگی خۆیانیان خواردن دەست نەدەکەوت و ئاوی نەکوڵێنراویش بێ ئەملاولا نەخۆشی دەخستن.

ئەو لاپەڕەیەی کاغەزەکەی لێکردەوە و گرمۆڵەی کرد و فڕێی دا.

شنەبایەك هەڵیکرد و گلۆڵە کاغەزە بچووکەکەی دیسان بەرەو لای هێنایەوە. کاغەزە تۆزێك لەولاتریەوە کەوت. پەروانە بەردێکی هەڵگرت و لە کاغەزەکەی گرت. وێی نەکەوت. بەردێکی دیکەی هەڵگرت.

ئاسەف گوتی: "دەستت ئەوەندە خوارە، کەریش نائەنگێوی*."

---

* وەڕاستگەڕان/ بەڕاستگەڕان: وەدیهاتن. بەدیهاتن.

* ئەنگاوتن: پێکان. لێدان. (واتە لە کەریشی نادەی). دەقە فارسییەکەی دەڵێ: "سێرەگرتنەکەت زۆر قۆڕە. " من لێرەدا ئەوەم دانا چونکە ئەو دەمەی منداڵ بووین و مانگا و گامێشمان دەلەوەڕاند، نیشانەمان دادەکرد، هیی وابوو قەت نەیدەپێکا. بەوانەمان دەگوت دەستخوار. ئەوەی باشی دەنگاوت، پێماندەگوتن، دەستڕاست. . . جا ئەودەم دەمانگوت فلانەکەس (یەك لەوان خۆم) دەستی ئەوەندە خوارە کەریش نائەنگێوێ. "

دمەدمە و خۆهەڵکێشان و مشتومڕەکەیان خەست بۆوە. ئاسەف بە یارمەتیی پەروانە هەستا و چەند بەردێکی لێ وەرگرت. ئەوجار خۆی دایە سەر یەکێ لە چێوشەقەکانی و بەردەکانی هاویشت. یەکەم بەردی، تۆزێك لەو لاتری بەردەکەی پەروانەوە کەوت.

ـ دیتت گوتم.

پەروانە گوتی: "یەکەم هاویشتن قەبووڵ نیە. دیسان دەیهاوێمەوە."

بەردێکی دیکەشی هاویشت، ئەمجارە سێرەگرتنەکەی باشتر بوو. ماوەیەك هەروا خەریکی بەردهاویشتنێ بوون. جاری وابوو بەردەکەی پەروانە دوورتر دەچوو و جاری واش بوو بەردەکەی ئاسەف. هەموو جارێ پەروانە بەردی دەدایە دەست ئاسەف بۆ ئەوەی بیهاوێژێ.

ئاخرییەکەی ئاسەف گوتی: "هاویشتنی ئەو وردەبەردانە هەر هیچ نیە. بڕۆ چەند بەردێکی گەورە بێنە با پێت بڵێم هاویشتنی راستەقینە یانی چی."

پەروانە چوو چەند بەردێکی گەورەی هێنا. بەردەکان دەبوو بە هەر دوو دەست بهاوێژرێن. بۆیە ناچار بوو لە پشتەوە توند ئاسەف بگرێ بۆ ئەوەی ئەو بتوانێ بەردەکانی باوێ. چونکە ئاسەف نەیدەتوانی هەم چێوشەقەکەی راگرێ و بەردیش تووڕ بدات.

بەردە هەرە گەورەکەی پەروانەی هەڵگرت. زۆر قورس بوو. بە هەموو توانای خۆیەوە هاویشتی. گرمەیەکی سامناك هەستا و خۆڵ و خاکێکی هەستاند دەتگوت دێوەزمەیەك سمکۆڵان دەکا بۆ ئەوەی رێگەیەك بدۆزێتەوە و بێتە سەرێ.

منداڵ کردیانە زیقە و هەرا. هەتا تەپوتۆزەکە نیشتەوە هەر زیقاندیان.

ئاسەف بەردێکی لە پەروانە گرت. بە تووڕەییەوە بەسەریدا نەڕاند. دەنگی نەڕاندنەکەی لە زیقە و زریکەی حەسەنیش توندتر بوو: "چیی نەمابوو بمانتەقێنیەوە. تۆ کەری، کەری، کەر."

یەك بەخۆی هاواری دەکرد و دەستی بە جێ لاقەکەیەوە دەگرت.

لە حاڵێکدا پەروانە باوەشی بە جەستە لەڕ و لاوازەکەی ئاسەفدا کردبوو، هەردووکیان کەوتن و حەسەنیشیان ـ کە دەگریا ـ لە باوەش کرد و هەرسێکیان هۆڕهۆڕ گریان.

پەروانە نەیدەزانی چەندە ئاوا دانیشتن. لە لایەکەوە دەتگوت چەند سەعاتی بەسەردا رۆیوە و لە لایەکی دیکەشەوە هەر دەتگوت چەند چرکەیەك پتر نیە. دەستی کردە سێبەری چاوەکانی و سەیری زەوییە بەردەڵێنە بەیارەکەی کرد. چیی سەیری دەکرد بۆی ساغ نەدەبۆوە چەندە خەتەری مەرگی پێوەیە.

هەندێ جاران "مین"ـیان دەنایەوە، رەنگەکانیان گەش و جوان. وایان دادەنانەوە، لەبەرچاوان جوان دیار بن و هەر کەسیش هەڵیگرتبان، لە دەستیدا دەتەقیینەوە. بەڵام زۆربەی هەرە زۆری مینەکانیان بە حاستەم وەبن گڵ دەدا. خەڵك نەیاندەزانی پێیان لەسەر دادەنان و تا وەخۆ دەهاتنەوە ئیتر کار لە کارێ دەترازا.

نەیدەزانی دەبێ چ بکا. جا ئەگەر پێیان نابێتە نێو زەوییەکەی "مین"ڕێژکراوەوە، هەر ئەوەندەیان بەس بوو هەنگاوێك خوار دابنێن، لاقیان دەپەڕی.

یانی دەبوو بە نێوەندی ئەو زەوییەدا بڕۆن و دەست لە گیانی خۆیان بشۆن؟ یان هەر لە شوێنەکەی خۆیان راوەستن هەتا لە برسان و لە تینوێتییان دەمرن؟ چۆن زانیبای کامە بڕیاری راستە؟ ئەوەندە ماندوو و شەکەت و خەفەتبار بوو، هەر نەیدەتوانی جوانیش بیر بکاتەوە. هەرچۆنێك بێ، وادیار بوو ئیتر تێدا دەچن و ئەو دیدار ئاخیرەتی شوزیە دەبێ. شوزیەی هێنایەوە بەر چاوی، کە ئێستا ئەوە لەسەر برجەکەی ئیڤڵ دانیشتووە و هەر چاوەڕوانێتی.

چەناگەی لەسەر شانی ئاسەف دانابوو. گریانەکەیان ببووە هەنیسکێکی لەسەرخۆ. پەروانە چاوی بەهەموو زەوییەکەدا گێڕا، بەڵام لە بەرد و گڵ و هەندێ تەپۆڵکە بەولاوە هیچی نەدی.

شتێکی بەرچاوی کەوت. شتێك خەریك بوو بەرەو لایان دەهات. چەند جارێك چاوی پتاند بۆ ئەوەی دڵنیا بێ چاوی رەشکەوپێشکە ناکەن و ئەوجار قیت دانیشت و گوتی: "یەکێك بەرەو ئێرە دێ. بە نێوەڕاستی زەوییەکەدا."

ئاسەف ئاوڕی داوەوە و سەیری ئەو شوێنەی کرد کە ئەو ئاماژەی پێ دەکرد. گوتی: "پێم وایە کچێکە."

پەروانە بەچاوی خۆی دیتی، لەچکەی کچەکە بەربۆوە. گوتی: "پێم وایە، راست دەکەی."

ئاسەف پرسیی: "تۆ بڵێی وابێ؟"

پەروانە نەیدەزانی چ وەڵامێکی بداتەوە. چونکە ئەو شتانەی ئەو پێی وابوو هەن و راستن، تاوێك دواتر لێی ببوونە خەون و خەیاڵ.

تۆ بڵێی هەردووکمان ئەوە بەخەون ببینین؟ مەحاڵە. وا نیە؟

بەر لەوەی بیری لێ بکەنەوە، کچۆڵەکە گەیشتە لایان.

کچۆڵە بە سەرسووڕمانەوە هەرای کرد: "وەی باوکە گیان، منداڵ. زۆر دەمێکە منداڵم نەدیوە."

داهاتەوە و ویستی باوەشیان پێدا بکا.
ئاسەف و پەروانە وا حەپەسابوون قسەیان پێ نەدەکرا.
کچۆڵەکە لە ئاسەف منداڵتر بوو. پەڕۆیەکی کەسك و پیسی بەسەری خۆیدا دابوو.
ـ منداڵێکیشتان هەیە. وەی باوکە، زۆر باشە. کەسیش مردووە؟ مێشکی پەروانە سڕ ببوو. بۆیە هەر وەڵامی پێ نەدەدراوە.
ـ چی؟
کچۆڵەکە دەستی راوەشاند و گوتی: "ئەو تەقینەوەیە، کەسیشی کوشت؟"
ـ نا، نا. کەس نەمردووە.
کچۆڵەکە پرسی: "ئەو منداڵە ناوی چیە؟"
ئاسەف وەڵامی دایەوە: "حەسەن."
کچۆڵەکە گوتی: "زۆرم پێ ناخۆشە، هەر هەمووتان کوڕن. پێم خۆش بوو خوشکێکیشم هەبێ. "
ئاسەف پەنجەی بەرەو پەروانە راداشت و گوتی: "ئەوەیان کچە."
ـ تۆ کچی؟ کچێکی زۆر زۆر سەیر و سەمەرەی.
ئاسەف زەردەیەکی هاتێ. پەروانە لێی مۆن بۆوە. ئەویش دەیتوانی وا بەو کچۆڵەیە بڵێ. شمەکی بەری کچەکە، قوماشێکی درێژی گوڵدار بوو کە لای سەرەوەیان خڕ بۆ بڕیبوو، بۆ ئەوەی سەری لەوێوە بێنێتە دەرێ. بەجێی پشتوێنیش، پەتێکی لە نێوقەدی بەستبوو. دەموچاوی پڕ بوو لەو جۆرە برینانەی کە پەروانە بە روخساری کەسانی دیکەشەوە دیتبوونی و باوکی گوتبووی، ئەو برینانە لە جۆرە نەخۆشییەکەوە پەیدا دەبن و چڵك دەکەن و وەبن دەدەن. کچۆڵەکە چەند بازنە و ملوانکەیەك و هەندێ شتی دیکەشی بوو، کە پەروانە هەر نەیدەزانی ئەوان چین. بزمار و قوونە گڵۆپی شکاو و شتی وای بە ملییەوە هەڵواسیبوو. کچۆڵەکە، کە بەرێیەدا دەڕۆیشت، خشڵ و بەرموورەکانی وێك دەکەوتن و خرینگە و جرینگەیان دەهات.
پەروانە وا سەری لەو کچە سووڕ مابوو نەیدەتوانی هیچی لێ بپرسێ.
کچۆڵەکە گوتی: "دەی باشە، وەرن با بڕۆین؟"
ـ بۆ کوێ؟
ـ دەی خۆ دیارە، دەچینەوە ماڵی من. من هەر شتێکی لەو زەویی "مین"ـەدا دەیدۆزمەوە دەیبەمەوە ماڵەکەم. خۆ ئێوە لە کەر و عارەبانەیەك هەر باشترن. تا ئێستا گۆشتی کەرتان خواردووە؟ دیارە من نەمتوانی هەمووی بەرمەوە. ناچار بووم بەشێکی بەرمەوە. ئەوەندەی پێم هەڵگیرا، هەر ئەوەندەم بردەوە.

دوایی هاتمەوە ئەوی دیکەشی بەرمەوە، دیتم مێش و سیسارکە دۆزیویانەتەوە. حەزم لێ نیە شتێك بخۆم، کە مێش و سیسارکە لێی نیشتوون. من لەوانە دەترسم.

کچەکە بە دەم قسەکردنەوە، دوو دانە لە پرێسکەکانی هەڵگرت و رۆیشت، بۆ ئەوەی پەروانەش حەسەن و ئاسەف لەگەڵ خۆی بێنێ.

پەروانە بەدوای کچەدا هەرای کرد: "راوەستە بزانم. ئەی ئەو "مین"انە؟"

کچە بەدەنگێکی بەرز جوابی داوە: "زەویی مین زیان بەمن ناگەیەنێ. ئێوە دەبێ بە شوێن مندا بێن بۆ ئەوەی هیچتان لێ نەیە."

کچە رێك بە نێوەڕاستی زەویی مینەکەدا رۆیشت. ئەوەندە خێرا دەڕۆیشت، کە پەروانە ناچار بوو پێی بڵێ لەسەرخۆتر بڕوا. ئەو زەوییە مینڕێژکراوە، پڕ بوو لە ئێسك و پرووسکی ئاژەڵان و تۆپەی شکاوی عارەبانە و لەتوپەتی شووشە.

کچەکە ئەوانی بەرەو شیوێکی بچووك برد، پارچە زەوییەکی بچووك و رووتەنی لێ بوو، لە تەنیشت گابەردەکانی گردەکەوە.

گوتی: "بەخێرهاتن بۆ ماڵەکەی من."

جا دەستەکانیشی وا لەبەر یەك کردنەوە، وەك بڵێ بەخێرهاتنیان بکات بۆ کۆشکێکی گەورە.

لە پێشدا بۆگەنێك بەسەر پەروانەدا هات. بۆنی گۆشتێکی گەنیو، کە دیار بوو لەو نزیکانەیە. کەلاکی مەڕ و بزنێکی دیت، مێش و مەگەزی لێ نیشتبوو. ئەو خانووەش وەك زۆربەی ئەو کۆخە قوڕینانە بوو، کە لە درێژایی سەفەرەکەیدا دیتبووی. لایەکی رووخابوو. کون و کەلێنەکانی سواخ درابوون، بەڵام تەواو نەگیرابوون. پەروانە وای بۆ چوو، کچۆڵەکە، کە تەمەنی هەر هەشت ساڵان دەبوو، دەستی نەگەیوەتە درز و کەلێنەکانی سەرەوە. جلێك بە دەرگاکەوە کرابوو، کە شوێنە کون و دڕاوەکانی لە ساغەکانی پتر بوون.

حەوشەکەیان جگە لە کەلاکی ئاژەڵان، پڕ بوو لە زبڵ و زاڵ. تەختە شکاو و بوتڵی بەتاڵ و لەتوپەتی قایشەپشتوێن و رەشمەی ئەسپ و پەتی ریشاڵ ریشاڵ و لەتە کارتۆنی پیس و گیای بادراو. بۆگەنی لەهەموو جۆرێکیشی لێوە دەهات. پەروانە وای بۆ چوو، کچۆڵەکە کاری ئاودەستیشی هەر لە حەوشەکەدا کردووە.

نە لە حەوشە و نە لە نێو کۆخەکەوە کەس پێشوازیی لێ نەکردن.

پەروانە پرسیی: "ئەتۆ لێرە بەتاقی تەنێ دەژییی؟"

ـ نەخێر، لەگەڵ نەنکم دەژیم. وەرن بیبینن. زۆری پێ خۆش دەبێ.

کچە ئەوانی بردە نێو کۆخەکەوە. نێو کۆخەکە هەم تاریك بوو، هەم بۆگەنی دەهات.

ـ نەنە، ئەو منداڵانەم دۆزییەوە. باش نیە؟

کچە ئەوەی گوت و داوای لە پەروانە و ئاسەف کرد، سڵاو لە نەنکی بکەن.

پەروانە لە پێشدا پێی وابوو کچە تەواو شێت بووە. چونکە ژوورەکە کەسی تێدا نەبوو. وردەوردە چاویان لەگەڵ تاریکاییەکە راهات و کۆمێدێکی دار و چەند کۆنە راخەرێك لە بن دیوارەکەوە و کۆگایەکیشی جلوبەرگ لە کۆشەیەکی ژوورەکەدا دیت.

کچە بەرەو لای جلوبەرگەکان چوو. ئەژنۆی دادا و گوێی وا بردە پێشێ، یانی گوێ لە شتێك هەڵدەها.

ـ داپیرەم دەڵێ، چاوم پێیان روون بۆوە و چەندی پێیان خۆشە با لێرە بن.

ئاسەف لەسەر خۆی بە پەروانەی گوت: "وا باشترە ئەو منداڵەش لەگەڵ خۆمان بەرین. چونکە وەك خۆت شێتە."

چیی نەمابوو پەروانە بە قسەی بکا. بەڵام کە وردتر سەیری کۆگا جلەکانی کرد، ئەژنۆی دادا و دەستی لەسەر دانا. دەستی بەر مۆرەی پشتی ئینسانێك کەوت، کە لەبەر هەناسەکێشان بەرز و نزم دەبۆوە.

داپیرەی کچەکە، لەسەر راخەرێکی تەنك و پشت لە دەرگا، وەك تۆپێك گلۆڵە ببوو. خۆی لە جلێکی رەش پێچابۆوە. تەنانەت دەموچاویشی داپۆشرابوو. نە جوولەیەکی دەکرد و نە دەنگێکی لێوە دەهات. هەر ئەوەندەی دەنگی هەناسەی دەهات و بۆنی مردووی لێ نەدەهات، پەروانەی دڵنیا دەکردەوە، هێشتا زیندووە.

بەڵام دیار بوو، ئەو شتانە بۆ کچۆڵەکە زۆر سەیر و سەمەرە نەبوون. ئەو میوانەکانی بردە حەوشە و بەر لەوەی دیسان دەست بە هەڵبەز و دابەز بکاتەوە، گوتی: "داپیرەم دەبێ زۆر پشوو بدات و بحەسێتەوە."

پەروانە کەوتەوە بیر ئەو کاتەی باوکیان بردبووە بەندیخانە. دایکی رێك ئاوا لەسەر دۆشەگەکەی درێژ ببوو. ئەو ژنەش کە لەسەر گردەکە دیتبووی.

ئەوە رێك ئەو حاڵەتە ئاشنایەی ئەو بەتەمەنانە بوو، کە هەر کاتێ بەتەمەنەکان کۆستیان دەکەوت و تووشی نەهامەتی و خەفەتێکی گەورە دەهاتن، تووشی دەبوون و ئیتر پێیان خۆش نەدەبوو بژیێن. بەڵام نەیدەزانی ئاخۆ ئەگەر ئەویش گەورە بێت وای بەسەر دێت یان نا.

سەدان پرسیاری هەبوو لە کچەی بکا، بەڵام هەر ئەوەندەی لێ پرسی: "ناوت چییە؟"

کچە گوتی: "لەیلا."

ئیتر چوو تۆزێ ئاو و برنجی ساردی بۆ هێنان. خواردن و ئاوەکە گیانێکی وەبەر ئاسەف و پەروانە نایەوە. بەڵام نەیانتوانی هیچ شتێك دەرخواردی حەسەن بدەن. ئەو حەزی لە خواردنی هیچ شتێك نەبوو.

لەیلا لەسەرخۆ گوتی: "دەڵێی مردووە."

ئاسەف گوتی: "نا، نەمردووە. چاك دەبێتەوە."

ئەوجار شاقەلی کراسەکەی لە ئاوەکە هەڵکێشا و لەسەر زاری حەسەن چۆڕاندییەوە. ماوەیەك پێ چوو. بەڵام وردە وردە قووتی دا. ئاسەف بە خۆشییەوە گوتی: "نەمگوت چاك دەبێتەوە؟"

ئەوجار هەندێ برنجی ورد کرد و بەدەمییەوە کرد. حەسەن ئەویشی خوارد. بیر و ترۆمپا(پەمپی ئاو هەڵێنجان) لە زەوییە رووتەنەکەدا هەبوو بۆ ئاوهەڵێنجان. لەیلا جلی خاوێنی بۆ هێنان و گوتی: "ئەوە هیی دایکمە."

کاتێ ئاسەف دەرپێیەکەی لەپێ کرد، تا جلوبەرگەکانی خۆی بشوات و وشك ببنەوە، پەروانە خۆی پێ نەگیرا و پێ کەنی و زۆریش بەخۆی نازی. جەستەی رەقەڵە و داڵگۆشتەکەی ئاسەف، لە بن ئەو جلوبەرگە فش و فۆڵەدا ون ببوو و ئاگر لە چاوە مۆڕ و نێوچاوانە گرژەکەی دەباری.

بەڵام پەروانە دڵی خۆش بوو کە دیسان جلی کچانەی لەبەر کردووە. ئەو پانتۆڵە کامیزیەی لەیلا پێی دا، شینێکی گەش و کراوە بوو و بەری پێشەوەی بە رەنگێکی سپی گوڵدۆزی کرابوو. تەنانەت هەستی کرد، هەندێ جوانیش بووە.

کوچکاورێك لە حەوشەکە هەبوو، کە دەوراندەوری بەردی لێ کۆ کرابۆوە و دەکرا قابڵەمە و مەنجەڵی لەسەر دابنێی. لەیلا هەندێ برنج و گۆشتی لە قابڵەمەیەك کرد و لەسەر کوچکاورەکەی دانا. بەڵام بەر لەوەی خواردنەکە دابنێ، هەندێکی هەڵگرت و لە کونێکی کرد. کونەکەی بە پەنجە لە عەرزەکە کردبوو. پەروانە ئەوەندە ماندوو بوو، تاقەتی نەبوو بڵێ ئەوە چ بوو.

لەیلا گوتی: "ئەوە گۆشتی کۆترە. هیوادارم پێتان خۆش بێ."

تەنانەت گۆشتی سیسارکە کەچەڵەش بوایە، پەروانە گوێی نەدەدایێ. ئەو هەموو خواردنێکی پێ باش بوو. ئاسەف تۆزێ لە چەلاوەکەی بەدەمی حەسەنەوە کرد. حەسەن هەمووی قوت دا و چاوی لە ئاسەف نەتروو کاند.

شیوەکەیان هەر لەو ژوورەدا و لە تەنیشت داپیرە خوارد. لەیلا یەك پشوو قسەی دەکرد. هەندێ لە خواردنەکەی لە قاپێك کرد و پەچەی داپیرەی هەڵدایەوە و لەپێشی دانا.

پەروانە وردتر لێی روانی. کاتێ لەیلا یەکەم پارووی هەڵگرت و بە دەمی پیرەژنەوەی کرد، لە بن پەچەکەوە جووڵەیەکی بەدی کرد. لەیلا لەو کاتەشدا بێ پسانەوە قسەی دەکرد. وەك ئەو قابڵەمەیەی شتەکان تێیدا دەکولێن و هەڵدەچێ، قسەکانیش ئاوا لە زاری ئەوەوە لێورێژ دەبوون و هەڵدەچوون.

ئەو گوتی: "دەزانم زۆر قسان دەکەم. بەڵام زۆر لەمێژە لەگەڵ کەس قسەم نەکردووە. بەتایبەتی لەگەڵ منداڵان. دیارە داپیرەم لێرەیە، بەڵام ئەو زۆر قسە ناکا."

ئەوەندەی پەروانە دیتبووی، داپیرە هەر قسەی نەدەکرد.

له لەیلای پرسی: "ئەوە هەمیشە ئاوا بێدەنگە؟"

ـ نا، جاران قسەی دەکرد. هەموو ژنەکانی بنەماڵەی ئێمە تا بڵێی سوێرقسەن. بەڵام کاتێ دایکم بەجێی هێشتین، کڕوکپ بوو.

ئاسەف گوتی: "دایکەکان هەرگیز لەخۆڕاوە سەری خۆیان هەڵناگرن و ناڕۆن."

ـ باشە. ئەگەر راستیت دەوێ، وەشوێن براکەم و باوکم کەوت. یەکێك هات و گوتی، ئەوان لەشەڕێدا کوژراون. بەڵام دایکم بڕوای بە قسەکانیان نەکرد و وەشوێنیان کەوت بیاندۆزێتەوە. هێشتاش نەگەڕاوەتەوە. من هەموو رۆژێ لە سەر ئەو گردە دادەنیشم و چاوەڕوانی هاتنەوەی دەبم، بەڵام هێشتاش نەهاتووەتەوە.

پەروانە بەخۆی گوتی: "دەڵێی شێت بووە. هەر دەڵێی تێناگا بۆچی دایکی هێشتا نەگەڕاوەتەوە."

ئاسەف رێك ئەو پرسیارەی لێ کرد، کە پەروانە نەیدەوێرا لێی بکا.

ـ لە کەیەوە رۆیشتووە؟

لەیلا نەیزانی بڵێ چی.

پەروانە پرسیی: " بەر لە زستان رۆیشت."

لەیلا گوتی: "بەڵێ. بەر لە زستان. هێشتا هەوا گەرم بوو، کە رۆیشت."

چەند مانگێکی بەسەردا تێدەپەڕی.

ـ لەو دەمەوە هەر تەنیا بووی؟

لەیلا گوتی: "نا. لەگەڵ داپیرەم بووم."

ئاسەف و پەروانە چاوێکیان لە یەکتری کرد. خۆ بە تەنێ بوایە باشتر بوو لەوەی لەگەڵ داپیرەی بێ.

پەروانە گوتی: "قسە بکە. چیت پێخۆشە بیلێ. ئێمە گوێمان لێتە."

# ١٢

ئەو شەوەیان لە کۆخەکەدا رۆژ کردەوە. پەروانە لەگەڵ لەیلا لەسەر دۆشەگێك و ئاسەفیش لە تەنیشت حەسەنەوە خەوت. ئەو شەوە پەروانە خەوەکەی قووڵ و بێ خەون بوو.

بەیانی بە وزەوزی مێش بەخەبەر هاتن.

بەدەم خوراندنی ئەژنۆی و شوێنی پێوەدانی کێچەوە، بەخۆی گوت: "دەبێ شتێك بکەین. دەبێ بیرێك لەو جرِوجانەوەری نێو نوێنەکان بکەینەوە. "

دیارە بڕیاری دابوو، ماوەیەك لەوێ بمێنێتەوە.

ئەوانی دیکە هێشتا هەڵنەستابوون. دەستی لەیلا کەوتبووە سەر سینگی پەروانە. بەسپایی دەستی ئەوی لادا و هەستا چووە دەرێ.

ئەو شوێنە، بۆخۆی دونیایەکی بچووك بوو. گردەکان وایان دەور دابوو، لەوانەبوو بڕوا نەکەی لە دەرەوەی ئەوێش دونیایەك هەیە.

پەروانە دەورێکی کۆخەکەی لێ دا. لە پشتەوەی کۆخەکە، پارچە زەوییەك هەبوو، کە پێدەچوو سەردەمانێك سەوزە و کەورەیان لێ چاندبێ. وردە داری تێدا چەقێنرابوون، کە پێدەچوو بۆ ئەوەی بڕکەی تەماتەکانیان پێدا هەڵگەڕێن لەوێیان چەقاندبوون. رێك وەك ئەو هێچك و دارانەی، کاتێ لەگەڵ باوکیدا بە گوندەکاندا رادەبردن، لە باغەکاندا دیتبوونی.

لە تەنیشت باخچەکەوە، قەفەزێك پڕ بوو لە کۆتر. قەفەزەکە هێندەی باڵای پەروانە دەبوو. بەڵام ئەو میلەیەی بۆ کۆترەکانیان دانابوون لەسەری بنیشنەوە، شکابوون و بەرببوونەوە و لە جیقنەدا نوقم ببوون. کۆتر لە نێو قوڕ و جیقنەدا ئەملاولایان دەکرد. یەکێکیان هەوڵی دەدا لە نێوان شووڵی قەفەزەکەوە بێتە دەرێ. پەورانە دەستی لەسەر کەلێنەکە دانا، سەرە نەرمەکەی کۆترەکە وەلەپی دەستی کەوت.

لەیلا لە پشتەوەی هات و گوتی: "دەوێ شەو یەکێك لەوانەمان خوارد. تا ئێستا چەند دانەیەکی دیکەشمان خواردووە. بەڵام زوو زوو هێلکە دەکەن. هەر بۆیەش هیشتا کۆترمان هەر ماوە."

لەیلا دەوروبەرەکەی هەموو پێشان پەروانە دا. ئەو دەستی بۆ دوو درەخت راداشت، کە چەند گەڵایەکی کەسك و بریقەدار و چەند سێوێکی بچووکی سەوزیان پێوە بوو. ئەوجار گوتی: "ئەوانە دارسێون. سێوەکانی پاییزێ دەگەنێ. زۆر خۆشن، بەڵام دەبێ وریا بی، کرمەکانی نێویان نەخۆی."

لە لایەکی دیکەی حەوشەکەوە، فەردە ئارد و برنجی لێ دانرابوو. پەروانە لە کونی فەردەکانەوە چەند مشکێکی دیت، دەجووڵان.

لەیلا گوتی: "وەرە گەنجینەخانەکەم ببینە."

گەنجینەخانەکەی ئەو، لە چەند تەختەیەك دروست کرابوو، کە بە بەردێکەوە نرابوون. لەیلا یەکێ لە تەختەکانی لابرد، بۆ ئەوەی پەروانە نێوەکەی ببینێ. تەنەکەی رۆن و سندووقێکی گلۆپ و قاپوقاچاغ و قوماش و سۆلی گەورە و بچووك و کلاوی پیاوانە و پەت و کەندرِ و گوریس و چەند ساردوگەرمێك[*] و قوتوویەکی سابوونیشی لێ بوو، کە هەندێکیان مشك خواردبوونی.

پەروانە پرسیی: "ئەو هەمووە شتەت لەکوێ هێناوە؟"

ـ عارەبانەی دێوەرەیەك لەو زەویی مینەدا کەوتە سەر مین. رۆژێکی زۆر خۆش بوو. هەر هەموویم هەڵگرتەوە. ئەو جلوبەرگانەش خۆم لەو قوماشانە دووریومن.

پەروانە کە بۆی نەچووبووەوە سەر یەك، پرسیی: "یانی هەر کاتێك گوێت لە تەقینەوەیەك دەبێ، دەچییە نێو زەویی مینەکە؟"

ـ بەڵێ. ئەی ئێوەشم هەروا دۆزییەوە.

ـ ئەی کابرای دێوەرە چیی لێ هات؟

ـ ئۆۆۆۆ، لەتوپەت بوو. بەخۆی و عارەبانە و قوماشەکانیەوە. هیچی لێ نەبوو شتەکانی پێ بێنمەوە. چەند جاران چووم و هاتمەوە تا ئەوەندەم هێنا.

ـ پەروانە لەیلای وەك جاڵجاڵۆکەیك هێنایە پێش چاوی خۆی، کە چاوەڕێی ئەوەیە مێشکێك بە تۆڕەکەیەوە بێ.

ئاسەف کە گەیشتێ، گوێی لە دوایین قسەی لەیلا بوو و پرسیی: "هەر بەراست دەچییە نێو زەوییە مینرێژکراوەکەوە؟ کەرێتی دەکەی ها."

پەروانە بە مۆنەیەکەوە گوتی: "مەبەستی ئەوەیە، ئەوەی دەیکەی زۆر مەترسیدارە."

لەیلا گوتی: "مەترسیی بۆ من نیە. زەوییەکە منی خۆش دەوێ. چونکە هەرکاتێکی شتێك دەخۆم، تۆزێکیشی دەرێژمە نێو زەوییەکەوە، بۆ ئەوەی بیخوا. هەر ئەوەشە دەمپارێزێ. ئێوەش وەك من بکەن، با خەتەری بۆ ئێوەش نەبێ."

ئاسەف پرسیی: "تۆ سەرشێتی، وانیە؟"

پەورانە دەستی لە ئەستۆی لەیلا کرد و گوتی: "گوێی مەدەیە. ئەوە هەروا خراپە."

[*] ساردوگەرم: ترمۆز. ترمۆزی چا و ئاوی سارد. لە پیرەکانی لای خۆمانم بیستووە هەر پێیاندەگوت ساردوگەرم.

گوێیان لەدەنگی حەسەن بوو لە نێو کۆخەکەوە دەهات. ئاسەف کە بە هەنگڵەشەلە بەرەو لای دەچوو، ئاوڕی دایەوە و گوتی: "هەردووکتان وەك یەکن. هەر دووکتان بڕواتان بە هیچوپووچە."

لەیلا زەردەیەکی بۆ پەروانە کرد و گوتی: "دەی کەوابێ، وەرە ببینە خوشك."

پەروانەش خوداخودای بوو، خوشکێکی هەبێ. گوتی: باشە. ئیدی من و تۆ خوشکین.

ـ کەوابوو براکانی تۆ، دەبنە برای منیش.

ـ ئاسەف و حەسەن دەڵێی؟ خۆ ئەوانە برای من نین. ئێمە تووشی یەکتر بووین.

لەیلا گوتی: "دەی باشە، کەواتە بوونە برات."

پەروانە قسەکەی لێ وەرگرت و گوتی: "بەڵێ. وایە."

بەڵام نەیدەزانی ئاخۆ ئاسەف پێی خۆش دەبێ یان نا، ئەگەر خوشکێکی هەبێ.

ـ کەوابوو دەبنە برای منیش. داپیرەش دەبێتە نەنکی هەردووکمان.

پەروانە نەیدەزانی چ دڵێکی ئەو داپیرەیە خۆش بێ کە وەك بەردێکی ساردوسڕ و بێدەنگ لەسەر مافوورەکە دانیشتبوو. بەڵام ئەوەی بەلاوە گرنگ نەبوو. هەرچۆنێك بێ، داپیرە، داپیرەیان بوو و ئەوەش خودا ناردبووی.

پرسیی: "کێ فێری چێشتلێنان و کارسی کردووی؟"

ـ بەر لەوەی باوك و براکانم بچنە شەڕێ، هەر سەیری ئیشەکانیانم دەکرد. کارەکانی دیکەش لە دایکم و داپیرەمەوە فێر بووم. هەندێ کاریش هەر خۆم فێریان بووم.

ئەوجار بە هەڵبەزدابەز چوو ئاگرەکە بکاتەوە و چای بەیانی لێ بنێ.

پەروانە سەیری کرد ئاسەف لە لای کۆترەکانە. خەریك بوو تەختە شکاوەکانی لادەبرد.

پەروانە بە ئاسەفی گوت: "پێم خۆشە ماوەیەك لێرە بمێنمەوە."

ـ ئەگەر پێت وایە منیش لێرە لە لای ئەو کچە گێلە و ئەو داپیرە مرچ و مۆنەی دەمێنمەوە، دیارە تۆش گێلی.

پەروانە گوتی: "خۆ من نەمگوت ئاخۆ تۆ دەمێنیتەوە یان دەڕۆی. هەر ئەوەندە گوتم من لێرە دەبم."

ئەوجار گوتی: "حەسەنیش لێرە دەبێ."

ئاسەف گوتی: "دیارە خوداخوداتە من بڕۆم. دەزانم من بمێنمەوە، دەتەقی."

پەروانە، کە دەیزانی ئەو قسانە چییان لێ شین دەبێتەوە، بێدەنگ بوو.

ئاسەف گوتی: "منیش لێرە دەبم. هەر بۆ ئەوەی تۆ لە داخان شێت بی."

جا بەر لەوەی بڕوا، بە چێوشەقەکەی، لە بەردێکی هەڵدا.

پەروانە ئاخێکی هەڵکێشا. هەر بە ڕاستی ئاسەف کوڕێکی ملۆزم و لاسار بوو.

***

**شوزیە گیان!**

**ئێمە دۆڵێکی ڕاستەقینەی سەوزمان دۆزیوەتەوە. دیارە هێشتا زۆر ڕێک و پێک نیە و دەبێ پێوەی ماندوو بین تا جوان دەبێ. بەڵام وای لێ دەکەین.**

**ئێرە شوێنێکی هێمنە و منداڵ تێیدا پارێزراون. شەوانە کەس نایە ئەزیتمان بدات یان دەرمان بکات. هەموو یەکتریان خۆش دەوێ و کەس ناترسێ.**

**ئیزن نادەین شەڕ پێ بنێتە ئەم ناوچەیە. شوێنێک دورست دەکەم، کە تێیدا شاد و ئازاد بین. بۆ ئەوەی ئەگەر شەڕکەرێکیش هاتە ئێرە، بحەسێتەوە و واز لە کوشت و بڕین بێنێ.**

پەروانە سەیرێکی دەوروپشتی خۆی کرد و بەو هەمووە کارە پێکەنی، کە دەبوو بیانکا.

دەبێ لە خاوێنکردنەوەی حەوشەکەوە دەست پێ بکەن.

پەروانە مشوورێکی لێ خوارد، بەڵام لای کەس نەیدرکاند. چونکە لەپێشدا دەبوو ئەو و ئاسەف تەواو بحەسێنەوەو ئاگایان لە حەسەن بێ. لە لایەکیشەوە لەیلاش دەبوو جارێ لەگەڵیان را بێ، هەتا دوایی لەگەڵ وەزعە تازەکەی ماڵەکەشی رابێت.

پەروانە بە تەختەیەك، پیسایی و کەلاکی ئاژەڵەکانی کۆ کردەوە. دەبوو هەموویان لەبن عەرزیدا بشارنەوە، بەڵام هێشتا تین و توانای ئەوەیان لەبەردا نەبوو.

بۆ هەرکوێ دەچوو لەیلا بەشوێنیەوە بوو. بە لەیلای گوت: "ئەو پیساییانە مێش و مەگەز خڕ دەکەنەوە."

لەیلا گوتی: "نەمدەزانی. کەسیش پێی نەگوتووم."

ئیتر سەری داخست.

ـ لەمەودوا هەوڵ دەدەم هەموو شتەکان بەباشی بکەم.

پەروانە داهاتەوە بۆ ئەوەی بەشکم بتوانێ سەیری چاوی بکا. گوتی: "تۆ هەموو شتەکانت بەجوانی کردووە. ئەگەر نەشتکردبێ، ئەوە نەتزانیوە بۆیە نەتکردوون. نابێ شەرم بکەی.

قژی لەیلای لادا، بۆ ئەوەی دەموچاوە بچووکەکەی دیار بکەوێ و زەردەی لێوی ببینێ. بەڵام دەسبەجێ رووی وەرگێڕا. تاوێك دواتر بە قێز و بێزەوە سەیری کردەوە.

برینێکی گەورە بە نێوچاوانی لەیلاوە بوو و کەوتبووە بن قژی. برینێکی دیکەی بچووکتریش تۆزێك لە خوارترەوە. بەڵام برینەکەی نێوچاوانی کرمی تێدا بوو.

پەروانە گوتی: "وەرە لەگەڵم."

لەیلای بردە بەربەرۆچکەی حەوشەکە.

ئاسەف پرسیی: ئەوە چ دەکەی؟

پەروانە برینەکەی لەیلای پێشان دا.

ئاسەف گوتی: "راوەستە با من خاوێنی بکەمەوە. من لە تۆ بەغیرەتترم."

پەروانە دەیەویست دەم بە دەمەی لەگەڵ بکا، بەڵام زانیی ئەو راست دەکا. ئاسەف دان بەخۆداگرتر بوو.

پەروانە لەبری مشتومڕ هەستا چوو ئاو بکوڵێنێ بۆ خاوێنکردنەوەی برینەکە. دایکیشی هەر وای دەکرد.

گوێی لە دەنگی ئاسەف بوو کە لە لەیلای دەپرسی: "ئەوە نەتزانیوە دەموچاوت کرمێ بووە؟"

ـ جار جار هەستی پێ دەکەم و فڕێیان دەدەم، بەڵام هەمیشە نا.

پەروانە سابوونێکی لە گەنجینەخانەکەی لەیلا هەڵگرت. ئاگرەکەی کردەوە و دەفرە ئاوێکی لەسەر دانا. ئەوجار هەندێ پەڕۆی لەتوپەت کرد، و هەموو بردەی لای ئاسەف و لەیلا. لە سەر رێی خۆی، سەرێکی لە حەسەنیش دا. حەسەن لە کۆخەکەدا و لە نزیك داپیرەوە، خەوتبوو.

بە لەیلا و ئاسەفی گوت: "ئەوانەتان پێویست دەبێ."

بەڵام ئەوان هەر جوابیشیان نەداوە. ئاسەف لەسەرخۆ خەریك بوو وردە کردمەکانی لە برینەکەی لەیلا دەردەهێنا. لەیلاش یەك پشوو هەر قسەی دەکرد.

ئاسەف گوتی: "گەرای ئەو مێشانەیە. لە برینەکەدا گەرا دەکەن و دەبێتە کرم."

لەیلا گوتی: "تۆ چەندە زیرەکی!"

پەروانە ویستی بڵێ، جا خۆ هەموو کەس ئەوە دەزانێ، بەڵام زمانی خۆی گەست. چونکە ئاسەف بەکوڵ پێدەکەنی.

پەروانە گوتی: "من دەتوانم ئەویدیکەی خاوێن بکەمەوە."

ـ بۆ؟ ئێمە پێویستیمان بەتۆ نیە.

ئاسەف کرمەکانی دەرهێنا. ئەوجار پەڕۆیەکی لە ئاوە کوڵیوەکە هەڵکێشا و برینەکەی لەیلای پێ خاوێن کردەوە و پێی گوت: "دەبێ بەردەوام دەموچاوت بشۆی. یانی دەبێ هەموو گیانت بشۆی و پاکوخاوێن بی."

لەیلا وەڵامی دایەوە: "دەزانم دەبێ وا بکەم. جا ئەوجار کە ئێوە لێرەن، هەر وا دەکەم. جاران کە هەر خۆم و داپیرەم بووین، لەبیرم دەچۆوە."

پەروانە ئەو کارەی بەوان ئەسپارد. بۆخۆی نەیدەزانی چیی بەسەر هاتووە. ئاخۆ ئێرەیی دەبرد؟ جا بە چ شتێك؟ لە ناخەوە لۆمەی خۆی دەکرد. لەوەتەی گەیشتبوونە ئەوێ، جێیەکەیان هێمن و بێ کێشە بوو و نان و ئاویشیان هەبوو. ئەی خەفەتی چیی بوو؟

هۆکارەکەی هەر شتێك بێ، پەروانە بۆی ساغ نەدەبۆوە. بەڵام دەیزانی چۆن کارەکان راپەڕێنێ. جلوبەرگە کوڕانەکەی لەبەر کرد، بۆ ئەوەی شمەکە کچانە خاوێنەکەی پیس نەبن.

وردە وردە ئەو شیو و دۆڵە پاکوخاوێن دەبۆوە. لە هەموو کارەکان ناخۆشتر و قورستر، فڕێدانی کەلاکەکان و شاردنەوەیان بوو لە بن گڵدا. ئاسەف کەلاکەکانی لە پەتێك بەست و پەروانە و لەیلا کێشایاننە دەرەوە. بە یەکیشەوە قووڵکەکانیان هەڵکەند. دوای ئەوە، قووڵکەیەکیان بۆ ئاودەست هەڵکەند و حەوشەکەیان خاوێن کردەوە و هەر شتێکی مێش و مەگەزی لەخۆی کۆ دەکردەوە، تووڕیان هەڵدایە دەرەوە. ئیتر وردە وردە مێش و مەگەزی ئەوێ کەم بوونەوە.

دوای هەر کارێکی دەیانکرد، لەیلا دەیپرسی: "باشە ئەو شتانە لە کوێ فێر بوون؟"

پەروانە ئەگەرچی خۆیشی دڵنیا نەبوو، بەڵام دەیگوت: "دایکم حەزی لێ بوو هەموو شتێك خاوێن بێ. بەردەوام ناچاری دەکردم یارمەتیی بدەم. ئەو دەمەیش کە لەگەڵ باوکم بەو گوندانەدا رادەبردین، خەڵکم دەدیت چ دەکەن. هەندێ شتیش هەروا لەخۆوە و بۆخۆم فێری بووم."

ئاسەف پێکەنی؟ تۆ؟ بۆخۆت؟"

پەروانە بەهەندی نەگرت، چونکە دەیزانی ئاسەف لەگەڵ ئەو نەبێ، لەگەڵ هەمووان باش و نەرمونیانە.

ئاسەف گوتی: "دەبێ میشکەکانیش لە ئارد و برنجەکە دەرکەین."

ئەوەندە بەنێو حەوشەکەدا گەڕا، هەتا لە نێو کەلوپەل و دار و شتەکانی نێو حەوشەکەدا، بەشی ئەوەندەی دار و تەختە و لایلۆن دۆزییەوە و شوێنێکی وای بۆ ئارد و برنجەکە دروست کرد، مشك زەفەری پێ نەبا. ئەوجار چونکە بزماریان کەم بوو، بە پەتێك شتەکانی لێك بەست.

جا ئەمری بە کچەکان کرد: "ئێوە ئارد و برنجەکە خاوێن بکەنەوە با منیش ئەوەی خاوێن ماوەتەوە، بیکەمە نێو لایلۆنەوە."

پەورانە کە بۆی روون بۆوە ئاسەف فەرمان بەسەر ئەوانی دیکەشدا لێ دەدا، تۆزێ دڵی فێنك بۆوە.

لەیلا و پەروانە ئەو فەردە و کیسانەی مشك کونی کردبوون، بردە سەر ئەو گردەی هەموو دەشتەکەی لێوە دیار بوو.

لەیلا گوتی: "ئاوا دەتوانین هەم برینجەکە پاك بکەینەوە و هەم بزانین ئاخۆ دایکیشم دێتەوە یان نا. ئەگەر دایکی تۆش بێتەوە، دەیبینین."

پەروانە گوو مشکێکی هەڵگرت و لە گردەکەوە هەڵیداشت و گوتی: "بەڵێ، دەیانبینین."

ـ لەوانەشە دایکم و دایکت تووشی یەکتری بن و پێکەوەش بێنەوە ئێرە. زۆر خۆش دەبێ، نا؟

ـ ئەرێوەڵڵا. زۆر زۆر خۆش دەبێ. بەڵام شتی وا ئەستەمە.

لەیلا لەسەر قسەکەی خۆی سوور بوو: "بەڵام لەوانەیە تووشی یەکتری بن. تۆ پێت وانیە؟ پێت وایە تووشی یەکتر نابن؟"

پەروانە بۆی شل کرد و گوتی: "باشە، لەوانەشە."

هەر ئەم قسەیە لەیلای بردە ئاسمانی خەیاڵ. دەیهێنایە بەر چاوی خۆی کە چۆن دایکی هەردووکیان تووشی یەکتری دەبن و چۆناوچۆن لێیان روون دەبێتەوە منداڵەکانیان لای یەکترین و ئەوجار بڕیار دەدەن بگەڕێنەوە لایان. کە بۆ حەسانەوەیەك بێدەنگ بوو، پەروانە تا رادەیەك بڕوای بە قسەکانی کردبوو.

لەیلا گوتی: "دایکی ئاسەف مردووە. باوکیشی هەروا. خێزانەکەشیان."

ـ چووزانی؟

ـ خۆی پێی گوتم. لەگەڵ مامی ژیاوە. ئەوەی بەردەوام لێی داوە. هەر بۆیەش لەدەستی رای کردووە.

پەروانە پرسیی: "باشە چۆن بوو ئەو قسانەی بۆ کردی؟ هەتا ئێستا بەمنی نەگوتوون."

بەڵام لەیلا چووبووە سەر باسێکی دیکە. پەروانە ئیتر گوێی نەدایە قسەی ئەو. ئیمانی لە ئاسەف نەمابوو.

رۆژ و شەوان تێدەپەڕین و دۆڵە سەوزەکە، وردە وردە باشتر و جوانتر دەبوو. منداڵەکانیش هەروەتر. برینەکانی لەیلاش سارێژ دەبوونەوە. رۆژێکیان پەروانە قژە درێژەکەی بۆ شوشت و بۆی داهێنا. دیارە شانەیان پێ نەبوو و دەستی بۆ کرد بە شانە. کە لێ بۆوە، سەروقژی لەیلا زۆر جوانتر ببوو. پەروانە قژەکانی بۆ کەزی کرد. کە لەیلا سەروقژی راوەشاند، هەر دوو پەلکە کەزییەکەی راوەشان و لەخۆشیی سەروپرچی پێکەنی.

حەسەنیش ئیتر وەك جاران بێ تین و تاقەت نەبوو.

پەروانە گوتی: "حەسەن وەك گولچ وایە. ئەگەر ئاوی نەگاتێ، سیس دەبێت و دەژاکێ، بەڵام کە ئاوت دایەوە، دیسان گەش دەبێتەوە."

ئێستا حەسەن تەواو گاگۆڵکێ دەکا. پەروانە دەیگوت: "ئەگەر لەو جێیەی داتدەنێین، نەبزووی، ئاگالێبوونت ئاسانتر دەبێ."

منداڵەکانی ناچار بوون، زۆر چاویان بەسەرییەوە بێ. چونکە دەستی گەیشتبایە هەر شتێك، بۆ دەمی دەبرد. جا باش بوایە یان خراپ.

حەسەن خواردنی بە دەستی هەمووان دەخوارد، بەڵام دیار بوو لە هەمووان پتر پێی خۆش بوو ئاسەف بیداتێ. کە ئاسەف ماندوو دەبوو، بە گاگۆڵکێ دەڕۆیشت، بەشکم شتێك بدۆزێتەوە سەری خۆی پێوە بخافڵێنێ. زۆر زۆری حەز لە سەیرکردنی کۆترەکان بوو. هەر کاتێك منداڵەکان نەیاندەدۆزییەوە، ئیتر دەیانزانی کوێی لێ بگەڕێن."

رۆژێکیان ئاسەف هەرای کرد: "حەسەن پێی هەڵگرتووە."

هەمووان بەرەو لای رایان کرد. حەسەن دەستی بە تەلی قەفەزەکەوە گرتبوو و راوەستابوو. کە دەستی بۆ لای کۆترەکان راداشت، پێکەنی. بەڵام دەستی بەربوو و بەسەر قووندا کەوت. لە پێشدا پێی سەیر بوو، بەڵام دیسانیش دەستی دەرێژ کردەوە و هەستایەوە.

سەرلەبەیانیی رۆژێکیان، منداڵەکان حەسەنیان نەدۆزییەوە. ئەو نە لە لای قەفەزی کۆترەکان بوو و نە لە ژوورەوەش. پەروانە بەندی جەرگ و دڵی پسا.

ـ نەکا چووبێتە نێو مینەکان.

ئاسەف نەڕاندی: "ئاوا لەوێ رامەوەستە. راکە بزانە لە کوێیە؟"

لەیلا لە پەروانە گورجتر بوو. دەسبەجێ خۆی گەیاندە حەسەن و لە باوەشی کرد، کە خەریك بوو دەگەیشتە زەوییە مینڕێژکراوەکە.

حەسەن زیراندی. لەیلا گوتی: "تۆ نابێ بچیتە ئەوێ. هێشتا ناتوانی بچیتە هیچ کوێ."

ئیتر حەسەنی ـ کە دابوویە باری لاساری ـ دایە دەست پەروانە.

منداڵەکان دانیشتن و مشوورێکیان لێ خوارد. پەروانە گوتی: "نابێ بهێڵین بچێتە نێو مینەکان. بەڵام خۆ ناکرێ شەو و رۆژ هەر ئاگامان لێی بێ."

ئاسەف شتێکی بە مێشکیدا هات: "پەتێکی درێژ دێنین و لە نێوقەدی دەکەین و دەیبەستینەوە. وابێ هەم بتوانێ ئەملاولا بکا و هەم نەشتوانێ بۆ هیچ کوێ بچێ."

ئەوەیان تاقی کردەوە و دیتیان زۆر باشە.

ئاسەف دەیتوانی خۆی بە شتێکەوە بگرێ و کون و کەلێنی دیوارەکان سواخ بدا. تەختەیەکی درێژی هێنا و وای لێ کرد دەستی بگاتە شوێنە بەرزەکانیش. زۆری نەبرد، کۆخەکەیان پتەوتر و باشتر بوو.

پەروانە و لەیلاش لە تەنیشت زەوییە مینڕێژکراوەکە، چەند گوڵی خۆڕسکیان هەڵکێشا و لە حەوشەکەیان چەقاندیاننەوە. کە لەیلا پەرژینی لە دەور دەگرتن، پەروانە کەوتەوە بیر ئەو گوڵانەی کاتی خۆی لە بازاڕەکەی کابولدا چەقاندبوونی. حەیف نەیدەزانی ئاخۆ هێشتاش گەشن و زیندوون و دەپشکوون یان نا.

هیچ کام لە منداڵەکان نەیاندەزانی سەوزە و کەوەر چۆن دەچێنرێ. کاتێ پەروانە پووش و گیا وشکەی باخچەکەی هەڵدەکەند، سەیری کرد، هەندێ شتی تێدا شین بووەتەوە.

لەیلا هاتبووە یارمەتیی پەروانە و پەروانە پێی گوت: "لەوانەیە ساڵی رابردوو، تۆوی کەوەر و شتی وا لێرە رژابێ."

لەیلا گوتی: "لەوانەشە سیحری لێ کرابێ. خۆ من پێم گوتی ئەو زەوییە منی خۆش دەوێ."

لەیلا بەر لە خواردنی هەر جەمە خواردنێك، جگە لە تۆزێکی خواردنەکەی خۆی، هەندێ لە خواردنەکەی حەسەنیشی دەڕشتە سەر زەوییەکە و وەبن گڵی دەدا. ئەو چەند جارێکیش داوای لە پەروانە کرد وا بکا و ئەویش ئاخرییەکەی قەبووڵی کرد. پەروانە گەرچی لە پێشدا گاڵتەی بەو کارە دەهات، بەڵام وردە وردە لێی بوو بە خووخدەیەك.

بەڵام ئاسەف ملی نەدەدا شتی وا بکا. ئەو بەردەوام دەیگوت: "هیچ شتێك پێش بە زەویی مین ناگرێ، بۆ ئەوەی زیان بە خەڵك نەگەیەنێ. ئێوە هەردووکتان کەرن."

پەروانە پرسیی: "باشە زەویی مین، لاقی تۆی پەڕاند؟"

پێشتر نەیدەوێرا پرسیاری وای لێ بکا. بەڵام ئێستا کە ئاسەف پرێسکەی دڵی خۆی بۆ لەیلا کردبۆوە و باسی بنەماڵەیانی بۆ کردبوو، لەوانەبوو باسی لاقەکەی خۆشی بکا.
بەڵام بە سەهوو چوبوو. چونکە ئاسەف چاوی لێ زەق کردەوە و گوتی: "نەخێر. زەویی مین وای لێ نەکرد... گورگێك لاقمی خوارد. ئەمنیش گورگەکەم خوارد. کەوایە، لەو شەڕەدا من سەرکەوتم."
لەیلا گوتی: "تۆ زۆر ئازای."
ئاسەف پێکەنی و سینگە لاوازەکەی دەرپەڕاند. پەروانە هەر چاوی زەق کردنەوە.
هەموو ڕۆژێ پەروانە دەچووە بەر سێبەری دیواری حەوشەکەو لەوێ دادەنیشت و نامەی بۆ دەستەخوشکەکەی دەنووسی.

**شوزیە گیان:**
**ئەمڕۆ بەیانی قەفەزی کۆترەکانمان خاوێن و چاك کردەوە. خۆزگە هەندێ تۆوی کەوەر و سەوزەکانی دیکەشمان هەبوایە. ئەوکات بەو هەمووە جیقنە کۆترە دەمانتوانی باخچەیەکی سەوزەی زۆر باش دروست بکەین. خۆزگە مریشکیمان هەبوایە. کۆترەکان گۆشتیان زۆر خۆشە. بەڵام من مریشکم پێ خۆشترە.**
**لەوانەیە دێوەرەیەکی دیکە بێتە نێو ئەو زەوییە مینڕێژکراوەوە. دێوەرەیەك، کە مریشك و تۆوی سەوزە و فانۆس و نەوت و لەیستۆکی یاریی بۆ حەسەنیش پێ بێ. کتێبی بۆ من و لاقێکی دەستکردیشی بۆ ئاسەف و زێڕ و گەوهەری ڕاستەقینەشی بۆ لەیلا و چەند دۆشەگێکیشی پێ بێ. دۆشەگی نەرم، کێچیان تێدا نەبێ.**
**بەڵام تا ئەوکات هەر ناچارین لەگەڵ ئەوانە رابێین.**

پەروانە بە نووسینەکەیدا چۆوە و بەخۆی گوت: "باش دەبوو هەموو ئەو شتانەمان هەبوایە."
بەڵام دواتر زانیی، ئارەزووەکانی زەمانێك وەدی دێن، کە چەند کەسێك بمرن. تاوێك فکر و خەیاڵ هەڵیگرت. باشە چۆن وای لێ هاتووە. کەچی شانی هەڵتەکاند و بەخۆی گوت: "خۆ ئەم دونیایە من دروستم نەکردووە. هەر ئەوەندە ناچارم تێیدا بژیم."

لەیلا و پەروانە بە نۆرە ئاگایان لە داپیرە دەبوو. ئاگالێبوونەکەی زۆر ئەستەم و ناخۆش نەبوو. چونکە داپیرە هەر لە گۆشەی ژوورەکە نەدەبزووت و لەوێ نانی دەخوارد و دەنووست. هەموو رۆژێ پەروانە و لەیلا چەند جاران تەشتێکیان دەدایە و بەجێیان دەهێشت بۆ ئەوەی کارەکەی خۆی بکا. دوایی تەشتۆکەکەیان هەڵدەگرت و دەیانبرد و لە ئاودەستەکەیان دەکرد.

لە پێشد منداڵەکان ئەو دەمەی لای داپیرە دەبوون، هەوڵیان دەدا بێدەنگ بن، بەڵام وردە وردە گوێیان نەدایە و چۆنی لە دەرەوە قسەیان پێکەوە دەکرد، لە ژوورەوەش هەر وایان دەکرد. جاروبارە حەسەنیش لە کاتی هەستان و دانیشتنەوەیدا خۆی بە داپیرەوە دەگرت. بەڵام داپیرە هەر بەسەر خۆشی نەدەهێنا ئاخۆ پێی خۆشە یان ناخۆش.

پەروانە لە گەنجینەخانەکەدا دەرزییەکی دروومان و هەندێ دەزووی دۆزییەوە. بە لەیلای گوت: "وەرە کراست بۆ بدرووم. دیارە بۆخۆشت جوانت دووریوە. بەڵام پێم وایە من دەتوانم جوانتر و باشترت بۆ بدرووم. "

ئەو جلەی پەروانە بۆ لەیلای درووی، قۆڵی هەبوو. پەروانە زۆر سەری لە دروومان دەرنەدەچوو. بەڵام بڵێی و نەڵێی ئەو کراسەی ئەو درووی، جوانتر و ئاساییتر بوو لە کراسەکەی پێشووی لەیلا. ئەو رەنگە شینەی پەروانە هەڵیبژارد، لە رەنگی چاوی لەیلا بوو.

چەند هەفتەیەك بوو منداڵەکان هاتبوونە ماڵی لەیلا. رۆژێکیان پەروانە بڕیاری دا رەف و تاقەکانی ژوورەکە خاوێن بکاتەوە. کەوتەوە بیر پاکوخاوێنیەکانی دایکی و نوریەی خوشکی، کە هەر نەدەبڕایەوە. ئەوان ئەو ئاوەی پەروانە ناچار بوو بەو هەمووە زەحمەتەوە بیهێنێ، لە خاوێن کردنەوەی کەنتۆری ئەو ژوورە بچووکەیان دەدا، کە لە کابول هەموویان لەوێدا دەژیان.

تەنانەت لەوانەیە بکرێ، ژوورێکی دیکەش لەو دۆڵی سەوزەدا لە تەنیشت ئەو کۆخەوە دروست بکرێ. یان دوو ژووری دیکە. دایکە و داپیرە و نوریە دەکرا لە ژوورێکدا بنوون. عەلی، برا بچووکەکەی پەروانە دەبووە برایەکی گەورە و باش بۆ حەسەن. ئاسەفیش دەکرا هەر لە ژوورەکەی ئەوان بنوێ و ئاگاشی لێیان بێ. پەروانەش لەگەڵ خوشکە مەریەم خوشکە گچکەکەی و لەیلا لە ژوورەکەی دیکەدا دەنووستن. چەندە باش دەبوو ئەگەر هەمووان پێکەوە ژیابایەن.

کە وەبیری هاتەوە هیچ کەسی خێزانەکەی لەلا نیە، کزەی لە جەرگی هات.

پەڕۆکەی خستە نێو سەتڵەکەوە. ئەوجار بە پەلە لە گردەکە چووە سەرێ، بۆ ئەوەی لەو شوێنە دابنیشێ، کە هەموو ناوچەکەی لێوە دیار بوو. لەیلاش لەوێ بوو.

ـ ئەمڕۆ هیچت نەدی؟

لەیلا گوتی: "چەند تانك(دەبابە"یەكم دی. دەڕۆیشتن. بەڵام پێم وانیە منیان دیتبێ. چونكە تەقەیان نەكرد."

پەروانە دەستی بەسەری لەیلادا هێنا و گوتی: "شەڕ شوێنەكەی ئێمە نادۆزێتەوە. ئەو جادەیە زۆر لێرەوە دوورە. هێشتا دایكمان نەهاتوونەتەوە."

لەیلا دیسان دوور دوور روانیی.

ـ نا، دایكمان دیار نین.

پەروانە گوتی: "بەشكم سبەی دەركەون. "

ـ بەشكم سبەینێ.

پەروانە لە تەنیشت خوشكە تازەكەی ئەژنۆی دادا و گوتی: "دەكرێ بە نۆرە بێینە ئێرە و لێرە دابنیشین. ئەگەر یەكێكمان بەردەوام لێرە بین، ناتوانن بە خشكە بێن و بڕۆن و ئێمە نەیانبینین."

ئەوجار لەبەرخۆیەوە گوتی: "نابێ لێرە راوەستم. دەبێ بڕۆم."

ئەو مانگە دووردرێژانەی بیر كەوتەوە كە برسی و تینوو، شار و گوندەكانی بڕیبوو. لەوانەیە ئەمجارە ناچار بێ بەتەنێ بڕوات. نەیدەتوانی داوا لە ئاسەف بكا لەگەڵی بڕوا. چونكە ئەو دەكرا ئێرە بەماڵی خۆی بزانێ. دەی خۆ نەدەكرا حەسەنیش هەڵگرێ و بیبا. هەر نەبێ لێرە خواردن و ئاوی لێیە و باشتر دەژیێ.

لەیلا پەنجەكانی لە پەنجەی پەروانە ئاڵقاند و گوتی: "تۆ هەر لێرە دەمێنیەوە و ناڕۆی، وایە؟ ئێمە خوشكین. تۆ دەبێ بمێنیەوە."

پەروانە گوتی: "دەمێنمەوە."

بەڵام نەیگوت تا هەتایە دەمێنمەوە. دەستی لەیلای گوشی و دیسان خەریكی پاكوخاوێنیەكە بۆوە.

كە لە خاوێنكردنەوە و سڕینەوەی رەفەكان بۆوە، بە دەنگێكی بەرز گوتی: "من هەر دەمەوێ... هێشتا نا، جارێ ناڕۆم. "

بەو بڕیارە تۆزێك ئەهۆن بۆوە. ئۆخژنێكی لە دڵی گەڕا. ئەوجار سەیری ناو كۆخەكەی كرد بۆ ئەوەی بزانێ كاری دیكە هەیە بیكا یان نا.

بە چڵەدارێكی پڕ گەڵاوە ژوورەكەی گەسك دا. بەڵام زۆری بەدڵ نەبوو. دەبوو راخەرەكەی بەرێتە دەرێ بۆ ئەوەی جوان بیتەكێنێ. دەبوو دۆشەگەكانیش لە دەرێ هەڵ بخا. لەوانەبوو كێچەكان لەبەر تیشك و گەرمای خۆرەكە را بكەن.

پەروانە پێكەنی و گوتی: "ئەگەر دایكم چاوی لێم بوایە، كە بە ویستی خۆم كاروبارەكانی ماڵەوە دەكەم، هەر بڕوای نەدەكرد."

بەتایبەتی کە ئێستا، بەردەوام جلوبەرگی کچانەی لەبەر دەکرد، دیارە جگە لەو کاتانەی دەیەویست خەریکی کارێکی تۆز و خۆڵ بێ و لەوانەبوو گیانی پیس بکا. قژیشی درێژ ببۆوە، یەك دوو رۆژی دیکە دەیتوانی بەرەو پشتەوە هەڵیداتەوە.

لە سێ دۆشەگەکە، دوویانی بردە حەوشەکە. ئەوجار داهاتەوە و گۆشەیەکی راخەرەکەی گرت و کێشای. بەڵام راخەرەکە نەبزووت.

داپیرە. ئاخر داپیر لەسەر راخەرەکە دانیشتبوو بۆیە نەیتوانی بیبزێوێ. ئەو دۆشەگەی داپیرە لەسەر گرمۆڵە ببوو، لەسەر راخەرەکە بوو.

پەروانە گوتی: "دەبێ تۆش وەك ئەو کەلوپەلانە بەرمە بەر تاو و بایەك لێت بدا."

پێکەنینی بە قسەکەی خۆی هات. وەك گەوران قسەی دەکرد. دەتگوت مامۆستا ویرای دەستەخوشکی دایکێتی.

چووە نێو حەوشەکە. لەیلا لە شوێنی چاودێرییەکەی خۆی هاتە خوارێ و بە دارێك دۆشەگەکانی کوتا، بۆ ئەوەی کێچ و ئەسپێیان لێ دەربکا. ئاسەف، دارێکی هەڵگرتبوو و بە نێو خۆڵ و خاکەکەدا دەیکێشا و دەنگی سەیارەی دەردێنا و حەسەنی خافڵاندبوو. حەسەنیش هەوڵی دەدا لاسایی بکاتەوە.

پەروانە لە لەیلای پرسی: "داپیرەت دەتوانێ بەپێی خۆی بڕوا؟"

ـ بەر لەوەی دایکم بەجێمان بێڵێ دەیتوانی.

ـ کەواتە با بیهێنینە دەرەوە. هەم بۆ خۆی باشە و هەمیش دەتوانینماڵەکە بەجوانی خاوێن بکەینەوە.

ئاسەف نەیدەتوانی یارمەتییەکی ئەوتۆیان بدا، بەڵام لەگەڵیشیان چوو. حەسەنیش بە گاگۆڵکێ و دارەدارە وەك جاران هات. حەزی لێ بوو کاتێ ئاسەف بەرێگادا دەڕوا، ئەو دەست بە چێوشەقەکەی بگرێ.

پەروانە و لەیلا لە کن داپیرە ئەژنۆیان دادا.

لەیلا گوتی: "دەمانەوێ بتبەینە دەرێ، داپیرە."

داپیرە هیچی نەگوت.

لەیلا پرسیی: "چۆن بیبەین؟ خۆ ئێمە پێمان هەڵناگیرێ."

ئاسەف پێشنیاری کرد: "بە دۆشەگەکەوە بیکێشنە دەرێ. "

حەسەن دەتگوت لێیان تێگەیوە، بە گاگۆڵکێ چوو و لەسەر دۆشەگەکە و لە تەنیشت داپیرەوە دانیشت و پێکەنی. کچەکان قولینچکی دۆشەگەکەی داپیرەیان گرت و وردە وردە کێشایان و لە ژوورەکە بردیانە دەرێ. پەروانە دەستە لاواز و چرچەکانی داپیرەی دیت کە توند ئەملاولای دۆشەگەکەیان گرتبوو بۆ ئەوەی نەکەوێ. بەڵام هیچیشی نەگوت و نەشجووڵا. حەسەنیش ئەو بەزمەی زۆر پێ خۆش بوو و پێدەکەنی.

لەیلا گوتی: "وەرە با لەبەر تاوەکەی دابنێین. ئەگەر زانیمان زۆری گەرمایە، دەیبەینە بەر سێبەرەکە."
حەسەن دەیەویست بە داپیرە هەڵگەڕێ، بەڵام ئاسەف بردی و دیسان بە یارییەکەوە سەری خافڵاند.
پەروانە و لەیلا راخەرەکەشیان بردە دەرێ و تەکاندیان و لەبەر تاوەکە هەڵیانخست. ئەوجار پاکوخاوێن نێو ژوورەکەیان گسك دا و ئەوەندەیان عەرزەکەی سڕییەوە، هەتا بۆنەکەی رۆیشت و تەواو خاوێنیش بۆوە.
دوای ئەوە، هەموو رۆژێ داپیرەیان دەهێنایە دەرەوە. دوانیوەڕۆیەك کە ئاگایان لە حەسەن بڕابوو، چارشێوەکەی لەسەر داپیرە لادا و بەسەرخۆیدا کێشا. ئەوجار گژگژ پێکەنی.
داپیرە خۆی وێك هێنا، بۆ ئەوەی دەموچاوی داپۆشێ. لەیلا چارشیچوەکەی لە حەسەن ئەستاندەوە بۆ ئەوەی دیسان بەسەر داپیرەی دا بداتەوە. بەڵام پەروانە نەیهێشت و گوتی: "راوەستە با بیشۆین."
هەتا چارشێوەکەی وشك بۆوە، بە پەنجەکانی، قژی داپیرەی داهێنا. داپیرە وردە وردە دەست و پێی لەبەر یەك کێشاوە و دەموچاوی وەبەر تیشکی خۆرەکە دا. ئەگەرچی پەروانە زۆریش دڵنیا نەبوو، بەڵام پێی وابوو تەنانەت زەردەیەکیشی بە لێوییەوە دیتووە.
رۆژ و حەوتووان[*] رابردن. رۆژی زێڕینی پڕ لە تیشکی خۆر. خواردنی باش و کاری خۆش و زۆر. برینەکانی دەموچاوی لەیلا تەواو ساڕێژ بوونەوە. حەسەنیش بەخۆدا هاتەوە و کۆخینی ئاسەفیش بڕایەوە. زۆربەی شەوەکان لە دەوری ئاگرەکە دادەنیشتن و هەقایەتیان دەگێڕایەوە، یان گۆرانییان دەگوت. حەسەن زۆربەی جاران لە باوەشێ ئاسەفدا خەوی لێ دەکەوت. بەڵام ئەگەر داپیرەش جاروبارە هاتبایەتە دەرەوە و لە لایان دانیشتبایە، ئەوە حەسەن پاڵی بەوەوە دەدا و دەخەوت. پەورانە ئاگای لێ بوو کە داپیرە چۆن لەسەر خۆ دەست بە سەری حەسەندا دێنێ.

**شوزیە گیان!**

**ئەو رۆژانەی داپیرە کەیفخۆشە، بەرەو دەرگا دادەنیشێ. جاری واش هەیە کە خەفەتبارە، روو دەکاتە دیوارەکە. لە سەریەک دەکرێ بڵێم باشە. منیش ئەزموونی رۆژە تاڵەکانم هەیە.**

**هێشتا دایکمان نەگەڕاونەتەوە. لەیلا دەڵێ هەر دەبێ سەبر بگرین و راوەستین. هیوادارم نوریە لەگەڵ گەیشتنەوەیدا دەست نەکا بە فەرماندان. هیوادارم تێ بگا کە من بەر لەو ئێرەم دۆزیوەتەوە و رێزم بگرێ و بە قسەم بکا. لەوانەشە لە رادەبەدەر گەشبین و هیوادار بم.**

**رۆژە خۆش خۆشەکان، داپیرە خۆی رادێنێ بتوانێ راوەستێ. بەڵام هێشتا پێیەکانی ئەوەندە بەهێز نەبوونە بتوانێ ماوەیەکی زۆر خۆی راگرێ.**

---

[*] حەوتوو: حەفتە. هەفتە.

**حەسەنیش لەگەڵ ئەو هەوڵ دەدا راوەستێ و هەردووکیان پێکەوە خۆیان رادێنن. هەردووکیان زۆر لە یەکتری دەچن و سەیرن. تەنانەت ئاسەفیش پێدەکەنێ. ئەگەرچی زۆر لەگەڵ من باش نیە، بەڵام ئیتر بەردەوام پێدەکەنێ. ئێمە بە داپیرەمان دەڵێین، بە منداڵەکە پێدەکەنین، بەڵام ئەگەر راستیت دەوێ بە هەردووکیان پێدەکەنین.**

لەیلا لە تەنیشت پەروانە هەڵتڕووشکابوو، گوتی: "من نازانم بنووسم. نەچوومەتە قوتابخانە. دایکیشم نەچووە. داپیرەشم نەچووە. دەیانویست من بنێرن، بەڵام ئیتر ئێستا قوتابخانە نیە."

پەروانە گوتی: "من دەتوانم فێری خوێندنەوە و نووسینت بکەم."

ئاسەف لەو نزیکانەوە دانیشتبوو و دەستی حەسەنی گرتبوو و هەوڵی دەدا دارەدارەی پێ بکا و لە سەر پێ رایگرێ. بەڵام پەروانە ئاگای لێ بوو ئاسەف بەو قسەیە سەری بەرز کردەوە، هەرچەندە هیچی نەگوت.

ـ دەتوانی داپیرەش فێر بکەی؟

پەروانە سەری لەقاند و گوتی: "بە دڵنیاییەوە."

لەیلا لەسەری رۆیشت: "هەمیشە حەزی لێ بوو کتێبێکی هەبێ. هەمیشە بەمنی دەگوت ئەگەر کتێبم هەبێ، دەتوانم خۆم فێری خوێندنەوە بم. دەیگوت ئەگەر کتێبێکمان هەبوایە، دوای تەواوبوونی کارەکانمان هەموو رۆژێ دادەنیشتم و دەمخوێندەوە. دەیگوت، کتێب قسەی تازەی پێ دەڵێ و بیر و زەینی دەکاتەوە و زۆر چێژ لە خوێندنەوە وەردەگرێ."

دەسبەجێ شتێك بە زەینی پەروانەدا هات، هێشتاش دوو کتێبی هێشتبۆوە. یەکێکیان کتێبێکێ بچووکی بەرگ کاغەزی و ئەویدیکە کتێبێکی گەورەی بەرگ ئەستوور بوو. کتێبە گەورەکەی بردەی لای داپیرە.

ئەو رۆژە یەکێك بوو لە رۆژە ناخۆشەکانی داپیرە. دیسان لە ژوورەکەدا دانیشتبوو و رووی کردبووە دیوارەکە و سەری خۆی داپۆشیبوو.

پەروانە گوتی: "داپیرە. دیارییەکم بۆ هێناوی. هەر بۆ خۆت. خۆشم فێرت دەکەم چۆن بیخوێنیەوە."

داپیرە دەستە چرچ و لاوازەکانی لەسەر کتێبەکە دانا و بە پەڕەکانیدا کێشا. پەروانە دەیویست بچێتەوە لای لەیلا، لەو کاتەدا داپیرە دەستی گرت و گوشیی.

پەروانە گوتی: "شایانی نیە."

دوایین کتێبیشی لە جانتاکەی خستەوە و لە تەنیشت نامەکانی شوزیەی دانا.

بەخۆی گوت: "بابم زۆری پێ خۆش دەبێ."

ئەوجار پێکەنی.

چەند هەفتەی بەسەردا تێپەڕی. پەروانە دەیزانی کات رادەبرێ، بەڵام بیری لە ژماردنی رۆژەکان نەکردبۆوە. رۆژی وابوو هەور و هەڵا بوو. زۆربەی رۆژەکان تاو و ساو بوو. بە فێنکبوونەوەی شەوەکان دەیزانی، هاوین بەرەو تەواو بوونە و پاییز بەرێوەیە.

ئاسەف کە خۆی کردبووە بەرپرسی کەرەستەکانی خواردن، سەر لە بەیانیەك گوتی: "ئەوە دوایین فەردە ئاردیشمان هێنایە خوارێ. تەنیا قوتوویەك رۆنمان ماوە و فەردەونیوێك برنج."

پەروانە پرسیی: "دڵنیای؟"

ئاسەف مۆڕەیەکی لێ کرد و رووی لێ وەرگێڕا.

پەروانە لە گردەکە وەسەر کەوت بۆ ئەوەی بچێتەوە شوێنی چاودێرییەکەی و چاوەڕوانی دایکی بکا و تۆزێکیش بیر بکاتەوە. شنەیەکی فێنك سەر گردەکەی دەگرتەوە

لای خۆی لێکی دایەوە، بزانێ خواردنەکان بەشی چەند رۆژی دیکەیان دەکەن. سێویشیان هەبوو، بەڵام زۆر نەبوو.

بەرەو لای بابەکە گوتی: "چەندی دەستیش پێوە بگرین، بەشی ئەو زستانەمان ناکا و نامانگەیەنێتە بەهارێ."

ئەو تازە بەودواییانە ئەوەندەی چێژ لە ژیانی وەردەگرت، ئیتر بیری لە بەسەرداهاتنی زستان نەکردبۆوە.

لەیلاش هاتە سەر گردەکە و لە تەنیشتی دانیشت. یەکێك لە پەلکە کەزییەکانی شل ببۆوە. پەروانە دیسان بۆی هۆنیەوە و پێکەوە دەستیان بە قسە کردەوە.

لەیلا پرسیی: "دایکمان هێشتا نەهاتوونەتەوە؟"

ـ ئەمڕۆ نا.

ـ لەوانەیە بەیانی بێنەوە.

پەروانە گوتی: "خەریکە خواردنمان تەواو دەبێ."

پەڵام پەشیمان بۆوە، ئەوەی گوت. خۆزگە توانیبای قسەکەی لەوێ بکاتەوە. باش نەبوو لەیلا نیگەران بکا. ئەگەرچی خۆی هەر تێدەگەیشت. بەڵام لەیلا نیگەران نەبوو و گوتی: "خەمت نەبێ، زەوییەکەی مین، فریامان دەکەوێ."

ـ هیوادارم وا بێ.

چەند فڕۆکەیەکیان دیت کە لە لایەکی ئاسمانەوە بە شوێن یەکتریدا دەفڕین. ساتێك دواتر دەنگێکی وەك هەورەتریشقەیان بیست. دوای ئەوە، لە گردە دوورەکانەوە، تەپوتۆز هەستا.

ئەوان پێشتریش فڕۆکەی ئاوایان دیتبوو. ڕووداوێکی تازە نەبوو.

پەروانە گوتی: "گەورەکان خەریکن یەکتر دەکوژن."

ئەوجار ئاوڕی دایەوە بۆ ئەوەی سەیری لایەکەی دیکە بکات بزانێ دایکی لەولاوە دێتەوە یان نا.

لەیلا گوتی: "منیش دەکوژم."

پەروانە سەیرێکی کرد.

لەیلا گوتی: "من کۆترەکان دەکوژم. هەڵبەت پێم خۆش نیە. بەڵام زۆریش ئەستەم نیە. دیارە کوشتنەوەی کەر و بزن زۆر سەختە. "

دوای ئەوە لە نەکاو پرسیی: "باشە کوشتنی منداڵیش ئەستەم و سەختە؟"

پەروانە گوتی: "دەبێ زۆر دژوار بێ. بەڵام بۆ هەندێ کەس وەك ئاوخواردنەوە وایە."

ـ یانی وەك کۆترێك بکوژن؟

ـ پێم وایە لەوەش ساناتر.

لەیلا گوتی: "باشە ئێمە کۆتر دەکوژین و دەیخۆین. ئەی ئەوان ئەو منداڵانە بۆچی دەکوژن؟ چییان لێ دەکەن؟"

پەروانە ئەوەندەی زەحمەت بەخۆی نەدا وەڵامی ئەو پرسیارەی بداتەوە. دەستی لە ئەستۆی خوشکە بچووکەکەی کرد و پێکەوە سەیری ئەو بۆمبانەیان کرد، کە لە دوور دوورەوە دەتەقینەوە.

ڕۆژەکانی دوایی، منداڵەکان فڕۆکەی زیاتریان بە ئاسمانەوە دی. هەموو شەوێ پەیتاپەیتا گرمەی تەقینەوە دەهات.

شەوێکیان لەیلا بۆڵاندی و گوتی: "بەو گرمەگرمە خەوم لێ ناکەوێ. باشە ئەو گەورانە نازانن ئێمەی منداڵین و لێرە خەوتووین؟"

ئاسەف گوتی: "پێموایە دەبێ بچینە شوێنێکی دیکە."

پەروانە گوتی: "ئێرە لەهەموو شوێنێك باشترە بۆ ئێمە. جگە لەوەش خۆ داپیرە هێشتا ناتوانێ بەرێدا بڕوا."

داپیرە ئێستا دەیتوانی چەند هەنگاوێك بەپێ بڕوات، بەڵام لەوە پتر نەیدەتوانی.

لەو شەوە درێژانەدا، ئاسمان وەك هەورەتریشقە دەیگرماند و لەگەڵ ڕۆژبوونەوەدا، دەنگەکان کپ دەبوون. جاری وابوو منداڵەکان هەتا نیوەڕۆ لەخەو هەڵنەدەستان، بۆ ئەوەی تۆڵەی بێخەوییەکەی شەوانەیان بکەنەوە.

دوانیوەڕۆیان پەورانە دەرسی پێ دەگوتنەوە. لەیلا زۆری حەز لێ بوو فێر بێ، بەڵام زۆری پێناخۆش دەبوو کە لە پۆل دادەنیشت و دەبوو بێدەنگیش بێ. داپیرەی کتێبەکەی بە دەستەوە دەگرت و لە تەنیشت لەیلا دادەنیشت و گوێی رادەگرت. پەروانە نەیدەزانی داپیرە چەندە فێر دەبێ، بەڵام دڵی خۆش بوو کە لە لایان دادەنیشێ.

ئاسەف گوتبووی: "من پێویستم بەو دەرسە قۆڕانەی تۆ نیە. " کەچی کاتی وانەگوتنەوەی پەروانە، کە ئاسەف دەبوو ئاگای لە حەسەن بێ و بیحەوێنێتەوە، پەروانە ئاگای لێ بوو هەردووکیان بەردەوام لە نزیك ئەوەوە و لە جێیەك دادەنیشتن کە گوێیان لە قسەی بێ. جاروبارەش دەیدی ئاسەف بە نووکی چێوشەقەکەی لەسەر عەرزەکە شتێك دەنووسێ. بەڵام ئاسەف قەت نەیدەهێشت شوێنەوارێك لەو کارەی بمێنێتەوە.

ئێوارەی رۆژێکیان، پەروانە خەریك بوو بە چەند وردە بەردی رێك و جوان لەیلای فێری بیرکاری دەکرد. حەسەن دەستی لە لاقی ئاسەف توند کردبوو و راوەستابوو و لەگەڵ هەر هەنگاوێکی ئاسەفدا خۆی بادەدا و پێدەکەنی. پەروانە نێوچاوانی تێك نا، چونکە پێکەنینەکەی ئەوان هۆشی لەیلای دەبرد، بەڵام ئاسەف و حەسەنیش وازیان نەدەهێنا.

رێك لەو کاتەدا گرمەیەك لەو بەری دۆڵەکەوە هەستا. لەیلا دەسبەجێ دەرپەڕی و هەرای کرد: "گوێت لێ بوو؟ من گوتم زەویی مینەکە ئاگای لێمانە."

لە دۆڵەکەوە رای کرد و بەرەو زەویی مینەکە چوو. پەروانەش بە شوێنیدا.

ئاسەف هەرای کرد: "ئێوە شێت بوون؟ بگەڕێنەوە بزانم."

پەروانە گوێی نەدایە. ئەگەرچی لەیلا بەر لەو دەرپەڕیبوو، بەڵام زۆری نەبرد پەروانە بە شەقاوە گەورەکانی خۆی، ئەوی گرتەوە. هەردووکیان خێرا بەرەو شوێنی تەقینەوەکە چوون، کە هێشتا تەپوتۆزی لێ هەڵدەستا.

لەیلا هەرای کرد: "بزنێکە. مین نیوەی لەشی بردووە، بەڵام هێشتاش نیوەی ماوە."

هەرکام لاقێکی بزنە مردووەکەیان گرت و رایانکێشا و لە مینەکان بردیان دەرەوە. پەروانە دیسان کەوتەوە بیر ئەو جاڵجاڵۆکەیەی داوی بۆ مێشان دەنایەوە.

ئاسەف لە قەراغ دۆڵەکەوە چاوەڕێیان بوو، چێوشەقەکەی لێ راوەشاندن و بەسەریاندا نەڕاندی: "ئێوە هەردووکتان کەرن. لەوانەبوو بمرن."

پەروانە گوتی: "وەڵڵاهی چونکە پێمان دەڵێی کەر، ئەمشەو گۆشتت نادەینێ."

هەردووکیان پێکەنین و بە بن چێوشەقەکەی ئاسەفدا کە هێشتا لێی رادەوەشاندن، رایان کرد.

منداڵەکان جلوبەرگە کۆنەکانیان لەبەر کرد بۆ ئەوەی گۆشتەکە بۆ برژاندن ئامادە بکەن. ئاسەف بزنەکەی کەوڵ کرد و ورد وردی کرد. بڕیاریان دا بەشی هەرە زۆری گۆشتەکەی بکەنە قاورمە و دوایی ئێسقانە وردبووەکانی لە مەنجەڵێکدا بکوڵێنن و بیکەنە سوپ.

کاتێ بەشی کارە چەور و پیسەکەی تەواو بوو و پاشماوەی کەلاکەکەیان لە دەرەوەی ماڵەوە لەبن گڵ نا، پەروانە گوتی: "وەرن با دەست و دەموچاومان بشۆین و جلوبەرگی خاوێن لەبەر بکەین. ئەمشەو دەیکەینە ئاهەنگ."

لەیلا ئەو پێشنیارەی پێ خۆش بوو. کە بۆنی کەباب لە دۆڵەکە گەڕا و کاتی نانخواردن نزیك بۆوە، ئاسەفیش کەیفخۆش بوو و چوو خۆی شوشت و جلی خاوێنی لەبەر کرد. حەسەنیشی پاك و خاوێن کردەوە.

پەروانە دوای ئەوەی یارمەتیی داپیرەی دا بۆ پاکوخاوێنی، ئەویش جوان خۆی شوشت. ئەوجار پانتۆڵە کامیزە شینەکەی دایکی لەیلای لەپێ کرد. قژە شوراوەکەی نەرم ببۆوە. سەری راوەشاند بۆ ئەوەی پشتەملی هەست بە نەرمییەکەی بکا. قژی تەواو درێژ ببووەوە. هەر لەخۆوە دەستی برد و لەو دەفرەی لەیلا گوڵی کێویی تێنابوو و لەسەر پەنجەرەکەی دادەنا، گوڵێکی هەڵگرت و لە لاجانگی خۆی دا.

لەیلا گوتی: "وەی گیان پەروانە، تۆ زۆر جوان بووی. ئاسەف پەروانە جوان نەبووە؟"

ئاسەف سەیرێکی پەروانی کرد و جرتێکی لێ دا. پەروانە پشتی تێ کرد. نەیدەویست ئاسەف خواردنەکەیان لێ بکاتە ژەهری مار."

کەبابی گۆشتی بزن زۆر خۆش بوو. پەروانە نەیدەزانی گۆشتی برژاو تا کەنگێ تێك ناچێ و خۆی رادەگرێ، هەر بۆیەش چەندی توانییان خواردیان.

هێشتا ئاسمان رووناکایی پێوە مابوو. پەروانە جانتاکەی لە کۆخەکە هێنایە دەرەوە. دەیەویست باسی ئەو خواردنە بۆ شوزیە بکا، کە زەویی مینەکەی پێی بەخشیبوون. بەڵام کە گەڕایەوە لای ئاگرەکە، لەیلا و ئاسەفی دیت گۆرانی دەڵێن. جانتاکەی بەسەر شانیدا دا و چووە لایان. هەمووان گۆرانییان گوت، هەتا ئاگرەکە کوژایەوە و هەر ژیلەمۆ و خۆڵەمێشی لێ بەجێ ما

هێشتا هەرگۆرانییان دەگوت، کە شەو بەسەردا هات و دیسان بۆمبارانەکان دەستی پێ کردەوە

ئەو شەوە گرمەی بۆمبەکان زۆر زۆر بەرزتر بوو. پەروانە هەستی بە لەرزینی زەوییەکە دەکرد. باوەشی بە لەیلادا کرد. ئاسەفیش حەسەنی لە باوەش گرت.

ئەگەرچی هەروا گۆرانییان دەگوت، بەڵام سینگی پەروانە بەهۆی لێدانی دڵیەوە دەفی دەدا. چەندی گرمەی تەقینەوەکان پتر دەبوو، ئەوانیش دەنگیان پتر هەڵدێنا. پەروانە ئەوەندە ترسابوو، مێشکی کاری نەدەکرد و نەیدەزانی چ بکا.

ئەوجار بۆمبێك لە نزیك دۆڵەكە درا. زەوییەكە زۆر سامناك لەرزییەوە. منداڵەكان توند گوێچكەیان گرت. دەتگوت لە بن گوێیان تەقییەوە. حەسەن دەیزریكاند.

پەروانە و ئاسەف، لەیلا و حەسەنیان بەرەو گابەردەكانی قەراغ دۆڵەكە برد. ئەو گابەردانە بە ئاو سوابوون.

لەیلا هەرای كرد: "داپیرە وەرە ئێرە."

بەڵام داپیرە دیسان خۆی گرمۆڵە كردبوو و چارشێوەكەی بەسەر خۆیدا دابوو. لەیلا ویستی بچێتە لای داپیرەی، بەڵام پەروانە نەیهێشت. پەروانە بە دەستێكی لەیلای راگرتبوو و بە دەستەكەی دیكەشی ئاسەفی گرتبوو ـ كە ئەویش حەسەنی لە باوەشیدا بوو.

چەندی عەرزەكە پتر دەلەرزی، پەروانە توندتر ئەوانی بەخۆوە دەگوشی. لەیلا چەندی خۆی راپسكاند و ویستی بچێتەوە لای داپیرەی، پەروانە هەر نەیهێشت.

تەنانەت كاتێ بۆمبێك راست لە دۆڵە سەوزەی دا، ئەو هەروا ئەوانی راگرتبوو.

خۆڵ و قوڕ و بەرد و وردەبەرد وەپشتی منداڵەكان كەوت. پەروانە تەنانەت نەیدەزانی گوێی لە دەنگی كێشە. لەوانەیە دەنگی خۆی بووبێ.

لەو تاریكە شەوەدا، خۆیان بە یەكترەوە نووساندبوو و پەیتاپەیتا بۆمبیشیان بە دەوروپشتی دەكەوت.

لەگەڵ رۆژ بۆوە، وڵات ئەهوەن بۆوە.

نێوەڕاستی حەوشەكە قووڵ ببوو.

داپیرە نەمابوو. كۆخەكە نەمابوو.

دۆڵە سەوزەش نەمابوو.

## ١٦

**شوزیە گیان!**

**دیسان بە ڕێگەوەین. هەر دەڵێی هەموو ژیانم بەڕێگاوە بووم. لەوانەیە دۆڵە سەوزەکە خەون و خەیاڵێک بووبێ. دەبێ دەست لەو خەیالانە هەڵگرم، چونکە هەموو خەون و خەیاڵەکانم پووچ دەردەچن.**

**وەک جاری جاران تووشی کوێرەوەریی بوومەتەوە. ئەمجارەیان بگرە زۆر خراپتریش. دوای ئەوەی چەند مانگ لەسەر دۆشەگ نووستم، زۆر ئەستەمە بتوانم لەسەر عەرزێکی رەق و تەق بخەومەوە. دوای ئەو هەمووە مانگەی هەموو رۆژێ خواردنمان دەخوارد، ئیتر ئەستەمە برسێتی کێشان. دوای ئەوەی خانووت هەبێ، سەرگەردانی و دەربەدەری ناخۆشە.**

**هیوادارم تۆ لە شوێنێکی باش بژییی. ئەگەر هەر بەراستی ژیانێکی خۆشت هەبێ، لەوانەیە ئەو ژیانە قۆڕەی منیش تۆزێ خۆش بکەی.**

**لەیلا نەیدەویست واز لە دۆڵەکە بێنێ. بەردەوام دەیگوت: دایکی دێتەوە و ئیتر نایبینێتەوە. ناچاری کردم نووسراوەیەک بۆ دایکی بنووسم. زۆر خۆشحاڵم کە لەیلا بە جوانی ناتوانێ بخوێنێتەوە، چونکە دەبوو بۆ دایکی بنووسم نازانم دەچینە کوێ. حەسەن بەردەوام دەگری و ژێر نابێتەوە و دەگری. لە پێشدا زۆرم خەم بوو. بەڵام ئێستا ئیتر لە دەنگی بێزارم.**

حەسەن دەستی کردە گریان. دەتگوت زانیوێتی پەورانە چ دەنووسێ.

پەورانە دەفتەرەکەی دانا و بەسەریدا قیژاند: "بێدەنگ بە. پێمان خۆشە کۆمەگت بکەین، بڵێین چی، ناتوانین؟ بیبڕەوە دەی، مەگری؟"

ئاسەف منداڵەکەی لە باوەش کرد و گوتی: "خۆ ئەو نازانێ دەڵێی چی. وا راهاتووە خواردن بخوا. ئێستاش لێمان توورەیە، کە بۆچی هیچی نادەینێ."

پەروانە دەیدی ئاسەف لەو ماقوولتر دەجوولێتەوە. بەوە تێك چوو. دەفتەرەکەی هەڵگرت و دیسان لە جانتاکەی نایەوە. ئەوجار دیتی لەیلاش دەگریێ.

لەسەرخۆ پرسیی: "دەتەوێ دەرست پێ بڵێم؟ ئەو دەمانەی لەگەڵ باوکم پشوومان دەدا، هەمیشە باوکم دەرسی پێ دەگوتم."

لەیلا سەری راوەشاند و دڵۆپە فرمێسکەکانی سەر کولمەی سڕییەوە.

گوتی: "دەبوو منیش وەك داپیرەم بڕۆم. دەبوو لێمگەڕێی بڕۆم."

پەروانە دەیەویست ئامێز بە لەیلادا بکات. بەڵام ئەو خۆی لادا. لەیلا لەسەرخۆ دەگریا. نەك وەك حەسەن بەدەنگی بەرز. بەڵام پەروانە کە لە دەنگی گریانەکەی ئەویش بێ تاقەت ببوو، کەوتە رێ و رۆیشت و لە جێیەك دانیشت و پشتی تێکردن. هیچ نەیدەزانی دەبێ چ بکا.

لە مەودایەکی دوورەوە، ریزێك دەبابە بەرێوە بوون. دوو فرۆکەش بە سەر سەریانەوە لە ئاسماندا دەخولانەوە. بەڵام پەروانە نەیبینی ئەوانە بۆمبێك بەردەنەوە. هیچ گوێی نەدانێ. لەگەڵ تانکەکان راهاتبوو. بۆمبیش ئاسایی بوو. بەڵام باشە نان نەخواردن بۆ ئاسایی نەبوو؟

دوای بۆردومانکرانی کۆخەکە، ئەوەی بۆیان قوتار ببوو، هەڵیانگرتبوو و کەوتبوونە رێ. هەندێ برنج رژابوو، کە دەنك دەنك خڕیان کردبووەوە. بەڵام نە ئەوەندەیان ئاو پێ بوو برنجەکەی پێ بکوڵێنن و نە دەفر و قابڵەمەیەکیش. هەر بۆیە برنجەکەیان بە نەکوڵیوی خواردبوو. هەر بەشی چەند رۆژێکیان نان و ئاو پێ ببوو، بەڵام دوو رۆژ بوو، لێیان بڕابوو. حەسەن کە برنجی نەکوڵاوی پێ نەخورابوو، ئەو ماوەیە زیاتریش بوو.

تاقە پێخەوی ئەوان، ئەو کۆڵوانەکەی سەر شانی ئاسەف بوو، کە لە کاتی بەربوونەوەی بۆمباکەدا بەسەر شانیەوە بوو. هەر ئەو کۆڵوانەیە و جانتاکەی پەروانەیان پێ بوو. حەسەنیش هیچ پەڕۆ و دابیبەکی نەمابوو و دیسان بۆنی دەهات.

بە درێژایی رێگەکە، پەروانە حەسەنی هەر بە باوەشەوە بوو. حەسەن کە راهاتبوو گاگۆڵکێ بکا، بە باوەشی ئاسەفدا حەجمینی نەبوو. لینگەفرتەی بوو و لاساریی دەکرد. حەسەن بۆگەنی دەهات. ئیتر پەروانەش بۆگەن ببوو. جلوبەرگە شینەکەی، کە پێشتر جوان بوو، ئێستا ببووە کۆنەپەڕۆیەکی پیسی بۆگەن.

پەروانە بەبێ ئەوەی رووی قسەی لەکەسێکی دیار بێ، گوتی: "لە جارانیش خراپترمان بەسەر هاتووە."

لە هەموو شتێك خراپتر ئەوە بوو کە جلوبەرگی کچانەی لەبەردا بوو و دەبوو بەپێی نەریتی کۆمەڵگاکەی بجووڵێتەوە. بەپێی یاسای تالێبان تەمەنی ئەوە لەوە گەورەتر بوو، کە بتوانێ بەبێ لەچك و سەرداپۆشین بێتە نێو خەڵکی. بەڵام ئەو ئێستا هیچ شتێکی بەسەرەوە نەبوو. ئەو شەوەی میوانیەکە، ئەوەندەی کەیف بە قژی سەری هاتبوو، کە لەچکی لەسەر نەکردبوو.

ئاسەف نەڕاندی: "دەتەوێ گێل گێل هەر لەوێ دانیشی؟"

ئەو بۆیە دەینەڕاند، بۆ ئەوەی لەبەر زیقاندنی و زریکاندنی حەسەن، دەنگی بگاتە پەروانە.

پەروانە تاوێکی دیکەش هەروا پشتی تێ کردن. دوایی هەستا و چۆوە لایان. حەسەنی لە باوەش کرد و دەستی ئاسەفیشی گرت بۆ ئەوەی هەستێ. ئەو لەسەرخۆ نقورچکێکی لە لەیلا دا و گوتی: "هەستە با بڕۆین."

منداڵ دیسان کەوتنەوە رێ. چونکە هیچ کارێکی دیکەیان پێ نەدەکرا.

دەمەدەمی عەسرێ بوو، کە ئاسەف هەرای کرد: "ئەوەتا جۆگەئاوێك."

پەروانە سەیری ئەولایەی کرد، وا ئاسەف دەستی بۆ راداشتبوو. راستی دەکرد. جۆگە ئاوێکی ئەوتۆش نەبوو، هەر باش بوو تۆزە ئاوێکی تێدابوو.

پەروانە گوتی: "دەبێ لە پێشدا ئاوەکە بکولێنین."

بەڵام ئاسەف و لەیلا لوێچ لوێچ کەوتنە خواردنەوەی ئاوەکە. پەروانە زانیی قسەیەکی کەرانەی کردووە و ناتوانن ئاو بکولێنن. ئەگەر نەخۆشیش کەوتبایەن، دیسان فەرقێکی وای نەدەبوو، چونکە لەوە هەر باشتر بوو لە تینوێتییان بخنکێن.

لوێچی ئاوی هەڵگرت و خواردییەوە. ئاوەکە لێڵ بوو. بەڵام گوێی نەدایە. لوێچێ ئاوی بەدەمی حەسەنیشەوە کرد. ئەوجار دەستی کرد بە داکەندنی جلەکانی حەسەن.

ئاسەف پرسیی: ئەوە چ دەکەی؟

ـ دەمەوێ هەم حەسەن بشۆم و هەم جلوبەرگەکانیشی. بۆ نازانی بۆنی دێ؟

ـ بۆچی، بەڵام هەر پێم وابوو تۆی بۆگەنت دی.

پەروانە کۆڵوانەکەی ئاسەفی لە سەرشانی کردەوە و گوتی: "بۆ داپۆشینی منداڵەکە دەمەوێ."

بۆ ساتێك حەزی لێ بوو، حەسەن میز بە کۆڵوانەکەی ئاسەف دا بکا. چونکە ئاسەف دەبوو وای لێ بێ. بەڵام کە وەبیری هاتەوە هەمووان ناچارن ئەوە بەخۆیاندا بدەن بۆ نوستن، دەسبەجێ پەژیوان بۆوە.

هەتا ئێوارێ هەر لە دەم ئەو جۆگەیە مانەوە و هەر جارێکی لە برسان قوورەی زگیان هات، ئاویان خواردەوە.

خەریك بوو شەو دادەهات. لەیلا گوتی: "جلەکانی حەسەن وشك نابنەوە. خۆ ناکری جلی تەڕیشی لەبەر بکەینەوە. نەخۆش دەکەوێ. دەبوایە تا بەیانی راوەستی، دوایی بیانشۆی."

ئاسەف کراسەکەی خۆی داکەند و لە حەسەنی وەرپێچا. بەڵام لەو شەوە درێژەدا، پەروانە ئاگای لێ بوو ئاسەف هەر هەڵدەلەرزێ.

بەیانی هەواکەی فێنك بوو. حەسەن کراسەکەی ئاسەفی پیس کردبوو و پەروانە دەبوو ئەویش بشوات. ئاسەف کۆڵوانەکەی لەخۆیەوە پێچا و چاوەڕێی کرد تا کراسەکەی وشك بێتەوە. بەڵام لەو هەوا فێنکەدا، زۆری خایاند و کە لەبەریشی کردەوە، هێشتاش تەڕ بوو.

ئاسەف سەرەڕای ئەوەی جلە تەڕەکەی خۆی کۆ کردبۆوە، بەوحاڵەشەوە بەسەر پەروانەدا بۆڵاندی و گوتی: "تۆ هەر نازانی ئێمە بۆ کوێ دەچین وایە؟"

پەروانە ئەوەندە ماندوو بوو، قسەی پێ نەدەکرا. هەر ئەوەندەی گوت: "نا، نازانم."

پەروانە گوتی: "بەرەو شوێنێك، كە خواردنی لێ پەیدا بكەین. ئەوە تۆش وەك من دەیزانی. ئەگەر پێشت ناخۆشە، فەرموو، كوێت پێ خۆشە بڕۆ بەشوێن كاری خۆتدا."

ئاسەف بۆڵاندی: "پێت وانیە وا دەكەم، ها؟"

لەیلا پرسیی: "جانتاكە شتێكی تێدا ماوە بیخۆین."

ـ نا، تەواو بووە.

لەیلا گوتی: "باشە بۆ دیسان سەیری ناكەیەوە. بەشكم شتێكت نەدیتبێ و لەبیرت چووبێ."

ـ مەحاڵە خواردن لەبیر بكەم. نا جانتاكەم هیچی تێدا نیە.

ئاسەف پرسیی: "باشە بۆ سەیری ناكەی؟ ئەگەر ناتەوێ سەیری بكەی، دیارە شتێكت تێدا شاردووەتەوە. دیارە هەموو جۆرە خورادنێكت تێدا شاردووەتەوە و هەر كات ئێمە ئاگامان لێ نابێ، بۆخۆت دەیخۆی."

پەروانە بە زویرییەوە ئاخێكی هەڵكێشا. ئەوجار چیی لە جانتاكەیدا بوو، لەبەرچاویان هەمووی هەڵڕشت. ئەوجار یەك یەك شتەكانی هەڵگرتەوە و ناوی هێنان: "شقارتە، دەفتەری نامەكانی خۆم بۆ دەستەخوشكەكەم، قەڵەمەكانم، گۆڤارەكانی دایكم و كتێب. هیچ خورادنیشی تێدا نیە."

لەیلا پرسیی: ئەو كتێبە چییە؟

پەروانە كتێبە بچووكەكەی ـ كە بەرگەكەی كاغەزی بوو ـ هەڵگرت و هەڵیداوە و گوتی: "ئینگلیزییە."

لەیلا بەپێداگرییەوە گوتی: "تۆ تۆزە ئینگلیزییەك دەزانی. پێم بڵێ چیی لێ نووسراوە."

پەروانە ئینگلیزییەكی باشی نەدەزانی و چونكە زەینی خۆی پێ كۆ نەدەبووەوە، نەیدەتوانی باشی بخوێنێتەوە. هەستی دەكرد، مێشكی وەك ئەو كاتانەی برسیی دەبوو، تەمبەڵ و خاو بووەتەوە. وەك باوكی سەر بەرگی كتێبەكەی خوێندەوە و بۆی وەرگێڕان: "كوشتنی باڵندەی لاساییكەرەوە". (ئەوە رۆمانی نووسەرێكی ئەمریكییە بەناوی هارپێرلی و كراوەتە فیلمیش).

ئاسەف گوتی: "باڵندەی لاساییكەرەوە چییە؟"

پەروانە نەیدەزانی وەڵامی بداتەوە. گوتی: "جۆرە باڵندەیەكە ئیتر. ئەو كتێبە باسی كوشتنی پەلەوەر دەكا."

ئاسەف گوتی: "قۆڕە. بۆ دەبێ كابرایەك هەستێ كتێبێك لەسەر كوشتنی باڵندان بنووسێ؟"

لەیلا گوتی: "دەتوانی بە چەند شێوە كۆتر بكوژی. لەوانەیە كوشتنی مریشك و پەلەوەریش بە چەند شێوە بكرێ. لەوانەیە ئەو كتێبە بۆ ئەوە بێ، كە باشترین رێگەی كوشتنی مەل و پەلەوەرمان فێر بكا. لەوانەشە بڵێ، دوای ئەوەی مەلێك، پەلەوەرێكمان كوشت، چیی لێ بكەین. ئاخر دەزانن چییە؟ شێوەی لێنانەكەیان فەرقی هەیە."

ئاسەف گوتی: "من بە برژاوی پێم خۆشترە. لەسەر ئاگر بیبرژێنی."
لە پەروانەشی پرسی: "ئەو مریشکەی دزیمان، لەبیرتە، خۆش بوو نا؟"
پەروانە قسەکەی لەدوو دا. ئەو خواردنە بەراستی خۆش و بەتام بوو.
ئەو گوتی: "دایکم بە مریشك چێشتێکی وای لێ دەنا. جارێکیان بۆ جێژنی لەدایکبوونەکەم لێی نابوو، دیارە ئەو کات لە ماڵێکی گەورە و خۆشدا دەژیاین. کردبوومانە ئاهەنگ. ئەو ڕۆژە تەنانەت نوریەش ڕووی خۆش و گەش بوو."
دوای ئەو قسەیە، هەر بەپێی خدەی خۆی، نەك بەهیوایەکەوە، چاوی لە دایکی گێڕا، بەشکم لەو دەوروبەرانە بیبینێ.
لەیلا پرسیی: پێت وایە ئەو کتێبە تامی مریشکیش دەدا؟
پەروانە گوتی: "پێم وا نیە."
ئاسەف گوتی: "لەوانەیە بیدا. دیارە هەمووی بۆخۆی پاشقول داوە، بەڵێ، هەر مەبەستیشی ئەوەیە."
لەیلا گوتی: "پەروانە هیچ مەبەستێکی نیە."
ئەوە تاقە قسەیەکی خێر بوو، کە دوای بۆردومانی ماڵەکەیان بۆ پەروانەی کردبوو: "ئەگەر ئەو کتێبە خورابایە، پەروانە دابەشی دەکرد."
ئاسەف گوتی: "ئەوە لە پیرە بزنێك فێڵبازترە."
پەروانە چەند لاپەڕەی کتێبی "کوشتنی باڵندەی لاساییکەرەوە"ی دڕاند و پێی دان. ئەوجار گوتی: "فەرموون تاقیی بکەنەوە."
لەیلا پرسیی: ئەی خۆت؟ دیارە تۆش برسیتە."
پەروانە پەڕێکی بۆ خۆی و حەسەنیش لێ کردەوە. بەڵام حەسەن داهێزراو و بێ تین سەیری کرد و هیچ دڵی بۆ خواردنی نەچوو.
پەروانە پرسیی: "ئەی چاوەڕێی چین؟"
قەپاڵی لە کاعەزەکە دا و لەتێکی پچڕی. ئەوانی دیکەش وایان کرد. کتێبەکە تامی مریشکی نەدەدا. هیچ تامێکی لێ نەدەهات. بەڵام شتێك بوو، دەکرا بیجووی. هەر سێکیان دوای خواردنی یەکەم پەڕ، پەڕی دیکەشیان لێکردەوە و خواردیان.
ئاسەف پرسیی: "بۆ کوێ دەچین؟"
پەروانە زەوییەکەی هێڵ هێڵ کرد و گوتی: "با یەکێکی دیکە بڕیار بدا. من ئیتر ماندوو بووم. من نابمە سەردەستە."

لەیلا پێشنیارێکی هەبوو: "ئەگەر گرنگ نیە بەرەو کوێ دەڕۆین، باشە بۆ هەر بەدەم ئەو جۆگەیەدا نەڕۆین؟ لانیکەم جۆگە ئاوەکەمان هەیە."

پەروانە دانیشت و بە نیشانەی ئافەرین سەیرێکی لەیلای کرد و گوتی: "باشە ئەوەمان مێشکی کار دەکا."

ئاسەف گوتی: "منیش هەر دەمویست وا بڵێم."

منداڵەکان سەیرێکی سەروژووری جۆگەکەیان کرد. ئاسەف گوتی: "ئەولایە چەند دارێکی لێیە. بەشکم شتێکمان بۆ خواردن دەست بکەوێ."

هەبوونی نەخشەیەك بۆ رۆیشتن باش بوو، تەنانەت نەخشەیەکی بچووکیش بێ. بەو جۆرە منداڵەکان دیسان کەوتنەوە رێ.

بۆردومانەکان هەموو شەویٚ بیٚ پسانەوە بەردەوام بوون. جار جاریٚ لە دوور دوورەوە دەنگیان دەبیسرا و جاری واش بوو زۆر لە نزیکەوە گرمەیان دەهات. بەڵام کە شەو دادەهات، گرمەگرم ئاسمانی دەتەنی.

شەویٚکیان لەیلا پرسیی: ئەمشەو بۆمب بەسەر کیٚدا بەربۆوە؟

هەر چواریان لە بن کۆڵوانەکەی ئاسەفدا گرمۆڵە ببوون. لەیلا و حەسەن کە بچووکتر بوون، لە ناوەڕاستەوە بوون چونکە گەرمتر بوو. دیسان پەروانە بەردی لە پشتی رۆدەچوو. بەڵام ئەو جووڵابایە، هەر چواریان دەجووڵان و ئیٚستاش حەسەن و ئاسەف خەوتبوون.

لەیلا دیسان پرسیی: "پەروانە، ئەمشەو بۆمب بەسەر کیٚدا بەربۆوە؟"

پەروانە سەبریٚ وەڵامی داوە: "نازانم. پیٚم وایە بەسەر خەڵکیٚکی وەك ئیٚمەدا."

ـ باشە بۆمبەکان بۆچی خەڵکی دەکوژن؟

پەروانە گوتی: "بۆمبەکان ئامیٚریٚکی بیٚگیانن. نازانن کیٚ دەمریٚ."

ـ ئەی کیٚ دەزانیٚ؟

پەروانە بەراستی نەیدەزانی. گوتی: "چونکە فڕۆکەکان بۆمبەکان بەردەدەنەوە، دیارە یەکیٚك بۆمبیان لە نیٚو دادەنیٚ، بەڵام نازانم ئەو کیٚیە و بۆچی ئەمشەو ویستوویەتی ئەو خەڵکە بکوژیٚ."

ـ بۆچی داپیرەیان کوشت؟ خۆ ئەو، ئەو کەسانەی هەر نەدەناسی کە بۆمبەکان لە فڕۆکەکان دەخەن. بۆچی کوشتیان؟ خۆ داپیرەمیان نەدەناسی.

پەروانە گوتی: "نازانم.

ئیتر لە بن پیٚخەفەکەوە دەستی لەیلای گرت.

ـ ئیٚمە خوشکی یەکترین، وایە؟

ـ وایە، خوشکین.

ـ چونکە من خوشکی گەورەی تۆم، بۆیە لەسەرمە ئاگام لیٚت بیٚ. هەر بۆیەش ئەو شەوە نەمهیٚشت بچیتەوە لای داپیرە. تیٚگەیشتی؟

لەیلا گوتی: "دەزانم. تۆ ئەرکی خۆتت جیٚبەجیٚ کرد. من لیٚت تووڕە بووم، بەڵام ئیٚستا تووڕە نیم لیٚت."

ـ دوای مردنی باوکم، هەر کاتیٚ بیرم لیٚ دەکردەوە و بە بیرەوەرییەکانیدا دەچوومەوە، باشتر دەبوومەوە. باشە تۆ بۆچی باسی داپیرەتم بۆ ناکەی؟

لەیلا دوای تاویٚك بیرکردنەوە گوتی: "هەمیشە گۆرانیی بۆ دەگوتم. گۆرانیەکی فیٚرکردم، باسی باڵندان بوو. حەز دەکەی گویٚت لیٚ بیٚ؟"

پەروانە گوتی ئا. لەیلاش گۆرانیەکەی بۆ گوت. ئەوجار گوتی: "کە ئاوا باسی دەکەم، دەڵێی خۆی لێرەیە. تۆ پێت وایە ئێستا دڵی خۆش بێ؟ پێت وایە ئێستا چ دەکا؟"

ـ من پێم وایە خەڵك، دوای مردنیان، هەر ئەو کارە دەکەن، کە حەزیان لێی بووە. داپیرەی تۆش حەزی لە کتێب خوێندنەوە بوو. کەواتە ئێستا لە بەربەڕۆچکەیەك دانیشتووە و هەر چوار دەوری پڕە لە کتێب و دەیانخوێنێتەوە و پێدەکەنێ.

لەیلا گوتی: "منیش پێم خۆشە هەرچوار دەورەم پڕ بێ لە شتی جوان."

پەروانەش گوتی: "تۆ خۆت شتێکی زۆر جوان و ژیکەڵەی."

لەیلا پێکەنی و گوتی: "تۆش وای. ئێمە هەردووکمان جوانین."

ئاسەف بۆڵاندی: "کچەتیوینە، دەکرێ هێندەی نەڵێن؟"

رووی تێکردن و کۆڵوانەکەی بەسەردا کێشان.

پەروانە تۆڵەی نەکردەوە. چونکە ئاسەف کۆخە گرتبووی. پەروانە خۆی بە لەیلاوە نووساند بۆ ئەوەی لەو تاریکی و سەرمای شەوەدا، گەرم بێتەوە.

منداڵەکان چەند رۆژان بە دەم ئاوەکەدا رۆیشتن. جۆگەکە جار بە جار باریکتر دەبۆوە. ئاوەکەی هەمووانی نەخۆش خستبوو. بەڵام هەر لێیان دەخواردەوە. جگە لەو ئاوە، گەڵا و گژ و گیا و چەند پەڕی دیکەی کتێبەکەشیان خواردبوو.

حەسەن ئیتر نەدەگریا. ئەو تەنانەت نەشیدەناڵاند. ئەو پەڕانەشی پێ نەدەخورا، کە منداڵەکان لە زاریان دەئاخنی. نە رووی وەردەگێڕا و نە تفیشی دەکردەوە. پەڕ و گەڵاکان لە زارییەوە دەڕژانەوە دەرێ و چونکە هێز و تینی ئەوەی نەبوو لە زاریدا رایانگرێ.

زەویی دەم جۆگەکە بەردەڵێن بوو و رۆیشتن پێیدا زۆر ئەستەم بوو. ناچار بوون لەسەرخۆ بڕۆن بۆ ئەوەی ئاسەف نەکەوێ. جار جارێ لە دوورەوە چەند کەسێکیان دەدی بەڵام ئەوەندەیان تین و بڕست نەمابوو را بکەن و داوای یارمەتییان لێ بکەن. دەنگیشیان نەدەگەیشتە ئەوێ.

چوار رۆژ بوو بە رێگاوە بوون. لە پڕ لەیلا ئاماژەی بە شتێك کرد رووبەڕووی دەهات و گوتی: "سەیر کەن."

پەروانە سەری داخستبوو و چاوی لە عەرزی بڕیبوو. دەیەویست رێکترین رێچکە بدۆزێتەوە بۆ ئەوەی ئاسەف بە چێوشەقەکانیەوە بتوانێ پێیدا بڕوا. بەڵام خێرا سەری هەڵێنا. هەندێ لەولاترەوە، چەند کەسێك بەسواری عارەبانە دەڕۆیشتن، کە لە سەرباز نەدەچوون.

پەروانە گوتی: "بەشکم ئێمەش سوار بکەن."

لەیلا گوتی: "من دەچمە پێشێ بزانم دەڵێن چی."

نزیکتر بوونەوە. ژنێکی عابا لەبەریان دیت بەخۆی و چەند منداڵێکەوە سواری عارەبانەکە ببوون و پیاوێکیش لە تەنیشتیانەوە راوەستابوو.
لەیلا زووتر گەیشتە لایان. ژنە سەری هەڵێنا و رایوەشاند. دوایی ئاماژەی بە تۆپە شکاوەکانی عارەبانەکە کرد.
پیاوەکە گوتی: "ناتوانین یارمەتیتان بدەین. تەنانەت ناتوانین یارمەتیی خۆشمان بدەین."
پەروانە حەسەنی هەڵێنا بۆ ئەوەی ببینن لە چ دۆخێکی کارەساتبار و دڵتەزێن دایە. گوتی: هەر نەبێ تۆزە خواردنێك بەو منداڵە ساوایە بدەن."
نەی سەر عارەبانەکە، منداڵەکەی باوەشی خۆی نیشان دان. منداڵەکەی ئەویش وەك حەسەن وابوو. پەروانە چاوی پرووشی منداڵەکانی دیکەی ئەو ژنەشی دی. ئەو منداڵانەی برینی وەك برینەکەی لەیلایان بە دەموچاوەوە بوو.
کابرا گوتی: "منداڵەکەی ئێمە زۆر زوو دەمرێ. ئەوەی ئێوەش هەروەتر."
ئاسەف گوتی: نا، نامرێ.
کابرا وا لەسەر قسەکەی خۆی رۆیشت، وەك ئاسەف هەر قسەشی نەکردبێ.
ـ من وەرزێرم. بەڵام بۆمبەکان زەوی و زارەکەمیان ئاژن ئاژن کرد. ئەمساڵ وشکەساڵ و بێباران بوو. ئەو جۆگەیەی دەیبینن جاران رووبارێك بوو. کە منداڵ بووم، لێرە ماسیم دەگرت. ئاوێکی خۆشی هەبوو بۆ خواردنەوە. بەڵام ئێستا هەر بەردەڵانێکە. چما دەتوانین بەرد بخۆین و بخۆینەوە؟
ئیتر دەستێکی بەهێمنی بە تۆپەی عارەبانەکەیدا هێنا. ئەوەندە ماندووشەکەت و بێهێز بوو، تەنانەت نەیدەتوانی تووڕەییەکەشی هەڵڕێژێ.
پەروانە پرسیی: "باشە ئێستا بۆ کوێ دەچن؟"
کابرا ئاماژەیەکی بەرەو لای رووبارەکە کرد و گوتی: "بیستوومە لەوبەرەوە ئۆردووگایەکی لێیە. رێك نازانم لەکوێوەیە، بەڵام بەولاوەدا کە بڕۆن، دەگەنە ئەوانی دی. خەڵکێکی زۆر دەچنە ئەوێ بۆ ئەوەی خۆیان لە دەست بۆمبەکان قوتار بکەن."
قەروانە دەستی بردە پێشێ و لە بن عاباکەوە دەستی ژنەی گرت. ژنە توند دەستی گوشی. ئیتر منداڵەکان ملی رێیان گرت و بەرێی خۆیاندا رۆیشتن.
کە گەیشتنە ئەوسەری بەردەڵێنەکە، پەروانە گوتی: "ئێرە دەبێ رۆخی چەمەکە بێ. بگەڕێن و بزانن ئاوەکە لە کوێوە دێتە دەرێ."

لێواری چەمەکە شیو و لێژ بوو. ئاسەف دەبوو بە دانیشتنەوە و بە قوونەخشکێ پاشەوپاش خۆی بکێشێتە سەرەوە. لەیلا چێوشەقەکەی بۆ برد. ئاسەف بەحاڵ دەجوولاوە و لە سۆنگەی جووڵەکانیەوە کۆخینەکەی جار بە جار پتر دەبوو. ئەوان ناچار بوون هەر تۆزێك بڕۆن و پشوو بدەن و دیسان بکەونەوە ڕێ.

دوای نیوەڕۆ بوو، کە لەیلا گوتی: "بۆنی دووکەڵ دەکەم. لەوانەیە ئەو خەڵکەی لە پێشمانەوەن، چێشتی شەوێ لێ بنێن، لەوانەیە خواردنیان زۆر بێ و بەشی ئێمەش بدەن."

پەروانەش بۆنی دووکەڵەکەی بۆ هاتبوو. گوتی: "پێم وانیە لەولایە کەس هەبێ خواردنی لەخۆی زیاد بێ، بەڵام هەر باشە بڕۆین بزانین چییە."

منداڵەکان بەرەولای بۆنەکە چوون و سەرچاوەکەیان لە بن گردێکی بچووکدا دۆزییەوە.

لەسەر گردەکە راوەستان و سەیری ئەو دارستانەیان کرد، کە لەبەر درەخت رەش دەچۆوە و لە خوار خۆیانەوە بوو. هەندێ لە دارەکان هێشتا دووکەڵیان لێ هەڵدەستا.

لەیلا پرسیی: "ئەی ئەوە چییە؟"

ئاسەف گوتی: "باغە. بڕوانن چۆن دارەکان ریز بوون. باغی میوەیە."

بەڵام ئەو درەختانە ئیتر بەر ناگرن.

ئاسەف گوتی: "مامیشم باغی هەبوو. زۆربەی دارەکانی کۆخ و توو بوون. جا بوختانیشی پێ دەکرم و دەیگوت تووەکانم دەدزی. چما بنیادەم برسی بێ و توو بخوا، دەکرێ بڵێی دزیی کردووە؟ زۆرم کار بۆ دەکرد، بەڵام ئەوەندەی خواردن نەدەدامێ بەری دڵم بگرێ."

پەروانە پرسیی: "هەر بۆیە لێی دابووی؟"

ئەگەر ئاسەف توانیبای قسە بکا، پەروانەش ئامادە بوو گوێ بگرێ.

ـ قەت نەیگوت بۆچی لێم دەدا. هەر دەتگوت پێویستی بە بیانوو نەبوو. لەسەر تووخواردنێ گرتمی و لە تەویلەی کردم. گوتی، دەمداتە دەست تالێبان دەستم بپەڕێنن.

ـ ئەی چۆن هاتییە دەرێ؟

ئاسەف گوتی: "ئەو چێوشەقانەی بن هەنگڵم بۆ قوفڵ شکاندنێ زۆر باشن.

ئیتر لە گردەکە چووە خوارێ بۆ ئەوەی بچێتە نێو باغە سووتاوەکە. هەر بیری دەکردەوە کە لە نێو دارەکاندا جووڵەیەك دەبینێ. ئەو دارانەی هەر نەیدەزانی چ دارێکن. کۆخن، قەیسین، توون...

جریوە و دەنگی هیچ مەل و باڵندەیەك نەدەهات. باشە بۆ هەموو ولات ئاوا بێدەنگ بوو؟

ـ لەیلا، ئەو دەنگی باڵندەیەی لە نەنکتەوە فێری بووی، فێری ئێمەشی بکە.

ـ من تاقەتی چریکەم نیە.

ـ بەڵام من هەمە. ئەوە وا دەکات نەترسین.

لەیلا چریکەکەی فێر کردن. هەمووان پێکەوە تێیانهەڵکرد هەتا لە باغەکە چوونە دەرێ. ئەوێ شوێنێکی مردوو بوو. پەروانە دڵی خۆش بوو، کە لەوێ دەرباز بوون.

## ١٨

**شوزیەی ئازیز:**

**ئەو پیاوەی عارەبانەکەی شکابوو، راستی دەکرد. خەڵکێکی زۆرم دیتووە کە وەك ئێمە کۆچ دەکەن. تووشی هەر کەس دەبم، سواڵی لێ دەکین. تەنانەت لەو کەسانەش کە ئەوان خۆشیان دەیانەوێ سواڵ لەئێمە بکەن. بەڵام زۆربەی خەڵك دەستبەتاڵن. ئەگەر هەیانبێ، لەگەڵمانی بەش دەکەن. جاری وایە هەر پارووەکە. بەڵام لەوەش بەشمان دەدەن، بۆ ئەوەی تا سبەی بژیێین.**

**خەڵکەکە پەیتاپەیتا پێمان دەڵێن، دەبێ حەسەن بەرینە لای دکتۆر. بەڵام ئێمە هیچ دکتۆرێك ناناسین. خۆ پارەشمان پێ نیە بیدەینە دکتۆر.**

**نازانم ئاخۆ ئەو کابرایە توانیی عارەبانەکەی لەو چەمە بپەڕێنێتەوە یان نا. نازانم منداڵەکەی هێشتا زیندووە یان نا.**

**نازانم خۆشمان بە زیندوویی دەردەچین یان نا.**

ئەمجار منداڵەکان شان بە شانی خەڵکەکەی دیکە بە رێگادا دەڕۆیشتن. جار جار کامیۆنێکی پڕ لە سەرباز بەلایاندا تێدەپەڕی. جارێك چەند دەبابەیەك بە دووی یەکدا و بە گرم و هۆڕ بە تەنیشتیاندا تێپەڕین و منداڵ ناچار بوون بکشێنەوە بۆ ئەوەی ئەوان بڕۆن. پەروانە بیر ئەو دەبابەیە کەوتەوە کە منداڵی گوندەکە یارییان پێ دەکرد. هەر ئەو گوندەی باوکی لەوێ نێژرابوو.

ئێستا، رۆژانەش وەك شەوێ دەنگی بۆمبا دەهات. دەنگی هەندێکیان ئەوەندە توند بوو، کە منداڵەکان لە گرمەکەی رادەچڵەکین. تەنانەت جارێکیان ئاسەف بەسەر کۆگایەك بەرددا کەوت و دەموچاوی بریندار بوو و خوێن لە نێوچاوانیەوە شۆڵاوگەی بەست. نێوچاوانی بە کۆڵوانەکەی سڕییەوە. چونکە برینپێچیان پێ نەبوو. بۆردومانەکە خەستتر بۆوە. یەکێك لە بۆمبەکان رێك لە پێش ئەوانەوە کەوت. خەڵکەکە بڵاو بوونەوە و پۆل پۆل لەوبەروبەری جادەکە راوەستان.

پەروانە هەرای کرد: "خۆ بەعەرزییەوە مەلاس بکەن. سەرتان داپۆشن."

ئەویش بە حەسەنەوە رایکردە دەم رێگاکە. ئاسەف رێك لە تەنیشتییەوە بوو. پەروانە دەموچاوی خۆی بە عەرزییەوە نووساندبوو و بەردەکان بەسەریدا بەردەبوونەوە. لەو کاتەدا زانیی لەیلای لەگەڵ نیە.

لە نێو خۆڵ و وردکەبەردەکانەوە، سەیرێکی دەروبەری خۆی کرد. لەیلای دی کە هێشتا لە نێوەندی جادەکە راوەستاوە. دەستی لەبن گوێی نابوو و بە دەنگێکی بەرز بەرەو ئاسمان شتێکی دەگوت.

پەروانە حەسەنی دایە ئاسەف و بەرەو جادەکە رای کرد. کە نزیکتر بۆوە، جا زانیی لەیلا دەڵێ چی.

ئەو بە فڕۆکەکانی دەگوت: "ئەرێ بیبڕنەوە دەی. واز لەو کارانە بێنن."

بەڵام فرۆکە بەبێ ئەوەی گوێ بدەنە وی، ئەرکی خۆیان رادەپەڕاند.
پەروانە خۆشی نەیزانی ئەوەندە بەهێز بووە. ئەو لەیلای لە باوەشی کرد و رای کردە قەراغی جادەکە. رێك لەوکاتەدا لەیلای بەباوەشەوە بوو، وا خۆی بە عەرزییەوە نووساند، کە نەهێڵێ ئەو بڕوات و دەستەکەی دیکەی گەیاندە ئاسەف و هەتا بۆمبارانەکە تەواو بوو، ئاوا مایەوە.
منداڵەکان وەختێك هەستان و کەوتنەوە رێ، کە هەموو وڵات بێدەنگ بوو. هەر دەنگی کۆمەڵێکی خەڵك دەبیسترا، کە شتێکیان بەسەرهاتبوو یان ئازیزێکیان تێداچوبوو. بەڵام نە منداڵەکان هیچیان لەدەست دەهات و نە کەسیش دەیتوانی یارمەتییەکی ئەوان بدا.
پەروانە پیاوێکی دی، تەرمی کوڕێکی بە باوەشەوەیە. ژنێکی بریینداری دی، پەچەکەی لادرابوو و بە زەحمەت هەناسەی دەکێشا. دوای ئەوە منداڵێکی دی، ژنێکی رادەوەشاند کە کەوتبوو و وەڵامی نەدەداوە.
منداڵەکان بە تەنیشت کەلاکی ئاژەڵ و عارەبانەی شکا و کەلوپەلی خەڵکێکدا تێدەپەڕین، کە بەسەر جادەکەدا بڵاو ببوونەوە. پێڵاو و قاپ و قاچاغ و پەرداخێکی کەسکی ئاوخواردنەوە و پێمەڕەشکاوێك و...
بۆنی دووکەڵ و بەنزین هەموو وڵاتی داگرتبوو و خەڵکێك وەك شێت دەگریان و هاواریان دەکرد. پەروانە ئەگەرچی بەخەبەر بوو، هەستی دەکرد بە دەم خەوەوە دەڕوات.
ئاسەف پرسیی: "تۆ پێت وایە هەموومان دەمرین؟"
پەروانە تەنانەت زەحمەتی ئەوەندەشی بەخۆی نەدا وەڵامێکی بداتەوە. هەروا ملی رێی گرتبوو.
منداڵەکان تا ئێوارێ هەر وا رۆیشتن. ئەوان هەر چوار کەس بوون، لەو ریزە دوورودرێژە خەڵکەی کە هەربۆیە ملی ئەو رێگایەیان گرتبووە بەر، چونکە نەیاندەتوانی بەرەودوا بگەڕێنەوە.
پەروانە زیاتر رووی قسەکەی لەخۆی بوو هەتا خەڵکی و گوتی: "ئیتر خۆشم خۆش ناوێ. هەر دەڵێی ئەو بەشەم کە خۆم بووم، مردووە. دەتگوت من جگە لە بەشێك لەوخەڵکە، هیچ شتێکی دیکە نیم. هەر دەڵێی ئیتر هیچم لێ نەماوەتەوە. من هیچ نیم.
ئاسەف گوتی: "نا، باش نیە بڵێی هیچ نیم."
پەروانە راوەستا و لێی راما.
ئاسەف دیسان گوتی: "باش نیە بڵێی هیچ نیم."
دوای تۆزە پێکەنینێك گوتی: "تۆ کەری، نەخێر هیچی."
دیسان کەوتنەوە رێ.

که هەوا تاریکدا هات، کێو و گردەکان، دەتگوت گولۆڵەی ئاگرێکن، که کۆڵەکەی دووکەڵی تەقینەوەکان لێیانەوە بەرەو سەر هەڵدەگەڕان.

چاوی پەروانه لەبەر دووکەڵ دەسووتانەوە. که تفی قووت دەدا، قوڕگیشی ئەوەنده وشك ببوو، دەبرژاوە.

شەو بەسەردا هاتبوو که گەیشتنه سەر ترۆپکی گردێك و لەوێوە سەیری خوارەوەیان کرد.

ئەوەندەی چاو هەتەری دەکرد، خەڵك و خێوەته هەڵدراوەکانیان دیار بوون.

پەروانه باشی دەزانی ئەوە کوێیە. چونکه ئەو زستانی رابردووش لەگەڵ باوکی له جێیەکی ئاوا مابوونەوە.

ئەوێ هۆردووگای تایبەتی ئاوارەکان بوو. هۆردووگای پەنابەرەکان. ئەوێ ماڵێك بوو بۆ ئەو چوار منداڵه برسی و شەکەته.

## ١٩

پەرستارەکەی خاچی سوور، کە خەریك بوو بە حەسەن رادەگەیشت، بە پەروانە و ئەوانی دیکەی گوت: "رۆژێ سەدان کەس روو لێرە دەکەن. قوونمان زۆر خاوێن بوو، یەکیش هات و بۆمبێکی بەسەر خەزێنەی کەلوپەلەکەماندا دا. خێوەت و بەتانی و خواردن و داوودەرمان و هەر هەمووی بوونە سووتەمەنی و تێدا چوون. بەر لەوەی..."

ئاسەف پرسیی: "حەسەن چاك دەبێتەوە؟"

پەرستارەکە زۆر خێرا و لێزانانە حەسەنی رووت کردبۆوە و شوشتبووی و پۆشاکی کردبوو.

گوتی: "کزی بێ نان و ئاوییە."

دەرزییەکی لە دەستی حەسەن کوتا و پلاستەرێکیشی پێوە نووساند.

ئاسەف پرسیی: "یانی چی؟"

ـ یانی برسێتی و تینوێتیی زۆری چەشتووە.

ئاسەف بە دەنگێکی بەرز گوتی: "منیش ئەوە دەزانم. چاك دەبێ یان نا؟"

پەرستارەکە گوتی: "هەموو هەولّی خۆمان دەدەین."

ئیتر چووە لای نەخۆشەکەی دی.

ئاسەف چێوشەقەکەی لەپێشی راگرت بۆ ئەوەی نەهێڵێ بڕوا.

ـ تۆ خوا ئەوە جوابە؟

پەروانە یەکەم جاری بوو کەیفی بە چاوقایمییەکەی ئاسەف دەهات.

پەرستارەکە راوەستا. گەڕاوە و گوتی: "ئەو منداڵە زۆر شپرزە. نازانم چاك دەبێتەوە یان نا. زۆر منداڵی وەك ئەوم دیتوون چاك بوونەتەوە. کەوابوو بێهیوا مەبن. جارێ داوای لێبوردن دەکەم. چونکە دەبێ لێرە بچنە دەرێ."

ئاسەف لە تەنیشت بێشکەکەی حەسەنەوە لەسەر عەرزەکە دانیشت. پەروانە و لەیلاش لە تەنیشتییەوە دانیشتن.

پەرستارەکە پرسیی: "ئەی کوان بنەماڵەکەتان؟"

پەروانە گوتی: "هەر ئەوەندەین."

پەرستارە سەری لەقاند و لەسەرخۆ گوتی: "لە سەر ڕێیەکە دامەنیشن. "

خەستەخانەکە، خێوەتێکی گەورە بوو. چەند سەعات ریزیان گرتبوو، جا نۆرەیان هاتبوو بچنە ژوورەوە. پەروانە لەو شوێنەوە لێی دانیشتبوو، نەیدەتوانی جوان بیانبینێ لە خەستەخانەکەدا چ دەکەن. بەڵام گوێی لە گریان و ناڵین دەبوو. دەنگەدەنگی نێو کەمپەکەش خێوەتە "جاو"ەکەی دەبڕی و دەهاتە ژوورێ.

ئاسەف و لەیلا لە تەنیشت بێشکەکەی حەسەن لەسەر عەرزەکە راکشان و تاوێك دواتر خەویان لێ کەوت. بەڵام پەروانە هەر بەو دانیشتنەش قانع بوو. ئەو پێی وابوو تا مردن دەتوانێ هەر ئاوا دانیشێ.

پەرستارەکە تاوێك دواتر هاتەوە و گوتی: "وەرە ئەو بەتانیە بۆ ئێوە. بە کەس نەڵێی لێرەت وەرگرتووە. ئەوەندەمان نیە بە هەموو کەسێکی بدەین. نامەوێ ئێرە زۆر قەرەباڵغ بێ. "

تاوێك دواتر نان و چەند پەرداخ چایشی هێنا و گوتی: "ناتوانن هەر لێرە بمێننەوە، بەڵام جارێ قەیناکا."

پەروانە هەر ئەو وشەی "جارێ"یەشی پێ خۆش بوو. بە پەرستارەکەی گوتی: "تۆ ئەفغانی نی. کە بە فارسیی دەری قسان دەکەی، دەڵێی بیانیی."

پەرستارەکە گوتی: "فەڕەنسیم و لەگەڵ گرووپی هاریکاریی ژنانی فەڕەنسیدا هاتووم."

پەروانە ئەوەندەی پێ خۆش بوو، پڕی دایە دەستی پەرستارەکە و گوتی: "تۆ لە چ لە وڵاتی گوڵە وەنەوشەییەکان دەزانی؟ هاوڕێکەم، شوزیەی هاوڕێم دەیەوێ بچێتە ئەوێ. ئەوێ هەر بەراستی شوێنێکی ئاوەهایە؟"

پەرستارە وەڵامی داوە: "بەڵێ، شوێن و کێڵگەی وام دیتووە. ئەو گوڵانە ناویان "ئەرەتۆخدوس"ـە. عەتریان لێ دەگرن. هاوڕێیەکەت دەیەوێ بچێتە شوێنێکی جوان. جارێ تا چاییەکەت گەرمە بیخۆوە. خوشك و براکەشت هەستێنە. دەبێ خواردنەوەی گەرم بخۆنەوە. دوایی دەکرێ بنوون."

پەروانە ئەوانیشی هەستاند. منداڵەکانی دوای خواردنەوەی چایەکەیان، دیسان خەوتنەوە.

پەروانە ئەو شەوە بە زیندەخەوەوە، رۆژی کردەوە. هەر جارێکی مەستی خەو دەبوو، دەنگی گرمەی تەقینەوەیەك لە دوور دوورەوە دەهات، یان خەونی دەدی و لە خەونێیدا، هەر وا دەڕۆن و ئیتر رادەچڵەکی. هەرجارێکی وەخەبەریش دەهات، سەیرێکی حەسەنی دەکرد. حەسەن لەو بێشکەیەدا، بەو لوولەیەی لێیان بەستبوو، زۆر بچووك و لاواز دەبینرا. کە بەخەبەر دەهات، دەیدی ئەوە ئاسەفیش راوەستاوە و سەیری حەسەن دەکا.

دوای چەند رۆژان، خەستەخانەکە ئەوەندە قەرەباڵغ بوو، کە پەرستارەکە داوای لێبوردنی لە منداڵەکانی کرد و گوتی: "دەکرێ بنەماڵەیەکتان بۆ بدۆزمەوە، کە بچن لەگەڵ ئەوان بژیین."

پەروانە گوتی: "ئێمە هەر لێرە لە دەرەوەی خەستەخانەکە دەمێنینەوە. دەمانەوێ لە براکەمان نزیك بین.

پەرستارە نامەیەکی دانێ و گوتی: "نانەواخانەکەی رێکخراوی جیهانیی خۆراك، لەوبەری هۆردووگاکەوەیە. ئەو نامەیەیان بدەنێ با هەموو رۆژێ نانتان بدەنێ. باشە. دیارە دەکرێ بلێی هەموو رۆژێ. منیش هەر کات لە دەستم بێ خواردنتان دەدەمێ. بەڵام زۆر نا. ئەوەم لە دەست دێ، بەڵام هەمیشەش نا."

ئاخرین دیاریی ئەو بۆ منداڵەکان وەرەقەیەکی پلاستیکیی گەورە بوو، کە پەروانەی زۆر منەتبار کرد، چونکە دەیزانی چۆن بیکاتە پەناگەیەك.

ئەو لە دەرەوەی خەستەخانەکە، ئەو پلاستیکەی لە دیوارێك گرێ دا، کە خەستەخانەکەی لە باقی هۆردووگاکە جوێ دەکردەوە. بەو جۆرە، خێوەتێکی بچووکیان هەڵدا. لەتێکیش لە پلاستیکەکە مایەوە بۆ راخستن.

پەروانە، لە حاڵێکدا هەوڵی دەدا خۆی دڵخۆش بنوێنێ، گوتی: "بڕوانن. هەر چەند رۆژێکە لێرەین، بەڵام ئێستا، هەم خواردنمان هەیە، هەم پەناگە و هەمیش بەتانی. حەسەنیش ئەوە پەرستاری خۆی هەیە."

لەیلا گوتی: "حەزم لێرە نیە. زۆر قەرەباڵغ و پڕ کێشەیە. بۆگەنەکەشی ناخۆشە. ناکرێ بگەڕێینەوە شیوە سەوزەکە؟ بەشکم داپیرە ئێستا چاك بووبێتەوە. لەوانەیە لەسەر گردەکە دانیشتبێ و چاوەڕێی گەڕانەوەی ئێمە بێ."

پەروانە بەبیٚ ئەوەی بیر لەیلای بخاتەوە، کە داپیرەی مردووە، لیٚبڕاوانە گوتی: "ئەم زستانە لیٚرە دەمیٚنینەوە. ئیٚمە یەك خیٚزانین و لەلای یەك دەمیٚنینەوە. من گەورەترم، بۆیە چیم گوت، دەبیٚ لە گویٚی بگری."

ئەو نەیگوت، کە لاقەکانی ئیتر تینیان تیٚدا نیە ببزوون. ئەویٚ هەرچەندە ناخۆشیش بوو، بەڵام لانیکەم سەرپەنایەکیان هەبوو. دەوروبەریشیان پڕ بوو لە خەڵکی گەورەتر. هەموو رۆژیٚش خواردنیان دەست دەکەوت. لە لایەکی دیکەوە، جا کویٚیان هەبوو بچن؟

ئاسەف گوتی: "من دەچم نان وەردەگرم."

ئەو لە خیٚوەتەکەدا پاڵ کەوتبوو و دەکۆخی. ئەویش و لەیلاش یەك پشوو دەکۆخین.

پەروانە گوتی: "نا، قەیناکا، من دەچم."

پیٚی خۆش نەبوو بچیٚ. حەزی لیٚ نەبوو بە نیٚو دەریایەك خەڵکی داماو و هیوابڕاودا بە زەحمەتەوە بڕوات. بەپیٚی ئەزموونی لە هۆردووگاکانی دیکە، دەیزانی رۆیشتن بۆ نان وەرگرتن، یانی ئەوەی چەند سەعات لە ریزدا راوەستی. پیٚی خۆش نەبوو ئاسەف ئەوە بکا.

بە ئاسەفی گوت: "تۆ دەبیٚ ئاگات لە کەلوپەلەکەمان بیٚ. لەیلا، تۆش دەبیٚ لیٚرە بەجیٚ بمیٚنی، بۆ ئەوەی ئەگەر یەکیٚکتان خەوت، ئەوی دیکە چاوی بەسەریانەوە بیٚ."

پیٚی گوتن، چاوەڕوان نەبن هەتا شەویٚ بیٚتەوە. ئەوجار جانتاکەی بەشانیدا دا و بەرەو ئەو لایە رۆیشت کە پەرستارەکە پیٚشانی دابوو.

رۆژەکانی پەروانە، کەوتبوونە سەر سکەیەکی تایبەت. دەتگوت خەون دەبینیٚ.

**شوزیەی ئازیز:**

**شەوانە ناتوانم بنووم. کە خەو دەمباتەوە، یان ئاسەف دەکۆخیٚ یان لەیلا. یان ئەوان بەدەم دۆڵپا و خەونی شەوانەوە دەزیرِیٚنن، یان دەروجیران هەرایانە و دیسان وەخەبەر دیٚمەوە. رۆژانەش ناتوانم بنووم، چونکە تا ئیٚواریٚ دەبیٚ لە ریزی نان وەرگرتندا بم.**

**زۆربەی کاتەکانم بەفیٚرِۆ دەچن. بیٚ جار لە ریزی نان وەرگرتندا رادەوەستم و وەختیٚك نۆرەم دەگاتیٚ، نان تەواو دەبیٚ.**

**دوو ڕۆژ لەوە پێش دەنگۆ داکەوتبوو، کە چەند کەسێك هاتوونەتە هۆردووگاکە و دەیانەوێ خەڵکێك هەڵبژێرن و بیانبەنە کەنەدا. هەتا ئێوارە نۆرەم گرت. بەڵام هیچ نەبوو. ڕیزەکە شێوا و ئاخرییش هەر نەمزانی بەڕاستی کەنەدایی لەوێن یان نا. لەوەش خراپتر ئەو ڕۆژە نۆرەی نانەکەشم لەکیس چوو.**

**کە لێرە خێوەتمان هەڵدا، هەر خێوەتەکەی ئێمەی لێ بوو. بەڵام ئێوارە کە نانم وەرگرت و گەڕامەوە، دەوری خێوەتەکەمان قولانجێکیش چییە شوێنی بەتاڵی نەمابوو. لە پێشدا خێوەتەکەی خۆمانم نەدۆزییەوە و ئەوەندە بەبێهیواییەوە بەملاولادا سووڕامەوە، تا ئاخرییەکەی دۆزیمەوە.**

**کۆخینەکەی ئاسەف خراپتر بووە و لەیلاش هەر لێی توند کردووە. شەوانە زۆرمان سەرمایە. بەڵام حەسەن باشتر بووە. ئاسەف هەموو ڕۆژێ دەچێتە سەردانی. لەیلاش چاوی بەسەر ئەو چەند پارچە کەلوپەلەیە کە هەمانە. ئاسەف دوێنێ دەیگوت، منداڵێکی دیکەشیان لە لای حەسەنەوە خستووە. پەرستارەکە ڕاستی دەکرد، کە دەیگوت شوێنی نیە بۆ ئێمە.**

**دەچمە هەر جێیەك، هەر چاو لە دایکم دەگێڕم. دەبێ ئێرە جوان بگەڕێم. خێوەت بە خێوەت. بەڵام زۆربەی کاتەکانم لە نۆرەی نان وەرگرتنێدا بەسەر دەچێ. هیچ هیوایەکم بە دیتنەوەی نەماوە. ئەگەر هەروا هیوادار بم، کاتم بەفیڕۆ داوە. پەرستارە بە منی گوت، زەوییە وەنەوشەییەکان لە فەڕەنسا بە ڕاستی هەن، هیوادارم تۆ لەوێ بی. خۆزگە منیش بوایەم.**

پەروانە دەفتەرەکەی بەلاوە نا و چەند سەنتیمێك لە ڕیزەکە چووە پێشتر. بەخۆی گوت، نابێ ئەوەندە ناشکور بێ. هەر چۆنێك بێ، ئیتر بەتەنێ نین. کەسێکی گەورە و شارەزاش چاوی بەسەر حەسەنەوە بوو. سەیری خێوەتە هەڵدراوەکانی دەوروبەری خۆی کرد، کە هەتا ئاسۆی شاخەکە هەڵدرابوون. خەریك بوو شوکرانەبژێریی دەکرد بۆ وەزعی ئێستای خۆی، کە کوڕێك لێی پرسی: "ببوورە، ئەوە نۆرەی چییە؟"

پەروانە تاوێك هەر وەبیری نەهاتوە بۆچی ڕاوەستاوە. دەمێك بوو لە نۆرەدا بوو. بەڵام ئاخری وەبیری هاتەوە و گوتی: "ئاو".

ئیتر ئەو تەنەکە ڕۆنەی بە سواڵ لە یەکێکی وەرگرتبوو، بەرز کردەوە.

ئاخرییەکەی گەیشتە، تەنکییە ئاوەکە. تەنەکەکەی پڕ کرد و بە ڕاکێش ڕاکێش بردییەوە خێوەتەکەیان.

بۆردومان هەروا بەردەوام بوو. رۆژ لەگەڵ رۆژ پەنابەری پتر دەهاتنە هۆردووگاکە و لێرە و لەوێ بەزۆر جێی خۆیان دەکردەوە.

لەگەڵ هاتنی خەڵکە تازەکە، ترسی ئەوە هەبوو، جێی منداڵەکان بگرنەوە. پەروانە نارەزایەتیی دەربڕی و گوتی: "باشە ناچارن هەموو هرووژم بێنن بۆ ئێرە؟ خۆ لەولاشەوە شوێنی چۆل هەیە. بۆ ناچنە ئەوێ؟"

ئاسەف گوتی: "ئەوێ مینرێژ کراوە."

ـ چووزانی؟

ئاسەف وەك جاران لێی مۆڕ بۆوە و سەیری کرد و گوتی: "من زۆر شت دەزانم تۆ نایانزانی."

پەروانە هەستی دەکرد، پەروانە هەستی دەکرد، هەر لەو خانووەیاندا کە لەگەڵ خێزانەکەیان لەکابول تێیدا دەژیان و هەر یەك ژووری هەبوو، دەژی. ئەو ماڵەی، هەر وەختێك لە نوریە تووڕە دەبوو، هیچ کوێی نەبوو بچێ، بۆ ئەوەی لە چنگی نەجاتی بێ. لێرەش هەموو زەوییەکانی دەوروبەری پڕ بوون لە خێوەت و کەپر و هیچ کوێی نەبوو بچێ و لە چنگی ئاسەف رزگاری بێ.

لە گۆشەی خێوەتەکەیانەوە سەیری دەرەوەی کرد. چەند هەنگاو لەولاترەوە خێوەتی دراوسێکەیانی دی. پیاوێك بە دەنگێکی بەرز بەزمانێك کە پەروانە نەیدەزانی، لەگەڵ ژنەکەی قڕەی بوو.

پەروانە لە فکرەوە رۆچوو. یانی هەر ئەوەندەیە؟ یانی ئەو هەمووە رێگەیەم بڕیوە، بۆ ئەوەی هەر لێرە بمێنمەوە؟ ئاخۆ ژیانی راستەقینە هەر ئەوەیە؟

## ٢٠

چەند هەفتەیەك رابرد. هەوا ساردیکرد. رۆژیان بەبێ نان و خواردن دەکردە شەو. چونکە کامیۆنی خۆراکەکە، بۆمباران کرابوو.

لەیلا گوتی: "لەوانەیە زەوییە مینرێژکراوەکە شتێکمان بداتێ بیخۆین."

پەروانە لێی تووڕە بوو: "بەڵێ. بە دڵنیاییەوە. بەڵام ئەی بەچی لێی بنێین؟ بیبڕەوە. دەست لەو خەیاڵانە هەڵگرە. ئاقڵ بە."

لەیلا دەستی کرد بە گریان. پەروانە لە خێوەتەکەدا بەجێی هێشت. ئاسەف چووبووە سەردانی حەسەن. زۆر باشتر ببوو. هەوای نێو خەستەخانەکە گەرمتر بوو و هێشتاش حەسەنیان هەر لەوێ راگرتبوو. پەروانە زۆر خۆشحاڵ بوو کە نابێ نیگەرانی حەسەن بێ.

بە پەلە بەنێو خێوەتەکاندا دەڕۆیشت و وای دەنواند بەشوێن دایکیدا دەگەڕێ، بەڵام ئەگەر راستیت دەوێ، هەر دەیەویست رقەکەی بنیشێنێتەوە.

هۆردووگاکە لەبەر ئەو هەمووە خەڵکە چڵکنەی حەمامیان نەکردبوو، بۆنی دەهات. هیچ جێیەکیان نەبوو خۆیانی لێ بشۆن و هەواش ئەوەندە سارد بوو، نەیاندەوێرا خۆیان تەڕ بکەن. پەروانە هیچ چاکەت و لەچکی نەبوو. سەرما ئەوەندەی دیکەی تووڕە و تۆسن کردبوو.

کابرایەك بەسەریدا گوڕاند: "خۆت داپۆشە. ژن دەبێ خۆی داپۆشێ."

پەروانە لەبەرخۆیەوە گوتی: "گووت خوارد."

ئەوە یەکەم پیاوی ئەو هۆردووگایە نەبوو، ئاوا بەگژیدا بێ. بەڵام ئەگەر پەروانە شتێکی هەبوایە خۆی پێ داپۆشێ، بەدڵنیاییەوە خۆی دادەپۆشی، بەتایبەتی ئەگەر شتێکی گەرم بوایە. سووڕایەوە، بۆ ئەوەی لە کابرا لابدا و دوور بکەوێتەوە.

زۆربەی ژنان لە خێوەتەکان وەدەر نەدەکەوتن. پیاو و کوڕ، لە دەرەوەی خێوەتەکان یان لە هەر جێیەکی پێیان خۆش بوایە، رادەوەستان و سەیری ئەملاو ئەولایان دەکرد. چونکە هیچ کارێکی دیکەیان نەبوو بیکەن. پەروانە بەرەو هەر لایەك دەڕۆیشت، گوێی لە دەنگی گریان و کۆخین دەبوو. کۆمەڵێك منداڵی دەدی، برینیان وەبنی دابوو و چڵمیان شۆڕ ببۆوە و جاروبار چەند پیاوێکیشی دەدی، دەست یان لاقیان نەبوو. یان خەڵکێك کە تووشی لەبیرچوونەوە ببوون و

لەگەڵ خۆیان قسەیان دەکرد. هەندێکیش بە جووڵە و هەڵسوکەوتی سەیر و سەمەرە، خۆیان رادەوەشاند و دەگریان.
سەرەڕای ئەوەی چەند هەفتە بوو لەو هۆردووگایەدا نیشتەجێ ببوو، هێشتا هەموو کەمپەکەی نەدیتبوو. لەوانەبوو هەر نەبڕێتەوە. لەوانەیە ئەو دەریای بێ بنی ئەو خەڵکە برسی و بۆگەن و چاوبەفرمێسکە و دڵپڕە تا هەتایە هەر بەردەوام بێ.
پیاوێك، کە منداڵەکەی بە باوەشییەوە بوو، دەڕۆیشت و دەپاڕوە: "یەکێك بێ و ئەم منداڵەم لێ بکڕێ بۆ ئەوەی زگی ماڵ و منداڵەکەم تێر بکەم. تکایە یەکێك ئەو منداڵەم لێ بکڕێ."
پەروانە گوێی لە دەنگی هاوارێکی هیوابڕاو بوو. دوایی زانیی خۆیەتی هاواری کردووە.
ژنێکی عابا لەبەر، کە دەموچاوی بەپەچە داپۆشیبوو، هاتە لای و لە باوەشی کرد. ئەو بە زمانی پەشتوون و زۆر میهرەبان و خۆمانە قسەی دەکرد. پەروانە لە زمانی نەدەگەیشت. بەڵام خۆی بەسەر شان و باسکە میهرەبانەکەیدا خست و لە ئامێزی گرت. ژنەکە تاوێك دواتر بە پەلە لێی جوێ بۆوە و رۆیشت بۆ ئەوەی بگاتەوە مێردەکەی.
ئەگەرچی شتێکی وا نەقەومابوو، بەڵام پەروانە لەپڕ هەستی کرد، هێورتر و بەهێزتر بووە. چۆوە خێوەتەکەی بۆ لای لەیلا بۆ ئەوەی دڵی چاك بکاتەوە و لە باوەشی بگرێ.
هەر ئەو رۆژە رێك بە ژوور سەریانەوە، گوێیان لە دەنگی فڕۆکە بوو.
لەیلا بە هاوارهاوار خۆی لە بن بەتانیەکەی شاردەوە و گوتی: "ئێستا بۆمبمان پێدا دەدەن. "
ئاسەف گوتی: "دەنگی لە فڕۆکەی بۆمب هاوێژ ناچێ. وەرە بڕۆین بزانین چییە."
لەگەڵ پەروانە لە خێوەتەکە وەدەر کەوتن. شتی زەرد و زۆروزەوەند لە ئاسمانەوە بەردەبوونەوە. یەکێك لەوانە رێك کەوتە ئەو شوێنەی، ئەوان لێی راوەستابوون. پەروانە هەرای کرد: "لەیلا وەرە دەرێ، سەیر کە شتێکی وا نیە. بۆمب و شتی وا نیە."
خەڵکی هۆردووگاکە ماوەیەکی زۆر سەیری ئەو بوخچە زەرد و بریقەدارانەیان کرد. نەیاندەزانی ئاخۆ ئەوانە دەتەقنەوە یان نا. ئاخرییەکەی مێرمنداڵێك چوو بۆ یەکێك لە بوخچەکان. هەندێ بە نووکە شەق ئەمبارەوباری کرد و دوایی هەڵیگرت. بوخچەکەی لە دەستیدا خولاندەوە. ئەمجارە پلاستیکە زەردەکەی لێ کردەوە و هەرای کرد: "خواردن."

ئیتر بوخچەکەی بە سینگییەوە نووساند و رای کرد.

خواردن. پەروانە چەند بوخچەیەکی دیکەشی لەسەر عەرزەکە دی و بەرەو لایان رای کرد. بەڵام خەڵکێکی زۆریش هەر وایان کرد و ئەو سەدان کەسەی بەسەر بۆ بوخچەکان دەچوون، لێیان بوو بە فڕکان فڕکان.

پەروانە لە نێو ئەو خەڵکەدا کە بۆ بوخچەیەك ملی خۆیانیان دەشکاند، رای کرد. ئەو دەستی لەیلا و ئاسەفی توند گرت و گوتی: "وا باشترە بگەڕێینەوە نێو خێوەتەکەمان. لێرە هیچمان پێ نابڕدرێ."

لەیلا ئاماژەی بۆ زەوییە مینڕێژکراوەکە کرد و گوتی: "ئەو هەمووە لەوێ هەیە. بڕوانە دەڵێی گوڵن."

پەروانە سەیرێکی کردن. زەوییەکە پڕ پڕ بوو لە بوخچەی زەرد و پەڵەپەڵە ببوو.

کە خەڵکە تووڕەکەی بەرەو زەوییە مینڕێژکراوەکە هرووژمیان برد، منداڵەکان دیسانیش کشانەوە دواوە. خەڵکەکە، پەروانە و ئەوانی دیکەشیان بەرەو ئەو لەمپەرە پاڵ دەنا، کە ناوچە بێ مەترسییەکەی لە ناوچەی مەترسیدار جوێ دەکردەوە.

خەڵکێکی دار بە دەست ئەمریان کرد: "بگەڕێنەوە دواوە. لێرە دوور کەونەوە، خەتەرە."

بەڵام خەڵکەکە هەروا پاڵەپەستۆیان بوو و دەیانگوت: "ئێمە خواردنمان دەوێ."

ـ خێزانەکەم برسین.

پەروانە قەڵت قەڵت گوێی لە هاوار و دەنگەدەنگێك بوو، کە هەمووان یەك قسەیان دەکرد.

هەستی کرد، یەکێك دەستی دەکێشێ. لەیلا لە بن گوێی گوتی: "من دەتوانم بوخچەکان هەڵگرم. زەویی مین هیچ لە من ناکا."

خەڵکەکە لە هەموو لاوە پاڵیان پێیانەوە دەنا.

پەروانە بەسەر لەیلادا گوڕاندی: "تۆ لە کن خۆم دەبی. تێگەیشتی چیم گوت؟ لە کن خۆم دەبی."

لەیلا گوتی: "زوو دێمەوە."

ئیتر دەرپەڕی.

پەروانە بەنێو خەڵکەکەدا چووە پێشێ و توند لەیلای گرت. ئەگەرچی لەیلا خۆی رادەپسکاند بۆ ئەوەی خۆی لە چنگی قوتار بکا، بەڵام پەروانە توند گرتبووی و هەرای ئاسەفی دەکرد: "دەبێ لەیلا لێرە بەرینە دەرەوە. هەتا کارێکی کەرانەی نەکردووە، دەبێ لایبەرین."

بەڵام دەنگی هاوارەکەی لە نێو جەماوەرە و زەنازەناکەدا بزر بوو.

ئاسەف سەری راوەشاند. ئەو گوێی لە قسەکەی پەروانە نەببوو. پەروانە هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و رێك لەو کاتەدا کە دەیەویست قسەکەی دووپاتە بکاتەوە، گرمەی تەقینەوەی مینێك هات.

پەروانە بە ترسەوە، ئەو دەستەی گرتبووی، رایکێشا و بە سەرسامییەوە سەیری کچەی کرد.

خۆ ئەوە لەیلا نەبوو.

هەرای کرد: "لەیلا."

بە پاڵەپەستۆ رێی کردەوە و بەرەو پەرژینەکە رۆیشت و دیتی ئەوە خوشکەکەی لە زەوییە مینرێژەکەدا کەوتووە.

جەماوەرەکە بێدەنگ بوو. پەروانە گوێی لەناڵینی لەیلا بوو.

هەرای کرد: "هێشتا زیندووە. دەبێ بچین بیهێنینە دەرێ."

یەکێك لە پاسەوانەکانی ناوچەکە گوتی: "دەبێ راوەستین هەتا گرووپی "مین"ناس دەگەنێ."

ـ کەی دەگەنێ؟

ـ قەول وابوو دوو رۆژ لەوەپێش بگەنێ.

پەروانە گوتی: "کەواتە خۆم دەچم دەیهێنمەوە."

ئیتر داهاتەوە بۆ ئەوەی لە بن پەرژینەکەوە بڕوا. بەڵام پاسەوانەکە گرتی و پاڵی پێوە نا و پێی گوت: "تۆ هیچت لە دەست نایە بۆی بکەی. خۆشت دەمری."

ئاسەف بە چێوشەقەکەی لە پاسەوانەکەی دا و گوتی: "خوشکمانە، لێی گەڕێ با بچێ."

بەڵام پاسەوانەکە دەستی بەرز کردەوە بۆ ئەوەی چێوشەقەکەی ئاسەف بگرێ. پەروانە لە بن پەرژینەکەوە دەرپەڕییە دەرەوە.

ئەو بیری لەو "مین"انە نەدەکردەوە کە لە زەوییەکەدا بوون. ئەو بیری لەو جەماوەرە نەدەکردەوە کە هەرایان دەکرد. ئەو هەر بیری لە لەیلا دەکردەوە.

ئاخرییەکەی گەیشتە لەیلا. لەیلا شەلاڵی خوێن بوو. مین زگی دڕیبوو و لاقیشی پەڕاندبوو. لەیلا سەیرێکی پەروانەی کرد و نالاندی.

پەروانە لە تەنیشتی ئەژنۆی دادا. دەستی بە سەر و قژیدا هێنا و گوتی: "مەترسە خوشکە بچکۆلانەکەم."

ئیتر لەیلای لە باوەش کرد و لە زەوییە مینرێژەکە هێنایە دەرەوە.

ئەو پەرستارەی ببووە برادەریان، لە دەم پەرژینەکەوە راوەستابوو. خەڵك یارمەتیی پەروانەیان دا بۆ ئەوەی بە ئەسپایی لەیلا دابنێ. پەروانە دانیشت و سەری لەیلای لە باوەش گرت. بلێیی و نەلێیی دەیزانی ئاسەفیش لە تەنیشتییەوە ئەژنۆی داداوە و پەرستارەکە هەوڵ دەدا یارمەتیی لەیلا بدات.

لەیلا ویستی شتێك بڵێ. پەروانە داهاتەوە بۆ ئەوەی گوێی لێی بێ.

دەنگی لەیلا کز و بە ژانەوە بوو. گوتی: "زۆر جوان بوون. " و گیانی دەرچوو.

دەوروبەری پەروانە بوو بە جموجۆڵ و جرت و فرت. بەڵام کەس دەستی بۆ نەبرد. پەروانە دەیزانی ئاسەف لە لای راوەستاوە و دەگری. دەیزانی خەڵکەکە قسە دەکەن و پاڵەپەستۆیانە بۆ ئەوەی بزانن چ قەوماوە. بەڵام ئەوەندە خەفەتبار بوو، کە هەموو شتەکان لە رەشایی خەمەکانیدا بزر ببوون. سەری داخستبوو و چاوی بڕیبووە روخساری لەیلا. خۆی چاوی لەیلای لێك نان و قژی داهێنا.

ژنێك هاواری کرد: "دیسان مەرگی منداڵێکی دی. ئەو دونیایە چەند زارۆکی ئەفغانیی بەمردوویی دەوێ؟ ئەم دونیایە بۆچی لە گیانی منداڵی ئێمە تێر نابێ؟"

لە تەنیشت پەروانەوە ئەژنۆی دادا و پرسیی: "منداڵی کێیە؟"

یەکێك گوتی: "خوشکی ئەو دوو منداڵەیە."

ـ دایك و باوکی لەکوێن؟ کەسی نیە؟ وەختێك کچێك بەبێ دایك دەمرێ، دەبێ چ بکەین؟

لە نێو ئەو تارماییە رەشەدا، دەنگی ئەو ژنە سەرنجی پەروانەی بۆ لای خۆ راکێشا.

سەری هەڵێنا. ژنە عابای لەبەردا بوو. پەروانە دەستی برد و پەچەکەی هەڵداوە.

ئەوە دایکی بوو، کە چاوی تێ بڕیبوو.

پەروانە هاواری کرد. ئەو یەك پشوو هەر هاواری دەکرد و هاواری دەرکد و پێی وابوو هەرگیز ناتوانێ دەست لە هاوارکردن هەڵگرێ.

## ٢١

**شوزیەی ئازیز!**

**ئەم نامەیەت لە کاتێکدا بۆ دەنووسم، کە لە تەنیشت گۆڕستانێکی دیکە دانیشتووم. ئێرە، تاقە شوێنی بێدەنگ و قرەی هۆردووگاکەیە. من چاکەتێکی گەرمم لەبەردایە، کە دایکم بۆی پەیدا کردووم.**

**دوێنێ لەیلامان ناشت. من وردکە بەردم لە دەوری گۆڕەکەی هەڵچنی. وەک چۆن زۆر لەوەپێش بەردم لە دەوری گۆڕەکەی باوکم هەڵچنی.**

**بەڵام ئەمجارەیان وەک جاری پێشوو نیە. ئەمجارە بەتەنێ نیم. بنەماڵەکەی خۆمم لەگەڵن. دایکم و نوریەی خوکشم و خوشکە بچکۆلانەکەم مەریەم. ئەندامە تازەکنی خێزانەکەشم لەگەڵمن، دوو براکەم حەسەن و ئاسەف.**

**برا بچووکەم، عەلی، زستانی رابردوو مردووە. دایکم پێی وایە سیپەلکی خراپ ببوون، بۆیە مردووە. زۆریش دڵنیا نیە، چونکە ئەو کات دکتۆرێک لەوێ نەبووە بزانێ.**

**بۆم گێڕانەوە باوکم چۆن مرد. دایکم پێی گوتم کە من هیچ خەتایەکم نیە.**

**هێشتا زۆر شتم پێ نەگوتووە. بەڵام کاتمان زۆر لەپێشە. با گێڕانەوەی چیرۆکەکانم بۆ دوایی راگرم.**

**زۆر بە رێکەوت یەکترمان دیتەوە و ئەوەش شانسێکی گەورە بوو. خێوەتەکەی دایکم لەوبەری هۆردووگاکەوەیە. ئەو لەگەڵ ژنێک هاتبووە خەستەخانە، چونکە ئەو ژنە شەرمی کردبوو بەتەنێ بێ. دایکم کە گوێی لە گرمەی تەقینەوەکە ببوو، لە خەستەخانەکە دەرپەڕیبووە دەرەوە.**

**هەرچۆنێک بێ، ئەوم دۆزوەتەوە. هەر لەو سۆنگەیەشەوەیە زیندووم.**

**ئەو ونوریە ئەندامی رێکخراوی ژنانی هۆردووگاکەن. ئەندامانی تاڵیبان وا سەرقاڵی شەڕن، کە نایانپەرژێتە سەر ئەزیەتکردنی ژنانی نێو هۆردووگا.**

**رێکخراوی ژنان، قوتابخانەیەکی بچووکی لە هۆردووگاکەدا کردووەتەوە و یارمەتیی خەڵکی دەدا بۆ ئەوەی خۆیان لەگەڵ بارودۆخەکەدا بگونجێنن و بارودۆخەکەش لەگەڵ خەڵکەکە. دایکم دەڵێ، نوریە لەوەدا زۆر شارەزایە. من ئەو باش دەناسم. نوریە زۆر شارەزای ئەو جۆرە کارانەیە کە لە سۆنگەیانەوە بتوانێ فەرمان بەسەر دەوروبەرییەکانیدا لێ بدا.**

**بەڵام جارێ بەمن ناڵێ ئەوە بکە و ئەوە مەکە. دەبێ راوەستم تا بزانم چیی لێ دێتەوە. کەر بچێتە بەغدا و بێتەوە نابێتە هێستر*.**

**زۆر باشە کە دیسان دەتوانم گلەیی و گازاندە لە نوریە بکەم. ئەوە دڵگەرمم دەکا، چونکە لانیکەم لەم دنیایەدا شتێک دەبینم ئاسایی بێت.**

**گۆڤارەکەی ژنانم دایە دایکم. ئەو گۆڤارەی لە کابولەوە تا ئێرەم هێنابوو. کە دیتی زۆری پێ خۆش بوو. دەیەوێ دەستاودەست بە نێو ژنانی هۆردووگاکەدا بیگێڕێ بۆ ئەوەی ئەوانیش دڵیان خۆش بێ.**

---

*لە دەقە فارسییەکەیدا دەڵێ: "هیچ بزنێکی نارەسەن تەنیا بە تێپەڕینی کات، نابێتە کۆتر.

**زۆرم دەنگۆ بیستووە. هەندێ دەڵێن، کابرایەکی بێ خەم و خەیاڵ لە شاری دانیشتووە و هەر بە داگرتنی قرتەیەك دەیەوێ شارێکی دیکە خاپوور بکا. بەڵام من دەزانم هەموو ئەو قسانە دەنگۆیەکن و هیچی دی.**

ئاسەف بە شەلەشەل هات و لە سەر زەوییەکە، لە تەنیشت پەروانەوە دانیشت. گوتی: "دیسان خەریکی نامەنووسینی؟ بۆ دەستەخوشکەکەت؟"

پەروانە وەڵامی نەداوە. بەو هیوایەی ئاسەف تێ بگا دەبێ وازی لێ بێنێ.

ئاسەف گوتی: "پێم سەیرە، خۆ ئەگەر تاقە برادەرێکیشت هەبێ، دڵنیام لە خۆتەوە دەڵێی هەمە. دیارە هەموو ئەو نامانەش بۆخۆت دەنووسی."

پەروانە گوتی: "لە کۆڵم بەوە."

بەڵام ئاسەف لەجێی خۆی نەبزووت. ئەو تاوێك بێدەنگ بوو. دیسان گوتی: "هەر ئێستا قسەم لەگەڵ دایکت کرد. لەگەڵ خوشکەکانیشت. هەردووکیان لە تۆ باشترن. هەر بە راست بڕوا ناکەم تۆ لەو بنەماڵەیە بی."

پەروانە گوتی: "تۆ و نوریە باش بەیەکەوە هەڵدەکەن. چونکە کەس تاقەتی ئەو جووتەتانی نیە."

ـ دیارە ئێستا دەتەوێ لێرە لەگەڵ ماڵەوەتان بی، وایە؟

ـ ئەی چۆن لەگەڵیان نابم. بۆ؟

ـ باشە. ئەگەر تۆ پێت وایە منیش لەگەڵ تۆ و ئەوان دەمێنمەوە، خراپ تێکەوتووی.

پەروانە لەبەر خۆیەوە گوتی: "دیسان دەستی پێ کردەوە. "

ـ پێم وا نیە داوام لێ کردبێی، تۆش بمێنیەوە.

ـ مەبەستم ئەوەیە، خوشکەکانت باشن. دایکیشت زۆر خاتوون و نەرم و نیانە. بەڵام لەوانەیە هەموویان لە ناخەوە وەك تۆ گێل بن.

ـ لەوانەیە.

ئاسەف دیسان تاوێك بێدەنگ بۆوە. پەروانە دەیزانی ئەمجارە دەڵێ چی و چاوەڕێ بوو.

ئاسەف گوتی: "لەوانەیە داوام لێ بکەی بڕۆم. باشی بۆ چووم؟"

ـ بەڵێ، دەڵێم بڕۆ.

ـ دڵنیام ئەگەر بمێنمەوە، زۆرت پێ ناخۆش دەبێ.

ـ بەڵێ، پێم ناخۆش دەبێ.

ئاسەف گوتی: "دەی باشە. منیش ناڕۆم، هەر بۆ ئەوەی تۆ بتەقی.

پەروانە پێکەنی و دیسان چۆوە سەر نامەکەی.

**سەفەرێکی دوورودرێژ بوو. بەڵام هێشتا نەبڕاوەتەوە. دەزانم تا مردن هەر لەو هۆردووگایەدا نابم. بەڵام نازانم بچمە کوێ.**

**ئێستا چیمان بەسەر دێ؟ یانی بۆمبامان بەسەردا دەدەن؟ تاڵیبان دێتە ئێرە و دەمانکوژێ؟ هەر لەبەر ئەوەی کابولمان بەجێ هێشتووە و لێمان تووڕەیە؟ ئاخۆ ئەگەر بەفر بباریێ، وەبن بەفر دەکەوین و ئیتر شوێنەوارمان لێ نامێنێتەوە؟**

**هەموو ئەو نیگەرانییانەم هیی دوارۆژن. بەڵام ئەمڕۆ دایکم، خوشك و برا تازەکانم لەگەڵن. هیوادارم تۆ لە فەڕەنسا بی. هیوادارم جێت گەرم و زگت تێر بێ و هەر چوار دەورەت پڕ لە گوڵی بنەوش بێ. هیوادارم دڵت خۆش بێ و هەست بەتەنیایی و خەفەت نەکەی.**

**ئاخری رۆژێك لە رۆژان منیش بە رێیەکدا دێمە فەڕەنسا و لەسەر برجەکەی ئیڤڵ چاوەڕوانت دەبم. لە ئێستاوە کەمتر لە بیست ساڵمان ماوە بۆ ئەو رۆژە. من تا ئەو کات دەژیم و زیندوو دەبم.**

**باشترین هاوڕێت**

**پەروانە**

بەشی سێهەم

# شاری قوڕ

١

ـ مامۆستا ویرا نەیگوت کەی دێتەوە؟

ئەو ژنەی لە کۆخەکەی مامۆستا ویرادا دانیشتبوو، تەنانەت سەریشی هەڵنەهێنا. چون شوزیە زۆی ئەو پرسیارە کردبوو. ئەو هەر دەستی بەرز کردەوە و ئاماژەی بە دەرگاکە کرد.

شوزیە گوتی: "باشە دەڕۆم. بەڵام هەر لەو دەوروبەرانە دەبم تا دێتەوە."

ژنەکە، لە پشت مێزێکی سادەی هەڵبەستراو دانیشتبوو و سەرقاڵی ئیش بوو. ئەوێ نووسینگەی کاروباری بێوەژنان بوو. بێوەژنەکان و منداڵەکانیان لەوێ دەژیان. ئەوێ نووسینگەی ڕێکخراوی نهێنیی ژنانیش بوو، کە لە سنووری نێوان پاکستان و ئەفغانستاندا چالاکییان دەکرد.

تاڵیبان هێشتا لە سەر تەختی دەسەڵات بوو. ڕێکخراوەکەی مامۆستا ویرا جگە لە چەند قوتابخانە و خەستەخانە، گۆڤارێکیشی بەڕێوە دەبرد.

شوزیە حەزی لێ بوو خۆی فڕێ بداتە سەر مێزەکە و چیی کاغەزی لێیە بە شەق فڕێیان بداتە خوارەوە و کوڵی دڵی هەڵڕێژێ. بەڵام هەر وەدەرکەوت و لەوێ لە دەم دەرگاکە تخێڵ بوو و پاڵی بە دیوارەکەوە دا.

سەگەکەی، جاسپەر، کە بەشی هەرە زۆری سێبەری دیوارەکەی گرتبوو، سەری هەڵێنا و لەسەرخۆ حەپاندی. ئەو حەپەی ئاسایی بوو. چونکە هەواکەی زۆر گەرم بوو. هەموو کۆڵان و داروبەردی هۆردووگا، گەرماکەی دەگرتە خۆ و وەك تەندوور سوور ببۆوە. شوزیە لەو هەوا گەرمەدا خەریك بوو دەبرژی. مێش و مەگەز لەسەر و گوێزینگی دەنیشتن. ژنێکی شێتی ئەوێ، تۆزێك لەولاترەوە، خۆی رادەژاند و دەگریا.

شوزیە لە جاسپەری پرسی: "لەبیرتە ئەو دەمەی لە کوێستان و لەوەڕگە بژوێنەکان بووین، هەواکەی چەندە پاك و خاوێن و فێنك بوو؟ لەوێ گوێمان لە دەنگی باڵندان دەبوو، نەك شین و ناڵەی ژنان. " ئیتر دەستی لە بن سەرپێچەکەی نا بۆ ئەوەی قژی ـ کە بە ملییەوە نووسابوو ـ لێ بکاتەوە.

ـ باشتر نەبوو لە کن شوانەکان مابایینەوە؟

ئیتر مێشێکی هەڵفڕاند. دوای ئەوە دیسان سەرپێچەکەی بەسەر و شانیدا داوە.

ـ هەر باشتر بوو قژە سەرم وەك ئەو کاتەی جلوبەرگی کوڕانەم لەبەر دەکرد، کورت کردباوە و نەمهێشتبا درێژ بێتەوە. هەمووی خەتای مامۆستا ویرایە. بەردەوام دەمنێرێ بۆ ئەو کارە قۆڕانەی و قسەی خۆشی ناباتە سەر و تەنانەت جووتە سۆلێکی پڕ بە پێیانیشمم ناداتێ. ئەوانە چ سەیرن.

شوزیە ئەوەی گوت و سۆلەکەی هێنا و پێشانی جاسپەری دا، کە چاوی لەسەر یەك دانابوو.

سۆلەکە لە بەر یەك چووبوو. ئەو هەمووە بەن و دەزووەش کە پێی بەستبووی، راینەدەگرت و سوودی نەبوو. شوزیە دیسان لەپێی کردنەوە و بە جاسپەری گوت: "وەڵڵا گوناحم دەگاتێ تۆ لەو گەرمایەدا بمێنیەوە. تۆ سەگی مێگەلی. دەبێ بچیتەوە کوێستان. بۆ لای مەڕەکان. یان لەوە باشتر، لەگەڵم بێ و لەلای خۆم سواری پاپۆڕ بی. شوێنێك کە لە هەموو لایەکەوە بای ئۆقیانووسی بۆ بێ."

تەنانەت جوان نەیدەزانی ئاخۆ لە ئۆقیانووسەوە بای دێ یان نا. بەڵام پێی وابوو چونکە ئۆقیانووس شەپۆلی هەیە، دەبێ باشی بێ.

ـ بمبوورە تۆم هێنایە ئێرە جاسپەر. ئەگەر راستیت دەوێ، پێم وابوو ئێرە لەو شوێنانەی مەرگ تێیاندا مسۆگەرە، هەر باشترە. دەمبووری؟

جاسپەر تاوێك چاوی هەڵێنا و گوێی مووچ کردنەوە، بەڵام دیسان خەونووچکە بردییەوە. شوزیە بەو رەفتارە وای دانا، جاسپەر لێی خۆش بووە.

جاسپەر جاران سەگی مێگەل بوو. بەڵام کەوتبووە شوێن شوزیە.

شوزیە پاڵی بە دیوارەکەوە دا. ئەمجار چاوی لێك نان بۆ ئەوەی بەشکم لە خەیاڵی خۆیدا هەست بە شنەبایەکی فێنك بکات و فێنك بێتەوە.

ـ شوزیە، چیرۆکمان بۆ بگێڕەوە.

شوزیە بەبێ ئەوەی چاو هەڵێنێ، گوتی: "بڕۆن ملتان بشکێنن."

تاقەتی ئەوەی نەبوو هەتیوی بێوەژنان بخافڵێنێ و سەرقاڵیان بکا.

ـ چیرۆکی گورگەکەمان بۆ بگێڕەوە.

شوزیە چاوێکی هەڵێنا و سەیری ئەو منداڵانەی کرد، کە لە دەوری کۆ ببوونەوە.

ـ دەڵێم بڕۆن و ملتان بشکێنن.

هیچ کات لەگەڵ ئەو منداڵانە رووخۆش نەبوو، بەڵام دەستیان هەر لێ هەڵنەدەگرت.

ـ چ دەکەی؟

ـ هیچ. دانیشتووم.

ـ دەی ئێمەش لە لای تۆ دادەنیشین.

منداڵەکان لەسەر خۆڵەکە دانیشتن. ئەوەندە لە شوزیە چوونە پێش و خۆیان پێوە نووساند، کە هەوا گەرمەکەیان ئەوەندەی دیکەش تاقەتبڕتر کرد. زۆربەی منداڵەکان لەبەر بڵاوبوونەوەی سپێ، سەریان تاشرابوو. زۆربەیان چڵمیان شۆڕ ببووەوە. هەمووان چاویان زەق و ئێسکی روومەتیان دەرپەڕیبوو، چونکە قەت تێر زگی خۆیانیان نان نەدەخوارد.

شوزیە گوتی: "بڕۆ بەولاوە، بەمنەوە مەنووسێ."

پاڵی بە کچێکی منداڵەوە نا، کە خۆی بەسەردا خستبوو. پێی وبوو، مامۆستا ویرا لێرە و لەوێ چیی هەتیوی لاسارن دەیاندۆزێتەوە و دەیانهێنێتە ئەوێ.

ـ ئێوە لە بزنیش خراپترن.

ـ چیرۆکی گورگەکەمان بۆ بگێڕەوە.

ـ باشە ئەگەر هەقایەتێکتان بۆ بگێڕمەوە، لەکۆڵم دەبنەوە؟

ـ باشە، هەر هەقایەتێك.

گێڕانەوەی چیرۆکێك بایی تاقیکردنەوەیەك دەبوو و بەشکم هەر رۆیشتباشن. شوزیە پێویستیی بەوە بوو کاتێکی هەبێ بۆ تۆزێك بیرکردنەوە، بۆ ئەوەی بزانێ دەیەوێ چ بە مامۆستا ویرا بڵێ. ئیتر ئەمجارە حازر نەبوو مل بۆ یەیێك لە داواکانی ئەو کچ بکا و بیخەڵەتێنێ.

ـ زۆر باشە، هەقایەتی گورگەکانتان بۆ دەگێڕمەوە.

شوزیە دەستی کرد بە گێڕانەوە. "ئەو رووداوەم کاتێك بەسەرهات، کە شوان بووم. مەڕەکانم بردبووە لەوەڕگە کوێستانیەکەی ئەفغانستان. ئەو شوێنەی هەواکەی فێنك و خاوێنە.

ـ من بەو دەستانەی خۆم ئەفغانستان ئاوەدان دەکەمەوە.

ـ منیش هەروا.

چەند مستەکۆڵەی پیس بەرەو دەموچاوی شوزیە هاتن.

شوزیە دەستیانی لادا و گوتی: "قسەکەم پێ مەبڕن. دەتانەوێ گوێتان لە باقی هەقایەتەکە بێ یان نا؟ ئێمە لە لای سەروو بووین. لە نێو گژ و گیا و لەوەڕگەکەدا. ئەو شوێنەی هەتا چاو هەتەر دەکا کەسك دەچێتەوە. دەوەن و داری فستەق و داربەڕوو. هەر هەمووشی سەوز و جوان."

ئەوجار سەیرێکی دەوروبەری خۆی کرد، بەشکم شتێکی سەوز بدۆزێتەوە. بەڵام هەموو دەوروپشتی گڵێکی رەش و مەیلەو زەرد بوو. ئەو شوێنەی منداڵەکان رۆژیان لەوێ دەکردە شەو.

ـ سەیری شەلوار کامیزەکەی سەفا بکەن. لەو سەرەوە، لە نێو لەوەڕگەکەوە، هەموو دونیا ئەو رەنگەیە.

جلەکانی سەفا سەوز بوون، بەڵام زۆر خۆڵاوی و قوڕاوی بوون. چونکە لەبەر بێ ئاوی، کەم کەس دەیتوانی جلەکانی بشوا.

منداڵەکان بە هەراوهۆریا دەستیان کرد بە قسە لەبارەی رەنگەکانەوە. شوزیە بێدەنگی کردن. دەیەویست باقی هەقایەتەکەی بگێڕێتەوە، بەشکم لەکۆڵ بنەوە. لەوەڕگەکەی هێنایەوە پێش چاوی و بۆ تاوێك، لە هەموو ئەو زەنازەنا و پیسی و بۆگەنە ناخۆشەی هۆردووگاکە دوور کەوتەوە. دوای ئەوە دەستی کردەوە بە گێڕانەوە: "شەوێك ئەنگوستەچاو بوو. لە لای مەڕەکان دانیشتبووم. ئاگام لێیان بوو. ئاخر خۆ مەڕ ئەقڵی نیە ئاگای لەخۆی بێ. شوانەکانی دیکە هەموو پیاوی زل زل بوون. خەوتبوون. هەر من بەخەبەر بووم. لە تەنیشت ئاگرێکی بچووك دانیشتبووم و سەیری پزیسکە ئاگرەکانم دەکرد، کە دەتگوت ئەستێرەن بەرەو ئاسمان هەڵدەکشێن. ئەوێ شەوێ، مێشەلانەکە سەیر بێدەنگ بوو و هەر دەنگی پرخەی شوانەکان دەبیسترا. بەڵام تۆزێك دواتر گوێم لە لوورەی گورگ بوو."

شوزیە وەك گورگ لووراندی. هەندێ لە منداڵەکان ترسان و هەندێکیشیان پێکەنین. ئەو ژنانەی تۆزێك لەولاترەوە خەریکی گوڵدۆزی بوون، تاوێك دەستیان راگرت و بێدەنگ بوون.

شوزیە لەسەری ڕۆیشت: "دوای ئەوە لوورەیەکی دیکە و بەشوێن ئەویشدا یەکی دیکەش. پۆلێك گورگ لە دارستانەکەدا بوون. دەیانەویست بێن و مەڕەکانم بخۆن. هەستام. چەند گورگێکم دی، کە بەئەسپایی لە بن دارەکانەوە دەهاتنە دەرێ. بەڵام خراپیان خەو لێ کەوتبوو. ئەگەر ویستبایان مەڕم لێ بخۆن، دەبوو لە پێشدا بەرەنگاری من ببنەوە. بژاردمن. چوار، پێنج، شەش، حەوت گورگی زۆر زل بوون. هەموو لاقیان نوشتاندبۆوە و لەسەر پاشوان بوون بۆ پەلاماردان. بەرەو لای من دەهاتن.

"داهاتمەوە و دوو داری گڕگرتووم لە نێو ئاگرەکە هەڵگرت. هەر گورگەکان ئامبازم بوون، دارم لێ راوەشاندن. گورگەکان برسی و زۆریش گەورە و بەهێز بوون. بەڵام منیش تووڕە بووم. چونکە شەوەکەیان لێ تێکدابووم. بۆیە، ئامادەی شەڕ بووم. ئەوەندەم دارەکە راوەشاند، هەتا ماندوو بوون و هەموان لەبەر پێم کەوتن. لەسەر زەوییەکە خەویان لێ کەوت. کە رۆژ بۆوە، گورگەکان بەخەبەر هاتن و لە شەرمەزاریی دوێنێ شەوێیان، کلکیان لە گەڵۆزیان نا و گەڕانەوە نێو دارستان. شوکرانەبژێریش بوون، کە گاڵتەم پێ نەکردن."

مامۆستا ویرا وەك رەشەبا هاتەوە شوێنەکەیان و گوتی: "سلاو منداڵینە. " و زۆر بە خێرایی بە تەنیشت شوزیەدا تێپەڕ و بەرەو ماڵەوەیان دەچوو. گوتی: "تۆش هەر جارێکی ئەو چیرۆکە دەگێڕییەوە، گورگێکی دیکەشی لێ زیاد دەکەی."

شوزیە دەرپەڕی و وەشوێنی کەوت.

ـ مامۆستا ویرا. دەبێ قسەت لەگەڵ بکەم.

مامۆستا ویرا بە جێگرەکەی گوت: "تالێبان یەکێك لە قوتابخانە نهێنیەکانمانی دۆزیوەتەوە. دەبێ بزانین چیمان پێ دەکرێ."

ـ مامۆستا ویرا.

مامۆستا ویرا گوێی نەدایە شوزیە.

شوزیە کە جاسپەری لە تەنیشت بوو، غیرەتی وەبەرهات و نەڕاندی:

"مامۆستا ویرا، تۆ دەبێ پارەم بدەیتێ."

ئەو قسەیە سەرنجی مامۆستا ویرای راکێشا و گوتی: "دەبێ پارەت بدەمێ؟ بۆ چیرۆکگێڕانەوە؟ کێ تا ئێستا شتی وای بیستووە؟"

ـ بۆ چیرکگێڕانەوە نا.

مامۆستا ویرا بە هەنگاوی پتەوتر وەك ئەو کاتەی مامۆستا وەرزش بوو، دوور کەوتەوە.

شوزیە نەڕاندی: "مامۆستا ویرا، من پارەم پێویستە."

مامۆستا ویرا ئاوڕی داوە و گوتی: "کامەیان؟ پارەت دەوێ یان پارەت پێویستە؟ هەموان حەزمان لێیە مووچە وەرگرین. . بەڵام ئاخۆ پێویستمانە یان نا، ئەوە قسەیەکی دیکەیە. جگە لەوەش، چما تۆ هەر ئێستا وەرناگری؟ مەگەر ئەمڕۆ نانت نەخواردووە؟ ئەمشەو لە ژوورەوە نانووی؟"

بەڵام شوزیە بەڵێنی بەخۆی دابوو، ئەمجارە واز نەهێنێ.

ـ کە هاتم بۆ ئێرە پێم گوتی، دەمەوێ چ بکەم. گوتم دەبێ هەندێ پارە کۆ بکەمەوە. بەڵام تۆ ئەوەندەم کاری بێ جێ پێ دەکەی و سەرقاڵم دەکەی، کاتی ئەوەم نامێنێ کارێکی باش بکەم. "

ـ پێم وابوو کاری باش هەر بەوە دەڵێن. واتە حەساندنەوەی هاونیشتمانیە ئەفغانیەکانمان لەم هۆردووگایەدا، ئەویش بۆ هەتاهەتایە.

شوزیە بە ترسەوە گوتی: "تا هەتایە؟ یانی تۆ چاوەڕوانیت لەمنە تا هەتایە هەر ئەوە بکەم؟ ئەفغانستانم بۆ ئەوە بەجێ نەهێشتووە بێم لە قوڕدا بژیم. " دەستی بۆ دیوارە قوڕینەکانی دەوراندەوری شوێنە تایبەتییەکەی بێوەژنان راداشت. لێی سوور بوو، لەو بەری دیوارەکانیشەوە وەزعەکە لەبارتر نیە. لەوبەرەوە، هۆردووگای پەنابەرەکانی لێ بوو. لەوانەبوو هەموو دنیا، جگە لەو دیوارە قوڕینەنانە شتێکی دیکە نەبێ و شوزیە، هەرگیز لەوەها شوێنێك رزگاری نەدەبوو.

مامۆستا ویرا لە شوزیە مۆڕ بۆوە و گوتی: "دیسان ئەو خەیاڵە قۆڕەی فەڕەنسا، ها؟"

مامۆستا ویرا، رووی کردە لای ئەوانەی لە دەوریان کۆ ببوونەوە، بۆ ئەوەی بزانن ئەو هەراهەرایە لەسەر چییە و گویت: "ئەوە پێی وایە ئەگەر بگاتە دەریا، هەر وا سووك و ئاسان

دەتوانیٚ خۆی بهاوێتە ناو پاپۆڕێکەوە و یەکەوڕیٚ بچێتە فەڕەنسا. لەوێش هەمووان باوەشی بۆ دەکەنەوە و دەڵێن بەخێر بێی خاتوون."

ئەوانی دی پێکەنین. شوزیە هەر لەبەر ئەو شتانە بوو، رقی لە ژیانی نێو هۆردووگا بوو. چونکە تەنانەت نەیدەتوانی بەتەنیٚ لەگەڵ یەکێکیش قسە و باسی هەبیٚ."

مامۆستا ویرا لەسەری رۆیشت: "دەیەویٚ تا مردن لە نێو کێڵگەی گەنمەشامیدا دانیشیٚ."

شوزیە بەخۆی گوت: "کێڵگەی "ئەرەستۆخدووس". بەڵیٚ، حەزم لێیە لەویٚ بژیم. خەزم لەویٚ ئەوەندە لەویٚ بمێنمەوە، هەتا ئێوەم تەواو لەبیر دەچێتەوە."

ـ باشە ئەو کاتەی گوتم بچۆ بۆ خولی پەرستاری، بۆ نەچووی؟ بەو شێوەیە دەتتوانی هەم چەند ساڵێك پەرستاری بکەی و هەم پارەیەکیش پەیدا بکەی. بە خەیاڵی دەریا ناگەیە هیچ کویٚ. ئەوەندەی منیش بزانم، ئەم دەریایە ناچێتەوە سەر فەڕەنسا.

شوزیە گوتی: "چەند ساڵ؟ من ناتوانم چەند ساڵان لێرە بمێنمەوە. شێت دەبم. وەك ئەوەم لیٚ دیٚ."

ئاماژەی بۆ ئەو ژنە کرد، کە بەردەوام خۆی رادەژاند و دەگریا.

ئەو ژنە، یاریدەدەرەکان هێنابوویانە مەکۆی بێوەژنان. شەو و رۆژ هەر دەنووزایەوە. مامۆستا ویرا گوتی: "لانیکەم لێرە سەرپەنایەکی هەیە. لە چنگ ئازار و ئەزیەت و پیاوانی شەقام حەساوەتەوە."

شوزیە چی دیکە تاقەتی نەمابوو گوێی لە دەنگی ئەو ژنە بیٚ. نەڕاندی: "بێدەنگ بە."

بەڵام ژنە هەر گوێشی نەدایێ.

مامۆستا ویرا گوتی: "هەر باشە تۆزە ئەدەب و نەزاکەتێکت هەبیٚ. نازانم تۆ بۆ هیچ لە پەروانەی دەستەخوشکت ناچی. ئەو زۆر بە ئەدەب بوو و قەت بیٚ رێزیی نەدەکرد."

شوزیە بەخۆی گوت: "پەروانەش هەر بەقەد من کەیفی بەتۆ دەهات."

بەڵام زمانی خۆی گەست و ئەوەی بە دەنگی بەرز نەگوت. چونکە دەیزانی مامۆستا ویرا تەنیا گویٚ لەو قسانە دەگریٚ، کە خۆی حەزی لێیە بیانبیستیٚ.

ـ ئەگەر بۆ ئەو کارەی لێرە دەیکەم، پارەم نەدەنێ، دەڕۆم و کارێکی دیکە دەدۆزمەوە بۆ ئەوەی پارەیەکەم دەست بکەوێ.

مامۆستا ویرا بە زمانێکی نەرمتر گوتی: "هیچ دەزانی لە دەرەوە چ باسە؟ دەبێ ئاگات لە هەموو شتێك بێ. ناتوانی بەتاقی تەنێ بەرەنگاری هەموو کێشە و گرفتەکان بیتەوە."

ـ یانی چی؟ من هەمیشە خۆم ئاگام لە خۆم بووە. هەمیشە خۆم، خۆمم بەخێو کردووە. هیچ کات بنەماڵەکەمان ئاگایان لێم نەبووە.

شوزیە لەخۆڕا شتێکی هاتەوە بیر. ڕۆژێکیان دوای کارکردن لە شەقام، چووبۆوە ماڵێ. بۆ ژوورە بچووك و قەرەباڵغەکەیان. بەڵام هەمووان لەبری ئەوەی لێی بپرسن، چۆنی، لێیان پرسیبوو، چەندت پارە پەیدا کردووە.

ـ ئەگەرچی بنەماڵەکەشتان هەندێ هەڵەیان هەبووە، بەڵام چما شەوانە چاوەڕێت نەدەبوون بچییەوە ماڵێ؟ چما هەموو شەوێ جێی خەوتنیان بۆ دابین نەدەکردی؟ ئەو کاتەی لەکوێستانێش بووی، شوانەکان ئاگایان لێت بوو. ئێستاش ئەوە هەموومان لەو مەکۆیەدا ئاگامان لە یەکترە.

ـ ئێوە ئاگاتان لە من نیە. تۆ تەنانەت جووتێ سۆلی باشیشت نەدامێ. بەڵێنیشت دابوو. کار و پیشەت هەر ئەوەیە ئەمر بکەی و بەملا و ئەولامدا بنێری. وا باشترە بەجێی ئەوەی فەرمانم بەسەردا لێ بدەیت، بگەڕێیتەوە و سەرۆکایەتیی ئەفغانستان بەدەستەوە بگری.

ـ شوزیە، بیبڕەوە. تۆ گەورە بووی. نابێ وەك منداڵان هەڵسوکەوت بکەی.

ـ دەی تۆش بیبڕەوە و ئەوەندە وەك منداڵ لەگەڵ من مەجووڵێوە. وام قسە لەگەڵ دەکەی، وەك من یەکێك بم لەو منداڵانە.

شوزیە ئەوەی گوت و دەست بۆ ئەو منداڵە بچووکانە راداشت کە بە خۆشحاڵییەوە و بە زاری داپچڕاوەوە گوێیان دابووە قسەکانی ئەوان. دیارە لەبەر چاوی ئەوان، ئەو شەڕە لە چیرۆکی گورگەکانیش خۆشتر بوو.

مامۆستا ویرا هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و لەسەر خۆ گوتی: "کەواتە دەتەوێ وەك بنیادەمێکی گەورە لەگەڵت بجووڵێمەوە؟ باشە. هەر وا دەکەم. تۆ دەبێ وەك بنیادەمێکی گەورە ڕێی خۆت هەڵبژێری. ئەگەر دەتەوێ لێرە وەمێنی، دەبێ بەبێ بۆڵەبۆڵ بمێنیەوە و هەموو

تواناكانت بخەیە گەڕ و كات بەفیڕۆ نەدەی بەبێ ئەوەی چاوت لە پارە بێ. چونكە دەبێ بزانی، لێرە پارەیەك لەگۆڕێ نیە. ئەگەر پێت وایە ژیانی ئێرە بەكارت نایە، خۆ دەزانی ڕێگای چوونەدەرەوە لەكام لاوەیە. ئێمە بەشی خۆمان گرفت و چەرمەسەریمان هەیە. زۆر خەڵكی دیكە پێویستییان بە یارمەتییە. بڕۆ و چەند ڕۆژێكی دیكەش بیری لێ بكەوە. دوایی وەرە و پێم بڵێ بزانم چ بڕیارێكت داوە."

شوزیە بە سەرسامییەوە بێدەنگ بوو. چاوی لە مامۆستا ویرا بڕی و مامۆستا ویراش هەروا سەیری كرد.

ئەمجارە شوزیە بە لەبزێكی ساردوسڕ و لە حاڵێكدا بەهیوا بوو، خۆی ئازاتر نیشان بدا، گوتی: "چەند ڕۆژێكی هەر ناوێ. من بەیانی دەڕۆم. دەڕۆم و كارێك دەدۆزمەوە، بۆ ئەوەی دەوڵەمەند بم و بچمە فەرەنسا و قەت بەولایەدا نەیەمەوە."

مامۆستا ویرا لەسەرخۆ گوتی: "باشە. ئەمشەو ئاهەنگی ماڵاواییت بۆ ساز دەكەین."

ئیتر لێی دا و ڕۆیشت.

شوزیە بەهیچ جۆرێك نەیدەتوانی خۆی لە چنگی پرخەپرخی مامۆستا ویرا رزگار بکا. ئەو شەوە، لە جاران پتر گوێی لە پرخەی دەبوو. بالیفەکەی لە سەر گوێی دانا. بەڵام دواتر تووڕی هەڵدا، بەشکم مامۆستا ویرای پێ وەخەبەر بێنێ. بە دەنگی بەرزیش گۆرانیەکی گوت، بەڵام هیچ کام لەوانە دادیان نەدا. مامۆستا ویرا، خەوتنەکەشی وەك کارەکانی دیکەی وابوو. بێ کەموکووڕی بوو. ئەو هیچ سەری خۆی بەوەوە نەدەئێشاند بیر لەوە بکاتەوە ئاخۆ ئەوانی دیکە وەڕەز دەکات یان نا. نەخێر، ئەو کاتی خی بۆ ئەو شتانە بەفیڕۆ نەدەدا.

هەندێ جار شوزیە دەچوو لە ژوورەکەی دیکە بنوێ، بەڵام هۆدەکەی مامۆستا ویرا ئەوەی باش بوو، لەوێدا دەیتوانی بەتەنێ بێ. کەچی لە هۆدەکانی دیکەدا شتی وا نەبوو. ئەو لە بن مێزەکەوە لە سەر دۆشەکێك دەنوست. قوماشێکیان بەسەر مێزەکەدا دابوو، کە لایەکی تا سەر عەرزەکە شۆڕ ببۆوە، هەر بۆیە شوێنێکی بچووك و تایبەتی بۆ دابین دەکرد.

بە جاسپەری ـ کە هەر لە دەرێ دەنوست، دەگوت: "ئەگەرچی پرخەپرخەکەی نابڕێتەوە، لانیکەم لەو بنەوە هەست دەکەم شوێنێکی تایبەت بەخۆمم لەم دنیایەدا هەیە."

شوزیە ئەو شەوە تا درەنگان لەسەر پشت و بەخەبەر بوو. تەنانەت بەری بەیانی وەختێك مامۆستا ویرا چووە حەوشە، ئەو هەر بەخەبەر بوو. ئەو رۆژە بۆ شوزیە لە رۆژەکانی دیکە ناخۆشتر بوو.

شەوی ماڵاواییەکەی شوزیە، هەموو ئەندامانی گروپەکە لە حەوشەدا و لە تەنیشت ئاگرەکە نانیان خوارد. مامۆستا ویرا، وتارێکی دا و تێیدا ئەمەگ و پێزانینی خۆی بۆ هەموو کارە تاقەتبڕەکانی شوزیە دەربڕی و گوتی: "من دەزانم شوزیە بە ئاواتی خۆی دەگات و دەگاتە دەریا و لە فەڕەنسا ژیانێکی خۆی بنیات دەنێ."

ئەمجار باسی ئەو جوانییانەی کرد، کە لە بارەی فەڕەنساوە بیستبوونی. ئەو گوتی، شوزیە لە نێو کێڵگە گەنمەشامییەکاندا پیاسە دەکات و لە ژیانێکی شیرین دایە.

هەتا قسەکانی تەواو بوون، شوزیە لە داخانی مستی توند قوچاندبوون.

که مامۆستا ویرا قسەی تەواو بوو، هەر کام لە ژنەکان قسەیەکی جوانیان بە شوزیە گوت، سەبارەت بەوەی چەندە بەسوود بووە و چەندە زیرەکە و ئەوەی کە ئەوان پێیان وایە داهاتوویەکی گەشی لە پێشە. بەدوای ئەوەدا مندالەکان وێکڕا قیژاندیان: "شوزیە مەڕۆ".

مندالە بچووکترەکانیش بە گریانەوە چوونەی لای و گوتیان: "لێرە بمێنەوە و چیرۆکمان بۆ بگێڕەوە."

شوزیە تووڕە بوو. دەیزانی مامۆستا ویرا بە ئانقەست ئەو بەرنامەیەی رێك خستووە، بۆ ئەوەی ناچاری بکا لە هۆردووگای پەنابەرەکاندا بمێنێتەوە.

دوایی مامۆستا ویرا گوتی: "هەوالێکی خۆشم بۆ هێناوی. شوزیە، لە پیشاوەر کارێکم بۆت دۆزیوەتەوە. دەبیتە فەڕاشی باخچەیەکی ساوایان و ئەو ژنانەی لە پرۆژەی دروومانی ناوەندەکەدا کار دەکەن. دەکرێ هەر لەو ناوەندەدا بخەوی. ئەو مزەی پێتی دەدەن، بەشی ئەوەندە دەکات، هەم خواردنی پێ بکڕی و هەمیش کرێی لێ بدەیت و هەم تۆزێکیشی پاشەکەوت بکەی. جگە لەوەیش، منیش هەر کات هاتمە ئەوێ، دەتوانم بتبینم. سبەینێ دەتبەمە ئەوێ و یارمەتیت دەدەم دامەزرێی."

ژنەکان چەپڵەیەکیان لێ دا و گوتیان، شانسی هەیە و بەختەوەرە، بەڵام شوزیە لە داخان هەر جینگڵی دەدا. تەنانەت ئەو وەختەی لەسەر راخەرەکەشی راکشابوو و لە هەموو لایەکیشەوە دەنگی پرخەپرخی مامۆستا ویرا دەهات، ئەو هەر جنیگڵی دەدا.

لەسەرخۆ بە جاسپەری گوت: "پێی وایە دەتوانێ چاوی بەسەر هەموو شتێکەوە بێ. پێی وایە دەتوانێ بمخاتە بندەستی خۆی."

یەکەم رۆژی وەبیر هاتەوە، کە هاتبووە مەکۆی بێوەژنەکان. ئەو رۆژە دوای خەوتنی شوانەکانی نێو هۆردووگاکە، کەوتبوە پیاسەکردن، کە یەکێك لە یاریدەدەرەکان دۆزیبوویەوە و هێنابوویە ئێرە. شوزیە، هەر چووبووە ئەو شوێنە و مامۆستا ویرای دیتبوو، ویستبووی بڕوا، بەڵام ئیتر کار لە کار ترازابوو. چونکە مامۆستا ویرا دەسبەجێ بە دەنگێکی بەرز گوتبووی: "من تۆ دەناسم."

ئیتر ئەوەی لەوێ ببوو، دەستی لە کار هەڵگرتبوو و چاوی بڕیبووە شوزیە.

ـ تۆ هاوڕێ بچووکەکەی پەروانەی.

بەر لەوەی تاڵیبان قوتابخانەکان دابخا و ژنە مامۆستاکان خانەنشین بکا، مامۆستا ویرا مامۆستای وەرزش و راهێنەری تۆپێن بوو. ئەو ماوەیەکیش لەگەڵ بنەماڵەکەی پەروانە لە کابول ژیابوو. شوزیە هەڵسوکەوتی بەرپرسانەی ئەوی زۆر جوان لەبیر مابوو، هەر بۆیە ئەو هەڵسوکەوتەی بەلاوە سەیر نەبوو.

مامۆستا ویرا بە چەند شەقاوێکی گەورە، حەوشەکەی بڕی و گەیشتە بەردەم شوزیە. کچۆڵەیەکی لاواز و لەڕی ئێسك و پرووسك، کە لە دەموچاویەوە دیار بوو، چەند مانگان لە دەرەوە و لەبەر تاو و با بووە. جلوبەرگەکانی چڵکن و پیس بوون، بەڵام سەری هەڵێنابوو و قیت راوەستابوو. ئەوە دیمەنێك بوو، کە ژنەکانی دیکە دەیاندیت و شوزیەش دەیهێنایە بەرچاوی خۆی.

مامۆستا ویرا گوتی: "بۆنی مەڕت لێ دێ، بەڵام ئەوە دوایی شتێکی لێ دەکەین. دیارە هێشتاش هەر لە کوڕان دەچی. ئەوەش چار دەکەین."

هەرای کرد و گوتی، ئاوی کولێو و جلوبەرگی کچانەی بۆ بێنن.

شوزیە گوتی: "وام پێ باشترە جلوبەرگی کوڕانەم لەبەردا بێ. بە رواڵەتی کچانەوە هیچم پێ ناکرێ."

مامۆستا ویرا گوتی: "قسەی قۆڕ."

ـ تاڵیبان لێرە هیچ کارەیەك نیە. من هەم. ئای، خۆ سەگێکیشت پێیە.

داهاتەوە و بە وردی سەیری جاسپەری کرد. جاسپەر لەسەر خۆ دوو هەنگاو کشاوە. مامۆستا ویرا لێبڕاوانە گوتی: "سەگێکی زیرەکە."

ئەو رۆیشت و شوزیەش ئاسوودە ببوو. بزەیەکی ساردی هاتێ، چونکە پێی وابوو، مامۆستا ویرا دواین دیداریانی لە کابول لەبیر نەماوە. هەر ئەو مەسەلەیەی تووڕەی کردبوو، بەڵام دیارە زووی لێك دابۆوە.

مامۆستا ویرا گوتی: "هەروا سەری خۆتت هەڵگرت و کابولت بەجێ هێشت و ئیتر بیرت لەوە نەکردەوە بنەماڵەکەت بەبێ تۆ چۆن بژین؟"

شوزیە گوڕاندی: "هیچ خۆشیان نەدەویستم. بەردەوام لەگەڵم بەشەڕ دەهاتن. دەیانویست بەزۆری بمدەنە پیرەپیاوێك کە هەر نەشمدیتبوو. ئەوی لەبەر چی؟ هەر بۆ پارە. من لای ئەوان هیچ نرخێکم نەبوو."

مامۆستا ویرا وەڵامی داوە: "نابێ هەر لەبەر ئەو شتانە، تیمەکەت بەجێ بهێڵی چونکە تیمەکە لەگەڵت باش نین. باشە، ئێستا بەر لەوەی شوێنەکەت دیاری بکەم، کارێکی بچووکم پێتە."

لەو کاتە بەدواوە، بەردەوام شوزیەی ناردبوو، بۆ کاروبارە بچووکەکانی خۆی.

شوزیە بە جاسپەری گوت: "ئیتر لەمەودوا نە کاری وای بۆ دەکەم و نە دەبمە فەراشیش. ماڵم ناوێ تێیدا بنووم. چما لەگەڵ شوانەکان لە دەرێ نەدەنوستم؟ لە شاریش دەتوانم هەر وا بنووم. بەو جۆرە پارەکەشم پاشەکەوت دەکەم، بۆ ئەوەی بتوانم بگەمە دەریا."

ئیتر دەستی بردە بن بالیفەکەی، کە بەنرخترین شتەکەی خۆی لەوێ دادەنا. وێنەیەك لە گۆڤارێکی فەڕەنسیی لێ کردبۆوە، کە هەرێمی گوڵەکانی ئەرەستۆخدووسی فەڕەنسای نیشان دەدا. ئەگەرچی ئەو وێنەیە لە تاریکیدا دیار نەبوو، بەڵام شوزیە هەرکاتێك بەدەستیەوە دەگرت، دڵی فێنك دەبۆوە.

ئەوە رێك ئەو شوێنە بوو، کە دەبوو بچێ. وڵاتی گوڵە وەنەوشەییەکان، ئەو شوێنەی لەوێ کەس ئازاری نەدەدا. دەیتوانی لەوێ دابنیشێ، هەتا مێشکی بحەسێتەوە و ئیتر بۆنی هۆردووگای بۆ نەیە. ماوەیەك لەوێ دەمایەوە و دوایی دەچووە پاریس و سەر برجەکەی ئیڤڵ. هەر لەوێ دادەنیشت هەتا پەروانەی هاوڕێی، بەپێی ئەو بەڵێنەی بە یەکتریان دابوو، دەگەیشتە لای. دواییش دەیتوانی تا مردن، هەر چای بخۆنەوە و پرتەقاڵ بخۆن و گاڵتە بە مامۆستا ویرا بکەن.

ئانیشکی لەسەر عەرزەکە دادا و خۆی خستە سەری. ئەوجار بە جاسپەری گوت: "وەرە هەر ئەمشەو بڕۆین."

جاستپەر کلکی لە عەرزی کوتا. شوزیە وای دانا، جاسپەر بڕیارەکەی پێ باشە و هانی دەدا. هەر ئەو شتەی ئەو پێویستی بوو.

هەستا و بە دەستەکوتە دەوروبەر و قوژبنەکە گەڕا، بۆ ئەوەی جلوبەرگە کوڕانەکەی بدۆزێتەوە. جلەکانی گۆڕی. قژی کۆ کردەوە و مقەستەکەی لە سەر مێزەکە هەڵگرت و قژی ئەوەندە کورت

کردەوە، هەتا پێی وابوو بەدڵی خۆیەتی. ئەوجار کڵاوەکەی لەسەری نا. کۆڵوانەکەی بەسەر شانیدا دا و جانتاکەی بەشانیدا کرد. هەر ئەوانەی هەبوو.

حەزی لێ بوو یەك بەخۆی هاوار بکا و ماڵاوایی لە مامۆستا ویرا بکا. بەڵام بەسەر خۆیدا زاڵ بوو و لەسەر خۆ لە هۆدەکە چووە دەرێ. جاسپەر رێك لە دواوەی بوو.

بە تەنیشت ئەو هۆدەیەی ژنان گوڵدۆزی و دروومانیان تێدا دەکرد و ئەوەیش وا ژنە بەتەمەنەکان تێیدا فێری خوێندنێ دەبوون و شەوانەیش بنەماڵەکانی تێدا دەنوستن، تێپەڕی و بەجێی هێشتن.

چووە ئەو هۆدەیەی خۆراك و پێخۆری لێ بوو. شتێکی وای تێدا نەبوو. هەندێك نانی هەڵگرت ـ کە بەشە خواردنی دابەشکراوی رۆژانە بوو ـ تۆزێکیشی برنجی کوڵاو تێکرد و دەفرە ئاوێکی بچووکیشی هەڵگرت و لە جانتاکەی خست.

دیسان گەڕاوە حەوشەکە و بۆ دوایین جار سەیرێکی دەوروبەری کرد. جگە لە پرخەپرخی مامۆستا ویرا، هیچ دەنگێکی دیکە نەدەهات. کە تۆزێك دوورتر کەوتەوە، گوێی لە دەنگی یەکێك بوو، کە لە دەرەوەی مەکۆی بێوەژنەکان دەگریا. هیچ بیانوویەکی بۆ مانەوە نەبوو. هۆردووگا تاریك بوو. چیی نەمابوو پەشیمان بێتەوە کە بۆ بەو شەوە وەدەر کەوتووە، بەڵام بەر لەوەی بە دەنگی بەرز ئەوە بەخۆی بڵێ، گەڕاوە و لەو شوێنە چووە دەرێ، بۆ ئەوەی سەفەرەکەی بگرێتە بەر.

## ٣

لە پشتەوەڕا دەنگی هۆڕنی سەیارەیەك هات. دەرپەڕی و سەر ڕێیەکەی بەردا بۆ ئەوەی کامیۆنە گەورەکە بە گرموهۆڕ رابرێ. دووکەڵی دووکەڵکێشەکە خستییە کۆخەکۆخ.

جاسپەر لە بەر پێیانی نەدەبزووت. ئەوەندەی لێ نزیك ببۆوە، بەر پێی دەگرت. زانیی جاسپەر دەترسێ. ئەگەر چی خۆیشی دەترسا، بەڵام دڵخۆشیی جاسپەری دایەوە و گوتی: "چ نیە، کوڕە."

هەواکەی هێشتا تاریك بوو، کە لە هۆردووگای پەنابەرەکان چووە دەرێ و زۆر رۆیبوون، کە رووناکی کردەوە.

رۆژ ببۆوە، کە گەیشتنە نزیکترین شار، واتە پیشاوەر. ئەو شوێنەی کەرستەکانی هاتوچۆ وەك شێتان دەهاتن و دەچوون.

گەورەرێیەکە، لەبەر سەیارە رێی رێداری نەبوو. پاسە گەورەکان ئەوەندەیان خەڵك تێدا بوو، کە چەند کەسێکیش خۆیان پێوە هەڵواسیبوون. ترۆمبێلی سێ تایەی وەك لەیستۆك، بە نێوان سەیارەکاندا دەخوشین و تێدەپەڕین. لە هەموو جۆر و رەنگێك دەبینرا. پیکاب، تەکسی و ترۆمبێلی ئاسایی. شوزیە پێی وابوو هەر هەمووان وێکڕا هۆڕن لێ دەدەن.

لەو نێوەدا ماتۆڕی واش هەبوو، هەموو ئەندامەکانیماڵەوە سواری ببوون و پاسکیلیش هەبوون کۆڵێکیان شت لێ بار کردبوون. عارەبانەی وا هەبوو ئەسپ و گوێدرێژ و تەنانەت گامێش یان وشتر رایاندەکێشان. پیرەپیاوێك بارە ئالۆدارێکی لە پاسکیلەکەی بار کردبوو و هەموو تینی خۆی دابوویە و دەیەویست لێی بخوڕێ. پاسکیلەکە هەر بەلادا دەهات و چیی نەمابوو خۆ بە پاسێکدا بدات. ترۆمبێل و سەیارە زۆر زۆر بوون. شوزیە جاسپەری بردە بن سێبەری دارێك. لەوێ دانیشتن و سەیری ئەو سەیارە و کەرستەی گواستنەوانەیان کرد، کە تیژ تێدەپەڕین و پشوویان سوار کردبوون.

شوزیە گوتی: "نازانم باشمان کرد هاتین یان نا. هەر پێم وا نەبوو، ئەوەندە قەرەباڵغ بێ. پێم وانەبوو ئەوەندە... ئەوەندە قەرەباڵغ و تێکە و لێکە بێ. پێم وایە باشتر بوو، هەر لای شوانەکە مابایبنەوە. لانیکەم بێ خەم دەبووین. ئەوەندەش گەرم نەبوو. جگە لەوەش، زۆرمان ماوە بۆ

دەریا. ئەی ئەگەر هەر نەگەیشتینیٚ؟ لەوانەیە هەر لێرە بچەقین. تۆ پێت وایە باشاری ئەو ڕێیە دەکەین؟"

جاسپەر کلکی ڕاوەشاند. شوزیە وێنەی ئەو هەرێمەی پڕ لە ئەرەستۆخدووس بوو، دەرهێنا و دیسانیش ـ لەوانەیە بۆ هەزارەمین جار ـ سەیرێکی کرد. ئەمجارە نەك بە جاسپەر، بەڵکو بەخۆی گوت: "دەمەویٚ بچمە ئێرە. بۆ ئەوەش، جاریٚ دەبیٚ ئێرە بەجیٚ بێڵم."

هەمدیس وێنەکەی لە گیرفانی نایەوە. ئیتر هەستا و هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، کە پڕ بوو لە دووکەڵی گازاییل.

بە جاسپەری گوت: "با بڕۆین."

بە پێکەنینەوە لەسەری ڕۆیشت: "وای دادەنێین، من شەڕکەرێکی بەهێز و ئازام وەك چەنگیزخان، کە ئەفغانستانی گرت. دەمەویٚ هەڵکوتمە سەر ئەم شارە لاواز و بێدەسەڵاتە. هیچ شتێك خۆم لەبەر ناگریٚ."

ئیتر قیت و ڕێك بەرەو ڕێگاکە گەڕاوە، وەك بڵێی ئەوە چەنگیزخانە بەڕێگادا دەڕوا. دوای ئەوە ملی ڕێیەکەی گرت و دیسان دەنگی هۆڕن بەرز بوونەوە.

گوتی: "من لە کابولیش پیکاب و سەیارەم زۆر دیوە."

جا چونکە جاسپەر دەترسا، هەوڵی دا هێوری بکاتەوە، بەڵام تۆ لە مەڕ بەولاوە هیچی دیکەت نەدیتووە. مەترسە، لەگەڵ ئەمەیش رادێی.

بەڵام جاسپەر دڵی هەر دانەکەوت و لەگەڵ دەنگی هەر هۆڕنێکدا دەردەپەڕی و لە جادەکە لای دەدا. شوزیە نیگەرانی ئەوە بوو، نەکا جاسپەر سەری لیٚ بشێویٚ و لەبری ئەوەی لە سەر ڕێی ترۆمبێلەکان لابچیٚ، بەپێچەوانەوە ڕێك بچێتە چەقی ڕێگاکە. کە پەتێکی درێژی شینی دۆزییەوە، هەڵیگرتەوە و لە ملی جاسپەری کرد و جەمسەرەکەشی بەدەستییەوە گرت.

ـ ئەوە لەبەر خۆت وا دەکەم. هەر تا ئەو کاتەی ترسەکەت دەڕەوێتەوە.

جاسپەر چەند جارێك چنگی لە پەتەکە توند کرد و دیسان کەوتنەوە ڕیٚ. شوزیە گوتی: "ئێرە ئەوەندەی ئەفغانی لێیە، هەر دەڵێی کابولە."

تەنانەت بازاڕەکەشی وەك بازاڕی کابول وا بوو. لە سەر سەکۆی دووکانێك، میوە هەڵدرابوونەوە و لاشەی بزنی لەڕ و لاواز بە قەنارەوە کرابوون. قەسابەکانیش بە ڕۆژنامە باوەشێنیان دەکردن و مێشیان لێ دەردەکردن.

بەڵام پیشاوەر دوو شتی لە ئەفغانستان نەدەچوو. ئەگەرچی زۆربەی ژنەکانی ئەوێش عاباپۆش بوون و پەچەیان کردبوو، بەڵام هەندێکیشیان دەموچاوی خۆیانیان دانەپۆشیبوو و کەسیش لەسەر ئەوە لێی نەدەدان. جیاوازییەکی دیکەی ئەوە بوو، هەموو خانووەکانی ساغ و لەسەر پێ بوون و هیچی نەڕووخابوو. هیچ بۆمبێك بەوێدا نەدرابوو. شوزیە، کە هەر لە نێو داروپەردووی خانووی بۆردومانکراودا ژیابوو، زۆری پێ سەیر بوو، خانووی رووخاوی نەدەدی.

ئەگەرچی دڵنیا نەبوو، جاسپەر لەو دەنگەدەنگ و هەڵلایەدا گوێی لەدەنگی دەبێ یان نا، بەڵام گوتی: "لێرە هەلی پارە پەیدا کردن زۆرە."

بۆیە قسەی لەگەڵ جاسپەر دەکرد، چونکە حەزی لێ بوو یەکێك بدوێنێ.

سەیری هەر لایەکی دەکرد، منداڵە وردکەی لە خۆی بچووکتری دەدی، خەریکی کران. لە دووکانەکانی چاککردنەوەی سەیارەدا کاریان دەکرد، لە ئاسنگەرییەکاندا خەریکی ئاسنکوتان بوون. یان بە عارەبانە میوەیان دەفرۆشت یان سینیی چایان بە دەستەوە بوو. چەند کوڕێکیشی دی، خۆیان بە پاسێکی گەورەوە هەڵواسیبوو و جار نەجارێ خۆیان فڕێ دەدایە خوارێ و بە زۆری شتیان بەخەڵکی دەفرۆشت و پارەیان لێ دەستاندن و هەر پاسەکە دەڕۆیشت، دیسان سواری دەبوونەوە. کە بەتەنیشت بینایەکدا ـ کە تازە دروست دەکرا ـ رابرد، کۆمەڵێك کوڕیژگەی سەروچاو خۆڵاویی دیت، بە گوێدرێژ خشت و کەرپووچیان دەکێشا.

خەڵکەکەی دەوروبەری بە زمان و شێوەزاری جۆراوجۆر قسەیان دەکرد. بە زمانی ئەفغانی، پەشتوون، دەری، ئۆزبەك و هەندێ زمانی دیکە، کە لەوانەیە پاکستانی بن.

وردە وردە حەشامەتەکە پتر دەبوو. شوزیە رستەکەی جاسپەری توندتر گرت.

رووبارێکی هێمن و بۆگەن، بازاڕەکەی کردبووە دووبەش. شوزیە کۆمەڵێك دووکانی دیت، خشڵ و گەوهەر یان کاڵای سەربەستکراویان دەفرۆشت. دووکانێکی دی، عابا نەبێ هیچی دیکەی نەدەفرۆشت. عاباکانیان بە ریز لە دیوارەکە دابوو، کە هەر دەتگوت رۆحێکن و رەنگت کردوون.

خەڵك لە هەموو لاوە خەریکی فرۆشتنی ئەو شتانەیان بوون، کە لە سینی یان لە عارەبانەکانیاندا هەبوو.

شوزیە بە بازاڕەکەدا دەڕۆیشت و سەیری دووکانەکانی دەکرد. خۆی دەهاتە پێش چاو، کە لەوێدا کار دەکا. وەختێك ئەوەندە ماندوو بوو، کە ئیتر تینی ئەژنۆی نەبوو لەوە پتر بڕوا، لە تەنیشت بینایەك، سێبەرێکی دۆزییەوە. دانیشت و پاڵی بە دیوارەکەوە دا. جاسپەریش لە تەنیشتی دانیشت. شوزیە دەفرە ئاوەکەی دەرهێنا، تۆزێکی خواردەوە و هەندێکیشی لە شتێکی قووڵ کرد بۆ جاسپەر. دوای ئەوە لەتە نانێکی لەوەی لە هۆردووگاکەوە هێنابووی، دەرهێنا و لەگەڵی بەش کرد و دیسان ئاویان بەسەردا کرد بۆ ئەوەی نانەکە بچێتە خواریٚ.

کە نانەکەیان خوارد، تۆزێك هاتنەوە سەر خۆ، بەڵام هەستی کرد زۆر شەکەتە. چاوی لەسەر یەك دانا بۆ ئەوەی تۆزێك بحەسێتەوە.

ـ ئێرە جێی منە.

شوزیە چاوی هەڵێنا. ژنێکی عاباپۆش لە بەردەمی راوەستابوو.

ژنە دیسان گوتی: "ئێرە جێی خۆمە. من هەموو رۆژیٚ دێمەوە ئێرە."

شوزیە گوتی: "هیچ ناکەم. هەر دانیشتووم."

ـ بچۆ لە جێیەکی دی دانیشە."

شوزیە لە شەکەتیان، تاقەتی مشتومڕی نەبوو. بۆیە لەگەڵ جاسپەر هەستان و رۆیشتن.

ژنە لە جێیەکەی ئەو دانیشت، دەستی بۆ رێبوارێك پان کردەوە و گوتی: "خێرم پیٚ بکەن."

شوزیە پرسیی: "لەو کارە هیچت دەست دەکەویٚ؟"

ـ لەوانەیە رۆژیٚ دە رۆپیە.

ـ زۆرە؟

ـ سکی منداڵەکانمی پیٚ تێر دەبیٚ.

شوزیە گوتی: "دەی ئەگەر پەچەکەت لادەی و خەڵکی بتبینن... "

ژنە بە تووڕەییەوە گوتی: "تۆ چووزانی. لە شەرمان دەموچاوم داپۆشیوە. من لە ئەفغانستان مودیری ئیدارەیەك بووم. دەرچووی زانکۆم. بەڵام ئێستا، سەیرم بکە، نا، سەیرم مەکە، بڕۆ. "

شوزیە تاوێکی دیکەش لەوێ مایەوە. زۆری پێ ناخۆش بوو، برینی ئەو ژنەی کولاندووەتەوە. لە لایەکیشەوە تووڕە بوو، کە ئەو ژنە لەو جێگا خۆشەی دەرکردبوو. ئاخرییەکەی، چونکە نەیدەزانی تووڕە بێ، یان ناڕەحەت، کەوتە ڕێ و ڕۆیشت. جاسپەریش بەدوویدا.

دیتنی ئەو ژنە ترسی خستبووە دڵییەوە. ئەگەر یەکێکی خوێندەوار، دەستی کردبێتە سواڵکردن، ئەو چ هیوایەکی هەبێ؟

لە تەنیشت جاسپەر ئەژنۆی دادا و خۆی بە رستە و قەڵادەکەی ئەوەوە سەرقاڵ کرد. سەری داخست بۆ ئەوەی کەس چاوی بەگریانی نەبینێ.

لەسەر خۆ گوتی: "ئێرەم پێ خۆش نیە."

جاسپەر کلکی ڕاوشەاند. شوزیە هەستا و ڕۆیشت.

بازاڕەکەدا پڕ بوو لە سواڵکەر. هەندێکیان ژن بوون، دەموچاو داپۆشراو یان ئاوەڵا. هەندێ نەخۆش یان دەست و پێ پەڕیو و هەندێکیش منداڵۆچکەی هاوتەمەنی خۆی. خەڵك هەر دەتگوت ئەو سواڵکەرانە ناشبینن، وا بە بەر دەمیاندا تێدەپەڕین.

شوزیە گوتی: " ئەو سواڵکەرانە هەر دەڵێی ، سواڵ لە کەسێك دەکەن، لە خۆیان هەژارترن."

ئیتر گەڕاوە و ڕۆیشت. چونکە تاقەتی دیتنی ئەو دیمەنە دڵتەزێنانەی نەبوو.

دیسان بە بازاڕەکەدا تێپەڕین. بەخۆی دەگوت: "دەبێ داوا لە یەکێك بکەم کارم بداتێ."

بەڵام لە هەر دووکانێك دەچووە پێشێ، شەرمی دەکرد و قسەی پێ نەدەکرا.

وەبیری هاتەوە مامۆستا ویرا گوتبووی: "تۆ خۆتت پێ بەخێو ناکرێ."

ئەوانی دیکەش پێی پێکەنیبوون.

هەناسەیەکی هەڵکێشا و لە یەکەم دووکان وەژوور کەوت. کتێبفرۆشی بوو.

بە پاڕانەوە بەو پیاوەی لەودیوی کۆگایەك کتێبەوە دانیشتبوو، گوت: "کارێکت هەیە بۆتی بکەم؟"

خاوەنی دووکانەکە و چواری دووکانی دیکەش کە سەری پێدا کردبوون، دەسبەجێ پێیان گوت بچێتە دەرەوە.

خەریك بوو ئێوارە دادەهات. هەوا تاریك داهاتبوو، بەڵام بازاڕ هەر هەبوو. گڵۆپی رووت رووت کە لە دار کارەباکان و وایەرەکانەوە شۆڕ ببوونەوە، سێبەری سەیر و سەمەرە و ترسناکیان دەخستە سەر شەقامەکە.

شوزیە و جاسپەر لە بن کەپرسی نێوان دووکانەکاندا خۆیان وێك هێنا و دانیشتن. بە بۆنەکەیڕا زانیی، لە تەنیشت میوەی رزیو و زبڵ و زاڵی دیکەیە. بەڵام هیچ نەبێ، لە سەر رێی خەڵکی و ترۆمبێل و سێبەرەکان دوور بوو.

پاڵی بە دیوارەکەوە دا. لە حاڵێکدا بیری پرخەپرخەکەی مامۆستا ویرای کردبوو، هەر لەوێ بەدانیشتنەوە خەوی لێ کەوت.

لە بەرەبەیانیەکی بوولێڵدا و بەر لە تاوهەڵات لەخەو هەستا. بالیفەکەی بن سەری، کۆگایەك کەلەمی رزیو بوو. جاسپەریش هەستابوو و خەریك بوو شتێکی دەخوارد، کە لەنێو زبڵەکەدا دۆزیبوویەوە.

شوزیە هەستا. بەرەو شێرەی ئاوەکە چوو، کە لە بازاڕەکە دیتبووی. لوێچێك* ئاوی بە دەموچاویدا کرد. هەردووکیان تێر ئاویان خواردەوە، لانیکەم بۆ ئەوەی تا ماوەیەك زگیان تێر بێ.

ئەو رۆژە تا ئێوارێ لەکار گەڕا. زۆربەی دووکاندارەکان پێیان دەگوت: "بەو قەڵافەت و سەروقژە پیسەتەوە، مەیە نێو دووکانەکەمانەوە."

خۆر لە ئاوابوون بوون، کە چووە نێو قەسابخانەیەکەوە. گۆشتی نەمابوو. هەر هەمووی قوڕ و پەڵەی خوێن بوو.

قەسابەکە لە بەر دووکانەکە چای دەخواردەوە، پێی گوت: "دووکانەکەت پیسە، دەتوانم بۆتی خاوێن بکەمەوە."

قەسابەکە قومێکی دیکەشی لە چایەکەی دا و سەیرێکی کرد و گوتی: "ئەوە کاری پیاوە. تۆ منداڵی رۆڵە. برۆ."

---

*لوێچ/ لالوێچ: پێوانەیەك بۆ قووڵایی لەپی دەست کاتێ شتێکی تێدەکەن.

شوزیە لەجێی خۆی نەبزووت و گوتی: "من دەتوانم خاوێنی بکەمەوە. " دەستی لە نێو قەدی نا و چاوی لە چاوی کابرا بڕی.

برسی و شەکەت بوو و تاقەتی قسەی بیٚ جێی نەبوو.

کابرا ئاخریەکەی ئاماژەی بە جاسپەر کرد و گوتی: "سەگی چاکە. دیارە برسییە."

شوزیە بە خۆی گوت: "دیار برسییە. منیش برسیم."

قەسابەکە گوتی: "راوەستە."

لە دووکانەکەیدا ون بوو. دواتر بە لەتە گۆشتێکەوە، کە لە رۆژنامەیەکییەوە پێچابوو، هاتەوە و گوتی: "گۆشتی چاکە، وایە؟"

کە جاسپەر دەستی بەخواردنی کرد، دووکاندارەکە پێی بەسەر پشتیدا هێنا و گوتی: "گۆشتی باش، بۆ سەگێکی باش."

ئەوجار هەستا و گوتی: "بەیانی زوو وەرەوە ئێرە. هەتا نیوەڕۆت دەرفەت دەدەمیٚ، دووکانەکە خاوێن بکەیەوە. ئەگەر کارەکەتت باش راپەڕاند، مزت دەدەمیٚ، ئەگەر خراپیشت کرد، فڕێت دەدەمە دەرەوە."

دیسان چۆوە نێو دووکانەکە. تاوێك دواتر دیسان هاتەوە و بەر لەوەی بڕوا، گوتی: "دەکریٚ سەگەکەشت بێنی."

رۆیشت و شوزیە گوتی: "منەتبارم."

ئەوجار ئەژنۆی دادا و بە جاسپەری گوت: "وەی گیان، کارم دۆزییەوە."

دەبوو شتێك هەر بدۆزێتەوە و بیخوا. هەر جاسپەر گۆشتەکەی تەواو کرد، چووە نانەواخانەیەك، کە خەریك بوو دادەخرا. گوتی: "ئەگەر ئەمشەو نانێکم بە قەرز بدەیتیٚ، بەیانی هەقەکەیت بۆ دێنم. کارم دۆزیوەتەوە. لە بەیانیەوە."

نانکەرەکە، لەسەر کۆگا نانەکە، نانێکی هەڵگرت و بۆی هاویشت.

شوزیە چاوەڕوان نەبوو، وای لەگەڵ بکەن. نانەکە بەربۆوە. بەڵام دەسبەجی هەڵیگرتەوە و پرسیی: "بەیانی چەندت بۆ بێنم؟"

ـ برۆ لەبەر چاوم ون بە سواڵکەر. نانم دایتیٚ، دەی برۆ جەهەندەم پڕ بکە.

شوزیه له شەرمان سوور هەڵگەڕا. ئەو سواڵکەر نەبوو. هات قسەیەك بکا، بەڵام پاشگەز بۆوە. نەکا دیسان حەوجێی بەنانی خۆڕایی ببێتەوە.

نانەکەی لەگەڵ جاسپەر بەش کرد. هەردووکیان هەندێ ئاویان خواردەوە. کە تێری خوارد، تۆزێك هاتەوە سەرخۆ.

بازاڕ کپ بوو. چیی دووکان و کۆشکەڵەن داخرابوون. خەڵکێکی دیت، لە لاشیپانەی دەرگاکاندا خەوتبوون.

لەگەڵ جاسپەر گەڕانەوە دووکانە قەسابییەکە. ئەویش داخرابوو. هەردووکیان لەبەر دەرگاکەی نوستن.

گوتی: "ئاوا بێخەمترم. دەزانم بەیانی بۆ کارەکەم لەسەر پێم."

دەرگای قەسابخانەکە بۆگەنێکی ناخۆشی دەهات، بەڵام شوزیە ئەوەندە ماندوو بوو، دەسبەجێ خەوی لێ کەوت.

## ٤

شوزیە لە خرم و هۆڕی کرانەوەی میلە ئاسنەکانی قەسابییەکە بەخەبەر هات. قەسابەکە گوتی: "دەرەوە گەرمە. سەگەکەت بێنە ژوورەوە. بیبە پشت دووکانەکەت. لەوێ لە نێو قەفەزەکەدا دەفرێکی تێدایە. هەندێکی ئاو تێکە. با بخواتەوە."

شوزسە و جاسپەر بە دوای قەسابەکەدا چوونە حەوشە چیمەنتۆکراوە بچووکەکەی پشت دووکانەکە. ئەو سێبەرەی هەیبوو، بەشی جاسپەری دەکرد و دەیتوانی لەبەری راکشێ.

شوزیە دەفرەکەی دۆزییەوە و پڕی کرد لە ئاو و بۆ جاسپەری برد و گوتی: "لێرە چاوەڕێم بکە. ئەگەر باش کار بکەم، لەوانەیە هەندێ گۆشت یان هەر نەبێ لەتە ئێسقانێکیش بە تۆ بدا بیخۆی."

قەسابەکە جێی سەتڵ و فڵچە و کەلوپەلەکانی پاکوخاوێنیی پیشانی دا و گوتی: "دووکانەکە خاوێن بکەوە. من دەچمە دەرێ بۆ بەرچایی خواردن. زوو دێمەوە بزانم چیت کردووە."

شوزیە دەستی بەکار کرد. خێرا قەفەزە و سینیە بەتاڵەکانی خاوێن کردەوە، بۆ ئەوەی کە گۆشتیان هێنا، خاوێن بن. بەدیتنی خوێنی وشکەڵاتوو، تێك نەدەچوو. چونکە ئەو دەمەی شوان بوو، یەکێك لە ئیشەکانی ئەوە بوو، تەپاڵە و شیاکە کۆ بکاتەوە و بیانکاتە ئاوردوو. کاتی خۆی ئەوەی زۆر پێ ناخۆش بوو، بۆیە شوشتنەوەی خوێنی وشکەڵاتوو، لەچاو ئەوە هەر هیچ نەبوو.

بەخۆی گوت: "ئەگەر قەسابەکە ئیشەکەمی بەدڵ بێ، لەوانەیە کاری دیکەشم پێ بدا."

قەسابەکە بە شوزیەی گوتبوو، ئەو مادە پاکژکەرەوەیە دەکار بێنێ، کە بۆنێکی زۆر ناخۆشیشی لێ دەهات. هەر بۆیە شوزیە شتێکی بە زەینیدا هات.

سەتاڵەکەی بردە حەوشە بچووکەکەی پشت دووکانەکە. دوایی جلەکانی داکەند و پاکوخاوێن خۆی شوشت و خێرا جلەکانیشی شوشت و جوان چۆڕاندنیەوە. ئەوجار لەبەری کردنەوە و بەجاسپەری گوت: "دەزانم تەڕن و زۆر سەیروسەمەرەم، بەڵام وشك دەبنەوە. ئێستا کە خاوێن بوومەتەوە، بەشکم یەکێك کارم پێ بکا."

ئیتر خێرا دەستی کردەوە بە پاکوخاوێنی.

که قەسابەکە گەڕاوە، گوتی: "دیارە ئاوێکت بەخۆشتدا کردووە."

کە سەیری کارەکەی شوزیەی کرد، سەرێکی لەقاند و لە ساردوگەرمەکەی دووکان چایەکی بۆ تێ کرد. دوای ئەوە، ئاماژەی بەو لەتە نانە کرد، کە لە ڕۆژنامەیەکی نابوو. گوتی: "پاروە نانێکیش بخۆ."

شوزیە نانەکەی نیوە کرد و لەتێکی دا بە جاسپەر. جاسپەر دەسبەجێ هەمووی خوارد و بۆنی بە عەرزەکەوە کرد بۆ ئەوەی بزانێ شتێك ماوە یان نا.

شوزیە پێی گوت: "بەشکم دیسان هەبێ."

جاسپەریش کلکەسووتەی کرد.

لەگەڵ تەواوبوونی کارەکە، جلەکانی بە هەوا گەرمەکەی بەیانی تۆزێك کزر ببوونەوە. لە قەسابەکەی پرسی: "ئەمڕۆش کارت هەیە؟"

ـ ئەمڕۆ نا. ئەمڕۆ دووکان تەعتیلە. نە بارمان بۆ دێ و نە کڕیاریش. کارەکەت باش کرد. لەوانەیە دیسان کارم هەبێ بۆت.

کە دیتی شوزیە لەخۆشیان گەش بووەتەوە، گوتی: "دەڵێم لەوانەیە. بچۆ سەگەکەت بێنە با هەقی ماندووبوونەکەتت بدەمێ."

کە شوزیە جاسپەری هێنا، کابرای قەساب دراوێکی دە ڕۆپیەی لە پارەکەی گیرفانی دەرهێنا و تۆزێك ڕاوەستا و دە ڕۆپییەیەکی دیکەشی دەرهێنا و گوتی: " نانەکەی دیکەش بەرە."

شوزیە نانەکەی هەڵگرت و پێشانی جاسپەری دا و گوتی: "سەیرکە سێ نانە. ئەمڕۆ وەك شا نانی دەخۆین. بەشی سبەینێش دەمێنێتەوە. تازە گەیشتوومە شاری، پارەشم هەیە و نانیش و جلەکانیشم خاوێنن. لەوە باشتر نابێ."

بەڵام نە ئەو ڕۆژە و نە ڕۆژی دواتری، شانسی نەبوو. بۆ سبەینێ، سۆلەکانی دڕان. بە بەنێکی باریك هەڵیبەستنەوە، بەڵام هەر دانێك خۆیان ڕاگرت و لینگێکیان لە سەر شۆستەکە بەجێ ما و تەنیا بەنەکە بە لاقییەوە مایەوە. تۆزێکیش بە شەلەشەل ڕۆیشت. تۆزێك دواتر کە سەیری لاقە خوێناوییەکەی خۆی کرد، گوتی: "ئاوا ناتوانم بە ڕێیەدا بڕۆم."

ماوەیەکی زۆر لە شەقامەکە دانیشت و بیری کردەوە بزانێ ئاخۆ چیی لەدەست دێ.

دەمەدەمی ئێوارە بوو، کە فرۆشیارێکی گەڕۆك، بە عارەبانەیەکی پڕ لە سۆل و پێڵاوی لاستیکییەوە پەیدا بوو. شوزیە بەخۆی گوت: "لە ئاسمانێی لێ دەگەڕام."

بانگی کابرای کرد. لە حاڵێکدا قاچی لەسەر عەرزە سوورەوەبووەکە دەبرژایەوە، بە پارێزەوە لێی چووە پێشێ و پرسیی: "جووتێك سۆل بە چەندە؟"

فرۆشیار نرخێکی گوت، زۆر زیاتر بوو لەو پارەیەی پێی بوو. شوزیە بە قوڕگی پڕ لە گریانەوە گوتی: "دراوەکەم بەشم ناکا."

قاچە رووتەکەی دەبرژایەوە، بۆیە ناچار بوو بە هەنگڵەشەلێ بڕوا.

فرۆشیارەکە تۆزێکی سەیر کرد و دوای سەروبن کردنی سۆلەکان، لینگە سۆلێکی قاوەیی و لینگێکی کەسکی بۆ دۆزییەوە و گوتی: بزانە ئەوانە بۆ پێت دەبن؟"

شوزیە پرسیی: "ئەی باشە بۆ لینگاولنگن؟"

کابرا گوتی: "ئاخر خەڵکی وا هەن، هەر قاچێکیان هەیە و تایەکیان دەوێ."

ـ بە چەندیان دەفرۆشی؟

ـ چەندت پێیە؟

شوزیە هەموو پارەکەی پێشان دا. فرۆشیارەکە گوتی: "باشە، تەواوە."

هەمووی لێ وەرگرت.

شوزیە ئەمجارە سۆلی لەپێ بوو. بەڵام پارەی پێ نەبوو. کابرا دەڕۆیشت و لێی دوور دەکەوتەوە و ئەویش بەدەم سەیرکردنیەوە، بە جاسپەری گوت: "هەمووی خەتای مامۆستا ویرایە. ئەگەر ئەو سۆلانەی بەڵێنی دابوو بمداتێ، دابایمێ،... "

قسەکەی خۆی خواردەوە. چونکە پێی وابوو، لۆمەکردنی مامۆستا ویرا، هەر کات بەفیڕۆدانە و هیچی دی. بەرپرسی مەکۆی بێوەژنەکان پارەیەکی نەبوو، بیدا بە شتی وەك سۆل...

لە جاسپەری پرسی: "چ لەوانە بکەین؟"

سۆلە دڕاوەکانی بەرز کردەوە و نیشانی دا و ئاخری ساغ بۆوە، کە هەر لەوێ، لە دەم شەقامەکە جێیان بێڵێ و بڕوا. هێشتا چەند هەنگاوێك دوور نەکەوتبۆوە، سەیری کرد، کابرایەك بەپەلە سۆلەکانی هەڵگرتەوە.

گوتی، ئەریٚ خۆزگە هەڵمگرتبایەن، نا؟

چەند شەوی یەکەم، کە لە پیشاوەر بوو، هەر شەوەی لە شوێنێك دەنوست. شەوانە شارەکە هەر بێدەنگ نەدەبوو. بەردەوام دەنگی تەقە و شەڕ و هاڕەی سەیارە دەهات. دەنگی وەك گریان و پێکەنینیش دەهاتن. دەنگی واش، کە نە دەکرا بڵێی گریانە و نە پێکەنینیش.

ئەو خەڵکەی بە بەردەمیدا رادەبردن، یان هەر سەیریشیان نەدەکرد، یان چاویان تێدەبڕی. جاری واش هەبوو، زبڵ و زاڵیان پێدا دەکرد. شوزیە پێی وابوو، چونکە نایبینن، وای لیٚ دەکەن، بەڵام کە چەند جاران پاتە بۆوە، هەر بڕوای نەدەکرد.

هەفتەیەك پتر بوو لە پیشاوەر بوو. رۆژێکیان شوزیە لە شەقامێکی چۆڵ، شوێنێکی لە نێوان دوو بنیادا دۆزییەوە، کە بۆ خەوتن لەبار بوو. ئەویٚ وەك تاقێك وابوو و جێی دوو کەسی دەبۆوە. بە جاسپەری گوت: "ئێرە ماڵێکی باشە بۆ ئێمە."

لە نێو کۆگا زبڵەکەی ئەولاترەوە، کارتۆنێکی دۆزییەوە و لێکی کردەوە و لە سەر عەرزە چیمەنتۆیەکەی تاقەکەدا رایخست و لەسەری دانیشت بزانیٚ ئاخۆ لەبارە یان نا. ئەمجار بە جاسپەری ـ کە ببووە شەریکی شوێنە خەوەکەی و کلکەسووتەی دەکرد ـ گوت: "لە هەموو خەڵکی ئەم شارە ئاسوودەتر دەنووین."

لەو رۆژە بەدواوە پتر بە شوێن کاردا دەگەڕا. تووشی کاری جۆراوجۆر دەبوو، کە هەندێکیان بە چەند رۆژان و هەندێکیش هەر بە چەند سەعاتێك تەواو دەبوون. لە دووکانێکی قوماش فرۆشیدا، کە قوماشە رەنگاوڕەنگەکانی وەك کۆلکەزێڕینەیەك لە سەر شۆستەکەوە هەڵواسیبوو و وەك دارستانێکی رەنگاوڕەنگی لیٚ کردبوو، دەستی کرد بە هێنان و بردنی قوماشەکان و لێکردنەوەی قۆپچە و خڕکردنەوەیان لە دەفری جیاجیادا.

چەند جارێکی دیکەش دووکانی قەسابەکەی خاوێن کردەوە. رۆژێکیش سەلکی مەڕەکانی لە سەر سەکۆی پێش دەرگاکە بۆ ریز کرد. ئەو رۆژە، قەسابەکە ئێسقانێکی گەورە و باشی بە جاسپەر دا. جگە لەوەش، شوزیەی بە دووکاندارێك ناساند و رۆژێکی دیکەش توانیی کار بکا.

بەڵام دەچووە هەر جێیەك، پۆل پۆل منداڵی بچووکی دەدی، کە بە توورەکەی لایلۆنیی شینەوە لە زبڵ و زاڵەکاندا دەگەڕێن.

به جاسپەری گوت: "ئەگەر ناچار بم، ئەو کارەش دەکەم. بەڵام نازانم لەوە چەندەم پارە دەست دەکەوێ."

چەند رۆژێکیش کاری بۆ قاوەچییەکە کرد و لەبری شاگردەکەی، کە نەخۆش کەوتبوو، چای بۆ ئەملا و ئەولا برد. هەر ئەو کارەی لە کابول کردبووی. لە کابول، سینیی چای ـ کە پەرداخی دەسکداری چیمکۆی لەسەر بوو ـ بۆ ئەملا و ئەولا دەبرد. دەیبرد بۆ ئەو فرۆشیارانەی نەیاندەتوانی بۆ چایەك کۆشکەڵەکەی خۆیان بەجێ بێڵن. شوزیە لەوە شارەزا بوو و دەیتوانی بەبێ ئەوەی دڵۆپە چایەك برێژێ، بەنێو رارەوە باریکەکانی بازارەکەدا را بکا و بێتەوە، بەڵام چای بۆ هەر دووکانێکیش دەبرد، داوای کاری لە دووکاندارەکە دەکرد. ئەوەش خاوێنکردنەوەی کۆگایەکی کەلوپەلی ماڵەوەی بەدوادا هات.

رۆژێکیان لەبری گەڕان لەکار، چووە وێستگەی شەمەندەفەر. لە پیاوە بلیت فرۆشەکەی پرسی: "لێرەوە شەمەندەفەر دەچێتە دەریا؟"

کابرا پرسیی: "دەتەوێ بچیتە کراچی؟"

شوزیە گوتی: "کراچی؟ ئەها تێگەیشتم. گرانە؟"

ـ بلیتی گەڕانەوەشت دەوێ؟

ـ نا. هەر بۆ چوون.

بلیت فرۆشەکە، نرخی بلیتەکەی پێ گوت. بەڵام زۆر لەوە زیاتر بوو، کە شوزیە خڕی کردبۆوە و لە گیرفانی نابوو. سوپاسی کابرای کرد و رۆیشت. چیی نەمابوو بگاتە شەقامەکە، چەند رێبوارێك داوایان لێ کرد کەلوپەلەکانیان بۆ هەڵگرێ، پارەی دەدەنێ.

دوای ئەوە، ئەو رۆژانەی ئیشی دەست نەدەکەوت، دەچووە وێستگەی شەمەندەفەرەکە و شتی بۆ خەڵك هەڵدەگرت. بەڵام باش نەبوو بەردەوام بچێتە ئەوێ. چونکە ئەو پیاوانەی لەوێ ئەم کارەیان دەکرد، راویان دەنا.

هەر ئەوەندەی بەس بوو. چونکە نەیدەتوانی لە وێستگەی شەمەندەفەرەکە بێ و سەیری ئەو خەڵکە بکا، کە سواری شەمەندەفەر دەبن و دەچنە سەفەر.

ئەی کەنگێ نۆرەی ئەو دەهات.

شەوێکیان بە جاسپەری گوت: "من لە حەمبالەکانی دیکە پارە کەمتر وەردەگرم، بەڵام رۆژێك یەکێکی دیکە دێ لەمنیش کەمتر وەرگرێ. ئەو کات ئیتر من کارم نامێنێ. کێشەکە ئەوەیە، حەمبالێش زۆر زۆرن. لێرە ئەفغانی زۆرن و هەمووش پارەیان پێویستە."

هەموو شەوێك چەند رۆپییەیەکی دەخستە سەر ئەو توورەکەیەی بە ملیدا کردبوو. هەر شەوەی تۆزێك لە دەریا نزیکتر دەبۆوە.

رۆژێکیان لە جامخانەی دووکانێکدا خۆی دی. قژی درێژ ببووەوە. دیسان خەریك بوو وەك کچان دەچوو. چووە لای سەرتاشێکی دەم شەقام. لەسەر کارتۆنێك دانیشت، کە کابرای دەلاك لەسەر عەرزە رەقەکەی دانابوو، بۆ ئەوەی جێی مشتەرییەکەی خۆشتر بێ. سندووقێکیشی لە تەنیشتییەوە دانابوو، کە مقەست و فلچە و مووس و ئاوێنەیەکی بچووکی تێدا بوو. کە لێ دەبۆوە، ئاوێنەکەی دەدایە مشتەرییەکانی سەیری خۆیان بکەن.

شوزیە گوتی: "سەرم بتاشە."

رێککەوتن بەچەند بۆی بتاشێ. تاشیبای باشتر بوو، چونکە تا ماوەیەکی زۆر کورتکردنەوەیانی لەکۆڵ دەبۆوە.

کابرای سەرتاش بەدەم تاشینی سەری شوزیەوە هەر بۆ گاڵتە گوتی، دەبێ تووکی جاسپەریش بتاشی. سوعبەتەکەی پێکەنینی نەبوو، بەڵام شوزیەی وا سەرقاڵ کرد، ئەوەندە خەفەتی تاشینی قژی نەخوات.

دوای تەواوبوونیشی، نەیویست سەیری ئاوێنە بکا. بەڵام هەستی کرد سەری زۆر فێنك بووە. بەڵێنی بەخۆی دا، هەر بگاتە فەرەنسا، قژی درێژ بکاتەوە.

بەو پارەیەی پەیدای دەکرد، هەموو شەوێ خواردنێکی دەکڕی و لەگەڵ جاسپەر بەشی دەکرد. لەو رۆژە تاڵانەدا کە داهاتێکی باشی نەدەبوو، هەر نانی دەکڕی. ئەگەر پارەی باشیشی دەست کەوتبایە، تاوێك سەیری فرۆشیارەکانی دەم شەقامی دەکرد، کە لە تاوەیەکی گەورەدا گۆشتی بەهارات لێدراویان سوور دەکردەوە و کولیچەبەگۆشتیان دروست دەکرد و ئەویش لێی دەکڕین و دەیخوارد. جاری وابوو ئەو میوەفرۆشەی کاری بۆ کردبوو، جگە لە مز و هەقدەستەکەی هەندێ

میوەشی دەدایێ و ئەو شەوەی دەکردە جێژن و خۆشی. جاسپەریش بەردەوام لە شەقام ملۆمۆی بوو و شتێکی بۆخۆی هەر دەدۆزییەوە بیخوا.

شەوانە کە تاریکدا دەهات، لەگەڵ جاسپەر دەچووەوە سەر تاقەکە و ئەوەندەی باسی دەریا بۆ دەکرد، هەتا هەردووکیان خەویان لێ دەکەوت. شوزیە زۆر تەنیا بوو، بەڵام ئەوەندە شەکەت و ماندوو بوو، کاتی وەی نەبوو بیر لەو شتانە بکاتەوە.

شەوێکیان بە دەنگی جاسپەر لەخەو راپەڕی. چاوی هەڵێنا و تیشکێکی تیژی دیت، رێك لە چاوی دابوو.

هەولّی دا هەستێ و دانیشێ. جاسپەر رێك بە ژوور سەرییەوە راوەستابوو و دەیمڕاند.

هەستی کرد دەستێك رایدەکێشێ. خۆی کێشایە دواوە. دەنگێکی پیاوانە و تووڕەی لە نێوان حەپەحەپی جاسپەردا گوێ لێ بوو. بەڵام هەر جارێکی پیاوەکان لێی دەچوونە پێشێ، جاسپەر کەلّپەی لێ گرِ دەکردنەوە و ئامبازیان دەبوو.

ئاخری پیاوەکان گوتیان: "دەچین چەك دێنین و بێدەنگت دەکەین. راوەستە."

ئەوجار پێکەنین و رۆیشتن. جاسپەر بۆنی بە شوزیەوە کرد و لە تەنیشتییەوە خەوت.

شوزیە چاوی بڕییە جاسپەر، بەڵام ئەوەندە دەترسا، بە حاستەم هەناسەی دەردەهات.

تۆزێك بە جاسپەری گوت: "دەبێ لێرە بڕۆین."

هەردووکیان کەوتنە رێ و لەو کۆڵانە چوونە دەر. شوزیە وا دەلەرزی، بە زەحمەت هەنگاوی دەنا. ئەو شەوە تا بەیانی هەر رۆیشتن و تووشی هەر کەس دەبوون، خۆیان دەبوارد و لایان دەدا.

## ٥

شوزیە و جاسپەر هەتا ڕۆژ بۆوە و وڵات ڕووناك بۆوە، هەر ڕۆیشتن. شەكەت و ماندوو، لەبەر دەرگای چەك فرۆشییەك بەلادا هاتن. دووكانێكی چەك فرۆشتن لە شەقامە سەرەكی و تازەكەی بازاڕی "سەددار" بوو. شوزیە ویستی هەتا خاوەن دووكانەكە نەهاتووە، تۆزێك لەوێ بنوێ، بەڵام لەو كاتەدا كابرا گەیشتێ.

شوزیە لە بێخەوی سەری هەڵنەدەهات. بەردەوام خۆی بە خەڵكیدا دەدا، یان لە چاڵ و قوڵكەكانی شۆشتەكەدا نسكۆی دەبرد و سەرەنگرێ دەبوو. جارێك ڕێك خۆی كۆشكێكی ڕۆژنامەفرۆشیدا كێشا. چیی نەمابوو، مێزەكە و هەموو ڕۆژنامەكانی سەری ئاوەژوو بكاتەوە. ڕۆژنامەفرۆشەكە بەسەریدا نەڕاند: "ئاگات لەبەر پێت بێ ڕۆڵە. " شەقێكی لە لاكەلەكەی جاسپەر هەڵدا و ئەویش پێی وەڕی. شوزیە سەگەكەی واوەهێنا. ئەوان ئەفغانیەكیان دی، كەلوپەلی كۆنەی دەفرۆشتەوە و لە دەرەوەی دووكانەكەی لەسەر یەك كەڵەكەی كردبوون. ئەویش تێیان خوڕی.

شوزیە بۆ هێوركردنەوەی جاسپەر داهاتەوە و گوتی: "ئێرەم پێ خۆش نیە."

ئەو دنیایە چیها بنیادەمی گەوەر و تووڕە و تۆسن و خراپی تێدا بوو. پێ خۆش نەبوو چاوی بە چاویان بكەوێ.

هەر وا ڕۆیشتن. شوزیە هەر ئەوەندەی دەویست لە شوێنێكی ئارام بحەوێتەوە و دانیشێ. بەڵام لە هەر كوێیەك دادەنیشت، دەریان دەكرد.

لە شەقامە سەرەكییەكە لای دا. بە كۆڵانە باریك و تاریكەكانی كۆنەبازاڕەكەدا ملی لێ نا. ئاخرییەكەی لەو سەری بازاڕەوە، گەیشتە ئاسنەڕێی شەمەندەفەر و دیسان تیشكی خۆرەتاو لێی داوە.

ئەوێش خەڵكێكی زۆری لێ بوو، بەڵام ئەوان پەرش و بڵاو بوون و وەك خەڵكی نێو دووكانەكان و دەرەوەی دووكانەكان خۆیان پێكەوە نەنووساندبوو. شوزیە هەستی كرد، لەوێ دەتوانێ تۆزێك بحەسێتەوە و بڕیاری دا بەخۆی و جاسپەرەوە، بە دەم ئاسنەڕێیەكەدا بڕوات.

مێگەلە مەڕ و بزنێکی قەڵەوقەڵەو، دەمیان لە گژ وگیایەکە نابوو. بنەماڵە ئەفغانیەکان لە دەم ئاسنەڕێیەکە کەپریان هەڵبەستبوو. دێوەرەیەکی پاکستانی، کە جلوبەرگی کۆنەی دەفرۆشتەوە، کراسی پەشمینە و بن شەلواری بەوێنەی میکی ماوسەوە پیێ بوو. شتێکی بۆ راخستبوون و خەریك بوو بڵاوی دەکردنەوە بۆ ئەوەی لەبەر چاوی مشتەری بن. هەواکەی تژی بوو لە دووکەڵی سەیارە و بۆنی پیسایی و ئەو ئاگرە بچووکانەی لێرە و لەویێ کرابوونەوە.

پۆلێك منداڵی ئەفغانی خەریکی هەڵدانەوەی زبڵ و زاڵ بوون و هەرکام لایلۆنێکی شینی گەورەیان بە دووی خۆیاندا دەکێشا. شوزیە تاوێك راەستا و سەیری کردن. جاسپەر کلکەسووتەی کرد و خۆی راپسکاند. شوزیە بەری دا بڕوا. جاسپەر بەرەو لای منداڵەکان چوو و کلکەسووتەی بۆ کردن بۆ ئەوەی منداڵەکان رووی بدەنێ.

شوزیە لەولاوە راوەستا، بۆ ئەوەی منداڵەکان، کە چوار کوڕ و کچۆڵەیەك بوون، تۆزێك لەگەڵ جاسپەر گەمە بکەن. کچۆڵەکە لە پێشدا لێی دەترسا، چونکە جاسپەر هێندەی باڵای ئەو دەبوو. بەڵام تۆزێك دواتر شوزیە دیتی ئەویش ناترسێ و ئیتر چووە لای منداڵەکان و گوتی: "ئەوە ناوی جاسپەرە. ناوێکی کۆنی فارسییە."

یەکێك لە منداڵەکانی پرسیی: "گەمەی خۆشیش دەزانێ."

ـ بەڵێ دەزانێ. سەگێکی زۆر زیرەکە. جاسپەر دانیشە.

شوزیە چەند گەمەیەکی جوان و سەرنجڕاکێشی جاسپەری پێشانیان دا. منداڵەکان لایلۆنەکانیان دانا و بە جاسپەرەوە خافڵان. ئەوان دارێکیان دوور داویشت، بۆ ئەوەی جاسپەر بچێ و بیهێنێتەوە.

دوو کوڕ، دیار بوو لە تەمەنی شوزیەدان، دووانیشیان بچووکتر و هەر وا هەشت نۆساڵانە بوون. شوزیە مەزەنەی ئەوەی کرد، کچەکەش دەبێ تەمەنی پێنج ساڵان بیێ. دوو کوڕە بچووکەکە پێخاوس بوون و شوزیە هەر پێی سەیر بوو، چۆن دەتوانن بە ڕێیەدا بڕۆن.

دەیەویست بزانێ ئەو منداڵانە لەو زبڵ و زاڵەدا لە چی دەگەڕێن. هەر بۆیە یەکێك لە لایلۆنەکانی کردەوە بۆ ئەوەی سەیری بکا.

یەکێك لە کوڕە گەورەکان پاڵێکی پێوەنا و دووری خستەوە و گوتی: "ئەوەی هیی منە. دەتویست بیدزی؟"

شوزیە بەپشتدا کەوت و وردە چەوەکان لە بەری دەستی رۆچوون.

جاسپەر دەسبەجێ هاتەوە لای و بە کوڕەکە وەڕی. شوزیە گوتی: "نەمدەویست بیدزم. هەر ویستم بزانم چ کۆ دەکەنەوە."

بە جاسپەری گوت لەسەر خۆ بە.

کە هەستاوە، جاسپەر ئینجا هێور بۆوە و لە حەپە کەوت. کچە بچووکەکە لە جاسپەر چووە پێشێ، جاسپەر کلکی راوەشاند.

ئەو کوڕەی پاڵی پێوە نابوو، پرسیی: "تا ئێستا زبڵ و زاڵت کۆ نەکردووەتەوە؟"

شوزیە بە تووڕەییەوە جلەکانی تەکاند و گوتی: "من هیچ لە زبڵ کۆکەرەوان دەچم؟ من کار دەکەم."

ـ چ کارێك؟

ـ کارێکی باش و خاوێن.

ـ ئەی بۆ ناچی کارەکەت بکەی؟ بۆچی هاتووی شتەکانی ئێمە بدزی؟

شوزیە شەقێکی لە توورەکە زبڵەکەی هەڵدا و گوتی: "خۆ ئەوە چیی وای تێدا نیە شیاوی دزین بێ."

کوڕە توورەکەکەی هەڵگرت و یەك بە یەك شتەکانی هێنا دەرێ و لە بەرچاوی شوزیە رایوەشاندن و گوتی: "ئەی ئەوانە چن؟"

سێ دەفری پلاستیکی، هەندێ رۆژنامە و دوو قوتووی بچووکی بەتاڵ بوون.

ـ تۆ لەوانە باشتر دەدۆزییەوە؟

شوزیە گوتی: "با بزانین."

کوڕەکەی دی گوتی: "ئەو زبلانە هیی ئێمەن. بۆ بیاندەین بە تۆ."

شوزیە گوتی: "ئەو سەگەی من، سەگی مێگەلە. هەر کەس بیەوێ ئەزیەتمان بکا، دەیگرێ."

ئەوکوڕەی پاڵی پێوە نابوو، دەموچاوی شین و مۆر ببۆوە. دیار بوو تازە شەڕێکی کردووە. ئەو گوتی: "سەگی مێگەل. پێوەی دیار نیە زۆریش دڕ بێ."

کەچی تۆزێکیشی لێ کشاوە.

شوزیە گوتی: "ئەگەر ناترسی، لێی بچۆ پێشێ و دەستی بۆ بەرە."

ـ باشە دەچم.

کوڕە داهاتەوە و دەستی بۆ برد. جاسپەر مڕاندی و کوڕە کشاوە.

شوزیە دەستی لە سەر شانی کوڕە دانا و گوتی: "چ نیە جاسپەر."

بەکوڕەی گوت: "لێی بچۆ پێشێ. ئەمجارە دەتناسێ و دەزانێ برادەری منی و ئەزیەتم نادەی."

کوڕە چووە پێشێ و جاسپەر بۆنی پێوە کرد.

شوزیە گوتی: "دوێ شەوێ لە کۆلانێك خەوتبووم، چەند کەسێك بۆم هاتن، بەلام جاسپەر پێیان وەڕی و راوی نان. "

کچۆڵەکە پرسیی: "ئاگای لە ئێمەش دەبێ. "

ـ ئەی چۆن ئاگای لێتان نابێ؟ زۆریشی پێ خۆشە. نا جاسپەر؟

جاسپەر کلکی وا راوەشاند کەلێی دەخست.

کوڕە دەموچاو سوورهەڵگەڕاوەکە، گوتی: "من ناوم زوهیرە. ئەوانەش ئەعزەم و یوسف و غولام. ئەو کچەش ناوی لۆلیە."

شوزیە ناوە کوڕانەکەی خۆی پێ گوتن: "منیش ناوم شەفیقە."

زوهیر گوتی: "منیش کوڕێك دەناسم، کە هەر وا بردیان. ماوەیك رایانگرت و هەندێ شتیان لە زگی دەرهێنا و بەریان دا."

شوزیە پرسی: "هێشتاش زیندووە؟"

زوهیر گوتی: "ماوەیەك ژیا."

یوسفیش گوتی: "دواییش مرد."

زوهیر گوتی: "باشە ئەگەر پێت خۆشە وەرە ناو توورەکەکەم بگەڕێ."

شوزیە سەیری کارتۆن و رۆژنامە و دەفر و فوتوویەکانی نێو توورەکەکەی کرد.

زوهیر گوتی: "ئەوانە بە کابرایەکی زبڵفرۆش دەفرۆشینەوە."

غولام گوتی: "بەڵام هەمیشەش نایفرۆشین. ئەو شتانەی بۆ سووتاندنیٚ دەبن، دەیانبەینەوە بۆ چێشت لێنان."

شوزیە پرسیی: "بنەماڵەشتان هەیە؟"

یوسف گوتی: "غولام و لۆلی لە گەڵ ماڵی مامیان دەژین. ئێمەش ماڵی خۆمان هەیە."

شوزیە گوتی: "منیش هەر وا. جا ئەوە چەندەی پارە تێدایە؟"

زوهیر گوتی: "لەوانەیە پێنج رۆپیە. لەوانەشە دە رۆپیە. تۆش ئەگەر پێت خۆشە لەگەڵمان وەرە."

منداڵەکان وەشوێن کاری خۆیان کەوتنەوە. شوزیە کە دەیزانی بەخت و شانس رووی تیٚ کردووە و کارێکی دۆزیوەتەوە، کەوتە گەڵ منداڵان و دەستی کرد بە هەڵدانەوە و سەروبنکردنی زبڵەکان. لۆلی خەریکی خواردنی بیسکویتێك بوو، کە لە نێو زبڵ و زاڵەکەدا دۆزیبوویەوە. ئەو کە دیتی شوزیە بە لاق زبڵەکان لادەدا، گوتی: "ئاوا نابیٚ، دەبیٚ بە دەست کار بکەی."

جا پیێشانی شوزیەی دا، کە چۆن زبڵ و زاڵەکە هەڵداتەوە و ئەو شتانەی لەوانەیە لەوێدا بن، هەڵگرێتەوە.

زبڵەکان بۆگەنیان لیٚ دەهات، بەڵام شوزیە پێی تێك نەدەچوو. هەرچۆنێك بیٚ، ماوەیەك لە نێو مەڕ و ماڵاتدا ژیابوو. خۆ مێش و مەگەزیشی چەندی بلێی دیتبوو.

زبڵەکانی لادا و یەك بە یەك شتی نێو لایلۆنەکانی هەڵڕشتەوە. ئەو رۆژنامە و کوتەکاغەزانەی دۆزینیەوە، خستنیە نێو توورەکەیەکەوە. بڕیاری دا سبەینیٚ بە دوای کارێکی باشدا بگەڕیٚ، بەڵام حەزی لیٚ بوو، ئەو رۆژە لەگەڵ منداڵەکان بیٚ.

جاسپەر بە بۆنە تیژەکەی، زۆر شارەزای بۆنکردن و دۆزینەوە بوو، بەڵام شوزیەش لەو نەدەمایەوە. ئەو جگە لە رۆژنامە و چەند لەتە داری سندووقە شکاوێك، قووتوو بەهاراتێکی بەتاڵ و سندووقێکی بسکوێتی سوێریشی دۆزییەوە، کە چەند بسکوێتێکیشی تێدا بوو.

هەرای کرد: "ورەن، هەندیٚ خواردنم دۆزییەوە."

ئەوەندەی یەك و دوو، بەرەوپشت بەسەر زبڵەکەدا کەوت. زوهێر سندووقە بسکوێتەکەی هەڵێنا و گوتی: "هەموو خواردنەکە هیی خۆمە."

شوزیەش هەم برسیی بوو و هەمیش لە ملهوڕی و زۆرداری خەڵك وەگیان هاتبوو. بەبێ ئەوەی بیر بکاتەوە، خۆی بە زوهێردا دا. هەردوکیان لە زبڵەکەدا گەوزین و لێکیان دا. جاسپەریش لە دەوریان هەڵدەبەزی و دەوەڕی. منداڵەکانی دیکەش دەستیان کرد بە خواردنی بسکوێتەکان.

شەڕەکەی شوزیە و زوهێر بڕایەوە و لێك بوونەوە، بەبێ ئەوەی یەکێکیان بەزیبێ. هەردووکیان لەسەر زبڵەکە دانیشتن، خۆیان تەکاند و چاویان لە یەك بڕی.

شوزیە بە تووڕەییەوە گوتی: "جارێکی دیکە نەتبینم شت لە من بستێنی؟"

زوهێریش بە تووڕەییەوە وەڵامی داوە: "ئەوەندە بزانە، من لێرە سەرۆکم."

بسکوێتەکە نەمابوو. منداڵەکان لێك بوونەوە و دیسان دەستیان کردەوە بە هەڵدانەوەی زبڵەکان.

بەرەبەری ئێوارێ، یەکێك لە منداڵە بچووکەکان، پەتێکی درێژی دۆزییەوە. سەری پەتەکەی لە توورەکە پلاستیکییەکەی بەست و رای کردە نێو زەوییە بەیارەکەی تەنیشت ئاسنەڕێیەکە. توورەکەکە بەشوێنیدا، بەسەر زبڵ و زاڵەکەدا و بەسەر ئەو خەڵکەدا کە خانووەکانیان لە نێو زبڵەکەدا دروست کردبوو، وەك باڵندەیەك فڕی.

شوزیە ئەو دیمەنەی زۆر پێ جوان بوو.

خۆر داکشابوو، کە لۆلی چووە لای جاسپەر و گوتی: "ئیتر ئێمە دەبێ بڕۆین."

شوزیە چاوی لێ بوو لۆلی دەستی براکەی گرت. براکەشی زبڵەکانی خۆی و ئەویشی بەکۆڵیدا دا و پێکەوە رۆیشتن. ئەوانی دیکەش توورەکەکانیان بەکۆڵیاندا دا و هەر کامە و بەلایەکدا رۆیشتن.

زوهێر بە دەنگی بەرز گوتی: "تۆش دێی، یان کاری گرنگترت هەیە بیکەی؟"

شوزیە بە پێکەنینی کوڕەکانی دیکەدا بیری لەوە کردەوە، کە لەسەر خۆی بکاتەوە، بەڵام پاشگەز بۆوە. سەیرێکی جاسپەری کرد، کە خۆی گرمۆڵە کردبوو و بەتەما بوو غار بدا و خۆی بگەیەنێتە کوڕەکان.

ئەو شەوە هەتا درەنگان، منداڵەکان وەك شێت، رایان دەکرد و زبڵ و زاڵی جۆراوجۆریان لە توورەکەکانیان دەئاخنی. ئەوان تووشی هەر کەس دەبوون، داوای پارەیان لێ دەکرد.

هەر جارێکی خەڵکیش بە ترسەوە رایان دەکرد، ئەوان پێیان پێدەکەنین. شوزیە ماوەیەك لەگەڵ منداڵەکان گەڕا. ئەو وەك ئەوان هەرای نەدەکرد، بەڵام دڵی بەوە خۆش بوو، هاواڵی هەیە.

درەنگانی شەوێ گەیشتنە هۆتێلێکی تازە و گەورە. ئەوەندە جوان بوو، شوزیە پشووی سوار بوو.

پرسیی: "ئەوە کۆشکە؟"

لەگەڵ مندالچەکان لە دەوەنەکاندا خۆیان شاردەوەز لەوبەری شەقامەکەوە بینایەکی سپی و زۆر گەورە نوقمی رووناکی بوو. ترۆمبێلەکان بە ریزێکی دووررودرێژدا کە هەردوو بەری پڕ بوو لە گوڵدانی خڕ و گەورەی پڕ لە گوڵی رەنگاوڕەنگ، دەڕۆیشتن. پیاوێك بە یۆنیفۆرمێکی گران و سەنگینەوە، لە بەر دەرگاکە ئیشکی دەگرت.

زوهیر گوتی: "هۆتێلە. تۆ نازانی هۆتێل چییە؟"

شوزیە بە درۆ گوتی: "چۆن نازانم. بەڵام ئەفغانستان شوێنی ئاوای لێ نەبوو. ئێمە بۆ هاتووینە ئێرە؟"

ئەوان لەسەر بەردەچنەکە ئەژنۆیان دادابوو. بەردەکانی لە ئەژنۆی شوزیە رۆدەچوون.

زوهیر گوتی: "چراکانی نێو ئەو هۆڵە دەبینی؟" دەستی بۆ هۆڵێکی باریك و درێژ راداشت، کە لە دەرەوەی بیناکەوە بوو.

ـ ئەوە دیارە ئەمشەو میوانیەکی گەورە دەدرێ.

ـ من هێشتا تێناگەم.

زوهیر کە لەداخی تێنەگەیشتنەکەی ئەو دابوویە لاساری، ئاخێکی هەڵکێشا و گوتی: "هاتووین پاشماوەی خواردنەکە هەڵگرینەوە. بۆ تۆ برسیت نیە؟"

منداڵ توورەکە زبڵەکانیان لە نێو دارەکاندا بەجێ هێشت و بەپەلە بەرەو دەرگاکەی پشتەوەی بیناکە رایان کرد. شوزیە گوێی لە تەق و کوتی قاپ و قاچاخە شووشەیەکان و خوڕەی ئاوەکە بوو. دەرگای چێشتخانە کرابۆوە و بۆنی چێشت دەهات. لە برسان دڵی خاو ببۆوە.

زۆری نەبرد، کرێکاری چێشتخانە، لە دەرگاکەی پشت هۆتێلەوە سەتڵە زبڵەکانیان هێنا دەرێ و بەپەلەپەل سەتڵە زبڵەکانیان بردە ئەو دیوی پەرژینەکان و بەردیان لەسەر دانان.

شوزیە پرسی: "ئەوە بۆ وایان لێ دەکەن؟"

ـ بۆ ئەوەی ئێمە دەستمان نەیانگاتێ، بەڵام ئێمە لەوان زیرەکترین.

کرێکاری چێشتخانە گەڕانەوە نێو بیناکە. شوزیە و کوڕەکان بە کۆمەکۆم بەرەو سەتڵەکان چوون. بەڵام شوزیە ئەوەندەی ئەژنۆی لەسەر بەردەچنەکە دادابوو، قاچی دێشان و دەشەلی. جاسەر ڕێك لە نێوەڕاستی منداڵەکانەوە دەڕۆیشت، دیارە ئەوەندەش زیرەك بوو، دەنگی نەیە.

منداڵ بەبێدەنگی بەردی سەر زارکی سەتڵەکانیان لابرد. شوزیەش یارمەتیی دان، بۆ ئەوەی لەسەرخۆ سەتڵەکان بخوون بکەنەوە.

منداڵەکان لایلۆنی پاشماوەی میوانیەکەیان دڕاندن. دوایی کلێنکسە پیسەکان و زبڵەکانیان لادا، هەتا برنجە ساردەکە و ئێسکە مریشکەکان کە هەندێ گۆشتیان پێوە مابوو، دەرکەوتن.

شوزیە گوشەکانی لە ئێسقانەکان جوێ کردەوە و دای بە جاسپەر. جاسپەریش بە بۆنکردنە تیژەکەی، زۆر خواردنی دیکەی دۆزییەوە و خواردنی.

خواردن زۆر و زەوەند بوو و شوزیە پێ ڕانەدەگەیشت بخوا. ئەوێ پڕ بوو لە پارچە گۆشتی مەڕ و کولیچەبەگۆشت و پەتاتەی سوورکراوەی خۆش. ئەو هەموانی ڕەزگ زاری دەنا*. بە دەستێك دەیخوارد و بە دەستەکەی دیکە خەریك بوو نێو زبڵەکە دەگەڕا بەشکم شتی دیکە بدۆزێتەوە. تەنانەت کە دیتی سووتووی جگەرەکەش کەوتووەتە نێو هەندێك برنج و سپیناخەوە، ئەوەندەیەی جوێ کردەوە و ڕشتی و باقیەکەی خوارد.

لە دەوروپشتی، هەر دەنگی مڵچەمڵچی زاری برادەرەکانی دەهات.

ـ هۆی، بڕۆن ملتان بشکێنن، ئەگینا تەلەفۆن دەکەین بۆ پۆلیس.

کرێکاری چێشتخانەکە، لە پشت دەرگای هۆتێلەکەوە هاتبوون و بەسەریاندا دەنەڕاندن. شوزیە هات برا بکا، بەڵام منداڵەکانی دیکە، بە هاتوهاوار وەڵامیان دانەوە. ئەوان ئێسقان و زبڵ و زاڵەکەی دیکەشیان هەڵدەگرت و لە کرێکارەکانیان دەگرتن. جاسپەر دەوەڕی و زبڵ و زاڵ

---

* ڕەزگ زار نان: واتە ئاخنینە ناو زار. پەستاوتنە ناو زارەوە. ئەوە بۆ جنێویش بەکار دێ. یەکێك بە یەکێك دەڵێ: "هەی ڕەزگت نێم. "

دەهاوێژران. شوزیە مستێك پاشماوەی خواردنیشی هەڵگرت و کەوتە گەڵ منداڵەکان. کرێکار دەستیان کردبووە قەڵغانی دەموچاویان، بۆ ئەوەی پاشماوەی خواردنەکەیان وێنەکەوێ. شوزیە پێکەنین گرتی.

لەگەڵ هاویشتنی زبڵ و زاڵ و نەڕاندن، کوڵی دڵی خۆی هەڵڕشت و باری سووك بوو. نەیدەزانی دوایین جار کەی ئاوا هاواری کردووە. کە شوان بوو، نەدەبوایە دەنگ هەڵێنێ، چونکە مێگەل دەڕەوییەوە. لە کابولیش خۆ نەیدەتوانی دەنگ بەرز بکاتەوە، چونکە کەرێتی بوو، سەرنجی خەڵکی دی بەرەو لای خۆی راکێشێ. نەشدەبوو ئیزن بدات تاڵیبان لێی بچنە پێش و بزانن کچە. بەڵام لێرە دەیتوانی هەرا بکا. هەر واشی کرد و زۆریشی پێ خۆش بوو.

کرێکار ماوەیەك بزر بوون. دوایی بە سەرە قابڵەمەو تاوەوە هاتنە دەرێ. شوزیە پاسەوانەکانیشی دی، کە چۆن بە چەکەوە بەرەو لایان دێن.

منداڵ بڵاوەیان کرد و بەر لەوەی دەستی گەورەکانیان بگاتێ، لەوێ دوور کەوتنەوە. کە دیسان هەموو وڵات ئارام بۆوە، گەڕانەوە و بێدەنگ توورەکە زبڵەکانیان هەڵگرت و ئیتر رۆیشتن، بەشکم شوێنێك بۆ نوستن بدۆزنەوە.

شوزیە ئەو شەوە لای منداڵەکان مایەوە. هەمووان لەسەر پلیکانە بۆگەنەکان لە تەنیشت یەکەوە نوستن. جاسپەریش ئاگای لێیان بوو.

## ٦

شوزیە لە نێو دالانی فرۆشگایەکدا راوەستابوو، کە هەر دەوڵەمەندان شتیان لێ دەکڕی. پەنجەکانی سووك و بەسپایی بەسەر بەستە جوانەکاندا دەکێشا. کێك، بسکویتی خامەدار، گۆشت، پەنیر و... لەمەوبەر قەت خواردنی ئاوا باش و جوانی نەدیتبوو.

زۆر زۆریش بوون. یانی خاوەنەکەی پێی ناخۆش نەدەبوو، چەند بەستەیەکیان لێ هەڵگرێ؟ دەی خۆ ئەو هەمووەی هەبوو.

دەستی بۆ دوو قوتی برد، کە وێنەی ماسییان بە پشتەوە بوو. زاری ئاوی کرد. زۆر ئاسان بوو هەڵیگرێ و بیخاتە جانتاکەیەوە.

ـ ئەوە دیسان تۆی.

دەستێکی بەهێز، وەك پەنجەی باز نێو شانی گرت. قوتووە ماسییەکە لە دەستی شوزیە بەربۆوە و بە عەرزەکەدا خلۆر بۆوە.

ـ ئەمڕۆ ئەوە چوارەمین جارە ناچار دەبم بە شەق بتخەمە دەرەوە. جارێکی دیکە بەئێرەدا بێیەوە، بانگی پۆلیس دەکەم.

فرۆشەرەکە پاڵێکی وای بە شوزیەوە نا و فڕێی دا دەرەوە، شوزیە لەسەر شۆستەکە وەعەرزی کەوت و دەسبەجێ گەرما بەتینەکەی پیشاوەری هەست پێ کرد. نێو فرۆشگاکە ئەوەندە فێنك و خۆش بوو، هەر دەتگوت لە کوێستانیە.

بە حاڵەحاڵ هەستایەوە. ئەوەندە تووڕە بوو، هەر ئاگای لە دادڕووشانی دەست و ئەژنۆکانی نەبوو. غیرەتی نایە بەرخۆی و چۆوە نزیك دەرگای فرۆشگاکە راوەستا، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێ، کاتی هاتنەدەرەوە و چوونەژوورەوەی دەوڵەمەندەکان، تۆزە فێنکاییەکی بۆ بێ.

جاسپەر لە بن سێبەرێکی باریکی لای فرۆشگاکەوە وەرکەوتبوو و ئەوەندەی گەرما بوو، کە شوزیەیان ئاوا لە فرۆشگاکە فڕێ دا دەرەوە، هەر حەپەیەکیشی لێوە نەهات.

شوزیە نەیدەتوانی لەبەر سێبەرەکە راوەستێ، چونکە هاتبوو سواڵێ بکا و دەبوو لەسەر رێی خەڵکەکە بێ.

کابرایەك لە فرۆشگاکە دەهاتە دەرێ. شوزیە پێی گوت: "کاکە چەند رۆپیەیەکم دەدەیەی؟"

بەڵام هەر چاویشی لە دەستی رادێراوی شوزیە نەکرد و رۆیشت. تاوێك دواتر ژنێك هاتە دەرێ و دراوێکی دوو رۆپیەی گرمۆڵەکراوی لە دەستی نا. شوزیە ئەو رۆژە بەو دوو رۆپیەیەوە شەش رۆپیەی پەیدا کردبوو.

بە جاسپەری گوت: "زۆرم رق لەو ئیشەیە. من پێم خۆش نیە لەگەڵ ئەو خەڵکە باش بم، کە ئەوەندەم بۆ خراپن. هیچ حەز ناکەم داوای شتێکیان لێ بکەم. ئەمجار هەر کەس بێتە دەرەوە چیی پارەی پێیەتی لێی دەرفێنم و رادەکەم. بەڵێ، ئەگەر خۆیان نەمدەنێ، خۆم لێیان دەستێنم."

جاسپەر کە دیار بوو هیچ گوێی پێی نەدەبزووت، بە چاوی زەقەوە سەیرێکی کرد. پێشتریش گوێی لەو قسانە ببوو.

شوزیە بە دیمەنی ئەو بەستە جوان و خۆشانەی لە قەفەزەکاندا ریز کرابوون، سەرسام ببوو. ئەو خەڵکەی شتیان لەم جۆرە شوێنانە دەکڕی، دیارە دەوڵەمەند و خواپێداو بوون. بەڵام ئەو خەڵکەی ئاوا دەوڵەمەندن و ئەو هەمووە پارەیەیان هەیە، بۆچی وا لەچەر بوون و دراوێکیان بەو نەدەدا؟

دیار بوو دەوڵەمەندەکان لە هەژارەکان دەست و دڵاواتر نەبوون.

شوزیە جگە لە سواڵکردن، داوای کاریشی لە خەڵکەکە دەکرد، بەڵام کەس کارێکی پێ نەدەسپارد. ئەو بۆخۆشی کارکردنی لە سواڵ پێ باشتر بوو، چونکە هەستی دەکرد، بە سواڵەکە سووك دەبێ.

ژن و پیاوێك بە دوو کوڕیژگەوە و بە جلوبەرگی رۆژاواییەوە لە ترۆمبێلێکی سپی دابەزین و بە نێوەڕاستی پارکینگەکەدا تێپەڕین و بەرەو فرۆشگاکە چوون. شوزیە کە دیتنی، دەستی پان کردەوە.

بەڵام مندالەکان بە غاردان چوونە لای جاسپەر و گوتیان: "سەیری ئەوە... "

جاسپەر دەسبەجێ هەستا و کلکی بۆ راوەشاندن.

کابرا گوتی: "ئاگاتان لەخۆتان بێ. ئەو سەگە ناتانناسێ. "

شوزیە زانیی ئەوان بە ئینگلیزی قسە دەکەن. بەو چەند وشەیە ئینگلیزییەی لە قوتابخانە هەر فێریان بوو و هێشتا لەبیری نەچووبۆوە، گوتی: "ناوی جاسپەرە."

دایك و باوکی منداڵەکان هەوڵیاندا منداڵەکانیان بەرنە نێو فرۆشگاکەوە، کە شوزیە گوتی: "من بە شوێن کاردا دەگەڕێم."

دەستیشی پان کردەوە بەشکم پارەیەکی بدەنێ.

ژنە لە سەر خۆ گوتی: "ئینگلیزییەکی باش دەزانی. " دراوێکی دە رۆپیەی دەرهێنا و لە مستی شوزیەی نا. ئەو خێزانە کە لە فرۆشگاکە هاتنە دەرەوە، دیسان منداڵەکانیان بەغاردان چوونەوە لای جاسپەر.

یەکێکیان پرسیی: "دایکە دەکرێ لەگەڵ خۆمان بیبەینەوە؟"

ژنە گوتی: "ئەوە سەگی ئەو کوڕەیە."

کورپێژگەکە لچی شۆڕ کردەوە و ئەوەندە لە نزیك جاسپەرەوە راوەستا، کە جاسپەر تۆزێکی لێ کشاوە.

کابرا دراوێکی دە رۆپیەیی دیکەشی دا بە شوزیە و گوتی: "ئەوەش بۆ خواردنی سەگەکەت. "

ئیتر هەمووان سواری ترۆمبێلەکەیان بوون و رۆیشتن.

شوزیە ئەو رۆژە هەتا ئێوارێ لە پشت دەرگای فرۆشگاکە راوەستا، بەڵام هەر چەند رۆپیەیەکی دیکەی دەست کەوت. کالْباسێکی کڕی و لەگەڵ جاسپەر خواردی. دوای ئەوە چۆوە لای کوڕەکانی دی.

منداڵەکان لە گۆڕستانی مەسیحییەکاندا دانیشتبوون. ئەوێ بە رۆژ سێبەر و فێنك بوو و گژ و گیایەکەشی بۆ خەوی شەوانە فێنك و خۆش بوو. لە کێلی گۆڕەکانەوە دیار بوو، زۆربەیان سەربازی بەریتانی بوونە و بە دەستی هیندییەکان کوژرابوون. بەڵام شوزیە نە دەیزانی لە چ شەڕێکدا کوژراون و نە بۆشی گرنگ بوو.

زوهیر پرسیی: "ئەمڕۆ چۆن بووی؟"

شوزیە بوخچەی نانەکەی هەڵێنا، بەڵام باسی ئەوەندە دراوەی نەکرد، کە وەریگرتبوو.

یەکێك لە منداڵەکان چەند پرتەقاڵێکی هێنابوو. لە عارەبانەی پیرەپیاوێك دزیبوونی. پێکەوە پرتەقاڵەکانیان خوارد.

زوهیر فەرمانی بە منداڵەکان دا، لەمەودوا زیاتر شتی خواردن بێنن، بەڵام هیچی بە شوزیە نەگوت.

کوڕیژگەیەك، کە لەو بەری پەرژینەکانی گۆڕستانەکەوە راوەستابوو و توورەکەی زبڵەکەی لە بەر پێی دانابوو، گوتی: "سڵاو، دەکرێ منیش بێمە لاتان؟"

زوهیر چووە لای و گوتی: "بۆ ناکرێ. وەرە ئەم بەرە."

شوزیە لێی روون بوو ئاخرییەکەی چیی لێ دێتەوە.

زوهیر گوتی: "لە پێشدا توورەکەکەت بهاوێ ئەم بەرە، بۆ ئەوەی ئاسانتر سەرکەوی."

کوڕە لەسەر پەرژینەکانەوە توورەکەکەی دایە دەست زوهیر. کەچی هەر گەیشتە سەر پەرژینە ئاسنەکان، زوهیر پاڵێکی پێوە نا. کوڕە چەند جارێکی دیکەش ویستی وەسەر کەوێ، بەڵام ئاخرییەکەی زانیی زبڵەکانی لەکیس چووە و ئیتر هیچی پێ ناکرێ.

منداڵەکان بۆ زبڵە دزراوەکە تێك بەربوون. بەڵام شوزیە نە خۆی تێکەڵ کردن و نە توانیشی لەسەر ئەو کوڕە بکاتەوە کە لێی درا. ئەو لە زوهیر نەدەترسا، پێشی خۆش نەبوو لەسەر کەس بکاتەوە و کەس هۆگری خۆی بکا. چونکە وای کردبا، نەدەگەیشتە دەریا.

کە هاواڵەکانی لە نێو کێلەکاندا حەوانەوە و خەوتن، لەسەرخۆ بە جاسپەری گوت: "وەك چۆن من ئاگام لەخۆمە، ئەویش دەبێ ئاگای لەخۆی بێ."

هەموو رۆژێ لە گۆڕستانەکە دەچووە دەرێ. جار جار جاسپەریشی لەگەڵ خۆی دەبرد، بەڵام زۆربەی جاران لە سێبەرەکەی تەنیشت حەوزی شێرەئاوەکەی دەرەوەی ئەو کۆنە گۆڕستانە بەجێی دەهێشت و خۆی وەشوێن کار دەکەوت، یان بە خۆڕایی سواری شتێك دەبوو، یان بەپێیان دەچووە بازاڕ و شوێنەکانی دیکەی شار.

ئەوەندە بە کۆڵان و شەقامی پیشاوەردا گەڕابوو، کە زۆری نەبرد، هەموو شارەکەی وەك بەری دەستی دەزانی. ئیتر دەیزانی لە کام گەڕەك کاری زیاتر دەست دەکەوێ و لە کوێ دەتوانێ خۆی

بشوا یان ئاوێك بخواتەوە. زانیی رۆژانە لە چ پارکێك دەتوانێ سەرخەوێك بشکێنێ و کام پارك پاسەوانی لێیە و ناهێڵێ هەر چاویشی گەرم بکا دەیکاتە دەرەوە.

ئەگەر رۆژێك شانسی هەبوایە، کارێکی دەدۆزییەوە، دەنا سواڵی دەکرد. وردە وردە هەموو رۆژێ رۆپییەکانی نێو توورەکەکەی پتر دەبوون.

شەوێکیان کە هەر خۆی و جاسپەر لە گۆڕستانەکە بوون، گوتی: "لە دەریا نزیکتر بووینەتەوە."

ئیتر توورەکە دراوەکەی پێشان ئەویش دا. جاسپەر بۆنێکی پێوە کرد و کلکی راوەشاند. بەر لەوەی بچێتەوە لای منداڵەکان، دیسان دراوەکەی لە توورەکەکەی کردەوە و لە بن باخەڵێدا شاردییەوە.

بە جاسپەری گوت: "خۆ ئێمە ئەو منداڵانە ناناسین. دەزانین برسی و رەشورووتن و بنیادەمی برسییش بۆ متمانە نابێ. ئەگەر بزانن من پارەم هەیە، هەمووم لێ دەدزن. وەك چۆن منیش لەوان دەدزم. دەی، بەشکم لێیان بدزم."

جارجار کوڕی دیکەشیان تێکەڵ دەبوون یان لەگەڵیان دەچوونە دەرێ. شوزیە تەنانەت ناوی هەمووشیانی نەدەزانی. هیچ کەس زۆری باسی خۆی نەدەکرد. هەمووان پێیان ناخۆش بوو باسی هەندێ شت بکەن.

شوزیە ئیتر دەیتوانی، بە زمانی دەری و پەشتوون و ئۆردوو و پاکستانی و ئینگلیزییش بڵێ: "خێرێکم پێ بکەن. ". ئەگەرچی لە سواڵ بێزار بوو، بەڵام رۆژانی یەك شەممە بایی ئەوەی دەبوو بچێتە رستورانتی چیف بەرگەر لە شەقامی جەمروود. رستورانتی چیف بەرگەر، کەوتبووە لای زانکۆی شارەوە و زیاتر بیانیەکان لەوێ دەژیان. خەڵك لە دەرەوەی رستورانتەکە رادەوەستان و لە دەلاقەیەکەوە داوای خواردنیان دەکرد. هەتا خواردنیشیان بۆ دەهات، خۆیان بە گەمە و هەڵبەز و دابەزینەکانی جاسپەرەوە دەخافڵاند.

خاوەنی رستورانتەکەش کەیفی زۆر بە جاسپەر دەهات. جار جار هەندێ قیمەی بۆ داویشت و دەیگوت: "قەیناکا، ئەمڕۆ تۆزێ کەمتر گۆشت لە خواردنی مشتەرییەکانم دەکەم. ئەگەر بشزانن، تازە کار لە کار ترازاوە و من پارەی خۆمم وەرگرتووە."

شوزیە زۆری پێ خۆش دەبوو، کە دەیدی جاسپەر تێر دەبێ. خۆشی زۆری حەز لەو خواردنانە بوو، بەڵام نە داوای دەکرد و نە خاوەن رستورانتەکەش هیچی پێ دەدا.

رۆژانی یەك شەمە پارەی باشی دەست دەکەوت، بەڵام نەیدەزانی لە سۆنگەی خواردنەکانی ئەو رستورانتەوەیە یان گەمە خۆشەکانی جاسپەر، یان لە سایەی کلێسەکەی نزیك ئەوێوە. جاری وابوو داهاتی سواڵکردنەکەی لە کارکردنیش پتر بوو.

ئەوەی دەهاتنە ئەوێ، زۆربەی مشتەریی هەمیشەیی رستورانتەکە بوون، کە شوزیە دەیناسین و ئەوانیش شوزیە یان جاسپەریان لەبیر بوو. زۆربەیان لە پێشدا لە جاسپەریان دەپرسی.

هەمیشەش بە ئاواتەوە بوو جگە لە پارە، هەندێکیشی پیتزا بدەنێ بۆ ئەوەی بزانێ چ تامە. بەڵام قەت وا رێك نەکەوت. تەنانەت ئەوانەی هەموو رۆژێش دەیاندی، هەر وەك ئەو ژن و مێردەی بۆ یەکەم جار لە ترۆمبێلە سپیەکەیان دابەزیبوون و لەبەر دەرگای فرۆشگاکە دیتبوویان، هیچ خواردنیان نەدەدایێ.

منداڵەکانی ئەوان جاسپەریان زۆر خۆش دەویست و هەمیشە بە زۆری و بە گریانەوە لە جاسپەریان دوور دەخستنەوە و دەیانبردنەوەماڵێ.

رۆژێکیان شوزیە بە پیاوێك گوت: "تکایە پارەیەکم بدەیە."

کابراگوتی: "تۆ پارەت پێویستە؟"

شوزیە بەخۆی گوت: "بە خوا ئەو بنیادەمانە پرسیاری قۆڕ دەکەن."

بە ئەدەبەوە دەستی برد و وەڵامی داوە: "بەڵێ پارەم پێویستە. لە کاریش دەگەڕێم. "

کابرا دراوێکی سەد رۆپیەی دایێ.

شوزیە ئەوەندەی پێ سەیر بوو، وەخت بوو چاوی دەرپەڕن. تا ئێستا لە ژیانیدا دراوی ئەوەندە جوانی بەدەستەوە نەگرتبوو.

کابرا گوتی: "لەگەڵ من وەرە. کاریشم هەیە بۆت. پارەی پترت وەدەست دەکەوێ."

شوزیە گوتی: "مەمنوون. من زۆر بە باشی کارت بۆ دەکەم. جاسپەر وەرە با بڕۆین."

داهاتەوە و قەڵادەکەی جاسپەری گرت.

بەڵام کابرا دەستی شوزیەی گرت و رایکێشا و گوتی: "لە سەگەکەت گەڕێ با لێرە بێ."

جاسپەر مراندی. شوزیە داهاتەوە بۆ ئەوەی هێوری بکاتەوە. بەڵام کابرا زۆر توندتر بە شۆستەکەدا ئەوی بەرەو شەقامەکە و ئەو شوێنە راکێشا، کە ترۆمبێلەکەی لێ راگرتبوو.

شوزیە گوتی: "راوەستن. تۆزێ راوەستە با جاسپەر هێور بکەمەوە."

کابرا رانەوەستا، بگرە توندتریش رایکێشا.

شوزیە قیژاندی: "بۆ ئەزیەتم دەدەی؟"

جاسپەر کە زانی شوزیە نارەحەتە، پەلاماری کابرای دا، بەڵام پیاوەکە شوزیەی بەر نەدا.

شوزیە خۆی رادەپسکاند و هەرای دەکرد: "نا، بەرم دە لەگەڵت نایەم. "

خەڵکێکی زۆر لەوێ کۆ بوونەوە و پۆلیسیش خۆی گەیاندێ.

ئەو پۆلیسەی هاتبووە پێشەوە، پرسیی: "ئەوە چ باسە؟"

کابرا گوتی: "ئەو کورە دزیی لێ کردووم. سەد رۆپیەی لێ دزیوم."

شوزیە هاواری کرد: "من نەمدزیوە. خۆی دایمێ. دەیەویست بمباتە نێو سەیارەکەی، من نەمویست لەگەڵی بچم."

پیاوەکە گوتی: "بیگەڕێن، بزانن سەد رۆپیەکەی منی لە گیرفانیدایە یان نا."

شوزیە پێی خۆش نەبوو بیگەڕێن، چون لەوانە بوو ئەو پارەیەی پێیەتی هەمووی بدۆزنەوە. دراوەکەی لە گیرفانی دەرهێنا و بۆی راداشت و گوتی: "ها بتدەمەوە."

یەکێك لە پۆلیسەکان دراوەکەی لێ وەرگرت و گوتی: "ئەوەش بەڵگە."

شوزیەیان گرت. جاسپەر وەك شێتان وەڕی و خۆی بە پۆلیسەکە دادا.

شوزیە زیراندی و خۆی راپسکاند بۆ ئەوەی خۆی قوتار بکا. بەڵام پۆلیسەکان، کە گەورەتر و بەهێزتر بوون، خستیانە دواوەی ترۆمبێلەکەیان.

ئەو لە جامە بچووکەکەی ترۆمبێلەکەوە چاوی لێ بوو، کە یەکێك لە پۆلیسەکان شەقێکی توندی لە جاسپەر دا. ئیتر ترۆمبێلەکە کەوتە رێ و جاسپەری لە چاو ون بوو.

له بنکەی پۆلیس پاسەوانەکە ئاماژەی بە سەر مێزەکە کرد و گوتی: "گیرفانەکانت هەڵڕێژە. "
شوزیە سەیرێکی دەوروبەری خۆی و ئەوانی نێو ژوورەکەی کرد. کۆمەڵێك پیاو، کە لە پشت مێزی گەورەگەورە دانیشتبوون و چایان دەخواردەوە سەیریان دەکرد. بە ژوور سەریەوە بادەوەیەك دەسوورا، بەڵام کەس بە دەنگییەوە نەهات. لەو ژوورەدا هەر ئەو منداڵ بوو. بۆیە لەچاو ئەوانی دی خۆی زۆر پێ بچووك بوو.

دیسان ئەو قسەیەی کردەوە، کە لە کاتی گیرانیدا کردبووی: "من هیچم نەکردووە."

پاسەوانەکە هەمدیس گوتی: "گیرفانەکانت بەتاڵ بکە. خۆت بەتاڵیان بکە ئەگینا خۆمان هەڵیاندەڕێژین."

شوزیە بە دەستی لەرزۆك، ئەو ژەند ڕۆپیەیەی ئەوێ ڕۆژێ بە سواڵ پەیدای کردبوو، لە گیرفانی دەرهێنان و لەسەر مێزەکەی دانان.

پاسەوانەکە، وێنەکەی ئەوی ـ هەر ئەو وێنەگۆڤارەی پڕ بوو لە گوڵی ئەرەستۆخدووس ـ کردەوە و سەیرێکی کرد و دەستاو دەست دای بە ئەوانی دەوروپشتی و دیسان وەریگرتەوە و دایەوە.

گوتی: "دەکرێ ئەوە لای خۆت بێ."

دوای ئەوە چاوی بە بەنەکەی ملی شوزیە کەوت و پرسیی: "ئەوە چییە بە ملتەوە؟"

شوزیە وای نواند گوێی لە قسەکەی نەبووە، بەڵام بێ سوود بوو. پۆلیسەکە دەستی برد و توورەکە دراوەکەی گرت و لە ملی دەرهێنا. ئەوجار زارکی توورەکەکەی کردەوە و هەرچی پارەی تێیدا بوو، لە بەردەمی خۆی هەڵیڕشت.

شوزیە سەیرێکی دراوەکانی کرد. هەموو ئەو دراوانەی بە خوێنی دڵ پەیدای کردبوون و دەیەویست بەوانە خۆی بگەیەنێتە دەریا.

پاسەوانەکە دراوەکانی بە دەست ماشتەوە* و لە چەکمەجەکەی پێش خۆی کردن و لەبەر چاوی نەهێشت.

شوزیە گوڕاندی: "ئەوانە هیی منن."

*ماشتنەوە: ڕامالین. گەسکدان. کۆکردنەوە.

ـ چی هیی تۆن؟
ـ هەر ئەو پارەیەی هەڵتگرت. ئەوە هیی منە.
ـ کوڕێکی وەك تۆ ئەو هەمووە پارەیەی لەکوێ بوو؟ دیارە دزیوتە.
شوزیە ویستی خۆی بەسەر مێزەکەدا بدا و پارەکەی وەرگرێتەوە، بەڵام زۆر بەرز بوو. پۆلیسەکان زۆر زل و زەبەلاح بوون و پیلیان گرت و هەڵیانگرت. تاوێك دواتر لە ژوورێکدا خۆی دیتەوە. بەسەر شتێکی نەرمدا کەوت. دەسبەجێ هەستاوە و پەرژینەئاسنەکانی زیندانەکەی گرت و هەوڵی دا بە زۆری بەنێوانیاندا بێتە دەرێ.
هەرای کرد: "ئێوە بۆتان نیە دراوەکەم لێ بستێنن. هەقی ماندووبوونی خۆمە. هیی خۆمە. "
یەکێك لە پاسەوانەکان تۆزێك لەولای دەستییەوە باتۆمەکەی لە پەرژینە ئاسنەکە کوتا. شوزیە کشاوە.
ـ بێدەنگ بە، ئەگینا ئەمشەو خواردنت نادەینێ.
پاسەوانەکە خەریك بوو دەڕۆیشت، کە شوزیە هەرای کرد: "من پارەی خۆمم دەوێتەوە."
دەنگێك لە دواوەی گوتی: "بیبڕەوە دەی. مەنەڕێنە. ئاوا تووڕەتریان دەکەی."
شوزیە ئاوڕی داوە. ژوورەکە پڕ بوو لە کوڕ، زۆربەشیان لەو گەورەتر بوون. هەندێکیشیان دیار بوو هامەتەمەنی خۆی یان تۆزێك بچووکتر بوون. هەموو لەسەر عەرزەکە دانیشتبوون و سەیری ئەویان دەکرد. شوزیە هەروا بە شەق لە پەرژینەئاسنەکانی دەدا. گوتی: "با تووڕە بن. ئەوان منیان تووڕە کردووە. بۆچی من نیگەرانی تووڕەبوونیان بم؟"
ـ ئاخر تۆڵەکەی لە ئێمە دەکەنەوە.

کەوابوو دانیشە و بێدەنگ بە، ئەگینا خۆمان بێدەنگت دەکەین.

شوزیە لەسەر عەرزەکە تخێڵ بوو. کوڕەکان ناچار خۆیان تۆزێك ۆ کردەوە، بۆ ئەوەی جێی بکەن.
شوزیە لەسەرخۆ گوتی: "من پارەکەمم دەوێتەوە. " ئیتر ئەژنۆی لە باوەش گرت بۆ ئەوەی پێش بە لەرزینی خۆی بگرێ و نەشهێڵێ گریانەکەی بپژێ.
یەکێك لە کوڕەکان گوتی: "هیچ بەڵگەت هەیە بیسەلمێنی پارەکەتیان لێ ستاندووی؟"
یەکی دی پرسیی: "کەست هەیە بێ و بیسەلمێنێ تۆ پارەت هەبووە؟"

شوزیە گوتی: "پارەکەی خۆم وەردەگرمەوە."
بەڵام چەند کەسێکیان پێی پێکەنین.
شوزیە بەخۆی گوت: "ئەوانە منیان نەناسیوە. پێم پێدەکەنن، چونکە نازانن من چەندە لاسار و کەللەڕەقم."
ڕۆژ بەرەو ئێوارە دەکشا و تووڕەیی و ئازارەکەی شوزیە دەبووە نیگەرانی و وەڕەزی. سروشتی بوو لەو ژوورەدا نیگەران و ناڕەحەت بێ. ئەوێ زۆر گەرم بوو. هەواگۆڕی نەبوو.
حەزی لێ بوو ڕاکشێ یان لانیکەم پاڵ بە شوێنێکەوە بدات و لاقی ڕاکێشێ. بەڵام لەسەر ئەو عەرزە چیمەنتۆیەی ژوورەکە، ئەوەندەی کوڕی دیکە لێ بوو، جێی نەدەبۆوە. زۆری نەبرد، لاقی تەزین و پشتی کەوتە ژان.
بۆنی جەستەی پیس و شتی پیسی دیکەش لە ژوورەکە گەڕابوو. خەریك بوو پشووی سوار بێ. پێی سەیر بوو ئەوانی دیکە چۆن خۆ رادەگرن.
بەخۆی گوت: "لەوانەیە ئەوەندە لێرە ماونەتەوە ڕاهاتوون. هەر وەك چۆن منیش لەگەڵ بۆنی مەڕەکان ڕاهاتبووم."
هیوای بەوە بوو، ئەو زۆر لەوێدا نەمێنێتەوە.
سەرەتا، بە هەر دەنگێکی لە دەرەوەڕا هاتبا، ڕادەچەنی. زەنگی تەلەفۆن یان دەنگی پێی پاسەوانەکانی گوێ لێ بوایە، قیت دەبۆوە.
یەکێك لە کوڕەکان پێی گوت: "بێ خەم بە، بۆ هیچ کوێت نابەن."
ـ چووزانی؟
ـ هەر کەس دێتە ئێرە، هەر لێرە دەمێنێتەوە. کە منیان گرت، تەمەنم شەش ساڵانە بوو. ئێستا سەیرم بکە، چیی نەماوە ریشم بێ.
ئەوانی دی پێکەنین. شوزیە پێی وابوو سوعبەت دەکەن. شوانەکانیش جار جار گاڵتەیان پێ دەکرد. ئەوان گاڵتەیان پێ دەکرد لەبەر ئەوەی دەستوپێ سپیلکە و دەستەوستان بوو. جاری واش بوو، کە بەرانەکان لە پشتەوەڕا لێیان دەدا و ئەوانیش پێی پێدەکەنین.
زۆری گوێ نەدانێ. چونکە ئەو منداڵانە هیچی دیکەیان نەبوو پێی پێ بکەنن. لەسەر هەست بوو، نەکا لە روخساریدا ئاسەواری ترس بەدی بکەن. تووڕەبوون قەیناکا، بەڵام ترس خەتەر بوو.
ئەو کوڕەی لە تەنیشتییەوە بوو، لەسەرخۆ گوتی: "ئەگەر بنەماڵەکەت پارە بێنن، لەوانەیە ئازادت بکەن. تا هەتایە لێرە نامێنیەوە. گوێیان مەدەیە."

ـ هیچ بۆم گرنگ نیە. یەکەم جارم نیە دەکەومە زیندان.

یەکێك لە کوڕە گەورەکان گوتی: "جا خۆ تۆ ئەوەندە بەتەمەن نی، کە زۆر شتت کردبێ."

دیسان هەموویان پێکەنین.

شوزیە لە کوڕەکەی تەنیشت خۆیەوە پرسی: "لە کەیەوە لێرەی؟"

ئەو جووڵەیەکی کرد و دەستی بۆ هەندێ هێڵی سەر دیوارەکە راداشت. ئەوجار گوتی: "ئەو نیشانانە هیی منن. هەر نیشانەیەك هیی شەوێکە."

دیوارەکە زۆری هێڵ و نیشانە پێوە بوو، هەندێکیان هی کوڕەکە بوون. شوزیە هێڵەکانی ژمارد. کوڕە سێ مانگ بوو لە زیندانێدا بوو. زۆری حەز لێ نەبوو هێڵەکانی دی بژمێرێ.

کوڕە بە سەرکزییەوە گوتی: "من کەسم نیە. دیارە لێرە نیمە. لە ئەفغانستانن. لێرە کار دەکەم و پارە پەیدا دەکەم، بۆ ئەوەی بتوانم لە ئەفغانستان بچمە دەرێ. بەڵام ئەوە کەوتوومەتە زیندانەوە. پۆلیس بەڵگەی لێم دەوێ. بەڵگەیەکیشم نیە. ماڵەکەم بۆردومان کراوە. بەڵگە لەکوێ بێنم؟ کەواتە دەبێ هەر لێرەدا بم."

یەکێك لەو کوڕە گەورەکان بۆڵاندی و گوتی: "دیسان خەریکی گوتنەوەی ئەو هەقایەتەی. چەند جار ناچار بین گوێی بدەینێ. ئێمەش لە تۆ باشتر نین."

کوڕەی تەنیشت شوزیە سەبرێ گوتی: "هەموومان ئەفغانین. کوڕە پاکستانیەکان دەبەنە ژوورێکی دی. بنەماڵەی تۆ لە پیشاوەرن؟"

شوزیە هیچی نەگوت. بە زۆری پێشی گریانەکەی خۆی گرتبوو.

تازە تێگەیشتبوو کەسی نیە تەلەفۆن بۆ بنکەی پۆلیس بکا و سەر و سۆراغێکی بکا. کەسی نەبوو لەبەر ئەو پووڵ بدا بە پۆلیس و بەری بدا. تەنانەت کەسیش نەیدەزانی لێرەدایە."

خۆی هێنایە پێش چاوی، کە هێڵی لەسەر دیوارەکە دەکێشا. هێڵی بێ بڕانەوەی ئەو دیوارەکەیان هەموو داگرتبوو و ئیتر هێڵەکانی دیکەشیان داپۆشیبوو.

چۆن دەیتوانی لەوەها شوێنێکی تەسك و تاریکدا بمێنێتەوە، کە نە شوێنێکی بۆ راکردن هەبوو، نە رێگایەك بچێتەوە سەر دەریا؟ ئەو بەشی هەرە زۆری ژیانی لە شوێنی کراوەدا ژیابوو و چەندی حەزی لێ بوایە دەڕۆیشت. بەڵام دەتگوت میچەکە لەسەر سەری ئەو راوەستاوە. چۆن لەوێدا تاقەتی دێنا؟

تەنانەت بیرلێکردنەوەشی تاقەتپڕووکێن بوو. هەوڵی دا لەبری بیرکردنەوە لەو مەسەلەیە، بیر لە جاسپەر بکاتەوە. نیگەرانی سەگەکەی بوایە، ئاسانتر بوو لەوەی نیگەرانی خۆی بێ. تاوێك دواتر پرسیی: "ئێرە ئاودەستی نیە؟"

کوڕێك پەنجەی بۆ پشت ژوورەکە راداشت، کە تیغەی دیوارێك لە ژوورەکەی دابڕیبوو.

ـ بۆنەکەیت بۆ نایە؟

شوزیە لە حالێکدا بە نێو کوڕەکاندا رادەبرد، هیوای بەوە بوو، کە دەچێتە ئەوێ، شوێنێکی تایبەتی دەست بکەوێ کە هەر خۆی لەوێ بێ. بەڵام ئاودەستەکە ئەوەندە پیس بوو، بۆگەنەکەی مێشکی سەری دەبرد. بەخۆی گوت، مەڕ و ماڵات لەوانە خاوێنترن. چەند ساتێك پتر خۆی لەوێدا رانەگرت.

پاسەوانێك بە سینیەکی پڕ لە پەرداخی چیمکۆ و نۆردووە نانێکەوە هات و گوتی: "ئەوەش نانی شەوتان."

کوڕەکان وەك ئەو سەگە برسیانەی لە کابولدا زۆر زۆر بوون، پەلاماری خواردنەکەیان دا. ئەوان پاڵیان بە یەکترەوە نا، بۆ ئەوەی نانیان دەست بکەوێ. پاسەوانەکە پێکەنی.

شوزیە هەر چاویشی لە خواردنەکە نەکرد. پاسەوانەکە دەرگای ژوورەکەی دانەخستبۆوە. ئەوەندەی یەك و دوو شوزیە هەستا و خۆی گەیاندە بەر دەرگاکە، بەڵام پاسەوانەکە پێشی گرت و گوتی: "پێت وایە دەتوانی بڕۆی؟"

شوزیە کە خۆی لە دەستی رادەپسکاند، نەڕاندی: "من نابێ لێرە بم. من هیچم نەکردووە."

پاسەوانەکە پاڵی پێوەناوە بۆ نێو ژووریێ و گوتی: "بگەڕێوە ژووریێ."

شوزیە بەسەر سینیە چایەکەدا کەوت و ئەو پەرداخانەی هێشتا کەس هەڵی نەگرتبوون، بەملاولادا بلاو بوونەوە. ئیتر دەرگای ژوورەکە توند پێکدا درا و داخرا.

یەکێك لە کوڕەکان لە قەبرغەی کوتا و گوتی: "تۆ چای من و برادەرەکەشمت رشت. لەمەودوا دەبێ چایەکەی خۆمان بدەیەی و تۆڵەی بکەیەوە."

شوزیە بە تووڕەییەوە وەڵامی داوە: "من هیچت نادەمێ."

کوڕە گوتی: "مەیدە، جا بزانە لەکۆڵت دەبمەوە؟"

شوزیە چۆوە ئەو شوێنەی پێشتر لێی دانیشتبوو. ئەو نە نانی بەش مابوو، نە پەرداخە چایەك.

کوڕەکەی تەنیشتی گوتی: "وەرە. من نانەکەمت لەگەڵ بەش دەکەم. " ئیتر نانەکەی لەت کرد و لەتێکی بۆ راداشت.

شوزیە باش دەیزانی قەبووڵکردنی ئەو چاکەیە، بەو مانایەی، کە دەبێ دوایی تۆڵەی بۆ بکاتەوە و لە لایەکیشەوە ئەگەر وا بکا، خۆی کەم کردووەتەوە. بۆیە، هەر شانێکی لێ هەڵتەکاند. ئەگەرچی برسیشی بوو، بەڵام برسێتی لەچاو کێشەکانی دیکە هەر هیچ نەبوو.

کوڕەی تەنیشتی بە لێواری پەرداخەکە هێڵێکی دیکەشی لەسەر دیوارەکە کێشا. ئەوانی دیکەش لە هێماکانی خۆیانیان زیاد کرد. هەر ئەو کوڕە بە شوزیەی گوت: "یەکیش بۆ تۆ دەکێشم. " ئیتر لەو شوێنەی هیچی لێ نەکێشرابوو، هێڵێکیشی بۆ ئەو کێشا.

شوزیە چاوێکی لێ کرد و رووی وەرگێڕا.

کە پاسەوانەکە هاتەوە بۆ کۆکردنەوەی پەرداخەکان، چراکەی ژوور سەریشیانی کوژاندەوە. ئەوجار بە پێکەنینێکی گاڵتەجاڕانەوە گوتی: "خەونی خۆش ببینن، کوڕینە."

ژوورەکە قەرەباڵغ بوو. منداڵەکان چەندی توانیان راکشان. شوزیەش هەر وای کرد، بەڵام یەکێك لە کوڕەکان دەستی کرد بە ئاخ و داخ و ناڵینی پەیتاپەیتا و مێشك بەر. شوزیە قیت بۆوە و دانیشت.

یەکێك پێی گوت: "جا ئێستا سەریشی بە دیواردا دەکێشێ."

ئەو کوڕەی دەیناڵاند، تەکانێکی لەخۆی دا و سەری بە دیوارەکەدا دا.

ـ کە چراکان داییسێن، باشە، بەڵام کەیفی بە تاریکایی نایە و ئەوە ئیشی هەموو شەوێتی. تۆش وەك ئێمە لەگەڵی رادێی.

کوڕێکی دی گوتی: "چەند رۆژێکی دیکە تۆش وەك ئەوت لێ دێ."

بەدوای ئەو قسەیەدا چەند کەس قاقایان کێشا.

شوزیە ماوەیەك سەیری کوڕەی کرد و دیسان راکشاوە. کێچ بە گوێزینگ و سەر و ملیانەوە دەدا. کۆڵوانەکەی لە دەوری خۆی ئاڵاند، بەشکم لە کۆڵ خۆیان بکاتەوە. بەڵام تاوێك دواتر گەرماکە تینی بۆ هێنا و ناچاری کرد لەخۆی بکاتەوە.

دەتگوت ئەو شەوە نابڕێتەوە و رۆژ نابێتەوە. هەندێ لە منداڵەکان هاواریان دەکرد. کێچ لە پێوەدان نەدەبوونەوە. شوزیە لە ترس و پەرۆشییان خەوی لێ نەدەکەوت. هەوڵی دەدا دڵی خۆی بداتەوە، کە هەموو شتێ چاك دەبێ. پۆلیس هەڵەکەی خۆی لێ روون دەبێتەوە و بەیانی زوو بەری دەدەن.

بەڵام لە ناخی دڵی خۆیدا بڕوای بەو قسانە نەبوو. بیستبووی لە زیندانەکانی ئەفغانستاندا خەڵك شوێنبزر دەبن. لەوانەیە لە پاکستانیش هەر وا بێ.

زۆری بیری جاسپەر کردبوو. دڵی گیرابوو، کە ناتوانێ ببینێ و گوێی لە دەنگی هەناسەکانی بێ.

یانی هەر لێرە دەمێنێتەوە و شێت دەبێ؟ یانی ئەقڵی تێك دەچێ و بۆ تاهەتایە تیشکی خۆر لێی ناداتەوە و لەو زیندانەدا دەبێ؟ لە ئەفغانستان گەلێك شێتی دیتبوون، کە رۆژ بە رۆژ پتر تێك دەچوون و شێتتر دەبوون.

چاوی بڕییە ئەو کوڕەی لە تەنیشتییەوە نوستبوو. سەیری سینگی کرد، کە پڕ دەبوو لە هەوا و بەتاڵ دەبۆوە.

چاوی لێك نا و وای هێنایە پێش چاوی خۆی، ئەوە جاسپەرە.

ئاخری خەوی لێ کەوت.

زیندان بەرچاییەکەشی هەر نان و چا بوو. شوزیە دەسبەجێ پڕی دا بەشەکەی خۆی و بەر لەوەی ئەو کوڕەی مشتومڕی لەگەڵ کردبوو، چایەکەی لێ بستێنێ، هەڵیقوڕاند. بەڵام تینوویێتییەکەی نەشکاند.

هەر ئەو کوڕە بە بۆڵەبۆڵ گوتی: "ئەوە هی من بوو."

شوزیە گوتی: "دەبێ تۆزێ راوەستی تا میز دەکەم، جا هەڵیگرەوە."

ئەوانی دی پێکەنین. بەڵام ئەمجارە بە شوزیە پێنەدەکەنین. کوڕە ئامبازی شوزیە بوو، لەو کاتەدا پاسەوانەکە هاتە بەردەرگای ژوورەکە و گوتی: "ئامادە بن بۆ حەمام."

هەموو کوڕەکان قیت بوونەوە. کوڕەی تەنیشت شوزیە گوتی: "ئاوەکەی ساردە. بەڵام دەحەسێینەوە پێی. سووك دەبین. کە دەچینە دەرێ، دێن و ئاودەستەکە بە سۆندە جوان دەشۆنەوە. هەموو شتێك لە پێشووی باشتر دەبێ. جا دەشیبینی."

شوزیە تۆقیبوو. لێی سوور بوو، لەوێ حەمامی تایبەتی لێ نەبوو. خۆ ئەو نەیدەتوانی لەبەر چاوی ئەو هەمووە کوڕە رووت بێتەوە. دەنا هەموو دەیانزانی ئەو کچە.

ئەوەندە ترسابوو، هەر زەندەقی چووبوو.

کوڕەکانی دیکە تاسەبارانە بە پەرژینە ئاسنەکەوە نووسابوون، بۆ ئەوەی یەکەم کەس بن، کە دەچنە حەمام. ئەوان بە کوڵ و کۆوە پاڵیان بە یەکترەوە دەنا و بە مست لێکیان دەدا. شوزیە رێی دان بێن و برۆن. ئەو لەوسەری ژوورەکەوە بەتەنیا مایەوە و لە جێی خۆی نەبزووت.

لەبەر خۆیەوە بیری کردەوە و گوتی: ئەگەر تین و تاقەتی شان و باهۆی باشی بوایە، دەیتوانی بە نێوان پەرژینە ئاسنەکاندا بڕوات و خۆی رزگار بکا.

پاسەوانەکە، باتۆمەکەی لە پەرژینەکان دا و نەڕاندی: "ئەو کوڕەی دوێنێ هاتووە، بێتە پێشێ."

هەمووان هەرایان کرد: "منم، من دوێنێ هاتووم."

شوزیە لە نێو هاتوهەراکەدا گوێی لە دەنگی یەکێك بوو، کە بە ئینگلیزی قسەی دەکرد. دوایی هەر ئەو دەنگە بە زمانی دەری گوتی: "نا، ئەوانە هیچیان هەو نین. کوڕی دیکەی لێ نیە؟ ئەو کوڕەی دوێنێ لە بەر رستورانتەکە گیراوە."

شوزیە دەرپەڕی. هەمووانی لادا و خۆی گەیاندە بەردەرگاکە. لەوبەری پەرژینەکەوە، یەکێك بوو لەو بیانییانەی دوای کلێسە بۆ نانخواردنێ دەهاتنە رستورانتەکە. ئەو باوکی ئەو دوو کوڕە بچووکە بوو، وا جاسپەریان زۆر خۆش دەویست.

کابرا پێکەنی و گوتی: "سەگێکی زۆر زیرەکت هەیە."

شوزیە خۆی دایە سەر پەرژینەکانی زیندان و بە ئاماژەوە گوتی، دابێتەوە شتێکی بە سرتە پێ بڵێ.
ئەوجار بە پاڕانەوە بە کابرای گوت: "دەبێ لێرم رزگار بکەی. ئەمڕۆ رۆژی حەمامە."
کابرا سەرسام بوو. شوزیە دەموچاوی بە میلەکانەوە نووساند و بەسرتە گوتی: "من کچم."
پیاوەکە لێی ورد بۆوە و دوای ئەوەی چەند جار چاوی تررووکاند، کەوتە قسەکردن لەگەڵ پاسەوانەکە.
ئەوان تۆزێك لە ژوورەکە دوور کەوتنەوە. شوزیە گوێی لێیان نەدەبوو دەڵێن چی، بەڵام دیتی کابرا جزدانی پووڵەکەی دەرهێنا و بە دەست و ئاماژە پێکەوە قسەیان کرد. کە دیتی کابرا دیسان جزدانەکەی لە گیرفانی نایەوە، بەندی جەرگ و دڵی پسا. بەڵام کابرا دیسان جزدانەکەی دەرهێناوە و چەند دراوێکی لێ دەرهێنا و لە مستی پاسەوانەکەی نا.
پاسەوانەکە قفڵی دەرگاکەی کردەوە. ئەوجار هاتە ژوورێ و دەستی شوزیەی گرت و بردییە دەرەوە.شوزیە ئاوڕێکی لە منداڵەکان داوە. هەموویان، تەنانەت کوڕە ملهوڕەکەش لەودیوی پەرژینەکانەوە، زۆر بچووك و لاواز دیار بوون.
کابرا بیانیەکە، دەستی شوزیەی گرت و بەرەو دەرگای وەدەرکەوتنی پۆلیسخانەکە وەڕێ کەوتن.
شوزیە هەرای کرد: "راوەستە. ئەوانە چیی پارەی پێم بوو لێیان ئەستاندم."
کابرا بەرەو دەرگاکەی دەرەوەی برد و گوتی: "پارەکەت تازە رۆیشتووە و وەرناگیرێتەوە. تا پەشیمان نەبوونەتەوە، با بڕۆین."
شوزیە لە داخان دەکوڵی، بەڵام وەڕووی خۆی نەدێنا. هەر لە بنکەی پۆلیسەکە چوونە دەرێ، شتێکی گەورەی تووکن ئامبازی بوو. تووڕەییەکەی لەبیر چۆوە.
شوزیە بە دڵێکی خۆشەوە لەسەر شۆستەکە لەتەنیشت جاسپەر دانیشت. ئەگەر کابرا بەپەلە بەرەو لای ترۆمبێلەکەی نەیبردبان، لەوانەبوو ماوەیەکی زۆر هەر لەوێ دابنیشێ.
ترۆمبێلەکە زۆر بەخێرایی شەقامە قەرەباڵغەکانی پیشاوەری برشی. شوزیە سەری لە جامی سەیارەکە هێنابووە دەرەوە و فێنکایی هەواکەی هەڵدەمژی. هەواکەی پێ خۆش و تازە بوو، هەرچەندە گەرم بوو و تژی بوو لە دووکەڵی سەیارە.
کابرا پرسیی: "ناوت چییە؟"
شوزیە سەری هێناوە نێو سەیارەکە و گوتی: "ناوە کچانەکەم شوزیە و ناوە کوڕانەکەم شەفیق."
کە سەیری جاسپەری کرد، با لە تووکەکانی دەدا و هەڵیدەدانەوە، پێکەنی.
ـ من ناوم "تۆم"ـە.
ـ منتان چۆن دیتەوە؟

تۆم دەفرێکی ئاو دایە. شوزیە خواردییەوە و تۆم گوتی: "لە سایەی سەری ئەو سەگەوە تۆمان دۆزیەوە. دوێنێ کە چووینەوە رستورانتەکە، جاسپەر هاتە لامان. لە خەڵکەکەمان پرسی و بۆمان روون بۆوە چ رووی داوە. زۆر بەداخم زوو نەمانتوانی بێین. ئەو ماوەیە هەر لێت دەگەڕاین بەشکم بتوانین پۆلیس قایل بکەین بەرت بدەن."

ـ ئەی ئێستا بۆ کوێ دەچین؟

ـ باربارای خێزانم، گفتی لێ وەرگرتووم، ئەگەر توانیم لە زیندان بەرت بدەم، بتبەمەوەماڵی خۆمان. زۆر زۆری پێی خۆش دەبێ ئەگەر بزانێ تۆ کچی. باشە ئەی بۆ جلی کوڕانە لەبەر دەکەی؟

شوزیە کە وا راهاتبوو متمانە بە کەس نەکا، گوتی: "هەر وا حەزم لێیە."

کابرا پرسی: "بنەماڵەکەت هێشتا لە ئەفغانستانن؟"

شوزیە گوتی: "مردوون."

دیسان سەری بردەوە دەرێ. ئەوەندە لەمێژ بوو سواری ترۆمبێلی وا خێرا نەببوو، وەبیری نەدەهاتەوە کەی سوار بووە.

لەدڵی خۆیدا گوتی: "ئەگەر سەیارەیەکی ئاوام هەبوایە، زۆر زوو دەگەیشتمە دەریا."

تاوێك دواتر، بایاندایەوە نێو گەڕەکی زانکۆ. ئەو شوێنەی دیوارەکانی بەرز و داری گەورە و پڕ لە گوڵی پشکووتووی لێ بوو. کە چەند پێچ و گەوێکی دیکەیان بڕی، ئیتر دەنگەدەنگ و هاڕەهاڕەکەی سەیارەکانی شەقامی جەمروود نەدەهات. ئاخر لەبەر دەرگایەکی بەرزی ئاسن راوەستان.

تۆم دابەزی و دوای کردنەوەی قفڵی دەرگاکە، ترۆمبێلەکەی بردە ژوورەوە.

کوڕەکان گورج و گۆڵ خۆیان گەیاندە بەر پێشخانەی ماڵەکە و هەرایان کرد: "باوکە هاتەوە، باوکە هاتەوە."

ئیتر رایان کردە نێو باخەکەیان و بە پیل باوکیانەوە چوون.

باربارا بەدوویاندا هات. خەریك بوو بە دەسرۆکەیەك دەستی وشك دەکردەوە. هات و دەستی لەسەر شانی شوزیە دانا و گوتی: "وا دیارە تۆم ئاخرییەکەی توانیی ئازادت بکا. بەخێر هاتی بۆ ماڵەکەمان."

شوزیە سەری هەڵێنا و سەیرێکی باربارای کرد. زەردەخەنەکەی گەرموگوڕ و خۆمانە بوو. پێی شك نەدەهات لە پەروانەی دەستەخوشکی زیاتر، کەسی دیکە ئاوا بە روویەوە پێکەنیبێ.

باربارا گوتی: "دەبێ برسیت بێ. ماڵی چیی زۆرە خواردن بۆ کوڕیژگەیەکی برسیی وەك تۆ."

تۆم گوتی: "مەڵێ کوڕی برسی، ئەوەمان لێ بوو بە کچە برسییەك."

جا بە پێکەنینەوە کوڕە بچکۆڵانەکەی گرت و خولاندییەوە.

باربارا سەیرێکی شوزیەی کرد و گوتی: "کچ؟ وەڵڵا باشە. ئاخری ئەو ماڵە لەو ماڵە پڕ لە نێرینەیەدا، برادەرێکم بۆ پەیدا بوو. وەرە ژوورەوە. دەبێ خاوێن بیتەوە و شت بخۆی. دوایی دەکرێ سەربردەی خۆتمان بۆ بگێڕییەوە."

باخەکە ئەوەندەی گوڵی رەنگاوڕەنگ تێدابوو، شوزیە چاوی لەبەریان هەڵنەدەهات. مەل و باڵندە لە سەر چڵووکی دارەکان دەیانچریکاند و دەیانجریواند. لەودیو ئەو دیوارە بەرزانەوە، هەر دەتگوت ئاسەوارێکیش لە رێگاوبان و شوێنە قەرەباڵغەکانی پیشاوەر نەماوەتەوە.

کە باربارا ئەوی بردە ژوورێ، شوزیە چاوی زەق بوونەوە. هەر دالانی وەژوورکەوتنەکەی ئەو ماڵە، لەو ژوورە گەورەتر بوو، کە بنەماڵەکەی شوزیە لە کابول تێیدا دەژیان.

باربارا شوزیەی ژوور بە ژوور دەگێڕا و قسەی بۆ دەکرد: "تۆم ئەندازیارە. پرد دروست دەکا. زیاتریش لە باکووری پاکستان. لێرە گرێبەستێکی دوو ساڵەی هەیە. بنەماڵەی ئێمەش پێیان وایە هاتنی ئێمە، ئەوی بەو منداڵانەوە، کەرێتییە. بەڵام ئێمە حەزمان لەو بزۆزی و گێچەڵانەیە."

شوزیە خۆشحاڵ بوو، کە باربارا یەك پشوو قسەی بۆ دەکرد. چونکە سەری لەو هەمووە سەروەت و سامان و گەنجینەیە سووڕ مابوو. شەرمیشی دەکرد.

پەنجەرەی ژووری میوانەکەیان گەورە بوون و بەسەر باخەکەدا دەکرانەوە. کورسیەکانیش نەرم نەرم بوون و چەند بالیفێکی جوانی رەنگاوڕەنگیان لەسەر بوو. تەلەڤزیۆنەکەیان کارتۆنێکی پێشان دەدا، کە بە زمانی ئینگلیزی ئاوازێکی شادی دەچڕی. کەلوپەلی یاریی منداڵەکان لە سەر عەرزەکە هەڵڕژابوون.

چوونە ژوورێك، کە مێزێکی گەورەی داری لێ بوو. دەوراندەورەکە کورسیی لێ دانرابوو. باربارا گوتی: "ئەوە مێزی نانخواردنمانە."

شوزیە سەیری ئەو هەمووە دەفر و قاپانەی کرد، کە لە قەفەزەیەکی شووشەییدا ریز کرابوون. باربارا گوتی: "ئەوەش چێشتخانەیە."

چوونە ژوورێکی گەورە و بەرهەتاو، کە پڕ بوو لە بۆنی خۆش. ئەو بۆنەی، لەگەڵ وەژوورکەوتنیدا بۆی هاتبوو. قووتووی خواردنی جۆراوجۆر و شیرینی، زۆر جوان و رێك لەسەر قەفەزەکان ریز کرابوون. دەفرێکیش لەوێ پڕ بوو لە میوە.

شوزیە حەزی لێ بوو لەسەر خۆ سەیری هەموو شتەکان بکا و بۆنیان پێوە بکا، بەڵام باربارا بەردەوام دەیگێڕا.

لە پلیکانەکان چوونە سەرێ. دیسان چەند ژوورێکی دیکەش و کەلوپەلی یاریی منداڵان و جلوبەرگی منداڵان پەرش و بڵاو ببوون. شوزیە پێی لە سەیارەیەکی منداڵەکان نا و باربارا گوتی: "ببوورە کە ئێرە

ئەوەندە شپرێوە. ئەخت و چار دەکەم ئەو منداڵانە فێر نابن دوای گەمەکەیان کەلوپەلی یارییەکەیان کۆ بکەنەوە و یارمەتییەکی من بدەن."

ئەمجارە ژوورێکی زۆر جوان و شینی نیشان دا، کە وردە گوڵی بە دیوارەکەیەوە بوو. ئەویٚ حەمامێك بوو، "شێرە"ی ئاوەکەی باق و بریقیان بوو و دووشەکەی بە پەردەیەك جویٚ کرابۆوە.

شوزیە بەخۆی گوت: "سەردەمانێك، زۆر لەوەپێش، بەر لە بۆردومانەکان، ماڵی ئێمەش ئاوا بوو."

بەڵام بڕوای نەدەکرد ئەوە بیرەوەریی خۆی بیٚ، بەڵکو دەتگوت یەکی دی بۆی گێڕاوەتەوە.

باربارا گوتی: "بچۆ بن دووشەکە."

فێریشی کرد، چۆن شێرەی ئاوەکە بکاتەوە.

ـ بە دڵی خۆت سابوون لە خۆت بدە. جلوبەرگە پیسەکانیشت فڕیٚ بدە ئێرە. شمەکی تازەت بۆ دێنم لەبەریان بکەی."

ئەوجار رۆیشت و شوزیەی بەجیٚ هێشت.

شوزیە کە سەیری کرد بە تەنیە و دەتوانیٚ پشوویەك بدا، دڵی خۆش بوو. لەسەرخۆ پەنجەی بە گوڵە شینەکانی دیوارەکەدا کێشا و بەری دەستی بە کاشییە لووسەکاندا هێنا.

ئاوێنەیەك لەسەر دەستشۆرییەکەوە بوو. شوزیە چووە بەر ئاوێنەکە و سەیری خۆی کرد.

خۆی لە ئاوێنەکەدا نەناسییەوە. لەمێژ بوو روخساری خۆی نەدیتبوو. ئەو ژوورەی لە کابول لەگەڵ خێزانەکەی تێیدا دەژیان، ئاوێنەی نەبوو. ئەو روخسارەی لە ئاوێنەکەدا سەیری دەکرد، بەتەمەنتر بوو لەوەی لە زەینی خۆیدا بوو. دەموچاوی درێژ ببۆوە و روومەتی بە قووڵدا چووبوون. ئەو کچە، بۆ شوزیە نامۆ و غەوارە بوو.

کوڕەکان لە حەوشە کردبوویانە هات و هەرا و قریوە. شوزیە گوێی لە زرمەی پێی جاسپەر بوو، کە بە حەوشەکەدا رای دەکرد. جلوبەرگە پیسەکانی داکەند و چووە بن دووشی ئاوەکە. کە شێرەی ئاوەکەی کردەوە، ئاوی گەرم بە سەروگیانیدا شۆلاوگەی بەست. سابوونەکە بۆنی گوڵێکی خۆشی لیٚ دەهات. چەند جاران لە خۆی خشاند و ئەوجار ئەوەندەی خۆ شوشت، هەتا چڵك و چەپەر و بۆگەنی گیانی هەموو رۆیشت.

کە بە شەلواری کامیزی ژنانەوە چۆوە چێشتخانە، باربارا پێی گوت: "بۆ ناچییە لای منداڵەکان لە باخی. "؟ شوزیە بەو پاکوخاوێنیەی خۆی بووژابۆوە. بۆنی خۆش بوو. بۆنی سابوونەکەی لیٚ دەهات. باربارا پەرداخێکی شیری سارد دایێ و گوتی: "ئێستا شێوەکە پیٚ دەگا."

شوزیە لەگەڵ جاسپەر چووە نێو باخەکە. ئەو شوێنەی منداڵەکان تێیدا گەمەیان دەکرد. یەکێکیان کامیۆنێکی پێ بوو و ئەوی دیکەش داوای دەکرد. منداڵ پێك هەڵپرژان. شوزیە زۆری پێ ناخۆش بوو. حەزی لێ نەبوو سەیریشیان بکا. پێی ناخۆش بوو ئەو منداڵە جوان و خرپنەنانە بگرییێن.

قومێ لە شیرەکەی خواردەوە. خۆش بوو. هەندێکیشی لە دەفرێك کرد و بۆ جاسپەری دانا.

یەکێك لە منداڵەکان هەرای کرد: "راوەستە با من بیدەمێ."

هەر دووکیان بە تاسۆقەوە هاتنە لای. شوزیە هەر دەکشاوە بۆ ئەوەی لێیان دوور بێ، بەڵام ئەوان هەر لێی دەچوونە پێشێ.

ئاخری تۆم بانگی هەموانی کرد بچن نان بخۆن و منداڵانی لە کۆڵ شوزیەش کردەوە.

باربارا لە پشت مێزە گەورەکەوە، کورسییەکی دەرهێنا و گوتی: "شوزیە، تۆ لێرە دانیشە."

قاپێکی زەرد و جوان و جووتێ کەوچك و چەتاڵێکی لەپێش بوو. لە سەر مێزەکە، بەلەمێکی پڕ لە مریشك و قاپێك زەڵاتەی لێ دانرابوو. باربارا دیسان پەرداخێك شیری بۆ شوزیە تێکرد. تۆمیش منداڵەکانی برد بۆ ئەوەی دەستیان بشۆن.

باربارا پرسی: "دەزانی بە چەتاڵ نان بخۆی؟"

شوزیە سەری لەقاند. زۆربەی بنەماڵە کۆنەکانی ئەفغانستان بە دەست نانیان دەخوارد. بەڵام شوزیە دەیزانی بە چەتاڵ بخوا. سەیری تۆم و باربارای کرد بۆ ئەوەی بزانێ چۆن دەسرە بەروانکەکە لە پێش خۆیان رادەخەن. ئەویش وەك ئەوانی کرد.

کە شوزیە دەستی بە خواردن کرد، پێی وا نەبوو قەت تێر بخوا و دەست لە خواردن هەڵگرێ. لە پێشدا هەوڵی کرد لاسایی ئەوان بکاتەوە بە چەتاڵ نان بخوا، بەڵام دیتی ئاوا ناتوانێ خێرا خێرا بخوا. بۆیە دەستی خستە کارەوە. بیری لە خواردن نەبێ، لەهیچ شتێکی دی نەدەکردەوە. باربارا پەیتاپەیتا قاپەکەی بۆ پڕ دەکردەوە و شوزیەش دەیماشتەوە و بۆی گرنگ نەبوو زەلاتە بێ، مریشك بێ یان برنج.

کە تێری خوارد، بیری لەوە کردەوە، هەندێکیش بۆ سبەینێ هەڵگرێ. ئەو دەسرەیەی پێی بوو، زۆر لەبار بوو بۆ ئەوە. کە باربارا قوتووەکی دۆندرمەی چوکلێتیی لە پێش دانا، پرسیی: "پێت دەخورێ لەوەش بخۆی."

باربارا گوتی: "لە پێشدا دەبێ گێزەرەکەت بخۆی."

ـ نا.

تۆم گوتی: "هەر لەتێك."

شوزیە چاوێکی لە جاك کرد، کە بە مۆنی، لەتە گێزەرێکی لە زاری دەنا. باربارا قاپەکەی ئەویشی هەڵگرت و دۆندرمەی لەجێ دانا. شوزیە هەروا چاوی بە قاپە چێشتەکەوە بوو، کە باربارا بردیە چێشتخانە. ئەمجار چاوی چووە سەر دۆندرمەکە.

زۆر بەتام و خۆش بوو. شوزیە قاپەکەی هەڵێنا و تەختی بنیشی لستەوە.

تۆم بە کوڕە گەورەکەی گوت: "پۆل، قاپەکەت دانێ."

ـ ئاخر ئەویش وای کرد.

ـ قەیناکا. تۆ خۆت دەزانی.

شوزیە سوور هەڵگەڕا. هەڵەی کردبوو. لەوانەبوو لەسەر ئەوە دەریکەن.

باربارا گوتی: "ژوورێکی زیادیمان هەیە، تەختی خەوتنم لەوێ بۆ داناوی. دەتەوێ بچین بیبینی؟ هەر کات حەزت لێ بوو، دەتوانی بنووی."

شوزیە سەری لەقاند و لە حاڵێکدا دەسرە پڕ لە چێشتەکەی لە پشت قوونیەوە گرتبوو، لە سەر مێزەکە هەستا.

شوزیە دوای شوشتنی ددانی بە فڵچەیەکی سوور و نوێ، ژوورەکەی خۆی دی. تەختەخەوێکی باش و بەتانی و سەرچەف و بالیفی بۆ دانرابوو. باربارا شمەکی خەوتنیشی دایێ لەبەری بکا. شوزیە لەپڕ هەستی کرد زۆر شەکەتە. باربارا باوەشی پێدا کرد و گوتی: "خەوت خۆش بێ ئازیزم. ئێمە زۆرمان پێ خۆشە لە لامانی."

دەستی شوزیە بەملاولایدا شۆڕ ببوونەوە. نەیدەزانی ئاخۆ دەبێ ئەویش باربارا لە باوەش بکا یان نا. تەنانەت نەیدەزانی چۆنیش وا بکا.

باربارا کلیلی کوژاندنەوەی چراکەشی پێشان دا. جا بەجێی هێشت.

شوزیە پرێسکە خواردنەکەی لە بن تەختەکەیدا شاردەوە. شمەکی خەوی لەبەر کرد و چووە سەر ئەختەکە و لەسەر سەرچەفە جوان و خاوێنەکان راکشا. ئەوەندەی خواردبوو، خەریك بوو دەتەقی. گیانیشی بۆنی سابوونی لێ دەهات.

شوزیە لەبەر خۆیەوە گوتی: "پێم وانیە بهێڵن لەگەڵیان بژیم. ئەگەر وابێ هەموو ماڵەکەیان بۆ خاوێن دەکەمەوە. شەوانەش کە هەمووان نوستن، دەچم یاری بە لەیستۆکی منداڵەکان دەکەم. بەشکم بچمە قوتابخانە و شتیش فێر بم. با بزانین چ دەبێ."

ئینجا گوتی: " من هێشتا دەمەوێ بگەمە دەریا. هێشتاش دەمەوێ بچمە فەرەنسا، بەڵام چ دەبێ ئەگەر لێرە نەڕۆم؟"

شوزیە سەری لەسەر بالیفە نەرمەکە دانا و لەسەرخۆ گوتی: "خۆزگە مامۆستا ویرا دەیدیتم. "

زەردەخەنەیەکی هاتێ و خەوی لێ کەوت.

چەند سەعات دواتر بەخەبەر هات. گوێی هەڵخست. کە دڵنیا بوو هەمووان نوستوون، بەسەری پەنجەی لە پلیکانەکان چووە خوارێ و چووە نێو چێشتخانەکە. سەتڵی زبڵەکە پڕ بوو لە شتی باش و خۆش.

شوزیە هەڵیگرتن و بردنیە سەرەوە و لە بن تەختەکەیدا شاردنیەوە.

چونکە خوا بزانێ کەی دیسان برسیی دەبۆوە.

هەتا چەند رۆژان هەر دەیخوارد و دەنوست و دەستی لە رەش و سپی نەدەدا.

بۆخۆشی نەیزانیبوو چەندە ماندووەز لە بەهەشتدا بوو. لە نێو باڵندەو گوڵاندا. ئیتر ناچار نەبوو زبڵدانەکان هەڵداتەوە.

هەموو رۆژێ لە سەر مێزێکی گەورە، سێ جەم نانی دەخوارد. لە نێوان جەمە نانەکانیشدا، باربارا شتی دەدایێ بیخوا.

بە شوزیەی دەگوت: "بە ماڵی خۆتی بزانە. حەز ناکەین نامۆیی بکەی."

شوزیە پرسیی: "ئەو چاکەیەم بۆ لەگەڵ دەکەن؟"

باربارا گوتی: "تۆم مووچەیەکی باشی هەیە. حەز دەکەم لەگەڵت تۆدا بەشی بکەم. ئێمە ئافرەتەکانی ئەم ماڵە دەبێ ئاگامان لە یەکتر بێ."

دیسان باوەشی بە شوزیەدا کرد. ئەمجارە شوزیەش ئامێزی لەو وەرێنا.

تۆم و باربارا بە زمانی دەری شوزیەیان دەدواند، بەڵام منداڵەکان هەر ئینگلزییان دەزانی. شوزیە گوێی لە هەر وشەیەك دەبوو، ئەوەندەی لە زەینیدا دێنا و دەبرد، هەتا جوان فێری گوتنەوەی دەبوو. بەو جۆرە رۆژ بە رۆژ ئینگلیزییەکەی باشتر دەبوو.

کەس باسی سبەینێی نەدەکرد. شوزیەیش پێی خۆش نەبوو پرسیار لە سبەینێ بکا. هەر لەوانەش بوو وەك نامۆ و غەوارەی سەیر نەکەن و بە یەکێك لە ئەندامانی خێزانەکەیانی بزانن. شوزیە پێی خۆش نەبوو بە وەها پرسیارێك، وەبیریان بێنێتەوە کە ئەو منداڵی ئەوان نیە.

ئاخریەکەی رۆژێکیان شوزیە لە خەو هەستا و هەستی کرد، تەواو هاتووەتەوە سەرخۆ. لە دڵی خۆیدا گوتی: "پێم وایە ئیتر تێر خەو بوومە."

تۆم لە سەر سفرەی بەیانی گوتی: "ئەمڕۆ چاوت گەش بوونەتەوە."

شوزیە زۆری پێ خۆش بوو ئەوانیش بەوەیان زانیوە. گوتی: "پێم خۆشە لەمڕۆوە یارمەتیتان بدەم. من زۆر شارەزای پاکوخاوێنکردنەوەم."

جاك بە زاری پڕ لە هێلکەوە گوتی: "ئێمە کارەکەرێکمان هەیە."

باربارا گوتی: "واحیدە لە هەفتەدا دوو جار دێ. ئەو بە پاکوخاوێنیەکەی ئێرە رادەگا. ئێوەش کوڕانم، دەبێ تۆزێك یارمەتیمان بدەن و کەلوپەلەکانتان کۆ بکەنەوە با کێشەیەکمان نەبێ.

پۆل دەستی برد و بەری دەستی بەرەو لای دایکی راگرت و گوتی: "بە دەستم بلێ."

باربارا گوتی: "خۆت دەزانی هیچ کەیفم بەو کارانەت نایە."

ئەوجار رووی لە شوزیە کرد: "ئەوەش لە فیلمێکەوە فێر بووە."

تۆم گوتی: "دیارە بۆ ماوەیەك دەبێ نەهێڵین سەیری فیلم بکەن."

پۆل چەتاڵەکەی وا بە قاپەکەدا کێشا، هەموو هێلکەکە پەرش و بڵاو بوو. ئینجا یەك بەخۆی وا گریا، شوزیە گوێچکەی ئێشا.

شوزیە ئەو دەرفەتەی قۆزستەوە و هێلکەکەی هەڵگرت و لەگەڵ لەتە نانێك لە دەسرەکەی پێچا.

پرێسکە خورادەمەنیەکەی بن تەختی شوزیە، رۆژ بە رۆژ گەورەتر دەبۆوە. ئیتر خەمی نەبوو. ئەگەر رۆژێك تۆم و بارباراش بیانەوێ دەریکەن، بۆ ماوەیەکی زۆر خواردنی هەڵگرتووە. ئێستا ئەوەندەی خواردن هەبوو، کە لەوانەبوو بەشی هەتا دەریاشی بکا.

ئەو رۆژە کە باربارا لەگەڵ شوزیە خەریکی شوشتنی قاپ و قاچاغەکە بوون، پێی گوت: "من دوانیوەڕۆ دەمەوێ منداڵەکان بەرمە مەلەوانگە. خۆزگە توانیبامان تۆش بەرین، بەڵام یانەی ئەمریکییەکان هەر بۆ خۆیانە. قەیناکا چەند سەعاتێك بەتەنێ لە ماڵەوە بەجێ بمێنی؟"

شوزیە پێی سەیر بوو ئەو پرسیارەی لێ دەکەن. ئاخر ئەو هەر بەتەنێ ژیابوو. گوتی: "نا، قەیناکا."

شوزیە ئەوانەی دەست بۆ راوەشاندن، هەتا ترۆمبێلەکەیان لە ماڵێ وەدەر کەوت و دەرگاکەیان دوای ئەوان داخرایەوە.

تازە گەڕابۆوە نێو ماڵێ، کە لە زەنگی دەرگاکەیان دا.

باربارا گوتبووی: "دەرگا لەکەس مەکەوە. ئێمە بۆخۆمان کلیلمان پێیە و دێینە ژوورێ."

لە پێشدا بڕیاری دا بە قسەی باربارا بکا، بەڵام دیسان لە دەرگایان دا. خۆی پێ نەدەگیرا هەر وا دانیشێ و یەکێکیش لە پشت دەرگاوە چاوەڕێ بێ.

چوو و دەرگاکەی کردەوە. ژنێکی ئەفغانی منداڵێك بە باوەشەوە دەست پان کردەوە و گوتی: "دەکرێ خێرێك بەو منداڵەم بکەی."

شوزیە گوتی: "بەڵێ، چۆن ناکرێ. وەرە نێو باخەکە."

ئیتر رای کرده ژوورەوە. بە لایلۆنێك بسکویت و میوەوە گەڕاوە و دای بە ژنەکە. ئەویش دوای چەند جار سوپاس و پێزانین رۆیشت.
بە جاسپەری گوت: "چەندە باش بوو."
دیسان چۆوە ژووری. تازە کەلوپەلەکانی یاریکردنی هەلْڕشتبوو و خەریك بوو گەمە بکا، دیسان زەنگەکە لێی درایەوە.
ئەمجارەیان پۆلە منداڵێك بوو، کە هەرکام توورەکەیەکی زبڵیان بە کۆڵیان دادابوو. ئەوان داوایان لە شوزیە کرد، کاغەز یان شتی ئاسنیان بداتێ، لە توورەکەکانیانی بخەن.
شوزیە فکرێکی بەزەیندا هات. گوتی: "وەرنە ژووریٚ گەمە بکەن."
هەم خواردنی دانێ و هەم کەلوپەلی یارییشی دا بەهەمموویان بۆ ئەوەی گەمەی بکەن. بەڵام منداڵەکان هەر نەشیاندەزانی دەبێ چ لەو کەلوپەلانە بکەن. شوزیە سەیارەیەکی قورمیش کرد و بەری دا بڕوا.
چەند جاری دیکەش لە دەرگا درایەوە. ئەوجار شوزیە ژنێکی دووگیانی لە سەر پێ و مانگی هێنایە ژووریٚ، بۆ ئەوەی لە سەر یەکێك لە تەختەکان و لە شوێنێکی فێنك و تاریکدا پشوویەك بدا. پەرداخێکیشی شیر بە پیرەپیاوێك دا، بۆ ئەوەی لە بن سێبەری دارێك لە باخەکەدا بنویٚ.
چەند ژن و منداڵی دیکەش هاتنە بەر دەرگا. شوزیە هەمووان بانگ کردە ژوورەوە. بە هەمووانی دەگوت خەمیان نەبیٚ، چونکە خاوەن ماڵەکە حەزی لێیە دەستی خەڵکی بگریٚ. جاسپەریش بە کلکەسووتە پێشوازیی لیٚ دەکردن.
ئەوەندەی خواردن دانیٚ، ئیتر نە سەلاجەکە هیچی تێدا ما و نە کەوەنتەرەکەش. کە خورادنەکان تەواو بوون، لەیستۆکی منداڵان و جلوبەرگ و بەتانیی بەسەردا دابەش کردن. چیی بەردەست کەوت و پێی وابوو ئەوان پێویستیانە پێی دان. هەمووان خەریکی گەمەکردن بوون بە لەیستۆکەکان و لەگەڵ جاسپەریش. میوانیەکی گەورە بوو.
بالیفێکی دا بە ژنێك بۆ ئەوەی بیخاتە بەرپشتی. جووتە نەعلێکی بارباری دا بە ژنێکی دیکە، بۆ ئەوەی سۆلە دڕاوەکانی فڕێ بدا و ئەوان لەپێ بکا. هەموانیشی بردە حەمامەکەی سەرێ و

سابوونی نێو قەفەزەکانی پێشان دان بۆ ئەوەی ئەگەر پێیان خۆش بوو خۆیان بشۆن یان سابوونەکان لەگەڵ خۆیان بەرن.

کە باربارا و کوڕەکان گەڕانەوە ماڵێ، شوزیە لە حەمام بوو و خەریك بوو سەری دوو کچۆڵەی دەشوشت.

منداڵەکان، کە بە سابوون سەر و دەموچاوی خۆیان دەشوشت و بە کەف و تۆقلەی سابوونەکە گەمەیان دەکرد، کردبوویانە قریوەقریوێك، کە شوزیە هەر گوێشی لە هاوار و قیژاندنی باربارا نەبوو. باربارا ئەمجار وا نەڕاندی، شوزیە گوێی لێ بوو.

باربارا دەینەڕاند: "شوزیە، ئەوە چ باسە؟"

شوزیە دەستی گیرابوو و خەریك بوو ئاوی بەسەر و قژی منداڵەکاندا دەکرد. هەرای کرد: "من ئەوە لە سەرەوەم."

باربارا دەسبەجێ خۆی گەیاندە حەمامەکە.

شوزیە منداڵەکانی لە خاولییەوە پێچابوو و گوتی: "سەیرکەن چۆن خاوێن بوونەتەوە."

ـ ئەوانە کێن؟ ئەوە چ دەکەی؟

شوزیە پێکەنی و گوتی: "ئێوە چۆن یارمەتیی منتان دا، منیش خەریکم وا دەکەم."

ـ یارمەتی؟

ـ هاتنە بەردەرگا. شتیان پێویست بوو.

ـ تۆش گوتت بێنە ژوورێ؟

شوزیە نەیزانی بۆ وا دەڵێ. گوتی: "پێم وابوو پێتا خۆش دەبێ. خۆ ئێوە زۆر دەوڵەمەندن، پێم وابوو زۆریشتان پێ خۆش دەبێ."

باربارا کە ئەو کچۆلانەی دی ئاویان لێ دەچۆڕێتەوە، غەزەبی لە نێوچاوانی باری و گوتی: "ئەوە کوا جلەکانیان؟"

شوزیە دەستی بۆ کاسەی دەستشۆرییەکە رادشت. جلەکانی لەوێدا خووساندبوون تا دوایی بۆیان بشوا. دەیەویست منداڵەکان لە سەرچەفەکان وەپێچێ، هەتا جلەکانیان لەبەر تاوە بەتینەکەی پیشاوەر وشك دەبنەوە.

باربارا جلەکانی چۆڕاندەوە و دای بە شوزیە و گوتی: "بیاندەوە با بیکەنەوە بەریان."
ئیتر چووە خوارێ.
ئەمجار شوزیە گوێی لە دەنگیان بوو، کە خەریك بوو هەمووی دەردەکردنە دەرەوە.
جاك هەرای کرد: "دایکە، یەکێك لە سەر تەختەکەی من نوستووە."
تاوێك دواتر ژنە دووگیانەکەش فڕێ درایە دەرەوە.
شوزیە یارمەتیی منداڵەکانی دا جلوبەرگەکانیان لەبەر بکەن. ئەمجار بەرەو دەرگای دەرەوەی بردن و گوتی: "زۆر بەداخم."
یەکێك لە کچەکان گوتی: "بەڵام هەر باش بوو. بۆنێکی خۆشمان لێ دێ."
شوزیە سەیری کردن کە چوونە کۆڵانەکە و توورەکە زبڵەکانیان بەدوای خۆیاندا کێشا و بردیانن.
باربارا لەیستۆك و قاپ و قاچاغە پەرش و بڵاوەکانی کۆ کردنەوە و گوتی: "بزانە چ گووکارییەکت کردووە."
شوزیە داهاتەوە قاپێك هەڵگرێ و گوتی: "با منیش یارمەتیت بدەم."
باربارا پاڵێکی پێوە نا و گوتی: "تۆ بەگوێرەی پێویست یارمەتیت داوم. ئیتر بڕۆ لە باخەکەدا دانیشە."
ئیتر گەموگوڕی و دلۆڤانیەکەی جاران لە روخساری باربارادا بەدی نەدەکرا.
سەعاتێك دواتر تۆم هاتەوە. شوزیە هێشتا لە دەرەوە و لە نێو باخەکەدا بوو، بەڵام گوێی لە مشتومڕەکەشیان دەبوو.
ـ هیچمان نەماوە. خواردن هیچ نەماوە. زۆر شتی دیکەش. لە جلوبەرگەوە بگرە هەتا لەیستۆکی منداڵان. خەڵکی غەوارەی بردووەتە نێو جێوبانەکەمانەوە.

دوای تاوێك تۆم لەگەڵ کوڕەکانی هاتە دەرێ.

جاك گوتی: "دەچین پیتزا دەکڕین". ئینجا رووی قسەی لە باوکی و گوتی: "جاسپەر و شوزیەش بەرین؟"

تۆم گوتی: "نا، زوو دێینەوە."

ئیتر سواری ترۆمبێلەکەیان بوون و رۆیشتن.

ئەو شەوە ئاخریەکەی شوزیە تامی پیتزاشی چێشت. زۆر خۆش بوو، بەڵام سەر سفرە و مێزەکە ئەوەندە کپ و بێدەنگ بوو، چێژی لێ وەرنەگرت.

تاوێك دواتر، شوزیە گوێی لە زریکەیەکی دیکە بوو. ئەمجارەیان دەنگی یەکێك لە کوڕەکان بوو. تۆم چووە لای و دوایی لە سەر پلیکانەکانەوە هەرای کرد: "شوزیە وەرە سەرێ."

ئەوان لە ژوورەکەی شوزیە بوون. مێروولە ریزیان بەرەو بن تەختەکەی ریزیان بەستبوو.

ـ ئەوانەت بۆچی لێرە داناوە؟

ـ بۆ ئەوەی شتێکم هەبێ بیخۆم، کاتێك کە...

ـ کاتێك کە چی؟

ـ ئەگەر هیچ نەما بیخۆم.

تۆم دوای بێدەنگییەکی قووڵ گوتی: "دەچم گەسك دێنم. " گەسکی هێنا و خورادنە مێروولە تێهاڵاوەکانی خڕ کردەوە. بارباراش تەختی ژوورەکەی شوشتەوە. شوزیە لە گۆشەیەکەوە راوەستا و سەیری کردن و لە شەرمان بوو بە تنۆکێك ئاو.

بۆ سبەینێ، درەنگتر نانی بەیانییان خوارد. شوزیە گوێی لێ بوو، تۆم چووبووە سوپەرمارکێت بۆ کڕینی پێداویستی و خواردنی نانی بەیانی.

کە هەمووان لە دەوری مێزەکە کۆ بوونەوە، باربارا گوتی: "زۆرمان پێ خۆش دەبێ هەندێ جلوبەرگت بدەینێ، بۆ ئەوەی کە چوویتە هۆردووگای پەنابەرەکان، جلوبەرگی باشت هەبێ."

شوزیە پەرداخە شیرەکەی لەسەر مێزەکە دانا. پێی بە عەرزەوە رەق ببوو.

باربارا گوتی: "وا مەزانە پێمان ناخۆشە لێرەی، بەڵام وامان پێ باشترە هەر خێزانەکەی خۆمان بین."

تۆم گوتی: "ئەمڕۆ چوومە لای یەکێك لە برادەرەکانی خۆم. یەکێکە لە یارمەتیدەرەکان. دەیگوت لە بەشێکی هۆردووگاکەدا کار دەکا. بەشی تایبەت بە بێوەژن و هەتیوەکانە. چەند ژنێك ئەوێ بەڕێوە دەبەن. منداڵی تازەش وەردەگرن. بەبێ ئەوەی شتێکیان بوێ."

باربارا بە خۆشحاڵییەوە گوتی: "لەوێ دەتوانی بچیتە قوتابخانەش. برادەرەکەی تۆم گوتوویەتی، تەنانەت خولی فێرکاریی پەرستارییشیان هەیە."

شوزیە قیت دانیشتبوو و چەناگەی بەرز کردبۆوە. ئەو پێویستیی بەو جۆرە سەرپەرشتیارانە نەبوو.

باربارا گوتی: "منداڵەکان سەگەکەی تۆیان خۆش دەوێ. زۆرمان پێ خۆشە سەگەکەت راگرین. جگە لەوەش، ژیانی هۆردووگا بۆ جاسپەر زۆر باش نیە."

ئەمجار بە لەبزێکی ناخۆش گوتی: "دەی باشە، ئێستا جلوبەرگی کچانەت دەوێ یان کوڕانە."

شوزیە گوتی: "کوڕانە، تکایە."

دەستی کردەوە بە خواردنی ئەو شتانەی لە بەر چاوی بوون. پەیتا پەیتا نانی دەخوارد، چونکە دەریا گەلێك دوور بوو.

کە لە ترۆمبێلەکەی تۆمدا دانیشتبوو و بەرەو هۆردووگا دەچۆوە، بۆ ساتێك چاوی لە جاسپەر هەڵنەگرت. هێشتاش جلەکانی هەر بۆنی سابوونیان لێ دەهات. پریاسکەیەکی لە سەر پێی بوو. دەستێك شەلواری کامیزی کوڕانە و هەندێ شیرینی و قاڵبە سابوونێکی بچووك و بۆنخۆش و سەیارەیەکی یاریکردنیش، کە هەر دوو تایەی پێوە مابوو و جاك پێی دابوو.

باربارا و منداڵەکان لە ماڵەوە بەجێ مابوون. تۆم و شوزیە گەیشتنە جادەیەك، کە شوزیە هەر لەو جادەیەوە هاتبووە نێو شار. تۆم هەموو هۆش و گۆشی بە جادەکەوە بوو و قسەی لەگەڵ شوزیە نەدەکرد.

شوزیە لەدڵی خۆیدا گوتی: "دەتوانم بە شەقێك فڕێی دەمە دەرەوە. " لەو کاتەدا تۆمی هێنایە پێش چاوی خۆی، کە لە سەرجادەکە تلۆر دەبێتەوە و سەرموقلات لێ دەدا. دەیتوانی لە جێی ئەو سوکانەکە بەدەستیەوە بگرێ و هەتا دەریا رانەوەستێ. لێخوڕین ئەستەمە؟ نا. لە پیشاوەر زۆر کەسی دیتبوو، کە خراپیشیان لێ دەخوڕی و ئەویش وەك ئەوان.

بەڵام نەیدەتوانی کاری وا بکا. نەیدەتوانی تۆم بخاتە سەر جادەکە. هەر وا دانیشتبوو، کە لە دەرگا سەرەکییەکەی هۆردووگای پەنارەکانەوە وەژوور کەوتن و چوونە نێو شەقامێکی هەزاربەهەزار و کۆڵانی دیوارە قوڕەکان. کە ترۆمبێلەکە لەبەر دەرگای مەکۆی بێوەژنەکان ڕاوەستا، تۆم گوتی: "ئێرە بۆ تۆ باشە. لێرە منداڵیشی زۆر لێیە. بە منیان گوتووە ئەو خاتوونەی لێرە بەرپرسە، زۆری پێ خۆش دەبێ بچیتە لای."

شوزیە و جاسپەر دابەزین.

تۆم پرسیی: "حەز دەکەی منیش لەگەڵت بێم؟"

شوزیە سەری لەقاند. پێویست بوو، ئەمەگداریی خۆی بۆ تۆم دەربڕێ. لە قووڵایی دڵێشیەوە وای کرد.

کە دیتی ترۆمبێلەکە وەڕێ کەوت، لە دڵی خۆیدا گوتی: "تۆم لە زیندانێك ئازادی کردم و لە زیندانێکی دیکەی خستم."

منداڵ بە هەراوهۆریاوە دەرپەڕینە دەرێ. ئەوان دەستیان لە ئەستۆی شوزیە کرد و هەرایان کرد: "شوزیە هاتەوە."

جاسپەر کلکی وا رادەوەشاند، بەحاڵ دەبینرا.

دیسان بۆگەنە ئاشنا و ناخۆشەکەی هۆردووگای بۆ هات. ئیتر بۆنی سابوونەکەی بۆ نەدەهات. چی دیکە بۆنی سابوونی لەسەر پێست و جلەکانی نەدەکرد.

زارکی جانتاکەی کردەوە و شیرینی و سەیارە و شەلوارە کامیزەکەی دەرهێنا، بەڵام قاڵبە سابوونەکەی هەر راگرت.

دەبوو ئەویان بۆخۆی هەڵگرێ.

بۆ ئەو وەختەی دەگەیشتە دەریا.

ریز ریز گوڵی مۆر و کێڵگە بە دوای کێڵگەدا. ئاسمانێکی ساماڵ و ساو و درەوشاوە. شوێنێك، کە هەرگیز شتی ناخۆشی لێ نەقەومابوو.

وێنەی ئەو دیمەنە ئەوەندە لە گیرفانی شوزیەدا مابۆوە، تەواو گرمۆڵە و چرچولۆچ بوو.

شوزیە کە لەگەڵ جاسپەر لەبەر سێبەری دیوارێك دانیشتبوو، گوتی: "سەیرە. جاران کە سەیری ئەو وێنەیەم دەکرد، دەمتوانی خۆم لەوەها شوێنێك، لە نێو گوڵەکاندا بەدی بکەم. بەڵام ئێستا کە سەیری دەکەم، بۆم گرنگ نیە. لە وێنەیەکی دڕاوی گرمۆڵەبوو پتر هیچ نابینم."

ئینجا وێنەکەی نیشانی جاسپەر دا، بەڵام ئەو کە زۆر جار دیتبووی، هەر سەریشی هەڵنەهێنا.

شوزیە پێی لە شکستەکەی خۆی نا و گوتی: "دیارە دەبێ ئەو مەسەلەیە لەبیر خۆم بەرمەوە. زۆری دەخایەنێ تا پارە کۆ بکەمەوە و هەر ناشزانم ئاخۆ دەتوام سەر لەنوێ دەست پێ بکەمەوە یان نا. تەنانەت ناتوانم بیریشی لێ بکەمەوە. وڵاتێکی پڕ لە وەنەوشە چ سوودێکی هەیە. بڵێی و نەڵێی هەر کوێ گوڵی لێ بێ، دڕك و ماریشی هەیە."

دەیەویست وێنەکە بدڕێنێ، کە جاسپەر سەری هەڵبڕی و مڕاندی. شوزیە وێنەکەی نوشتاندەوە و لە گیرفانی خستەوە.

چاوی بڕیە دیوارە گڵەکەی ئەوبەری کۆڵانەکە. لەبەرخۆیەوە گوتی: "ناتوانم لێرە بژیم. ناتوانم تا دەمرم، هەر سەیری ئەم دیوارانە بکەم."

لەسەر زەوییەکە راکشا و لەسەرخۆ بە جاسپەری گوت: "وەرە با نهێنیەکت پێ بڵێم. هێشتاش حەزم لێیە بچمە فەرەنسا. هێشتاش پێم خۆشە بگەمە دەریا. بەڵام ئیتر پێم خۆش نیە بە تەنێ بم. نازانم چ بکەم."

جاسپەر وەڵامی نەداوە. هەر بۆنێکی پێوە کرد. شوزیە بەوە سوکناییەکی هاتێ.

کەس لە شوزیەی نەپرسی، لەو دەمەوە لە کوێ بووە. مامۆستا ویرا وای گوتبوو. منداڵە بچووکترەکان باوەشیان پێدا دەکرد و دەیانگوت زۆریان بیر کردووە. بە جاسپەریشیان هەر وا دەگوت. لە پێشدا حەزی لێ بوو یەکێك هەر نەبێ پرسیارێکی لێ بکا، بەتایبەتی ئەگەر ئەو کەسە یەکێك لە کوڕە هاوتەمەنەکانی خۆی بوایە، چونکە سەری لە شەڕ دەخورا.

بەڵام دوای چەند رۆژان، وردە وردە تووڕەییەکەی دامرکایەوە و ئەو زۆربەی کاتەکان لە گەڕەکەکەدا پیاسەی دەکرد و لەگەڵ سووڕانی خۆر، بەر سێبەرەکەی دەگۆڕی.
مامۆستا ویرا لە وەك جاری جاران، هەر ئەزیەتی دەکرد، بەڵام بە شێوازێکی نوێ. ئەو ئیدی هیچ کارێکی بە شوزیە نەدەسپارد. کە شوزیە دەفرە بەتاڵەکانی هەڵگرت بچێ لە ترۆمپاکەی یوئێن ئاویان تێ بکاتەوە، مامۆستا ویرا گوتی: "ئازیزم، تۆ ئەمڕۆ نا سبەی، دیسان بەرەو دەریا ملی رێگایە دەگری. تین و تاقەتەکەت هەڵگرە بۆ ئەو دەم."
ئیتر دەفر و ئامان و گۆزەکانی لێ ستاندەوە و دیارە یەکێك لە کوڕەکان بچێ و ئاوێ بێنێ.
لە پێشدا باش بوو بێ کار دەخولاوە و ئەوانی دیکە کاریان دەکرد، بەڵام ئەوەندەی بێ تاقەت و وەڕەز بوو، ئیتر خەریك بوو خۆ رانەگرێ.
دوو هەفتەیەك بەسەر ئەو قسانەدا هاتبوو، کە رۆژێکیان مامۆستا ویرا بە گورگە لۆقە هاتە لای شوزیە و گوتی: "تۆ هەر لێرەی؟" پێم وابوو دەمێکە رۆیشتووی. کچێکی زیرەکی وەك تۆ دەبێ زۆر وەڕەز بێ بەوەی هەر دانیشێ و هیچ نەکا."
بە شەقاوی گەورە و خێرا، کە هەر وا دەڕۆیشت، دیسان بەجێی هێشت و رۆیشت.
شوزیە دەرپەری. حەزی دەکرد هاوار بکا و شتێك بڵێ. بەڵام هیچی بە زەینیدا نەهات بیڵێ، هەر بۆیە دیوارەکانی دایە بەر شەق. کەچی دیسان لاقی وەژان کەوت و تووڕەتر بوو. لە هەمووشی خراپتر، دوو کوڕ تۆزێك لەولاترەوە ئاگایان لێ بوو.
ئەو کوڕانە، کە وایان دەنواند خەریکی تۆپێنن، بەڵام لەبری تۆپ گەمەیان بە بەردێك دەکرد و دەستیان لە یارییەکەیان هەڵگرت و تەواو پێی پێکەنین.
شوزیە هەرای کرد: "چاو لە چی دەکەن؟ وەختێك ئەو هەمووە کارە هەیە، بۆ یاری دەکەن؟ بۆچی کاتەکانتان بە فیڕۆ دەدەن؟ خۆ دەبینن ئەو دەبە و گۆزانە بەتاڵن. دەی بیانبەن پڕیان کەن و بیانهێننەوە. هەر دەبێ پێتان بڵێن؟"
شوزیە بەدەم قسەکردنەوە، جار بە جار پتر لێیان چووە پێشێ. ئەوەندەیان لێ چووە پێش، هەتا لە دوا قسەدا بەسەریاندا گوڕاندی. کە بێدەنگ بوو هەناسەیەکی بێتەوە بەر، کوڕەکان دەرپەڕین

و رایان کرد. دەسبەجێ دەفرە بەتاڵەکانیان هەڵگرت و بەرەو تروومپای ئاوهەڵێنجانەکە ڕۆیشتن.

شوزیە بە جاسپەری گوت: "پێت خۆش بوو؟"

ئەمجارە بە چاوێکی دیکەوە سەیری دەوروبەر و شوێنەکەی کرد و گوتی: "مامۆستا ویرا پێی وایە هەر خۆی دەتوانێ کاروبارەکان راپەڕێنێ. بەڵام لێرە ئەو هەمووە کارە هەیە و نەکراون. هەر کارێکی ئەو پێی بکرێ، من سەد جار لەو باشتری دەزانم. وەرە با بڕۆین."

کەوتە رێ و رۆیشت. بەڵام ئاگای لێ نەبوو جاسپەر لە جێی خۆی نەبزووتووە. ئەو خۆی خستبووە سەر پاشوان و سەیری شوزیەی دەکرد.

شوزیە داهاتەوە و گوتی: "ئاوا سەیرم مەکە. ئێمە دەچینە دەریا. دەچینە فەرەنساش. لەوێوە نامەی بۆ مامۆستا ویرا دەنووسین و دەڵێین چەندە خۆشحاڵین کە لەو دوورین، بەڵام وەختێك دەڕۆن کە خۆم بڵێم، نەك ئەو. منیش جارێ نامەوێ بڕۆم."

بەو جۆرە شوزیە سەری خۆی خافڵاندبوو، بەڵام ئەم جارەیان بۆ ئەمر و فەرمانی مامۆستا ویرا نەبوو، بەڵکو هەندێ نەخشەی بۆ خۆی کێشابوو. بۆ منداڵە بەتەمەنترەکانی دانابوو، بچنە بەشەکانی دیکەی هۆردووگاکە، بۆ ئەوەی تەختە، لوولە یان هەر شتێکی دیکەی لەوانەبوو بەکاریان بێ، بدۆزنەوەو بیهێنن.

منداڵە بچووکترەکانیشی کۆ کردەوە و خولێکی بۆ دانابوون. بە وردکە بەرد فێری بیرکاریی دەکردن. پێی دەگوتن: " رۆژێك دێ، ئێوە دەبێ کار بکەن. بەڵام ئەگەر حیساب و ژماردن نەزانن، نازانن بەرپرسەکەتان فێڵتان لێ دەکا یان نا."

وەختێك نۆرەی شوزیە دەهات بۆ ئاوهێنان، سەری عەمباریشی دەدا، بۆ وەرگرتنی بەشە ئارد و رۆنەکەیان. بەڵام هەمیشە هەوڵی دەدا خۆی لە مامۆستا ویرا لا بدا. مامۆستا ویراش کاری بەسەرییەوە نەبوو.

تەنانەت برادەرێکیشی دۆزییەوە. فەرزانە، کە هەر چەندساڵێك لەو منداڵتر بوو، تازە هاتبووە گەڕەکی بێوەژنەکان. فەرزانە پێشتر، لەگەڵ پووری لە بەشەکەی دیکەی هۆردووگاکەدا دەژیا. دوای مردنی پووری، مامۆستا ویرا هێنایە ئەوێ، چونکە کەسی نەبوو ئاگای لێی بێ.

فەرزانە بە شوزیەی گوتبوو: "پووری خۆم نەبوو. پوورێکم هەبوو، بەر لەوەیان مرد. دوایی لەگەڵ چەند کەسێکی دیکەدا ژیام. بەڵام ئێستا زۆر خۆشحاڵم هاتوومە ئێرە. هەر نەبێ ئەو هەمووە منداڵەی لێیە و ئەگەر یەکیشیان بمرێ، ناچار نیم بچمە شوێنێکی دی."

کە شوزیە بۆ کارێك لەو شوێنە دەچووە دەرێ، فەرزانەشی هەر لەگەڵ بوو. شوزیە پێی خۆش بوو برادەرێکی پەیدا کردووە. دەتگوت دیسان پەروانەی دۆزیوەتەوە.

لە هۆردووگاکەدا هەموو شتێك خەریك بوو لێك دەترازا و بڵاو دەبوو. تەنانەت خەڵکەکەش وا بوون. هەموو رۆژێ ژمارەی ئەو پیاو و ژنانەی لە بن دیوارەکان لە سەر شەقام ریزیان دەبەست و چاویان دەبرییە شوێنێك، پتر دەبوو. هەندێك هەر لەبەرخۆیانەوە قسەیان دەکرد. هەندێکیان ئەوەندە خەمبار دیار بوون، شوزیە نەیدەزانی ئاخۆ رۆژێك بڵێی بتوانن پێ بکەنن‌ەوە یان نا.

بەردەوام لەبەر خۆیەوە دەیگوت، دەبێ بچێتە ئەوێ، بۆ ئەوەی وەك ئەوانەی بەسەر نەیە.

دیوار و شەقامە قوڕینەکان، دەتگوت گەرماکە لەخۆیاندا رادەگرن. دوای نیوەڕۆیەکی زۆر گەرم فەرزانە گوتی: "چەندەرم گەرمایە. دەڵێی لە تەندووریان خستووم و دەپیشێم."

کزە بایەکیش چییە نەدەهات. ئەوان لە شوێنێکی فێنکتر و دوورتر لەوانی دی دانیشتبوون. بەڵام بۆ ئەوەی بچنە ئەو فێنکاییە، ناچار بوون خۆ لەبەر بۆگەنی زەلکاوەکەش راگرن. ئەگەرچی دیسان هەر بێسوود بوو و گەرماکەش هەر هەبوو. هەوا گەرمەکە، منداڵە بچووکەکانی گرینۆك و لاسار کردبوو. زۆربەیان زگیان ژانی دەکرد. ئەوێ بەردەوام دەنگی گریانی لێوە دەهات.

شوزیە گوتی: "هەوای دەریا لەوانەیە زۆر فێنك بێ."

فەرزانە پرسیی: "دەریای چی؟"

ـ دەریای عومان. تەنیشت شاری کراچی. ئاوەکەی دەچێتە نێو ئۆقیانووسی هیند.

ـ ئۆقیانووس چییە؟

شوزیە تۆزێ بیری کردەوە و گوتی: "ئۆقیانووس... واتە ئاو، ئاوێکی زۆر زۆر لە شوێنێك پۆنگی خواردبێتەوە."

فەرزانە بڕێك بێدەنگ بوو. ئینجا گوتی: "ئەم هۆردووگایەش ئۆقیانووسێکی تێدایە. ئەمشەو کە هەواکەی فێنکتر بۆوە، دەتبەم بۆ ئەوێ. لەوبەری هۆردووگاکەوەیە، کە لەگەڵ پوورم لەوێ دەژیام."

دوای ئەوە منداڵ خەویان لێ کەوت. تەنانەت ئەگەر مامۆستا ویرا لە گۆشەیەکی دیکەی هۆردووگاکەشەوە نەڕاندبای و ئەمری کردبا، باش بوو ئەوانی دیکە گوێیان لێی نەدەبوو.

ئەو شەوە فەرزانە شوزیەی بردە شوێنێك، کە هەسێڵێکی چوارگۆشەی چیمەنتۆکراوی لێ بوو. درێژایی هەر بەرێکی هەسێڵەکە لەوانەیە سی مەترێك دەبوو. پڕ بوو لە ئاو، بەڵام ئاوێکی پڕ لە زبڵ و زاڵ. تەختی بنەکەی سەوز و پیس ببوو و مێشوولە و تەپۆ و جرِوجانەوەر پۆل پۆل لەسەری دەخولانەوە. فەرزانە گوتی: "ئەوە ئۆقیانووسەکەمانە."

شوزیە سەیری ژنێکی کرد، کە سەتڵە ئاوێکی لێ هەڵێنجا و لەگەڵ خۆی بردی. شوزیە گوتی: "ئەوە ئۆقیانووس نیە. ئۆقیانووس هەتا چاو هەتەر دەکا، ئاوە. زۆر زۆر قووڵە و شین دەچێتەوە و بۆنێکی خۆشیشی هەیە. ئەوێ ئەو شوێنەیە وا من دەمەوێ بچم."

فەرزانە گوتی: "منیش حەزم لێیە بێم. منیش بەرە."

ـ ناتوانم بتبەم. زۆر دوورە. جگە لەوەش من خۆم بە هەزار زەحمەت دەگەمە ئەوێ. ئەگەر بگەمە دەریاش، دیسان هەر ڕاناوەستم و دەڕۆم. من نامەوێ کەس لەخۆم بار بکەم. چۆن تۆش بەرم.

فەرزانە پشتی لە شوزیە کرد و گوتی: "پێویست ناکا کەس من بەرێ. بەتەنێش دەتوانم بچم."

ئیتر ملی ڕێی گرت و ڕۆیشت. شوزیەی سەیری کرد. فەرزانە سەری قیت ڕاگرتبوو، بەڵام شوزیە دەیزانی دڵی شکاندووە.

بەجاسپەری گوت: "پێم وایە باشتر بوو پێی بڵێم، ئەویش دەبەم. خۆ درۆشم دەکرد، بەڵام هەر هیچ نەبێ دڵێم خۆش دەکرد. جاری وایە خۆشم نازانم چ بکەم باشە."

شوزیە بە شوێن برادەرەکەیدا ڕای کرد و گوتی: "زور باشە تۆش دەبەم. پێکەوە دەچینە دەریا."

شوزیە خۆی باوەشێن دەکرد، بەشکم ئەو مێش و مەگەزانەی لە دەموچاوە ئارەقەکردووەکەی دەنیشتن، دەربکا. ئەوانەی لە دەوروبەریشی بوون، هەر وایان دەکرد.

ئەو پیاوەی لە لایەوە بوو، گوتی: "هەر جارێکی دێینە ئێرە، ئەو هەمووە ماتڵ دەبین. هەر دەڵێی هیچ کاری دیکەمان نیە. من دەبێ برۆم لە کار بگەڕێم."

شوزیە پرسیی: "لێرە کاریش دەست دەکەوێ؟"

کابرا وەڵامی داوە: "لە نێو پیشاوەر هەیە."

شوزیە دیسان مێشەکانی دەرکرد و خەیاڵ بردیەوە. ئەو ئیتر حەزی لێ نەبوو بچێتەوە پیشاوەر.

ئەوان لەگەڵ سەدان کەسی دیکە لە تەنیشت عەمبارەکەی ناوەندی هۆردووگا دانیشتبوون و چاوەڕێ بوون بەشە ئاردەکە دابەش بکرێ. لە مامۆستا ویرای پرسیبوو: "ناکرێ ئێوارێ بچم وەریگرم؟"

ـ نا، تا ئەو کات ئیتر تارد نامێنێ. دەبێ لەوێ بین، هەر هات، بەشی خۆمان وەرگرین.

یارمەتیدەرەکان بە کامیۆنی گەورە ئاردیان دێنا. بەرەبەری ئێوارە بوو، کە یەکێك لە پاسەوانەکان بە خەڵکەکەی گوت: "ئەمرۆ ئارد نایە. برۆنەوە."

کابرایەك هەرای کرد: "یانی چی ئارد نایە؟ من خۆم لە پشت پەنجەرەوە دیتم. من دەبێ منداڵەکانم تێر بکەم."

کە شوزیە گەڕاوە و مەسەلەکەی بۆ مامۆستا ویرا گێڕاوە، ئەو گوتی: "چەند رۆژێکی دیکەش بەبێ ئارد خۆ رادەگرین."

شوزیە بە پاڕانەوەوە پرسی: "باشە چۆن؟"

ئینجا دیمەنی کەنتۆر و سەلاجە پڕەکەی تۆم و باربارای هاتەوە پێش چاوی، بەڵام هەوڵی دا بیری لێ نەکاتنەوە و گوتی: "دەبێ لە جێیەك سکاڵا بکەین."

مامۆستا ویرا گوتی: "شتێك هەر دەکەین."

بەو جۆرە کۆتایی باسەکەی بڕییەوە. مەبەستی ئەو لە "شتێك هەر دەکەین" ئەوە بوو، کەمتر بخۆن.

کۆتایی هەفتەی دواتر کە نۆرەی دابەشینی ئارد بوو، شوزیە چۆوە عەمبار. بەڵام دیسان هەر وەك جاری پێشوو، بە دەستی بەتاڵ گەڕاوە شوێنی بێوەژنەکان.
ئەو رووداوە هەفتەی دواتریش هەر دووپاتە بۆوە. شوزیە شەکەت و برسی و داماو گەڕاوە و بە بۆڵ بۆڵ بە مامۆستا ویرای گوت: "دەبێ بچمەوە شاری. لانیکەم لەوێ دەتوانم کار بکەم و شتێك بکڕم و بیخۆم. "
مامۆستا ویرا گوتی: "ئەی چۆن دەتوانی بیهێنیەوە ئێرە. هیچ بیرت لێ کردووەتەوە؟
ـ جا بۆ بیهێنمەوە ئێرە؟ خۆ من مشوورخۆری ئەوهەمووە خەڵکە نیم.
ـ بۆ نی. هەی. منیش هەم. ئێمە کە دوو دەستی ساغ و دوو پێی ساغ و دوو چاوی ساغمان هەیە، ئێمە کە مێشکمان باش کار دەکا، بەرسیارین لە هەمبەر ئەوکەسانەدا کە ئەوانەیان نیە.
شوزیە گوڕاندی: "دەی وەرن با شتێك بکەین. ئەوی لێرەن هەموو برسین و ئێمەش بە دوو پێی ساغەوە دانیشتووین و هیچ ناکەین."
مامۆستا ویرا وەڵامی داوە: "من چوومەتە لای بەڕێوەبەری هۆردووگا. هیچی دیکەمان پێ ناکرێ. ئەو یارمەتیدەرانەی ئاردمان بۆ دێنن، دەبێ بە کۆمەگی خەڵکی دیکە ئەو کارە بکەن. ئێستا ئەگەر پارەیان نەبێ، بەچی بیکڕن؟"
ـ بەڵام عەمبارەکە ئاردی تێدایە. هەر وا لە عەمباریێیان کردووە و نایدەنە کەس. من خۆم لە پشت پەنجەرەکەوە دیتم.
ـ دیارە بەشی خەڵکێکی دیکەیە.
ـ ئەی ئێمە دەبێ لە برسان بمرین؟
ـ من پەیوەندیم بە رێکخراوەکانی دیکەشەوە کردووە. دڵنیام فریامان دەکەون. هەتا ئەو کات دەبێ خۆ راگرین.
شوزیە بە تووڕەییەوە پێی لە عەرزی وەژاند و رۆیشت.

بەڵام دوایی، وەبیری هاتەوە کە چۆن پەلاماری زبڵدانی هۆتێلەکەیان دەدا و شتێکی بە زەینیدا هات. بە فەرزانەی گوت: "پاسەوانەکان هەر ئاگایان لە دەرگاکەی پێشەوەیە. ئاگایان لە دەرگای پشتەوە نیە. زۆر تەوەزەلن. تاقەتی ئەوێیان هەر نیە."

نەخشەیەکی کێشا. بۆ راپەڕاندنی نەخشەکەی پێویستیی بە کوڕە گەورەکانی گەڕەکەش هەبوو. هەمووان گوتیان باشە. چونکە برسییان بوو.

بەرەبەری بەیانی، لە گەڕەکەکەیان هاتنە دەرێ. تازە رۆژ ببۆوە. جاسپەریشیان لەگەڵ بوو. هیچ کام لە سەرپەرشتەکان ئاگایان لە رۆیشتنەکەیان نەبوو.

فەرزانە و یەکێك لە کوڕە منداڵەکان چوونە لای دەرگای پێشەوەی عەمبارەکە. وایان دانابوو، ئەوان بە قسەکردن سەری پاسەوانەکان بخافڵێنن، بۆ ئەوەی منداڵەکانی دیکە لە دەرگای پشتەوەڕا بچنە نێو عەمبارەکە. شوزیە بە چەقۆیەك کە لە چێشتخانەکە هەڵیگرتبوو، هەرچۆنێك بوو پەنجەرەکەی کردەوە. تاوێك دواتر ئەوان فەردە ئاردەکانیان هێنایە بەر پەنجەرەکە و لەوێ خستیاننە نێو ئەو عارەبانە بچووکەی لەگەڵ خۆیان هێنابوویان.

هەر نەیزانی ئەو مەسەلەیە چۆن درزی کردە دەرەوە. وەبیری نەدەهاتەوە لە نێوان گەڕەکەی خۆیان و عەمبارەکەدا کەس ئەوانی دیتبێ. بەڵام دیار بوو خەڵکێکی زۆر لە هۆردووگاکەدا، هیچ کارێکیان نەبوو جگە لەوەی چاویان بەسەر خەڵکەوە بێ.

عابەرانەی منداڵەکان نیوەی پڕ ببوو لە فەردە ئارد، کە پیاوێکی بەتەمەنیان لێ قوت بۆوە. ئەو کابرایە کە دە هێندەی منداڵەکان دەبوو، پاڵێکی پێوە نان، بۆ ئەوەی چیی ئاردە رایدا و بیبا. منداڵەکان خۆیان بە عارەبانەکەوە هەڵواسی بۆ ئەوەی نەهێڵن.

لە دەنگەدەنگ و زەنازەنای منداڵەکان، پاسەوان زانیان و بەرەو ئەوێ هاتن. خەڵکێکی زۆریش بە گوڕەی پاسەوانەکان بەرەو ئەوێ هاتن.

هەر ئەوەندەی یەك و دوو، حەشامەتێکی زۆر کۆ بوونەوە. هەموو پاڵیان بە یەکترەوە دەنا، بۆ ئەوەی بگەنە بەر پەنجەرەکە و بچنە نێو عەمبارەکە. حەشامەتەکە جار بە جار پتر و پتر دەبوو. یەکدابەدوو بوو بە هەرا.

ژمارەیەکی زۆر لە برسی و بێهیواکان، لە دەوری عەمبارەکە شەپۆلی دەدا. شوزیە نیگەرانی فەرزانە و ئەو منداڵانە بوو، کە لەگەڵ خۆیدا هێنابوونی، نەشیدۆزینەوە. خەڵکە بەتەمەنەکە، برسی و تووڕە پاڵەپەستۆیان بوو. هەموو وەك کێوییان لێ هاتبوو.

گوڕە و پاڵەپەستۆکە خەستتر بۆوە. خەڵکەکە بە داران بەربوونە دەرگای عەمبارەکە و چون بۆیان نەدەکراوە، پاڵیان بە یەکتریەوە دەنا.

هێشتا فەردە ئاردێك بە دەست شوزیەوە مابوو. فەردە ئاردەکەی وەك قەڵغان لە پێش خۆیەوە راگرت و ویستی لە نێو حەشامەتەکە بچێتە دەرەوە، کەچی کابرایەك رایکێشا. شوزیە سەری هەڵێنا. کابرایەك بوو دوو هێندەی ئەو. دەیویست ئاردەکەی لێ بستێنێ. بەسەریدا نەڕاندی:

"من دەبێ منداڵەکانم تێر بکەم."

شوزیەش گوڕاندی: "ئەی پێت وایە من بۆچیمە؟"

کابرا کە لەو بەهێزتر و گەورەتر بوو، دەستی هەڵێنا و مستێکی لەسەری شوزیە راکێشا. شوزیە کەوت و چاوی لێ بوو کە پیاوەکە فەردە ئاردەکەی برد.

ویستی هەستێتەوە و بەدوویدا غار بدا. ویستی وەك چۆن ئەو بە عەرزیدا داوە، ئاوا بە عەرزیدا بداتەوە. دەیویست ئەو ئاردەی لێ بستێنێتەوە، کە پێویستی بوو بۆ ئەوەی زگی خۆی و هاوڕێکانی پێ تێر بکا. بەڵام نەیتوانی. ئەو هەروا لەسەر عەرزەکە کەوتبوو و سەیری لاقی ئەو خەڵکە وەزاڵەهاتووەی دەکرد، کە بەلایدا رایان دەکرد.

زۆربەی فەردە ئاردەکان لەو تێکهەڵچوونەدا دڕان. ئارد بەدەست خەڵکەوە دەخولانەوە و دەڕژایە عەرزی. زەوییەکەی ئەوێ، وەك زەویی زستانانی کابول سپی ببوو.

کەس ئاوڕیشی لە شوزیە نەداوە. خەڵکەکە بە پەلەپەل بەلایدا تێدەپەڕین. ئەو پەیتاپەیتا خۆی لادەدا بۆ ئەوەی وەبەر پێیان نەکەوێ. کە خەڵکەکە پێیان لێ دەنا، دەتگوت پێ لەسەر کۆتەرە دارێك دادەنێن، نەك لەسەر بنیادەمێك.

کە پیاوێکی قەڵەوەی قورس و زەبەلاح پێی لە لاقی شوزیە نا، گوێی لە قرچەی شکانی پێی خۆی بوو. یەك بەخۆی هاواری کرد، بەڵام کەس گوێی لە دەنگی نەبوو.

زەبرێکی دیکەشی بەر سەری کەوت و ئیتر دنیای لەپێش چاوی رەش بوو. هەروا بێهۆش بوو، کە جاسپەر دۆزییەوە. جاسپەر هاتە ژوور سەری شوزیە و هەر کەس لێی نزیك بووبایەتەوە، پێی دەوەڕی و راوی دەنا. ئەو لە نێو ئەو خەڵکە تووڕەیەدا، شوزیەی دەپاراست.

## ١٢

شوزیە لای وابوو سەری کەوتووەتە نێوان چەند بەردەوە. دەنگەکانی دەوروبەری خۆی نەدەناسیەوە. هەوڵی دەدا چاوی هەڵێنێ، بەڵام هەر ئەوەندەی توانی یەکێکیان هەڵێنێ. بەو تاقە چاوەش هیچی نەدی. ئەو تۆزە لەخۆنووسانەش* ماندووی کرد و دیسان بە چەقی تاریکیدا رۆ چوو. دوای ئەوە توانیی پتر هۆشی بەخۆیەوە بێ و نووزەیەکی بێ. سینگ و سەری زۆر ژانیان دەکرد، بەڵام روون نەبوو چیی بەسەر هاتووە. زاری کردەوە و نووزەیەکی لێ هات و دیسان لەهۆش چوو.

ـ شوزیە.

گوێی لە دەنگی یەکێك بوو وەك لەو سەری تونێلێکی زۆر دوورەوە بانگی بکا.

ـ شوزیە.

ئەمجارە تونێلەکە کورتتر ببۆوە.

ـ زۆر باشە، شوزیە. ئیتر دەبێ هەستی.

دەنگێکی ئاشنا بوو، بەڵام مێشکی ئەوەندە خاو بوو، بۆی نەدەچۆوە سەر یەك.

ـ شوزیە، هەستە، هەوڵ بدە بێهۆش نەبی.

ئەم قسەیە، کاری تێکرد و وای لێ کرد تۆزێك لەو وڕ و کاسبوونەی بێتە دەر.

ـ چی؟

مامۆستا ویرا گوتی: "تۆ لە خەستەخانەی. زەبرێکت پێ کەوتووە، بەڵام شتێکی وا نیە. مەترسە. زۆر زوو دێیەوە ناو تیمەکە."

دەنگە شادەکەی ئەو گوێی شوزیەی دێشاند. لەسەرخۆ و بە دەست پێی گوت بڕوا.

مامۆستا ویرا دەستی شوزیەی لە نێوان هەر دوو دەستە بەهێزەکەی خۆی گرت و گوتی: "نا، پێویست نیە سوپاسم بکەی."

شوزیە تۆزێ دڵنیا بۆوە، بەڵام ئەو هەستی دڵنیاییەی تیژتێپەڕ بوو.

---

* لەخۆنووسان: زۆرلەخۆکردن. لەخۆی نووسا: زۆری لەخۆی کرد. وەك لە باشوور دەڵێن: زەختی لەخۆی کرد.

مامۆستا ویرا گوتی: "دەزانم پێت ناخۆشە ئەو هەمووە گێچەڵ و کێشەیەت ناوەتەوە. دوایی ئەوەیان چار دەکەین. جارێ تۆ پشوو بدە با چاك بیەوە. قەد و قەڵافەتت وا چاك دەکەینەوە خۆت پێت سەیر بێ."

کە مامۆستا ویرا هەستا، شوزیە دیسان تێك چوو و چاوی لێك نا. بەڵام دڵی خۆش بوو بەوەی مامۆستا ویرای بە کورتی دیتووە.

دەنگی مامۆستا ویرا لە خەستەخانەکە گەڕا: "جا ئێستا کە شوزیە دەبێ بۆ ماوەیەك لێرە بمێنێتەوە، وا باشترە فێربوونی پەرستارییەکەی دەست پێ بکا."

شوزیە تین و تاقەتی نارەزایەتیی نەبوو. یانی مامۆستا ویرا دەیەویست لێی ببێتە ملۆزم؟"

ڕۆژی دواتر سەری تۆزێك باشتر ببوو و توانیی چاوی هەڵێنێ و سەیری لاقی بکا، کە هەتا ڕانی لە گەچ گیرابوو.

یەکێك لە پەرستارەکان پێی گوت: "چەند پەراسوویەکت شکاوە. بۆ ماوەیەك سینگت دێشێ. بەڵام چاك دەبیەوە. پتر خەمی سەرتمان بوو. بەڵام وا دیارە کاژەڵاکێکی پتەوت هەیە و هیچ شتێك ناتوانێ زەبری پێ بگەیەنێ. دەبێ سەیری دەموچاوت بکەی. تەواو شین و مۆر بۆتەوە."

شوزیە ئاوێنەی نەبوو و بۆشی گرنگ نەبوو، چ بەسەر بیچمی هاتووە. گوتی: "هەموو گیانم دەزریکێنێ. ئەی شتێکم نادەنێ تۆزێك ئەهوەن ببمەوە؟"

پەرستارە گوتی: "دەبێ خۆت ڕاگری. دەرمانی ئازاربڕمان نیە. هەموو شتێکمان تەواو بووە. ژانەکەت وردە وردە دەشکێ."

شوزیە پرسیی: "ئەی لاقم چاك دەبێتەوە؟"

بەڵام شوزیە لە وەڵامی پرسیارەکەی خۆی دەترسا.

ـ شکانێکی سادەیە. شەش هەفتەیەکی دیکە دەبێ لە گەچدا بمێنێتەوە، تا یەك بگرێتەوە."

ـ شەش هەفتە؟

ـ تکایە هێواش قسە بکە. شوێنێکت هەیە بچی؟

ـ ئەی چۆن نیمە؟ پێت وایە دەمەوێ هەر لێرە بم؟

ـ پێم وانیە هیچ کاممان حەزمان لێ بێ، لێرە بین. بەڵام هەرچۆنێك بێ، هەموومان لێرەین.

شوزیە بە ناقایلییەوە گوتی: "دەی جا خۆ من ناچار نیم لێرە بمێنمەوە."

پەرستارە خەریکی برینپێچانی ژنەکەی تەنیشت شوزیە بۆوە و گوتی: "کەسیش لە زیندانت ناکا."

ـ بەو پێیەوە چۆن بەرێگادا بڕۆم؟

ـ لاقت شکاوە. خۆ نەبڕاوەتەوە. بێدەنگ بە دەی. ئەوەندە مەبۆڵێنە. تۆ لە هەموویان بە بەخت و شانستری.

پەرستارە رۆیشت. ئەگەر شوزیە ویستبای جوابی بداتەوە، دەبوو دەنگ هەڵێنێ بۆ ئەوەی دەنگی بگاتە ئەوسەری خەستەخانەکە. خۆ ئەگەر ئەوەندە لاواز و بێهێز نەبوایە، بەسەریدا دەنەڕاند.

لەبن لێوەوە گوتی: "ئەوەش دەبێ یەکێك بێ لەوانەی لەبەر دەستی مامۆستا ویرادا پەروەردە بووە."

ژنەکەی تەنیشتی گوت: "هەوڵ بدە لەسەرخۆ بی."

ئەو لە شوزیەش پتر برینپێچ کرابوو. چاوێکی نەبێ، هەموو دەموچاویان پێچابوو. دەنگێکی پیرانە و کپی هەبوو.

ـ ئەوەی لەسەر سەبرانە، لە سەر خێرانە.

شوزیە وەڵامی داوە: "ناوەڵڵا ئەوەی لەسەر سەبرانە، لەسەر قەبرانە. هیچ شتێك بە سەبرگرتن چاك نابێ. لەسەرخۆبوون هەر وات لێ دەکا شتت لەبیر بچێتەوە و نەتەوێ هیچ شتێك بگۆڕی. سەبرگرتن بنیادەم دەکاتە دار و بەرد."

ـ کە ناچار بی لە نێوان سەبرگرتن و پەلەکردندا یەکێکیان هەڵبژێری، جا تێدەگەی سەبرگرتنەکە ئاسانترە.

ـ ئەوە بۆ تۆ باشە، چونکە تۆ پیری. لەوانەیە ئەگەر تۆ ویستباشت، هیچت نەکردبایە، بەڵام من چونکە گەنجم، بەرنامە و خەونم زۆرن.

ـ تەمەنت چەندە؟

ـ چاردە.

ـ من شانزه ساڵانەم.

شوزیە تاوێك بێدەنگ بوو. ئەمجار پرسیی: چیت بەسەر هاتووە؟"

ژنە گوتی: "پیاوێك تێزابی بە دەموچاومدا کرد."

ـ بۆ؟

ـ چون ئەو کارەی دەمکرد، ئەو پێی خۆش نەبوو. پێم وابوو لە هۆردووگای پەنابەراندا ترسم لەسەر نیە، کەچی لێم روون بۆوە، هیچ کوێ بۆ من بێمەترسی نیە.

ـ چیت دەکرد وا ئەو پێی ناخۆش بوو؟

ـ کچەکەیم فێری خوێندەواری دەکرد.

ـ پیاوی تاڵیبان بوو؟

ـ فەرقی چییە؟ خۆ هەرچی دواکەوتوو بێ، تاڵیبان نیە. من پێم خۆش نیە هەر باسیشی بکەم. دەی باشە لێم گەڕێ با بنووم.

شوزیە لەکۆڵی بۆوە. تاوێك دواتر خۆشی خەوی لێ کەوت.

کە هەستا، تەختەکەی تەنیشتی بەتاڵ بوو. دەستی ئەو پەرستارەی بەوێدا رادەبرد، گرت و گوتی: "ئەوەی لە سەر ئەو تەختە بوو، چیی لێ هات؟"

ـ خۆی رانەگرت.

ـ یانی مرد؟

ـ لێم گەڕێ با بڕۆم.

ـ هیچ بۆت گرنگ نیە، وایە؟ تەنانەت خەمی مردنیشیت نیە، هیچت نەکرد بۆ رزگارکردنی؟

پەرستارەکە کشاوە، دەستی راپسکاند و گوتی: "تۆ دەزانی هەموو رۆژێ لێرەدا چەند کەس دەمرن؟ من دەتوانم بۆ هەمووان بگریم؟ تۆ هەر دەزانی راکشێی و بۆڵەت بێ. چۆن لەخۆت رادەبینی سەرکۆنەم بکەی؟"

پەرستارێکی بەتەمەنتر هاتە پێشێ و گوتی: "بیبڕەوە دەی."

پەرستارەکەی دیکە لە نارەحەتی، دەنگی هەڵێنا و گوتی: "ئاخر دەزانی چ چاوەڕوانیەکی لێمان هەیە؟ ئێمە کە نە لەفافمان بە گوێرەی پێویست هەیە، نە خواردن، نە ئاوی پێویست. رۆژ بە

ڕۆژ ژمارەیەکی زیاتر منداڵ لێرەدا دەمرن. خوایە ئێرە کوێیە؟ وەڵڵاهی ئەو ئاژەڵانەی لەو دەشتەن، باشتریان پێ ڕادەگەن لەچاو ئێمە."

ژنە بەتەمەنەکە بە تووڕەییەوە گوتی: "بیبڕەوە، نەخۆشەکان دەترسێنی. بچۆ تاوێك پشوو بدە، ئاوا بەکاری من نایەی."

پەرستارە گەنجەکە گریا و بە ڕاکردن ڕۆیشت. پەرستارە بەتەمەنەکەش چۆوە سەر ئیشەکەی.

شوزیە پشتی تێ کردن. هیچ پێی خۆش نەبوو سەیری ئەو تەختە بکاتەوە.

بۆ سبەینێ پەرستارەکە جووتێ چێوشەقەی دایە و گوتی: "هەستە خۆت ڕابێنە با بتوانی بەوانە بەڕێگادا بڕۆی. بەڵام زۆر دووریش مەڕۆ، چونکە زۆر کەس ناچارن ئەمڕۆ کەلك لەوانە وەرگرن."

شوزیە نەیدەتوانی زۆر بە سووك و ئاسانی بە چێوشەقەکان بەڕێگادا بڕوا. بەڵام دڵیشی خۆش بوو کە دیسان دەتوانێ بڕوا. بڕێك بە نێو خەستەخانەکەدا گەڕا. ئەمجار ڕاوەستا و سەیری ئەوێی کرد.

خەستەخانەکە هەر خێوەتێکی گەورە بوو، کە لێوارەکانیان هەڵدابۆوە، بۆ ئەوەی هەوایەکی تێبگەڕێ. پەردە قوماشەکانی نێوان تەختەکانیش نەیدەهێشت تەپوتۆز هەستێ و بەشی نەخۆشەکانیشی جیا دەکردەوە. بنەماڵەی نەخۆشەکان لەبەر خێوەتەکەوە لەسەر عەرزەکە دانیشتبون و چاوەڕێی چاکبوونەوەی نەخۆشەکەیان بوون.

خەڵکێکی زۆر ریزیان گرتبوو، بۆ ئەوەی پەرستار یان پزیشکێك بیانبینی و برینەکەیان بۆ بشواتەوە یان بۆیان داپێچێ، بەشکم تۆزێ ئازار و ژانەکەی کەم بێتەوە.

کەس ئاگای لە شوزیە نەبوو، تا بزانێ کەی چێوشەقەکانی دێنێتەوە. خەستەخانەکەی بەجێ هێشت. لە خەستەخانەکە دوور کەوتبۆوە، بەڵام دەبوو لە پێشدا جاسپەر بدۆزێتەوە. چونکە نەیانهێشتبوو بێتە نێو خەستەخانەوە. حەزی لێ بوو بۆ دوایین جار بچێتەوە بەشی بێوەژنەکان و بیدۆزێتەوە. دوای ئەوە بەبێ ئەوەی کەس بدوێنێ، ئەوێ بەجێ بێڵێ.

ئیتر نە پێی خۆش بوو چاوی بە مامۆستا ویرا بکەوێتەوە، نە شێتەکان و نەخۆش و داماوەکانیش. هەر خۆی و سەگەکەی و دەریای شین و بێ بنی دەویست.

شوزیە زۆر هێواش دەڕۆیشت. بە چێوشەق نەیدەتوانی باش بەرێگادا بڕوا. ئەو ئارەقەیەی لە سەروگیانیشی دەچۆڕایەوە، دەچووە نێو گەچەکەی لاقی و پتر دەیخوراند. حەزی لێ بوو دیسان بگەڕێتەوە سەر تەختەکەی نەخۆشخانە، بەڵام هەر وا ڕۆیشت و رانەوەستا.

پیاوێك لە کۆڵانەکەدا دانیشتبوو. کە شوزیە بەلایدا تێپەڕی، کابرا بانگی کرد: "ئەوە بەو گەرمایە بۆ کوێ؟"

شوزیە گوتی: "پیرە پیاو، ئەی تۆ لەو گەرمایەدا چاوەڕێی چیی؟"

ـ هیچ. ەر وا دانیشتووم. کارێکی دیکەم نیە. هەر نازانم چاوەڕێی چیش بم. بەڵام هەروا دادەنیشم. ئاخری تۆش وەك منت لێ دێ، ئاوا لە شوێنێك دانیشی.

شوزیە گوتی: "مەحاڵە."

ـ هەر ئێستاش بەو گەرمایە کەوتوویەتە رێ، بڕۆی. بەڵام بۆ کوێ دەچی؟ خۆ لێرە پتر شوێنێکی دیکە نیە. ئەو کۆڵانە یان ئەوی دی. هەر هەموو وەك یەکن. رۆژێك تۆش بۆت روون دەبێتەوە. دوایی وەك من لە جێیەك دادەنیشی و چاوەڕێ دەبی.

پیرەپیاوەکە هەروا قسەی دەکرد. شوزیە رۆیشت. زۆر بوون ئەو پیاوانەی دانیشتبوون و شوزیە بە تەنیشتیاندا تێدەپەڕی و ئەوان سەیری شوزیەیان دەکرد، کە وا بە دژواری و ئازارەوە دەڕوا. چێوشەقەکان بۆ شوزیە کورت بوون و ئەوەندە داهاتبۆوە، پشتی دێشا. دوای ئەوە نە کەس قسەی لەگەڵ کرد و نە ئەویش قسەی لەگەڵ کەس کرد.

لاقی زۆر دێشا. گەرمای بوو. ماندوو بوو. نەدەبوایە بەو گەرمایە بکەوێتە رێ. دەبوو لەبەر سێبەرێك دانیشتبا و پێی هەڵێنابا.

گەڕاوە و ویستی بەرەو خەستەخانەکە بڕوا، بەڵام زوو زانیی رێی لێ هەتڵە بووە*. بەبێ ئەوەی ئاگای لەو رێیە بێ کە پێیدا هاتووە، هەروا رۆیشتبوو. شەقام و کۆڵانی هۆردووگاکە بەرەو هەموولایەك کشابوون. ئەو کاتەی لەبەر دەستی مامۆستا ویرادا بوو، قەت نەهاتبووە ئەم لایەی هۆردووگاکە. هەر نەشیدەزانی کوێیە و چۆن بگەڕێتەوە. لە یەکێك لەو پیاوانەی وەك

---

*هەتڵەبوون: بزربوون. لاڕێبوون. لێ شێوان.

ئەوانی دی لە بن دیوارێك دانیشتبوو، پرسیی: ئەرێ گەڕەکی بێوەژنەکان لە کام لاوەیە. کابرا چەند جارێك پرسیارەکەی لە مێشکیدا هێنا و برد. شوزیە بەبێ ئۆقرەیی خۆی دابووە سەر چێوشەقەکەی.

پیاوێکی دیکە لێی هاتە پێش و لە پیاوەکەی پرسی: "چ باسە."

ـ ئەو کوڕە دەیەوێ بچێتە گەڕەکی بێوەژنەکان.

ـ ها کوڕە بۆ دەتەوێ بچیتە ئەوێ؟

قسەکانی ئەوان کابرایەکی دیکەشی بەرەو ئەوێ راکێشا و دوای ئەوە سێ کەسی دیکەش. ئەوان جارێ مشتومڕیان بوو لەسەر ئەوەی هەر بە راستی شوێنێکی وا هەیە یان نا؟

چەند کەسێکی دیکەش دیسان لێیان پرسی: "بۆچی دەتەوێ بچیتە ئەوێ؟ چما نازانی ئەوێ لەسەر خواردن شێواوە؟ خۆ لەوێ مەدە. ئەوێ هەر ژنی لێ دەژین. هیچ باش نیە خۆت تێکەڵی ئەوانە بکەی."

شوزیە هەلی بە دەرفەت زانی و بەبێدەنگی بای داوە بۆ نێو کۆلانەکە و لە دەست ئەو پیاوانە و قسەوباسی گەمژانەیان خۆی دزییەوە. هەر وا رۆیشت و رۆیشت، بەشکم تووشی ناسیارێك بێ.

لە پڕ دیوارە گڵەکان تەواو بوون و شوزیە گەیشتە شوێنێك هەتا چاو هەتەری دەکرد هەر خێوەت بوو. ئەوێ هۆردووگای پەنابەرە تازەکان بوو. مامۆستا ویرا پێشتر باسی شوێنێکی وای بۆ کردبوو، بەڵام خۆی هەر نەیدیتبوو.

مامۆستا ویرا گوتبووی: "ئەوێ هەر جێ نیە. بەڵام خەڵك بێ پسانەوە دێن. زۆربەشیان بە دەستی بەتاڵ دێن. هیی وایە شەش مانگ یان پتریش بۆ وەرگرتنی خێوەتێك چاوەڕوان دەبن."

شوزیە بەدەوری خۆیدا خولایەوە. نە رێگای بەرەو گەڕەکی بێوەژنەکان دیار بوو، نە رێگای وەدەرکەوتن لە هۆردووگاکە. کەوتە بیری ئەوەی، بگەڕێتەوە، بەشکم بگاتەوە نێو دیوارە گڵەکان. بەشکم توانیباشی بچێتە نێو هۆردووگای تازە هاتووکان و لەوێوە رێگەیەکی نێوبڕی دۆزیباوە بەرەو گەڕەکی بێوەژنەکان. ئەو رێگای دووەمی هەڵبژارد.

لە هۆردووگاکەدا سەری لێ شێوا. هیچ کۆلان یان شەقامێك دیار نەبوو. تەنانەت خێوەتەکانیش ئەوەندە لێك نزیك بوون، هەر نەیدەتوانی بڕوا.

هەندێکیان خێوەتەکانیان لە قوماشی جاو و خامی سپی بوو، کە بە خەتێکی ڕەش لێیان نووسرابوو، یو ئێن UNHCR واتە ڕێکخراوی نێو دەوڵەتیی بەرگری لە پەنابەرەکان. هەندێکیشیان چەند پارچە پەڕۆیەکیان لێك دووریبوو و کردبوویانە خێوەت. هەندێ لە خێوەتەکان هەر پلاستیکێك بوون کە دارێکیان وەبەر درابوو.

شوزیە سەری بە چەند خێوەتێکدا کرد و ناونیشانی شوێنی بێوەژنەکانی پرسی. بەڵام خەڵکەکە بە سەرسامیەوە سەیریان دەکرد. نێو خێوەتەکان لە دەرەوەش گەرمتر بوو. هەر خێوەتە و خەڵکێکی زۆری تێ ئاخنرا بوو و لەوێدا دانیشتبوون.

یەکێك لە خێوەتێکەوە گوتی: "چێوشەقەکانت بدە بە من."

شوزیە داهاتەوە و پیرەژنێکی دی، کە لە خێوەتەکەدا دانیشتبوو. لاقێکی نەبوو.

ـ چێوشەقەکانتم بدەیە بەشکم بتوانم لێرە بچمە دەرێ. ئێرە زۆر ناخۆشە. زۆر بێزارم.

شوزیە بەپەلە ڕۆیشت. هەر ئەو کاتە لاقی لە سینگ و پەتی خێوەتێك ئاڵقا و سەرەنگرێ بوو و تلپ کەوت.

ئەو منداڵانەی لەوێوە ڕاوەستابوو، قاقا پێی پێکەنین. شوزیە دەیزانی ئەوانەی هیچ شتێکیان نیە خۆی پێوە بخافڵێنن، بەعەرزدا کەوتەکەی ئەو شتێکی خۆشە. بەڵام زۆر نالەبار و ناساغ بوو بۆیە تاقەتی ئەوەی نەبوو سەری منداڵان بخافڵێنێ. هەر بۆیە بە چێوشەقەکەی لە یەکیانی دا.

پیاوێك هات و دەستی گرت و هەڵیستاندەوە و گوتی: "ئەوە بۆ وا دەکەی؟ تۆ لەوان گەورەتری. ئەوانە دەبێ نەرم و نیانی و ئینسانیەت لە تۆوە فێر بن."

شوزیە بەبێ ئەمەگداری و سپاس بە هەنگڵە شەلێ ڕۆیشت و دوای تاوێك گوێی لە هاڕەی کامیۆنێك بوو. خەڵکێکی دی، کە بە دەفر و سەتڵەوە ڕایان دەکرد. ئەویش کەوتە شوێن خەڵکەکە.

تەنکیی ئاو هاتبوو. پاسەوانەکانی دەوری تەنکییەکە، هەوڵیان دەدا خەڵکەکە ریز بکەن، بۆ ئەوەی بەنۆرە ئاو وەرگرن. بەڵام ئەو هەمووە خەڵکە تینووە، لە دەوری تەنکییەکە کۆ ببوونەوە. شوزیە لە شوێنێکی بەرزتر ڕاوەستا و سەیری حەشامەتەکەی کرد. ئەو دەفرە ئاوانەی خەڵکەکە فریای پڕ کردنیان دەکەوتن، تا لە نێو ئاپۆرا حەشامەتەکە دەهاتنە دەرێ، لێیان نیوە دەبوو.

پیاوێك سەتڵەکەی خۆی پڕ کردبوو. پاڵێکیان پێوە نا و هەموو ئاوەکەی رژا. کە ویستی دیسان بچێتەوە لای تەنکییەکە، نەیتوانی بەنێو خەڵکەکەدا رەت بیٚ. بۆیە بە تووڕەییەوە سەتڵەکەی راوەشاند و لەسەری کابرایەکی راکێشا. ئەویش تۆڵەی لیٚ کردەوە. زۆری نەبرد، خەڵکێکی زۆر پێك هەڵپڕژان و تێك هەڵچوون.

شوزیە گەڕاوە و رۆیشت. نەیدەویست لاقەکەی دیکەشی بشکیٚ. ئەوەندە رۆیشت هەتا گەیشتە ئەوسەری خێوەتەکان و جادەیەکی نارێك. ترۆمبێلێکی سپیی وەك ترۆمبێلی یارمەتیدەرەکان، بەرەو لای دەهات. شوزیە رێك لە نێوەندی جادەکە راوەستا، بۆ ئەوەی رایگریٚ.

هەرای کرد: "من ون بووم."

یارمەتیدەرەکە دابەزی و پرسیی: "خەڵکی کوێی؟"

شوزیە گریا و گوتی: "خەڵکی دەریا. خەڵکی فەڕەنسا. وڵاتی گوڵە وەنەوشەکان، کە نە بۆنێکی ناخۆشی لیٚ دیٚ و نە هیچ کەس لەویٚ بەسەرمدا دەقیژێنیٚ و نە پاڵیشم پێوە دەنێن. خەڵکی ئەوێم."

یارمەتیدەرەکە دەستی شوزیەی گرت، بۆ ئەوەی سوار بیٚ و لەسەر کورسییەکەی تەنیشت شۆفێرەکەوە دانیشیٚ. لیٚی گەڕا هەتا شوزیە کوڵ و کۆی دامرکا و گیر بۆوە. ئەمجارە پرسیی: "جا ئێستا پێم بڵیٚ لە کوێی دەژییی؟"

ترۆمبێلەکە کەوتە ریٚ. ئەو دەریای خێوەت و خەڵکە خەفەتبارە، هەر دەتگوت قەت نابڕێتەوە.

شوزیە پرسیی: "ئەوانە کێن؟"

یارمەتیدەرەکە گوتی: "تازە لە ئەفغانستان هاتوونەتە دەر. خەڵك دەیانەویٚ بەر لە هێرشەکەی ئەمریکا بە پەلە ئەویٚ بەجیٚ بێڵن."

ـ بۆ ئەمریکا لە ئەفغانستان دەدا؟

ـ لەبەر ئەو رووداوەی لە نیویۆرك قەوما. ئەمریکا تووڕە بووە.

ـ جا چ قەوماوە؟

یارمەتیدەرەکە دەستێکی لە سوکان کردەوە و رۆژنامەیەکی دا بە شوزیە و گوتی: "ها، ئەوەتا لێرەدایە."

شوزیە سەیری وێنەیەکی کرد، کە تێیدا لە پاشماوەی بینایەکی کاولبووەوە دووکەڵ هەڵدەستا.
شوزیە رۆژنامەکەی داناوە و گوتی: "خۆ ئەوەش دەڵێی کابولە."
ئیتر سەری بە پەنجەرەکەوە نا. ئەو خەڵکەی ئەوان بەلایاندا تێدەپەڕین، هیچ لەوە نەدەچوو، ئەوەندەیان تین و گوڕ تێدا مابێ، بتوانن شتێك بتەقێننەوە.
چاوی لەسەر یەك دانا و هەڵێنەهێنان هەتا گەیشتنەوە گەڕەکی بێوەژنەکان.
مامۆستا ویرا بە شوزیەی گوت، کەسێکی دیکەیان لەسەر تەختەکەی خەستەخانە داناوە. ئەو دۆشەگەڵەیەکی لە بەسەر سێبەرەکە بۆ راخست بۆ ئەوەی شوزیە پشوو بدات. منداڵەکانی گەڕەك دەوریان دا و گوتیان هەقایەتیان بۆ بگێڕێتەوە. بەڵام مامۆستا ویرا دووری خستنەوە و گوتی، شوزیە دەبێ پشوو بدا.
بۆ سبەی هێرش کرایە سەر گەڕەکی بێوەژنەکان. هەندێ لە پیاوەکان دەیانویست بەسەر دیوارەکەدا بێنە ژوورێ. ئەوان یەك بەخۆیان هەرایان دەکرد، ژیان لەو شوێنەدا بێ ئەخلاقییە. چونکە پیاوێکی لێ نیە ئاگای لەو ژنانە بێ.
مامۆستا ویرا و ژنەکانی دی بە گەسك و هەر شتێکی بەردەستیان کەوت، لە پیاوەکانیان دا و دەریانکردنە دەرێ. بەڵام شوزیە هەر لە سەر دۆشەگەڵەکەی راکشابوو. چێوشەقەکانیان بردبوە خەستەخانە. هەربۆیە جگە لە سەیرکردنیان، هیچی دیکەی لەدەست نەدەهات. جاسپەریش دەوەڕی و کەلپەی گڕ دەکردەوە و بەوجۆرە پەلاماردەرەکانی دەکشاندەوە.
مامۆستا ویرا ناچار بوو، خەڵکێکی زیاتر بکاتە پاسەوانی پاراستنی گەڕەکەکە. ئەو هەر باسی ئەو مەسەلەیەی نەکردەوە، بەڵام شوزیە دەیزانی زۆر نیگەرانە، ئەو رووداوە شتێکی لێ بکەوێتەوە.
شوزیە تا چەند هەفتەیەك لە تەنیشت ئەو ژنانەوە دانیشت، کە گوڵدۆزییان دەکرد. ئەو لێواری دەسرۆکە و سەرمێزەکانی دەنوشتاندەوە و چاوەڕێ بوو لاقی چاك بێتەوە.

پەرستارەکەی مانگی سوور، چەقۆی گەچبڕینەکەی دانا و گەچەکەی لە لاقی شوزیە کردەوە. لاقی زۆر کز و لاواز ببوو.

پەرستارەکە گوتی: "هەوڵ بدە زۆر لە سەر ئەم پێیەت راوەستی."

شوزیە بە پارێزەوە قورسایی خۆی خستە سەر لاقەکەی دیکەی. ژانی دەکرد، بەڵام لەسەر یەك هەستی کرد باشە.

پەرستارە گوت: "بەحاڵ شکابوو. شانست هەبوو. دەی باشە ئەمجارە ئاگات لێ بێ، خۆت تێکەڵی گۆنگەڵ و هات و هەرا مەکە."

شوزیە چەند هەنگاوێك بەو لاقەی تازە گەچەکەیان لێ کردبۆوە، رۆیشت.

پەرستارەکە بە مامۆستا ویرای ـ کە شوزیەی هێنابووە خەستەخانە ـ گوت: "ئەمڕۆ دوانیوەرۆ چوار سندووقمان کەلوپەلی یارمەتیی سەرەتاییەکانتان بەدەست دەگات. کەی دەڕۆی؟"

ـ لەوانەیە سبەی، یان هەر ئەمشەویش. نازانم، ئەگەر رووناکی بکاتەوە و بڕۆین باشترە. دەبێ راوەستین تا رۆژ دەبێتەوە.

پەرستارە گوتی راست دەکەی. بە هەردوو باردا جێی مەترسییە. شوزیە پرسیی: "بۆ کوێ دەرۆی؟"

یانی هەر بەراستی مامۆستا ویرای لە کۆڵ دەبۆوە؟

پەرستارە گوتی: "مامۆستا ویرا ژنێکی زۆر ئازا و نەترسە. هیوادارم تۆش رێزی بگری. دەیەوێ چەند پەرستارێك بەرێ و بچێتەوە ئەفغانستان. "

شوزیە بەدەنگێکی بەرز گوتی: "دەگەڕێیەوە ئەفغانستان؟ باشە بۆ وا دەکەی؟"

مامۆستا ویرا لەسەرخۆ وەڵامی داوە: "چونکە خەڵکەکەمان بۆمباران دەکرێن. هەزاران کەس لە سەر سنوورەکان کۆ بوونەتەوە و دەیانەوێ وڵاتەکە بەجێ بێڵن. سنوورەکانیش داخراون. ئەوان پێویستیان بە پەرستارە."

ـ دەی ئەگەر سنوور داخراون، تۆ چۆن دەپەڕیتەوە و دەچیەوە ناو ئەفغانستان؟

ـ دەبێ بە دزییەوە بڕۆین. لەوانەیە بە شاخەکاندا.

ـ هەر چەند ژنێك؟ مەحاڵە دەرچن. تالیبان دەتانگرن.

مامۆستا ویرا گوتی: "دەبێ شانسی خۆمان تاقی بکەینەوە. خەڵك پێویستیان پێمانە و ئەوەندەی لەدەستیشیان بێ یارمەتیمان دەدەن. جاریَ وەرە برۆینەوە. کارم زۆرە."

ئەو هەفتەیە لە گەڕەکی بێوەژناندا هاتوچۆیەکە زۆر زۆر بوو، بەڵام شوزیە زۆری گویَ نەدابوویێ. ژنەکان لەبری گوڵدۆزیی جوان لەسەر پارچەقوماش، خەریکی شیتاڵ شیتاڵکردنەوەی قوماش بوون، بۆ ئەوەی بیکەنە لەفافی برینپێچان و لە لایەکی دیکەشەوە بەتانیەکانیان دەدووربییەوە. شوزیە دیتبووی هەموو خێراخێرا کار دەکەن، بەڵام پرسیاری نەکردبوو.

ئەو شەوە لەسەر عەرزەکە دانیشت و پاڵی بە دیواری ئەو هۆدەیەوە دا کە تێیدا دادەنیشت، ئەو شوێنەی نووسینگەی ڕێکخراوی ژنەکان بوو. ژنان بەردەوام لە هاتوچۆدا بوون. کەس ئاوڕێکیشی لەو نەدەداوە.

فەرزانە هات و لە تەنیشتی دانیشت. جاسپەریش کلکی راوەشاند. فەرزانە گوتی: "ئێرە بەبێ مامۆستا ویرا زۆر بێدەنگ و کپ دەبێ."

ـ خەمت نەبێ. بچێتە ئەو سەری دنیاش دەنگی پرخەپرخەکەی دەگاتەوە ئێرە.

ئەگەر لەوبەری دنیاش بێ هەر گوێمان لێی دەبێ. لەوانەیە هەموو سەربازەکانی تالیبان کەڕ بکا. دوایی خۆش دەبێتە فەرمانڕەوای ئەفغانستان.

فەرزانە پێکەنی و گوتی: "جا ئەو دەم دەتوانێ وڵاتێك بەڕێوە بەریَ و تەواو بەختەوەر دەبێ."

ـ تۆ پێت وایە هەر قانوونی تالیبان قۆڕ و گاڵتەجاڕن؟ وەڵڵا قانوونەکانی مامۆستا ویرا سەد ئەوەندەی ئەوان قۆڕترن. خۆ ئەوە ببێتە حاکمی وڵات، هەمووان ناچار دەکا بچنە گۆڕەپانی تۆپێن و لەویَ تۆپێنیَ بکەن.

فەرزانە دیسان پێکەنی.

ـ دیارە پیرەکانیش ناچار دەکا یاری بکەن. تەنانەت ئەوانەی بە چێوشەقیش بەرێگادا دەڕۆن.

شوزیە کە ئەواو تووڕە ببوو، گوتی: "ئەو شێتە. " ئینجا بەردێکی هەڵگرت و بەرەو ئەوبەری حەوشەکەی هاویشت. چیی نەمابوو بەر یەکێك لەو ژنانە بکەویَ کە خەریکی کار بوون.

ـ شێتە، بۆیە دەیەوێ بچێتەوە ئەفغانستان. ئەویش بەبێ پیاو. پێی وایە دەتوانی بە کەیفی دڵی خۆی چیی پێ خۆش بێ بیکا. گێلە.

فەرزانە پرسیی: "باشە ئێستا تۆ چ دەکەی؟ خۆ تۆ دەتەوێ بچیت بەرەو دەریا."

ـ راست دەکەی. جارێ ئەوە تازە لاقمم لە گەچ دەرهێناوە. دەکەومە رێ و دەچم.

فەرزانە پرسیی: "لەگەڵ خۆت نامبەی؟ ها؟"

شوزیە جوابی نەداوە.

فەرزانە گوتی: "قەیناکا. مامۆستا ویرا پێی گوتبووم نامبەی. خۆم دەمزانی."

شوزیە نەیدەزانی بڵێ چی. بۆخۆشی پێی خۆش نەبوو ئاوای لێ هاتووە. فەرزانە پرسیی: "ئەی باشە بۆ هەروا لێرە دانیشتووی؟ بۆ ناڕۆی؟"

شوزیە گوتی: "دەڕۆم. جارێ تا تۆزێك بحەسێمەوە. چونکە دەریا زۆر لێرەوە دوورە."

فەرزانە گوتی: "بچۆ لە جێیەکی دیکە پشوو بدە. من ئیتر نامەوێ لە لات بم. "

ـ من پێش تۆ هاتبووم لێرە دانیشتبووم.

ـ دەی تۆ کە هەر دەڕۆی، بەڵام من هەر لێرە دەبم. تۆ دەبێ بڕۆی.

شوزیە هەستا و گوتی: "زۆر باشە. لەخودام دەوێ بڕۆم. هەر کەسیش ببێتە هاوڕێم لەتۆ باشتر دەبێ. جاسپەر، وەرە با بڕۆین."

جاسپەر بە چاوە قاوەییەکانی سەیرێکی کرد، بەڵام لە تەنیشت فەرزانە نەبزووت.

شوزیە گوتی: "سەگی گەمژە."

ئیتر رۆیشت و بەجێی هێشتن.

لە بن دیواری شوێنەکەیان، جێیەکی دیتەوە و دانیشت. شوێنێك، کە ئیتر ناچار نەبوو سەیری خەڵکەکە بکا. ئەمجار وێنەی وڵاتی گوڵە وەنەوشەکانی لەگیرفانی دەرهێنا و سەیری کرد.

ئەو وێنەیە ئیتر دڵی نەدەبزواند و کەڵکەڵەکەی نەدەکرد. لەوانەشە لەبەر ئەوە بووبێ کە شەو بوو. لەوانەشە لە داخی ئەوە بووبێ، کە جاسپەر فەرزانەی لەو پێ باشتر بوو. وێنەکەی لە گیرفانی نایەوە و پاڵی بە دیوارەکەوە دا. ئەمجار قەیرێك هەر لەوێ دانیشت و بیری کردەوە.

ـ خەریکن دەڕۆن. مامۆستا ویرا خەریکە دەڕوا.

شوزیە کە گوێی لەو قسەیە بوو، هەستا. دەبوو بچێ بەڕێیان بکا. دەبوو دڵنیا بێ، مامۆستا ویرا سەری لێ تێك نەچووە و هەر بە راستی دەڕوا.

ئەوی لەوێ بوون، هەموو بۆ ماڵاوایی لە مامۆستا ویرا لە حەوشەکەدا کۆ بوونەوە. شوزیە لە دواوە راوەستا و سەیری کرد. حەزی لێ بوو ئەویش بچێتە لایان، بەڵام نەیدەتوانی.

مامۆستا ویرا هەر چاوی بە شوزیە کەوت، باوەشی پێدا کرد و سەبرێك گوتی: "تۆ منداڵێکی زۆر ئازیز و بەنرخی. هیوادارم بگەیە دەریا. هیوادارم فەرەنسا بە باوەشێکی ئاوەڵاوە وەرت-گرێ. خۆزگە بەخۆیان ئەگەر تۆ بچیتە ئەوێ."

ئیتر شوزیەی بەردا و چووە لای پەرستارەکان. ئەوان بۆ دوایین جار ماڵاواییان کرد و دەستیان راوەشاند و لە شوێنەکە وەدەر کەوتن.

هەموو چوونەوە ماڵی خۆیان، بەڵام شوزیە و جاسپەر و فەرزانە لەبەر دەرگای هۆدەکە راوەستان و سەیریان کردن.

شوزیە گوتی: "ئەگەر پیاوێکیان لەگەڵ بوایە، مەترسییان کەمتر لەسەر دەبوو."

فەرزانە گوتی: "یان هەر نەبێ کوڕێك.

شوزیە ئیتر بیری نەکردەوە. راپەڕی. جانتاکەی بەکۆڵیدا دا و کۆڵوانەکەی لە هۆدەکە هێنا دەرێ. تاوێك لە بەردەم فەرزانە و جاسپەردا راوەستا هەر بۆ ئەوەی پێی بڵێ: "ئاگات لە جاسپەر بێ. ئەگەر ئێوە گەیشتنە دەریا، ها بەوە، لە ئاوەکەی دەریادا جاسپەر جوان بشۆ."

ئینجا قاڵبە سابوونە بۆنخۆشەکەی تۆم و باربارا دابوویانێ، دای بە فەرزانە. دەستیشی لە جانتاکەی نا و وێنەی وڵاتی گوڵە وەنەوشەییەکانی دەرهێنا و ئەویشی دا بە فەرزانە.

دوایین جار داهاتەوە بۆ ماڵاوایی لە جاسپەر. ئیتر بەجێی هێشتن و رۆیشت بۆ ئەوەی بگاتە مامۆستا ویرا و پەرستارەکان.

هەر وا نزیك بە بیستساڵێکی دیکەیان دانابوو لەگەڵ پەروانەی دەستەخوشکی لەسەر برجەکەی ئیڤڵ چاویان بە یەکتری بکەوێتەوە. هەرچۆنێك بێ هەر دەچووە ئەوێ، بەڵام جارێ پێویست بوو کارێکی بچووك بکا.

مامۆستا ویرا زۆر خێرا هەنگاوی دەنا. شوزیە ناچار بوو را بکا بۆ ئەوەی بیگاتێ.

٢٠١٣/٣/١٤

بەرهەمەکانی وەرگێڕ:

١. رۆمانی ژان (نووسینی مارگریت دۆراس)

٢. پێشەوای رابوون (کتێبێکە لەسەر کۆماری کوردستان)

٣. ژن لە فەلسەفەی سیاسیی رۆژئاوادا

٤. کۆیلەکردنی ژنان (نووسینی جۆن ستیوارت میل)

٥. ئێمیلی ژان ژاك رۆسۆ

٦. تاعوونی ئەلبێر کامۆ

٧. رۆمانێکی سێ بەرگیی یەشار کەمال بە ناوی (ئەو دیوی کوێستان).

٨. سەفەر و ئاسکۆڵەکەی بەختم گوزەل (رۆمانێکی مەحموود دەوڵەت ئابادی)

٩. سێبەری هەڵۆ (رۆمانێکە ئاوڕی لە نهێنییەکانی ژیانی ناپلیۆن بوناپارت داوەتەوە)

١٠. لە لینینەوە تا پووتین ( مێژووی سیاسیی رووسیا )

١١. ئیمپراتۆریی بیزەنتی

١٢. کۆتایی سەدەکانی ناوەراست

١٣.ئاغاکانی ئاقچاساز (رۆمانێکی یەشارکەمال) ١٥٠٠ لاپەرەیە

١٤. ئاسییە (رۆمان. تورگینێف)

١٥. یەکەم ئەشق (رۆمان. تۆرگینێف)

١٦. یاخی (رۆمان. یەشار کەمال)

١٧. فێمینیزم

١٨. نان و ماچ (کۆچیرۆکی بیانی بەرهەمی هاوبەش لەگەڵ جەواد حەیدەری)

١٩. کیژانی کابول (رۆمان).

٢٠. دیوانە شیعری (زیارەتی ماچ) کە سیاسەتوان و کوردیزانی بەتوانا مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن زادە پێشەکییەکی بۆ نووسیوە و یەکێتیی نووسەرانی کورد لقی هەولێر ئەرك و زەحمەتی چاپ و بڵاوکردنەوەیان گرتە ئەستۆ.....